لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی مێژوویی لەسەر

# کورد و کوردستان

لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی مێژوویی لەسەر

# کورد و کوردستان

عەبدوڵڵا ئیبراهیمی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

عەبدوڵڵا ئیبراهیمی
لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی مێژوویی لەسەر کورد و کوردستان
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣١٩
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٨٢٨ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

ژپنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-91-1

پێڕست


پێشەکی ..... 5

**بەشی یەکەم: کورد کێیە** ..... 41
مادەکان بە دوو ناوچە دابەش بوون ..... 70
کورد و پێکهاتەی کورد دوای ئیسلام تا ئەورۆ ..... 86
کوردان ئێستا لە کوێ بەشێوەی کۆمەڵی یەکپارچە دەژین؟ ..... 88
ئاکام ..... 88
سەرچاوەکانی بەشی یەکەم ..... 90

**بەشی دووەم: کورتەیەک لە جوغرافیای کوردستان** ..... 91
ئـ- کوردستان پێش مێژوو ..... 93
ب- کوردستان پێش ئیسلام ..... 94
وڵاتی ماد ..... 104
ا- مادی ئاترۆپاتێن ..... 105
ب- مادی خواروو ..... 109
ج- پارتاکنا ..... 111
کوردستانی دوای ئیسلام ..... 112
هەرێمە کوردنشینەکان لە کاتی هێرشی عەرەب ..... 118
یەکەم - هەرێمی جزیرێ ..... 118
دووەم: هەرێمی چیاکان ..... 122
دەڤەرەکانی هەرێمی چیاکان ..... 123
سێیەم: هەرێمی ئەهواز ..... 124
چوارەم: هەرێمی فارس ..... 125
پێنجەم: هەرێمی ئازەربایجان ..... 125
شەشەم: شارەکانی ئەرمینیا و ئاران ..... 126
حەوتەم: هەرێمی خێلات (ئەخلات) ..... 127

کوردستانی ئێستا ... 127
هەڵکەوتی شار و کێوەکان لە پارچەکانی کوردستانی ئێستادا ... 129
ا- کوردستانی بەردەستی ئێران ... 129
ب – کوردستانی بەردەستی عێراق ... 131
ج – کوردستانی بەردەستی سووریە ... 131
د – کوردستانی بەردەستی تورکیە ... 132
کوردستانی بەردەستی ئەرمەنستان ... 134
کوردستانی بەردەستی کۆماری ئازەربایجان ... 134
چۆمە گرینگەکانی کوردستان ... 134
گۆلەکان ... 136
لێڕەوار ... 137
سامانی ژێرزەوی ... 137
ئاووهەوا ... 138
سەرچاوەکانی بەشی دووەم ... 139

**بەشی سێیەم: زمانی کوردی** ... 141
١- کرمانجیی باکور ... 152
٢ – کرمانجیی خواروو، کە سۆرانیشی پێ دەڵێن ... 153
٤- هەورامانی و گۆرانی کۆن ... 153
٥- لوڕی و لەکی ... 154
پێوەندیی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی دراوسێکانی ... 154
١- کارتێکردن ... 154
٢- هاوپێوەندیی زمانی ... 155
خەت و نووسین ... 157
بەڵگەنامەی هەورامان ... 158
زمانی کوردی بەدوو خەت دەنووسرێ ... 159
سەرچاوەکانی بەشی سێیەم ... 160

**بەشی چوارەم: کورد لە دین و چیرۆک و ئەفسانەکاندا** ... 161
زنجیرەی پێشدادیان ... 170
١- کەیومەرس ... 171

٢- هۆشەنگ (هەئۆشیەنگهە پەرەزاتە) 172
٣- تەهمووورس (تەخمە ئەورووپە) 173
٤- جەمشید (ییمە خەشەئێتە) 174
زەحاکی تازی (عەرەب) 177
٥- فەرەیدوون (پرائتئون) 185
٦- مەنووچێهر (مەنووش چێترا) 187
٧- نەوزەر (نەئوتەرە) 190
٨- زاب یا زوو (ئووزەوە) 191
٩- گەرشاسپ یا (کێرێساسپە) 192
زنجیرەی کەیانییان 193
١- کەیقوباد (کەوی کەواتە) 199
٢- کەیکاووس (کەوی ئووسەن) 202
٣- سیاووش (کەوی سیاوەرشەن) 206
٤- کەیخەسرەو (کەوی هەئوسرەوە) 209
٥- لوهراسب (ئەئووروەت ئەسپە) 212
٦- گەشتاسب (کەوی ویشتاسپە) 213
ئیسفەندیار (سپێنتۆداتە) 216
٧و٨- هومای چێهرزاد و داراپ 217
دینی ئارياييیەکان لە سەردەمی کەیانییان 219
گێژنەکان 220
پاڵەوانەکانی چیرۆکی و کۆنی ئێران 224
گەرشاسب یا کێرێساسپ 224
نریمان (نەئیرێمەنوو) 225
سام 225
زاڵ 226
رۆستەم (رئووتەستەخمە) 226
کاوە و منداڵانی 226
کوردستان لە دینەکاندا 226
نەمروودەکان 230
سەرچاوەکانی بەشی چوارەم 234

**بەشی پێنجەم: کوردستان تا سەردەمی مادەکان** ........ 235
سۆمەرییەکان ........ 242
کوردستان یەکەمین نیشتمانی سۆمەرییەکان بووە ........ 244
جموجووڵی سامی ڕەگەزان لە کوردستاندا، پێش پێکهاتنی پادشایەتیی ماد ........ 255
ئاکەد ........ 255
بابل ........ 255
ئاشوور ........ 257
پێکهاتەی گەلانی زاگرۆس ........ 259
١- عیلام ........ 259
٢- لووللوو (Lullu) یا لوولوقوبوومەکان ........ 263
٢- گووتییەکان ........ 267
٣- کاسای (کاسیتەکان) ........ 284
٤- سووباری ........ 289
٥- میتانی ........ 290
نایری Nairi (کاردووخۆی Karduchoi، کوردووئێن ........ 293
ئاراراتییان ........ 297
سەرچاوەکانی بەشی پێنجەم ........ 302

**بەشی شەشەم: کوردستان لە مادەکان ڕا تا هەخامەنشییان** ........ 303
مانناکان ........ 305
مادەکان ........ 318
دانیشتووانی ماد حەوسەتساڵ بەر لە زاین ........ 331
دۆخی ڕامیاریی ماد ٧٠٠ ساڵ بەر لە زاین ........ 332
ئیسکیتەکان ........ 335
سەرچاوەکانی مێژووی ماد ........ 337
یەکێتیی هۆزەکانی ماد ........ 346
پێکهاتنی پادشایەتیی گەورەی ماد و تێکڕووخانی ئاشوور ........ 349
١- دیاکۆ (دیۆکێس) ........ 353
٢- فرەوەرتێش (fravartish) یا خەشەتریتە ........ 356
٣- هووەخشتەرە، سیاگزار (Cyakhares) (کیاکسار) ........ 358
٤- ئیختوویگوو ........ 368

دۆخی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگ و باوەڕی مادەکان ..... 374
ئوولی مادەکان (موغەکان) ..... 380
ڕێنووس و نووسینی مادەکان ..... 384
هونەری مادەکان ..... 387
بیناسازی ..... 387
تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵایەتیی مادەکان ..... 398
شێوەی پادشایەتیی ماد ..... 399
ڕێکخراوی دەرباری ماد ..... 400
سەرچاوەکانی بەشی شەشەم ..... 401

**بەشی حەوتەم: مێژووی کورد دوای مادەکان** ..... 403
١- ماد لەژێر دەستەڵاتی هەخامەنشییاندا ..... 405
گئوماتە ..... 407
سەردەمی داریووشی مەزن ..... 411
گەڕانەوەی ١٠٠٠٠ یۆنانی و شەڕیان لە وڵاتی کوردۆئێن ..... 418
تێکچوونی دەوڵەتی هەخامەنشی و پێکهاتنی مادی ئاتروپاتێ ..... 430
نەمانی ئەشکانییان ..... 438
دەوڵەتی ئۆسرۆئێن (Osrhoen) یا ئێدێس ..... 439
ئادیابن ..... 439
دەستەڵات بەدەستگرتنەوەی پادشایانی کورد لە ئێران ..... 440
ساسانییەکان ..... 440
کوردستان لە سەردەمی ساسانییاندا ..... 442
سەرچاوەکانی بەشی حەوتەم ..... 447

## پێشەکی

خوێنەرانی بەڕێز

ئەوەی دێتە بەردەستتان، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکە بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی دێرینی گەلەکەمان. ئەو کتێبەم لە ٢٠٠٦/١٢/٦، تا ئەو جێگەیە هێنا کە ئێستا دەیبینن. پاشان بڕیارم دا بیکەمە سەرچاوەیەکی بەڵگەدارتر و باوەڕپێکراوتر و هەندێک کاریشم لەسەر کرد، بەڵام لەبەر پێداچوونەوە و تەواوترکردنی فەرهەنگی کاوە، زیاتر نەپەرژامە سەری. ئێستا کە هاتوومەتەوە کوردستان، بەباشم زانی ئەوەندەی چاپ کەم و دوایەش کاری لەسەر بکەمەوە و ئەگەر تەمەن ماوەی مابێ، تەواوتری کەم. ئەو کتێبە بۆ من هەر سەرەتایەکە بۆ دانی بیرۆکەیەک بەو کەسانەی دەیانەوێ بزانن بەڕاستی ئێمە کێین. ڕوونکردنەوەی مێژوومان هەر بەو بابەتە کورت و پوختە تەواو نابێ. زۆر زیاتر لەوەی لەو کتێبەدا دەیبینن، بەڵگەنامە و زانیاری پێویستن. بەتەمام ئەگەر تەمەن ماوەم پێ بدا، بەڵگەنامەی زانستیی زۆرتر وەدەست بێنم و ئەو نووسراوەی بەشێوەیەکی زانستیتر و ئەکادیمییانە ڕێک بخەمەوە و بیدەمەوە دەستی خوازیارانی، بەڵام بە بەرژەوەندم زانی لە کاتی ئێستادا بە بڵاوکردنەوەی ئەو نووسراوە کورت و لە ڕاستیدا ناتەواوە، ڕێچکەیەکی نوێ لە بواری نووسینی مێژووی گەلەکەمدا بکەمەوە.

وەک دەزانن، گەلی ئێمە یەکێکە لە دێرینترین گەلانی نیشتەجێی وڵاتی ئاریاکان. لە ماوەی دوور و درێژی مانەوەی لەو وڵاتە پڕ پیتەشدا بێگومان کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لە ڕووداوەکانیدا هەبووە. سەرەڕای ئەو پێشینەشی، جێدەستی لە مێژووی ڕووداوەکان سڕاوەتەوە و هیچی لە مێژوودا بۆ بە ئەژمار نەهاتووە، بێجگە لە ماوەیەکی کورتی سەردەمی مادەکان، بەڵام ئەویش بەهۆی پیلانی دوژمنانی کۆن و نوێی گەلەکەمان زۆر بەکورتی و کەم ڕەنگی. نەک هەر دوژمنانمان، بەڵکو تەنانەت خۆشمان لە پێکهێنانی ئەو دۆخەدا تاوانبارین. مێژوونووسانمان هیچ دەربڕین و تۆمارێکی ڕاست و دروستیان لەسەر ئەو مێژووە بۆ دەستەبەر نەکردووین و هەرچی

# پێشەکی

خوێنەرانی بەڕێز

ئەوەی دێتە بەردەستتان، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکە بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی دێرینی گەلەکەمان. ئەو کتێبەم لە ٢٠٠٦/١٢/٦، تا ئەو جێگەیە هێنا کە ئێستا دەیبینن. پاشان بڕیارم دا بیکەمە سەرچاوەیەکی بەڵگەدارتر و باوەڕپێکراوتر و هەندێک کاریشم لەسەر کرد، بەڵام لەبەر پێداچوونەوە و تەواوترکردنی فەرهەنگی کاوە، زیاتر نەپەرژامە سەری. ئێستا کە هاتوومەتەوە کوردستان، بەباشم زانی ئەوەندەی چاپ کەم و دوایەش کاری لەسەر بکەمەوە و ئەگەر تەمەن ماوەی مابێ، تەواوتری کەم. ئەو کتێبە بۆ من هەر سەرەتایەکە بۆ دانی بیرۆکەیەک بەو کەسانەی دەیانەوێ بزانن بەڕاستی ئێمە کێین. ڕوونکردنەوەی مێژوومان هەر بەو بابەتە کورت و پوختە تەواو نابێ. زۆر زیاتر لەوەی لەو کتێبەدا دەیبینن، بەڵگەنامە و زانیاری پێویستن. بەتەمام ئەگەر تەمەن ماوەم پێ بدا، بەڵگەنامەی زانستیی زۆرتر وەدەست بێنم و ئەو نووسراوەی بەشێوەیەکی زانستیتر و ئەکادیمییانە ڕێک بخەمەوە و بیدەمەوە دەستی خوازیارانی، بەڵام بە بەرژەوەندم زانی لە کاتی ئێستادا بە بڵاوکردنەوەی ئەو نووسراوە کورت و لە ڕاستیدا ناتەواوە، ڕێچکەیەکی نوێ لە بواری نووسینی مێژووی گەلەکەمدا بکەمەوە.

وەک دەزانن، گەلی ئێمە یەکێکە لە دێرینترین گەلانی نیشتەجێی وڵاتی ئاریاکان. لە ماوەی دوور و درێژی مانەوەی لەو وڵاتە پڕ پیتەشدا بێگومان کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لە ڕووداوەکانیدا هەبووە. سەرەڕای ئەو پێشینەشی، جێدەستی لە مێژووی ڕووداوەکان سڕاوەتەوە و هیچی لە مێژوودا بۆ بە ئەژمار نەهاتووە، بێجگە لە ماوەیەکی کورتی سەردەمی مادەکان، بەڵام ئەویش بەهۆی پیلانی دوژمنانی کۆن و نوێی گەلەکەمان زۆر بەکورتی و کەم ڕەنگی. نەک هەر دوژمنانمان، بەڵکو تەنانەت خۆشمان لە پێکهێنانی ئەو دۆخەدا تاوانبارین. مێژوونووسانمان هیچ دەربڕین و تۆمارێکی ڕاست و دروستیان لەسەر ئەو مێژووە بۆ دەستەبەر نەکردووین و هەرچی

نووسـیویانه و کـوتوویانه هـەر دووپاتکردنەوەی دەربڕینـە شـێـوێنەرەکانـی دوژمنانی دوور و نیـزیکی گەلـەکەمـان بووە. بەخـۆشـییـەوە لە کـاتی ئێسـتـادا، لەو پارچە نیـوە ئازادەی کوردسـتـانەکەمـاندا، بۆ ڕوونکردنـەوەی ڕووداوەکـانی ڕابردوومـان، هـەندێک جـمـووجـۆڵ دەبینم کـە وەک دەسـتـپـێکێکی بەجێ، بەڵام نەک بەس، لە گـۆڕێدان. هیـوادارم کـۆڵینەوە و بەسـەرکردنـەوەی شـوێنەوارە مـێژووییـە دەوڵەمـەندەکانمان، تا ئەوەندەی لـەبەر دەسـتـی درێژی و بێ مـوبالاتی و وێرانکاری و تـالانی داگیـرکـەرانی وڵاتەکـەمـان مـاونەتەوە، دەروویەکی روونمان بۆ نـاسـینـەوە و ئاگـەداریی مـێـژووی کۆنمان بۆ بکاتەوە.

لەسـەر ئاخ و داخی خـۆم بۆ ئەو نەهامـەتییـەی بەسـەر مـێژووەکەمـان هێندراوە، لە پێـشــەکـیـدا بەڕادەی پێـویست دواوم، بەڵام کـەمـتـەرخـەمی و بێ سـەرنجی و بێ مــوبالاتیی هـەڵســووڕاوانی گــۆڕەپانی ســیــاسی و فــەرهـەنگی و ئەدەبیی کـوردسـتـانەکـەمـان لـەو بوارەدا دڵی تەزاندووم. بۆ نموونە: مـاوەیەک پێش ئێـسـتـا کـەسـێکی هەڵسـووڕ و توندوتیـژی گـۆڕەپانی ڕامـیـاریی کـوردسـتــانم دی. باسی بیرۆکەی نووسینی ئەو کتێبەم بۆ کرد. ئەو بەڕێزە لە جیاتیی پێشنیازی پشتیوانی و دەسـتگرتنم، کوتـی: (من لەگـەڵ ئەوەدا نیم کـە کـورد مـێـژوو بۆ خـۆی سـاز بکا) و پاشانیش بۆ ڕوونکردنەوە کوتی نازانم بە چی ڕا ساڵی کوردییان کردووەتە ٢٧١٢ و یا کە دەڵێن فارسـەکان بـەردەنووسەکانی مادیان سڕیوەتەوە و ئی خـۆیانیان لەسـەر نووسیـوەتەوە! ئـاخـر فـارسـەکان چ پێویسـتـیـیـەکیـان بەو تەختـەبەردانە بووە. پاش هـەندێک ڕوونکردنەوەی من ئـەوجـار دەربڕینێکی زۆر لەوانە سـەیروسـەمـەرەتریشی کرد، کە ڕەنگە باوەڕم پێ نەکـەن. ئەو کوتـی: (سـەرەتا هـەخـامـەنشـییـەکان و پاشان پارتەکان و دوایە سـاسـانیـییـەکان و دوای وان مـادەکان هـاتن) ئـەوە بەڕاسـتـی دڵی تەزاندم.

لە ڕۆژگاری ئەوڕۆدا گـەلانی زیندووی جیـهـان بەهـەمـوو شـێـوەیەکی گونجـاو هـەوڵ دەدەن پێشـینـەی مێژوویی خـۆیان ڕوون کەنەوە. ئەو گەلانەی خـاوەن دەوڵەتی خۆیانن لەو بـوارەدا زۆر چوونەتە پێش و بە لـە بەردەسـتـدا بـوونی کـەرسـتـەی پێـویست و هـەبوونـی پســپــۆڕی زۆر و بـودجـــەی تـەرخـــانکراوی بـەس، بـۆ لێکـۆڵینـەوە و سـاغکردنەوەی مێژووی خـۆیان لە خـەباتێکی بێوچانـی بـەردەوامدان. ئیحسـان نووری

پاشــا لە پێــشــەکــیی (تاریخ ریشــە نژادی کــرد)دا دەڵێ: (ئەو کــەســانەی لە شانازییەکانی ڕابردووی نەتەوەیی خۆیان ئاگەدار نین، ئامانجێکیان بۆ پێشخستنی گەلی خۆیان لە مێشکیدا نییە).

ئاگەدارنەبوون لە ڕابردوو هۆکارە بۆ بێ موبالاتی سەبارەت بە داهاتوو! دەڵێن ناکرێ شانازی بە کێلی قەبرانەوە بکەین، بەڵام بەدیهاتن و گەشەکردنی هەستی پاراستنی ئازادی لە گەلاندا، پێوەندیدارە بەزانینی کردەوە پڕ لە شانازییەکانی باووباپیرانەوە! جێگەی خۆیەتی بڵێین کە ئەو شانازییانە چرای ڕووناککەرەوەی ڕێگەی سەروەریی نەتەوانن).

مرۆڤ ئەگەر نەختێک بە وریایی بچێتە پێش، زۆرشت لەوانە فێر دەبێ کە نازانن. زانین و فێربوون دەتوانم بڵێم بۆ خۆیان دوو بەرهەمی نەزانینن. نەزانین پڕ مەترسییە و زۆر ترسناکە. زانین لە دوو سەرچاوەوە دەگاتە ئێمە؛ یەکەمیان ئەو زانیارییانەی کۆکراونەوە و بە ئامادەیی دراونە دەستمان و ئەوی تریش ئەو زانیارییانەن لە نەزانینی خۆ یا کەسانی تررا بە ئەزموونی تێشکان و هەستانەوە یا زیانکردن و قەرەبووکردنەوە کەوتوونە دەستمان.

بەداخێکی گرانەوە گەلی کورد بەهۆی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ یا لانی کەم داوودەزگایەکی دڵسۆز بۆ ڕوونکردنەوەی ڕابردووی پڕ لە خەبات و قارەمانەتیی خۆی بۆی نەکراوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و شیاو مێژووی خۆی ساغ کاتەوە. ئەو ڕۆڵە دڵسۆزانەی گەلەکەمانیش کە هەوڵیان داوە بە قەڵەمی خۆیان تیشکێک بخەنە سەر ڕابردووی نەتەوەکەمان، هەر کام لە بوارێکداو هەریەکەی لە ڕوانگەیەکەوە بەرهەمێکیان بڵاو کردووەتەوە. ئەو بەرهەمانەش بەداخەوە بەهۆی ناتەواوی ناتوانن ئەو تەمومژەی لە ئاکامی لە دەستدا نەبوونی بەڵگەی پێویست کەوتووەتە سەر ڕابردوومان لایدەن و تەنانەت زۆرجار بە دووپاتکردنەوەی ئەو بابەتە تەماوییانەی مێژوونووسانی نەتەوەکانی داگیرکار و فەرمانڕەوای کوردستان تەمومژەکە خەستتریش دەکەنەوە.

پێش هەموو شتێک بەپێویستی دەزانم ئەوە ڕوون کەمەوە کە کاتێک لە باسەکانی پێوەندیدار بەپێش بنەماڵەی پەهلەوی ناوی ئێران دێنین، مەبەستمان وڵاتی ئێرانی ئێستا نییە، بگرە ئەو ناوە بۆ هاسانتربوونەوە لە جێگەی (ئاریانا Aryana) یا

ئیرانویچ دادەنێین کە بەواتای وڵاتی ئاریاکانە. ئەو ناوە لە پەهلەویی ئەشکانیدا بە ئێران هاتووە و کوردەکان ئەورۆش هەر وای پێ دەڵێن، کە ناوی سەرزەمینێک بووە نەک دەوڵەتێک. ئەو ناوە لە سەردەمی ڕەزا شادا بۆ دەوڵەتی ئێران دانراوە و تا ئەودەمە بەدەوڵەتی ئێران کوتراوە دەوڵەتی پارس یا وەک ڕۆئاواییەکان ئێستاش پێی دەڵێن (پێرسیا). حوسێن مەکی لە لاپەڕە ١٩٨(تاریخ بیست سالە ایران، چ ٦، چ ٤، تهران، نشر ناشر، ١٣٦٣) لەو بارەوە دەڵێ: (ڕەزاشا دەیەویست بەلاساکردنەوەی مستەفا کەماڵ جیاوازیی نێوان نەتەوە و ڕەگەز و زمان لە ئێران لەناو بەرە و نەتەوە – دەوڵەت ساز کات، بۆیە لە ساڵەکانی ٣٠ وشەی (ئێران)ی لە شوێنی (پارس) و (فارس) کردە ناوی فەرمیی وڵاتەکەی).

دوکتۆر ئەردەشیری خودادادیان لە کتێبی (آریاها و مادها)دا دەڵێ: (لە سەرچاوە ئەفسانەیی و ئوولییەکانی ئێرانی کۆندا سەرزەمینی (ئەئیریانێم و ئێژۆ = vaejo- Airyanem) کە بە پەهلەوی (ئێران وەز = Eran vez یا ئێران وێژ) و بە فارسیی ئەورۆ (ایران ویج = Eran vig) واتە زێدی ئاریاکان، زانراوە. و ئەوەش بەڵگەیەکی ترە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە ئێران هەروەک لەسەرەوە باسمان کرد، تا پێش سەردەمی ڕەزاشا، ناوی سەرزەمینێک بووە نەک دەوڵەتێک.

هەرچەندە مادەکان بە باپیرانی کورد ناسراون، بەڵام بۆ ناسینی کورد، ئاگەداربوون لەسەر مادەکان بەتەنێ هەر بەس نییە، هەرچەند هەر ئەوەندەش بۆ خۆی دنیایەک بێخەبەری و ناڕوونی و نادیاریی پێوەیە کە باسەکە یەکجار زۆر لێڵ دەکات. ئەو تەم و تارییەی مێژووی کۆنی کوردی داپۆشیوە، بەشێکی بە بەسەرهاتی گەلانی هاوخاک یا دراوسێی وەک هەرمەنی، کلدانی، بابلی، پارس و پارت و تەنانەت هیندییەکان و..... ئەوانەی بەشێک لە باپیرانی بوون یا دەنێو کورددا تواونەوە وەک گووتییان، کاسییان، کاسیتەکان، کورتییان، لوولووییان، مووشکییان، خالدییان، ئاراراتییان، عیلامییان و... و تەنانەت ئەفسانەکانی ئاوێستاو چیرۆکەکانی بەندیوار بەکورد لە دینەکانی ناوچەداو... تاڕادەیەک ڕوون دەبێتەوە. لانی کەم دەتوانین تا ڕادەی گونجاو بزانین کێ بووین کێین و دەمانەوێ کێ بین.

یەکێک لەو بوارە پڕ تەمومژانە، ئەو بەشە لە مێژوومانە، کە بەشێوەی ئەفسانە کەوتووەتە سەر زارو زمانان و زاربەزارو پشت بە پشت کوتراونەوە. لەو بابەتە

دەتوانین چیرۆکەکانی شانامە ناوبەرین، کە لە ئاوێستا وەرگیراون. مێژوونووسانی فارس زۆر حەولیان داوە قارەمانانی ئەو چیرۆکانە بکەنە کووروش و داریوش و پاشایانی تری هەخامەنشی. بەداخەوە هەندێک لە مێژووزانانی کوردیش کەوتوونەتە ژێر کارتێکردنی ئەو شێواندنە و تەنانەت کاوەش بە خاین دادەنێن. لەو بارەدا لە کۆواری (هەوار ژمارە ٦، خاکەلێوەی٢٦٩٩ی کوردی ئەپریلی١٩٩٩ی زاینی چاپی ئادیلاید، ئوستەرالیا)دا بابەتێکم بڵاو کردووەتەوە کە بەجێی دەزانم لێرەدا بەشێکی بەنەختێک دەست تێوەردانەوە، بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز: (ساڵی ١٩٨١ بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بووم.) ژمارەیەک لە کادر و پێشمەرگەی حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، شانۆی کاوەی ئاسنگەریان پێشکێش کرد. پاش تەواوبوونی شانۆکە، لەگەڵ چەند برادەرێکم لە سەری دەدواین، برادەرێکی ڕووناکبیری بەساڵداچووم، جنێوێکی بە کاوە دا و گوتی ئاژدەهاک پیاوی چاک بووەو کاوە خەیانەتی کردووە. زۆرم پێ سەیر بوو. ئەوەی ڕاست بێ ئەو هەڵوێستە، ئەویش لە ڕووناکبیرێکی بەئەزموونی کورد کە بەشی هەرەزۆری تەمەنیشی دەخزمەتی کوردایەتیدا تێپەڕ کردبوو، ڕایتڵەکاندم. پرسیم بۆ وا دەڵێی؟ گوتی ئەوە قسەی مێژوونووسێکی بەناوبانگی وەک ئەحمەدی کەسرەوییە. ئەمن تا ئەوکاتی زۆرم ناوبانگی ئەو نووسەرە بیستبوو، بەڵام هیچ نووسراوەیەکی ویم نەخوێندبووەوە. هەر ئەو کاتی ئەوەم بەشێواندنێکی ئاسایی نووسەرێکی دەمارگرژی ئێرانی داناو هەر بەچاوی ئەو شێواندنانەی ترم سەیر کرد کە زۆربەی مێژوونووسانی ئێرانی وەک ئەرکێکی بنەڕەتی لە تێکدانی مێژووی کورددا خستوویانەتە سەرشانیان. بەڵام بەهۆی سەرقاڵی و با بڵێین بەهەند نەگرتنی قسەی ئەو مێژوونووسەش لەسەر کورد، گوێم نەدایە و وەدوای نەکەوتم. دوایە کە مێژووی بیست ساڵەی ئازەربایجانی ئەو کابرایەم خوێندەوە، زانیم چەندە لە کورد بە ڕق و غەرەزە. ئەو بابەتەم خەریک بوو لە بیر بچێتەوە کە شریتێکی ڤیدیۆم بەهەڵکەوت کەوتە دەستی کە لە ڕووی بەرنامەکانی (MED TV) هەڵگیرابووەوە. لە بەشێک لەو شریتەدا، کلاسێکی دەرس دیاربوو بە تەختە ڕەشەیەکەوە و بابەتەکەش وا دیارە دەرسی مێژووی کورد بوو. ئەمن بەهۆی ناتەواو بوونی فیلمەکە بەداخەوە ناوی مامۆستاکەم نەزانی، بەڵام شێواندنێکی سەیرم لە دەرسەکەیدا لەسەر کاوە و فەرەیدوون لێ بیست. بەئیددیعای جەنابی مامۆستا کاوەی کورد سەرەڕای ئەوەی

داوای لێ کرا ببێتە شا، نەیکرد و فەرەیدوونی کردە شا کە شازادەیەکی فارس بوو. ئەوەشم بە سەرسوورمانەوە لە کۆڕێکی برادەرانی خۆمدا باس کرد و گوتم زۆرم پێ سەیرە لەو تەلەڤیزیۆنەدا کە بەڕاستی مایەی هیوایەکی گەورەیە بۆ بووژاندنەوەی فەرهەنگ و ئەدەب و مێژووی کورد، شێواندنێکی ئاوای مێژوویی بڵاو کرێتەوە!

گوتیان: ئێستا لە کوێتە، بۆ ئەدی نەتزانیوە حیزبە کوردییەکانیش ئەو بەشەیان لە سروودی ئەی ڕەقیب قرتاندووە کە دەڵێ: ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخەسرەوین...؟ ئەو باسە هێنامیە سەر ئەو باوەڕە کە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو شێواندنانە بەکورتی بابەتێک بنووسم....

کورد یەکێکە لە گەلە کۆنەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست کە مێژووی نیشتەجێبوونی لە خاکی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە چوار هەزار ساڵ. مادەکان کە باپیرانی کوردەکانن، یەکەم حکوومەتیان لە بانووی ئێراندا دامەزراند و تەنانەت قەومی پارسیشیان خستە ژێر دەستەڵاتی خۆ. ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگری مێژووییە و زۆر باس کراوە و ئەمن زۆری لەسەر ناڕۆم. ٢٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا کووروٚشی هەخامەنشی کە بەکوتەی هێرۆدۆت، دایکی شازادەیەکی ماد و باوکی میرێکی پارس بوو، بەکودەتایەک حکوومەتی مادی ڕووخاند و یەکەم حکوومەتی پارسەکانی لە ناوچەدا دامەزراند. بەو کودەتایە حکوومەتی ماد (واتە کورد) بۆ هەمیشە لەنێوچوو و حکوومەتی فارس جێگەی گرتەوە. لەوساوە کورد بوون بە چەند میرنشینی جیاجیا و تا ئێستاشی دەگەڵدا بێ نەیانتوانی حکوومەتێکی یەک پارچە بۆ خۆیان دامەزرێنن. ناچمە سەر هۆیەکانی ئەو کارەساتە مێژووییە چونکە لەو وتارەدا ناگونجێ، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەی بکەم کە تا نیزیکەی٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا مێژووی کورد بەنووسراو هەر مەگەر لێرەو لەوێ بەکورتی و کەم ڕەنگی لەنێو ڕووداوەکاندا و لە نووسراوەکانی مێژوونووسانی نەکورددا هاتبێ، تەنانەت ئاسەوارە مێژووییەکانیشی پاشگوێ خراون و زۆریان هەر تێشدا چوون. بۆیە لەسەر ئەو بەشە زۆرتر سەرنج دەدرێتە سەر چیرۆک و ئەفسانە و بەیت و بەگشتی فۆلکلۆری کورد. یەکێک لەو بابەتە ئەفسانەییانە چیرۆکی کاوەی ئاسنگەرە. ئەو چیرۆکە بەپێی وتەی شانامەش و بەپێی هەموو گێڕانەوەکانی تریش دەگەڕێتەوە بۆ پێش دامەزرانی حکوومەتی هەخامەنشی. کە وابوو لە سەردەمی کاوەدا شای

فارسمان نەبوون تا شازادەی فارسیشمان هەبووبن و فەرەیدوونیش یەکێک بووبێ لەوان. بێجگە لەوەش ئەو شایانەی لە شانامەی فیردەوسیدا هاتوون نیزیک بە هەموویان وشەی کەییان لە پێشە وەک (کەیخەسرەو، کەیکاووس، کەیقوباد و...) کە لە وشەی (کەوی Kavi)ی ئاوێستا وەرگیراوە. ئەوڕۆش کورد بۆ ڕێزلێنان لە پیاوانی گەورەتر لەخۆ، یا بەگشتی لە جێگەی وشەی (ئاغا) لە پێش ناوی دەستەڵاتداران وشەی (کاک) یا (کا) دادەنێن، کە هەر گۆڕاو و سواوی (کەوی)یەکەی ئاوێستایە. بۆ وێنە ئەگەر ناوی ئاغای گوند (خدر) بێ، پێی دەڵێن. (کاک خدر، کاخدر یا خدراغا). بە گوتەی کتێبی (تاریخ تطبیقی باستانی ایران، کیومرث باوند، ص١٣٤): (وشەی (کەوی) هێشتاش لەناو هۆزەکانی پارسی ڕەگەزی (بۆیر ئەحمەدی) و (مەمەسەنی)دا بەواتای دلێر و قارەمان و فەرمانڕەوا باوە). ئاشکرایە، لێرەشدا نووسەر حەولی داوە ڕەگەزی خەڵکی ئەو ناوچەی بگۆڕێ، بەڵام ئەوانەی شارەزای ناوچەکەن، دەزانن کە، ئەو هۆزانە نەک هەر فارس نین، بەڵکو لوڕن کە ئەوانیش بەشێکن لە کورد و وڵاتەکەشیان بەشێک بووە لە مادی گەورە، بەڵام، تەنانەت ئەگەر ئەو هۆزانە فارسیش بن، وشەی (کەوی) لە ئاوێستا ڕا هاتووە و لە بنەڕەتدا کوردییە نەک پارسی. سواوەکەشی هەر وشەی کاکی کوردییە کە لەسەرەوە باسمان کرد. کە وابوو بە هەموو نیشانەکان فەرەیدوون و کاوە و کەیخەسرەو کورد بوون و هیچ عەیبیش نییە ئەگەر ئێمە وەک دڵداری شاعیر دەڵێ: (ڕۆڵەی میدیا و کەیخەسرەو) بین، جا مەگەر ماستەکە موویەکی تێدا بێ... تۆ بڵێی ترسی بیروڕای داگیرکەرانی کوردستان و تابۆی خود موختاری لە چوارچێوەی سنووره دەستکردەکاندا هۆیەکی نەبێ؟

کەفالیۆن لە کەتزیاس - پزیشکی ئەردەشیری دووەم پادشای هەخامەنشی کە لە ٤٠٤- ٣٦ (پ.ز) لە دەرباری ویدا ژیاوە - دەگێڕێتەوە کە زەردەشت هاوسەردەمی (نینۆس)ی پادشای (ئاسوور) و (سەمیرامیسی)ی ژنی بووە و چیرۆکێک لە لەشکرکێشیی ئەو پادشایەی (ئاسوور) بۆ سەر شای (باختەر) کە ناوی زەردەشت بووە، دەگێڕێتەوە. کتێبی (ادبیات مزدیسنا پشتها) دەڵێ: باختەری ئێران خوراسان نییە بەڵکو زاگرۆسە. ئەوە ڕاستە و بەوەدا زیاتر ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ کە ئاشوورییان هەرگیز دەستیان لەو شوێنەی لای ئەفغانستان ڕا نەگەیشتووە کە بەلخی لێیەو ناوی باختەری خراوە تەسەر.

شانامەی فیردەوسی کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی ئەو تێکدانە، دەستی تەنانەت لە گۆڕینی شوێن و کاتی ڕووداوەکانیش نەپاراستووە. بە سەرنجدانە ئەو هەڵبەستەی ناوبراو کە ڕوانگەی لەسەر نەتەوەی فارس دەردەخا: (بسی رنج بردم درین سال سی – عجم زندەکردم بدین پارسی) واتە: (گەلەک ڕەنجم کێشا لە سالآندا سی – بووژاندمەوە عەجەم بەزمانی فارسی). فیردەوسی لە سەردەمێکدا کە فەرهەنگ و زمانی فارسی لەژێر تەوژمی هێرشی فەرهەنگی عەرەبدا خەریک بوو بەتەواوی لەناو بچێ، هەوڵی بووژاندنەوەی داوە. لەوەڕا دەتوانین تێ بگەین کە چەندی هەوڵداوە چیرۆکەکانی ئاوێستا بەقازانجی زیندووکردنەوەی گیانی مەزنیخوازیی فارس لە چوارچێوەی مەزنیخوازیی ئێرانیدا زیندوو کاتەوە و تەنانەت بەهۆی شارەزا نەبوونی لە جوگرافیادا شوێنی پادشایەتیی کەیانییەکانی لە کوردستانەوە لە بەلخی شوێنی نیشتەجێی میتانییەکانی کورد – لە نیزیک خاپوور لە باکوری ڕۆژئاوای کوردستان– بۆ ئەفغانستان باکوری ڕۆهەلاتی ئێران – گواستووەتەوە و یا تەنانەت باختەریشی کە بەواتای ڕۆئاوایە، چۆن بۆ ڕۆهەلاتی ئێران گۆڕیوە.

پرۆفسۆر سپایزێر دەڵێ: (میتانییان لکێکن لە سووبارۆیەکان... میتانییەکان لە فەڕاتی ناوەندی، دەڤەری بەلخ و خاپوور، نیشتەجێ بوونە و...) کەواتە دوو بەلخمان هەنە: یەکێکیان لە ڕۆئاوا (واتە باختەر)ی بانووی ئێران و لە نیشتمانی یەکێک لە بە دەستەلآتترین تایفەی کوردان هەڵکەوتووە و ئەوی تر لە ڕۆهەلات (واتە خاوەر)ی باکوری ئێران، کە ئەویش هەر لە وڵاتی پارسان دوور بووە و شوێنی نیشتەجێبوونی گەلی پارت بووە. پارتەکانیش گەلێکی تری ئێرانی و وەک مادەکان جیا لە پارس بوون. تەنانەت دیاکۆنۆف لە کتێبی (مێژووی ماد)دا دەڵێ، پارتەکان و مادەکان بەبێ وەرگێڕ لە زمانی یەکتری تێگەیشتوون، بەلآم پارس و ماد بۆ تێگەیشتن لەیەکتری پێویستییان بە وەرگێڕ بووە! ناشزانم ناوی باختەر چۆن کەوتووەتە سەر ئەو ناوچەی. وێدەچێ ئەو ناوە هەڵەیە بەهۆی ناوی شاری (بەلخ)ەوە بۆ ئەو دەڤەرەی ساز کرابێ. نیشانەی زۆر ئاشکرای ئەو جێ گۆڕکێیانە بە چەند شوێنی شانامەوە دیارن کە یشان دەدەن فیردەوسی بە مەبەست یا بێ مەبەست ئەو کارەی کردووە، بەلآم وەک دەڵێن درۆزن فەرامۆشکارە، ئەویش لە ڕیزکردنی ڕووداوەکاندا زۆر شتی کوتوون کە نیشان دەدەن شوێنی ڕووداوەکان پێچەوانەی ئەوانەن کە لە شانامەدا هاتوون. نەک هەر ئەوەندە، بگرە کەسایەتییەکانیشی بەبێ وەبەرچاوگرتنی کاتە

مـێـژوویـیـیـەکـان گـۆڕیون و تێکەڵی کـردوون. مـێـژوونووسـانی فـارسـیش و ئەو مێژوونووسە ئەوروپاییـانەش کە بیسـتنەکانیـان زۆرتر لە زمانی فارسـەکان (یا پارسەکان)ڕا بووە، – کە بەتەواوی جێگەی گومـانن – بەکەلک وەرگرتن لە شانامە بۆ شێواندنی مێژوو و کردنەوەیەکی کەیانیان و هەخامـەنشـیـان هەوڵیان داوە. بۆیە لێرەبە دوا، ئەو چیرۆکانە بۆ فیردەوسی بەجێ دێڵینەوە و کاریشمان بەو سەرچاوە خـەیاڵی و گـومـاناوییە نـیـیە کـە (مـەسـعـوودی کـوتەنی)، فـیـردەوسی کـەلکی لێ وەرگرتوون و کـەسیش ناویان نازانێ. مـەگـەر لە چەند جێگەیەک بەپێی پێـویست و بەکورتی، باسـیان ناکەینەوە و تەنیا دەچینەوە سـەر ئەو زانیـارییانەی لـە ئاوێستـا و پەهلەوی نامەکان وەرگیراون.

لە شـانامـەدا هاوسـەری گـەشـتـاسب بـە کـەتایوون کـچی قـەیسـەری ڕۆم و لە ئاوێسـتـادا بەهووتاسـا (Hutasa) لە بنەمـاڵەی نەوذەر ناوبراوە. ئاوێسـتـا باسی گەورەیی و پیاوچاکی و دلێری و جوامێریی ناوبراو دەکا بەڵام گەشتاسبی شانامە لەباری خوو و خدە ڕاست پێچەوانەی ئەوەی ئاوێستایە، بۆ وێنە وەک شانامە باس دەکا، شای ناوبراو، ستەمێکی زۆری لە ئیسفەندیاری کوڕی کردووە و بۆتە هۆی مردنی پڕکارەساتی و... گێڕانەوەی مێژوونووسانی ئیسلامیش هەر کورتەیەکە لە شانامە. گومان لەوەدا نییە کە گێڕانەوەکانی ئاوێستا ڕاستترن، چونکە سەرچاوەی سەرەکیی بەسـەرهاتی ئەو زنجیرە پادشایانە ئاوێستایە و فـیردەوسی یا ئەوانەی شانامەی پێش ویـیان نووسـیوە، بەکـەیفی خـۆیان، یا لە زمانی خـەڵکی ڕا کـە ئەو بەسەرهاتانەیان سینگ بە سینگ بۆ یەکتری گێڕاوەتەوە، دەسـتیان دە چیرۆکەکانی ئاوێستا وەرداوە.

ئاینی زەردەشت ئی شـەش هەزار سـاڵ پێش هەخامـەنشـیـیـەکانە و بێـجگە لە بەڵگەنامە مێژوویـیـیەکـانیش، بەپێی ناوەڕۆکی دینەکە و ڕەوتی بەرەو پێـشـچوونی ئاینی یەکخواپەرستی، لە ناو دینە یەکتاپەرستەکاندا، دەبێ زۆر کۆنتر لە سەردەمی مادەکان بێ، چونکە لەو دەمانەدا دینی یەکخواپەرستی زۆر زیاتر پێشکەوتبوو، هەر وەک دەبینین دینی زەردەشت هەرچەند بەیەکخواپەرستی دەژمێردرێ بەڵام هێشتا سـێـبـەرێکی دووخـوایـیـشی پێـوە دیارە. ئەهوەرامـەزدا ئەهریمەن وێڕای ئەوەش، هەندێک نیشانەی تریش دانراون کە هەرچەند نە شەریکی خوان نە جێی دەگرنەوە، بەڵام بۆ نـاسـینی هێـمـان، (وەک مـێـهرو ئەنـاهـیـتـاو ئاگرو ڕۆژو...) کـەچی دینە

یەکخواییەکانی تر هەر خوایەک دەناسن و نیشانەی بۆ دانانێن و ڕاستەوخۆ دەیپەرستن. هەرچەند لە دینی عیسادا خواچووکەیەکیان داناوە کە ئەویش عیسایە، بەڵام ئەوە لە خودی دینەکەدا نەبووە و پێیەوە زیاد کراوە. دینەکانی تری وەک ئی نووح و داوود و ئیبراهیم و مووسا و... ش هەر یەکخوایین. بێجگە لەوەش چەندین زانای بەناوبانگی پێش زاینیش کە هاوچەرخی هەخامەنشییان یا نیزیک بەوان بوون، وەک:

١- گزان تووس (Xantus)، کە کۆنترین نووسەری یۆنانییە کە ناوی زەردەشتی هێناوە،

٢- دیووجانووس (٢١٠ی پ.ز).

٣- ئەفلاتوون، (٤٢٩ - ٣٤٧ی پ.ز) کتێبێکی هەیە بەناوی ئالکی بیسادەس (Alkibiades). لەو ژێرنووسەی شاگردانی ئەرەستاتالیس و هووموودرووس لەسەر کتێبی ناوبراو نووسیویانە،

٤- پۆلینووس، ناسراو بە کە بە پۆلینووسی گەورە (٢٣ - ٧٩ زاینی).

٥- پلووتارخووس (plutarkhus)

٦- تێئۆپۆمپئووس (Theopompusw)،

دیاریدانی زەردەشت دەگێڕنەوە بۆ ٦٠٠٠ساڵ پێش هەخامەنشییان. لە بەشی زەردەشتدا زیاتر باسیان دەکەین.

شانامە هەرچەندە لە چیرۆکەکانی ئاوێستا وەرگیراوە و دەکرێ بڵێین ڕیشەی لەناو ڕاستییەکاندایە، بەڵام هەروەک دابی ئەودەمی کە ڕاستی و ئەفسانە لە مێژوودا تێکەڵ دەکران و مێژوونووسی بەشێوەی ئێستا باو نەبووە، فیردەوسیش هەر ئەو ڕووداوە مێژووییە تەماوی و ئەفساناوییانەی ناو ئاوێستای زۆرتر بەلای هەستی توندی ئێرانی و ئێرانی دۆستی و نەتەوەپەرستیی خۆیدا ڕاکێشاون و لێی زیاد کردوون و تەنانەت شوێنی ڕووداو و ناوەکانیشی بەکەیفی خۆی گۆڕیون. ئەو بەو کارەی ویستوویەتی هەستی بڕوایی بەخۆبوونی ئێرانییان و شانازییە نەتەوەییەکانی ئێران، دوای زاڵبوونی عەرەب و کەسانی بێگانەی وەک سوڵتان مەحموود و.... بووبووژێنێتەوە. ئەوەش هێندەی تر لە وردی و ڕاستیی ڕووداوەکان کەم دەکاتەوە. بۆ وێنە دەڵێ: (رستم یلی بود بەزابلستان منش کردە ام رستم

داسـتــان). واتە: (ڕۆسـتـم پاڵەوان بـوو لە زابولسـتــان ئـەمن کـردوومـە ڕۆسـتــەمی داستان)، کە بەو شیعرەی نیشان دەدا لە ڕاستیدا ڕۆستەم هەر پاڵەوانێکی ناوچەی خۆی بووەو ئەو ناو و ناوبانگی وا گەورەی بۆ سازکردووە. هەروەها لەو شیعرەدا کە دەڵێ: (بـسـی رنج بردم بـدین سـال سی...)، یا ئەو شـیـعـرەی کـە نیـشـانـدەری ڕوانگەیەتی لەسەر کورد:

(کنون کرد از آن تخمە دارد نژاد        کز آباد نـاید بدل برش یاد

بود خانهایشان سراســر پلاس        ندارند دردل زیزدان هراس)

واتە:

(کوردەکان پێک هاتــوون ئا لەو نەژادە  ئاوەدانی و شاریان کەمتر لە یادە

ماڵیان هەر ڕەشماڵە و کوێنی لەسەرە  ترسی یەزدانیشیان لە دڵ بەدەرە).

فیردەوسی لەو سەردەمەدا کە موسڵمانەتی لەنێو کورد و فارسدا لەو پەڕی برەوی خۆیدا بوو، ئاوا دوژمنانە هەڵدەکوتێتە سەر کورد و بە دوورە شار و دەوار نشین و دوور لە شارستانییەت و لە خوا نەترسی ناو دەبا. ئەو لێرەدا وەک ڕەگەزپەرستانی پارس لە هەخامەنشییەکانی ڕەگەزپەرست ڕا بگرە تا شۆڤێنیستە توندڕۆەکانی فـارسی ئەورۆ تێکۆشـاوە دەوری کـورد یا مـادەکـان لە مـێـژووی ئێـراندا زۆرتر بشـارێتەوە و تا دەکرێ بێدەنگەی لێڕا بکات، تا گرینگیی هەخامەنشییەکان زۆرتر بنوێنی. فیردەوسی و شوێنکەوتووانی دەڵێن دامەزرێنەری زنجیرەی هەخامەنشی ئێرانی لە چەنگ بێگانە (مەبەست مادەکانە) دەرباز کرد و فەرمانڕەواییەکەی دا دەستی ئێرانییان (مەبەستی پارسەکانە). فیردەوسیش وەک هەموو مێژوونووسە نەتەوە پەرستەکانی پارس مەبەستی هەر بەتەنێ نووسینی مێژوو نەبووە. ئەو تا بۆی گونجاوە بابەتی هاندەرانەشی تێکەڵاوی چیرۆکەکانی کردووە تا هەستی نەتەوەیی فـارس زیندوو کـاتەوە کە خەریک بوو لەژێر گوشـاری فـەرهەنگ و زمـانی عـەرەبدا بەتەواوی پاک دەبووەوە. هەر وەک لە کۆندا باو بووە، لەو شێوە کارەدا بۆ گەورەتر کردنەوەی کەسایەتییەک یا ڕووداوێک، دونیایەک ئەفسانە و شتی سەیرو سەمەرە تێکەڵاوی ڕووداوەکان دەکران، ئەوە نەک هەر لە کاری فیردەوسیدا سەیر نییە بەڵکو لەنێو کوردانیشدا لە بەیتەکاندا زۆر باو بووە. بەداخەوە ئەو کارە هێندەی دیشی لە سەنگی مێژوویی چیرۆکەکانی شانامە کەم کردووەتەوە. هەروەها بەپێی یەشتەکان و

ئاوێستاش، شوێنی پادشاکان زۆریان لە زنجیرەی ئەلبورز بوونە کە ئەوکاتی ولاّتی مادەکان بووە، فیردەوسی کە بە هەڵبەستەکەی دەردەکەوێ دڵی لە کوردان ڕازیش نەبووە ویستوویەتی ئەو پادشایانە زۆرتر بۆ لای ڕۆهەلاّت ڕاکێشێ و بواریان بۆ لە کوردی شوشتنەوە بۆ بڕەخسێنێ. بۆ وێنە کتێبی (تاریخ دە هەزار ساڵە ایران) لە لاپەڕەی ٦٥ی دا چیرۆکی هومای کچی بەهمەن و چێهرزاد لە شانامە ڕا دەگێڕێتەوە: کە هوما هاتە سەرتەخت، ساسانی براشی بەجێی هێشت و چووە نەیشاپوور و ئیدی هەرگیز نەگەڕاوە بەلخ و هیچ ناوێکیشی لە خوشکی نەهێنا. هوما دەستی کرد بە دادگەری و شار ئاوەدانکردنەوە. کە کوڕەکەشی بوو لەو ترسەی نەکا مەزنان پادشایەتییەکەی لێ بستێننەوە، بە شەو کوڕەکەی دەگەڵ هەندێک زێڕ و زێو دەسندووقێکی خست و سندووقەکەی قیرداداو بەدیجلەی داهێشت و بە خەڵکی کوت منداڵەکەم لەبەرچووە و خەڵکیش باوەڕیان پێ کرد. جلک شۆرێک ئەو سندووقەی لە ئاوێ گرتەوە و کوڕەی ناو نا داراپ و بەخێوی کرد. داراپ هەڵی داو فێری سواری و تیرهاویشتن بوو و بووە کوڕێکی ئازا. شانامە و تەبەری دەڵێن: (ڕۆژێک جلک شۆرەکەی هەڵدەپێچێ تا دایک و بابی ڕاستەقینەی پێ بناسێنێ و ئەویش ناچار باسی سندووقەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. داراپ شمشێر و مەتاڵێک وەدەست دێنێ و بەرەو بەلخ وەڕێ دەکەوێ. لە ڕێدا تووشی ڕەشنەواد، سەرداری ئێرانی دەبێ کە بەفەرمانی هوما دەچێتە شەڕی ڕۆم. ڕەشنەواد لە خەودا دەبینێ کە داراپ شای ئێرانە، جا ئەسپ و جلکێکی لەباری دەداتێ و ڕەگەڵ خۆی دەخا. داراپ لە شەڕدا زۆر ئازایەتی دەنوێنێ کە دەبێتە هۆی سەرسوڕمانی ڕەشنەواد و پاڵەوانانی لەشکر. لە ڕێی گەڕانەوەدا ڕەشنەواد چیرۆکی داراپ و سندووقەکە بەنامەیەک بە هوما ڕادەگەیێنێ. هوما داراپی لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا دەباتە بارەگا و باری عام دەداو بەخەڵکیی دەناسێنێ و پاشان لەسەر تەختی پاشایەتی دایدەنێ و لە ترسی تۆڵە دەیەوێ لە کوڕەکەی دوور بێ و داوای لێ دەکا فەرمانڕەوایی پارسی بداتێ. داراپیش پارس دەداتە دەست دایکی. هوماش تا دەمرێ پارس بەعەدل و داد بەڕێوە دەبا. ماوەی پادشایەتیی هوما بەسەر ئێراندا سی و دوو ساڵ بووە و لە هەشتا ساڵیدا مردووە. داراپ ئەوجار پارسیش دەگرێتە دەست خۆی و پێتەختەکەی دەگوێزێتەوە وێندەرێ و بەسەر پارس و بەلخدا پادشایەتی دەکا. ئاوا ئەوجاریش خەون بەرنامە بۆ پادشایانی ئێران دادەنێ و وەک

خەونەکەی ئیختۆویگۆ، بەشێک لە چیرۆکی مووسا و فیرعەون دووپات دەبێتەوە....

چیرۆکەکەی شانامە، پێتەخت دەکاتە بەلخی لای باکوری رۆهەڵاتی ئێران، بەڵام هومای کچی بەهمەن لە بەلخ سندووقی منداڵەکەی بەشەوێ بەدزی دە دیجلە داوێ! و سەرداریش دەنێرێتە شەری رۆم کە دەبێ بەپێی ئەو چیرۆکانە چەند دەوڵەتی لەگەڵ شوێنی دەستەڵاتی هومادا دەنێواندا بن سەیر ئەوەیە شانامە ئەو پادشایانەی کردوون بە ئی رۆهەڵاتی ئێران بەڵام گۆرەپانی زۆربەی شەر و زۆر کاری تریان لەلای رۆئاوا و ناوەندی ئێران و زۆرتر لە ئەلبورز و زاگرۆس، واتە وڵاتی مادو شوێنی نیشتەجێبوونی کوردانە. بێگومان یا لە رۆهەڵات بوونەکە درۆیە یا لەشکری ئێران بەسەر ئەو هەموو وڵاتەدا هەڵفریوە!

راستییەکەی ئەوەیە کە هەروەک پێشتر باسمان کرد، بەلخێکیش لەلای رۆئاوا هەیە کە سپایزێر دەڵێ لە نیزیک خاپوورە و بەشێک بووە لە نیشتمانی میتانییان، کە گەلێکی بەهێزی کورد بوون. کتێبی (تاریخ تطبیقی باستانی ایران تاخاتمە شاهنشاهی داریوش سوم، نگارش کیوس باوند، انتشارات گوتنبرگ) لە لاپەرەی ٦٤یدا لە زمانی کەتزیاسەوە دەڵێ: (... ئارباکس (شای ماد) کە ناهومێد بووبوو، تا بیستی لە (باختەر) را لەشکرێک دێتە یاریدەی پادشای ئاشوور، چووە لای سپای باختەر و هانی دان لە دژی ئاشوور هەستنەوە و یاریدەی وی بدەن. ئەوان کە بەبیستنی هەواڵی ئازادی لە بن نیری ئاشوور، زۆر شاد بوون و هاتنە یاریدەی ئارباکس...) ئەوەش نیشان دەدا کە وڵاتێک بەناوی باختەر لەژێر دەستەڵاتی ئاشووردا هەبووە کە خەڵکەکەی لە ستەمی ئەو داگیرکەرانە وەزاڵە هاتوون. بە سەرنجدان بەوەی کە بەلخی لای رۆهەڵاتی ئێران نە لەوکاتەدا لەبەردەستی ئاشووردا بووە و نە لەشکرەکەشی دەیتوانی لە کاتی ئەو شەرەدا بەبێ داگیرکردنی وڵاتی ماد بگاتە لای نەینەوا . هیچ گومان لەوەیدا نامێنێ کە ئەوە هەر ئەو باختەرەی لای رۆئاوای کوردستانە کە سپایزێر باسی کردووە. ئاوا راستییەکان باشتر دەردەکەون و تێدەگەین کە ئەگەر چیرۆکی هومای کچی بەهمەن راست بێ، ناوەندی فەرمانرەواییەکەی ئەو بەلخەی لای سەرچاوەی دیجلەیە و کەوتووەتە رۆئاوای کوردستان و هەر بەو پێیە ئێرانیش.

گێرانەوەیەکی تر لە سەعالیبی و فیردەوسی هەیە کە دەڵێ دارابی گەورە لەگەڵ فیلقووس پادشای یۆنانیش بەشەر دێ و شکستی پێدەداو دەیخاتە بەردەستی خۆی

و کـچـەکـەشی دەخـوازێ. کـوڕێکی لێ دەبێ کـە ناوی دەنێ ئەسکەندەر، ئاوا ئەسکەندەر دەبێتە یەکێک لە پاڵەوانانی جێ شانازیی ئێران!. داراب کوڕێکی بوو کە ناویان نا دارا، بەلعەمی و تەبەری دەڵێن ئەسکەندەر کوڕی داراب نەبووە بگرە ئی فیلیقووسە (ڕاستییەکەشی هەر ئەوەیە) کە ئەسکەندەریش گەیشتە تەمەنی گەنجی، باوکی خۆی لە دانی باج بە داراب مەنع کرد. داراب ١٢ ساڵان پادشا بوو بەشی زۆری وڵاتانی دنیا باجیان دایە. ئەو ٥٠ ساڵ ژیا.

لێرەدا بی نرخیی شانامە لەبواری مێژوودا، بەتەواوی دەردەکەوێ. ئەوانەی ڕەگەزپەرستێکی توندی ئێرانی بن ناتوانن بیسەلمێنن کە شایانی ئێران شکستیان خواردووە و هەروەک ڕەسمی مێژوونووسانی ئێرانی ڕاستییەکانیان گۆڕیوە و داگیرکەرێکی وەک ئەسکەندەر و خولامزادەی تورکی وەک سوڵتان مەحموود و تەنانەت مەغوولەکانیشیان کردووەتە ئێرانی بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کەس ئێرانی پێ داگیر ناکرێ! بۆ دابینکردنی هەستی مەزنیخوازیشیان کەیانییان بە چەسپێکی مێژوویی لە هەخامەنشییان گرێ داوە.

یەکێک لەو تێکدانە سەیروسەمەرانەی بەناو مێژووناسانی دەمارگرژی فارس چیرۆکی خەونی ئیختوویگۆیە کە زەبیحوڵڵای مەنسووری لە کتێبی (سرزمین جاوید)دا دەیگێڕێتەوە:

ئاستیاژ پادشای ماد لە خەودا دیتی کە لە زگیماندانی – کچی کە لە (کەمبووجیە)ی ئەمیری پارسی مارە کردبوو– دارە مێوێک ڕواو لکەکانی ئەو دارە لە هەشت لاوە وەجووڵە کەوتن نەک هەر هەموو شاری هەمەدان و خاکی مادیان داپۆشی بگرە لە کەمتر لە کاتژمێرێکدا تەواوی وڵاتانی قوڕنەی ئاسیاش بە لک و گەڵاکانی داپۆشران. هەر چەندی ئاستیاژ گەڕا بۆی نەکرا هەمەدانی پێتەختی وڵاتەکەی خۆی بدۆزێتەوە و بەشەپیووری پاسەوانانی کۆشکەکەی وەخەبەر هات... ئاستیاژ کە لە بەردە نووسەکانی وەدەستهاتوو لە بابلدا بەناوی (ئیشتۆویگۆ) نووسراوە، پاش وەخەبەر هاتن دەفکران ڕۆچوو و خەون زانانی بانگ کردن و خەونەکەی بۆ گێڕانەوە و داوای کرد بۆی لێکدەنەوە. خەون لێکدەرەوان پاش ڕاگۆڕینەوە کوتیان کە لە زگی ماندانای کچی کوڕێک پەیدا دەبێ کە وڵاتی ماد و وڵاتانی تریش داگیر دەکاو کۆتایی بەپادشایەتیی ماد دێنێت. ئاستیاژ بڕیاری دا هەر کە ماندانای کچی زا ئەگەر زارۆکەکەی کوڕ بوو بیکوژن تا فەرمانڕەوایی ماد

لەناو نەچێ.

ماندانا پاش چەند مانگان کوڕێکی بوو. بە فەرمانی شا کوڕەکەیان لێ ئەستاند و پادشا زارۆکەکەی دا دەستی یەکێک لە هاوڕازانی بەناوی (هارپاگووس) تا بیکوژێ. هارپاگووسیش زارۆکەکەی دا دەستی گاوانێک بەناوی (میت ری دا تس) و پێی گوت ئەو منداڵە بەرە مەزرایە و لە شوێنێک داینێ با داعبا بیخۆن. بەهەڵکەوت هەر ئەو ڕۆژە ژنی گاوانەکە منداڵێکی بەمردوویی بوو و بەپێشنیازی ژنەکەی جلکی شازادەی کردەبەر تەرمی کوڕەکەی خۆی و شازادەی لە جێگەی دانا و تەرمی کوڕەکەی خۆشی لە دەشتێ فرێ دا.. داعبا تەرمەکەیان خوارد و جلکەکەی ماوە. هارپاگووس کە بەرگەکەی دیت دڵنیا بوو کە شازادە گورگ خواردوویەتی و ڕاپۆرتی دا بە شا.

ئەوە کورتەی گێڕانەوەی هێرۆدۆتە. سەبارەت بە لەدایکبوونی کوورۆش. هێرۆدۆت بۆ خۆی دەڵێ چوار چیرۆکم لەسەر لەدایکبوونی کوورۆش بیستووە، بەڵام ئەوەیانم هەڵبژاردووە).

(زبیح اللّه منصوری) پاشان دەڵێ: (هێرۆدۆت سێ چیرۆکەکەی تر ناگێڕێتەوە بەڵام لە نووسراوەی کەسانی تردا هەن و هەموویان لەسەر ناوی ئەو کەسەی کوورۆشی لە هارپاگ وەرگرتووە تا بیباتە چۆڵەوار و بە دڕندانی بەخواردن دا یەکدەنگن و دەڵێن گاوانی گەنج لەو کاتەدا هەر بیست ساڵ دەبوو. ئەو لە هارپاگووسی بیستبوو منداڵەکە کوڕی کەمبووجیەیە، بۆیە نێوی بابی کەمبووجیە، واتە (کوورۆش)ی لێنا.... میتری داتس هەرچەندە گاوان بوو بەڵام خوێندەوار بوو. هەر کە کوڕەکە هەندێک گەورەبوو دەبەر خوێندنی نا...)

عەبدولعەزیمی ڕەزایی، نووسەری مێژووی دە هەزار ساڵەی ئێران، لە لاپەڕەی ١٧٠ تا ١٧٧چی درۆی بۆی کراوە بۆ ڕازاندنەوەی زیاتر ڕەگەڵ ئەو ئەفسانەی هێرۆدۆتی خستوون و زیاتر لە شەش لاپەڕەی کتێبەکەی پێ پڕکردوونەوە، ئەگەر زەبیحوڵلا ئەفسانەکەی لە زمانی هێرۆدۆتە گێڕاوەتەوە، عەبدولعەزیم باسی سەرچاوەکەی نەکردووە و وای دەگێڕێتەوە هەر وەک بۆ خۆی لەوێ بووبێ. با لەوەی زیاتر لەسەر ئەو گلەییانە لە مێژوونووسانی دەمارگرژی ئێرانی نەدوێم. ئەوەندەم هەر بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی دەمارگرژی و دوژمنایەتیی کوێرکوێرانەی ئەو چەشنە مێژوونووسانە باس کرد کە بەداخەوە ژمارەشیان کەم نین و ئەوەی دڵی من دەتەزێنێ

ئەوەیە کە بەداخەوە هەندێک لە مێژوونووسانی کوردیش وەک پێشتر باسم کردن، بەچاونووقاوی ڕاست دەچنە بن باری ئەو شێواندنە ئاشکرایە. بەڵام شتێکی سەیرتر کە لە کتێبەکەی عەبدولعەزیمی ڕەزاییدا کەوتە بەرچاوم و لێرەدا هەر بۆ ئەوەی ڕادەی دوژمنایەتیی ئەو چەشنە مێژوونووسانە بخەمە ڕوو، بەپێویستی دەزانم برگەیەکی بچووک لە لاپەڕەی ١٧٣ی لێ بێنمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز: (... موغەکان (بەئاستیاکیان) گوت: درێژەی پادشایەتیی تۆ بۆ ئێمە کێشەی ژیانە، چونکە هەرچی بێ ئەو منداڵە ئێرانییە و لەگەڵ ئێمە بێگانەیە و بێگومان ئەگەر وڵاتمان بکەوێتە دەستی، خەڵک ئازادیی خۆیان لەدەست دەدەن، بەڵام تۆ هاونیشتمانمانی و... پێشنیاز دەکەین منداڵەکە بنێرییەوە لای دایک و بابی...) ئاوا دەبینین چۆن ئەو نووسەرە هەر کووروش و باب و باپیری باوکیی وی واتە پارسەکان بە ئێرانی دادەنێ و مادەکان لە حاست ئێرانییاندا بەبێگانە دەزانێ و هەر لەبیریشی دەچێتەوە کە مادەکان چۆنیان دوژمنانی گەلانی بانووی ئاریا تێک شکاند و دەستیان لە تالانی وڵاتی ماد و پارس کورت کردنەوە و هەر بەقسەی خۆشی هەر ئەو مادانە یەکەم دەوڵەتی ئێرانییان لە بانووی ئێراندا دامەزراند. کتێبە مێژووییەکانی مێژوونووسانی فارس بەتایبەتی لەو جێگەیانە کە دەبێ باسی کورد – یا باپیرانی – بکەن بۆ شێواندنی ڕاستییەکان زۆرشتی پێچەوانەی یەکتری دەڵێن کە خوێنەرێکی وریا دەتوانێ بەهاسانی بیانبینێتەوە. بۆ وێنە، عەبدولعەزیمی ڕەزایی لە لاپەڕەی ١٧٦ی کتێبەکەیدا، لەسەر داگیرکرانی هەمەدان، بەشانازییەوە دەڵێ: (لەشکری کووروش دەستیان کرد بە تالانی شار و زێڕ و زێو و سامانێکی زۆریان بەتالان برد کە بەشی زۆرتری بردرایە ئەنزان) و هەروەها دەنووسێ ... (ئاستیاک) پاشان هەموو ئەو کەسانەی لە شار بوون – لە پیر و گەنج – جاڕی دان و چەکداری کردن و بۆخۆی بوو بە فەرماندەریان و چووە شەڕ، بەڵام تێشکاو لەشکرەکەی لەناو چوون و خۆی بوو بە دیلی پارسەکان... پادشای پارس پاش گرتنی ئاستیاک چووە ئۆکباتان و ئەو شارەی گرت (٥٥٠ی پ.ز) و سوپاییەکانی دەستیان کرد بەتالانی شارەکە و ئامراز و کەرستەی زۆری زێڕ و زێویان بەتالان برد و بەشێکی زۆرتری ناردرا ئەنزان) ئەوجار ئەو جەنابە لە بیری دەچێتەوە لەوێ چی کوتووە و لە لاپەڕەی ٢٤٨ دەڵێ: (... کووروش بە شێوەیەکی ئاقڵانە دەستی بەسەر وڵاتی ماد داگرت و بەبێ خوێن ڕشتن هەمەدانی کردە پێتەختی خۆی و بەڵگەنامەکان و ڕێکخراوی حکوومەتی

خۆی گواستەوە وێ) ئەوجار لە لاپەڕەی ١٥٩ش دەڵێ ئاستیاک نیزیکەی بیست و چوارساڵ پادشایەتیی کرد کەچی هەر بۆخۆی لە لاپەڕەی ١٧٦ دەڵێ: (ئاستیاگ پادشایەتیی سی و پێنج ساڵەی خۆی لەدەست دا).

جا با بزانین لەوانە کامەیان ڕاستن؟

تالانی هەمەدان و ڕاگوێستنی سامانەکەی بۆ ئەنزان، یا کرانی هەمەدان بە پێتەخت لەلایەن کوورۆشەوە و گواستنەوەی بەڵگەنامەکان و ڕێکخراوی حکوومەتی خۆی بۆ ئەو شارە؟

قڕکردنی لەشکری ئاستیاک و تالان و بڕۆیەکەی ڕاستە یان گرتنی هەمەدان بەبێ خوێن ڕشتن؟

ماوەی حکوومەتی ئاستیاک سی و پێنج ساڵ بوو یا بیست و چوار ساڵ؟

کە بێگومان لە هەر سێ پرسیاردا، بەشی یەکەمی بەپێی هەموو بەڵگەنامەکانی مێژوویی ڕاستە و ئەوی تر بەتەواوی درۆیە.

هەروەها: ژمارەیەک لە مێژوونووسان زۆر بەسەیری تێکۆشاون ئەو قارەمان و پادشایانەی ناو ئاوێستای شەش هەزار ساڵ پێش ماد و هەخامەنشییان بکەنە پادشایانی ئەو دوو زنجیرەی. لەوەدا تەنانەت کەیانییانیشیان کردووەتە دوو بەش: کەیقوباد بووەتە دیاکۆ و تا دەگاتە ئیختوویگۆ، ئەو پادشایانەی ماد بە کەیانی ناسراون. بەشی دووەمی زنجیرەی کەیانی لەو دابەشبوونە بێ واتایەدا لە کەیخەسرەوڕا - کە کردوویانەتە کوورۆش - دەبنە هەخامەنشی (بڕوانەنە تاریخ تطبیقی ایران تاخاتمە شاهنشاهی داریوش سوم، کیومرث باوند، انتشارات گوتنبرگ، ص ١٢١، - کە کەیخەسرەو دەکاتە کوورۆش، بەو پێیە پادشاکانی کەیانیی پێش وی دەبێ ماد بن، یا (تاریخ ریشەء نژادی کرد، احسان نوری)، کە دەڵێ: بەقسەی زۆربەی زانایانی مێژوو (مەبەستی بێگومان فارسەکانە) شای یەکەمی کەیان- کەیقوباد - دیاکۆ - دیوسیس - دامەزرێنەری دەستەڵاتی ماد کە سەرۆکی تیرەی مانتایی بووە). بەسەرنجدان بەوەی کە ماد و هەخامەنشی هەرچەندە لە ڕەگەزێکن، بەڵام لە دوو نەتەوەی جودان. نازانم چۆن دەکرێ زنجیرە پادشایی کەیانییان کە تایفەیەکن، بەشێکیان هەخامەنشی (واتە لە نەتەوەی پارس) و بەشێکیشیان (لە نەتەوەی ماد) بن؟ لەوەشڕا بەڵگەیەکی تر بۆ بێ بناغەبوونی ئەو

بۆچوونە دەردەکەوێ، کە کووروٚش دەکاتە کەیخەسرەو.

چیرۆکی منداڵیی کووروٚش وا وێدەچێ لە ڕووی چیرۆکی مووسا و فیرعەون ساز کرابێتەوە دەنا ئەگەر بەڵێین با کووروٚش بکوژرێ بۆ داینێن بۆ داعبای دڕندە و بۆ نەیکوژن کە هاسانترە، هاوڕازەکەی شا بڵێین ڕوحمی بە منداڵەکەدا هاتووە، ئەدی بۆ دەیدا بە گورگی بیابان؟ درۆیەکی ئاشکرای تر ئەوەیە کە دەڵێ گاوانەکە خوێندەوار بوو، ئەوانەی ئاگەداری مێژووی کۆن و دۆخی ئەو کاتی کۆمەلایەتی بووبن دەزانن خوێندن لەو سەردەمەدا هەر ئی هەندێک چینی تایبەتیی لای سەرووی کۆمەڵ بوو و شوان و گاوانی نەدەگرتەوە، تەنانەت ئێستاش شوان و گاوان لە کوردستاندا لە خوێندن بە دوورن و کوێرەوەریی بەخێوکردنی ئاژەڵ دەرفەتی ئەوەیان پێ نادات. بێجگە لەوەش کووروٚش بۆخۆی لەو تاکە بەردەنووسەیدا کە لە پاشی بەجێماوە، دەڵێ، کە ئەو بەئەلفوبێی ٤٨ پیتی خوێندوویەتی و دوایە ئەلفوبێی ٣٦ پیتی لە مادەکان فێربووە کە زۆر هاسانترە. ئەوەش بەڵگەیەکی تری بێ بناغەبوونی ئەو چیرۆکەی لەدایکبوونی کووروٚشە و دەری دەخا کە ئەو لە دەرەوەی وڵاتی ماد خوێندوویەتی و پەروەردە بووە و بەمنداڵی لە سەرزەمینی ماد نەبووە.

بەکورتی ئیختوویگۆ دەزانێ کووروٚش نەوەیەتی. بۆ تۆڵە فەرمان دەدا کوڕی هارپاگووس کە هاوتەمەنی کووروٚش دەبێ بکوژن و گۆشتەکەی دەرخواردی بابی دەن. سزادانی ئاوا توندو بێبەزەییانە لە پادشایانی ئەو سەردەمە و تەنانەت لە ئێراندا تا ئێستاشی دەگەڵ بێ، دوور نییە و تەنیا ڕەنگە شکڵەکەی بگۆڕێ، بۆ وێنە لە زەمانی محەمەد رەزا شادا ڕۆژنامە نووسێکی ئێرانی کە ناوەکەیم لەبیر نەماوە – لەسەر نووسینی هەندێک بابەتی ڕەخنەگرانە – کە دەزگای میری پێی قەڵس بوو – لە میواندارییەکی بنەماڵەی پادشادا بەزیندوویی نەوتی پێدا کرا و لەنێو چەپڵەڕێزانی بەشدارانی مێواندارییەکەدا ئاوری تێ بەردراو بوو بەخەڵووز. بەڵام چۆن دەکرێ پادشایەکی خاوەن ٣٥ ساڵ ئەزموونی فەرمانڕەوایی سەرداری لەشکری خۆی سزا بدا لەسەر نافەرمانییەکی ئاوا گەورە و چەندین ساڵ شاردنەوەی ڕاستی و لادان لە فەرمان – کە بێگومان جێگەی لێبووردن نەبووە – و تەنانەت پاش ئەو سزادانە زۆر بێ ڕەحمانەیەش لەسەر کاری وەلانەبا کە هیچ، هێشتا هەر باوەڕیشی پێ بکاو بیشی نێرێتە شەڕی نەیاران و سەربزێوانی وڵاتەکەی.

ڕووی دزێوی ئەو ساختەکارییە دێرەدا خۆ دەنوێنی کە بۆ گەورەتر کردنەوەی کووروش دەبێ ئیختۆویگۆ بکرێتە ئاژدەهاک و بەوەشرا سەرەڕای ئەوەی بەکوتەی زۆر مێژوو نووسانی فارس، وڵاتی بەبێ کێشە و شەڕ و بەئارامی بەڕێوە برد بکرێتە زەححاک. بۆ وێنە نووسەری مێژووی دە هەزار ساڵەی ئێران لە لاپەڕەی ١٥٩ دا دەڵێ: (ئاستیاک تا ساڵی (٥٥٠ی پ.ز) وڵاتی بەوپەڕی لێزانی و لێوەشاوەیی بەڕێوەبرد...) پاشانیش بێ ئەوەی سەرنج بداتە ڕستەکانی پێشووی دەڵێ: (... بەڵام سەرنجێکی وەهای نەدەدا بەئاسوودەیی خەڵکی و هەر ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی لە ماوەی دوایی پادشایەتییەکەی، زۆربەی خەڵک لێی ناڕازی بن). بەڵام ناڵێ ئەگەر ئەو پادشایە ئەوەندە بەلێزانی و لێوەشاوەیی و لە ئاسایشدا وڵاتی بەڕێوە بردووە، چۆن خەڵکی لێ ڕازی نەبوون؟ لەوەڕا دەردەکەوێ کە ئەوە خەڵک نەبوون کە لە دژی ئاستیاک ڕەگەڵ دوژمن کەوتن. ئەدی ئەوانە کێ بوون؟

نووسەری کتێبی (تاریخی ماد، ا.م. دیاکۆنۆف، ترجمەء کریم کشاورز، چاپی تاران، ١٣٧٩، لاپەڕەی ٣٨٤ تا ٣٨٧) لەو جێگەیەدا کە باسی کێشەو ناڕەزایی سەردارانی ماد لەگەڵ ئیختۆویگۆ دەکا، دەنووسێ: هێرۆدۆت دەڵێ کە ئاستیاک (ئیشتوویگۆ) سەبارەت بە مادەکان بێبەزەیی بوو، بەڵام هەر بە بێ نێوان لەوێدا بابەتەکە ڕوون دەبێتەوە کە مەبەستی وی لە مەزنانی ماد یا (یەکەم کەسان لەنێوان مادەکان) و پاشماوەکانی شا چکۆلەکان و دەهیووپۆتی بووە.... لەو سەردەمەدا فەرمانڕەواییەکی بەهێز و دەستەڵات و یەکگرتووی پادشایەتی لە مادا، تەنیا بە مەرجی بەربەرەکانی لەگەڵ مەزنان و بە پاڵپشتی گشت ئازادەکان برێتی لە کۆیلەداران و ناکۆیلەداران دەیتوانی سەر بگرێ. ئیشتوویگۆ (ئاستیاک) لە سیاسەتی خۆیدا لە ئامۆژگارییەکانی دینی موغان کەلکی وەردەگرت و ئەو ئامۆژگارییانە بەبڕوای من لەو سەردەمەدا هێشتا لەگەڵ دەستووراتی سەرەتایی و پێوەندییدار لەگەڵ ناوی زەرتۆشترا زۆری جیاوازی نەبووە و خەڵک زۆر ئۆگری بوونە.... و موغان لەو سەردەمەدا دوژمنانی لە ئاشتی نەهاتووی دەوڵەمەندان و مەزنان و پێشەوایانی ئوولەکانی ناوچەیی بوون، کە یەکگرتوو نەبوون و لەگەڵ ئەو ئامۆژگارییانەی لە زمانی زەردەشتەوە دەکوتران لە دژایەتیدا بوون.... وەبیر دێنینەوە کە بەر لە زەردەشت شا چکۆلەکان بۆ خۆیان پێشەوای دینی بوون و لە ئاکامدا دەستەڵات و بڕکردنی قسەی وان پێوەندیی هەبوو بەپلەی دینییان. تا ئەو

کاتەی فەرمانڕەوایی و پادشایەتی و دین لە دەستی پاشماوەکانی ئەو شا چکۆلانەدا بوو، نەدەکرا مەزنانی عەشیرەتیی کۆن بەتەواوی بە تێشکاو بزانین. بۆیەش ئەو دینە یەکگرتووەی کە موغەکان بێگومان نوێنەری بوون – هەرچۆنێک بووبێ– بۆ شای ماد گرینگییەکی یەکجار زۆری هەبوو... بەربەرەکانیی کۆیلەدارانی ئاسایی و کەسانی لایەنگری ئیشتۆویگۆ لەلایەک و مەزنان و نەجیبانی گەورە (کە هارپاگە لە ماد و کووروٚش لە پارس لە سەرووی ئەوان بوون) لە دژیان، لەلایەکی ترەوە کێشەکەی بەوپەڕی توندوتیژتری گەیاند. ئەوەی کە لە سەردەمی ئیشتۆویگۆ (ئاستیاک)دا شەڕێکی گەورە ڕووی نەداو شوێنێک داگیر نەکراو لە ئاکامدا مەزنان و خزمەتکارانی لەشکر دەستکەوت و تالانێکیان لەو سۆنگەوە وەدەست نەکەوت، بێگومان بوو بەهۆی توندتر بوونی نێوان ناخۆشیی شا لەگەڵ ئەو تاقمە لە کۆیلەداران (و لەشکریان). هەرچۆنێک بێ لە سەردەمی ئاشوورییەکانیشدا دۆخەکە ئاوا بووە و پادشایەتیی مادیش لە زۆر بارەوە بووبوو بەخاوەنی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی ئەوان. هەواڵی پێوەندیدار بە بێبەزەیی ایشتۆویگۆ (ئاستیاک) سەبارەت بەهارپاگە هەروەک ئەو چیرۆکەیە کە هێرۆدۆت لەبارەی تۆڵە ساندنەوەی ئێسکیتەکان لە هووەخشتەرە (کیاکسار) دەگێڕنەوە و وەک بەشەکانی تری ئەو چیرۆکە– کە گۆیا ئیشتۆویگۆ (ئاستیاک) لە خەودا سەرۆی بۆ هاتووە و فەرموویەتی کوڕی ماندانای کچی بکوژن و منداڵەکەیان خستە پێش دڕندان و کۆیلەیەکی گاوان بەشێوەیەکی سەر سووڕهێنەر ڕزگاری کرد و سەرەنجام کوڕەکە بەپلەی پادشایەتیی خۆی گەیشتەوە... ئەوانە هەمووی ئەفسانەی سازکراون کە زۆر لەسەر سەرکەوتووانی بەناوبانگی ئەفسانەیی یا مێژوویی و یا دامەزرێنەرانی پادشایەتییەکی گەورە وەک سارگۆن و مووساو فەرەیدوون و زۆری تر کوتراون.

هێرۆدۆت بە مێژوونووسێکی دروستکار و بێلایەن و ڕاست ناسراوە. ئەو هەڵانەی لە نووسراوەکانیدا پێکهاتوون، ئی ئەو کەسانەن کە ئاگەدارییەکانیان داوەتێ کە بەداخەوە پارسەکان بوون و بۆیەش زۆرتری نووسراوەکانی بەلایەنگریی ئەوان خۆ دەنوێنن.

هێرۆدۆت بۆخۆی دەڵێ کە ئیشتۆویگۆ (ئاستیاک) هارپاکەی کردە فەرماندەی لەشکری ماد و ئاوا قسەی خۆی ڕەد دەکاتەوە.... بەڵام ئیشتۆویگۆ (ئاستیاک) بێگومان نەک لەبەرئەوەی خوا لێی گۆڕیبوو، بگرە لەبەرئەوەی هیچ کارێکی بێ

بەزەییيانەی سەبارەت بە هارپاگە نەکردبوو، کردییە فەرماندەی لەشکری خۆی... هەروەها جێگەی سەرسوورمان نییە کە هارپاگە (ڕێبەری پیلانی مەزنانی ماد) کوورۆشی پارسی بکاتە داواکاری تانج و تەختی پادشایەتیی ماد. چونکە کوورۆش کە کوڕی ماندانای کچی دووەمی ئیشتۆویگۆ (ئاستیاک)و نەوەی هەقی بوو، کەمتر لە "سپیتامە" – کە بەهۆی بیروباوەڕە ڕامیارییەکەی لە بەرچاوی مەزنان ناخۆشەویست و نەخوازراو بوو – شیاوی دانیشتن لەسەر تەختی شایی نەبوو).

بەوەدا دەردەکەوێ کە کێشەی کوورۆشیش لەگەڵ باپیری هەر لە ڕکەبەریی ئەو و سپیتامەڕا هاتووە و کێشەکە لەسەر پلە و دەسەڵات بووە نەک تەمای ئیختۆویگۆ بۆ کوشتنی کوورۆش بەمنداڵی. پێم وایە لێرەدا هەرئەوەندە بەسە بۆ دانی ئاگەداریی بەکەلک بەخوێنەرانی بەڕێز، بۆ زانینی زۆرتر و تێگەیشتنی باشتر لەو پێوەندییەدا و لە ڕاستیدا هەڵدانەوەی بەرە لەسەر هەتیوەکان.... لەسەر هۆی خەیانەتی هارپاگەش دیاکۆنۆف لە لاپەڕەی ٢١ی تاریخ ماد دەڵێ: (ئاستیاگ (ئیشتوویگۆ) لەسەر تەختی شایی دانیشت و٣٥ ساڵ پادشایەتیی کرد. لە ئاکامی هاندانی هارپاگە، یەکێک لە مەزنانی ماد کە دڵی لە هووەخشتەرە ئێشابوو بەهۆی کوورۆشی کوڕی ماندانای کچی ئاستیاک و کەمبووجیەی پارسی لەسەر تەخت وەلابرا).

پاشان مێژوونووسانی فارس بۆگەورەکردنەوەی کوورۆش ڕاستییەکان زۆر دەگۆڕن و تاکتیکە زیرەکانەکانی بەمرۆڤدۆستی ناودەبەن. ئەو کوورۆشەی پێتەختی باپیری تالان و لەشکرەکەی قڕ دەکا و خەڵکی شاری باپیری خۆی بەکۆیلە دەبا، چۆنە کۆیلەی یەهوودی ئازاد دەکا و لەگەڵ خەڵکی بابل – پاش گرتنی وڵاتەکەیان – وا مێهرەبان دەبێ و پەرستگاکانیان بۆ ئاوەدان دەکاتەوە و سوجدە بۆ بوتەکانیان دەبا؟ ئی بن بەرەی لێرەدا دێتە سەر بەڕەی کە: ئەو دەبوو دەگەڵ کرێزووسی پادشای لیدی بەشەڕهاتبا، کە خاوەنی سوارەنیزام و چەک و چۆڵی بەکاربوو و لە دژی کوورۆش لەگەڵ میسر و بابل و سپارتیش پێکهاتبوون. کوورۆش بابلی خافڵگیر کرد و گرتی. ئەو بەزیرەکیی خۆی دەرسی لە تێشکانەکەی ئاشوورییان وەرگرتبوو و دەیزانی گەورەترین هۆکاری تێشکانیان بەدەستی مادەکان، توندوتیژی و ستەمی لە سنوور بەدەریان بوو لەگەڵ گەلانی بندەستیاندا، هەر بۆیەش بوو کە هێندەی دەگەڵ بابلییەکان و یەهوودییەکان چاکە و مێهرەبانی نواند کە لە هیچ داگیرکەرێک و تەنانەت لە پادشاکانی خۆیانیش چاوەڕوانی نەبوون. بابلییەکان وایان کردبوو کە

تەنانەت گەلی خۆشیان خواخوایان بوو داگیرکەرێکی لە وێنەی کوورۆش لە چەنگ پادشای ستەمکاریان دەربازیان کا. بۆیە کە زانییان ڕەفتاری کوورۆش ئاوایە، نەک بەچاوی داگیرکەر بەڵکو بەدیدەی ڕزگاریدەرێک لێیان ڕوانی. کوورۆش، کە داهێنەر و پسپۆڕێکی بێ وێنەی سەربازیی سەردەمی خۆی بوو، ئاوا زیرەکانە دڵی خەڵکەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. دوو مەبەستی لەو کارە هەبوون، کە هەرتکی بۆ جێبەجێ بوون. یەکیان: کردنی دوو گەلی بێگانەی بابل و یەهوود بە دۆستی خۆ. دووهەمیانیش: لە ئاکامی ئەو دۆستایەتییەدا دڵنیابوون لە پشتی جەبهە، واتە دڵنیایی لەوەی کە لە کاتی هێرش بۆ سەر لیدی و میسر و سپارتدا، لە پشتەوەڕا کەس لەگەڵ دوژمنانی پێک نایە....

لەو دواییانەدا هەندێک شتی دوور لە ڕاستیم لە کتێبە مێژووییەکانی نووسەرانی کورد یا تەلەڤزیۆنەکانی کوردی لە زمانی هەندێک بەوتەی خۆیان مێژووزان کەوتە بەرچاو و گوێ کە بەڕاستی تووشی سەرسامی کردم. بۆ وێنە (پرۆفسۆر محەمەد ئەمین زەکی) لە کتێبی (تحقیقی تاریخی دربارە کرد و کردستان)دا دەنووسێ: (پاش کیاکسار، ئاژدەهاک لە جێگەی باوکی دانیشت و ماوەیەکی بەبێ شەڕ و خوێن ڕشتن تێپەڕاندو لە بەدبەختییان هەر لەو کاتەدا حکوومەتی فارس بەهێز بوو و بەهۆی ئەو لاوازییەش کە لە حکوومەتی مادا بەدی هاتبوو، بە سەرهەڵدانی (کوروش= سیروس) یا کەیخەسرەو...).

هەرچەند کەیخەسرەو بەپێی ناوەڕۆکی ئاوێستا تەنانەت ناتوانێ ئی سەردەمی مادەکانیش بێ، چونکە ئەو شایە ئی سەردەمی زەردەشتە و زەردەشتیش بەشاهیدیی مێژوو ئی ٦٠٠٠ ساڵ پێش مادەکان بووە. بەڵام ئەگەر بە وێچواندنی ناویش بێ ئەو نووسەرانە دەبوو کەیخەسرەو وە کیاکسار (فرەوەرتیش) بچوێنن کە زۆر نیزیکترە و زۆرتریش وەوی دەچێ تا کوورۆش. هەرچەندە ئەو کتێبە یەکێکە لە بەنرخترینی ئەو کتێبانەی لەسەر مێژووی کورد دیومن، بەداخەوە ئەو نووسراوەی محەمەد ئەمین زەکی بەگ، دوو خاڵی زۆر لاوازی تێدا بەدی دەکرێن:

یەکەم – ناوی ئاژدەهاک بۆ ئیختوویگۆ دوایین پادشای ماد، کە هەندێک نووسەری دەمارگرژی فارس کەلکیان لێ وەرگرتووە بۆ ئەوەی ئەو پادشایەی پێ بکەن بە زەحاکی خوێنڕێژ. کە دیارە ئەو ڕوانگەیە زۆرتر لە بەرهەمی مێژوونووسانی هەرمەنی هەڵێنجراوە. احسان نوری لە (تاریخ ریشەء نژادی کرد) دەڵێ: (ڤیکتۆر

لانكلوا) نووسراوەكانی نووسەرانی ئەرمەنیی كۆ كردووەتەوە و دەڵێ (بە ئەرمەنی بە (مادی) دەڵێن مار و لە زمانی ئەرمەنیدا بە پاشماوەكانی ئاژدەهاك دوایین پادشای ماد دەڵێن (ویشتا بازوونەك) واتە هەژدیهازادەكان.) - ئەو ناوە تارادەیەكیش وێدەچی لەوەڕا هاتبێ كە یۆنانی یان ئیختوویگۆیان كردووە بەئاستیاك و ئەو وشەیەش وە ئاژدەهاك دەچێ، كەوابوو بۆ ئیختوویگۆی پێ نەكەنە زەححاكی خوێنرێژ؟ و كاوەی كوردیشی پێ نەكەن بەخائینی كورد؟

دووەم - ڕاشكاوانە كووروٚش بە كەیخەسرەو ناودەبا، وەها كە تەنانەت لە مێژوونووسێكی دەمارگرژی كووروٚش پەرستی وەک ذەبیح الله مەنسووریش وەپێش دەكەوێتەوە. نووسەرە فارسەكە، كاتێک ناوی كووروٚش دەباو دەیەوێ بیكا بە كەیخەسرەو ئاوا ڕاست و ڕەوان نایڵێ و لانی كەم ئەوەندە ئینسافی تێدا دێڵێتەوە كە بڵێ: (كووروٚش یا بڵێین كەیخەسرەو). سەیرتر ئەوەیە كە محەمەد ئەمین زەكی بەگ، لە لاپەڕەی ٩٦ی كتێبەكەشیدا دەڵێ: (... لە سەردەمی ئاژیدەهاک، دوایین پادشای ماد، ئەو حكوومەتە لە ساڵی (٥٥٠ی پ.ز) بەدەستی سیرووس یا كەیخەسرەوی مەزنی پارسی لەناوچوو. پاش ڕووخانی حكوومەتی ماد، تەواوی سەرزەمینەكانی كوردستان لەگەڵ بەشەكانی تری بەردەستی مادەكان كەوتنە بەردەستی فەرمانڕەوایانی هەخامەنشی كەیان...) بەڵام دوایە لە لاپەڕەی ٣٠٤ی كتێبەكەی دیوسیس یا دیاكۆی كردووەتە كەیقوباد. بەو واتایە تەنانەت ئەگەر ڕاستیش بێ، دەبێ كەیانییان ماد بن. ئەدی هەخامەنشی و ماد كە دوو نەتەوەی جیان، چۆن دەتوانن هەردووكیان كەیانی بن؟ ئەوە و ژمارەیەكی تر هەڵەی مێژوویی نیشان دەدەن كە كتێبی لەو بابەتە، لەسەر مێژووی كوردستان، دەبێ چەندە لە ڕاستی و وردبینی بەدوور بن، هەرچەند بەدەستی نووسەری كوردیش نووسراون، بەڵام لە تێكدانی مێژووی كورددا تەنانەت لە نەتەوەپەرستە توندڕۆیەكانی فارسیش وەپێش كەوتوونەوە.

جا بابزانین كووروٚش چۆن بووەتە كەیخەسرەو:

كتێبی (تاریخ دە هزار سالەء ایران) لە لاپەڕەی ٥١دا دەڵێ: (ئەو لێكۆڵەرەوانەی كە بنەماڵەی كەیانی و هەخامەنشی بەیەک دەزانن، لەسەر ئەو باوەڕەن كە كەیخەسرەو هەر ئەو كووروٚشەی هەخامەنشییە، ئەو بیرەیان لەوەڕا بۆ پەیدا بووە كە

چیرۆکی ژیانی وان، ئەگەر بەتەواویش نا، لانی کەم تا ڕادەیەک وێک دەچێ:

١- دایکی هەردووکــان ئی نەتەوەی بێگانەن، واتە دایکی کــەیخــەســرەو کــچی ئەفراسیابی تووڕانی و دایکی کووڕۆش کچی پادشای ماد بووە.

٢- هەردووک پادشــا دوور لە باوکــیــان گــەورە دەبن: کــەیخــەســرەو لە دەرباری تووڕانییان و کووڕۆش لە دەرباری مادەکاندا.

٣- کــەیخــەســرەو پاش شــەڕی پەیتاپەیتا تووڕانیــیەکان لە ئێران وەدەر دەنێ و کووڕۆشیش پاش چەند ساڵ شەڕ لەگەڵ سەکاکان، ئەوان لە ئێران دەر دەکا و سنووری ئێران دەگەیێنێتە سەیحوون و لە لێوار ئەو چۆمە شارێک بەناوی کووڕۆش ساز دەکا.

٤- هەروەک چۆنیــەتی کوژرانی کــەیخەسرەومــان لێ ڕوون نیــیە، ئاگەدارییــەکی تەواویشمان لەسەر مردنی کووڕۆش نییە و مێژوونووسان لەسەری کۆک نین.

٥- ئاوەز و زانایی و دادگەریی کەیخەسرەو لەگەڵ ئاقڵ و تەگبیر و لاواز لاواندنەوەی کووڕۆش وێک دەچن.

ئایا هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی شتێک لەوەی بێ ناوەڕۆکتر دەبێ؟

– هەرچەند دایکی هەرتکان لە نەتەوەی باوکــیــان نەبوون، بەڵام وەک یەک حیسابکردنی مادەکان کە خاوەنی ڕاستەقینەی ئێران و دامەزرێنەری یەکەم پادشایی ئێران و بناغەدانەری فەرهەنگی ئێران بوون و بە فەرمانڕەوای هەموو ئێران – بە فارسەکانیشەوە – ناسراون نەک وەک داگیرکەر.

– دەستەڵاتی مادەکان بەسەر ئێراندا هەر ماوەیەکی کورتی وەک دوازدە ساڵەی ئەفراسیاب نەبووە، بەڵکو زۆر درێژەی کێشاوە و بەپێچەوانەی تووڕانییەکان هەر ئی زەمــانی پادشــایەک نەبووە بەڵکو چەندان پادشــای مــاد لە ئێــراندا (بەوڵاتی پارسەکانیشەوە) فەرمانڕەواییان کردووە.

– مادەکان واتە تایفەی دایکی کووڕۆش لە هەموو مێژوودا و بەوتەی هەموو مێژوونووسان بە ئێرانی ناسراون و هەرگیز ناوی داگیرکەریان لەسەر دانەنراوە، کەچی تووڕانییەکان تەنیا شایەکیان بۆ ماوەیەکی کورت ئێرانی داگیر کردووە و لەلایەن ئێرانییانیشەوە وەک داگیرکەر ڕەتێنراوە و دەرکراوە.

– هەڵسەنگاندنی مادەکانی دامەزرێنەری ئێران لەگەڵ تووڕانییەکان کە هەموو

کات بەدژی ئێران ناسراون دەلیلێکی ئەوەندە بێ ناوەرۆکە کە منداڵیش پێکەنینی پێی دێ. بەبێگانە ناسینی مادەکانیشم لەلایەن مێژوونووسانی لەو چەشنەی فارس لەلا سەیر نییە، هەروەک یەکەم جاریش نییە. کورد بەدرێژاییی مێژوو لە ئێراندا وەک بێگانە سەیری کراوە و وەک بێگانەش هەڵسوکەوتی دەگەڵدا کراوە. لەو بوارەدا ئەوەندە بەڵگەی مێژوویی هەن کە باسکردنیان لەو بەشەدا ناگونجێ و لە جێی خۆیدا دەچمە سەریان. بەڵام یەکێک لە نموونەکانی هەر ئەوەیە کە کووروش پاش ئەوەی بەهێزی خائینانی ناوخۆی ماد هاتە سەرکار و سەربەخۆیی کوردی خستە گۆڕەوە، هەرچەند نەیوێرا میرانی کورد لەسەر وڵاتەکانی خۆیان دانەنێتەوە، بەڵام هەروەک لە دواییدا دەیبینین، سەربەخۆییەکی نیوەچڵیشی لە ناوچەی خۆیاندا پێ ڕەوا نەدیتن و چاوەدێری پارسی لەسەر دانان. داریووشی هەخامەنشی بەوەش ڕانەوەستاو میرە مادەکانی هەر لێشخستن، وەک ئەو کارەی سەفەوی و قاجار و عوسمانی و ئاتاتورک، دەوری ٢٠٠٠ – ٢٥٠٠ ساڵ دواتر کردیان.

ڕاستە هەرتک پادشا دوور لە باوکیان گەورە دەبن، بەڵام شێوەی گەورەبوون و ڕەوتی ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە باوکیان ئەوەندە لێک دوورن کە وێکچواندنیان بە هیچ فێڵ و داتاشین و ڕاستە و پاستەکردنێک ناگونجێ:

– باوکی کووروش ئێرانی بووە و لە ماڵە خۆ و نیشتمانی خۆیدا (واتە وڵاتی پارس) بووەتە فەرمانڕەوا و پەنابەر نەبووەو لە باوکی خۆی نەتۆراوە و نەچووەتە پاڵ نەتەوەیەکی بێگانە، کەچی سیاوەشی باوکی کەیخەسرەو لە باوکی خۆی تۆراوە و پەنای بردووەتە بەر پادشای توران کە بێگانە و دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی ئێران و بەتەمای داگیرکردنی وڵاتی باوکی سیاوەش بووە.

– سیاوەشی باوکی کەیخەسرەو بەدەستی بابی دایکی و لە وڵاتێکی بێگانە دەستەڵاتی ناوچەیەکی دوور لە پارسی پێ ئەسپێردراوە.

– باوکی کووروش فەرمانڕەوای پارسیش بووە، نەک ئی شوێنێکی دوور لە نیشتمانی خۆی و تەنانەت بەیارمەتیی کوڕەکەی لە دژی خەزووری خۆی (پادشای ماد) پیلانی گێڕاوە....

– باوکی کەیخەسرەو بەدەستی خەزووری خۆی کوژراوە، بەڵام باوکی کووروش زیندوو بووە و کەس تەمای کوشتنێی تێدا نەبووە.

– کەیخەسرەو بوتخانەی بوتپەرستانی لە کەناری گۆلی چیچێست وێران کردووە،

ئەو وەک مەزداپەرستێک دژی چەندخوا پەرستی و بوتپەرستی بووە. کەچی کوورۆش دژایەتیی هیچ ئوولێکی نەدەکرد و نەک هەر بوتخانەی وێران نەدەکردن، بەڵکو بە وتەی مێژوونووسان تەنانەت هەر شوێنێکی دەگرت بوتخانەکانی بۆ دەپاراستن، تەنانەت بەدابی خۆیان نوێژیشی تێدا دەکردن و ئەگەر وێرانیش بووبان بۆی ئاوەدان دەکردنەوە.

– کەیخەسرەو ئی سەردەمی زەردەشت و پشتیوانی بووە، بەڵام کوورۆش زۆر دوای زەردەشت بووە و زەردەشتی هەر نەشدیوە.

– باوک و باپیری کوورۆش پادشای چووکە بوون کە هەر ناوچەی خۆیان ئەویش لەژێر دەستی پادشای گەورەتردا لەبەر دەستدا بووە و هیچکامیان دەستیان لە دوورتر لە ناوچەی خۆیان نەڕۆیشتووەو پادشای هەموو ئێران نەبوون، بەڵام کەیخەسرەو باب و باپیری بابیشی پادشای گەورە و سەربەخۆ و ئی هەموو ئێران بوون نەک هەر ئی ناوچەیەک.

– دەلیلی ۳و ٤ وە ئەوەندە لاوازن کە هەر بۆ ڕەدکردنەوەش نابن، بەهەزاران پادشای بەهێز لە دنیادا هەن کە دوژمنانیان لە وڵاتی خۆیان وەدەر ناوە و زۆرپێش کوورۆشیش هووەخشتەرەی پادشای ماد نەینەوای گرت و بەڵای ئاشوورییەکانی داگیرکەری بۆ هەمیشە لەسەر خەڵکی ئێران کەم کردەوە. ڕوون نەبوونی چۆنییەتی مردنی دوو کەسیش بەڵگەیەک نییە بۆ یەکبوونیان و خۆ بۆ وێکچوونی ڕەفتار و ئاوەزی دوو کەسیش کە پێوانەیەکی بەرچاو لە گۆڕێدا نییە و لە ئەندازە گرتن نایە، ئیدی هەر بۆ باسکردنیش نابێ.

پاشان نووسەری (تاریخ دە هزار سالە) هەر لەوێدا لە سەری دەڕواو دەڵێ: (نولدکە Noldeke بەڕاشکاوی دان بە حایشاندنی یەکبوونی هەخامەنشی و کەیانییان داناهێنێ و ڕەنگە بە هەڵسەنگاندنی ئەفراسیاب و ئاستیاک، کوورۆش و کەیخەسرەو و هارپاگووس و پیرانی وەیسە لە ڕاستیدا ویستبی پاساو بۆ حایشاندنەکانی هێرتێل (Hertel) و هێرتسفێلد (Hertzfeld) بێنێتەوە. بەڵام لێکۆڵینەوەکانی کریستێن سێن (Keristensen) و ڕەخنەکانی وی لەسەر هێرتێل و هێرتسفەلد تا ڕادەیەکی جێگەی پەسند حایشاندنی یەکبوونی کەیانییان و هەخامەنشییان ڕەد دەکاتەوە و ئەو دووانە بەتەواوی لێک جیا دەکاتەوە.

لەبیرم نییە لە کورد تیوی یا تلویزیۆنی کوردستاندا وتووێژیان لەگەڵ

مـامۆسـتـايەكى كوردى مێژوو دەكرد. هەندێك لە قسـەكانى دەرى دەخست ناوبراو ئەوەى زۆر كـەمى لەسـەر دەزانىٚ مـێژووى كـۆنە و تەنانەت لـە مێژووى سـەردەميش ئاگــەدارييــەكى لـە قــەدەر خــوێندەواريى خــۆى نيــيــە. ئەو كــابرايە ڕايەكى زۆر سـەيروسەمـەرەى هـەبوو. پێى وابـوو كاوە چونكە لە ئيسفـەهان بووە كورد نييە. ئەو مێژوو زانە هـەر نازانىٚ كە ئيسفـەهان لە زەمانى حكوومەتى مـادەكاندا سنوورى لاى خـوارووى ولآتى مـاد بووە ئێسـتـاش هەر لـە شـوێنێكى زۆر نيـزيك لە ئيسـفـەهان شـارێك بە ناوى شـارى كـورد (شـهر كـرد) هەيە، كە دوايە لە جـێى خۆيدا باسـى دەكەم، ئەگـەر واشى دانێين كە ئيـسفـەهان لەسـەر خـاكى مـاد نەبووبىٚ، ئەوەندە لە كوردسـتـان نيزيك بووە كە وەستايەكى دەست ڕەنگينى كورد كە كـاوە بىٚ بەهـاسـانى بگونجـىٚ بچىٚ لەوىٚ پـيـشـەكـەى خـۆى بخـاتـە خـزمـەتى خـەڵكى و ئەوەش كـاوە لە كوردبوونى ناشـواتەوە. تازە ئەو سـەر چاوانەى بـاسى بوونى كاوە لە ئيسفـەهانيش دەكەن، دەڵێن كـاوە ئاسنگەرێكى خـەڵكى يەكێك لە گـوندەكانى دەورى ئيسـفـەهان بووە نەك ئـى شـارەكـە. عـەبدولعـەزيمى ڕەزايى لە كـتـێـبى (تاريخ دە هزار سـالە ايران)دا لە زمـان تـەبەرى ڕا دەڵىٚ: (... لەو كـاتەدا لـە ئيـسـفـەهان پيـاوێك هـەبووە بەناوى كاوە، كە ئاسنگەر بوو و لە گوندێك دەژيا...).

ئەو مـامۆسـتا كوردەى مێژوو ئەفسـانە وەك بناغـەى مێژووى كۆن ڕەد دەكاتەوە و دەليلەكـەش بەوە دێنێـتـەوە كـە هۆشـەنگ ١٠٠٠ سـاڵ پاشـايەتيى كردووە و مـرۆڤ ناتوانىٚ هـەزار سـاڵ بژى. لەوە ئاگـەدار نيـيە كە زۆرجـار كاتێك باسـى ١٠٠٠ سـاڵ دەسـتـەڵآتى هۆشـەنگ يا زەحـحـاك و... دێتـە گـۆڕىٚ، ئەو مـاوە دوور و درێژە ناتوانىٚ تەمــەنى كـەسـێك بىٚ بـەڵآم زۆر وێدەچىٚ نوێنەرى چاخـێكى دوور و درێژى خـۆشـى (وەك هۆشــەنگ كـە دەتوانىٚ دەورانى دەسـتـەڵآتى گـووتيـيـەكـان بىٚ) يا سـتـەم و خـوێنڕێژى (وەك زەحـحـاك كە زۆرتر وە زەمـانى دەسـتـەڵآتى ئاشوورييـەكان دەچىٚ). ئەگـەر ئەوەى وەبەرچاو بگرين كـە زۆر لە گـەلان مـێـژووى دێرينى خـۆيان هـەر لەو چيرۆك و ئەفسانانە ساغ كردووەتەوە و تەنانـەت ئەگەر سەرنج بدەينە نووسراوەكانى مـێـژوونووسـانى كـۆنى وەك هێـرۆدۆتيش- كـە بەباوكى مـێـژوو ناسـراوە- يا ئەو بەردەنووسـانەى كـراون بە بناغـەى مـێژووش دنيـايەك ئەفـسـانە و شـتـى بەدوور لە ئاوەزيان تێدا دەبينينەوە. نەك هـەر ئەوانەى زۆر كـۆنى وەك هێـرۆدۆت و كـەتزياس و..... كە ئى نيزيك بە ٢٥ سەدە پێش ئێسـتـان، بەڵكو تەنانەت لە (تاريخ عـالم آراى

صفوی ص١٠٣ – ١٠٨) که ئێرانییەکان شانازیشی پێوە دەکەن، نووسراوەکەی پڕە لە ئەفسانە و شتی سەیروسەمەرە وەک ئەوەی دەڵێ: (کاتێک لەشکری شا عەبباس لە ڕەێینانی باریک بەگی فەرمانداری بەغدادا لە زێیەیان دا و هەموو بەساغی پەڕینەوە هەریەکێک نەبێ کە ئاو بردی، شا عەبباس کوتی ئەوە لەمە نییە دەنا ئاو نەیدەبرد، بیگرنەوە بزانن کێیە، کە کابرای لە ئاوێ دەگرنەوە دەبینن کلکی هەیە، دەردەکەوێ لە کوردانی یێزیدیی گەڵ لەشکری باریک بەگ بووە کە نەیتوانیوە لەگەڵ وان دەرباز بێ بۆیە خۆی دەناو لەشکرەکەیاندا شاردووەتەوە...) خۆ ئەوە هەر ئی ٥ سەدە پێش ئێستایە و ئێرانییەکانیش بەشانازییەوە بەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی مێژووی سەفەویی دەزانن. کەوابوو ئەگەر ئەفسانە وەک سەرچاوەیەکی مێژووی کۆن وەلانێین، چمان بۆ دەمێنێتەوە؟ لە جێی خۆیدا وردتر دەچمەوە سەر ئەو باسە بۆیە لێرەدا بەکورتی دەیبڕمەوە.

مرۆی وریا بەچاو پێداخشاندنێک بەنووسراوەی مێژوونووسانی فارس و یا لایەنگرانیان دەتوانێ لێیان لە هەڵلا دا و ئی بن بەرەیان لێ بێنێتە سەر بەرەی. بۆ وێنە هێرۆدۆت بەئاشکرا دەری دەخا کە ڕوانگەی لەسەر مادەکان باش نەبووە و زۆرتر کەوتووەتە ژێر کارتێکردنی پارسەکان، کاتێک باسی دیاکۆ دەکا و دەڵێ: یەکێک لە کەسانی بەئاوەزی ماد بەناوی دیۆکێس (Deiokes) کوڕی فرووەرتێش (Phruortesh)هەوای بەدەستەوەگرتنی دەستەڵات و پادشایەتیی کەوتە سەری. جا بۆ دابینکردنی هەستی مەزنیخوازیی خۆی گەلاڵەی داڕشتن.... ئەو کە لەلایەکەوە باوەڕی بەدادپەروەری بوو و لەلایەکیشەوە خوازیاری دەستەڵات بوو،... (تاریخ دە هزار سالە ایران، عبدالعظیم رضائی، ص١٥٤) ئەوە لە کاتێکدایە کە ناوبراو خەیانەتی کووڕۆشی هەخامەنشی بەباپیری بەهێنانەوەی ئەفسانەیەک پاساو دەداتەوە و باسی مەزنیخوازی و دەستەڵاتخوازیی کووڕۆش ناکا، کە چۆن لەسەر ئەوەی پوورزاکەی بۆ جێنشینیی ئیختۆویگۆ دیاری کرا، ئالای یاخیبوونی هەڵداو تەنانەت پێتەختیشی تالان کرد و کێشایەوە شاری باوکی. یا هەر ئەو کتێبە لە لاپەڕەی ١٥٥یدا ئاوا سەربەخۆیی خوازیی فرەوەرتیش لێک دەداتەوە: (... بەڵام پاش ماوەیەک لە ئاکامی لەخۆ باییبوونی بەهۆی زاڵبوونی بەسەر پارسەکاندا و پێکهاتنی لەگەڵ کیمێرییان و مانتائییان، بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر ئاشوور و وڵاتەکەی بەتەواوی سەربەخۆ بکات و...)

له زۆر نووسراوەی مێژووییدا باس دەکرێ کە مادەکان ئاسەوارێکیان بە نووسراوە لێ بەجێ نەماوە بۆیە مێژوویان زۆر ڕوون نییە، کە ئەگەر لێی وردبینەوە، بەزۆر هۆ ئەوەش جێگەی گومانە، چونکە هەروەک لە جێگەی خۆیدا باسی دەکەین، ئەوان کە پێش پارسەکان خەت و خوێندەوارییان لە وڵاتی ئاریادا برەو پێداو گرینگییەکی زۆریان دایە خوێندن و خوێندەواری، چۆن دەکرێ لە خۆ ناساندنیان بە نووسراوە ئەوەندەی پارسەکانیان پێ نەکرابێ و یا لە گەلانی دراوسێ پەند وەرنەگرن و بۆ نەوەکەیان نەنووسن کە چییان کردووە. تۆ بڵێی هەخامەنشییان کە بەرەبەرە دەستەڵاتی مادەکانیان کەم کردەوە، ئاسەوارەکانیشیان نەسڕیبنەوە؟ ئەوانە و زۆر بابەتی تر لە بەردەم مێژوونووسی کورددان کە نەوەی کوردیان لێ تێ بگەیێنێ.

بۆیە قۆڵم لێ هەڵماڵی کە بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێم و تا دەکرێ بەبەڵگەی روونی مێژوویی ڕاستییەکان ڕوونکەمەوە. کێشەی گەورەی من لەو بوارەدا دوور بوون لە وڵات و سەرچاوە بوو. زمانی ئینگلیزیم ئەوەندە باش نەبوو کە بچمە ناو سەرچاوە مێژووییەکانی دەرەوە هەرچەند ئەوانیش بەداخەوە بۆ پێگەیشتن بە ڕاستییەکان زۆر لاوازن. ئەوان هەموو شتەکانیان لە وڵاتانی بەردەستی داگیرکەرانی کوردستان وەدەست کەوتووە، هەموویان لە زمانی نەیارانی کورد بیستووە، بناغەی مانا لێدانەوە و تێگەیشتنیان بەجێگەی ئەوەی زمانی کوردی بێ و لەو زمانە کەڵک وەرگرن کە لە زمانی ئاوێستا و ماد و پەهلەوی و بەگشتی باپیرانی کورد نیزیکترە، بۆ خوێندنەوەی بەڵگەنامەکانی کۆنی مێژوویی، پەنایان بردووەتە بەر زمانە نامۆیەکانی تری ناوچەکە. بێجگە لەوەش زۆرتر سەرنج دراوەتە ئاسەواری مێژوویی دەرەوەی کوردستان و زۆر کەم لێکۆڵینەوە لەسەر ئی ناوچەی کوردەواری کراوە.

عەبدوڵا ئیبراهیمی
٢٠١٢/٧/٢

بەشی یەکەم

# کورد کێیە

لەبەرئەوەی بەداخـەوە تائێستـا لێکۆڵینـەوەیەکی کۆنینەناسیـی تەواو لە کـوردستـان نەکراوە و یا باشتر بڵێم، داگیرکەرانی کوردستان نەیانویستووە گرینگیی پێ بدەن، بەتەواوی ڕوون نییـە لە چ کاتێکەوە ئەو ناوەی ئێستـا کەوتووەتە سـەر گەلی کـورد. لەسـەر ناوی کورد و کاتی پەیدابوونیشـی لە گۆڕەپانی مێژووی کوردستاندا بەداخەوە بەڵگەیەکمـان لە کەسانێکەوە بەدەستـەوە نییە کـە توانیبیان ناوەکە بەدروستی و وەک خـۆی بڵێن. ئەوەی تـا ئێستـا کەوتووەتە بەردەست زۆربـەی ئی گەلانی نەکوردی وەک یۆنانیـیـان و ڕۆمـیـیـان و ئەرمـەنـیـیـان بووە، کـە لەبەر تایبـەتمەندیی زمـانیـی خـۆیان وشـەکەیان بە دروستی و وەک خـۆی بۆ نەهـاتووە، کە پاشـان وردتر دەچمەوە سـەریان.

گـرینگترینی ئـەو گەلانەی پێکهـاتەی کـوردی ئەوڕۆیان بە تێکەڵاوبوون و دەناویەکدا توانەوەیان، لێ وەدی هـاتووە، بەو ناوانە لە بەڵگە مێژووییەکاندا هـاتوون:

(لوولوو Lullu یا لـوولووبیـــوومــــەکـــان Lulubums)، (گـــووتیـــیـــەکـــان Guties)، (کـاسیـتـەکـان (Kassites)، (سـووبارییـان Subaries)، (مـادەکـان Mades)، (نـایرییـان Nayries)، (کـاردووخـۆیەکـان Karduchoiesیا کـاردۆکـەکـان)، (کـورتـی Kurtie)یان، کوردووئێنەکان، میتانییان و ئوممان مانداکان (Umman Manda).

ئوممان مـانداکـانیش پاش دامـەزرانیـان لە لێواری ڕۆهـەڵاتی دەریای ڕەش، لەگـەڵ مـادەکان و سـیـتەکـان (Cythians) تێکەڵ بوونەوە و بوونە گـەلێک. بەشـێکی بچـووکی ئەوانە چوونە ڕۆئاوای کوردسـتـان و حکوومـەتی مـیـتـانییـان پێکهێنا کە ناوەندەکـەی لەسـەر لێواری چۆمـی خـاپوور بوو، (ئەمـاردی یا ئەمـەردی)ش هـۆزێکی ترن لە کـورد کە سـترابـۆن بوونیـانی لەگـەڵ کورتییـان لە شـوێنە جـۆرەوجـۆرەکـانی ئێران (ئاریانا (Aryana یا ســەرزەمـــینی ئاریاکــان، بـاس کــردووە و بە ئی ڕەگــەزێکی زانیــون و سـەرەنجام کیمـەرییـان و پاشـانیش عیـلامـییـان. لەناو ئـەوانەی لەسـەرەوەدا ناویان بران، عیـلامـییـەکان بێگومـان لە ڕەگـەزی ئەوانی تر نەبوون، بـەڵام پاش پێداچوونی فەرمـانڕەوایی و کـوشتـارە بـەکۆمـەڵەکە و سڕانەوەی شارسـتانییـەتەکەیان بەدەسـتی

ئاشـوور، پاشـمـاوەکانـی ئەوانیش تێکەڵاوی گەلانـی کوردسـتـان بوون و لەناویاندا توانەوە.

بەردەنووسی مالامیری بەختیاری لە ڕاستیدا چارەسەری زۆر کێشە دەکا و بێجگە لە نیـشـاندانی یەکبـوونی کـووتوو و کـووسـوو، لە کـووتووان بوونی هـۆزی گرینگی ئەمـاردیش دەسـەلمێنێ. ئەو بـەردەنووسـە نـاوی پادشـاکـەیان بە (ئەن دەکری کـوڕی سترگێت) دەبا کە ناوی هۆزێکی ماد (ئێستێرگێت یا ئێسترووخات) بووە.

کتێبی "کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او" دەنووسێ: (هـۆزی ئەمەرد یا مارد لە یارانی کوورۆشی گەورە بوون و ئەو خێڵە بەباپیری کوردەکان و لوڕەکان دەزانرێن کـە بەشـێکیـان لە فـارس بوون و هەن) بەوە و بەرچاوگرتنی بەردەنووسی مـالامیـر دەکـرێ بڵـێین کـوورۆش لەگـەڵ واندا نیـزیکایەتیی هـەبووە. (سـتـرابـۆن) لە زاری ئاراتێستێن ڕا دەگێڕیتـەوە کـە لە فـارس هـەندێک هـۆز نیشـتەجێن وەک کـورد، وەک مەرد، وەک مەجووس،...، کە دەبێ مەبەستی لە مەجووس، موغەکان بن.

(هێـرۆدۆت) لـەنێـو لەشکری (ئێکسـێـرسـێس xerces) لەشـکری کـورد بـەناوی ئالاردیین ، و "ساسپری ین" ناو دەبا. لە باکوری (ئەرزەڕۆم) و سنووری (ترابزوون)ی ئێستا شـارێکی کۆن هەیە بەناوی (ئەسپیر)، خـەڵکی ئەو شـوێنە هـەرچەندە زمـانی کـوردییـان لـەبیر چووەتەوە و بەتورکی دەئاخـافن، دیسـان بەخـۆیان دەڵێن "کـوردی ئەسپیر".

ڕۆهەڵاتناس (رایسک) لە (انسیکلوپدی اسلام)دا دەڵێ: (خـالدی، کوردی، کورتی، الکردی لەگەڵ کوردەکان) لەناودا هاوبەشن. ڕۆهەڵاتناس (دراور)یش دەڵێ: (کاردا، کارتووخی، کورتووخی، غوردی، کارداک، سیرتی، -کورتی - غوردیای، غوردووئەتی، کـاردا، کارداویە، کاردایە، کـارتاوایە لـەگەڵ کـورد یا هـەمـوویان پێکەوە یەکـێکن). خـێڵی گەورەی "مـیلان"ی کورد، خـۆیان بەخـالدی دەزانن و چونکە ئاگایان لە مێژوو نییە پێیانوایە لە تۆرەمـەی (خالید بن وەلید)ن. لە حاڵێکدا ئەگەر خالدی بن دەبێ لە خـالدییـەکانی ئارارات بن. هەروەهـا بنەماڵەی (جەلیل بەدرخان)ی میـری بۆتانیش لەوانن.

(گـــووتیـــیـــەکــان) لە دەریای ڕەشـــەوە بگرە تا بـاکـــوری (عـــیــلام) ناوچە کوێستانییەکانیان داگیر کردبوو و هەر هۆزە یا چەند هۆزێکیان پادشایەتییەکی

سەربەخۆیان پێک دێنا. هەر کات یەکێک لە هۆزەکان دەستەڵاتی زۆری وەدەست دێنا ئەوانی تری دەخستە ژێر فەرمان یا ڕەگەڵ خۆی دەخستن و زۆر جاران لە سنووری نەتەوەیی خۆ دەردەچوون و خاکی گەلانی تریشیان داگیر دەکرد. بەپێی لێهاتوویی و پێکراویی پادشاکەیان لە بەیتەکاندا ناوی شای شایانیان لێ دەنراو دەکەوتە ناو سرووده نەتەوەییەکانیان. کەواتە ناوی شاهەنشاهیش هەر پارسەکان لە مادیان وەرگرتووە و بە لە هەخامەنشییان، هەر شوێنە شای خۆی هەبووە و شا چکۆلەکان لەبەر فەرمانی شای گەورەی ماددا بوون. هەخامەنشییان لە ڕاستیدا بەدانانی ساتراپەکان نیزامی شاهەنشاهییان لە ناوەڕۆکی خۆی بەتاڵ کرد و هەر بەڕواڵەت بۆ بەخۆهەڵکوتن ئەو ناوەیان دەکار کرد. ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە چوارچێوەی کۆمەڵی "کورتییەکان" لە "کورت، نایری، کووسی، ئەماردی" پێکهاتبوو. بۆیە لە بەیتەکانی خۆیاندا جیاوازییەکیان لە نێواندا دانەناون و هەموویان وەک یەک بە شای خۆیان زانیون. کەواتە ڕاستە بڵێین کە (ئاراراتییەکان) بەشی باکوری (کارداکان) بوونە.

(میتانییان) هەندێک جار بە (میتلانی)ش ناوبراون. لەوانەیە میلانی لە (میتلانی) ڕا هاتبێ. نیشتمانی سەرەکیی (میلانییەکان) لە دەوری (دیاربەکر) واتە نیشتمانی میتانییەکان بووە، کەوابوو دەبێ (میتانی و خالدی)یەک بن.

(میتانییەکان) لە لێوارەکانی (دەریای ڕەش) ڕا سەراوژێر بووبوونەوە. لە سەردەمی (بیزانس) ئیمپەراتۆری ڕۆمدا لە لێواری (دەریای ڕەش) شوێنێک بەناوی (خالدی) هەبوو. لە ناوچەی (قەفقازیش) ئەو ناوە دیتراوە. هەمووی ئەو باسە پێوەندیی ڕەگەزیی هۆزەکانی (خالدی، نایری، میتانی، سووباری، مووشکی و لەسەرووی هەمووان گووتی و کورتی) و یەکبوونیان دەسەلمێنی.

ڕەشیدی یاسەمی لە کتێبی (کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او) لە لاپەڕەی ١١٤ دەنووسێ: لە کتێبی (التنبیه والاشراف)ی مەسعوودی کە بەپێی لێکۆڵینەوەی لێزانان بەشی پێوەندیدار بە ئێرانەکەی لەڕووی سەرچاوەکانی گشتیی (ساسانی) نووسراوە زنجیرە باپیرانێکی بۆ کوردان هێناوەتەوە کە بەگومانی بەهێز لە ئاسەواری پەهلەوی وەرگیراوە. مەسعوودی لەو کتێبەدا هۆزەکانی کورد ناودەبا و دەیانباتەوە سەر نەسلی کورد کوڕی ئیسفەندیار کوڕی مەنووچێهری پێشدادی. ئەو ڕوونکردنەوە و لێکۆڵینەوانەی لەو کتێبەدا نووسراون، دەسەلمێنن کە کورد لە

تۆرەمـــەی شــایانـی ئێــران نـەبووە، بەڵکو ئەو شــایـانە لە تـۆرەمــەیی کــورد بوون و هۆزەکانیان پاشان ناوی کوردیان بەخۆوە گرتووە.

بەپێی نووســراوەکـانی (ئاســوور) کـە لـەســەر خـشت دیتـراونـەوە لە ســەردەمی (سناخریپ) تیرەیەک بەناوی (پێرسواس) کە (پارس) بوون، لە (عێلام) نیشتەجێ بوونە. (سەلمانە سەر) لە سەرکەوتنی خۆیدا ئاماژە بە کەسێکی (پارسووئا) دەکا کە لەنیزیک تیرەی (پێرسواس) نیشتەجێ بووە. لە سەردەمێکدا کە (ئاسووری)یەکان بوونی (پێرسواس) لە (ڕۆهەڵاتی) (عیلام) ڕادەگەیێنن، (ئامادای) و (پارسووئا)ش لە ڕۆئاواو باشووری ڕۆئاوای گۆلی ورمێ نیشان دەدەن. هووەخشتەرە پادشای ماد لە باشووری پارس (پارسوومیش)ی گرت کە دەدەستی ئاسوورییەکاندا بوو. بەوەیڕا دەردەکەوێ کە (پارسوومیش) و (پارسواس)ەکانی باشوور یەکن.

شاری پیرانشار لە باشووری ڕۆئاوای ورمێ لەسەر سنووری دەستکردن ئێران و عێـراق، بەشـێک بووە لە پارسـووئا. ئەو شـارە کـە سـەروە پارێزگای ئازەربایجـانی ڕۆئـاوای ئێـــرانـە، پڕە لە ئـاســـەواری کـــۆنی نـەپارێزراو و ســـــەرنج ڕاکێشی پێنـەدراو و لێنەکۆڵدراوەی مێژووی کۆنی کوردستان. ئاسەواری ئەو شارە کە دەکرێ بۆ مێژووی کـوردســتـان زۆر بـەکـەڵک بن، خـەریکە لەناودەچن. گـەورەترین گـوندی ئەو شـــارە پەسوێیە کە بێگومان ناوەکەی سواوی ناوی (پارسووئایە)، دەنا ناوەکەی لە زمانی ناوچەدا واتایەکی تر نادا. ئەو گوندە بەوتەی خـەڵکی ناوچە، لـە ســەردەمی کـۆندا شـارێکی گەورە بووە. ئەمن لە ساڵی ١٩٦٩ی زایـنی، ئەرکێکی میـریم لەو گوندە پی ئەسپێردرابوو. لەو کاتەدا جادەی نێوان پیرانشار و مەهابادیان بەلای مەیدانێدا لێ دەدا. دەمـــدی نووکی بوولدووزێران بۆ خـــۆشکردنی ڕێگەکـــە، چۆن ئەو هـەمـــوو تەندوورەیان لە باسکی جینگجینگەی پشتی پەسوێ هەڵدڕهەڵدڕ دەکرد. ئەو شـوێنە کە بەبیری هیچ کەس لە ناوچەکە ئاوەدانی نەبووە، کەوتووەتە پشتی دێ و تەنانەت نێوانێکی بەرچاویشی لەگەڵیدا هەیەو زەویی کشـتوکاڵی بووە. ئەو تـەندوورانە کە هەندێکیـان ڕاست بەتەنیشت یەکـەوە بوون، دەیانســەلماند، کـە دەبێ کـارگـەی پیشـەسازیی کـۆن بووبن، نەک تەندووری نانکردن. گردێکی بەرزی تـوورەکـە ڕێژ لە ناوەندی گوندەکەیە کە ماڵە ئاغای لەسەر بوو و قەڵاتیان پێ دەگوت. لە دەوری ئەو قـەڵاتە زۆر گـونجـەی ســواڵەتی کـۆن بەباران لەژێر گـڵـی شـۆراوەوەی گـردەکـە وەدەرکەوتبوون، کە نیشـانیـان دەدا سەردەمێک بۆ ڕاگوێستنی ئاو تێگیرابوون.

سەیرتر لەوەش (کانیی زنجیرچی) بوو کە خەڵکی گوند بۆ ئاوی خواردنەوە و شرتوشۆ کەلکیان لێ وەردەگرت. ئاوێکی خۆش و زۆری هەبوو. پاشان فەرمانگەی تەندروستی ویستی ئەو کانییە بۆ خەڵک خاوێن کاتەوە و سەری داپۆشێ و لوولەی تێ گرێ. هەندێک لە سەرچاوەکەیان داوە کە خاوێنی کەنەوە، بەڵام بۆیان دەرکەوت کە ئەو ئاوە لە نیزیک بە ٥ کیلۆمەتری دووری دێ ڕا بەکاناڵی سەرداپۆشراوی بەشێوەی شۆرباوڕێژ ڕاکێشراوەتە وێ. خەڵک دەیانگێڕایەوە کە لە سەردەمی زۆر کۆندا کە پەسوێ شارێکی گەورە بووە، ئەو کانییە لەنێو شوورەی زیندانی شارەکەدا بووە. شێوەی شۆرباوڕێژ شێوەیەکی زۆر کۆنی ڕاگوێستنی ئاوی خاوێن بووە. لەو شێوەکارەدا پاش چاکردنی ڕێڕەوی ئاوەکە بە بەرد و قوڕە سوور، سەریان داپۆشیوە و پیویان قاڵ کردووەتەوە و دەگەڵ ئاوی کوڵیویان تێکەڵ کردووە و ئەو شۆرباوەیان بە سەرێکیدا تێ کردووە تا توێژێکی پیوەکە بە هەموو لای ڕەهەندی ئاوەکەدا مەییوە. ئاوا لوولەیەکی خاوێنیان بۆ ئاوڕاگوێستن ساز کردووە، کە نە ئاوی داداوە و نە خرتوخاڵی بەدیوارەکانەوە گیربووە و لوولەکە بۆ هەمیشە بەخاوێنی ماوەتەوە. زۆر ئاسەواری تریشم هەر لەو گوندە لەو شوێنانە کە تازە دەکرانە خانوو دەدیتن کە نیشانیان دەدا لەو شارە کۆنەدا کوورەی پیشەسازی بوونە، بەبێ ئەوەی کەس بەمێژوویان بزانێ. بۆ وێنە باغێکی قەیسییان لە دەرەوەی گوند هەبوو کە ئی ئاغای بوو. هەرگیز هیچ کەس خانووبەرەی لەوێ نەدیبوو. مامم کە خەڵکی گوندەکەیە، بەشێک لەو باغەیان دابۆیە کە بۆ خۆی بیکاتە خانوو. ڕۆژێک لەلای ڕاوەستابووم کە خەندەکی بۆ خانوو لێ دەدا . لە شوێنی خەندەکەکە شەش تەندووری چووکی پێکەوە نووساو وەدەرکەوتن. مامم خێراو بە وریاییەوە خاوێنی کردنەوە کە بزانێ چییان تێدایە. هەموو هەر گڵیان تێدابوو، بەڵام لە بنی یەکێک لە تەندوورەکاندا بەردە هەسانێکی دیتەوە. بەپێکەنینەوە کوتی: (زۆر لەسەر بەردە هەسان مەحتەل بووم، ئەویش خوا گەیاندی.)

ئەوەندەم هەر بۆیە کوت تا لەلایەکەوە بەگرینگی نەدانی داگیرکەران بەئاسەواری کوردستان بزانن و لەلایەکی تریشەوە بزانن کە ئەو ناوچەیە لە کوردستان لە سەردەمی کۆندا چەند پێشکەوتوو بووە، بۆ وێنە لە سەردەمێکدا ئاوی لوولەکێشیی هەبووە کە زۆر گەلان هەرنەشیان دیوەو لایەنی سێیەمیش ئەوەی کە ناوی پەسوێ دەسەلمێنێ ئەو ناوچەیە بەشێک بووە لە پارسووئا و پارسووئاش بەشێکی کوردستان

بووە. لە شوێنی خۆیدا دیسان دەچمەوە سەر باسی ئەو بابەتە.

بەشێک لەو سوارە شەڕکەرە ئارییاییانەی لە کۆچی سەرەتای هەزارەی دووەمی (پ.ز)، بۆ لای کێوەکانی زاگرۆس لە ناوچە باشوورییەکانی کاروانەڕێی نێوان بابل و بانووی ناوەندیی ئاریان وەڕێ کەوتن، سەرەتا وەک کەمایەتییەکی بەکار و بەخێوکەری ئەسپ بوونەو دوایەش تێکەڵاوی زۆرینەی کاسیتەکانی نیشتەجێی وێ بوونەو لەناویاندا تواونەوە و گەلێکی نوێیان لێ پێکهاتووە. بەشێکیش پاش گەڕان بەدەوری باکوری دەریای کاسپیدا بوونە دوو بەش. بەشێکیان ڕۆیشتنە هیند و بەشێکیشیان بۆ لای باکوری ئێران و باشووری دەریای کاسپی چوون.

(دوکتۆر سپایزێر) لە لاپەڕەی ١١٧ی کتێبی (اقوام میزوپوتامیا)دا دەڵێ: (ئەو هۆز و خێڵانەی ئەوڕۆ لەژێر ناوی کورد هەن، هیچ کاتێکی بەقەرا ئەوڕۆ جۆرەوجۆر نەبوونە. ئەوانە چ لە بواری زمان و چ لە بواری داوونەریتەوە جیاوازیگەلێکیان هەیە، وەها کە کوردێکی بادینانی نەتوانێ بەهاسانی لەگەڵ کوردێکی سلێمانی بدوێ. لەلایەکیشەوە بەپێی مێژووی سروشتی، لەنێو کوردانی ئێستادا لە ڕەگەزی ئەرمەنی و سامی و ئاریایی هەن، کەوا بوو ناتوانین بڵێین کوردان هەر ڕیشەیەکی ڕەگەزییان هەیە).

ڕاستبوونی ئەو ڕوانگەیە لەسەر ڕەگ و ڕیشەی ڕەگەزیی کوردان، گومانی تێدا نییە. کوردیش وەک هەموو گەلانی تر تێکەڵاوی ڕەگەزەکانی تری ناوچەکەی بووە. بۆ وێنە ئەوڕۆ کوردێکی ئێگجار زۆر هەن کە خۆیان بە سەیید (عەولادی پێغەمبەر) دەزانن. ئەگەر ڕەچەڵەکی ئەو سەیدانە ڕاست بێ دەبێ لە نەوەی عەرەب بن کە بەتێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە بووبن بە کورد. ئەوە هەر بۆ کورد بەتەنێ نییە، بەڵکو، سەید لەنێو نەتەوەکانی تری موسڵمانیشدا هەن، وەک تورک و فارس و... و زۆریشیان ڕێز لێ دەگیرێ. یا دەکرێ باسی پارتەکان بکەین کە یەکێک بوون لە سێ نەتەوەی گرینگی ئاریایی بانووی (ئێران) کە لەنێو فارس و کورددا توانەوە و ئەوڕۆ هەر بەبیریشیاندا نایە کە کێ بوون. هەر کورد بەتەنێ نین کە ئاوا لە تێکەڵاو بوون و تێکدا توانەوەی چەند گەل پێکهاتوون. ئەوە لە پێکهاتن و پەرە ئەستاندنی گەلانی تریشدا ڕووی داوە. بۆ وێنە میسرییەکان کە قیبتی بوون، ئەوڕۆ نەک هەر زمانیان بووەتە عەرەبی، بەڵکو خۆشیان لە هەموو عەرەبان بەعەرەبتر دەزانن. دەرووزییەکانیش دەبینین کە ئەوڕۆ هەر ئاسەوارێکیان لە کوردبوون تێدا نەماوە و

بەتەواوی بوونە عـەرەب. یا با بڵێین عیلامییەکان کـە ڕۆژێک خـاوەنی دەسـتـەڵات و شارسـتانییـەتێکی گەورە بوون لە ناوچەی خۆیاندا، چییان لێ هات؟ یا سوومـەرییان و یا فارسـەکان کە بەشێکی زۆر لە پارتەکان و عیلامییەکان و کاسپییەکان و گەلانی تری ناوچەیـان دەناودا تواوەتەوە و ئەوڕۆ گـەلی فـارسـیـان لە ئێـران پێکهـێناوە و... کــەوا بوو ئەو تێکەڵاوبوون و لێکدرانـە بۆ هـەمــوو گــەلانی ســەر زەوی ئـاســایی و سروشتییە. گرینگ ئەوەیە داخوا کۆمـەڵێک لەو گەلانەی ئاوا تێکەڵاو بوون، خۆیان بە چ دەزانن یا خۆیان چۆن دەناسێنن؟

کاتێک لە زازایەک یا هەورامییـەک یا شـەبەکێک یا ئێزەدییەک یا کەسێکی بناری ئاگری یا فـەیلییـەکی لای خـانەقین یا مـەهابادی و سنەییـەک و یا جـەلالییـەکی لای مـاکۆ یا شکاکێکی لای ورمێ یا کورمـانجێکی قـامیشلی و یا کوردێکی بەردەسـتی تورکیا کە هـەر کوردیش نازانێ، دەپرسی کێی و لە وەڵامـدا بە شـانازییـەوە دەڵێت کوردم، ئەو هـەسـتکردن بە کوردبوونـە، یەکەتییـەک لەنێوان ڕۆڵەکانی گەلی کورددا پێک دێنێ کـە دەیانکاتـە یەک نەتەوە. گـرینگ ئـەوەیە کـە نـەتەوەی کـورد سـەرەڕای هـەمــوو ئەو گــوشــارانەی بـەدرێژایی مـێـژووی خـۆی لەســەری بوون و ئەو هـەمــوو حەولانەی لەلایـەن داگیرکـەرانی خاکەکەی بۆ توانەوەی دراون، خـۆی ڕاگرتووەو وەک نەتەوەیەکی خۆڕاگر و خەباتکار، لەنێو گەلانی زیندووی جیهاندا دەدرەوشێتەوە.

لەســەر گــۆڕانی نـاو و بنـەمــای وشــەی کــورد دەبێ ئەوە بڵــێـین کــە چونکە ئاسـەوارێکمـان لە ڕابردووی خـۆمـان، کـە ئـی باپیـرانمان بووبێ، بـۆ نەمـاوەتەوە یا باشـتر بڵێم نەکەوتووەتە دەسـتمـان، بەڕوونی ناتوانین هۆی ئەو گۆڕانە بزانین، بەڵام دەکــرێ هـۆیەکـی ئەوە بێ کــە ناوەکــان لە زمــانانی بێگانە وەرگـیــراون و بەهـۆی شـێوەگـۆتنی هـەر زمـانێک شـتێکی لێ کەم یا زیاد کراوەیا گـۆڕاوە. لە سـەرچاوە مێژووییەکانی کۆندا ناوی جۆرەوجۆر بۆ کورد تۆمارکراون، کە لەبەرئەوەی بەزمانی بێگانە بوون و ئەوانیش ناوەکانیـان بەشێوەی خۆیان کوتوون، کە سـاغکردنەوەکەی زۆر ئاستەمە.

ئەو ناوانەی لەسـەر کورد یا باشـتر بڵێم باپیـرانی کورد و ناوچەو شـارەکانی لە بەردەنووس و کـتێبی نووسـەران و بەردەنووسـەکانی دراوسێکان و یا داگیـرکەرانی کـوردسـتـاندا هـاتـوون، زۆر سـروشـتـییـە کـە لەبەر کـێشـەی زمـانەوانی و زاراوەی ســەرچـاوەکــان وەک خــۆیان نەهـاتبن و گـۆڕانـکاریـیــان تێـدا پێکهـاتبێ، بۆ وێنە

(زەردەشت) کە ناوە کۆنەکەی (زەرتوشتر) بووە، یۆنانییان لەبەر کێشەی زمان ناوەکەیان وەک خۆی بۆ نەهاتووەو کوتوویانە (زووروو‌ئاسترێس) هەر ئەوڕۆ عەرەب بەکوردان دەڵێن ئەکراد، کە ئەوەی لە عەرەبی نەزانێ زۆر ئاستەمە ئەو ناوە وەکورد بچوێنی، بۆیەش، هەروەک ئەکراد وە وشەیەکی عەرەبی دەچێ، کوردووئێنیش وە وشەیەکی سامی دەچێ و نابێ پێمان سەیر بێ کە لەو سەردەمیدا ناوێکی شێوە سامی بەکورد کوترابێ. تەنانەت زۆرجاران گەلانی تر هەندێک ناو بۆ هەندێک وڵات دادەنێن کە ئەگەر بە خەڵکی وڵاتەکەی بڵێی هەر ناشیناسنەوە. بۆ وێنە ئێرانییەکان بە (Austria) دەڵێن ئوتریش و عەرەبەکان دەڵێن نەمسا، کە زۆر لێک دوورن. کەوابوو زۆر سروشتییە ئەگەر ئەرمەنییەکان ناوی وڵاتی کوردانیان بە باشی بۆ نەهاتبێ، وە (کاردایان) چواندبی کە لە زمانی واندا واتە قارەمان. بەسەرنجدان بەوەش کە کورد لەو کاتیدا بەگەلێکی ئازا و شەڕکەر و بەناوبانگ ناسرابوون، دانانی ناوێکی ئاوا بۆیان بێجێ نەبووە. یا چونکە عەرەب پیتی (گ)یان نییە، لە کوتندا دەیگۆڕنەوە بە(غ)، بۆیەش بەگاز دەڵێن غاز و....، یا بۆ ناوی شاری (Veniza)ی ئیتالیا عەرەبەکان دەڵێن بوندوقییە و تورکەکان دەڵێن وەندیک. ئەو شێوە کوتنە شێوەکە وا دەگۆڕێ کە هیچی بەسەر ئەوەی سەرەکییەوە نییە. نموونەیەکی تر (کووروشە) کە (سیرووس)–یشی پێ دەڵێن و بۆ خۆشی لە بەردەنووسەکەیدا بەخۆی دەڵێ "کور–ئاس". ئەو (کور –ئاس)ە هەروەک دەبینین لە دوو بڕگەی (کور) واتە (کوڕ) کە وشەیەکی کوردییە و (ئاس) پێکهاتووە. بەبڕوای من ئەو ئاسەش لەوانەیە ڕەش بێ و کۆنینەناسانی پسپۆڕی خوێندنەوەی ڕێنووسە کۆنەکان، لە خوێندنەوەدا بەهەڵە وایان خوێندبێتەوە. یەکێک لە واتاکانی ڕەش لە کوردیدا گەورە و پیرۆز و ڕێزدارە. بۆ نموونە ئێزەدییەکان بە کتێبی پیرۆزیان دەڵێن (مەسحەفا ڕەش)، واتە پەڕتووکی (گەورە یا پیرۆز). ئێستا لەناو کورددا زۆر باوە کە بۆ ڕێز و خۆشەویستی نازناو یا ناوی کوڕی ڕەش لەسەر کوڕی زۆر خۆشەویست و هەڵبژاردە دادەنێن. بۆ نموونە نازناوی کوڕی قازی محەمەدی سەرۆک کۆماری مەهاباد (کوڕی ڕەش)ە. "کووروۆش"–ەکەی فارسەکانیش دەبێ هەر ئەو (کور– ڕەش) یا (کوڕی ڕەش)ە بێ کە ناوی ئەو پادشایە و باپیری بووە. ئەو ناوە کوردییەش بۆ ئەو پادشایەی هەخامەنشی سەیر نییە چونکە لەنێو پارسەکاندا ناوی مادی زۆر بوون و بەشێکی زۆری باپیرانی باوکیی کووروۆش – بۆ وێنە گەشتاسپ – ناوی مادییان هەبووە.

مامۆستا گیوی موکریانی لە پێشەکیی فەرهەنگی کوردستاندا دەڵێ: (خوورییان نیزیکەی هەزار ساڵێک دەسەڵاتدارێتییان لە وڵاتی کوردەواریی ئەمڕۆ (و) تا ڕادەیەکیش هەرێمانی دەوروبەریدا هەبووە، بەڵگەش بۆ ئەمە، کە کوردستانی ئەمڕۆ مەڵبەندی خوورییان بووە، ئەو شوێنانەن، کە لەنێو شوێنەواری نووسراودا هاتوون و فەرمانڕەوایەتییان تێدا کردووە و ئەمڕۆش هەرکورد نشینن...) خوور یا هوور هەر خۆری کوردیی ئەمڕۆیە واتە هەتاو، ئەو ناوە لەگەڵ ناوی میتراش یەک دەگرنەوە و لەناوی ئەو خوایەی کۆنی کوردستان ڕاهاتووە و دەکرێ بەنیشانەیەکی یەکبوونی خووری و میتانییانی دانێین.

پرۆفسۆر (سپایزێر) لە کتێبی گەلانی میزۆپۆتامیادا باسی ناوی گەلی هووری دەکا کە بە نۆ شێوە هاتووە: (هوور لیلی، هەدەرلائێن، هوورلوو، هووری، کورهوورووهە، هوورووهە، هاری، مووری، هووریت) و هەروەها باسی میتانی و بیتلانی (کە میسرییەکان بە "ناهاری" ناویان بردوون و کتێبی پیرۆزیش بە "نارام" و "ناهارام"، ناوی هێناون) یا گەلی لوولوو بە (لوولووبوو، لوولووبووم، لوولوومی، لوولووبی و نوولوو) ناوبراون، یا مێد بە (ماد، ئامادا، میدیا)و کاسای بە (کاسی و کاشوو و کووش) ناویان هاتووە. ناوی کوردیش ئاوا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بۆ باشتر تێگەیشتن، سەرنج بدەنە ئەو ناوانەی خوارەوە کە بەکورد کوتراون:

١- سۆمەری و ئەکەدی کوتوویانە: گووتی،

٢- ئاشووری و ئارامی کوتوویانە: گووتی، کووتی، کورتی، زکارتی، کارداک، کارداکا، کاردان، کاردۆ، کارکتان،

٣- ئێرانییەکان کوتوویانە: کورتیوی، سیرتی، کوردها،

٤- ڕۆمییەکان کوتوویانە: کاردووخووی، کاردووسووی، کاردووک، کاردوویکان. کۆردووخی، کۆردووکی،

٥- ئەرمەنی کوتوویانە: کورتیخ، کورچیخ، کوردووئێن،

٦- عەرەب کوتوویانە: باکاردا، جوردی، جوودی، کارتاویە، کاردووی، کورخی، کوردی، کەرخی،

٧- مێژووی ئەدەبی کورد لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ: (یۆنانی)یەکان هەموو دەم بەدانیشتووی وڵاتی(بۆتان) و (دوورگەی ابن عمر)یان دەکوت (کوردووخووی)،

گۆیا وشەی(خووی) بەلای ئەرمەنییانەوە بۆ (کۆ) بوو و وشەکە بەتەنیا (کوردو)ە.
بەپێی قسەی (مینوورسکی) لە ئینسیکلۆپیدیای ئیسلامدا مێژوونووسانی یۆنانی ئەو ناوەیان لە کابرایەکی ئەرمەنی بیستووە. لەو کاتەداکە (تیگرانی دووهەم)ی پادشای ئەرمەنستان لە سەدەی یەکەمی پ.ز. دا وڵاتی (کوردووخووی) گرت و پادشاکەی کوشت و...).

... وشەی کورد هەرئەو (کوردووک) و (کوردووئێن) و (کوردووخووی) یا (کاردووخووی)یە کە گەزەنفۆن و سترابوون تووشیان بوون: ئەوە ڕەوشتێکە لە کۆنەوە هاتووە و هەر گەلێک ویستبی ناوی گەل یا شوێنێکی تر بێنێ بەپێی زەوقی زمانەکەی خۆی ناوەکەی کوتووە... مێژوو ساغی کردووەتەوە کە مەبەست لەو هەموو وشانە گەلی (کورد) بووە، بەڵام لە وتنەکەیدا بەهەڵەداچوون).

وشەی (کورد) لە بناغەدا لە (گووت)ەوە هاتووە...لە دەوری پادشایەتیی (تووکولتی – نیراری) – پادشای ئاشوور – ناوی (گووت – گووتی) بووبە (کووت – کووتی) و (کورت – کورتی)... دیسان لەپێش ئیسلامدا بەکورد دەوترا (کورت)، بەتایبەتی لە (کارنامەی ئەردەشیری بابەکان)دا باسی جەنگی ئەردەشیر و کورد دەکا...).

خەڵکی کوێستانەکانی کوردستان لە هەزارەی سێیەمی پ.ز بریتیی بوون لە (عیلامی)یان، (کاسی)یان، (لوولووبی) یان، (گووتی)یان، کە ئەو سێیەی دوایی لە ڕەگەزێک بوون و زمانیان زۆر لێک نیزیک بووە. (ئیلامی)یان لە وڵاتی (عیلام)، دەستەڵاتێکی بەهێزیان پێکهێنا. ئەو گەلانەی تر بەردەوام لەگەڵ دەستەڵاتدارانی (بابل) و (عیلام) و (ئاشوور) لە کێشەدا بوون و زۆرجار زاڵ بوون و دەستیان بەسەر ئەو وڵاتانەشدا گرتووە و بۆ ماوەیەک فەرمانڕەوایان بوون، کە دوایە بەوردی دەچمەوە سەریان. لە هەزارەی دووەمدا دوو دیاردەی گرینگ لەو شوێنە وەدەرکەوتن. یەکیان هاتنی گەلانی (هیندۆئەورووپایی)ی باشووری (ڕووسیە)، کە وێدەچی لە ئاکامی گوشاری گەلێکی هێرشکار پێکهات بێ. ئەو گەلانە بوونە دوو بەش. بەشێکیان بەلای (دەریای ڕەش)دا هاتن و پاش تێپەڕین بەتەنگەبەری (بۆسفۆر)دا، چوونە (ئاسیای بچووک )و لەگەڵ گەلانی وێ تێکەڵ بوون و یەکێتیی (هیتیت)یان پێکهێناو تا باکوری نێوان دوو چۆمان چوون.

لکی ڕۆهەڵاتی کۆچەرانی (هیندۆئەورووپایی)ش بوون بە دوو لک. بەشی

ڕۆئاواییەکەی بە تێپەڕین لە قەفقاز، بەلای سەرچاوەکانی (فەڕات)دا شۆڕبوونەوە و بەتێکەڵبوون لەگەڵ (هووری)یان پادشایەتیی (میتانی)یان پێکهێنا. لە قەڵەمڕەوی (بەختیاری) لە ناوچەی (مالامیر) و (کول فره) و (شکەفتی سلێمان) هەندێ کتێب دۆزراونەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی١٢و١٣ی (پ.ز) لە پاش (تخی خی گووتو ئاماردی)ی پادشای (خنی) بەجێماون، کە خۆی بەپادشای (ئەنزان) لە قەڵەم داوە. لەو سەردەمەدا کە ئەستێرەی (کووسی)یان لە کزیدا بوو، پادشای ئەنزان دیسان ئاماژە بەوەی دەکا کە (کووسی)یەکانی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆی و (گووتی) و (ئەماردی) یەکانیش لە سایەی ئەودا بوونە.

لە کۆنەوە لە نیشتمانی ئەوڕۆی کوردەکاندا گووتی یا کووتی نیشتەجێ بوون و فەرمانڕەواییان تێدا کردووە کە ئاسوورییان لەبەر دەنووسێکدا بە (کورتی)یان ناو بردوون. پاشان بەشێک لە (کاسی) یا (کووسی)یەکانیش هاتنە وێ. لە کتێبی پیرۆزی (وودا) وشەی (گووتی) ؛ (گووتۆمە) و لە ئاوێستاشدا (گئووتۆم)ە.

لە ١١٥٠ی (پ.ز)، هۆزی مووشکی دەستەلاتیان پەیدا کرد و ناوچەی کوردستانی باکوریان خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و لە ساڵی ١١٠٠ی (پ.ز)، دەستیان بەسەر کاپادووکیە و کیلیکیاشدا گرتووە. کاپادووکیە لە پێشدا (کات پتوو) بووە کە خەرپووت، ئاتنەی بەشی باکوری حەڵەب، بەشی باشووری سیواس، قوونیە و کیلیکیە–ی گرتبووەوە. (شامانەسەر)ی یەکەمی فەرمانڕەوای ئاشوور، زۆرتر لە پێشوونانی خۆی لەگەڵ گووتییەکان لە کێشەدا بووەو بەپێی ئاسەواری بەجێماو لەو پادشایەی، هۆزەکانی گووتی زۆر شەڕکەر و دەشکان نەهاتوو بوون و وڵاتەکەیان لە وڵاتی (ئوورارتوو) ڕا تا (کەمووخی – کێوی عابیدین) درێژەی هەبووە. هەروەها ئاسەواری بەجێما و لە ئاشوورییان نیشان دەدا کە زاگرۆس نیشتمانی سەرەکیی (گووتی یا کورتی)یان بووە. لە دوو بەردەنووسی وەدەستهاتوو لە سەردەمی (تووکوولتی – ئینوورتا)ی فەرمانڕەوای ئاشوور، لەسەر ڕووداوێکدا، لە یەکیان دا گەلەکەی بە گووتی و لە یەکیاندا بە کوورتی (Kurti) نووسراوە. ئەو ڕاستییە دەیسەلمێنێ کە هەردووکی ئەو ناوانە بە گەلێک کوتراون و (کوورتی) و (کوورهی) لەناوەکانی پێشووی (گووتی)یان بوون.

(درایڤێر Driver)ی ڕۆهەلاتناس ئاوا لە ڕوانگەکانی خۆی لەسەر ناوی کورد ئاکام وەردەگرێ: ...(کاردا، کاردووخی، کورتووخی، غوردی، کارداک، سیرتی،

غووردیای، غووردووئێنی، کادا، کاردا، کارداویە، کاردایە، کارتاوایە و کوردائیا و...
هەموو سەرەڕای وێکنەچوونیان یەکێکن و بەوپێیە کاردووخۆ یا کاردۆشۆی گەزەنفۆن و کاردای سوومێرییان هەمووی ناوی هۆزێکن). لە بەردەنووسێکی (ئاداد – نانار)ی فەرمانڕەوای (لاگاشە) لە سەرەتای سەدەی ٢٤ی (پ.ز)، ناوی ئەو هۆزەیان بە (کاردا) نووسیوە کە (کارداکا)ش دەخوێندرێتەوە. بەو ڕوونکردنەوانە پێوەندیی نێوان (کورتیوی) و (کورد) سەلمێندراوە. ناسنامەکانی جوگرافیایی (کاردووخۆی) و (کوردووئێنی) و وشەی دەهاویەش، وەها لەگەڵ ئاسەواری لە ڕابردوو بەجێماودا یەک دەگرنەوە کە مێژوونووسان تەنانەت لەیەکبوونی ئەو وشانەدا گومانیشیان نییە و هەر بەو هۆیەوە، هەرچۆن جوێکردنەوەی (کورتی) لە (گووتی) دەکردن نایە، هەر بەوجۆرەش گومان لەوەدا نییە کە دانیشتووانی ئێستای کوردستان لە نەوەی ئەو (گووتییانەن).

لە سەدەی (هەشتی پ.ز)دا (میداس) ناوێک لە (لیدیە)دا دەستەڵاتی گرتووەتەدەست و لە مێژوودا بە (میتای مووشکی) ناوی براوە. ئەوەش بەڵگەیەکی یەکبوونی (میتانی) و (مووشکی)یانە و نیشان دەدا کە دەستەڵاتیان لە لیدیە داهەبووە. پاش نایری و مووشکی یەکان، ئاراراتی یەکان لە باکوردا ناویان دەرکرد و لوولووبییان لە باشووردا لە مێژ بوو دەوڵەتی ناوچەیی و سەربەخۆیان دامەزراندبوو. فەرمانڕەوایانی ئاشووری لە سەدەی ١٩ و ١٨ی(پ.ز)دا لە تیرەی لوولووبی بوونە. (لوولووبی)یان سەردەمێک لە سووریا ژیاون. پادشایەکیان ناوی (نیماش گووش) بووە، کە گووش ناوێکی تری (کووسی)یە. بەو پێیە ئەو تیرەو هۆزانە: ماننائی، میتانی، پارسووئاو مادەکان کە قەفقاز و کەناری دەریای ڕەش تا ئاتنە و تا شووشیان داگرتبوو، ئەندامانی سەربە یەک نەتەوە بوونەکە باووباپیرانیان لە سەردەمێکی نادیارەوە ناوچەکەیان لەبەردەستدابووە. ئەو بەشەیان کە لە قەفقاز و ڕۆهەڵاتی ئێران و رۆهەڵاتی دەریای ڕەشدا بوون، خۆیان لەبەر پەلاماری تیرەو هۆزی تر نەگرتووە و ڕوویان کردووەتە نێو هاوڕەگەزەکانی خۆیان لە کێوەکانی زاگرۆس و نیڤاسدا. هەندێک جار تیرەیەکیان هێزی پەیدا کردووە و بەیاریدەی یەکتری لە بەردەم پەلاماری دوژمندا وەستاون. (کووسی)یان کاتێک کە لە سەردەمی ئەکەدییەکاندا هێرشیان بردەسەر بابل، نموونەی هاوکاریی گووتی و لوولوو بوون. لە سەردەمێکدا کە ئەکەدییەکان خاکی لوولوویان داگیر کردبوو، لەشکری

گووتییەکان، ئەکەدییەکانی تەفروتونا کرد و لوولووەکان سەربەخۆیی خۆیان وەدەست هێنایەوە.

لەو کاتەدا (میتانی)یان (کە ناوەکەیان لەناوی خواکەیان میترا وە هاتووە) لەسەر سنووری ئاشوور بوون، بەدەستی دەوڵەتی ئاشوور تێکشکاون. بەردەنووسی (نادان‌دار)ی پاشای ئاشوور ئاماژە بەو شەڕە دەکا و دەڵێ ناوبراو لەگەڵ لەشکری (کاسی، گووتی، لوولووبیووم و سووباری) جەنگیوە و بەسەریاندا زاڵ بووە. ئەوە نیشان دەدا کە ئەو گەلانە هەموویان لە ڕەگەزی (گووتی) ن. هەر ئەم پاشایە گووتییەکانی بە کووتی ناوبردوون.

کتێبی پیرۆزی یەهوود میتانیی بە (ئارام نەهارم) ناو بردوون کە لە باکوری فەلەستیندا بوونە، واتە لەو وڵاتەی لە ڕۆژهەڵاتەوە دیجلە و لە باکورەوە کێوەکانی تۆرۆس دەوریان دابوو. ئەو هەرێمە ناوی (ئارام) بوو و عیبرانییان پێیان دەکوت (ئارام نەهەریم) (کتاب پیدایش ۲٤:۱۰) و یا پدن آرام واتە دەشتی ئارام. وا دەردەکەوێ کە بەبۆنەی ئەوەی کە میتانییەکان خاکی بەشێک لە ئارامییەکانیان داگیرکردبوو، کتێبی پیرۆزی یەهوود ئەو قەومەی بەناوی جوگرافیایی ناوچەکە (ئارام نەهارم) ناو ناوەو میسرییەکان ناهارییان پێ کوتوون. نهارم و ناهاری زۆر وەناوی نایری دەچن کە لەسەر سووباری بووە. پاشاکانی ئاراراتیش بەخۆیان گوتووە نایرینا و شوێنەواری خالیدی، لە لێوارەکانی دەریای ڕەش و تەنانەت لە پاڵ مەڵاتیەدا کە شوێنی میتانییان بووە، بەرچاو کەوتووە. بەم پێیە دەکرێ بڵێین لە لێوارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ڕەشیشدا نایری هەبوونە و میتانییانیش لەوێوە بەرەو باشوور کۆچیان کردووە. خێڵی نایری هەر نەهرییەکانی ئەوڕۆن.

ناو و ئاسەواری خالدی –یان کە ئی گەلی ئارارات بوو لە قەفقاز، کەنارەکانی دەریای ڕەش و تەنانەت لە پالوو مەڵاتیە کە مەملەکەتی میتانییان بوو دیتراون. دەکرێ بڵێین لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی باشووری دەریای ڕەشیش هۆزی نایری نیشتەجێ بوونەو میتانییەکان لەوێڕا هاتوونەتە باشوور.

وشەی کووسی کە پێی کوتراوە کووش، لە ئاوێستادا (گئووشە) یەو وەک گئووتە بەواتای (گا) یە. کەوابوو کووسی و گووتی واتایەک دەبەخشن و لە ڕاوێژیشدا وێک دەچن و چونکە لە ئاسەواری کۆندا بە گئووتەیان کوتووە گووشە ، دەبێ کووتە، کووسە و گووشە ناوی نەتەوەیەک بن. بەڵگەی بەهێزتر ئەوەیە کە ئەنزان کە

نیشتمانی کووسی یا کاسیتەکان بوو شایەکەی خۆی بە تخی خی گووتوو ناوبردووە.

پاش (تووکولتی ئینوورتا)ی پادشای ئاسوور، (پۆلیپ)ی مێژوونووسی یۆنانی نیزیکەی٢٠٠سال پێش زاین ناوی (کورتی)ی هێناوە. ناوبراو لە کتێبی خۆیدا دەنووسێ (مەلوون)ی (ساتراپی ماد) کە لە شا (ئانتیۆکۆس) هەستاوە و وڵاتی بابلیشی گرت و سەربەخۆیی ڕاگەیاند و سەردارانی (ئانتیۆکۆس)ی تێک شکاندبوون، کە بیستی شا گەیشتووەتە سەر ئاوی فەڕات لەو ترسانە کە نەکا ڕێگەی (ماد)ی لێ ببەستن پردێکی لەسەر دیجلە ساز کرد.

(موولوون) باوەڕی بەخەڵکی بابل و خووز نەبوو کە تازە هێنابوو نییە بەرفەرمانی خۆی. تەنیا باوەڕی بە گەلی (کورتی Cyrti) بوو کە بەردەقانی هاوێژێکی زۆر کارامە بوون. (گەزەنفۆن)یش کوردۆکان بە بەردەقانی هاوێژێکی زۆر کارامە ناودەبا. گەزەنفۆن لە گەڕانەوەی ١٠٠٠٠یۆنانییەکەدا باسی ئەو زیان و ئازارانە دەکا کە کاردۆشۆیەکان پێیان گەیاندوون. هیچ کەس ئەو ناوەی تاسەردەمی ناوبراو (سەدەی ٥ی پ.ز)، نەبیستبوو. کاردۆشۆیەکان لەشکری گەزەنفۆنیان وەزاڵە هێناو شەڕێکی گەورەیان دەگەڵ کردن و تانیزێک تەرابووزان پاشەکشەیان پێ کردن. ئەو لە کتێبەکەیدا دەڵێ: ئەو گەلە هەرگیز سەری بۆ پارسەکان دانەنواندووە و تەنانەت یەکێک لە پادشاکانی پارس کە بەلەشکرێکی ٢٠٠٠٠ کەسی هێرشی کردبوونە سەر، بەخۆی و هەموو لەشکرەکەی تەفروتوونا بوون و تاقیان لێ نەگەڕاوە. ئەوان لە سەردەمی ماد و هەخامەنشیدا سەربەخۆیی ناوخۆی خۆیانیان پاراست و نیوە سەربەخۆ بوون.

موولوون سێ نەتەوەی لەژێر دەستەڵاتی خۆیدا هەبوون کە برێتیی بوون لە ماد و بابل و خووزستانی. پوولین کوتەنی، موولوون لە خەڵکی بابل و خووزستان دڵنیا نەبوو تەنیا باوەڕی بە گەلی کورتی بوو. پوولین لێرەدا بەجێگەی ماد وشەی (کورتی) ی هێناوە و (کورتییەکان)یشی بە نەتەوە باس کردوون نەک هۆز. ئاوا دەردەکەوێ کە وشەی ماد پاش لە کزیدانی دەستەڵاتداریتی و پادشایەتیی مادەکان بۆتە ناوێکی جوگرافیایی وەلانراو، کە وردەوردە بۆتە مای و ماە.

لەو ناوچانە کە باسی ناوی (کاردۆ و کورتی)مان تێداکرد، کووتی یا گووتی و

هۆزەکانی پێوەندیدار نایری، سووباری، مووشکی، میتان و خالێدی بوونەتە خاوەن دەستەڵات و دەستیان ڕۆیشتووەو تەواوی کوردستانی باکوریان گرتووەتە بەردەستی خۆ. دەوڵەتەکانی میتان و ماد لەنێو هۆزەکانی کووسی هەستاون. بەردەنووسێکی سەردەمی (لووگال ئاندرە موندوو) ئی سێ هەزار ساڵ پێش زاین دیتراوەتەوە کە (سووباری)ی بە سووبیر ناوبردووە، ئاسوورییەکانیش پێیان کوتووە سووباهرۆ. سنوورەکانی ئەو وڵاتە لە باکوری عیلام ڕا تا شاخی ئامانووس کە لە ئاتێنە هەڵکەوتووە، درێژەیان هەیە. ئەوە ناوچەی فەرمانڕەوایی چەندین سەدەی گەلی گووتی بووە، بۆیە هەندێک لێکۆڵەرەوە وشەی سووباری بەناوی جوگرافیاییی ناوچەکە دەزانن کە دانیشتووانی گووتی بوونە. پرۆفیسۆر سپایزێر لە کتێبی اقوام میزوپۆتامیا بە بەڵگە سەلماندوویەتی کورد لە ڕەگەزی گووتین.

خاکی دەوڵەتی میتان ناوچەی باکوری دیجلە - فەڕات بوو کە میتانییەکان پێش دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان و پاش لەناوچوونیشی هۆزی کاردۆ و کورتیە و هاوڕەگەزانیان لەوێ نیشتەجێبوونە. هەرچەندە هێرۆدۆت (سیرتی)یانی کە (کورتی) یەکان بن، بە یەکێک لە خێڵەکانی پارس زانیوە کەچی ناوچەی نیشتمانی ئەو کورتی یانە ڕۆهەڵاتی ئێران و زۆر دوورە لە (پارس)ەکان و بەپێچەوانە لەناو سنووری دەستەڵاتی ماددا بووە. ئەوەش خاڵێکی لاوازی تری هێرۆدۆتە کە نیشان دەدا ناوبراو لە نووسراوەکانیدا تا ئەو جێگەیەی نەتەوەی کورد دەگرێتەوە، ئەوەندەی کە پێی هەڵاکوتراوە ڕاستگۆش نییە و زۆر پتر لەوانی تریش بۆ باوەڕ پێکردن نابێ. ڕاستە کە بەشێک لە (کورتی)یان لە ناوچەی پارس بوونە، بەڕادەیەکی زۆر لە هەرمەنستان و مازەندەرانیشدا بوونە بەڵام ناوەندی سەرەکییان مادستان بووە و بوونیشیان نە لە ئەرمەنستان دەیانکاتە ئەرمەنی و نە لە وڵاتی پارسیشدا دەیانکاتە پارس.

یەکەم جار سەلم نەسر ناوی (ئامادا) و (پارسوا)ی لە ساڵی (٨٣٧ی پ،ز) لە بەردەنووسەکەی خۆیدا هێناوە. وشەی ماد لە زاراوەی گەلانی جۆرەوجۆردا بەشێوەی ماد، مێد، میدیا، مید، ئامادای کوتراوە.

برۆس-ی مێژوونووس کە بۆ خۆی کلدانی بووەو لە سەردەمی هەخامەنشییاندا ژیاوە، بێگومان مادەکانی باش ناسیوە. دەنووسێ لە زەمانی زۆرکۆن نەتەوەی ماد، (بابل)ی داگیرو ٢٢٤ ساڵ حکوومەتی تێدا کردووە. دیسان هەر ئەو مێژوونووسە

زەردەشت بە سەر زنجیرەی ڕەگەزی ماد دەزانێ کە لە ساڵەکانی ٣٠٠٠ – ٢٣٠٠ی (پ.ز) لە کلدە فەرمانڕەواییان کردووە. ئەو (زەردەشت)ە لە ڕاستیدا (زەردەشت)ی پێغەمبەر نییە، بەڵکو وێدەچێ موغێکی موئبێد بووبێ، کە دەستەڵاتی بەدەستەوە گرتبێ.

ڕۆهەلاتناس (مادیسۆن –گراینت) مادەکان بەدانیشتوانی کۆن و سەرەکیی زاگرۆس دەزانێ و پێشینەیانی لە (مادستان) تا شەش هەزار ساڵ پ.ز ناسیوەتەوە. (میرزا عەبباسخانی ئیقباڵ) لە مێژووی خۆیدا دەنووسێ: (مادای) لە سەردەمی حاموورابی لە (نێوان دووچۆمان)دا ناسرابوون. لەو سەردەمەدا کلدانیان ئەسپی باشیان لەنێو نەتەوەی ماد ڕا دەبردنە وڵاتی خۆیان. مێژوونووس (دمرکان)یش دەنووسێ هۆزی ماد دوو هەزار ساڵ (پ.ز) لە قەفقاز ڕا هاتن چونکە دەوڵەتی بەهێزی ئارارات لەسەر ڕێگەیان بوو و نەیاندەتوانی بەرەنگاری بنەوە، بەلای ڕۆهەلاتدا تێپەڕیون. پاشماوەی (سەکا) کانیش پاشان لەنێو مادەکاندا توانەوە و بوون بە کورد. قسە لێرەدایە کە گەلێکی وا گەورە چۆن بووە کە لە پڕڕا لە مێژوودا ون بووەو ناوی وا لەبیر براوەتەوە کە لە شانامەشدا ناوێکی لێ نەهاتووە؟. ئەوڕۆ خێڵێک نییە کە ناوی (ماد) بێ کەچی گەلانی دراوسێی ماد: ئاسووری و کلدانی و ئەرمەنی هەرچەند پێش مادەکان لە گۆڕەپانی سیاسەت وەلاچوون، کەمتاکورتێک هەر ماون و بەناوی خۆیان ناو دەبرێن. دیسان چۆن بووە کە لە تەواوی ماد بەتایبەتی لە ناوەندی مادستان نەتەوەی کورد پەیدا بووەو ناوی (ماد)یان لە خۆیاندا تواندووەتەوە؟ بەبێ ئەوەی کە ناوی مادستان ببێتە کوردستان وڵاتی ماد پاش ونبوونی وشەی ماد لە سەردەمی ساسانیاندا بە مای و پاش ئیسلامیش بە ماە ناودەبردراو سەرەنجامیش بووبە کوردستان.

لەسەرەوە ڕوونمان کردەوە کە یەکەم وشەی (کاردا) لە دەوروبەری (جوودی) پەیدابووەو بەئی ڕەگەزی (گووتی، Guti) ناسراوە کە عەرەب بە (جووتی)ی دەخوێننەوە. لە ساڵەکانی ١٠٩٨ و ١٠٦٨ (تیکلات پۆلیسێر)ی ئاسوور ناوی هۆزی (کورتیەی) لە کوێستانەکانی ئازوو – حازوو (ساسۆنی ئەوڕۆ) هێناوە و شا (تووکوولتی ئینوورتا)ش بەوشەی (گووتی)ی کوتووە کورتی. کاردۆیەکان لەگەڵ گەزەنفۆن بەشەڕ هاتوون و لە شەڕی ئەسکەندەر – داریۆشدا بەشدار بوون. بەگشتی شوێنەکانیان لە ناوچەی سەرووی دیجلە و فەڕات بوو کە دەوڵەتانی

(نایری، مـووشکی، خـالدی، میـتـانی و هانی گـالبات)یان پێکهێنابوو. سـەرەنجـام مـێژوونـووسـانی یۆنانی وشـەی کـورتییـان لەنێو نـاوچەکانی جۆرەوجـۆری ئێـران هێناوەو لە پارس، ناوچەی مادی گەورە، ئازەربایجـان، کەنارەکانی باشووری دەریای کاسپی و هەرمەنستاندا نیشانیان داون.

ستـرابۆن دەڵێ: لە بەشی لێواری دیجلە گەلی (گوردین) نیشتـەجێن کە لە نەوەی گەلی کاردۆن. ئەو هـەروەها لە کتێبی ١٥ بەندی ١٧ دەنووسـێ: گەنجـانی پارس وا ڕادەهێنران کە لە گەرمـا و سـەرمـا و بەفر و بوراندا خـۆڕاگربن و لە هەوای ئازاددا خـەریکی ئاژەڵداری بن و مـیوەی جـەنگەڵی وەک بەڕوو... بخـۆن. ئەوانە بە (کوردەک) ناودەبەن، خەڵکی کوردەک بەتاڵان دەژین و (کوردا) بەواتای مرۆی شەڕکەر و ئازایە. ناوبـراو لە کـتـێـبی ١١ فـەسـڵی ١٣ی خـۆشـی ناوی ئەو هۆزانـە دەڵێ کـە دەوڵـەتی (مــاد)یان پێکهــێناوە. گـرینگتـرینیــانی بـە (کــوورتی و مــەرد) ناوبـردوون. بە وەبەرچاوگرتنی قسەی (پوولیپ) پاش تێپەڕینی دەورەی دەستەڵاتی ماد، کورتییەکان کە لە مـادستـان زۆرینەیان بەدەست بووە و ناوی هـۆزەکـانی تریان خستـووەتە بەر تیـشکی ناوی خـۆیان و هەمـوو پێکەوە بە (کـوورتی) و (کـوردۆ) ناوبراون و پاشـان عـەرەبەکان پێیان کوتوون (ئەکراد). ئەوەی گومـانی تێدا نییە نەتەوەی مـاد پاشـان لەژێر ناوی کورد ناودێر کراوە. ئەوانەی لێرەدا سترابۆن وەک گەنجانی پارس ناویان دەبا، بێگومـان گـەنجـانی کوردن. ناوبراو بەوەی تووشی هەڵە بووە کە لە سـەردەمی کـۆندا و تا سـاڵی ١٩٣٥ و هەندێک دواتریش بـەئێـرانیــان کـوتووە وڵاتی پارس و تەنانەت ئێستاش لە ڕۆژئاوا زۆرتر هەردەڵێن پێرسیا.

(ئاداد نیـراری سێیـەم) لە ٨١٢ی (پ.ز) دەنووسـێ: (کاردۆ) کانی باکـورم تەمێ کردن. (مستر هۆل)یش پێی وایە کە کوردەکان زۆر پێش٦٥٠ی (پ.ز) لە کوردستـان بوونە. لەو سـەدانەی ئاسـوورییـەکان باسی بوونی (کـارداو کورتی) لە دراوسێـتیی خۆیاندا دەکەن ڕۆهـەڵاتناسـەکان خێڵی گەورەی کورتییـان لە ڕۆهـەڵات ناسیـوە کە هـەر لەو (زاکـرۆتی)یانەی هـاوسـێی ئاسـوورییـەکان بوونە کـە لە ناوچەی کـەرکـووک نیشتەجێ بوون.

ناوچەوی سـەلماس و خـۆیە و ورمێ لە مـێـژووەکـانی هەرمـەنیـدا بە (کـوورچیخ) ناوبراوە کە بەواتای کوردە و ئەوڕۆ هۆزی کورمانجی لێ نیشتەجێیە. شارێکی کۆن لەو ناوچەی بوو کــە تا ئەو دوایـیــیــانە نـاوی دیلـمـــان بـوو. بە (دیلـمـــانج) و

(دیلمەقان)یش ناویان بردووە. ئەو شارە بە بوومەلەرزە خاپوور بووە و (سەلماس)ی لە شوێندا ساز کراوە. بەنیشانەکان ڕا وشەی دیلمانج لە ناوی هۆزی (مان، مانج، موغ) وەرگیراوە کە بەزمانی کوردی پێیان کوتووە (دیلمان، دیلمانج، دیلمەقان).

دیل لە کوردیدا واتە یێخسیر. ئەگەر چاو لە وشەکانی ئاوێستایی بکەین لە هەمووان زۆرتر لە زاراوەی کرمانجی نیزیکە و ئەوەش دەیسەلمێنێ کە هۆزی کرمانجی ئێستا لە هۆزی پێغەمبەری ئاریان (ماژ – موغ)ە. لە بەردەنووسی بێستوون نووسراوە: داریووش شا دەڵێ پارتوو و ورکان لە من یاخی بوون و خۆیان بە پەیڕەوانی فرەوەرتیش دانا. خەڵکی وێ لە باوکم ویشتاسب کە لە پارت بوو یاخی بوون

ئیحسان نووری پاشا لە لاپەڕەی ۹۳و۹٤ی کتێبەکەیدا دەڵێ: ئەوەی کە بەناوی فرەوەرتیش لە بەرانبەر داریووشدا ئالای سەربەخۆیی هەڵکرد و ویستی پادشایەتی وەرگرێ خەڵکی (پارت و وورکان)ە کە دەبێ بەڕەگەز ماد بووبن، کە وەدوای فرەوەرتیش کەوتوون و لە دژی باوکی داریووش هەستاونەوە.

گەزەنفۆن لە کتێبی ٤ فەسلی ۲ دەڵێ: گورگانییەکان لە سنووری ئەرمەن نیشتەجێن. ئەرمەنییەکان بەسەختی کاریان لێ دەکێشان، لە شەڕدا نوێنەرانیان هاتنە لای کووروش دەگەڵی ڕێک کەوتن و لە ئەرمەنییەکان هەڵگەڕانەوە. چونکە ئەرمەنییەکان ئەوانیان بەگەلی ژێردەستی خۆیان دەزانین بەهاسانی خافڵگیر بوون و سوارانی مادی و گورگانی دوژمنیان شکاند و ڕەپێیان ناو تالانیان کرد. لە سەردەمی (گەزەنفۆن)یشدا گورگانییەکان وەک پارسەکان و مادەکان لە کاری دەوڵەتیدا بەشداربوون.

گەزەنفۆن باسی هۆزێکی گەورە بەناوی گورگانی لە سنووری ئەرمەنستان دەکا. کەوابوو دەبێ بڵێین گورگانییەکان هۆزێک لە کووسییەکان بوون. بەشێکیان لەگەڵ کاسیتەکان هاتوونە سنووری ئەرمەن و لەوێ ماونەوە کە لەگەڵ فرەوەرتیش لە دژی داریووش هەستاونەوە.

دیسان گەزەنفۆن دەڵێ، (بابلی)یان قەلایەکیان لەلای (کادووسی)یان سازکرد بوو. سترابوون ناوەندی کادووسییانی لە باشووری دەریای کاسپی نیشان دەدا و بەشێک لەوانیشی لە کوێستەکانی ئازەربایجان و زاگرۆس و نیفاس کە باکوری جزیرەیە

لەگەڵ هۆزی (ئەمەردەکان) و (کورتی)یەکان پێکەوەی باس کردوون. دەردەکەوێ کە ئەوانە لەگەڵ کورتییەکان هۆزێک بوون لە نەتەوەیەک و لە سنووری بابلیش بووونە.

بەشێک لە هۆزی کورماج لە لەشکرکێشییەکانی دواتردا چوونەتە پێش و لەگەڵ خێڵی (کاردوویای) کۆنی ئاراراتی تێکەڵ بوون. چونکە لە ڕەگەزێک بوون بێجگە لە داسەپاندنی ناوی هۆزیی خۆیان بەسەرئەواندا، لەژێر ناوی هاوبەشی خۆیاندا بە کاردۆ – کورد ناوبران. نووسراوە مێژووییەکانی ئەرمەنییەکانیش دان بەوەی دادەنێن و دەنووسن هێرشکارانی کوردۆ خێرا خەڵکی کورچیخیان لەناو خۆیاندا تواندەوە.

بەڵگەنامەیەکی سەردەمی کووروٚش نیشاندەدا کە (ئوگبارد)ی سەرۆکی گووتییەکان بە لەشکرەکەیەوە بەسەر بابلی داداوە و (نبونید)ی بەدیل گرتووە. پاشان سوپای پارس هاتووەتە نێو شارەکە. تا کۆتایی مانگ دەروازەی پەرستگای ئەساهیل واتە ماڵی گەورەی مەردووک لە گەمارۆی گووتییەکاندا بووە. ڕمێک نەبرایە نێو ئەو شوێنە پیرۆزە و ئالآیەکیان نەبردە وێ، لە سێیەمی مانگی (مەرهەش وان) – مانگی بابلی – کووروٚش بۆ خۆی چووە نێو شار و ئوگبازووری کردە فەرمانڕەوای وێ.

لە کاتی ڕووخانی بابل دوو ئاگەداری بڵاو کرانەوە کە لەیەکێکیاندا دەڵێ: چونکە پاشای بابل کەمتەرخەمیی بەرانبەر بە(مەردۆک)ی پاشای خودایان کردووە ئەویش کووروٚشی بە دادپەروەر زانیوە و داوای لێ کردووە فەرمانڕەوایی دنیا بکا و (گووتی)یەکان و(ئوومان ماندا)کانی خستووەتە ژێر پێی ئەو. بابلییەکان بەخەڵکانێکیان گوتووە (ئومان ماندا)، کە خاکەکەیان لە عیلامەوە تا دەریای ڕەش بووە.

هێرۆدۆت لە گێڕانەوەی لەشکرکێشیی داریووشدا بۆ سەرخاکی سەکاکان لە تراکیە باسی وڵاتی گووتییەکان دەکا. (ئاڵمانییەکان)یش پێیان وایە گووتییەکان خەڵکی لێوارەکانی دەریای ڕەش بوونەو لەوێوە بەرەو باکور چوون.

ئارامییەکان ناوچەی (کاردۆ)یان بە – کازارتا – کاردۆ ناودەبرد. کە کازارتا پێچەوانەی (زاکارتا، ساکارتا) یە کە ئاسوورییەکان بە (زاکرووتی)یان ناوبردوون. ڕۆهەڵاتناسان و مێژوونووسان ئەوانیان بەهۆزێک لە (کورتی)یانی ڕۆهەڵاتی ئێران داناوە، بەڵام ئەگەر زاکارتا و کازارتا بەیەک بزانین شوێنە کۆنەکەیان دەبێ دەوری

دیجله بێ که بێگومان لەگەڵ (کورتی)یەکانی ڕۆهەڵاتی ئێران یەک نەتەوەن و دوور نییە بەشێک لە (زاکارتی)یەکانیش لەنێو (کورتی)یانی ڕۆهەڵاتی ئێراندا بووبن و هۆزێک لە کووسییەکانیش کە لە کەنارەکانی دەریای کاسپی بوون، ۲۰۰۰ ساڵ (پ.ز) هاتوونە لوڕستان، پاشان بابلیان داگیر کردووە و دەوڵەتی (کاردوونیاش)یان دامەزراندووە ناویان (کاسیت) بووەو پاشان تێکەڵ بوونەوە و ئەوانیش ناوی (کاردۆیان) کەوتووەتە سەر.

ستراپۆن دەڵێ (کورتی، مەرد، ئەمەر دەکانی پارس) و ئەو هۆزانەی لە ئەرمەنستان دادەنیشن و تا ئەوڕۆ هەر ئەو ناوانەیان پاراستووە بەگشتی لەگەڵ کوێستانییانی ئاتروپاتی لە ڕەگەزێکن و دیسان ناوبراو شوێنی (کوورتی)یان بە بەشێک لە وڵاتی بەربڵاوی ماد دادەنێ. ئەو لە شوێنێکی تردا دەڵێ ناوچەی باکوریی ئاترۆپاتی کوێستانێکی سەخت و سارده و کەسی بێجگە لە هۆزە کوێستانییەکان لێ ناژی. (کادووسییەکان، ئەمەر دەکان، تاپوورەکان و کورتییەکان) و هەمووی ئەو هۆزانە خەریکی ڕێگرین و پێکهاتوون لە خۆیی و کۆچەر کە بەویستی خۆ هاتوونە ئێرە. ئەو هۆزانە بەهەموو کوێستانی زاگرۆس و نیفاس – باکوری جزیرێدا بڵاو بوونەتەوە.

(سێلف ڕیچ)ی ڕەگەزناس، پێکهاتەی کوردەکان بەدوو شێوەی هۆزی دەزانێ: یەکیان چادرچیی شوان کە مێگەلەوان و شەڕکەرن و بە (ئاسیرتا)ی ناوبردوون، ئەوی تر گوندنشینی جووتیار کە بە (گۆران)ی ناوبردوون. لەلای ورمێ و سەڵماسیش ئەوانەی ڕێکخراوی خێڵەکییان هەیە خۆیان بە کورد و ئەوانەی خەریکی کشتوکاڵن خۆیان بە کورمانج ناودەبەن. ئەو (کورمانجانە)ش و خێڵەکانیش هەروا خۆیان بە ئی هۆزی کورمانج و نەتەوەی کورد دەزانن و نە لە زمان و نە لە داو و نەریتیشدا هیچ جیاوازییەکیان نییە.

ناوبراو (Cyrti سیرتی یا کورتییەکان) بە (ئاسیرتا) تێگەیشتووە. سەرەڕای ئەوەش وێدەچێ خێڵەکانی کورتی یا گووتی بن کە بەسەرتاسەری کوردستاندا زاڵ و لەگەڵ هۆزەکانی تری ماد تێکەڵ بوون و بەناوی هۆزیی ئەوان واتە کرمانج و گۆران بەناوبانگن. لەلای مەهاباد و پیرانشارو سەردەشتیش بەخەڵکی گوندی دەڵێن کرمانج. لە کوردستانی بەردەستی تورکیاش ئەوانەی ڕێکخراوی خێڵەکییان نییە شار و شارۆچکە نشین بوونەو تا ۲۰۰ – ۲۵۰ ساڵ پێش ئێستا لە ناوچەکانی

خۆیان بەشێوەی نیوە سەربەخۆ ژیاون، وەک: میرەکانی هەکاری، ئامێدی، جزیرێ، فێنک، حەسکێف، چەمەشگەزک، مەجنکورد، پرتک، سەقمان، پالوو، چەرمووک، خێزان، شیروان، تەرگەوەڕ، مەحمودی، دونبولی، تەبلیس، مووش، مەلازگەرد، وان و... و پاشان خێڵەکانی قەراقووت لە هەندێک شوێن میرەکانیان کردووەتە ڕەعیەتی خۆ، هێشتا میرەکانی نازناوی بەگیان هەڵگرتووە و گەورەیی خۆیان هەر پاراستووە.

لە سەردەمی سەلجووقییاندا ئەو ناوچانە بەکوردستان ناوبراون: کرماشان و شاری بەهار کە لە نیزیک هەمەدان بوو و ئەوڕۆ وێرانەکەی ماوەتەوە. لە سەردەمی سەفەوییەکان بۆ هاسانکردنەوەی بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستان، یا لە ڕاستیدا دابەشکردن و چووکتر کردنەوەی، هەمەدان و لوڕستانیان لێ جوێ کردنەوە. بەگشتی کوردەکان دەکەنە چوارهۆزی گەورە: ١- لوڕ و بەختیاری، ٢- کەڵهوڕ، ٣- گۆران، ٤- کرمانج،

بەختیارییەکان لە پێشدا بەشێک بوون لە لوڕی گەورە. لە مێژووی بەختیاریدا کە بەقەڵەمی سەردار ئەسعەد نووسراوە دەڵێ: ئەو هۆزانەی پێشتر لە (جبل السماق)ی شام ڕاهاتوونە ئێران هەندێک لە بەختیاری و کۆمەڵێک لە (کۆهگیلویە) دامەزران و هەندێکیان بەتێپەڕبوونی زەمان لەناوچوونە. ناوی هۆزێکیان بەختیاری بووە هەروەکو ئەوڕۆش تیرەیەکیان بە بەختیاروەند ناسراون.

(لۆرد کورزۆن) لە سەفەرنامەکەیدا دەنووسێ: ئایا لوڕان تورکن یا ئێرانی و یا ئێسکیت؟ تەواوی نووسەرانی ئەو سێ ڕەگەزە باسیان کردوون. بەڕواڵەت دەردەکەوێ کە لە تیرەی ئەو کوردانە بن کە لەلای باکور نیشتەجێن بەڵام زمانیان وەزمانی فارسی دەچێ سەرەڕای ئەوەش جیاوازییەکیان لەگەڵ زمانی کوردان نییە. ڕێبوارێک بەناوی ڕیچ کە هاتووەتە کوردستان، بەختیارییەکانی بەکورد زانیوە، کوردەکان بەختیارییەکان بە لەک ناودەبەن کە تیرەیەکن لە لوڕ...

مامۆستا ڕەشیدی یاسەمی دەنووسێ: گومانی تێدا نییە کە چ لەباری شوێن و چ لەباری زەمانەوە و هەروەها ڕووداوە مێژووییەکان (کورد) بەشێک لە (ماد) بووە و هیچ بەڵگەیەکی سەلمێندراو بۆ لێک جیاکردنەوەیان لە دەستدا نییە.

مێژووی کۆنی ئێران دەنووسێ (ماد) هۆزەکانی کوردن و (دەیلەمییەکان)یش لەوانن. پرۆفسۆر سایس لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی خۆی بەڕاشکاوی دەڵێ کە

(مادەکان) خێڵی (کورد) بوونە، نیشتمانەکەیان لە باکوری سووریارا تا دەریای کاسپی راکشاوە. لە سەردەمی هەخامەنشییانیش ئەو گەلە هێشتا بە ماد دەناسران. پاش ئەسکەندەر لە جێگەی (ماد)ەکان لە مادستاندا جارجارە باسی جموجۆڵی (کورتی)یەکان کراوە.

لە کتێبی (ادبیات مزدیسنا پشتها) جلدی دووەمدا هاتووە: وشەی ماد لە کتێبی پەهلەویی ئەردەشیری پاپەکاندا، هەر بەو لێکدراوە کۆنەکەی هەخامەنشیی خۆی (مادیک) هاتووە. لە کتێبی ناوبراو پەیتاپەیتا باسی پادشایەکی کورد کراوە کە رەقیبی ئەردەشیری پاپەکان بووە. یەکەم جار ئەردەشیر شکستی خواردووە هەڵاتووە و پاش ماوەیەک دیسان لەشکری سازکردووەتەوە و بەچوار هەزار کەسەوە بەشەو بەسەر کوردانی داداوەو هەزاری لێ کوشتوون و ژمارەیەکی بریندار و یەخسیر کردوون. پادشای کورد و کورەکان و خزمانی لەگەڵ غەنیمەتی زۆر ناردوونە پارس.

کتێبی (ایران نامە یا کارنامەی ئێرانییان لە سەردەمی ئەشکانییان) جلدی دوو بەشی یەک لە باسی (کردستان یا سویچرە ایران)دا لەمەر کوردەکان دان بە وتەکانی رۆهەڵاتناساندا دێنێ و دەنووسێ: ئەوان بەیەکێک لە شەریفترین و کۆنترین ئارياييیەکانی ئێران دەژمێردرێن و لەوانەیە ئەو ئاریانانەی لە یەک هەزار و هەشتسەت ساڵ (پ.ز) لە بابل فەرمانرەواییيان کردووە و یاسازان و پیتۆڵیان لێ هەڵکەوتوون و بەناوی کاسوو یا کاسیت لە مێژوودا ناوبانگییان دەرکردووە باپیرانی کوردەکانی ئەورۆ بن کە کتێبەکانی ئاسووری ئەوانیان بە کورتیک، کورد یا کورتی ناو بردووە...

(مادیک)ی پەهلەوی لە عەرەبیدا بۆتە (ماهی). لە کتێبە جوگرافیاییيەکانی ئێران و عەرەبی سەدەکانی ناوەراستدا زۆر جار تووشی وشەی (ماه) دەبین، بەڵام سنوورەکەی تەسک بووەتەوە و تەنیا بەبەشێک لە ناوچەکانی رۆئاوای ئێران کوتراوە. وەیسی کچی شا قاروون و خۆشەویستەکەی، (رامین)ی برای شا موئبێد لە وڵاتی (ماه) بوونە. شا قاروون لە سەرزەمینی (ماه) پادشا بوو. بە (مادیک) ناوبرانی پادشای کورد لەلایەن (ئەردەشیری بابەک)ەوە گومان لە یەکبوونی (ماد) و (کورد)دا ناهێڵێتەوە. ئەوەی راستی بێ ماد بەتەنێ هەموو کورد ناگرێتەوە و وێدەچێ مادەکان بەشێک لە کورتییەکان بن، کە دوایە بەهۆی ئەوەی دەستەڵاتیان

کەوتووەتە دەست، ناویان کەوتبێتە سەر هەموو دانیشتووانی وڵاتی ماد.

(ڤیکتۆر لانکلوا) نووسراوەکانی نووسەرانی ئەرمەنیی کۆ کردووەتەوە و دەڵێ بە ئەرمەنی بە(مادی) دەڵێن (مار) و لە زمانی ئەرمەنیدا بە پاشماوەکانی دواین پادشای ماد دەڵێن (ویشتا بازوونەک) واتە هەژدیهازادەکان. مارەکانی ئەرمەنستان هۆزی مەرد یا (ئەمەرد)ەکانی (سترابۆن)ن کە ئەو لە هەموو شوێنێکدا لەگەڵ کورتییەکاندا ناوی هێناون و بە یەک ڕەگەزی زانیون، چونکە مادەکان لەگەڵ ئەو هۆزانە لە یەک ڕەگەز و یەک زمان بوونە، یا مادەکان لەو هۆزانە پێکهاتوون.

سترابۆن لە کتێبی ١١ بڕگەی ١٣دا دەنووسێ کە پارس بەتایبەتی بەشی زۆری لە لێواری دەریای ئەریترە (کەنداوی فارس)ن و تا دەوڵەتی مادیان هەڵنەوەشاندووەتەوە دەستیان وەشوێنەکانی تر ڕانەگەیشتووە.

(هێرۆدۆت) لە بنەڕەتدا، (دەرووپیک)ەکانیش بە هۆزێک لە پارس ناودەبا کە لە (سەکاکانن) و لە دەوری زرێباری ئووراڵ نیشتەجێ بوونە. هەروەها (دائین)ەکانیش کە دیسان بە پارس ناوبراون لە سەکاکان بوونەو لە باکوری دەریای کاسپی دانیشتوون. بێگومان ئەوەش ڕوانگەیەکی هەڵەیە و وەک دەزانین، سەکاکانیش کوردن. وێدەچێ ئەو هەڵەی ڕۆئاواییەکان لەوەیرا هاتبێ کە ئەوان بە وڵاتی ئاریایان کوتووە (پێرسیا) و لەوەڕا دانیشتوانیشیان بە پارس یا گەلێک لەناو وڵاتی پارسدا زانیبێ و ئاوایان ناوبردبن. (بوودی)نەکان بە ماد زاندراون و ناوی ئەو هۆزەش لەو لەشکرکێشییەی داریووش بۆ سەر تراکیە لەنێو سەکاکاندا دەبینین، کە ئەوەش کوردبوونیان دەسەلمێنێ. هەر وەک دەبینین هێرۆدۆت، زۆر لە ڕوانگەکانی هەڵەن و باوەڕ پێکردنیان ئاستەمە و ئەو ڕوانگانەی وا دەکەن کە مرۆڤی وردبین، ناوبراو زۆر زیاتر لە (کەتزیاس)یش بە جێ باوەڕ نەزانێ. ئایا دەکرێ (گووتی، کووسی، ماد، میتان) کە باپیرانی کوردانن لەگەڵ هۆزی پارس لە بنەڕەتدا لە سەکاکان بووبن؟ بێگومان نا. لە کۆنەوە سنووری سەکاکان کە بە ڕۆهەڵاتی تورکستان و مەغوولستان و باشووری ئەفغانستان و ئێرانی ئێستا و ڕۆئاوای دەریای کاسپی زانراوە و لە ڕاستیدا تا کێوەکانی توورووس ڕاکشاوە. ئێرانی ئێستاش بێجگە لە سووزییەکان – خووزستان، ناوچەی بەردەستی ئەو گەلە بووەو هۆزەکان بەناوی خۆیان فەرمانڕەواییان تێدا کردووە.

مێژووی (ایران باستان) دەنووسێ: بەپێی هەواڵی وەدەستهاتوو لە مێژوونووسانی یۆنان و ڕۆم، (ماد)ەکان خۆیان بە خزمی (سەرمەت)ەکان دەزانن. گوڕڕەی شەڕی هەندێک لە سەکاکان (مێرهامێر) واتە (مێربەمێر یا پیاوبەپیاو) بووە. ئەوڕۆش کوردان بەپیاو دەڵێن مێر و تەنانەت لە زۆر شوێنی کوردستاندا ئێستاش (مێر ها مێر)ی دەڵێن.

عەباسی ئیقبال دەڵێ ... بەشێک لە سەکاکان بەناوی هۆزی «داهە» لە سەردەمی کۆن خاکی نێوان «گورگان» و «کراسنوو دسک»ی ئەوڕۆیان داگیر کردبوو و هەر بۆیەش بەو ناوچەیان دەکوت «دەهستان». پاشان بەهۆی دراوسێتیی (پارتەکان)، تێکەڵاوی لە نێوانیاندا پەیدا بوو و لە هۆزی داهە هۆزێکی ئاریایی پەیدابوون و بنەماڵەی ئەشکانییان لەوانە وەدی هاتن. کە واتە بنەماڵەی ئەشکانی دەگەنەوە سەر سەکاکان، بەڵام بەهۆی زۆر مانەوە لە ئێران ئەوانیش بووبوونە ئێرانی

(ئارمەن) نووسەری یۆنانی لە سەدەی یەکەمی (پ.ز)ش سوارانی تیرهاوێژی داهەی لەنێو لەشکری داریووشی سێیەم لە شەڕ لەگەڵ ئەسکەندەر نیشان دەدا. بەشێک لە لەشکری ئەشکانییەکانیش هەر لەو داهەیانە بوونە. هێرۆدۆت دەڵێ ناوی یەکێک لە هۆزەکانی پارسەکان دائین بووە، بەڵام دیسان لێرەشدا بەهەڵەچووە. ڕاستەکەی ئەوەیە کە ئەوانە لەو سەکایانە بوون کە هۆزێکیان هەر بەو ناوە لە لێوارەکانی دەریای کاسپی بوون.

دیسان هێرۆدۆت لە لەشکرکێشیی داریووشدا بۆ وڵاتی (سەکا)کان لە تەراکیە باسی وڵاتی گووت دەکا، وا دەردەکەوێ کە وڵاتی (سەکا) کان بێجگە لە ناوچەی سەرەکیی خۆی بەشی (تراکیە)شی داگرتووەو گووتەکان کە وەک وشەی (گووتی)یە، لە ناو (سەکا)کان بوونە. سەرەڕای ئەوەش زمان هۆکاری بنەڕەتی و یەکەمە لە ناسینی ڕەگەز و نەتەوەکاندا، بەومەرجەی ڕیشەی زمانی کۆنی وان وەدەستهاتبێ. (دارمێس تێتێر)ی ڕۆهەڵاتناسی فەرانسەوی پێی وایە زمانەکانی (کوردی) و (پەشتوو)ی ئەفغانی لە ئاکامی گۆڕانکاریی زمانی ماد پێکهاتوون.

لە ڕاستیدا هەرچەند لەلایەک تێکەڵاوبوون لەگەڵ وشەی سامی و تورکی و لەلایەکی ترەوە تێپەڕینی ماوەی دوور و درێژ، لەنێو وشەکانی (ماد)دا گۆڕانکاریی پارێزهەڵنەگری پێکهێناوە، ئەو زمانە دیسانیش لە زمانی کوردی نیزیکترە.

زەردەشت ئەو بلیمەتە گەورەی پێغەمبەری ئاریان خەڵکی (ماد) و لە هۆزی (ماژ) بووە. چینی ئوولیی زەردەشتی کە بە (موغ) و (ماژووس) ناوبراون، لە ناوی هۆزی زەردەشت (mog مۆگ) یا (مۆژ) وەرگیراوە.

کتێبی (تعلیم و تربیت ایران باستان) دەنووسێ: (ماد، ماذ، ماژ، موغ و ماگووش) کە بە عەرەبیکراوەکەی مەجووسە واتە زاناو بێوێنە. وشەی ماژیک لە لای ئەوروپاییان بەواتای شتی سەرسووڕهێنەرە. ماژستە واتە «خاوەنشکۆ» و دیسان لە جێگەیەکی تردا دەڵێ: (لە گاتەکاندا کە کۆنترین بەشی ئاوێستایە و بە ئی خودی زەردەشت دەزانرێ وشەی ماگا بەواتای گەورە دەکار کراوە (یەسنا ٦٥ – ٧٠) لە هیچ شوێنێکی ئاوێستادا ئاماژە بە زنجیرەی موغان نەکراوە. بەڵام بەگشتی گۆڕانکاریی وشەی مەژ، ماژ، ماد، ماذ، مۆگ و لێکدراوەکانیان و واتاکانیان یەکن. لێرەدا (ماگا) کە بەواتای گەورە بەکاربراوە، پاشان (مازا) و لە کوردیی کرمانجی ئەوڕۆدا بۆتە مازن (مەزن) واتە گەورە. ناوە ڕەسەنەکەی زەردەشت هەرچی بووبێ ئەویان بە (زەرتووشترا سپی تۆمە) ناو دەبرد، کە بەواتای زەردەشتی سپی ڕەگەزە. نەک هەر مادەکان بەڵکو ئەو هۆزانەی لە چاخی کۆن لە کوردستانەکانی ئێستادا دەوڵەتیان پێکهێناون و فەرمانڕەواییان تێدا کردووە، وەک لوولووییان، گووتییان، کووسییان، خالدییان، نایرییان، مووشکییان، میتانییان، خانی گالپاتەکان، کارداکان و ئەو هۆزانەی پاشان هاتوونە ئەو ناوچەی وەک سەکاکان و کیمەرییان و کادووسییان و گورگانییان، تێکەڵاوی یەک بوون و ناوی گشتیی (کورد)یان کەوتووەتە سەر.

زەرتوشتر، واتە خاوەنی وشتری زەرد و زۆرتر وە نازناو دەچێ کە لەسەر ئەو پێغەمبەرە دانراوە و لەوانەیە ناوی خۆی شتێکی تر بێ. کتێبی (سیر تمدن و تربیت در ایران باستان) لەو بارەوە دەڵێ لە سەردەمی ئاوێستاییدا سەرۆکی ئوولییان بە زەرتوشتروتۆمە ناودەبرد و مافی هەبوونی سەرۆکایەتیی ئوولیش بەمیرات بووە. (زەرتوشترو تۆمە) بەکوردیی ئێستا دەبێتە (لە تۆم یا ڕەگەزی زەرتوشتر). کوردە ئێزیدییەکان ئەوڕۆکەش ئەو بنەمایەی بەمیراتبوونەی سەرۆکی ئوولی وەبەرچاو دەگرن. مۆئبێدانی مۆئبێد نازناوی زەرتوشترووتۆمە–ی هەبوو و لە ڕەی دانیشتووە. داریۆش لە بەردەنووسی بێستووندا (ڕەی) بە (ڕەگا) شارێکی ماد ناوبردووە. (ئەبو ڕەیحانی بیروونی) نازناوی (مەسموغان یا مەزموغان) دەداتە مۆئبێدان. مەس

(مەز)ی پە هلەوی لە فارسیدا مەهە و لە کوردیدا (مەزن)ە واتە مەزنی موغان.

بێگومان پارسەکان، نووسین، ڕێوشوێنی وڵاتداری و فەرمانڕەوایی، دین و یاسا و ڕێکخستن و پەروەردەکردنی سوپا و زۆر شتی تر لە مادەکان فێربوون و ئەوە ڕاستییەکە مێژوونووسانی فارسیش نەیانتوانیوە حاشای لێ بکەن. لە بەشی مادەکاندا زۆرتر لەسەر ئەو بابەتە دەدوێم.

کۆنترین گەلێ دانیشتووی زاگرۆس کە مێژوو باسی کردبن (گووتی)یەکانن کە ناوچەیەکی بەربڵاویان لە باکوری عیلام ڕا تا (ئاتێنە) داگیرکردووە و تەنانەت لە سەرەتاکانی سەدەی (٢٦ی پ.ز) دەستیان بەسەر ئەکەد و سۆمەر و عیلامدا گرتووە و ١٢٥ ساڵ لە بابل فەرمانڕەواییان کردووە. بە وتەی (دمرکان)؛ دوو هەزار ساڵ (پ.ز) ش (کووسی یا کاسیتەکان) بوون کە لە (قەفقاز) ڕا هاتن. کەوابوو بە وتەی ئەو مێژوونووس و لێکۆڵەرەوانە مادەکان نەوەی (کووسی یا کاسیت)ەکانن. بەپێی تەوراتیش مادەکان لە نەوەی (مادائین). (قاموسی کتێبی پیرۆز) وەرگێڕاوی (مێستێر هاکس)ی ئەمەریکایی؛ نەخشەیەکی لە نیشتمانی گەلانی دوای تۆفان تێدایە. ئەو نەخشەیە لە کەناری دەریای سووردا ناوچەیەک بەناوی (مێدیان) نیشان دەدا، کە لە ڕۆهەڵاتی کەنداوی عەقەبە هەڵکەوتووەو بە (ئەلمەدیانین) نووسراوەو وەک (بەنی حام)ی ناساندوون. ئەو نەخشەیە، (عیلام، ئاسوور و عەرەبەکان)ی بەنی سامی لە (شەنغار) لە ناوچەی بابل ناو بردوون و (کووش)ی لە دوو شوێن نیشان داون: یەکێک لە باکوری عیلام و ئەوی تری لە ڕۆئاوای دەریای کاسپی و ئەوانیشی بە (بەنی حام) داناون. ئێمە دەزانین کە (شەنگار) لە کۆنترین سەردەمانی مێژوو تا ئەورۆ شوێنی دانیشتنی کوردە ئێزیدییەکان بووە و ئەو بەشەی ئەو بۆچوونە بێگومان وەک داتاشینی (حام)ی باپیری ئەو گەلە بەدوور لە ڕاستییە. لە ناوەڕۆکی کتێبی (پیدایش (٢٥: ٢و٤))یش (مێدیان)ی بەیەکێک لە نەتەوەی ئیبراهیم لە (قەتوورە)ی ژنی زانیوەو دەڵێ (ئیسماعیلییان) لە دانیشتوانی مێدیان بوون.

لە بەردەنووسەکانی ئاسوور کە لە سەردەمی (تیکلات پۆلیسێر)ی سێیەمەوە ماونەتەوە، ناوی وڵاتی (پارسوا) و شاری زاگرۆتی مادەکانی بەهێزوگەورە و سەرزەمینی (نیشائی)ی تێدا دەبینین. لە (٨٤٦ – ٧٢٨ی پ.ز) شەمس ئەداد، کە پادشایەکی تری ئاسووره، ناوێکی لە (ماد) بردووە (٨٢٤ – ٨١٣پ.ز). لێرەدا (زاگرۆتی)یەکان بە (مادەکانی بەتواناو گەورە ناودەباو دەڵێ سەرداری (میتانی) کە

له سـەرهەڵدانێکی (ناوخـۆیی)دا (ئازا)ی پادشـای مـاننـائی کـوشـتـبـوو له خـەڵکی زاگرۆتی بوو. ئەوان لەگەڵ مـانناکـان نەتەوەیەک بوونه. (ئازا) ئێسـتـاش له کوردیدا ناوەو بەواتای دلێرو بەجـەرگ و نەبەزو بـەکارو پێکراو دەکـار دەکـرێ. زۆر وێدەچێ زاگرۆتییـەکان کۆنتـرین هۆزی زاگرۆس بووبن و زاگـرۆسـی و زاگرۆتی هـەر یەکن. هەندێک لێکۆڵەرەوە ئەو هۆزەیان به (سـاکارتی) ناوبردووە و دەڵێن لەو (کووتی)یانەن که له دەوروبەری هـەولێر و کەرکووک نیشتەجێ بوونه.

لەسـەرەوە باس کراوە کـه له نێـوەڕاستی هـەزارەی (٢ی پ.ز) دەوڵەتـی (میـتان) کـه وە (مـیـد) دەچێ له نـاوچەکـانـی سـەرووی دیجـلـه و فـەڕات – له باکـوری جـزیره – وەدیارکەوتوون و به (سـووبارو و کووسـی و گـووتی) زانراون. مێژووی (مشیـرالدوله) دەنووسێ: له سـەدەی ٨ی (پ.ز) میـداس ناوێک له لیـدیه پادشـایەتیـی دەکرد ئەو له مـێـژوودا به (میـتـای مـووشکی)ش ناو بـراوە. له دەوری ٧٧٠ی (پ.ز) ئەو پادشــایه لەگەڵ (سـەرۆکان)ی پادشـای ئارارات یەکیـان گرت و لەگەڵ (سـارکۆنی دووەم)ی پادشـای ئاسوور بەشـەڕهاتن و سنووریان گەیشتـه (لیدیه، دەریای ڕەش – مـەڕمەڕە – دەریای سـپی) و له ڕۆهـەڵات گـەیشتبـوونه (قیـزیل ئیرماق). هـەندێکان پێیـان وایه وڵاتی (ئوورارتوو یا وان) لەو لەشکرکێشانەدا بەشـێک له (مـاد) بووە. لێرەدا بێجگه لەوەی یەکبوونی (مووشـکی و مێتانی)یان دەردەکەوێ دەستڕۆیشـتنی ئەوگەله بەسـەر وڵاتانی (لیـدیه) و دۆسـتـایەتیی (ئارار ات – میـتـانییـەکان) و (ئارارات مـاد) نیـشـان دەدا.

دیاره ئەودەمی هێـشـتـا دەوڵەتی مـاد ئەو تواناو دەسـتـەڵاتەی وەدەست نـەهێنابوو، ئەوە (ماننائی)یەکان بوون کـه پادشـاکانیان لەگەڵ پادشـایانی ئارارات له بنەماڵەیەک بوونه. ئەو (خێـڵـه مـادانه)ی (تیگلات پۆلیـسـێری سـێیـەم)یش بوونیـانی له باکـوری سـووریا بـاس کردووە، له خێـڵـەکانی مـیـتانی بوونه کـه پادشـای ئاسـوور به مـادی ناوبردوون. ئەوە دەیسەلمێنێ که له نێوان (مێدو میتان) جیاوازییەک نەبووە لەوانەیه وشـەی (مـاد و میـد)یش له (میـتـان)ەوە هـاتبێ، که ناوەکـەیان له میـترا وەرگیـراوە، که گەلانی زاگرۆس پەرستیاری بوون.

(ئاسـار هـادوون)ی پادشای ئاسـوور له بەردەنووسـی خـۆیدا (فرائوورتیش)ی – کـه نازناوەکـەی (خشـتـەریته) بـووە – بەشـێـوەی خـۆی بـه (کشـتـاریتی) ناودەباو وەک سـەرۆکی شـاری (کارکاشـی) ناسـاندوویەتی. زانایان شـاری (کارکـاشی)یان بەوڵاتی

(کــووسـی) لـه ناوەنـدی زاگــرۆس ســەلماندووه. لەو بەردەنووســەدا دەبینرێ کـــه (کـشـتـاریتی) لەگـەڵ پەیڕەوانـی مـادی خـۆیدا هێـرشـی کـردووەتە سـەر شـارەکـانی ئاســوور و چونکە ســەرۆکی شـــاری (کـــارکـــاشی) بووه، پەیڕەوانی بێگومـــان (کووسی)یەکـان بوونە کە بە (مـاد) ناو براون. هـەمـووی ئەو بەڵگانە دەیسـەلمێنن کە مادەکان لە (کووسی)یانن و (کووسییەکان)یش لەگەڵ (گووتی)یان پێکەوه نەتەوەیەک بوونە. کە هەموو ناوی (کورد)یان کەوتووەتە سەر.

## مادەکان بە دوو ناوچە دابەش بوون:

١- (مـادی بچـووک) کـه (ئازەربـایجـان)ی ئێـسـتـا بووه. (سـترابوون) لە کتێبی ١١ بەشی١٣ دەنووسێ (مـادی ئاترۆپاتی) تـا کاتی هـێرشـی (مـاکدوونیا) بەشێک لە (مـادی گـەوره) بوو. (ئاترۆپات)ی سـاتراپی ئەو ناوچەی نەیهـێشت وڵاتەکـەی بکەوێتـە دەسـتـی (مـاکدوونی)یەکان، لە بەرانبەر ئەو کـارەدا ناوی پادشـایەتیی وەرگـــرت. بەوبـۆنەوە نـاوچەی دەســـتـــەڵاتی بـە (ئاتـوور پاتکان) نـاو براوه کـــه وردەورده بۆتە ئازەربایجان.

٢- (مــادی گــەوره) بریتـیـی بووه لە ناوچە کـوردنشـینەکـانی ئەورۆ - بێـجگە لە ئازەربایجان - و (ئەراک، ئیسفەهان، ڕەی، خوراسان، مازەندەران، خـووزستان، لوڕستان).

(هێرۆدۆت) شـەش هۆزی (ماد) ئاوا ناودەبا: (١ - بۆزەکان ٢- پارتەکێنەکان ٣- سـترووخـاتەکـان ٤- ئاریزانتـەکان ٥- بۆدیێنەکـان ٦- ماژەکـان). بەپێی هەندێک مـێـژووی کۆن (بۆزەکـان) لە عـێـراق، پارتەکێنەکـان لە شـاری ڕەی و لێـوارەکـانی دەریای کاسپی، سترووخاتەکان لە (مەروو خارەزم)، (ئاریزانتەکان) لە ئازەربایجان و درێژاییی چۆمی (ئاراز) بوونە و (بۆدیێنەکان) چوونەتە هیندستـان، ماژەکان کە بە (موغ) و (ماگووش)یش ناو براون لە کوردستانی ئێستا نیشتەجێ بوون. هێرۆدۆت لە باسی لەشکرکێشانی داریووش بۆ سـەر وڵاتی سـەکاکان، ئاماژە دەکا بە هۆزی (بوودینەکان) کە لە نێو سـەکاکان بوونە. لەلایەکی تریشـەوه دەڵێن کە بوودینەکان چوونەتە هیند. لە باسی (گـووتیـیـەکـان)دا نووسـراوه کـە ناوی بنەمـاڵەی (بوودا) (گووتم) بووه. بەردەنووسێک لە (ئاسووکا)ی پادشـای هیند، کە لە نێوان ساڵەکانی ٣٦٠ : ٢٢٣ی (پ.ز) شـا بووه کەوتووەتە دەست کە وەفاتی بوودا ی لە سـاڵی ٤٨٠ی

(پ.ز) نیشان دەدا. بەوپێیە (بوودا) کە پاش دەستەڵاتی (مادەکان) گەیشتووەتە پێغەمبەرایەتی و دوور نییە لە (بوودین)ەکانی (ماد) بێ کە چوونەتە هیند و مادەکانیش هەر لە گووتییەکان بوون. لەوانەیە بوودینەکان بووبنە چەند بەش و بەشێکیان چووبنە هیند و بەشێکیشیان لەنێو (سەکاکان)دا چووبنە (تەراکیە).

(دەرووپیکەکان) کە لە گەلانی (سەکایی) بوون لە نیزیکی زرێباری (ئوورال) دەژیان. هێرۆدۆت ئەوانەی بەهۆزێکی کۆچەری (پارس) زانیوە کە بەتەواوی هەڵەیە. وادەردەکەوێ کە ئەو هۆزەش و (دائینەکان)یش هەروا بوونەتە دووبەش.

(لاگاشە ئادادنارارى )٢٤٠٠ ساڵ (پ.ز) باسی خێڵی (کاردا)ی کردووە و ٢٢٠٠ ساڵ(پ.ز) ش (کەمیل سین) پادشای ئوور سەرزەمینی (کوردەی) بە ئەمیر (وەردەننەر) ئەسپاردووە. لە ساڵی ١٣٧٠ (پ.ز) (شوبی لکمبە)ی پادشای (هێتیت)، هۆزێکی بە (گوردە) ناوبردووە، پاشانیش بەردەنووسەکانی (ئاشوور) ناوی بانووی (کارداکا) و هۆزی (کورتیە) و (کورتی)یان بردووە. لە ساڵی ٤٠١ی(پ.ز)ش گەزەنفۆن سەردار و مێژوونووسی یۆنانی و فەرماندەی دە هەزار کەس لە گەڕانەوەی لە (پارس) ڕا لە دۆڵەکانی (زاخۆ )و لە نیزیک کێوی جوودی تووشی گەلی (کاردۆ) بووەو ناوی پادشاکەیان (ئەرونتاس) بووە کە بە مادیی کۆن (ئەرونت ئەسپە) و ئێستا (لوهراسپ) دەخوێندرێتەوە. ٣٣٤ ساڵ (پ.ز) ش کاتێک ئەسکەندەری ماکدوونی هێرشی کردە سەر هەخامەنشییەکان، گەلی کاردا لەناو لەشکری داریووش دابوون. (ئارستۆلۆس)ی نووسەری ئەسکەندەرنامە کە لە خزمەتی ئەسکەندەر دابووە دەنووسێ: کاتێک دارا بیستی ئەسکەندەر دێت سی هەزار سوار و سی هەزار پیادەی ناردە ئەوبەری چۆمی پینارۆس کە بەباشی پێشی لەشکری ماکدوونیا بگرن و شێست هەزار کەسی «کورداک»ی کە هۆزێکن نیشتەجێ لە باشووری گۆلی وان... گەلی کورد ئێستا تەنیا ئەو (کاردۆیانە) نین، بەڵکو (کاردۆیەکان) ڕێنوێنمانن بۆ لای ناسنامەی (کوردەکانی) ئەوڕۆ.

مێژوو بەگشتی نیشتمانی (کاردۆیەکان) بەدانیشتووانی ئاقاری سەرووی دیجلە و فەڕات و ناوچەی کێوی جوودی دەزانن. ئارامییەکان ئەو ناوچەیان بە (کازارتا) ناو بردووە. لە (ئیتالیا) لە بیست مایلیی باکوری ڕۆهەڵاتی ناپۆل شارێک بەناوی (کازاراتا) هەیە. بەبڕوای (سترابۆن) کاردۆ بە ناوچە شاخاوییەکەی نێوان مووش و دیاربەکر کوتراوە. (سێر مارک سایس)یش دەڵێ لە ساڵی ٦٠٠ ی (پ.ز) گەلی

(کوردووئێن) لە نێوان دیاربەکر و زێی گەورەدا دەژیان.

کێوی جوودی ناوی خۆی لە (گووتی) یا (ژووتی) وەرگرتووە کە بەواتای شەڕکەر و قارەمانە و پێشتر لەو شوێنەدا ژیاون. وشەی (جوودی) هەر (گووتی) بووە، لەبەرئەوەی عەرەبەکان کە دوایە بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بوون پیتی (گ) بە (ج) دەخوێننەوە، ناوەکەیان ئاوا تێکداوە. ئەوە هەر تاکە ناوێکی تێکدراوی دەستی عەرەبان نییە. ئەوان (زەنگان)یشیان کردووەتە (زەنجان)، کە کوردان ئێستاش هەر بەناوە ڕەسەنەکەی خۆی (زەنگان) ناوی دەبەن، یا (شەنگار)یان کردووەتە (سەنجار)، ئەوانە و زۆری تریش. ئەو نووسراوەی کەوتوونە بەردەست، جموجۆڵی (گووتی)یەکان لەو ناوچەیدا دەگەیێننەوە ٣١٠٠ساڵی (پ.ز). (ئەنناتۆم)ی پادشای گووتی لەو کاتەدا لەگەڵ عیلامییەکان بەشەڕ هاتووە. (لوگال زاکیس) پادشای گووتی ٢٩٠٠ ساڵ (پ.ز) شای (ئەرخ) و (سۆمەر) بووە. دوکتۆر (سپایزەر) پێی وایە بەپێی ناوە کەسییەکانی (سۆمەر) لە زەمانی زۆر کۆندا کەسانی (گۆتی) لەو وڵاتەدا ژیاون.

(بابلی)یانی باشوور و (ئەکەدییان) ٤٥٠٠ ساڵ (پ.ز) (نێوان دووچۆمان)یان بە (سۆمەر) ناوبردووە کە شارستانییەتێکی گەورەیان هەبووە و خاوەنی خەتیش بوون. بابلییەکانیش کە تێکەڵاوێک بوون لە چەند نەتەوە و چەند زمانی جیاواز لە شارستانییەت و خەتی سۆمەرییەکان کەلکیان وەردەگرت و ڕێورەسمی ئاینیشیان بەزمانی سۆمەری بەڕێوە دەچوو. یاسای بەناوبانگی حامووڕابیش هەر لە ڕووی ئی وان هەڵگیراوەتەوە. مانگەکانی قەمەریش هەر یادگاری سۆمەرییەکانن.

(وادێن) مامۆستای پێشووی زانکۆی لەندەن فەرهەنگێکی لەژێر سەردێری (سۆمەر ئاریان) بڵاو کردووەتەوە کە دەیسەلمێنێ سۆمەرییەکانیش ئاریایی بوون. بەوپێیە ئارياييیەکان پێش ئەو مێژووە کە تائێستا باسی دەکرا لە (نێوان دووچۆمان) بوونە.

ناوی سەرزەمینی (لوولووبیۆم) و (گۆتیۆم) ٢٧٠٠ ساڵ (پ.ز) لە بەردەنووسەکانی سەردەمی (سارگۆن)ی پادشای ئاشووردا دیتراون. هەرچەندە (لوولوبییەکان) بە باپیرانی لوڕەکان دانراون، بەڵام لوڕستان لە کۆنەوە بەشێک لە سەرزەمینی (ئەنزان) و نیشتمانی (کۆسۆیەکان) بووە کە تا کاتی زاینی مەسیحیش هەر لەوێ

دیتراون و کەسیش دواتر لەوێی نەبزاوتوون. (لۆلۆبیەکان) دەستەڵاتیان بەدەستەوە بوو تا ٨٢٨ ساڵ (پ.ز) کە بەدەستی (سەلم نەسر)ی ئاشووری لێکەوتن. ئەورۆش کرمانجەکان لەبری ناوی یەکتری دەڵێن (لۆلۆ). وا دەردەکەوێ کە بەشێک لە هۆزی لۆلۆبییەکان پاشان تێکەڵ کاردۆییەکان بوون. ئەورۆکەش هۆزێک بەناوی لۆلۆ لە کرمان دەژین.

(لوڕ) ناوی خۆی لەناوی شارێکی بەوناوە وەرگرتووە کە لە ناوچەی دێزفوول بووە. (یاقووتی حەمەوی) دەنووسێ: لوڕ هۆزێکی کوردن کە لە کوێستانەکانی نێوان خووزستان – ئیسفەهان نیشتەجێن. (زوبدەت تەواریخ) دەنووسێ بۆیە بەلوڕان دەڵێن لوڕ کە لە هەرێمی مانروود گوندێک هەیە بەناوی (کورد). لە نیزیکی گوندەکە دەربەندێک هەیە کە بەشێوەزاری لوڕی پێی دەڵێن (کوول)، ئەو دەربەندە شوێنێکی لێیە بەناوی لوڕ، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوانە لەوێڕا هاتوون، ناوی لوڕیان لەسەر دانراوە.

(گووتییان) لە نێوەڕاستی سەدەی بیست و شەشی پ.ز (ئەکەد و سۆمەر و عیلام)یان داگیر کرد و ١٢٠ ساڵ و چل ڕۆژان لە بابل حکوومەتیان کرد، پاشان (ئوتون لوگال)ی پادشای شاری (ئەرخ) کە لە ناوەکەی ڕا دیارە لە ڕەگەزی گووتی بووە لە (تیریکان)ی پادشای گووتی هەستاوە و حکوومەتەکەی تێکدا و لە ئاکامی تێکچوونی ئەو حکوومەتە، دەستەڵاتی هۆزسالاری پەیدا بوون. لە باکوری ڕۆهەڵاتی عیلام هەرێمێک بەناوی (ئەنزان یا ئەنشان) سەربەخۆ بوو. ئەنزان کە بەمانای کوێستانە لە کوردیی ئێستاشدا (زۆزان)ی پێ دەڵێن. لە باکوری کێوی جوودی لە ناوچەی بۆتان شارێکی کۆن هەیە بەناوی ئەرخ. لە سیماش (کوێستانی بەختیاری) ئەمیرێک بەناوی (گیر) سەربەخۆیی وەرگرت. (شویی لەکمە) پادشای (هێتیت) لە بەردەنووسی خۆیدا دەنووسێ ناوی ئەو خوداوەندەی (گوردە)کان دەیپەرستن (گیر)ە. کەوا بوو دەتوانین بڵێین خوای دانیشتووانی بەختیاریش (گیر) بووە و ناوی میرەکەشیان لەناوی خوایەکەیان وەرگیراوە، کە واتە لەگەڵ کوردەکان لە یەک نەتەوە بوون. چونکە وشەی (کاردا) پاش تێشکانی (تیریکان) پەیدابوو. دەکرێ بڵێین لەو دابەشبوونەدا بەشێک لە گووتییەکان کە لە ئاقاری سەرووی دیجلەدا مابوونەوە ناوی (کاردا)یان کەوتە سەر، کە ئەکەد و سۆمەرییەکان بە قارەمان و جەنگاوەر و پاڵەوانانیان دەکوت. (کاردا) پاشان بوو بە (غوردۆ) و (کوردۆ). ئەورۆش کوردەکانی

ئەو ناوچانە بە لاوەکانی خۆیان دەڵێن (خورتۆ) کە دەبێ لە (غوردۆ) ڕاهاتبێ. مێژووی کورد و کوردستان دەنووسێ شای ئاشووری (تیکورتی ئینوورتا) لە دوو بەردەنووسدا هەندێک ڕوونکردنەوەی لە بابەت دوو ڕووداو داون کە لە یەکێکیاندا وشەی کووتی و لەوی تریاندا بەجێگەی (کووتی) وشەی (کورتی)ی هێناوە. نووسەری کتێبی (گەلانی میزووپۆتامیا) بەبەڵگە سەلماندوویەتی کە کورد لە ڕەگەزی گووتین.

ڕۆهەلاتناس (دراوێر) پێی وایە کە یا (گووتی) و (کورتی) هەرتک ناوی گەلێکن، یا (کورتی) بە گەورەترین بەشی (گووتی)یان کوتراوە. لە سەرەتادا بەهەموو (کووتی)یەکان کوتراوە (کورتی). مێژووی (موشیرەلدەلە) لە سەر گیرانی بابل لەلایەن کوورۆشەوە دەڵێ: ساڵنامەی نەبووئید نووسیویەتی کە ئووگ باروو (گئوبرو) فەرمانڕەوای گووتییان بە لەشکرەکەیەوە هاتە ناو بابل، نەبووئید بەهۆی گەندەڵییەکەی لە بابل بەدیل گیرا پاشان ئەرتەشی پارس هاتە نێو بابل. تا کۆتایی مانگ مەتاڵی گووتییەکان دەروازەی پەرستگەی ئەساهیل واتە ماڵی گەورەی مەردووکیان گەمارۆ دابوو. پاشان کوورۆش چووە نێو شار... لێرەشدا وەک گیرانی نەینەوا مێژوو گیرانی بابلییشی هەر بەناوی لەشکری کوردان تۆمار کردووە.

لە سەدەکانی ترڕا ئیتر ناوی (گووتی) نەماو لە جیاتییان ناوی (کووسی) و (کورتی) و (کاردا) هاتووە. کتێبی مێژووی ئەدەبی کورد بە کوردی دەنووسێ (دوکتۆر کۆنتیناو) دەڵێ لە هەزارەی چوارەمی پێش زاین خەڵکێک لە دەشتەکانی باشووری سیبرییە و ڕووسییە ڕا کۆچیان کردووە و گەیشتوونە کێوەکانی زاگرۆس و دامەزراون. پێیان دەکوترێ ئازیائیک یا ئاسیایی. لە هەزارەی سێیەم دیسان هەر لەو سەرزەمینانەڕا دەستەی دووەم کۆچیان کردووە و گەیشتوونەتە کێوەکانی زاگرۆس کە زانایان بە ئاری و هیندۆئەوروپایی ناویان بردوون. هەردووک دەستە پاش کێشە و لێکدان تێکەڵ بوون و (نێوان دووچۆمان)یان داگیرکردووە کە ناویان (گووتی، کووسی)یە و لە جێگەیەکی تردا لەسەر بڕوای (ئووژن پیتار سوولاک) و (فۆن لۆشان) دیسان دەنووسێ: بەشێک لە ئارییییەکان کە لە تورکستانی سۆڤیەتی ئێستا کۆ بووبوونەوە بۆ لای خوارووی ئێران وەڕێ کەوتن و لەوێ بوون بە دووبەش. یەکێکیان لە کێوی (هیمالیا) تێپەڕی و چووە (هیندوستان) و گەلی (هیند)ی پێک هێناو بەشەکەی تر ناوی ئێرانیان خستووەتە سەر زمانان. ئەوانە دوور نییە کە

هاتنیان بۆ ئێران ٢٥٠٠ ساڵ پێش زاین ڕووی دابێ. بەشێک لەوانە بەناوی پارس لە دەشتایی ماونەوە و بەشەکەی تر چوونەتە کوێستانەکانی زاگرۆس و بوونە هۆز هۆز و بەناوی لوولوو، گـووتی، کـووسی، مـانـای، کـاردووش، خـالدی، کـاردوو و مـاد ناسراون.

هەرچەندە لە باوەڕی ئەو زانایانە ڕا ئەو ئاکـامـە دێتـە دەست کـە هـۆزەکـانی زاگرۆس هەموو لە ڕەگەزێک و هۆزەکانی نەتەوەیەکی ئاریایی بوون، بەڵام ناوی ئەو نەتەوەی پێش (گـووتی)یەکـان لەو ناوچەیەدا ژیاون هێـشـتـا دیاری نەکـراوە. کۆڵینەوەکان و دیتنەوەکانی ئەو ناوچە گەلێکی تری کۆنتر لە (گووتی)یەکانی نیشان نەداوە. بەوپێیە دوکـتـۆر (سپایزێر)، بوونی (مادەکان) بە ٦٠٠٠ساڵ پێش زاین لە زاگرۆسدا دیاری دەکا و ئاماژە بۆ (گووتی) بوونیشیان دەکا. مێژووناس و پێشەوای بەناوبانگی کلدانی (بروس) کـە لە سـەدەی ٣ی (پ.ز) ژیاوە، باسی ڕەگـەزی (زەرتۆشـتـرا) دەکا و ئەو پادشایەی ئاریا بەسەر زنجیرەی ماد ڕەگەز دەزانێ کە لەنێوان٣٠٠٠ تا ٢٣٠٠ پێش زاین لە (کلدە) پاشایەتییان کردووە.

لە ڕاستیدا گووتییەکان بوون کە لەو سەدانەدا لە دەووری کلدە شەڕی ناخێوییان کردووە و جارجارەش حکوومەتیان تێدا کردووە. بۆیەیە کە هەندێکان بەهەڵە ئەو گـەلە بە (کلدانی) دەزانن. لێکۆڵەرەوان پاشـان بەهۆی ناوی تایبـەتی گـووتی لەسـەریان، ئەوانیـان بە سـامی نەناسـیـون. هـەندێک هـۆزی (ئازیاتیک و کووسییەکان)یان بە تێکەڵاوێک لە ئازیاتیک و ئاریایی سەلماندووە کە لە دێرزەمانەوە لە داوێنی زاگرۆسدا ژیاون و لە ڕەگەزی سامی نەبوون. بێجگە لەوانەی سەرەوە لێکۆڵینەوەی وردتر دەیسەلمێنن کە گووتییەکان لە کۆنترین ڕەگەزی ئاریایی بوونە. پووورداود لە کتێبی (ادبیات مزدیسنا) دا دەڵێ ناوی یەکێک لە ڕەقیبەکانی زەرتۆشت گئووتۆمە بووە، لە سانسکریتیشدا چینی سروود وێژانی (وێدا) ناویان (گووتۆمە) بووە. ئەو ناوە لە دوو وشـەی (گئوو) واتـە گاو (تۆمە) واتە(ڕەگەز، تۆو) پێکهاتووە و بەکوردیی ئێستا واتە گا ڕەگەز. ڕەنگە ئەو نازناوە بۆ ئێستا ناوێکی سەیر بێتە بەرچاو و بڕێک سـووکـیش بێ. بەڵام بێگومـان ئەو شـێـوە ناوە نەک هـەر لەنێـو زەردەشـتـیـیـەکـانی ئەو سـەردەمـەدا، بەڵکو لەنێـو هیندوویەکـانی ئێـسـتـای هیندووسـتانیشدا کە گا بە پیرۆز دەزانن، سووک نییە کە هیچ، زۆریش پیرۆزە. سەیری ناوی (دیائۆکۆ، گئووماتە، ئیختوویگوو...) بکەن، ئەوانیش وشەی گایان

تێدایە. ناوی دامەزرێنەری ئوولی بوودابیش گووتۆمە بووە. بەبڕوای ئیحسان نووری پاشا، وشەی گووتی لە (گئووتی) ڕا هاتووە کە بە واتای (گا) یە. پووداود دەنووسێ (گئووش ئوروان) – ئێستا پێی دەڵێن گووش – فریشتەیەکە کە چواردەمین ڕۆژی هەرمانگێک لەژێر پارێزگاریی ئەو دایە. لە ئاوێستادا (گئووش ئووروان) (واتە ڕەوانی گا)، گیانی یەکەمین ئافەریدەی ئاهوورا مەزدا، واتە (گاب)ە، کە لە زاراوەی (کووسی)دا پێی دەگوترێ (گووش). (گئووتە)ی ئاوێستاش (گووتی) بووە کە دەگەڵ (گئووشە) هەردووکیان بەواتای (گاب)ن. (ئیشپیگل) لە وەرگێڕاوی ئاوێستا لە خاڵی شەشی (فەروەردین پەشت)دا (گئوتۆمە)ی بەناوی تایبەت نازانێ و بەکەسێکی لە هۆز زانیوە. (یوسنی) دەڵێ گئووتۆمە ناوی شتە نەک ناوی تایبەت. ئە و زانایانەش وشەی (گئووتۆمە) بەناوی هۆز دەزانێ کە لە سەرەتای مێژوودا تا سەردەمی ئاوێستا لە نیشتمانی دراوسێی زەردەشت جگە لە گووتییەکان هۆزێکی تر بەوناوە نەبووەو ئاشوورییەکانیش (گووتیومیان) پێ کوتوون. جا (گئووتۆمە)ی ئاوێستا دەکرێ بە (گووتی) بزانین.

لە ئاسەواری کۆنی (بابل)دا کەنیزی (گووتی)یان پەسندکردوون و بە (مامرووتی)یان ناوبردوون. هەروەها لەنێو ناوی پادشایانی (گووتی)دا شەرلک، لاسیراب، تیریکان دەبینین کە دەکرێ بە ئارياييیان بزانین. لە زەمانی دەوڵەتی (سالاریە) کە لە کوردەکانی (دەیلەمی) بوون ناوی هەندێک لە سەردارانیان (شەڕمەزن) بوو کە ئەویش مانای (شەڕ لکی) دەداتەوە. مەزن لە سانسکریتدا (مەها) یە و لە ئاوێستادا مازا و لە کوردی ئەوڕۆشدا بووە تەمەزن. ناوەکانی (لاسیراب، تیریکانیش) بنەمای ئاریاییان پێوە دیارە. لە زەمانی ساسانییانیشدا گێژنەی (تیرمەه)یان بە تیریکان ناوبردووە. لە زەمانی (نارامسین)دا کەسێک بوو کە دوژمنایەتیی (ئەکەدی)یەکانی دەکردو ناوی (پووتی مادال) و ناوی هەرێمەکەشی (نەمر) بوو. هەروەک فرەنسەیییان بە گچکە دەڵێن (پووتی) کوردی باکوریش بە کیژی بچووک دەڵێن (پتی piti) کە وشەیەکی ئاریایی کۆنە. وێدەچێ دە (پووتی مادال)دا وشەی یەکەم واتە چووکەو وشەی دووەمیش لە (میترا) ڕا هاتبێ کە ناوی خودایەکی کۆنی ئاریاییەکان بووە. ئاوا (پووتی مادال) واتای خودای بچووک دەداتەوە. وشەی نەمر لە وشەکانی کوردیی ئێستایە. کوردەکان ئەوڕۆش دەڵێن نەمری واتە هەربژی، یا هەرهە واتە نەمر.

له زاگرۆس شایەک هەبوو بەناوی (ئاریزەن). وشەی ئاریزەن دەگەڵ (ئاریزانت) کە ناوی هۆزێکی ماد بووە جیاوازییەکی نییە. لە سەدەی ٢٥ی (پ.ز) ناوی پادشای ئەرخ (ئووتوون لووگال) بوو. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆی زاینی ناوی پادشای ئالمان (ئووتوون) بوو. (ئووتوون)ی دووهەم لە ساڵی ٩٨٢ی زاینی (تیپۆفانۆ)ی کچی ئیمپەراتۆری ڕۆمی هێنا. بەو وێکچوونانە دەکرێ بیسەلمێنین کە ئەو ناوانە ئارییی و ئەو هۆزانەی ئەو ناوانەیان داناون هاوخاک و هاوڕەگەزو دراوسێ و تەنانەت (گووتی)یەکان بۆ خۆیان بوون و پاشان لە بەشێک لە نیشتمانی (گووتی)یەکان یا (کووسییەکان) خۆیان نواندووەو ناوی پادشایانی کووسیش زۆرتر وشەی ئارییی بوون. پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک، پادشای لوولوویی (ئانووبانینی)ی بە پادشای (کوثە) زانیوە کە وا وێدەچێ (کووتی) وردەوردە لە زاراوەی هەندێک جێگەدا بووبێتە (کووثی)، (کاسی)، (کەسی). لە ڕاستیدا لە سەردەمێکدا کە گووتییەکان لە زاگرۆس و ئەنزان دەبینین شوێنێکیان لە باکوری عیلام بە (کاشن) ناوبردووە کە لە بنەڕەتدا (کاسییە).

(هێرتسفێلد)ی لێکۆڵەرەوەی ئاڵمانی دەڵێ دەریای (کاسپین) ناوی خۆی لە هۆزێک وەرگرتووە کە پێش مێژوو لە ڕۆئاواو باشووری ئەو دەریایە نیشتەجێ بوون، ناویان (کاسی، کووسی، کەسسی) بوو، چونکە وشەی (کاسی) لە کۆدا دەبووە (کاسپ، کەسپ، کەسپین)، ئەو ناوەشیان داوەتە ئەو دەریایە، تەنانەت بەبڕوای ناوبراو ناوی قەزوینیش لە کاسپین ڕا هاتووە.

بەپێی ناوەڕۆکی گاتەکانی زەردەشت، ئەوناوەی کووسی کە لە مێژووی عەرەبی و فارسیدا بەناوی گەلێک ناسراوە، لە ئاوێستادا بەشێوەی (گئووش) هاتووە کە بەمانای گایە ، کە لەگەڵ (کوتە و گئووتۆمە)دا واتایەک دەبەخشن و هەرتک ناوی نەتەوەیەک بوونە کە لە زاراوەی ناوچە جیاوازەکاندا (کئووتەو گئووشە) بەشێوەی (گووتی، گووش، کووسی) ناو براون.

(ئانناتۆم) یەکەم پادشای گووتییە کە تائێستا ناوەکەی دۆزراوەتەوە و لە سەدەی ٣١ی (پ.ز) ژیاوە. لەگەڵ ئەوەشدا (گووتی)یان لە کۆنتر لەوەوە پاشایەتییان کردووە کە مێژووی جیانییان و مەهابادییان نیشانی داوە. ئەوەی دیارە هێشتا بێجگە لە پاشایەتییەکەیان لە سۆمەر و... شتێکی تر لە (ماد)ەکان وەدەست نەهاتووە.

هەرچۆنێ بێ (فرائوورتیس)ی ماد (ترائتئوون)ی ئاوێستاو (ترائی تنەی)ودا نییە بەلام ئەوەی مێژووەکان لەسەر کار و کردەوەی (فەرەیدوون) کوتوویانە تێیدایە و ناویشی وەناوی فەرەیدوون دەچێ. ئەو وێچوونانە زۆر جاران لە مێژوودا دووپات بوونەتەوە، بەبێ ئەوەی ڕووداوەکان یا کەسایەتییەکان بکاتە یەک، بەلام زۆر مێژوونووسیشی تووشی هەڵە کردوون یا بواری بەهەڵەچوون و پێچەوانە نواندنی مێژووی بۆ ڕەخساندوون. بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە بابەتی کورد لە دین و چیرۆک و ئەفسانەدا.

ناوی (گووتی) لە ئاسەواری نووسراوی مێژوویی (ئەکەد و ئاشوور)دا دەبیسین، کە نووسەری ئەو ئاسەوارانە پێوەندییەکیان لەگەڵ کێوەکانی رۆئاوای (دەریای کاسپی) دا نەبووە، دەنا لەوانەبوو لەوێش ئاماژەیان بەناوی (گـووتی) کـردبا. بۆ وێنە لە هەرێمی (وەزیری)ی ئەفغانستان کە لە نیزیک سنووری (هیندوستان)ە هۆزێک دەژین کە ناویان (پیر گووتی)یە.

هەندێک لێکۆڵەرەوە دەڵێن بەشێک لە گەلانی هیندۆئەورووپایی لە هەزارەی ٢ی (پ.ز) لە دەشتەکانی (تورکستان) و بیابانەکانی باکوری قەفقاز و دەریای (کاسپی)یەوە هاتوونە ئێران و لە شوێنی (کاسوو)یەکان نیزیک و لەگەڵیان تێکەلاو بوونەوە. میسیۆ (ئاندرەکەدا) بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی ئێرانیش لە وتارێکدا لەژێر سەردێری (کۆڵینەوەکانی زانستی لە ئێران) بۆ ساڵنامەی (پارس) لە ١٣١٠ ڕوونی دەکاتەوە (ئەو شتانەی لە لوڕستان لەژێر خاک هاتوونە دەر ئەو کێونشینانە سازیان کردوون کە لە سەردەمێکی نادیار لە کێوەکانی (کاسی)دا دەژیان پاشان لە ئاکامی هێرشی خێڵەکانی هێرشکار و سەرکەوتووی لە باکور ڕا هاتوودا، نیشتمانیان بەجێ هێشتووە و دەوری ٤٠٠٠ ساڵ پێشتر هاتوونە لوڕستان و لە مێژوودا بە (کاسیت) ناسراون. ئەو گەلە (بابلیان) گرتووە و نیزیکەی شەش سەدە فەرمانڕەواییان تێدا کردووە و پاشان گەڕاونەتەوە کوێستانەکانی خۆیان و بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و بازرگانیی ئەسپەوە بۆ فرۆشتن بەسوارە نیزامی ئاشوور خەریک بوونە و لەو ڕێگەیەوە سامانێکیان پاشەکەوت کردووە. ئەو کەرستە مەفرەقییە بەنرخانە و ئەو ئامێرانەی شەڕ و لغاوە ئەسپ و گەوهەر و دەفرە سواڵەتانە و ئیتر نیشانەیە لە زەوقی پیشەسازی و لێزانیی پیشەسازیی ئەوانە و یادگاری ئاسایش و سامانیانە. ڕۆهەلاتناسان نیشتمانی سەرەتایی هۆزی گەورەی

ئاریایی (کـوورتی cyrti)یەکـان بە ڕۆهـەڵاتـی ئێـران دەزانن و دەڵێن یـەکـەم بەش لەو هۆزە کـە هـاتنە ڕۆژئاوای ئێـران (سـاکـارتیـیـەکـان) بوون کـە ئاشـوورییـەکـان بە (زاکرووتی) ناویان دەبەن. لە کاتێکدا کە (ئاثور کولتی – ئینورتا) پادشـای ئاشوور، (گووتی)یەکانی هاوسێی خۆی بە (کورتی) ناوبردووە.

لە بابەت کەسـایەتیی (گووتییـەکـان)، نووسـراوەی پادشـایانی ئاشـوور باشـترین بەڵگەن کە تائێسـتا دیتراونەوە و خوێندراونەوە. بەوپێیە گومانی تێدا نییە کە وشەی (کورتی) لە (کووسی) ڕا هاتووە و بە گەورەترین بـەشی گووتییەکان کوتراوە. ئەگەر وتەی ڕۆهەڵاتناسان بخەینە بەرچاو، دەبێ بیسـەلمێنین کە نیشتمـانی گووتییـەکان تا ڕۆهـەڵاتی ئێران درێژەی هەبووە کە پاشـان بەشێکی (کـورتی)یەکان لەوێرا چوونەتە لای ڕۆئاوا و تێکەڵاوی کـوورتیـیـەکـانی ڕۆئاوای ئێـران و نێـوان دووچۆمـان بوون و گومانیشی تێدا نییە کە لە زمانی کوورتییەکانی ڕۆهەڵاتدا هەندێک ئاڵ و گۆڕیشیان پێک هێناوە.

بەشێک لـەو (کـورتی)یانە دیسـان لە ڕۆهـەڵاتی ئێران و باشـووری دەریای کـاسپی مـابوونەوە کـە لە سـەدەکـانی دواتر بەشـێکیـان دیسـان بەناوی کـورتی و کـورد لەو ناوچەیدا هەبوون کـە (ابومـسلم خـراسـانی)ی ناودار لـە کوردانـی ڕۆهـەڵاتی ئێـران بووە.

بەشـێک لە گـووتیـیـەکـان کـە لـە کۆنەوە لە بـاکـوری عیـلام دەژیان لەوانە بـوون کـە سـەردەمێک لە (عیـلام) ڕا تا کێوی (ئامـانووس)یان لـە ناوچەی (ئاتێنە) خسـتبووە بەردەستی خۆیان و فەرمانڕەواییان تێدا دەکرد کە لە لێواری دەریای (مێدیتەرانە) هەڵکەوتبوو و ئەوانەی لە باکوری عیلامیش مانەوە پاشان دەوڵەتێکی سەربەخۆیان بەناوی (ئەنزان) پێک هێنا.

لە (کـوول فـرە)ی ناوچەی (مـالامیـر)ی (بەخـتیـاری) لـە (شکەفتی سـولەیمان) بەردەنووسـێک دۆزراوەتەوە کـە ئی سـەدەکـانی١٢و١٣ی (پ.ز)یە. کە ئـی (تخی خی گـووتـوو ئەمـاردی پادشـای خنی)یە کـە خـۆی بە پـادشـای (ئەنزان) نـاوبردووە. لەو سەردەمەدا کە (کووسی)یەکان لە لووتکەی گەشـەکردنی خۆیان تێپەڕیبوون. پادشای ئەنزان – شوێنی سەرەکیی کووسییەکان – دیسان ئاماژە دەکا بە پێوەندیی خۆی بە (گـووتی و ئەمـاردی)، کـە هۆزێکی (کـورد) بـووە. ئەوەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ

ئەوەی کـە دانیـشـتـووانی ئەنزان، (گـووتـی)یەکـان بوونەو (گـووتی) و (کـووسـی) جیاوازییەکیان نەبووەو یەک نەتەوە بوون.

زۆریی ناوی هۆزە نا سـامـییەکان و کێـشـەکانیـان پێکەوە لە سـەردەمـی ئەکەد و سۆمـەر و ئاشـوور دا لە کێوەکانی زاگرۆس و دامێنەکانیدا، بوونی ڕەگەزی زۆری جیـا لەیەکتری نـاسـەلمێنی و لە ڕاسـتیدا ناکرێ هۆزەکانی ئامـاژە پێکراو بەجیـا لە گووتی و کووسییەکان بێنینە ئەژمار.

لە سـەردەمـێکدا کە پانتـایی نێوان کێوەکانی زاگرۆس و کێـوی ئامـانووس لەژێر دەسـتـەڵاتی گووتییـەکاندا بوو، هـەر لەو شـوێنە (سـووباری)یەکان وە دیارکـەوتوون و ئامـاژە کراوە کە سنووریان لە باکوری عیـلام ڕا تاکێـوی ئامانووس بووەو نارامـسین بە (سـووبارتیم) ناوی بـردووە. ئەو (سـووبارتـی) یانە هۆزێک بوون لـە گووتیـیـەکـان. تەنانەت هـەندێک لە لێکۆڵەرەوان (سـووباری) بەپێـتـەخـتـی (گووتی)یان و هـەندێکیش سـووباری بەناوی جـوگرافـیـایی شـوێنی (گـووتییـان) دادەنێن، بەڵام ڕاسـتـییـەکەی ئەوەیە کە سـووباری هۆزێکی گووتی بوونە. پاشـان هـەر لەو ناوچەیە (نـایری)یەکان برەویـان سـاندووە و لـە ناوچەی دیجلە و فــەرات، نێـوان کـێـوەکـانی بتلیس و تووررووسیان گرتـووە. بەپێی ناوەڕۆکی کتێبی (کارنامەء ایرانیـان درزمان اشکانیان) پادشـایانی (ئـوورارتۆ)ش خـۆیان بە شـای (نایری) دەزانـی. زۆریش وێ دەچێ کـە (ئەوان نەمـر یا نەمری)یەکانی کۆن بن کە پێشتر باسـمان کردن. ناوی (نەهری) لە ناوچەی شـەمـزینان یادگـاری ئەو هـۆزەیە. ئەو (نایری)یانـەش لە هۆزی (گـووتی) و (سـووبـاریەکـان) بوون. لـە کـتـێـبـی مـێـژووی ئەدەبی کـورد لاپـەڕەی ٢٢ دەنووسـێ: مـیـجـەرسـۆن دەڵێ ئەگـەر چاوێک بە سـەردەمـی گووتیـیـەکان لە نێـوان سـەدەکـانی ١٥و١٢ی (پ.ز)دا بخشـێنین، دەبینین کە ئەو نایرییانە پێش مێدیان بوون لە ناوچەدا بەرێچوونێکی باشیان هەبووەو ترسیان خسبووە دڵی دراوسێکانیان و ئەو گەلەیە کە پاشــان ناوی خـۆی گـۆڕیوە و بووەتە کـورد. لە ڕاسـتـیـدا چونکە نایرییـەکـان لە کووتییەکان بوون و کووتییەکانی ئەو ناوچەش کە پاشـان بە (کورتی) ناوبراون، پاش لە دەسـت دەرچوونی دەسـتـەڵاتی نـایرییـەکـان ئـەو هـۆزەش لەژێر نـاوی گـشـتـیـی نەتەوەیی خۆیان بە کورتی ناوبراون. بێگومان مـاوەیەک وەک (کرمانج، کە لهوڕ، لوڕ) ناوی هۆزیی خۆیانیان پاراستووە.

لە سـاڵی١١٥٠ی (پ.ز)ش هۆزی (مـووشـکی) بـوون بەخـاوەنـی دەسـتـەڵاتی هـەرێمی

(کـوردسـتـانی باکـور) و لە ١١٠٠ی (پ.ز) (کـاپادووکـیـە) و (کلیکیـا)شـیـان داگیرکردووە. کاپادووکیە لە کۆنەوە (کەپوودووکیەو) یا کات پەتوو (خەرپووت)ی پێ کوتراوە، لەگەڵ (ئاتینە) و (کیلیکیە) و (پالانت) لە (باکور) و (حەڵەب) و (سیواس) و (قـوونیـیـە) لە باشـوور هاوسـنوور بووە. شـاری (مـووش) ناوی خـۆی لەو هۆزەی وەرگرتووە. (لوولووبی)یەکان لە باشـوور لە کۆنەوە دەوڵەتی نەتەوەیی سـەربەخـۆیان پێکهـێنابوو. دەسـتـەڵاتدارانـی ئاسـووری لـە سـەدەی ١٩و١٨ی (پ.ز) لە قـەومی (لوولووبی)یان بوون و کـاتێک لـوولووبیـیـەکـان لـە سـووریا ژیاون ناوی پادشـایەکی لوولووبی (ئیـمـاش گـووش) بووە کـە گـووش ناوێکی تری (کـووسـی)یە. بەو پێـیـە و بەبڕوای (ئووژەن پیـتـار) و (سـولاک) و (فـون لووشـان) ئەو هۆزانە لەگەڵ (مـاننایی، میتانی، پارسـواو مادەکان) کە لە (قەفقاز) و بەسـتێنی (دەریای ڕەش) تا (شووش) لە ڕۆهەڵاتی ئێران و تا (ئاتێنە)، ناوچە کوێستانییەکانیان داگرتبوو لە نەتەوەیەک بوون، کە باپیرانیان لە سەردەمێکی نادیاردا ناوچەی ناوبراویان داگیر کردووە. ئەو بەشەی لە قەفقاز، ڕۆهەڵاتی بانووی ئێران و ڕۆهەڵاتی دەریای ڕەش نیشتەجێ بوون لەژێر پاڵەپەسـتۆی گەلانی تردا کۆچیان کردووەتە نێو هاوڕەگەزانیـان لە کێوەکـانی زاگرۆس و نیـفـاس – برێتی لە ناوچەکانی دیاربەکر، خویفث، دێرسیم–. جارجارە هۆزێک لەوان دەسـتـەڵاتی دەست کـەوتووەو کـەوتووەتـە گـۆڕەپـانی شـەڕ. ئـەوان لە بەرانبەر دوژمنانی دەرەکی زۆرتر بەهانای یەکترەوە هاتوون:

کـووسـیـیـەکـان کـاتی هێرشکردنـە سـەر بابل لە یاریدەی هۆزەکـانی گـووتی و لوولوویان کەلکیان وەرگرت. لەو کاتەدا کە ئەکەدەکان خاکی لوولوویەکانیـان داگیـر کردبوو، لەشکری گووتی، ئەکەدەکانی تەفروتوونا کرد و لوولوویەکان سـەربەخـۆیی خـۆیان وەدەست هێناوە. بەپێی نووسـراوەی (ئادادنیراری)ی پادشـای ئاسـوور گـۆیا لەگـەڵ لـەشکرەکـانی کـاسی، گـووتی، لوولووم و سـووباری بـەشـەڕ هاتووە و تێکی شکاندوون. هەر ئەو پادشـایە بووە کـە گـووتیـیـەکـانی بە (کـووتی) ناوبردووە. بۆیە دەڵێین گـۆیا چونکە پادشـایانی ئاشـوور بۆ ئەوەی خـۆیان بە بەهـێز بنوێنن لـە کـاتی شکان لە شـەڕێکیشدا ڕووداوەکەیان بە شێوەی سـەرکەوتنێکی گەورە باس دەکرد. لەو بـارەوە کـۆواری (ایران کـودە) ژمـارە ٨ نمـوونەی هێناونـەتەوە. ئێـمــە لێـرەدا کـارێکمـان بـەڕاست و درۆی نووسـراوەکـانی پادشـایانی ئاسـوور نیـیـە. ئەوەی پێویسـتـمانە ناوی هـۆز و کەسـایەتیـیەکان و شـوێنەکان و کاتی نیـزیکی ڕوودانی

ڕووداوەکانە. لە دوایین تێشکانی (بابلیەکان)یش بەدەستی کوورۆش (گوتییەکان) هاتنە یاریدەی لەشکری پارس. ئەوان بابلیان گرت و (نابوونید)ی پادشای (بابل)یان بەدیل گرت. لەهەمووی ڕوونتر بەڵگەیەکی مێژووییە کە دەیسەلمێنێ کە ناوی گشتیی (خالدییان، - ئاراراتیەکان - سووبارییەکان، نایرییەکان، میتانییەکان، مووشکییەکان) و... (گووتی) بووە. ئەو بەڵگەیە بەردەنووسی (سەلم نەسری یەکەم)ە، کە لە ساڵەکانی ١٢٨٠؛ ١٢٦١ی (پ.ز) پاشایەتیی کردووە. لەو بەردەنووسەدا هاتووە: (گەلی گووتی کە لە حاسمانی ئەو سەردەمەدا وەک ئەستێرە دەدرەوشایەوە نەک هەر بە زۆری بەڵکو بە عەزم و توندوتیژی و ترس و وێرانکارییەکانی بەناوبانگ بوو لە حاست مندا درێژەی بەسەربزێوی دا) پاش شەڕ دەگەڵ ئەوانیش دەڵێ:

(لە سنووری ئارارات ڕا تاکەمووخی - توور عابدین - لەناو ئەو وڵاتە گەورەیدا خوێنی گووتی وەک ئاو ڕژا) خوا لێ خۆشبوو ئەمین زەکی بەگ دەڵێ: لەوەڕا دەردەکەوێ کە سەربزێویی قەومی گووتی لە ئارارات ڕا تا شاخی توور عابدین درێژ بۆتەوە. بەپێی ئەو بەڵگە و گێڕانەوەی (نوکولتی - ئینورتا) بەگشتی ناوچەی زاگرۆس ناوچەی قەومی گووتی بووە.

بەردەنووسی (مالامیری بەختیاری) - کەپێشتر ئاماژەی پێ کرا - دەیسەلمێنێ کە ناوچەی باسکراو واتە (ئەنزان)یش (گووتی)ی تێدا نیشتەجێ بوون. ئەو ناوچانەی کە نووسراوە کۆنەکان کە لەژێر دەستەڵاتی (گووتی)یەکاندا نیشانیان داون، هەموو دانیشتووانیان کوردن.

کووش - بەهێزترین پادشای کووسی - لە بابل (ئەگوم کاک ریم) بوو کە لە ١٧٠٠ (پ.ز) هاتە سەر تەخت. هەموو هەرێمەکانی (سۆمەری خستە سەر ئەکەد) و ناوی (کاردوونیاش)ی لێنا.

کاردوونیاش لە دوو بەشی (کاردوو) کە ناوی گەلێکە و وشەی (نیش) پێکهاتووە. نیش یا نیژ لە زمانی کۆنی کوردیدا بەواتای ناوەند یا شوێن هاتووە. ئێستاش لە کوردیدا بە ژێرخاککردن دەڵێن: نێژتن یا ناشتن، واتە لەنێو خاکدا جێکردنەوە (فارسیش دەڵێن: خاککردن). لە هەندێک شوێنی کوردستان بۆ وێنە لە هەولێر ئەو ڕۆکەش لە جێی پاشگری نشین (نیش) دەکار دەکرێ. کەوا بوو کاردوونیاش دەبێ بەواتای خاکی کاردوو یا کاردۆنشین بێ. ناوچەی (دەرسیم) کە تورکەکان لەو

دواییـیانەدا كردوویانەتە (تونجلی)، بەشـی باكوری وڵاتی مـیتانییەكـان بووە. ئەو شوێنە دۆڵێكی بەناوبانگی لێیە بەناوی (گووتی دەرەسی).

مـێـژووی كـورد و كـوردسـتـان بۆ ڕوونكرنـەوە دەنـووسێ: هـەندێک دەڵێن (كاردوونیاش) ناوی (كاسایی) شاری بابل بووە. (سێر كیگ)ی ڕۆهەڵاتناس دەڵێ؛ مانای كاردوونیاش دوو هەرێمی هاوپەیمانی سۆمەر و ئەكەد بوو؛ (سێر سیدنی سمیت) دەڵێ (دوونییەش) یەكێک لە خوا چووكەكانی (كاسای) و (كار) بەواتای زەمین و وڵات بووە واتە (وڵاتی خـواچووكەی دوونیاش) ئایا ناكرێ (كاردوو) لەگەڵ (كاردوونیاش) پێوەندییان هەبی و (كاردونیش) بێ؟ (نیش یا نیژ) لە زمانی كۆنی ئاریادا بەواتای پێوەندیدار بوون یا نێو یا سەرچاوە بووە. (كارداكان) پاشان بە (كاردۆ)ش ناوبراون.

(تاج العـروس) دەنووسێ: (كـرد بن كـوش بن حـام بن نـوح)ە، كـە بێگومـان ئەو بۆچوونە بناغەیەكی نییە و لە ڕاستی بەدوورە. (كوش) ناوی تری (كووسییە) كە ئەوەش كووسییەكان وەک باپیرانی كوردەكان دەسەلمێنێ. لە سەدەی شازدەی (پ.ز) لە ئاقاری سەرووی دیجلە و فەرات، واتە نیشتمانی گووتییەكان لە بەشێک لە خاكی سووباری حكوومەتی بەهێزی میتان پەیدابوو و كەوتە بەر هێرشی (نەهوتمێسی یەكەم)ی فیرعەونی میسر و تێشكا، پاشان (كووشان ڕیشی ئاسام)ی پادشای میتانی هێرشی كردە سەر سووریا و بۆ ماوەی هەشت ساڵان خستیە بەردەستی خۆی. لە ڕۆهەڵاتیشەوە دەستی بەسەر (ئاسوورستان)دا گرت و سنووری دەستەڵاتی خۆی تا كەركووک ڕاكێشا. ئەو دەوڵەتە لە پەیماننامەیەكدا كە لەگەڵ دەوڵەتی (هیت) لە ساڵی ١٣٥٠ ی (پ.ز) بەستوویەتی و بەردەنووسی ئەو پەیماننامەی لە گەرووی كۆیە (پێتەختی كۆنی هیتەكان) وەدەست كەوتووە. نەجیبەكانی میتانییەكان بە خوای (ئەندوو و ئوروون و یا ئاندرا – وارونا) سوێندیان خواردووە. چونكە ئاندرا خوای ئاریانەكانی هیندیش بووە دەبێ بڵێین ئەو قەومە لەگەڵ ئەو قەومانەی چوونەتە هیند پێوەندییان هەبووە.

دەوڵەتی مـیتانییـان لە ڕۆهەڵات و باشـوور، هاوسنووری هیت و میسر بوون. لە كاتێكدا شـەڕ و پێكدادانی كاسیتەكان سەرەتا دەگەڵ هیتەكان بوو، دەبوو میتانییەكان دەگەڵ میسرییەكاندا سنووریان یەک نەبووبێ، ئەدی چۆن بووە كە لە نێوان میتانییان و میسرییاندا كێشە و پێهەڵپرژان هەبووە؟ بێگومان یا میتانییەكان

لەگەڵ کووسییان بەشەڕهاتوون و پاشەکشەیان پێ کردوون و خۆیان گەیاندووەتە سنووری میسر یا کووسییەکان بەئارەزووی خۆ جێیان بۆ میتانییەکان بەتاڵ کردووە و یا لە بنەڕەتدا میتانییەکان لەگەڵ کووسییەکاندا هاوڕەگەز بوون و لە خۆیانەوە سەرۆکیان هەبووە و بەناو سەر بە (کووسی)یەکان بوونە و لە کردەوەدا سەربەخۆییان هەبووە. چونکە هیچ بەڵگەیەک لەسەر بوونی کێشە لە نێوان کووسییەکان و میتانی یەکان نەکەوتۆتە بەردەست، ئەو ڕوانگەی دوایی لە ڕاستی نیزیکترە. لە ڕاستیدا ڕۆهەڵاتناس (سێر کیگ) میتانییەکان بەکووسی دەزانێ. (جا نسن) دەڵێ: میتانی بریتی بوو لە بنەماڵەی فەرماندار و ئەسڵی گەلەکە (سووباری بوون). ئەمین زەکی بەگ (میتانی)یەکان بە کووسی و لە هۆزی سووباری دەزانێ.

ناوی (ئارتۆمە) لە ناو پادشایانی کووسیش و میتانیشدا دەبینرێ. ناوی ئەو پادشایەش کوردییەو لە دوو بەشی (ئار، واتا ئاریا و تۆمە واتە ڕەگەز) پێکهاتووەو واتە ئاریا ڕەگەز. ئەو ئارتۆمەی پادشای میتانی کچەکەی دایە فیرعەونی میسر. یەکێک لە لێکۆڵەرەوان بەناوی (دلاپوورت)یش میتانییەکان بەپێوەندیدار بە کووسییەکانەوە دەزانێ. مێژووی کورد و کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر ئەو بابەتە هەیە و دەنووسێ: گەلێکی سەرەتایی کە ناوی (ئوممان-ماندا) بوو، لە ماد و (سیتەکان) بوو. ئەوان لە لێواری (دەریای ڕەش) دا دانیشتبوون. بەشێکی بچووک لەو ڕەگەزەی هیند ئێرانی وەڕێ کەوتوون تا ڕۆئاوای کوردستان هاتوون. یەکێک لە بنەماڵەکانیان بەناوی میتانی حکوومەتیان پێکهێناوە. لە ئاکامدا دەبێ بڵێین؛ (کووسی)یەکان بەیاریدەی (سووباری)یەکانی هاوڕەگەزیان لە کاتی دەستەڵات بەسەر (بابل)دا لە ڕۆهەڵات لەگەڵ دەوڵەتەکانی هیت و میسر دا شەڕو پێکدادانیان کردووە پاشان هۆزێک لە سووبارییەکان و لە خێڵی (نایری) کە بەشی باکوریان، لە کەنارەی ڕۆهەڵاتی دەریای ڕەش جێگرتوو بوون، یا بۆ کەلک وەرگرتن لە سەرکەوتنەکانی هاوڕەگەزانیان یا بۆ یاریدەدانی وان بۆ قایمکردنی جەبهەی شەڕیان هاتوون و خۆیان گەیاندووەتە ئاقاری سەرووی دیجلە و فەڕات و بنەماڵەی سەرۆکەکانیان کە ناوی خۆیان لە خوداکەیان (میترا) وەرگرتووە، دەوڵەتێکیان بەناوی (میتانی) پێکهێناوە و دەستیان کردووە بە شەڕ و لێکدان لەگەڵ دوژمنانی کووسییەکان، واتە دەوڵەتەکانی هیت و میسر و پاشان دەستیان بەسەر (ئاسوورستان)یشدا گرتووە.

لێک جیاکردنەوەی ناوەکانی (گووتی)، (کورتی) و (کووسی) ئاستەمە. ئەو وڵاتانەی بووبوونە نیشتمانی (گووتی) یان، (کووسی و کورتی)یەکان و شوێنی نیشتەجێ بوونی (کووسی)یەکانیش وەک (ئەنزان) و (لوڕستان)، (کورتی) و (کوسی) و ئەو سەرزەمینانەی (کاردۆ) و (کورتیش) و (کووتی) و (کووسی) شی تێدا دەبینران.

بەو پێیە گومانی تێدا نییە کە ئەو هەرسێک ناوە یا ناوی گەلێک بوونە یا (کورتی) و (کووسی) بەگەورەترین هۆزی (گووتی) کوتراوەو پێکەوە بەتێکەڵاوی ژیاون کە سەرەنجام هەموو ناوی (کورد)یان لە خۆناوە. نیشتمانیان لە کۆنەوە لە ڕۆهەڵاتی (ئێران تا ئاتێنە) و لە (قەفقاز و قەراغەکانی دەریای کاسپی و ڕەش تا شووش) درێژەی هەبووە. ئەو گەلە بەناوی (گووتی) و (سووباری) لە باکوری (شووش)ەوە تا (ئاتێنە) حکوومەتی کردووە، پاشان دوو هەزار ساڵ (پ.ز)، کووسییەکانی نیشتەجێی کوێستانی ڕۆهەڵات و باشووری دەریای کاسپی بەناوی هۆزیی خۆیان (کاسیت) بۆ باشوور کۆچیان کردووە و هاتوونەتە لوڕستان و لەگەڵ بەشێکی تری خێڵی خۆیان واتە کووسییەکانی باکوری ئەنزان بەیاریدەی گووتییەکان هەڵیان کوتاوەتە سەر بابل، (هیت)ەکانیان ڕەتاندن، کە لە باکورڕا هاتبوون و زنجیرە پادشایەتیی خۆیان پێکهێناو لە بابل دەوڵەتی (کاردوونیاش)یان دامەزراند. پاشان خانەدانی (میتانی) لە باکوری جزیرێ دەوڵەتی میتانییان پێکهێناوە و هەرتکیان یەک نەتەوە بوونە. کێردێکی نەخشاوی زەرد (برنز) لە کۆڵینەوەکانی لوڕستان وەدەست هاتووە، کە لە سەر دەسکەکەی نووسراوە (بخت النصر پادشای کاسیت). شاپووری یەکەم لەبەردەنووسێکدا کە لە حاجیاوا لە پاشی بەجێماوە خۆی ئاوا دەناسێنێ: (منم مەزداپەرست بەغ هۆرموز شاپوور یەزدی نەژاد شاهەنشای ئێران و ئەتیران).

ئەو هۆزە کوردانەی لە سەردەمی کۆندا لە ناوچەی فارسدا دەژیان (کورتی، مەرد، ئەمەرد)ەکان بوونە کە ستراببوون بوونیانی لەوێ ڕاگەیاندوون. هێرۆدۆت یەکێک لە هۆزەکانی پارس بە (مرۆڤی) ناودەبا، چونکە مرۆڤ وشەیەکی کوردی و بەواتای (ئادەم یا بەشەر)ە دەکرێ وا بزانین کە ئەو هۆزەش لە کوردان بوون.

ئینگلیزییەکان لە ساڵی ١٩٢٤- ١٩٢٥ لەسەر مەسەلەی مووسڵ لەگەڵ تورکیا کێشەیان بوو. چارەسەری ئەو کێشەیان دا دەست کۆمەڵەی نەتەوان، لێژنەیەک لە

نوێنەرانی وڵاتانی بێلایەن ڕاسپێردران بۆ پێڕاگەیشتن بەکێشەکە و بڕیاردرا بەویستی خەڵکی ناوچەکە ئەو کێشەیە بەلایەکدا بخرێ. لێژنەکە پاش گەڕان بەنێو خەڵکدا و ڕاپرسی لە ١٦ی ژووئیەی ١٩٢٥ ڕاپۆرتی خۆی دا بە لێپرسراوانی پێوەندیدار. لەو ڕاپۆرتەدا کە لەسەر ئێزەدییەکان کە نیشتەجێی قەزای سەنجارن نووسیبوویان: ئێزدییەکان باوەڕیان وایە لە جەننەتدا بەزمانی کوردی قسە دەکرێ. خوداوەندیش قورحانی بەزمانی کوردی ناردووەتە خوارێ، محەمەد (دخ) بە زمانی عەرەبی بڵاوی کردووەتەوە. ئەو هۆزە نوێژکردنیشیان بەزمانی کوردییە....

## کورد و پێکهاتەی کورد دوای ئیسلام تا ئەوڕۆ

هەندێک ڕۆهەڵاتناس بەهۆی هەندێک جیاوازیی زاراوەیی، لوڕەکانیان بەکورد دانەناوە. وێدەچێ ئەو ڕوانگە هەڵەیەش کاری کردبێتە سەر دانەرانی نەخشەی کوردستانی گەورە کە وەک دەبینین لوڕەکانیان لێ دەراویشتووە. بەڵام زۆر لە مێژوونووسان و مێژووزانان کوردبوونی ئەوانیان سەلماندووە و بەهۆی پێوەندیی ڕەگەزی و زمانەوانی و مێژوویی بە بەشێک لە نەتەوەی کوردیان داناون.

یاقووتی حەمەوی دەڵێ: لوڕەکان لە گەلانی کوردن کە لە ناوچەکانی نێوان خووزستان و ئیسفەهان دەژین و وڵاتەکەشیان ناوی لوڕستانی لەسەر دانراوە.

پرۆفسۆر محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ: لوڕەکان لە چوار هۆز پێکهاتوون: مامەسانی، کۆهگیلوویەیی، بەختیاری و لوڕی سەرەکی. ئاینی ڕەسمییان شیعەیە و بەشی هەرەزۆری هۆزی لەک – کە هیچ گومانێک لە کوردبوونیاندا نییە – «عەلی ئەڵلاهی»ن و تیرەکانی «سەگوەند و گەلەوەند و پاپی و بەدرایی»ش لە لایەنگرانی ئەو ئاینەن. بەڵام جیاوازیی باسکراوی زاراوەیی لە نێوان کورد و لوڕداو ئەوەی کە پێیان وایە چونکە زاراوەیان لە فارس نیزیکترە، دەبێ فارس بن، بە زۆر دەلیل ناتوانێ ڕاست بێ، چونکە:

یەکەم؛ چوارەمین لکی لوڕەکان کە لوڕی سەرەکین، زمانیان زۆرتر لە کوردی نیزیکە تا فارسی و بۆ خۆشیان خۆ بە کورد دەزانن.

دووەم؛ لە ساڵی ١٩١٦ کە بە ڕاسپاردەیەکی فەرمی چووبوومە لوڕستانی بچووک (پشتکووە)، لە مانەوەیەکی دە ڕۆژەدا لە بناری کەبری کووک (عاملە) بووم و لە زمان و ڕەگەزی لوڕەکانم دەکۆڵییەوە، زۆرتر بەزمانی کوردی لەگەڵیان دەدوام و

وتووێژەکەم بە هاسانی بۆ دەکراو ئەو جیاوازییەی لە زاراوەی لوڕەکان و ئی خەڵکی سلێمانیدا دیتم، هیچ زیاتر نەبوو لە ئی نێوان بادینانی و سلێمانی.

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی دوکتۆر فریچ، لوڕ لە کوردەکانی ئێرانن و کوردی ئێران لە زاراوەدا دووبەشن؛ ١- کوردی زمان، ٢- لوڕی زمان. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە بواری زاراوە و وشە و داو ونەریت و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکاندا پێوەندییەکی زۆر پتەو لە نێوانیاندا هەیە، وەها کە ڕۆهەڵاتناسانی بەناوبانگ و گەورەی وەک سێرجان مۆلکۆم، لووریە، هاسل و براون لە یەکبوونی کورد و لوڕدا گومانیان نییە و دانی پێدا دێنن.

(جەودەت پاشا) لە لاپەڕەی ٢٤٢ی جلدی یەکەمی مێژوویەکەیدا دەنوسێ: (لوڕ، بەختیاری و گۆران و لەک، هەموو لەگەلێکن و بنەچەکەیان لەگەلێکی ئێرانییە کە لە سەرزەمینی تەنگەی هورموزەوە تا مەرعەش و مەلاتیە بلاوبوونەوە و هۆزی زەندیش لەو گەلەن. بەتایبەتی بوونی جیاوازییەکی کەم و زۆر لە وشە و لەکەکانیدا ناتوانێ دوولکی نەتەوەیەک لێک دابڕێ، چونکە ئەو جیاوازییە لە وشەدا لە نێوان گەلێک، تەنانەت لە ناوچەیەکیشدا، دێتە بەرچاو).

ئەوە بێگومان ڕاستە و لەناو ڕۆڵەکانی هەموو نەتەوەکانی جیهاندا ئەو جیاوازییانە دەکەونە بەرچاو کە لە بەشی زماندا دەچینەوە سەری. بەلام لێرەدا پێویستە ئاماژە بکرێ بە کارتێکەرێکی گرینگ لە زیاترکردنی ئەو جیاوازیی وشەییە لە کوردستاندا، کە ئەویش سروشتی ئەو سەرزەمینەیە. نیزیک بەهەمووی ولاتەکەمان کوێستانییە و دۆڵی قووڵ قووڵ، ئەو کوێستانەیان دابڕدابڕ کردووە. ئەو دۆخە سروشتییە تێکەلاوی و هاتوچۆی لە نێوان بەشەکانی ئەو سەرزەمینە زۆر ئاستەم کردووە و ئەوەش تاڕادەیەکی زۆر کاری کردووەتە سەر شێوە ئاخافتنیان و بۆتە کۆسپێکی گەورە لە سەر ڕێگەی لێک نیزیکبوونەوە و تێکەلاویی زاراوەکان. زۆر گەل و نەتەوەی تریش هەر لە نیزیک ناوچەکەی خۆماندا هەن کە هەرچەند سروشتی وا ئاستەم و دابڕاویی سروشتیی ئاوا دژوار، پێشی بە پێوەندی و تێکەلاوییان نەگرتووە، هێشتا زۆر جیاوازی لە نێوان زاراوەکانیاندا هەیە. بۆ وێنە عەرەبێکی میسری بە ژن هێنان دەڵێ (گوز) بەلام ئی عێراق دەوڵێن (زوج) یا وەک دەزانین پیتی (گ) لە عەرەبیدا نییە بەلام میسرییان بە (جواد) دەڵێن (گواد) و... لەسەر ئەو بابەتە زۆرتر لە بەشی زماندا دەدوێین.

## کوردان ئێستا لە کوێ بەشێوەی کۆمەڵی یەکپارچە دەژین؟

١- لە ئێران بێجگە لەو شار و ناوچانەی لەسەر کوردستان ناومان بردن، پازووکییەکان لە تاران، نەچناوەندییەکان و پاوەنورەکان و زەفرانلی لە خوراسان - کە بەشی زۆی شارێک و زیاتر لە ٧٠٠ گوندیان داگرتووە - هۆزی (جوزەکا) لە هەمەدان، هۆزەکانی (مەردانلوو) لە مازەندەران، (شوانکارە) لە فارس و هۆزی حەمبەربۆ (انباربو) و چەند بەشێک لە هۆزەکانی لەک لە ئەراک (عەراقی عەجەم) و لەنێوان قەزوێن و گێلانیش هۆزی (عومەرلوو) دەژین کە تیرەکانی (قرانلوو، شەمسەکانلوو، بەهادورلوو، شاکولانکوو، بەشانلوو) لەو هۆزەن. وەک دەڵێن، نادرشا ئەوانی لە خوراسانەوە بۆ وێ ڕاگوێستووە. بێجگە لەوانە لە کرمان و گێلان و خووزستان و قەهەستانیش کورد دەژین. لە گورجستان (ناوچەی ئەغسەغە)، قەرەباغی ئەرمەنستان - شاری لاچین لە قەرەباغ شارێکی کوردنشینە و شاری ئیرەوانیش دانیشتووانی کوردن - قەفقازیش هەندێک کورد دەژین، لە ناوچەی ئەلیزابێت پۆلیش کوردانی هۆزەکانی زەنگەزوور، جەوانشیر، جوبرائیل و ئارەش نیشتەجێن. لە ناوچەی بەلووچستان، هۆزی (براخۆی) نیشتەجێن، کە لە (کەلات) ڕا تا لاس بەلا بەدرێژایی ٢٥٠ مایل ڕاکشاوە. براخۆیەکان بۆ خۆیان دەبنە ٢ لک و ٥ تیرە؛ ١- سەراوان یا براخۆی سەروو، ٢- جاهلاوان یا (براخۆی خواروو) تیرەکانی برێتین لە: کامبەرانی، میروانی، گوورکناری، شوومالانی و قەلەندەرانی.

ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام لە جلدی یەکەم، لاپەڕەی ٦٣٠ دا لەبارەی ئەو هۆزە دەڵێ: (براخۆیەکانیش وەک بەلووچەکان لە حەلەب ڕا هاتوونەتە ئەو شوێنە..). بەسەرنجدان بەو ڕاستییە کە زۆربەی ناوەکانی ئەو ناوچەی کوردین، ئەو بۆچوونە وەڕاست دەگەڕێ و هەروەها ئاوا پێوەندیی نێوان کورد و بەلووچیش دەنوێنێ. بەپێی ئەو ئینساکلۆپیدیایە، کورد لە ناوچەی سەندی هیندووستانیش نیشتەجێن و شەرەفنامەش دەڵێ کوردی زەنگەنە لە ئەفغانستان زۆرتر لە ڕۆئاوای هەرات دەژین.

**ئاکام:**

کورد یەکێکە لە کۆنترین گەلانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و گەورەترین گەلی جیهانە کە تائێستاش هەر لە ژێردەستەییدا ماوەتەوە و نەیتوانیوە سەربەخۆیی خۆی وەدەست

بێنێ و ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ. ئەو گەلە زیاتر لە چل ملیۆنییەی ئاسیا، کە ڕووبەری خاکەکەی بەتەنێ لە خاکی بەریتانیا و هۆلەندا و بەلجیکا و سویس و دانیمارک گەورەترە، تەنانەت نوێنەرێکی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نییە، کە بتوانێ لە جیاتیانی بدوێ و لەسەری وەجواب بێ.

هەروەک لە سەرەتای ئەو بەشەدا باسمان کرد، بەتەواوی ڕوون نییە لە چ کاتێکەوە ئەو ناوەی ئێستا کەوتووەتە سەر گەلی کورد. لەسەر ناوی کورد و کاتی پەیدابوونیشی لە گۆڕەپانی مێژووی کوردستاندا بەداخەوە بەڵگەیەکمان لە کەسانێکەوە بەدەستەوە نییە کە توانیبیان ناوەکە بەدروستی و وەک خۆی بڵێن. ئەوەی ڕوونە کوردستانی ئێستا نیشتمانی گەلانێک بووە کە یەکەتیی مادەکانیان پێکهێناو دامەزراندنی دەوڵەتی گەوری ماد لە بانووی ئێراندا نێوان دووچۆمان و بەشێکی گەورەی لە ئاسیای بچووکیش گرتەوە. ئەو خۆگرتن و یەکبوونە بەهێزە تەنانەت هەندێک لە گەلانی تری ناوچەشی کێشایە ژێردەستەڵاتی خۆی و گرینگترین بەرهەمی بێجگە لە پێکهێنانی حکوومەتێکی بەهێزی گەلانی ئاریایی لە ناوچەکەدا، لەناوبردنی یەکجاریی ئاشوور بوو و بەلاّو وێرانکارییەکانی ئەو دەوڵەتەی بۆ هەمیشە لە کۆڵ گەلانی ئەوبەشەی جیهان کردەوە.

مێژووی هاتنی مادەکان بۆ ئەو وڵاتە بەڕوونی دیار نییە. هەندێک دەیبەنەوە بۆ ٦٠٠٠ ساڵ بەر لە زاین و ژمارەیەکیش کاتی کۆچەکەیان بۆ وێندەری بە ئی هەزارەی یەکەمی پ.ز. دەزانن، بەلاّم ڕوانگەی یەکەم زۆرتر وەڕاستی دەچێ و ڕەنگە ئەوانەی لەو کۆچەی دواییدا هاتوون، هەر بەشێک بووبن لە مادەکان. وێشدەچێ ماد تەنیا هۆزێک بووبن لە کوردەکان و پاش دامەزرانی حکوومەتی ماد، ناوەکەیان بەسەر گەلانی تری هاوڕەگەزیاندا بڕابێ.

ئاسەوارە مێژووییەکان باسی بوون و دەستەڵادارەتیی گەلی گووتی لە ناوچەکەدا دەکەن کە بۆ ماوەیەکی زۆر دەستەڵاتدارانی بابل و ئاشووریش بوون. ئەو گەلە لە بەڵگەنامەی مێژوویی نووسراوی تا ئەو سەردەمەدا بەناوی (گووش، گووتی، کووتی، کورتی و سیرتی) ناوبراوە، کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی ناوچەکە لەوان بوون. گەلانی تری کوردستانیش (لوولوو Lullu یا لوولووبیوومەکان (Lulubums، (گووتییان، کاسیتەکان، سووبارییان)، مادەکان، نایرییەکان، (کاردووخۆیەکان یا کاردۆکەکان، کورتییەکان، کوردووئێنەکان، میتانییەکان، ئوممان مانداکان Umman

Manda، کیمەرییەکان، سیتەکان و ئەماردی یا ئەمەردی) کە زۆر بەڵگەی مێژوویی هاوڕەگەزبوونیان دەسەلمێنن. سۆمەرییانیش - کە یەکەم دەوڵەتیان لە نێوان دووچۆمان دامەزراند و شارستانییەتێکی زۆر بەهێز و نووسین و خوێندەواری و یاسای نووسراویان داهێنا زۆر وێدەچێ هەر لە ڕەگەزی گووتییەکان بووبن، پاشانیش پاشماوەی عیلامییەکان دوای کوشتار و وێرانکاریی ئاشوور کە هەرچەندە لە ڕەگەزی ئاریا نەبوون، لەنێو کوردەکاندا ون بوون. تێکەڵبوون و لە ناویەکدا توانەوەی ئەوانەی لە سەرەوەدا باسمان کردن و هەندێک گەلی تری ناوچەکەش، نەتەوەی کوردی ئەوڕۆیان پێکهێناوە.

سەرچاوکانی بەشی یەکەم:

١- تاریخ ریشهء نژادی کرد احسان نوری ١٣٣٣ شمسی چاپخانه سپهر،
٢- تاریخ ماد، م.ا. دیاکونوف، ترجمهء کریم کشاورز، تهران،
٣- تاریخ ایران ازآغاز تا انقراض قاجاریه، تألیف حسن پیرنیا عباس اقبال، چاپ هشتم، پائیز١٣٧٦، انتشارات خیام، ص١٤٢ - ١٤٥
٤- کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او،
٥- سرزمین جاوید، ماریژان موله، هرتز فلد، گیرشمن، ترجمه و اقتباس ذبیح الله منصوری
٦- تحقیقی تاریخی دربارهء کرد و کردستان، پروفسۆر محمد امین زکی، ترجمه و توضیح حبیب الله تابانی، انتشارات آیدین، ١٣٧٧
٧- فەرهەنگی کوردستان، گیوی موکریانی، چاپی گوڵان، ص٤،
٨- مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، پێشەکی،
٩- کوردستان و کورد، دوکتۆر عبدالرحمن قاسملو، وەرگێڕ بۆ کوردی عبدالله حسن زادە، ١٩٧٣، لاپەڕە ١٢و ٣٨و٣٩

بەشی دووەم

# کورتەیەک لە جوگرافیای کوردستان

**أ- كوردستان پێش مێژوو:**

لە كاتێكدا بەشی زۆری ئەوروپا بە كۆمای گەورەی بەفر و سەهۆڵ داپۆشرابوو، كوردستان وەک بەشێک لە بانووی ئێران، بەچاخی باراندا تێدەپەڕی. لەو چاخەدا تەنانەت زۆر شوێنی بەرزیش لەژێر ئاودابوون. پاشماوەی زیندەوەرانی وەک ماسی و سەدەف و... كە بوون بە بەرد، لە دۆڵی بەرزی كێوەكانیش دۆزراونەوە و دۆخی سروشتیی ئەو سەرزەمینە لە نێوان ١٠ تا ١٥ هەزار ساڵ (پ.ز) نیشان دەدەن. وردەوردە ئاووهەوا دەستی كرد بەگۆڕان و (چاخی وشكارۆ) جێگەی (چاخی باران)ی گرتەوە كە هێشتاش هەر بەردەوامە. بەدەست پێكردنی چاخی وشكارۆ ئاو لە بەرزاییەكان وردەوردە كشایەوە و كێو و دۆڵ و دەشتەكان وەدەركەوتن. كەش و ئاووهەوای لەبار دەشت و كێوی بە جەنگەڵ و شیناورد داپۆشی، مرۆڤیش لەبەر قەدی كێوەكان و بن بەردان زەویی هەڵقەند و بەدار و چیلكە و چاڵ داپۆشی و پەنایەكی بۆ تێدا ژیان لێ ساز كرد. سروشتی تایبەتی و لە باری كوردستان بۆ ئاژەڵداری و كشتوكاڵ، ئەو بەشەی وڵاتی ئاریا لە بەشەكانی تری بانووی ئێران جیا دەكاتەوە. كشتوكاڵ و بەخێوكردنی ئاژەڵ، بەتایبەتی بەخێوكردنی ئەسپ، بوو بە سەرچاوەیەكی گەورەی كۆبوونەوەی سامان لەو ناوچەیدا، كە بوو بەهۆی چاوتێوەبوونی دراوسێكانی. هەڵكەوتنی لەسەر ڕێگەی نێوان ڕۆهەڵات و ڕۆئاواش تایبەتمەندی و گرینگییەكی تایبەتی ستراتجیكیی دابوو بەو ناوچەیە.

ئەو ڕێگەیەی لە نێوان دووچۆمان ڕا دەهاتە بانووی ئێران، بە (سلووكیەدا دەهات) كە لە نیزیک بەغدای ئێستا هەڵ كەوتبوو. لە دیجلە دەپەڕییەوە بە دۆڵی دیالەدا دەڕۆیی و دەگەیشتە (ئارتی میتا) لە نیزیک (قزڵ ڕوبات)ی ئێستا و پاشان دەچووە (شالا) لە ئاقاری حولوان (قەڵایەک بوو لە كوێستانەكانی كوردستان لە نیزیک كەركووک). لێرەڕا وەسەركەوتن بۆ بانووی ئێران دەستی پێ دەكرد. ئەو ڕێگەیە پاش تێپەڕین بە كێوەكانی زاگرۆس و كامبادێن (لای كرماشانی ئێستا)دا دەچووە ناو دۆڵی بەرزی كەرخە و پاش تێپەڕین بە كەنگاوەر (كۆنگباری كۆن) دا، دەگەیشتە

هەمەدان و لەوێش ڕا بەهۆی چەند ڕێگە دەگەیشتەوە شووش و شارەکانی تر. کوردستان هەمیشە پردێک بووە کە ڕۆئاوای بە ڕۆهەڵات بەستووەتەوە و لە سەردەمی کۆندا تەنیا ڕێگەی ئەو پێوەندییە بووە و زۆرگەل و ڕەگەزی گەیاندوونەوە یەک. ئەو تایبەتمەندییە گرینگییەکی وەهای ستراتێجیکیی داوەتێ کە بۆتە یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی مرخ لێ خۆشکردنی دراوسێکانی و هەوڵدانیان بۆ داگیرکردنی.

کوردستانی کۆن لەو وڵاتانە پێکهاتووە کە لە دێرزەمانەوە کورد یا باشتر بڵێم باپیرانی کوردی تێدا نیشتەجێ بوونە. ئەو شوێنە بەشێکە لەو وڵاتەی ئارییاییەکان پاش کۆچە مێژووییەکەیان بۆ ئاسیا لێی دامەزران، کە لە سەرچاوەی زێی گەورە ڕا تا دەریای کاسپین و لەوێشەوە تا کەنداوی فارس ڕاکشاوە. لە ڕۆهەڵاتیشەوە دەگاتە کێوی دەماوەند و لە ڕۆئاواش خۆ لە دەریای ڕەش و دەریای سپیی ناوەڕاست (مێدیتەرانە) دەدا.

دەریای کاسپی کە ئێستا لە ئێران پێی دەڵێن دەریای خەزەر، لەناو ڕۆئاواییەکاندا هەر بەناوی خۆی ماوەتەوە و پێی دەڵێن Caspian sea. عەرەبەکان کاتێک گەیشتنە ئەو شوێنە، وەک زۆرشتی تری ناوچەکە ناویان گۆڕی و چونکە یەکەم جار لەو شوێنە تووشی گەلی تورک ڕەگەزی (خەزەر) بوون، ناوی (خەزەر)یان لەسەر داناوە. فارسەکانیش وەک دوای ئیسلام لەناویاندا باو بووە، بە لاسا کردنەوەی عەرەبەکان ناوە ئارییاییەکەیان لەسەر وەلا بردووە و وای پێ دەڵێن. ئێمە ئەو هەڵەیە لەو کتێبەدا ڕاست دەکەینەوە و ناوەکەی خۆی دێنین.

**ب- کوردستان پێش ئیسلام:**

کۆنترین بەڵگەی مێژوویی لەسەر کۆچی ئارییاییەکان، کتێبی پیرۆزی ئاوێستایە. کە ئی نیزیکەی ٦٥٠٠ ساڵ پێش زاینە. بەپێی گێڕانەوەی سەرەتای وەندیدادی ئاوێستا، ئەهورامەزدا سەرزەمینی ئاریاویج (Arya Vej)ی لە باشترین جێگەکان ئافراند. بەڵام ئەهریمەن لە دژی هەستاوە سەرمایەکی زۆرتوند لەو وڵاتە پەیدابوو و چونکە بەهۆی سەرمای سەخت و زۆریی خەڵک، دانیشتن لەو شوێنە زۆر ناخۆش و ئاستەم بوو، شار و شوێنی جوانی تری پێکهێنان. بەپێی ناوەڕۆکی ئەو کتێبە لە حەوت وڵاتی ئێراندا شازدە ناوچە ساز بوو، کە بەشێکی خاکی کوردستان پێکدێنێ.

ئەو ناوچانەی لە ناوەڕۆکی ئاوێستادا هاتوون، تا ئەو جێگەیەی لێکۆڵینەوەکانی مێژوویی ڕوونیان کردووەتەوە، ئەوانەن:

١- ئاریاویچ هەڵکەوتوو لەلای ڕۆئاوایی دەریای کاسپی بریتییە لە قەفقاز و بەشی سەرووی ئازەربایجانی ئێستای ئێران، ناوچەی ناوبراو لەلای ڕۆهەڵات خۆ لە دەریای قەزوین (کاسپین یا خەزەر یا مازەندەرانی ئێستا) دەدا. لە ڕۆهەڵات دەگاتە دەریای ڕەش و درێژاییەکە دەگاتە ١٥٠٠ کیلۆمەتر.

٢- سەرزەمینی ڕەنگها(Ranha)، بەپێی بەندی بیستی بابی یەکەمی وەندیداد، شازدەمین وڵات کە ئەهورا مەزدا بۆ نیشتەجێبوونی ئاریاکان ئاڤراندی، سەرزەمینی ڕەنگها بوو کە شوێنەکەی لە سەرچاوەی چۆمی ڕەنگهایە. چۆمی ڕەنگها کۆنترین چۆمی قەفقازی ئێستایە. لە ڕۆهەڵاتەوە بۆ باشوور دەڕواو تێکەڵ چۆمی ئاراس دەبێتەوە و ئێستا ناوەکەی (زەنگا)یە. چۆمی (زەنگا) یا (زەنها) چۆمێکی کۆنە کە وەک چۆمی (ئاراس) ڕێگەی خۆی نەگۆڕیوە. زانایانی (شوورەویی کۆن) لێکۆڵینەوەی بەنرخیان لەسەر ئەو چۆمە کردوون و شتی بەکەلکیان لێ دیتووەتەوە. مۆن گێیت دەڵێ: لە نیزیک ئێرەوان و لێواری ڕۆژئاوای چۆمی (زەنگا) ئاسەوارێک دۆزراوەتەوە کە ئی نیشتەجێیانی سێهەزارساڵ پێش زاینە لەو ناوچەیدا.

٣- بەلخ یا باختەر، لە ئاوێستادا بە (Bakhti) هاتووە. پاشان بۆتە باختەر و بە قەولی دهالز بۆتە بەلخ. لە ئاوێستادا بۆ ئەو شارە دوو پەسن هاتووە: (من ئاهورا مەدا چوارەمین وڵاتێک کە سازم کرد، بەلخی جوانە بەئالای دە هەڵکراو). ئەو سەرزەمینە لە ڕاستیدا ئەو بەلخەی لای خاپوورە نەک بەلخی ئەفغانستان.

وەک لە پێشەکیدا باسم کرد: ڕاستییەکەی ئەوەیە بەلخێکیش لەلای ڕۆژئاوا هەیە کە سپایزێر دەڵێ لە نیزیک خاپوورە و بەشێک بووە لە نیشتمانی میتانییەکان، کە گەلێکی بەهێزی کورد بوون. سەرنج بدەنە ئەو باسە لە سەر ڕوانگەی سپایزێر و گێڕانەوەی کەتزیاس لە باسی کەیانییاندا.

٤- وڵاتی نیسایە: لە یەکەم بەشی وەندیداد هاتووە (پێنجەمین وڵاتێک کە سازم کرد، نیسایە لە نێوان مەروو بەلخ). ئەو نیسایە دەبێ هەر ئەو دەشتە بێ کە شوێنی

ڕەوە ئەسپەکانی میری بووە. ئەو دەشتە کە پێشتر باسمان کردووە، شوێنێکی بژوێن و لە وەرگەیەکی پڕگیا بووە بۆ بەخێوکردنی ئەسپ و ئاژەڵ کە هەروەک دەزانین، ئەوانە بەرهەم و سامانی سەرەکیی مادەکان بوون. کۆنینەناسانی شووروەوی شوێنی نیسایەکیان لە نێوان مەروو بەلخ دیتووەتەوە و دەڵێن ئەو نیسایە هەر سەرزەمینی سەرەکیی ئەشکانییان بووە. بەڵام ئەو هەڵەیەش لەوەیڕا هاتوو کە لەژێر کارتێکردنی نووسراوەکانی ئەشکانییان، ڕووی کەیانییان بەپێچەوانەی ڕاستی لە ڕۆژئاوا ڕا بەرەو ڕۆهەڵات وەرگەڕاوە. لە بەشی (کورد لە چیرۆک و دین و ئەفسانەدا) باسی ئەو بابەتە کراوە.

نیسا سەرزەمینێکی بەربڵاوە لە کرماشان، کە ئێستا ماهیدەشتی پێ دەڵێن و ناوەندی بەخێوکردنی ئەسپ بووە. ئەو شوێنە بێجگە لەوەی کە ناوەندی بەخێوکردنی ئەسپەکانی پادشایی بووە، جێگەیەکی بەربڵاویش بووە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵی گیاخۆر. لە سەردەمی پادشایەتیی مادەکان و پاشانیش ئی هەخامەنشی و دوایەش ئەشکانی و ساسانییەکاندا و پاش ئیلامیش هەروا ئەسپی لێ بەخێو کراوە، بەڵام لە سەردەمی عەبباسییاندا ناویان کردە (مرجع القلعة)، واتە (قەڵای لەوەڕگە). ئەو ناوە وەرگێڕاوی دوو وشەیە کە لە بەردەنووسی داریووش لە بێستووندا هاتوون، کە باسی قەڵای (سکیە هووتی) دەکا، کە لە نیسای وڵاتی ماد هەڵکەوتووە. ئەو قەڵایە تا ئەو دواییانە ناوی (هاڕوون ئاوا) بوو و ئێستا بووەتە شاە ئاباد.

(موون گێیت) دەنووسێ: لە باشووری کۆماری تورکمەنستانی ئێستا، نیزیک خیزەڵانی (قەرەقووروم)، لە داوێنەکانی کێوی کۆپێت داغ (Kopet dag) و لە نیزیک شارۆچکەی باقر (Baguir) لە هەژدە کیلۆمەتریی باکوری ڕۆهەڵاتی شاری (عیشقاباد)، وێرانەی دوو شاری کۆن و تازەی نیسا هەن. ئۆمستێد (Olmstead)ی زانای ئەمەریکایی دەڵێ: بانووی بەرزی (پارتیا) یا (پارتاوا) لە باشووری (هیرکانی) یا (گورگان) هەڵکەوتووە. لە ڕۆهەڵات بۆ (هەراوا) یا (هەرات) - کە ناوی خۆی لە چۆمی هەری وەرگرتووە - درێژ دەبێتەوە و (پارت) لەگەڵ (هیرکانی) قەڵەمڕەوی ویشتاسبی کەیانی بووە، بەڵام ئەوەش هەر وەک لەسەرەوە باسمان کرد بۆچوونێکی هەڵەیە و گەشتاسبیش وەک شایەکانی تری کەیانی ئی ڕۆئاوا بووە نەک ئی ڕۆهەڵاتی ئێران.

٥- سەرزەمینی (ئۆورڤا) لە بەندی یازدەی بابی یەکەمی وەندیداد وا هاتووە:

(هەشتەمین وڵات کە ئاهورا مەزدا بۆ لێ دانیشتنی ئێرانییان ئاڤراندی، سەرزەمینی ئۆورڤا (Ourva)یە لە ئاوێستادا بۆ ئەو وڵاتە کۆنە تایبەتمەندییەک نەهاتووە). دارمستر بەکەڵک وەرگرتن لە بەندەهێش - کتێبی ساسانییان - (ئۆورڤا) یا (ئۆورغانج) هەر بەو (میشان)ە دەزانێ کە لە لێواری دیجلەیە. ئەو ڕوانگەیە زۆرتر لە ڕاستی نیزیکە، بەڵام ئەو شارە دەبێ هەر ئوورفای ئێستا بێ لە کوردستانی بەردەستی تورکیا. لە دەوروبەری دیجلە سێ شاری (ساریز) و (ستالسکا) و (پنیاکا) کە فێنکی ئێستایە. زانایانی شەورەوی دیسانیش لەسەر ئەو بابەتە بەهەڵە چوون و لە لێکۆڵینەوەکانیاندا وێرانەکانی شاری (ئۆورغانج)ی پێتەختی خارەزمیان دۆزیوەتەوە، کە پێیان وایە (ئۆورڤا) هەر ئەو (ئۆورغانج)ەی پێتەختی خارەزمە و لەبەر گرینگ بوونی پێتەخت بە وڵاتیان ناو هێناوە. ئەو شارە لە سەردەمی کەیانییانیشدا لە بەردەستی ئێرانییاندابووە.

٦- ئەو سەر زەمینانەی تری لە ئاوێستادا هاتوون کە کوردستان دەگرنەوە، بریتین لە هیرکانی یا گورگان، ڕەی یا ڕاگا، وەرنە یا گیلان،

هەروەک دەبینین شوێنەکانی ناو ئاوێستا بەڕوونی دیاری نەکراون. مێژوونووسان هەر بەگومان و وێچواندن تاڕادەیەک دیارییان کردوون. بۆ وێنە لە بابەتەکانی ١٤٣ - ١٤٤ی فەروەردین پەشت لە وڵاتی ئێران و تووران و سەلم و سائین ناو براوە کە بەپێی نووسراوەی کتێبی (مزدیسنا پشتها) وڵاتی سائین و داهی هێشتا بەوردی دیاری نەکراون.

(برۆس) مێژوونووسی کلدانی نووسیویەتی گووروش لەگەڵ قەومی داهی بەشەڕ هات و کوژرا (دەها، داهی) قەومی سەکایی بوون و لە نیزیک گورگان دەژیان. دوو شاری کۆن لە کوردستان هەن کە یەکیان سائین قەڵاو ئەوی تریان دهۆکە. ئەوانە وێدەچێ یادگاری تایفەکانی سائین و داهەبن.

(ئارمەن) نووسەری یۆنانی لە سەدەی یەکەمی (پ.ز)ش سوارانی تیرهاوێژی داهەی لەنێو لەشکری داریووشی سێیەم لە شەڕ لەگەڵ ئەسکەندەر نیشان دەدا. بەشێک لە لەشکری ئەشکانییەکانیش هەر لەو داهەیانە بوونە. وەک هێرۆدۆت دەڵێ ناوی یەکێک لە هۆزەکانی پارسەکان دائین بووە. لەسەر ئەو هەڵەی هێرۆدۆتیش دەبێ لێرەدا ئاماژە بەوەی بکەینەوە کە ناوبراویش وەک هەندێک لە یۆنانییان، بەهەڵە

بەشێک لە مادەکانیان بە پارس ناوبردوون، کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێکراوە. هەندێک لێکۆڵەرەوە ئەوانە بەو سەکایانە دەزانن کە هۆزێک لەوان لە لێوارەکانی دەریای کاسپی بوون بەناوی داهە. ئەوە راستە و نیشانەیەکیشە بۆ سەلماندنی پێوەندیی هۆزەکانی سائین و داهە بە (وڵاتی سائین و داهی)ی (مزدیسنا پشتها)وە.

ناوچەکانی لای دەریای ڕەش لە سەردەمی زۆر کۆنەوە شوێنی نیشتەجێبوونی گەلانی ئاریایی بوونە. ئەو ناوچانە پێش مێژوو ڕێڕەوی گەلانی ئاریایی بوونە و هۆزەکانی کاسایی و سەرمەتی لە شوێنەکانی لای ڕۆهەڵات و باکوری دەریای ڕەش نیشتەجێ بوونە و هێشتاش پاشماوەی ئەو گەلە ئارياييیانە لە چوارچێوەی هۆزی (ئۆسێتە Osséte)دا کە هەر (ئاس)ەکانی کۆنی مێژووین، لەو دەڤەرە دەژین و دەستەیەکی گەورە لەوان خۆیان بە ئیرونی یا ئێرانی ناودەبەن و وڵاتەکەیان ناوی (ئا رستان)ە، واتە شوێنی ئاریاییيان. گەلانی ئاریایی ناوی ئاریاییيان داوەتە زۆر شوێنی ئەو ناوچەی. یەکێک لەو ناوانە ناوی دەریای ڕەشە، کە ڕیشەکەی ئێرانییە. ناوی ئەو دەریایە لە نووسراوەکانی (ئووریپید Euripide – 480ی پ.ز) و (سترابۆن 62- Strabon)ی پ.ز و (پندار Pindar– 438ی پ.ز) بە (پۆنتۆس ئەخێینۆس Pontos axeinos) هاتووە. (پۆنتۆس Pontos) بە یۆنانی واتە دەریا، بەڵام وشەی دووەم واتە ئەخێینۆس axeinos هەر وشەی (ئاوێستایی)ی (ئەخشەئێنە Ax aéna) یە کە ئاوای لێ هاتووە. ئەو وشەیە لە دوو بەش پێکهاتووە. پێشگری نەرێنیی ئە (a) واتە (نا) و وشەی (خشەئێنە xaéna) کە وێنەیەکی ترە لە وشەی (خشەئێتە xaéta) واتە (ڕوون) کە لەسەر یەک دەبێتە دەریای ناڕوون یا شلوێ.

زۆر ناوی ڕووبارەکانی دەوری ئەو دەریایەش بناغەی ئاریاییيان هەیە، گەورەترینیشیان دانوویە، کە لە جەنگەڵی ڕەش سەرچاوە وەردەگرێ. لە ئاڵمان Do-nau، لە چێکوسلۆواکی Dunay، لە بولغارستان و یووگوسلاوی Dun^v، لە هێنگری (مەجارستان) Dunaی پێ دەڵێن و هەموو ئەو ناوانە لە بنەمای وشەی دنوو Dnu (واتە چۆم)ی ئاوێستا ڕا هاتوون. ئەو چۆمە پاش تێپەڕین بەو وڵاتانەدا دەڕژێتە دەریای ڕەش. ناوچەی تەنگەبەری کێرچ Kertch (کە دەریای ئازووف بە دەریای ڕەشەوە دەبەستێتەوە، شارێکی لە تەنیشت بووە کە لە چاخی کۆندا، ناوی (پەنتی کەپی Pantikapei) یا Pantikapation بووە و چۆمی Sula یا Psol ی ئێستاش لەو

کاتەدا هەر بەوناوە بووە. پەنتی (Penti) لە ئاوێستادا واتە ڕێگە و کەپە (Kappa) لە ئاوێستادا بە ماسی کوتراوە.

بەداخەوە وەک هەموو بوارەکانی تری ژیانی کوردەکان، لەبواری کۆنینەناسی و کۆڵینەوە بۆ ئاسەواری کۆنی کورد، لە خاکی کوردستاندا زۆر کەم کار کراوە. هێشتا زۆر جێگەی وڵاتی کوردان لەو بوارەدا دەستی لێ نەدراوەو دەوڵەتانی داگیرکەر، لە ترسی وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی لەنێو کورداندا، بێدەنگەیان لێراکردووە، یا ئەگەر کارێکی کەمیش کرابێ زۆرتر لە پێوەندی لەگەڵ ڕابردووی نەتەوەی فەرمانڕەواو گەورەترکردنەوەی شانازیی ڕابردوویان و پەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتیی داگیرکەرانی کوردستاندا بووە. هەندێک لەو بەڵگەنامانەی لەسەر کوردستان دواون ئەوانەن:

١- (توورۆ دانژن) دوو بەردەنووسی لە کۆمەڵەی (ئێئۆریۆلۆژی)دا دیون کە ئی ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز بوون، کە باسی سەرزەمینێک دەکەن بەناوی (کاردا- کا) کە لە باشووری گۆلی وانە و نیشتمانی گەلێک بووە بەناوی (سوو Su). شەرەفخانیش کە خەڵکی ناوچەکەیە لە کتێبی شەرەفنامەدا دەڵێ: ئەو شوێنە قەڵایەکی کۆنی لێیە بەناوی (سووی Suy).

٢- (تیگلات پیلێسێر Tiglath pileser) کە لە نێوان ١٠٩٨ - ١٠٦٨ی (پ.ز)دا پادشای ئاشوور بووە لەگەڵ گەلێک بەناوی (کوورتی Kurti) بەشەڕ هاتووە و بەدەستیان تێشکاوە. ئەو شەڕە لە کێوەکانی (ئازوو Azu) ڕووی داوە کە نیشتمانی ئەو گەلە بووە. (درایوێر Driver) پێیوایە کوێستانی (ئازیی) هەر کوێستانی ساسۆنی ئەوڕۆیە.

٣- هێرۆدۆت لە سەدەی پێنجەمی پ.ز باسی وڵاتێک بەناوی (بوختەویخ) دەکا لەسەر وڵاتی هەخامەنشییان بووەو دوایە خراوەتە سەر ئەرمەنستان. ژمارەیەک لە ڕۆهەڵاتناسان (بووختە) هەر بە (بۆتان) (بۆختان یا بۆهتان) دەزانن.

٤- گەزەنفۆن لە کتێبی گەڕانەوەی ١٠٠٠٠کەسەکە کە لە ساڵی ٤٠١ - ٤٠٠ی پ.ز ڕووی داوە، باسی گەلێک دەکا بەناوی (کاردۆک) و دەڵێ سەرزەمینی ئەو هۆزە تا (بۆهتان) ڕاکشاوە. ئەو پێی وایە گەلی کاردووشۆی نە سەر وە ئێران بووە و نەبەحکوومەتی ئەرمەنستان. بەڵکو لە سەدەی یەکەمی (پ.ز)، وڵاتی (کوردووئێن)

بەدەستی (تیکرانی دووەم )داگیرکراوە فەرمانڕەوای ناوچەکە کە ناوی (زاربیوونووس Zarbunus) بووە، لە ئاکامدا کوژراوە.

٥- زانایانی عەرەب و ئەرمەنی، باسی سێ شاری وڵاتی (کاردۆ یا کوردووئێن)، (ساریزا Sariza) و (ستالکا Staalka) و (پیناکا Pinaka) یا (فینیگ)یان کردووە، لە لێواری دیجلە و لەناو خاکی واندا بوونە.

٦- (تیگران پلە سەری دووەمی) پادشای ئاشوور لە ساڵی ٧٢٣ی (پ.ز)، هێرشی کردووەتە سەر خالدییەکان و تا وان (تووشپا یا پوورسیپا یا قوورشپا) چووەتە پێش.

٧- لە جوگرافیای ئەرمەنیدا لە سەدەی حەوتەمی زاینی، هەندێک بابەت لەمەڕ سەرزەمینێک بەناوی (کورچیخ Korcekh) نووسراون. وەک نووسەری کتێبی ئەرمەنستان (ئەدوەنتس Advents) پێی وایە و وشەی (کورچخ) لە (کورتیچ – تج) ڕا هاتووە کە بەمانای کوردە و لە سەردەمی (فووستیووس، بیزانتیووس) واتە سەدەی چوارەمی (پ.ز) بەوڵاتێک کوتراوە لە نیزیک سەلماس بووە و پاشان پەرەی ئەستاندووە و لە جوولەمێرگ ڕا تا جزیرەی ئیبنو عومەری داگرتووە.

مینوورسکی دەڵێ: لە یەکەم سەدەکانی زاینیدا سەلماس ناوچەیەکی سەربەخۆ بووە و ئەرمەنییەکان پێیان وتووە (کورتچیا) بەمانای (کوردستان)

٨- (ئەناسێری پێنجەم)ی پادشای ئاشوور (٨٢٣ –٨١٠ی پ.ز) بەردەنووسێکی لە پاش بەجێ ماوە کە باسی هاتنی هۆزێکی هیندۆئەورووپایی بەناوی (ماد Meds) بۆ ناوچەی کوردستانی ڕۆهەڵات دەکا، کە بوونە مەترسییەکی بەردەوام بۆ شای ئاشوور.

٩- مستر هۆل لە لاپەڕەی ٤٥٦ی مێژووی ڕۆهەڵاتدا دەنووسێ: (ئەداد نیراری) پادشای ئاشووری لە ساڵی (٨١٢ی پ.ز) باسی تەمێکردنی هۆزەکانی کورد دەکا.

تا ئەو جێگەیەی لە بەڵگەنامە مێژووییەکانی لەمەڕ کوردستان ڕا دەرکەوتووە، ئەو سەرزەمینانەی نیشتمانی کوردان بوون، بریتین لەو ناوچانە :

یەکەم – کوردووئێن: لە سەرچاوەکانی زێی گەورە و دیجلە ڕا دەست پێ دەکا تا باشووری گۆلی وان. سنوورەکەی لە باکور گۆلی وان، لە باشوور وڵاتی ئاشوور و

ڕۆهەڵاتەکەشی ئەرمەنستان بووە.

ئـ – کارداکا کە نیشتمانی گەلی سوو (Su) بووە و ئێستاش قەڵایەک بەناوی سوویSuy لێیە.

ب– کێوەکانی ئازوو (Azu) یا ساسۆنی ئێستا، کە بەشێک بووە لە شوێنی کورتییەکان (Kurttie)،

پ– بوختە (بۆتان): شوێنی کاردووکەکان کە گەزەنفۆن لە گەڕانەوەیدا تووشی شەڕیان بووە.

ت– وڵاتی خالدی (Khaldi) یا ئوورارتۆ. ئەو خالدییانەمان نابێ لەگەڵ کەلدانییان (Kaldans) لێ تێکچێ.

ج– نەهری یا نایری (Nairi) کە لەژێر دەستەڵاتی ئوورارتۆدا بوو.

چ– لە کاپادووکیە (Kapadukia)، (ئاراپخا Arrapkha) یا کەرکووک و (ئووربیلووم Urbilum) یا هەولێر،

دووەم – لە ڕۆژئاوا وڵاتی مووشکییەکان، مووشی ئێستا.

سێیەم – ڕۆهەڵاتی کوردستان: نیشتمانی مادەکان و مانناییەکان،

چوارەم – بەشێکی وڵاتی عیلام،

کێوەکانی ئەلبورز لە باکوری ئەو سەرزەمینە، وەک زنجیرێک لەلای ڕۆژئاواڕا لە کێوەکانی ئەرمەنستان جوێ دەبنەوە و لە باشووری دەریای کاسپی، کێوی (بابا) دەیان لکێنێتەوە بەکێوی (هیندووکۆه) و ئەویش دەیانگەیێنێتەوە (هیمالیا) کە بەرزترین کێوی جیهانە. کێوی (سەهۆڵان) (سەبەلان) لە نیزیک (تاران و ئازەربایجان) یەکێکە لە کێوەکانی ئەو زنجیرەی کە لە سەردەمی کۆندا گڕکانی بووە، بەڵام زۆر لەمێژە خامۆشە. لەلای ڕۆژئاواش زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس هەڵکەوتووە، کە لە باکورەوە بۆ باشوور ڕاکشاون.

مادی کۆن ئەو سەرزەمینانەی دەگرتەوە کە لە باکورەوە دەگاتە چۆمی (ئاراز) و لووتکەکانی (ئەلبورز) لە باشووری دەریای کاسپی و لە ڕۆهەڵات دەگەیشتە شۆرەکاتی دەشتی کەویر و لە ڕۆژئاواو باشوور زنجیرە کێوەکانی زاگرۆسی دەگرتەوە. ئەو زەمینانە لەباری جوگرافیایی و مێژووییش دەبوونە ٣ بەش:

یەکەم – بەشی ڕۆژئاوایی یا (مادی ئاترۆپاتێن)، لە باکورەوە لە چۆمی ئارازەوە

ڕاکشـاوه تا کێـوی ئەلوەند لە باشـوور. لە ناوچەی گۆلی ورمێ و چۆمی جـغـەتوو و وردەچۆمی تری دەگـرتنەوه کـه دەڕژانە گـۆلی ناوبراو. هـەروەها نـاوچەی دۆڵی قـزلّ ئووزوون (سـپـیـەچۆم)ی دەگـرتەوه کـه کـێـوی ئـەلبـورزی دەبڕی و لە نیـزیک شـاری ڕەشـتی ئێـسـتـا دەڕژایە دەریای قـەزوێنەوه. ئەو ناوچەیە ئێـسـتـا ئازەربـایـجـان و کوردسـتانی بەردەستی ئێران دەگرێتەوه، بە زنجیرە کێوێک لە باکور بۆ بـاشوور یا لـه باکــوری ڕۆئـاوا بۆ بـاشـــووری ڕۆهـەڵات داپۆشـــراوه. بەشـی ڕۆهەڵاتـی مـــادی ئاترۆپـاتێن بە زنجـیـره کـێـوێکی پێکهـاتوو لە چەند زنجـیـرەی تەریب بە پانـایی تا نیـزیکەی ٢٠٠ کیلـۆمـەتر داپۆشـراوه کە تێکرا بـه زنجیرەی زاگـرۆس بەنێـوبانگن. دۆڵەکانی ئەو زنجیره چیایانه پڕن لە چۆمی پڕئاو کە هـەرگیز ئیشک نابن. زۆر لەو دۆڵانه تێکەڵ دەبنەوه. ئـەو دۆڵانە زۆر تەنگەبەرن و هـاتوچۆ بەنـاویاندا زۆر ئاسـتـەمـە. ئەو کێوانه لە سەردەمی کۆندا بەجەنگەڵ داپۆشرابوون. ئێستاش بەشێکی زۆری ئەو کێـوانه جەنگەڵیـان پێوه مـاوه. بەفری زسـتانیش گرفـتی زیاتر بۆ هـاتوچۆ سـاز دەکا. بەرزایی ئەو زنجـیره کێوانە لە نێـوان ٢٠٠٠ تا ٢٥٠٠ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوەیە. بەرزترین لووتکەکـانی ئەو زنجـیره کـێـوانه ئـەوانەن: (قـەنـدیل) لە سنووری ئێـران و عـێـراق لە زنجـیـرەی (زاگـرۆس) بە بەرزایـی ٣٤٠٠ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوه، (کـامکه) لە زنجیرەی (قـەرەداغ) لە لێواری باشـووری ڕووباری (ئەرەس) بە بەرزایی ٣٣٥٨ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوه، کێوی (سەهەند) لە باشووری زرێواری (ورمێ) بە بەرزایی ٣٧٢٢ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوه، کـێوی (سـەهۆڵان) لە باشـوورەوه دۆڵی چۆمی (قـەرەسـوو) – کـە لکێکە لە ئەرەس – دەبەسـتێ و بەرزاییـیەکەی ٤٨٢٢ مـەترە لەسـەر ڕێکـی دەریاوه، (ئاق داغ) لە کلکەی باکـوری (ئەلبـورز) بەبەرزایی نـیـزیکەی ٤٠٠٠ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوه.

دووەم – مـادی خــواروو: ئەو نـاچە بەو چـۆمــە چـووکـانە ئـاو دەدرێ کـە دەڕژێنە زرێوارەکانی (حەوزی سوڵتان) و (بەحری خوێ) و بەشی باکوری ناوچەی (عێراقی عـەجـەم) پـێک دێنێ. کـێـوی گـەوره و پڕ لە بەفـری (دەمـاوەند) بەسـەر هـەمـوو ئەو ناوچەدا دەڕوانێ. دیواری ئەسـتووری (ئەلبورز)، (مادی خـواروو )لە ناوچەی سـەوز و پڕ ئاو و چـەنگەڵی لێـواری (دەریای کـاسـپـی) جـیـا دەکـاتەوه. ئـەو بەشـەی (مـاد) پانـاییـیـەکەی پێکهـاتووه لە بیابـانی بۆر و زەرد و وشک، کە لە زسـتـاندا زۆر سـارد و بەستەڵەک و بەهـاوین زۆر گەرمە و وردەورده بۆ لای ڕۆهەڵات دەبێتە شۆرەکات.

سێیەم – پارتاکێنای کۆن: لە نێوان دوو زنجیرە کێوی تەریبدا هەڵکەوتووە. لە باکور (کوەرود) و لە باشوور زنجیرە کێوەکانی باشووری ئێران – درێژەی زنجیرەی زاگرۆس – دەورەی دەدەن. (پارتاکنا) لە چۆمی (زایندەرود) ئاو دەخواتەوە، کە ئێستا شاری ئیسفەهان لەسەر لێوارەکەیەتی و کەوتووەتە باکوری عێراقی عەجەم. پارتاکنا ناوچەیەکی فەقیرە و سروشتەکەی وە ئی مادی خواروو دەچێ.

مادی سەرەکی بریتی بووە لە ئازەربایجان و کوردستان و عیراقی عەجەم. عیراقی عەجەم کە بریتی بوو لە مادی گەورە، ئەو ناوچانەی ئێستای دەگرتەوە: گەڕووس (بیجار)، هەمەدان، کرماشان ، قەزوین، ئەراک، ئیسفەهان، نەهاوەند، رەی تا دەربەندی دەریای کاسپی کە مادی لە پارت جیا دەکردەوە. ئەو تەنگەبەرە لە سەردەمی کۆن دەروازەی ئاسنی هەبوو و پادگانێک دەیپاراست. هەندێک ئێستا پێیان وایە شوێنەکەی (سەردەرە خوار)ە.

مادی کۆن لەلای باکوری ڕۆئاوا لەگەڵ ئوورارتوو و پاشان ئەرمەنستان و لە باکور لەگەڵ (ئالبانی)دا هاوسنوور بووە. بەدرێژاییی لێوارەکانی دەریای کاسپی لە پەراوێزی ناوچەی پشتی ئەلبورز، لە باکورەوە هاو سنووری خاکی ماد بوون، کە شوێنێکی گەرمە و تەڕ و پڕ لە جەنگەڵ بوو و پێکهاتبوو لە ناوچەی گەلانی کاسپی و کادووسی و گوڵ و چەند هۆزی چووک چووک (کە ئێستا بە تالێش و گیلان و مازەندەران ناو دەبرێن). لە ڕۆژهەڵاتەوە کێوەکانی خوڕاسان و زنجیرە کێوەکانی (کۆپێت داغ) – سەرزەمینی کۆنی پارت – دراوسێی و وڵاتی پارسی کۆن و عیلام، دراوسێی باشوورنی. دەشتە وشک و بێ ئاو و گیاکانی ناوەندیی ئێرانیش لە سنووری ڕۆژهەڵاتی مادی کۆن هەڵکەوتوون.

خاکی ماد لە کانی بەنرخدا زۆر دەوڵەمەندە. ئەوەی ڕوونە، هەر لە کۆنەوە مس لەو کانانە هەڵگیراوە. خەڵکی ئەو وڵاتە لە کۆنەوە نەفتیان ناسیوە. تەنانەت لە سەردەمی کۆندا لە ئەوروپا بە نەوتیان کوتووە (ڕۆنی مادی). ئەو ڕێگەیانەی ئاسیای ڕۆئاوایان بە ئاسیای ڕۆژهەلات و تەنانەت هیندیش دەبەستەوە بە وڵاتی مادا تێپەڕیون. سەرزەمینی مادی کۆن بە ئاوی دۆڵە گرینگەکانی ناوچەکە دەبێتە ١٢ بەش: بڕواننە نەخشەی ماد لە خوارەوە کە بە ڕەنگی جیاواز هەر ١٢ بەشی دیاریکراون. سنووری وڵاتی مادیشمان بە هێڵێکی سوور لە دراوسێکانی جیاکردووەتەوە. لە نەخشەی دواییدا هەروەک دەبینین، نەخشەی ئێستای کوردستانیشمان تێکەڵاوی ئەو




نەخشەیە کردووە کە بەڕوونی نیشان دەدا ئەورۆ چ بەشگەلێکی مادی کۆن کوردستانە و بەدەر لە وڵاتی مادیش کوردستان چ بەشگەلێکی ناوچە دەگرێتەوە. سنووری نێوان ئەو دوو بەشەشمان بە هێڵێک دیاری کردووە.

## وڵاتی ماد

دوکتۆر ئەردەشیری خودادادیان دەڵێ: ... بەپێچەوانەی ناوچەکانی ژێردەستەڵاتی پارسەکان، ناوەکانی ناوچەکانی مادی وردتر و هاسانتر دەناسرێنەوە. بەتایبەتی ئەو ڕوانگەیە لەسەر گوندو ناوچە گەورە و بچووکەکانی سەر بەکرماشان و هەمەدان و ئیسفەهان سەلمێندراوە. هەموو ناوچەی کوردستان وێڕای باکوری لوڕستان، ئازەربایجان و تاران و ئیسفەهان مادی بوونە. ڕێگەی سەرەکیی بەناوبانگی دەروازەی ئاسیا لە بابل بۆ ئۆکباتان (عێراق بۆ هەمەدان) دوو بەشی ماد (واتە مادی باکور و باشوور کە باشترە پێی بڵێین مادی سەروو و مادی خواروو)ی لێک جوێ دەکردەوە.

سەرچاوەکانی جوگرافیایی یۆنان و رۆمی کۆن و تەنانەت سێریانی، ناوچەی سەرپێڵ بەجیاکەرەوەی دووبەشی خواروو و سەرووی ماد دەزانن.

## ئا- مادی ئاترۆپاتێن:

١- لە چۆمی (ئاراز)ەوە تاکێوەکانی (ئاورین) و (قەرەداغ)، شارەکانی ئێستای قوتوور و خۆی و مەرەند. ئاشوورییان بەو ناوچەیان کوتووە (سان گی بووتوو). ئەو بەشە لە (سەدەی ٩ تا کۆتایی سەدەی ٨ی پ.ز) لە بەردەستی ئوورارتۆدا بووە. دوای ئەوە تاڕووخانی ئاشوور و ئوورارتۆ، چارەنووسەکەی نادیارە. بانووی (سان گی بووتوو)، ناوچەیەکی پڕ پیتی کشتوکاڵی بووە. زنجیرە کێوێک ئەو بانووە لە ئاراس دادەبڕێ و پاشان لەگەڵ زنجیرەیەکی تر لە ملەی قوتوور، ئەو بەشەی ماد لە ئەرمەنستان جیا دەکەنەوە. ئەو شاخانە لە چاخی کۆندا بەجەنگەڵ داپۆشرابوون.

٢- دۆڵی چۆمی قەرەسوو (بەشێک لە ئاراز): لە چاخە کۆنەکانەوە زانیارییەک لەسەر ئەو بەشە لەدەستدا نییە. دواتر گەلی کادووسی تێیدا نیشتەجێ بوون.

٣- ناوچەی گۆلی ورمێ و ئەو چۆمانەی دەرژێنە نێوی: ئەو ناوچەیە لەباری ئابووریدا زۆر گرینگ و بەپیت بووە و بۆ خۆی دەبێتە سێ ناوچەی بچووکتر:

أ - لێواری رۆئاوای گۆلی ورمێ واتە (گیلزان)ی کۆن. لە سەدەی نۆیەمی پ.ز، ناوچەیەکی سەربەخۆ بووەو بە ڕواڵەت دوایە بووە بەشێک لە ئوورارتۆ یاماننا یا لە نێوانیاندا دابەش کرا. لەو ناوچەیدا مس لە کان دەرێنراوە.

ب لێواری رۆهەڵاتی گۆلی ورمێ پێوەندیی بەمانناوە هەبووەو لێوارەی باکوری، واتە دۆڵی ئاجی چای و ناوچەی تەورێزی ئێستا، بەڕواڵەت سەربەخۆ بووەو هۆزی (دالیان)ی تێدا ژیاوە.

ج - لێواری باشووری گۆلی ورمێ و ناوچەی چۆمی جەغەتوو و چۆمەکانی تەریبی. ئەو ناوچە لە سەدەی نۆی پ.ز. (زامۆ)ی پێ کوتراوە، کە بەچەند یەکەی سیاسی دابەش بووە. لەوانە حاررانا، ماننا، مسی و... پاشان ئەو ناوچە ناوەندی سەرەکیی وڵاتی ماننای پێکهێنابوو و لە سەدەی حەوتەمی پ.ز دەکرێ بە ناوەندی ئابووریی هەموو مادی ناوبەرین.

٤- دۆڵی چۆمی قزڵ ئوزوون (سپی چۆم) و لکەکانی لە سێ ناوچە پێک دێ:

أ - زەلکاوێک لە کەناری شاری (ڕەشت) هەیە. ئەگەر لەوێڕا بەپێچەوانەی ڕەوتی ئاوێ بڕۆین، لەپێشدا ڕاست بەرەو باشوور دەچینە پێش. چۆمەکە بەناوچەی (گیلان)دا تێدەپەڕێ و بە دۆڵێکی تەنگدا کێوە بەرزەکانی (ئەلبورز) دەبڕێ. ئەو بەشە شوێنی جەنگەڵە گەرمێنییەکانە. سپیە چۆم (سفیدرود) لە سەرەوەی ئەو ناوچەی لە باکوری ڕۆئاوارا بەرەو باشووری ڕۆهەڵات بەنێوان کێوەکانی ئاق داغ (درێژەی ئەلبورز) و (ئاق گەدووک)دا دەڕواو دۆڵێک لەو ناوە پێکدێنی کە لە چاخی کۆندا (ئەندیا)ی پێدەکوترا.

ب- لە بەشی باکوری ڕۆئاوای ئەو دۆڵە چۆمێکی بچووک لە کێوی (سەهەند) وەڕێ دەکەوێ و ئێستا شاری (میانە) لەسەر لێوارییەتی. ئەو چۆمە دەڕژێتە (قزڵ ئوزوون). دۆڵی ئەو چۆمە و ئەو جۆبارانەی دەڕژێنە نێوی، ناوچەیەک پێکدێنن کە لە چاخە کۆنەکاندا بە (زیکرتوو) ناوبراوە. شوێنی کۆنی گووتییەکانیش (زێی کۆیە) بووە. ئاشوورییان بەوتایفەیان دەکوتن (زیکرتوو) کە لەوێ دەژیان.

ج - قزڵ ئوزوون لە سەرەوەی شوێنی پێکگەیشتنی لەگەڵ ئەو چۆمەی لە بەشی (ب) دا باسمان کرد، لە باشوورەوە بۆ باکور دەڕوا. قافلان کێو (گیزیل بووندای کۆن) بەشی سەرووی ئەو شوێنە لە ناوچەی ژمارە ٣ (مانــنا) جیا دەکاتەوە. ئاشوورییەکان زۆرتر ئەو شوێنەیان بە (مادای Maday) ناودەبرد. لێرەدا لکی ڕاستی (قزل ئوزوون) چۆمی زەنگان دۆڵێکی جیاواز پێکدێنێ، کە ئێستا دەوری زەنگانی گرتووەو بە خەمسە ناودەبرێ.

٥- بەشی سەرووی زێی بچووک: سەرزەمینەکانی هەڵکەوتوو لە باشووری ڕۆهەڵاتی ناوچەکانی ژمارە ٣و ٤ زۆرتر بەلای ئاشوورو بابلدا، واتە هەرێمی (زامووئا) یا (لوولوو) لە باری جوگرافیاییدا پێوەندییەکی توندی بەئاشوورەوە هەبوو. سەرتاسەری ئەو خاکەی لە گۆلی (ورمێ) ڕا تا بەشەکانی سەرووی چۆمی (دیالە) ڕاکشابوو [ناوچەی شارەکانی میاندواو، بانە، سلێمانی، زەهاو (پادیر)و سنە] بەگشتی بەوناوە ناودەبرا. (زامووئا) بەشی سەرووی دۆڵی (زێی بچووک) بوو کە بۆ خۆی یەکێک بوو لە لکەکانی دیجلە. هەندێک لە لکەکانی لە ڕێگەی خوارووی ئەودا خاکی سەرەکیی ئاشوور دەبڕن.

شوێنی ئەورۆی کوردستانی گەورە لەسەر وڵاتی ماد و دراوسێکانی




تێبینی:

ئەو نەخشەی کوردستان کە لێرەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە ناتەواوە و لوڕستانی لەگەڵدا نییە، لەبەر لەدەستدا نەبوونی سەرچاوەی لەبار بۆم نەکرا چاکی بکەمەوە

٦- بەشی سەرووی چۆمی دیالە و لکەکانی چووکەی (لە سێکوچکەی سلێمانی زەهاو سنە) کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆیەمی بەر لە زاین (پارسووئا)ی پێ دەگوترا. لەو بەشەدا دۆڵی شارەزوور لە نیزیک سلێمانی لە ناوچەکانی تر پڕ ئاپۆڕاتر و بەپیتترە. دوو ناوچەی ٥و٦ ( زامووئا و پارسووئا) گرینگییەکی تایبەتییان هەبووە. چونکە دۆڵەکانی زێی بچووک و دیالە بە قووڵی بەنێو کێوەکانی (زاگرۆس)دا دەچنە پێش و ڕێگە دەدەن زنجیرە کێوە تەریبەکان ببڕدرێن و ڕێگەیەکی تاڕادەیەک هاسان بۆ پێدا ڕۆیشتن پێک بێ. ملە کێوەکانی ئەو بەشە ڕێگەیەک بوون لە ڕۆئاواڕا بۆ لای ڕۆهەڵات بەناو وڵاتی مادداا. ئەو ڕێگەیە کاروانە ڕێی (بانە، سنە، هەمەدان و سلێمانی، زەهاو، کرماشان، هەمەدان)ی پێک دێنا. بەتایبەتی دۆڵی (دیالە) هەمیشە ڕێگەی سەرەکیی پێوەندیی (بابل) و ناوچە دوورەکانی نێو ئێران و وڵاتانی هەڵکەوتوو لە ڕۆهەڵاتی بووە. ئەو ڕێگەیە بەدەروازەی (ماد)دا - ئەو ملەکێوەی ئێستا بە دۆڵی

(مـاهیـدەشت) کۆتـایی پێ دێ و ملەی (پاتـاق)ی پێ دەڵێن – تێـدەپەڕی و بۆ لای ئۆکباتان درێژەی هەبوو.

٧- بەشی نێوەندی چۆمی دیاله (نیزیک شاری خانەقینی ئێستا): ئەو بەشە هەرێمی (نەمـەر Namar)ی دەگرتەوە کـە لە نێـوەڕاسـتـەکـانی هەزارەی دووەمی (پ.ز) بەتەواوی لەژێر کارتێکردنی ڕامیـاریی (بابل)دا بوو. هـەرێمی (بەیت هەمـبـان) (کامبادنی کۆن) لە باشووری دۆڵی دیاله و لکەکانی هەڵکەوتبوو.

٨- دۆڵەکـانی بـەشی سـەرووی چۆمـی (کـەرخـە): ئـەو ناوچە لـە ڕۆهـەڵاتی هـێـڵی جـیاکـەرەوەی ئاوەکـانی دیـاله و کـەرخـە هـەڵکەوتووە. دۆڵەکـانی گـامـاسـیـاب و سیـمـەرە و مـاهیـدەشت، لەبواری جوگرافیـاییـیەوە لە بەشی سـەرووی ئاوە ڕۆی چۆمی کـەرخـە بەرەو عیلام خوار دەبنەوە، بەڵام لەباری مێـژوویی سـەر بە مـادن. ڕێگە گـرینگەکـانی بـازرگـانی بـۆ لای ڕۆهـەڵات و ئۆکـبـاتان، بـەو ناوچـەیدا تێـدەپەڕین. ئەو دۆڵە ئاوێکی زۆری هەیە و بۆیەش زۆر پڕ پیـتـە. بەشی سـەرووی کەرخە هەر وڵاتەکەی ئەلی پی بوو کە دوایە پێی گوترا ئەلی مایدا. بەردەنووسی بەناوبانگی بێسـتوون لە نیزیک کرمـاشـان، کە لە پاش داریووشی هەخـامـەنشی بەجـێـمـاوە، لەو ناوچەی هـەڵکەوتووە. لە باشـووری (بەیت هەمـبـان)و لە نیـزیک (ئەلی پی)، لـە کـوێسـتـانەکـانی لوڕسـتـان ی ئەوڕۆدا کـوێسـتـانچـیـانی کـاسی دەژیان، کـە وێدەچێ خـزمـایەتییـان لەگـەڵ دانیـشـتـووانی عـیـلام دا هـەبووبێ و دەورێکی گرینگیان لە مێژوودا گێڕاوە.

بەردەنووووسی مالامیری بەختیاری کە ئی ١٢٠٠؛ ١٣٠٠ی (پ.ز)یە نیشان دەدا کە کەمێک پێش لەنـاوچوونی دەوڵەتی کووسی، ئەمەردەکانی کووتی کە هۆزێکی کوردن، لە ناوچەی ئەنزان نیشـتـەجێ بوون و پادشـایەتیی خـۆیان هەبووە و بەردەنووسـەکە دەڵێ: من تخـی خی گووتـوو ئەمـاردی پادشـا کـوڕی خنی ئەو دێر و نەخـشـانەم لەو کـێـوە تەواو کرد و مـن پەیڕەوی خـودای هۆزی نێـرسـی و دیتـبی Ditby و ترسـر و خودای گەورە م و شوێنی ئەو دێرانە لە کێوو دێرەکانی خودای مان و خودای (خوء) و پەیکەری ئەو پادشایەی ئەو شـوێنەی ساز کرد و یارمەتیی دام پەیکەرەکانی خوای ترسرم کۆ کردنەوە کە پارێزەری ئەو هێزەیە.

دیواری دووم ئەمن سازکرد ناوی پادشاش (اندکری indikiri کوڕی سوتورکت -Su

turkit)ی تێدا نووسرابوو تەواوی ناوی دیوارەکانم بۆ وان تەرخان کرد مەڵکی (خدی)م کە نیشتمانی ئەوانە چاکردەوە و هەروەها پەیکەری (دیتبی)م کە خودای گەورەیە و ئەو خاکەی بەمن بەخشیوە... جادەیەکم ساز کرد کە بە ئەمەردیدا بڕوا و ئەو پادشایانەی لە تەنیشت چۆمی پەرەن نیشتەجێ بوون کۆم کردنەوە و یاسا و پەیکەری دیتبیی گەورەم کە وڵاتی ئەنزانی بەمن بەخشی و خواکانی ئەمەردییەکان کە یارمەتییان دام خۆشبەخت بوون. وڵاتانی (ساو سیکشی)م گرت و ڕێگەیەکم ساز کرد کە لە ئەمەردی ڕا دەست پێ دەکا).

پێرفوورسایسی ئەندامی کۆنگرەی ڕۆهەڵاتی (لیدکە) لە هولەند ئەو بەردەنووسەی وەرگێڕاوەتەوە. ئەو پادشایە (تخی خی کووتوو ئەماردی) بەردەنووسێکیشی لە (شکەفت سولەیمان) بەیادگار بەجێ هێشتووە کە دەڵێ: (من تخی خی کووتوو ئەماردی پادشا کوڕی (خنی) لەناو (رسایان) فەرمانڕەوام دانان پێشنوێژم بۆ خوایانی ئەمەردی هەڵقەند و ئەو پەیکەرە (بم بتی)یەم داتاشی... بەڵام خودای (مان)م لەو شوێنە هەڵنەقەند. شوێنی حەسانەوەی ویم لە جێگەیەکی شاراوە دانا...)

سنووری گووتییەکان تا سەدەی بیست و شەشی (پ.ز) لە (عیلام) ڕا تا (ئاتێنە) بوو. ١٢٥ساڵانیش (عیلام)یان دەبەر دەستدا بوو. (گووتییەکان) لە (ئەنزانیش) نیشتەجێ بوون پاشان (کووسییەکان) لە ئەنزان وەدیارکەوتن و (کاسیتەکان) لە باکور ڕا هاتن و لە ئەنزاندا جێگیر بوون و هێرشیان کردە سەر بابل و نیزیکەی حەوسەت ساڵ فەرمانڕەواییان تێدا کرد و پاشان گەڕانەوە کوێستانەکانی خۆیان.

ئەو سەردەمەی بەردەنووسی (مالامیری) تێدا نووسراوە، ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو هۆزەی لە ئەنزان دەستەڵاتیان بەدەستەوە بووە هۆزێک بوون لە گووتووەکان بەناوی (ئەمەردی)، چونکە ئەنزان نیشتمانی کووسییەکان و (کاسییتەکان) بووە دەبێ بڵێین ئەمەردی) هۆزێک بوون لە (کاسیتەکان) و کاسیتەکانیش هۆزێک بوونە لە گووتییەکان.

**ب- مادی خوارووی**

٩- ناوچەی هەمەدان:

ئەو ناوچەیە لە دەوری کێوی (ئەلوەند) و لە شوێنی پێکگەیشتنی (مادی ئاترۆپاتێن) و (مادی خواروو) هەڵکەوتووەو لە بەفراوی ئەوکێوە ئاو دەخواتەوە.

زۆرتری جـۆگـه و ئاوی ئەو بەفـراوانە بەشـی سـەرووی چۆمی (قـەرەسـوو) پێکدێنن. زنجیره کێوی (کووه روود)، لەسەر سنووری (مادی خواروو) نەختێک لە باشووری ڕۆهەڵاتترەوە دەست پێ دەکا و بۆیە دەکرێ ئەو ناوچەی بەنێوانێکی (مادی سەروو و خـواروو) بزانین. چەند ڕێگەی کاروانیی شیاو ئەو شـوێنە بە (مـادی ئاترۆپاتێن)ەوە دەبەستنەوە. چەند جادەی تریشی پێدا بۆ لای ڕۆئاوا (کرماشان (ئەلی پی) و پاشان بابل و بەرەو ڕۆهەڵات، ناوچەی نیـــزیک تاران، (ڕەی کـــۆن) و باشــــوور)، واتە (پارتاکنا) (ناوچەی ئیسفەهان) درێژ دەبێتەوە.

١٠- ئاقاری زرێواری (حەوزی سوڵتان) و (دەریای خوێ) و چۆمی (ئەبهەرچای) و (قەرەسوو) و چۆمی (قوم).

ئەو ناوچەیە لە نێـوەندی (مـادی خـــواروو) هەڵکەوتووە. سێ چۆمـۆکـە (چۆمی چووک)ی بۆ لای (حــەوزی سـوڵتـان) و (زرێواری خـوێ) پێدا دەڕۆن کە بریتین لە: (ئەبهـەر چای - بەو دۆڵەدا کـە شـاری قـەزوێنی تێدایە) لە باکـوری ڕۆژئاوا و ( قەرەسوو کە لە هەمەدان ڕا دێ) لە ڕۆئاوا و (چۆمی قوم کە شاری (قوم)ی لەسەرە) لە باشــووری ڕۆژئاوا. ئاشـۆرییـەکـان ئەو شــوێنەیان بە ناوچەی (چۆمـۆکـان) ناو بردووە. ئەو ناوەندە باشترین ناوچەی نیشتەجێیی و کشتوکاڵییە لە داوێنەکانی (ئەلبـورز)دا. (تاران) ئێسـتا لە داوێنی (ئەلبورز)ە و لە سـەردەمی کۆندا شـاری (ڕەی) یا (ڕەغە) کـە یەکێک بووە لە شـارە گرینگەکـانی (ماد) لە نیزیک ئەو شارە بووەو ئێستا لە داوێنی باکوری (کـووه روود)ی شاری (کاشانە). ملەیەک لەسـەر ڕێگەی (مـازەندەران) لە ڕۆهەڵاتی (ڕەی) لە نیـزیک لووتکەی بەفـراویی (دەمـاوەند) هەڵکەوتووە کە (دەروازەی کاسپیان)ی پێ دەڵێن.

١١- ناوچەی باکوری (دەشتی کەویر):

ئەو ناوچەش لە داوێنی ئەلبـورز هەڵکەوتووە، بەڵام لە دەروازی کاسـپین ڕۆهەڵاتی ترەو لەلای باشـوورەوە دەگاتە چۆلەواری شۆرەکات. لە سەردەمی کۆندا ئەو ناوچەیە بە (خـــوار) یا (خـــوارەنا Xwarena) ناو دەبرا. کـاروانەڕێی ئاســیـــای ناوین بەو شوێنەدا (شارەکانی سمنان و دامغانی ئێستا) بە بەشی خۆرهەڵاتی (خوارەنا)دا، دەگەیشتە بانووی (خوراسان)، واتە بەشی باشووری (پارتی کۆن).

### چ- پارتاکنا:

١٢- ناوچەی پارتاکنا:

دۆڵێکی بەرین لە ناوچەی باکوری (دەشتی کەویر)، لە باکوری ڕۆئاوارا دەگاتە هەمەدان و بۆ لای باشووری ڕۆهەڵات ڕاکشاوە و کێوەکانی وێندەرێ لە وڵاتی (عیلام)ی جوێ دەکەنەوە و لە باشووری ڕۆهەڵات ڕا بە بیابان لە (بانووی پارس) جیا دەبێتەوە.

چۆمی (زایەندەوڕوود) بەبەشی باکووری ڕۆئاوای ئەو دۆڵەدا دەڕواو شاری ئیسفەهان (ئەسپەدانا Aspadana)ی کۆن لەسەر لێوارەکەیەتی. هەر بە تەریبی ئەوە، دۆڵێکی تر هەندێ زیاتر بۆ لای ڕۆهەڵات و لەوپەڕی زنجیرە کێوی (کووک روود) هەیە (ناوچەی ئێستای یەزد). ئەو ناوچەیان لە ڕابردوودا زۆرتر لەسەر پارس دێنایە ئەژمار.

بێجگە لەو دوازدە ناوچەش هەندێک وڵاتی تر - بەدەر لە ناوچەی تایبەتیی ماد سەر بەدەوڵەتی ماد بوون. لەوانە سەرزەمینەکانی لێواری (کاسپین) کە تەنیا بە (ماد) یا (ئالبانی)دا ڕێگەیان بۆ دنیای دەرەوە هەبوو. هۆزگەلێک لە جەنگەڵە گەرمێنییەکانی ئەو ناوچەیدا دەژیان کە زۆرتر بە ڕاو گوزەرانیان دەکرد و لە (ماد) و ئالبانەکان لە دواتر بوون. لەو شوێنەدا ئەو زمانانە پاراستران کە ئەو کات یا دواتر لەنێو خاکی (ماد) و (ئالبانی)دا لەناوچوون. ئەوە بوو بەهۆی وەدیارکەوتنی جیاوازیگەلێکی ڕووکەشی قەومی لە نێوان ئەو گەلانە و خەڵکی نیشتەجێی لێواری (کاسپی)دا. ئێستاش (تالشەکان) و (گیلەکەکان) و (مازەندەرانییەکان) بە زاراوەگەلێک دەدوێن کە بۆ خۆیان پاشماوەی زمانی هیندۆئەورووپایین، کە لە سەرەتادا زمانی (ماد)ی ڕۆهەڵات بووە. جیاوازیی تایبەتی ئەو زاراوانە نیزیکایەتییان لە زمانی (مادی) و (ئاوێستایی) و جیاوازییانە لەگەڵ زمانی (پارسی)دا، ئەگەرچی لەو زاراوانەدا پاشەکەوتی وشەی (فارسی) زۆرە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی سیاسی و فەرهەنگیی (فارسی)، دەنا بەتەواوی بنەمای (ماد)ی بوونی خۆیان پاراستووە.

بێجگە لە (ماد)ی کۆن بەشگەلێکی وڵاتی (عیلام)یش کەوتنە سەر (کوردستان) و ئێستاش (کوردستان)ن، کە برێتین لەو بەشانە: (لوڕستان - پشت کێو) (پشت کوه)

–و کـێـوەکـانی بەخـتـیـاری. سنووری ئەو وڵاتە لەلای ڕۆئـاواڕا دیجلە بـوو و لەلای ڕۆهەڵاتیش ڕا پارس و لەلای باشـووری ئەو ڕێگەیەی لە بـابل ڕا دەچووە هەمــەدان. شـارە گەورەکـانی ئەوانە بوون: (ماداکتو لەسـەر چۆمی کەرخـە)، (خایدالوو) کە وای بۆ دەچن لە شوێنی (خوڕڕەم ئاباد)ی ئەوڕۆ ساز کرابوو.

## کوردستانی دوای ئیسلام

دەڵێن ناوی کوردستـان بۆ یەکەم جار لەلایەن سـەلجووقییەکانەوە بە ناوچەی نێوان ئازەربایجان و لوڕستان یا ناوچەی ڕۆئاوای زاگرۆس گوتراوە.

کوردستـان، دوای ئیسلام لە باکور بۆ باشـوور لە (قارس، ئەرزەڕۆم ، ئەرزەنجان، وان، هەکاری و جزیرێ و عیمارییە و مووسڵ و شارەزوور و ئەردەڵان و دەربەند و لەوێڕا تا بەسـرە) ڕاکـشـاوە. لە بەرینایـیش ڕا لوڕی گـەورە و بچـووک و بەهاری هەمـەدان و زەنگان و تەورێز ئەو شـوێنانـەی خـوارەوە هەرچەند بەناوی کـوردسـتـان نەبوون، بەڵام نیشتمانی کوردان بوون:

١- جەزیرە (جـزیرێ)، بریتی لە ڕەقـە (مـەسر، کـە ناوچەیەکە لە سـووریای ئەوڕۆو بەشێکە لە جزیرێ)، مـووسڵ (ڕەبیـعە – کـە لە سەدەی چوارەمی هیجری هەمـوو دانیشتووانی کورد بوون)و دیاربەکر یا ئامێد،

٢- لە عەراقی عەرەب: حولوان یا (ساسروو Sasru)

٣- لە عـەراقی عـەجـەم یا جیـبـال: کـەرەند، ئەلیشـتـار، چەمـچـەمـال (سـوڵـتـاناوا)، کەنگاوەر، دینـەوەر، بیسـتـوون (واسـتـام یـا بەسـتـام) و شـارەزوور (کە شـارێکی ئاوەدان بـووە، لە جـێگەی ئەوڕۆی یاسـی تەپە)، زەنگان، برووجـێـرد، خـورمــاوا (خوڕڕەم ئاباد)، ئەسەدئاباد،

٤- مەڵاتیە، یووزقار، سیواس، ئەلەشگەرد، ئەرزەڕۆم،

٥- ئەرران و ئازەربایـجـان، وان، بەرزەغـە (نـاوەندی ئەرران و لەسـەر چۆمی کـوورا بووە)، تەورێز، ئەردەوێڵ و مـەراغـە (کـە مـاوەیەک ناوەندی ئازەربایـجـان بووە)، خۆی، سەڵماس، سـەردەشت، شنۆ، لاجان (پیرانشاری ئێـسـتا)، سەراو (سەراب، سەرئاو)، دیهخوارەگان (ئازەرشار)،

٦- لە ئەرمەنستان: مەلازگەردو وان،

٧- باشووری دەریای قەزوین caspyn ،

مینوورسکی لەسەر جوگرافیای کوردستان دەڵێ: (بۆ ئەوەی جوگرافیای ئەو بەشەی ئاسیای لەمەودوا باسی دەکەین، بەتەواوی دیاری بکەین، پێویستە باسی دوو شتی لەگەڵیەکدا گونجاو بکەین، کە ئەوانیش چیاکانی ئارارات و کەنداوی ئەسکەندەروونە. لە بەشی خوارووی (ئاراراتدا) و لە دووریی ماوەی زیاتر لە هەزار فرسەق، زنجیرە چیایەک درێژ بووەتەوە و بەرێکی لەسەرەوە بۆخوارەوە، چوونەتە نێویەک و گەلەک زنجیرەی تر پێک دێن و بەرەو خوارووی ڕۆهەڵات بۆ کەنداوی پارس شۆڕ دەبنەوە. بەشی یەکەمی ئەو زنجیرەشاخە، کێوەکانی سنووری تورکیا و فارس پێکدێنێ، ئەو بەشەی ناوچەکە دەکاتە دوو کۆمەڵی شاخاوی لە نێوان دوو زرێواری وان و ورمێدا. بەشەکەی تریش درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە سنووری تورکیا و وڵاتی فارس. ئەم چیا بەرزانە و ئەو قەدپاڵانە دەکەونە نێوان زنجیرە چیاکانی ئێران و وڵاتی نێوان دووچۆمان (میزۆپۆتامیا)، کە زاگرۆسی پێ دەڵێن. چیاکانی ئاگری داغ لە ئاراراتەوە بەرە و خوارو درێژ دەبنەوە. دوای قەفقاز، لە زنجیرە چیاکانی ئەرمەنی جیا دەبێتەوە و پاشان جارێکی تر دەچێتەوە نێویان. ئەگەر بەرە و ئەسکەندەروونێش بچین دوای ماوەیەکی کورت لەسەروویدا زنجیرە چیاکانی تۆرۆس دەبینین، کە سەرچاوە و جۆگەکانی ڕووبار دەریای سوور و وڵاتی نێوان دوو ڕووبار دابەش دەکەن. بەڵام ڕووی گشتیی ئانتی تۆرۆس، بەرەو ژوورووی ڕۆهەڵات، بە سێ لادا دەڕوات: ژوورو، ناوەڕاست، تۆرۆسی ئەرمینیای خوارو، تابەڕووی فارس و ماکۆ و ئاراراتدا دەڕوات. - وەرگێڕی ئەم کتێبە لە پەراوێزدا دەنووسێ: «زنجیرەی ژوورو بەرەو ساگانلۆک ئەڕوات، دوای ئەو شەڕانەی لەم دواییەدا ڕوویان دا ناوبانگی پەیدا کرد، بەڵام خوارەوەکەی لەگەڵ ئاگری داغدا یەک دەگرێتەوە و بەڵام ناوەڕاستی ئالاداغ درێژ ئەبێتەوە تا ئەگاتە بوومەلەرزەی هێمنی تاندۆک کە دەکەوێتە سەرسنووری فارسی (ئێران) لە نیزیک ماکۆ لە دەورو پشتی ئاواجیک»دا. - سەرچاوە سەرەکییەکانی فەڕات، دەکەونە ئەو دۆڵانەی بەستراونەوە بە زنجیرە چیاکانی ئانتی تۆرۆسەوە و لە دوو ڕووبار پێکدێن:

یەکەم، (مرادسوو) کە لە نیزیکی ئاراراتەوە لە دۆڵی ئەلاشکەرت دەست پێ دەکا.

دووەم، (قەرەسوو) یا (فەڕات سوو) کە ئەویش لە ئەرزەڕۆمەوە هەڵدەقوڵێت.

سەرچاوەکانی ڕووباری ئاراس دەکەونە نێوان ئەم دوو ڕووبارەوە. لەسەر زنجیرە چیاکانی چیای «بن گوڵ»، بەشێوەیەکی پێچەوانە بەرەو ژووروو دەڕوات، بەڵام مرادچای و فەرات یەکەم جار بەرەو خوارووی ڕۆئاوا ئەڕۆن، دوای ئەوە مراد چای لە شوێنێکدا لە سەرچاوەکانی دیجلە نیزیک ئەبێتەوە و ناتوانێ دیوارە تەنکەکەی ببڕێ و لە نیزیک خەرپووتەوە ئەڕژێتە (قەرەسوو) و دوای یەکگرتنی ئەو دوو ڕووبارە، گەورەترین ڕووبار لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست دەبێت کە فوراتە (٢٦٧٠ فرسەخە) و بەرەو خوارووی ڕۆئاوا دەڕوات بەڵام تۆرۆس بەری لێ دەگرێ و نایەڵێ بڕژێتە دەریای سپیی ناوەڕاستەوە، جا بەرەو ڕۆهەڵات دەڕوات و بەکەنداوی فارس کۆتایی پێ دێت.

بەڵام زنجیرەی دووەم کە بەرەو باشووری ڕۆهەڵاتی ئەسکەندەروون درێژ دەبێتەوە، برێتییە لە درێژەی چیاکانی باکوری سووریا و پێی ئەوترێ زنجیرەکانی تۆرۆس و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرەو ڕۆهەڵات درێژ دەبێتەوە و لە نیزیک دەریاچەی وانەوە زنجیرەیەکی بەرەو باکوری لێ جیا دەبێتەوە. ئەوەی تریشیان لە باشووری ڕۆهەڵاتدا دەریاچەکە بەردەدات و لە نیزیک قوتوور لە سنووری ئێران نیزیک دەبێتەوە و لە نیزیک دەریاچەی وانەوە، دۆڵی ئەم دەریاچەیە لە بەشی باکوری زێی گەورە جیا دەکاتەوە.

(ئەو زنجیرەی دواییان بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە و دوو زنجیرەی بەرزی تازە پێکدێنێ و دۆڵی بەشی باکوری ڕووباری دیجلە دەگرنە باوەش و بەرەو باشووری ڕۆهەڵات دەڕۆن، بەڵام ڕووباری دیجلە پێش ئەوەی بڕژێتە ناو دەشتەکانەوە، ناوچەی کەمتر لە ڕووباری فورات داگیر دەکات).

چیای (جوود) کە دەکەوێتە سەر لێواری چەپی ڕووباری دیجلەوە... بەڵام چیای جۆڵەمێرگ لەم بەرزترە و دەکەوێتە سەرلای ڕاستی ڕووباری دیجلە و زێی گەورە، کە ناگاتە بەشەکانی سەرووی دیجلەوە، بەڵکو دەڕژێتە ناوەڕاستییەوە.

(ئەروەند یا دیجلە) لە کێوەکانی تۆرۆس (Taurs) لە باکوری ڕۆهەڵاتی ئێلازیک (Elazyk) کە لە سەرزەمینەکانی ئەرمەستانی کۆن (کوردستان)و تورکیای ئەوڕۆیە، سەرچاوە وەردەگرێ و پاش تێراوکردنی دەچێتە ناوخاکی عێراق (کوردستانی باشوور). لەو وڵاتەدا بە زۆر تەنگەبەری کوێستانیدا تێ دەپەڕێ و لە ناوچەی

کوردستان لە خوارەوەی مووسڵ، ئاوی زێی گەورە و زێی بچووکی تێ دەڕژێ، کە لە کوێستانەکانی (کوردستانی بەردەستی) ئێران سەرچاوە وەردەگرن. دەڵێن ئەو چۆمانە (زوو)ی پادشای پێشدادی (کوڕی تەهماسبی کوڕی مەنووچێهر) هەڵیقەندوون. ئەروەند پاشان لە نێوان بەلەد و سامەڕا دەڕژێتە دەشتی نێوان دووچۆمان. چۆمی دیالە لە تێکەڵبوونەوەی سێ چۆمی سیروان و زەڵم و تانجەڕۆ پێکدێ و شوێنی تێکەڵبوونەوەیان، دوو ئاوانی پێ دەکوترێ. ئەو چۆمە لە هەمووی ڕێگەی خۆی بەخاکی عێراقدا بەناوی سیروان – کە یەکێکە لە لکەکانی پێکهێنەری – ناودەبرێ و لە نیزیک (سەلمان پاک) لە باشووری بەغدا دەڕژێتە نێو دیجلە. تەڵەباوی سیروان، ڕووی دیجلە بۆ لای ڕۆژهەڵات وەردەگێرێ و لە فەڕاتی نیزیک دەکاتەوە. دیجلە پاش پێوانی ڕێگەیەک دیسان بادەداتەوە بۆ لای زاگرۆس لە نیزیک عەمارە بەهۆی تەڵەباوی کەرخە ڕوو لە باشوور دەکات و لە (الغرنە) لە ٦٤ کیلۆمەتریی باکوری بەسرە چۆمی فەڕاتی لەگەڵ تێکەڵ دەبێتەوە، پاشان لە باکوری جزیرەی ئابادان دەڕژێتە چۆمی گەورەی کاڕوون و ئەروەندی گەورە (شط العرب) پێکدێنێ و دوای تێپەڕین بەجزیرەی ئابادان، دەڕژێتە دەریای پارس (کەنداوی فارس). درێژاییی ئەو چۆمە لە سەرچاوەوە تا کەنداوی فارس نیزیک بە ١٩٥٠ کیلۆمەترە و ساڵانە ٥٠ ملیۆن تۆن تەڵەباوی هەیە کە لە تەڵەباوی چۆمی نیل زیاترە. ناوی دیجلە و لە بەردەنووسی داریووش لە بیستووندا بە تیگرا ( Tigr) هاتووە، کە بەواتای توندوتیژ یا تیژە، یۆنانییەکان کردوویانەتە تیگریس (Tigris)و لە ئینگلیسی و فرانسەییدا بە تایگر (Tigre) هاتووە. لە ئاوێستادا ئەو ناوە (تیغرا Tiyr)و لە سانسکریتدا (تیج Tij)ەو لە کوردیشدا دەبێتە (تیژ).

لە بەشی١٥ی بەندەهێشی ئاوێستادا هاتووە: سەرچاوەی فەڕات (fr t) لە سنووری ڕۆم ڕا دێتە نێو ئاسوورستان و بۆیە پێی دەڵێن فەرات کە خۆراک دەداتە زەوی.(فەڕات لە دوو وشەی فەڕ، واتە پیت و بەرەکەت و هات پێکهاتووە و واتای پیت هێنەر دەداتەوە). ئەو سەرچاوە مەنووچێهر هەڵی قەند. لە چاخە کۆنەکاندا فەڕات لە (الغرنە) نەدەڕژایە دیجلە و (شط العرب) پێک نەهاتبوو، بۆیە دیجلە لە سەرچاوەکەی ڕا تا دەڕژایە دەریا ناوی نەدەگۆڕا. فەڕات ڕێگەیەکی تری هەبوو و لە بەغدایە دەڕژایە نێو دیجلە و زیادییەکانیشی دەڕژایە نێو خیزەڵانەکان.

(جیهان نامە) دەڵێ: (سەرچاوەی دیجلە لەبن شاری ئامێدەوەیە و بەرۆهەڵاتی

شارەکانی جزیرەدا تێدەپەڕێ و جزیرە بەوشارانە دەڵێن کە لە نێوان دیجلە و فەڕات هەڵکەوتوون. هەروەها تا بەغدا دێت و لەنێو شاری بەغدادا لکێکی فەراتی تێکەڵ دەبێتەوە تادەڕژێتە دەریای پارس لە نیزیک ئابادان. فەڕات ئاوێکی گەورەیە بەڵام لە دیجلە کەمترەو سەرەتا لە کێوەکانی ڕۆم سەرچاوە وەردەگرێ و بەنێو سنوورەکانی شامدا تێدەپەڕێ و هەروەها بەڕۆژئاوای شارەکانی جزیریدا دەڕواو لکێکی لە بەغدا دەڕژێتە نێو چۆمی دیجلە و پاشماوەی فەڕات دەچێتە دەوری کووفە و ئەوەی لەوێ زیاد دەمێنێتەوە دەچێتە نێو خیزەڵانەکان).

ئەولیا چەلەبی گەڕێدەی بەناوبانگی تورک لە ساڵی ١٠٦٥ی کۆچی لە سیاحەتنامەی خۆیدا دەنووسێ: (سنووری باکوری کوردستان ئەرزی ڕۆم، سنووری باشووری بەسرەیە لەسەر کەنداوی فارسە). مێژووی ڕۆهەڵاتی کۆن دەنووسێ (مزڵ و شوێنی ژیانی قەومی کورد لە کەنداوی فارس ڕا تا بەحری خەزەر درێژەی هەیە) کتێبی (کورد عشیرتلری) کە لەلایەن بەڕێوەبەریی گشتیی ناوچەیی خێڵەکان و کۆچەران لەمەڕ کوردەکانی عوسمانی لە ئەستەمبووڵ بڵاو بووەتەوە و لە ساڵی ١٩١٨ی زاینی لە چاپخانەی ئوورخانیە لە چاپدراوە دەنووسێ (خێڵەکانی کورد لە باشوور عێراق و مووسڵ، لە ڕۆهەڵات لازستان و لە ڕۆژئاوا لە عەجەمستان و کێوەکانی ئارارات نیشتەجێن) ئەو ناوچەیە تەنیا کوردستانی تورکیایە کە تورکەکان بۆ خۆیان ددانیان پێداهێناوە.

لە سەردەمی خەلیفەی دووەمی ئیسلامدا بەشێک لە کوردستان لەسەر ئازەربایجان و بەشە ناوەندییەکەشی لەسەر جزیرە بووە، کە ئەیازی (کوڕی غەنەم) میری بووە. لە سەردەمی خەلیفایەتیی بەنی ئومەییە و بەنی عەبباسیشدا، سەر زەمینی کوردستان بەسەر ئەو هەرێمانەدا دابەش بووە: جزیرێ، کوێستان، ئازەربایجان، مووکان (دەشتی موغان)، ئەرران و ئەرمەنییە و ڕۆم. کتێبی (تقویم البلدان)یش دانی بەو دابەشبوونەدا هێناوە و وڵاتی کوردستانی لە ٥ ناوچەدا باس کردووە:

حەوتەمین ئیقلیم جزیرێ بووە کە بریتی بووە لە میسر (ڕەفە – لەگەڵ وڵاتی میسری ئەوڕۆمان لێ تێک نەچێ)، سەرزەمینی ڕەبیعە (مووسڵ)، کە لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا هەموو خەڵکەکەی کورد بوونە و هەروەها دیاربەکر (ئامێد)،

هەشتەمین ئیقلیم: عێراق و حولوان،

حەڤدەمین ئیقلیم: بیلادەلڕووم، مەلاتیە، یووزقار، سیواس،

هەژدەمین ئیقلیم: ئەرمەنییە، ئەراران، ئازەربایجان، وان، بەرزغە کە ناوەندی ئەرران و لەسەر چۆمی کوورا بووە، تەورێز، ئەردەبیل، مەراغە کە ماوەیەک ناوەندی ئازەربایجان بووەو ڕەسەدخانەی بەناوبانگی (خواجە نەسیرەددینی تووسی)ی لێ بووە کە ئاسەوارەکەی ئێستاش هەر ماوە.

نۆزدەهەمین ئیقلیم: کوێستان (جبل)، سوڵتانییە، هەمەدان، مسیی، هەولێر، شارەزوورو...

لێسترەنگ (Lestrang) لە کتێبی (The land of the Ertezn Calipahate)ی ساڵی ١٩٠٥ی چاپی لەندەندا کوردستان ئاوا دابەش دەکا: خووزستان، کوێستان، عێراق، جزیرێ، ئەرمەنستان، ئەرران، مووکان (لە نێوان ئەردەوێڵ و چۆمەکانی ئاراز و کوورا هەڵکەوتووە)و ئازەربایجان، کە یەکەیەکی ئیداری بەناوی کوردستان نەبووە. هەروەها لە کتێبی (سەرزەمینە ڕۆهەڵاتییەکانی خەلیفەکان لاپەڕە ١٩٢)دا دەنووسێ کە لە سەرەتاکانی سەدەی شەشەمی کۆچیدا سوڵتان سەنجەری سەلجووقی ڕۆئاوای زنجیرە کێوەکانی زاگرۆسی کە سەر بە کرماشان بوو، لەوێ جیاکردەوە و فەرمانڕەواییەکەی دا دەستی (سولەیمانشا)ی برازای و ئەویش (بەهار)ی کردە ناوەندی فەرمانڕەوایی خۆی و پاش دوو ساڵان (٥٥٦-٥٥٧)ی کۆچی بوو بەجێنشینی مامی.

حەمدوڵڵای موستەوفی دەنووسێ: (ئەو کاتەی سولەیمان فەرمانڕەوای ئەو ناوچەی بوو، هەندێک پێشکەوتنی هەبوو و هەموو ساڵێ نیزیکەی دوو ملیۆن دیناری داهات هەبووە، کە ژمێریارەکەی دەرباری مەغوول، ڕادەی داهاتەکە بەدەیەکی ئەوە دەنووسێ. لە سەردەمی مەغوولدا، سوڵتاناوا لە چەمچەماڵ بەهۆی (ئەلجایتوو) سازکراو شارە بە ناوبانگەکانی تری برێتی بوون لە: کرماشان، حولوان، چەمچەماڵ، ئالیشتار، کەنگاوەر، دیناوەر، شارەزوور و بەهار.)

ئەو هەروەها لە کتێبی (نزهة القلوب)دا دەڵێ: ناوەندی کوردستان سەرەتا شاری (بەهار) بوو، پاشان ڕاگوێزرایە (سوڵتاناوا) لە نیزیک کێوی بێستوون، کە بە سوڵتاناوای چەمچەماڵ بەناوبانگ بوو. سەرزەمینەکانی (ئەرمەن) و (جزیرێ)

لەسەر کوردستانی ڕۆئاواو (هەولێر) و (ئامێد) لەسەر هەرێمی (جزیرێ) بوون. لە سەدەی هەشتەمدا کوردستان لە ١٦ هەرێم پێکهاتبوو و تەنیا (کرماشان) و (شارەزوور) نوێنەری هەرێمەکانی خەلافەتی ڕۆهەڵاتی کوردستان بوون. ناوەندی ئەو بەشەی کوردستانیش، شاری (کرماشان) یا (قەرمیسین) بوو، کە بە یەکێک لە چوار هەرێمی عیراقی عەجەم (کوردستان، هەمەدان، ڕەی و ئیسفەهان) دەهاتە ئەژمار. شارەزوور شارێکی ئاوەدان بووە لە شوێنی (یاسین تەپە)ی ئەوڕۆ.

لەوانەیە هەر لەبەر دابەشکردنی بەڕێوەبەری، شاری حولوان لەسەر عێراقی عەرەب و هەرێمەکانی تری وەک زەنگان (زەنجان) سابڵاغ یا (ساوجبولاغ) یا مەهاباد (لوڕی گەورە و لوڕی چووکە)، برووجێرد، خوڕەم ئاباد، ئەسەد ئاباد لەسەر عێراقی عەجەم و خۆ و سەلماس و شنۆ و سەراو (سەراب)، دێهخارەکان (ئازەرشار) لەسەر ئازەربایجان و مەلازگەرد و وان لەسەر ئەرمەنستان هاتبنە ئەژمار.

ئەولیا چەلەبی کە ساڵی ١٠٦٥ی کۆچی تەواوی ناوچەکانی کوردستان گەڕاوە، دەڵێ کوردستان لە باکور بۆ باشوور و لە ئەرزەڕۆم ڕا بۆ وان و هەکاری و جزیرێ و عەماریە (ئامێد)و مووسڵ و شارەزوور و ئەردەڵان و دەربەند و لەوێرا بۆ بەسرە درێژ دەبێەوە. درێژایی ئەو سەرزەمینە حەفتا مزڵە بەڵام پانایییەکەی کەمترە.

## هەرێمە کوردنشینەکان لە کاتی هێرشی عەرەب

(ئەو بەشەم لە کتێبی کوردستان و پرۆسەی بەئیسلامکردنی کورد وەرگرتووە)

یەکەم – هەرێمی جزیرێ:

ئەو هەرێمە پێی کوتراوە جزیرە، چونکە کەوتووەتە نێوان دوو چۆمی گەورەی دیجلە و فەڕات و لە سەرووی تکریت ڕا تا سەرچاوەی هەر دوو ڕووبار دەگرێتەوە. لە کاتی هێرشی عەرەب ئەو ناوچانەی ئەو هەرێمە، کە کوردی تێدا نیشتەجێ بوونە برێتین لەوانەی خوارەوە: بێجگە لە هەندێک ناوچەی تێکەڵاوی کورد و عەرەب، ئەو ناوچەی لە پشتی چیای جوودی و هەروا دەوروبەری دەریاچەی وانەوە درێژ دەبێتەوە تا سنووری ئەرمینیا... لە خوارووی ئەو دەڤەرە بەرەو باشوور، دەڤەری هەکارییە کە شاری ئامێدی (العمادیە) بنکەی سەرەکییەتی و زۆربەی قەڵاو گوندە شاخاوییەکان ئی هۆزەکانی هەکارین و لەوێشەوە بەرەو خوارتر سنووری جەزیرەی بۆتانە

(جزیرەی ئیبنی عومەر)، بەرەو خوارتر شاری مووسڵ و دەڤەرەکەیەتی... دەڤەری شارەزووریش لەسەر مووسڵ دێتە ئەژمار.

شارەکانی جزیرێ ئەوانەن:

١- نوسەیبین لە باشووری چیای جوودی، ٢- ماردین، ٣- دارا کە لە بناری چیای ماردین و لە نێوان نوسەیبین و ماردینە، ٤- سەعرەد (سیرەت)، ٥- حەڕڕان (بەهاران)، ٦- ئوورفە (ئەلرۆها) کە ڕۆمییان پێیان کوتووە (ئەزاسا) و جزیرەی کوردانیشی پێ کوتراوە چونکە کوردی تێدا نیشتەجێ بوونە، ٧- ئەرزن (هەرزن) لەسەر سنووری ئەرمینیا لە نیزیک شاری ئەخلات و لە ڕۆهەڵاتی دیجلەیە، ٨- حەسنکێف (حەسنکیفا)، میجرسۆن دەڵێ دانیشتووانی ئەو شارە هەمیشە کوردبوون، ٩- ئامەد (دیاربەکر)، ١٠- میافارقین (فارقین)، ١١- مەنبەچ، ١٢- سەمیسات (شەمیشات)، ١٣- مەلاتیە (یۆنانییەکان پێیان کوتووە ڕەگەبە)، ١٤- سەرکانی (ڕەئسولعەین)، ئەو شارە ٣٠٠ کانیی تێدان کە بەهەمووییان چۆمی خاپوور پێکدێن، هەر بۆیەش ئەو ناوەی لەسەر دانراوە، خەڵکەکەی شەڕی گەورەیان لە دژی عەرەبە موسڵمانەکان کردووە. ١٥- مەرعەش، دەکەوێتە نیزیک حەڵەب لە کوردستانی بەردەستی سووریا. ١٦- سەمانین (هەشتاین) دەکەوێتە بناری چیای جوودی، زۆربەی مێژوونووس و گەڕیدە موسڵمانەکان لەسەر ئەوەی کۆکن کە هەشتاین یەکەم شوێنە دوای تۆفانەکەی نووح ئاوەدان کراوەتەوە. ئەو شارە هەر لە کۆنەوە کوردی لێ نیشتەجێ بوونە، ١٧- هێزان دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای دەریاچەی وان، شارێکی تریش بەوناوە لە نیزیک شاری (شیروان)ە. ئەو شارە دەکەوێتە نیزیک سەعرەدو سەر بەمەڵبەندی دیاربەکرە. ئەو شارە تەنیا شارێکە لە سەرزەمینی عێراق و جزیرە و شام کە بەڕووەخاسەی لێ دەڕوێ. کورد بەدرێژاییی نێوان سەعرەدو هێزان نیشتەجێن. ١٨- جزیرەی بۆتان (جزیرەی ئیبنی عومەر)، لەسەر دەستی ئەردەشیری بابەکان بنیات نراوەو پێی کوتراوە جزیرەی کوردان. نیکیتین دەڵێ: شارۆچکەی جزیرە ناوەندی ناوچەی بۆتانە کە بە مەڵبەندی پەیدابوونی ڕەگەزی کورد دادەنرێ ١٩- زۆزان، هەرێمێکی کوردنشینە و ئێستا هاوینەهەوارێکە لە کوردستانی بەردەستی تورکیا. دوکتۆر فەیسەل ئەلسامەر دەڵێ: (زۆزان دەڤەرێکی ئیسلامە و کورد

زۆرینەی زۆری دانیشتوانی پێکدەهێنن). ٢٠- مووسڵ و شارە پێوەندیدارەکانی:

ئا - مووسڵ، ئەو شارە پێوەندیی بەو شارانەوە هەبووە (تیرهان، حەدیسە، مەرجەهینە، نەینەوا، باجلی، باهزرا، باعزرا، حەبتوون -هەفتوون- بانعەکی، حەززەو...) کورد هەر لە کۆنەوە لە مووسڵ و دەوروبەری نیشتەجێ بووەو عەرەبەکان دوای ئیسلام هاتوونەتە وێ. ئەو شارە لە سەردەمی هاروونە ڕەشیدی عەبباسی شارەزووریشی لەخۆ گرتبوو. ئەو شارە بەر لە زاین هەبووە و بۆیە پێی دەکوترێ مووسڵ کە دوو ڕووباری دیجلە و فەڕات پێکەوە دەبەستێتەوە.

ب - شارەزوور، ناوچەیەکی چڕە و لە سەرەتای ئیسلامەوە خراوەتە سەر مووسڵ، هەر بەدەستی کوردەکانەوە بووە و هیچ میر یا والییەکی خەلیفەکان فەرمانڕەوایی بەسەردا نەکردووە. ئەو دەڤەرە لە ٤٥٠٠ی (پ.ز.) ڕا شوێنی دانیشتنی گەلانی زاگرۆس بووە. لوولووییەکانیش لە (٢٨٠٠ -٢٧٠٠ی پ.ز.) تێیدا نیشتەجێ بوونە. شارەکانی ئەوانەن:

یەک- نیم ئەزراە (واتە نیوەی ڕێگە - نووسەر)، ئەو شارە دەکەوێتە دەشتایی، چیای هەورامان (شەعران )و (کەژی زەڵم)ی لێ نیزیکن. کەژی زەڵم دەکەوێتە نیوەی ڕێگەی نێوان تیسفوون (مەداین) و شیز. خۆرهەڵاتناسان لەسەر شوێنەواری ئەو شارە بیروڕای جیاوازیان هەیە.

دوو- تەیران شا (تیرانشاه)،

سێ- دەیلەمستان، دەیلەمەکان ئەو شوێنەیان کردبووە ئۆردووگای خۆ بۆ هێرش کردنە سەر ناوچەکانی تر و هەر بۆیەش ناوی نراوە دەیلەمستان،

چوار- دزدان، شارێکی قایم بووە، دیوارەکەی ئەوەندە پان بووە کە ئەسپ توانیویەتی غاری بەسەردا بکا. ئەو شارە بەربەرەکانییەکی باشی دەگەڵ هێرشی عەرەبدا کردووە. هەر لەبەر قایمییەکەشی زۆرجاران دز و ڕێگر پەنایان بۆ بردووە و بۆیە ناوی بۆتە دزدان.

پێنج- بیر (پیر) شارێکی قایم بووە لە نیزیک شارەزوور، خەڵکی ئەو شارە و دەوروبەری هەموو کوردن. لە سەردەمی عەبباسییان پەناگای یاخییان بوو.

شەش- قیسنان (قینا)، دوا بۆچوون ئەوەیە کە شوێنی ئەو شارە دەبێ قینا (گونىا) بێ کە دەشتێکی بچووکە لە کەناری ڕاستی ڕووباری سیروان.

ج- هەکاری و چۆڵەمێرگ: شارێکی هەرێمی جزیرەیە، هەکارییەکانی تێدا نیشتەجێن، کوردی ئەو دەڤەرە وێرای ڕۆمەکان بەربەرەکانیی لەشکری عەرەبیان کردووە. شاری چۆڵەمێرگ کەوتووەتە باشووری هەکاری و دانیشتووانی کوردن، کە پێیان دەکوترێ کوردی چۆڵەمێرگی. نیکیتین دەڵێ ٩٠٪ی خەڵکەکەی نەستوورین. ئەوە وادەگەیەنێ کە کوردەکانی ئەو ناوچەی لەسەر ئاینی مەسیح ماونەتەوە.

د- ئامێدی (ئەلعێمادییە)، لە ناوچەیەکی دژواری شاخاویی خۆرهەڵاتی مووسڵە و کەوتووەتە باکوری هەولێر.

ک- زاخۆ (ئەلحەسەنییە)، لەوانەیە شاری زاخۆی ئێستا بێ. لەسەر ڕووباری خاپوورە. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە پێش زاین.

و- باعذرا،

ز- داسن، شاری ئیزەدییەکانە، دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی مووسڵ،

ح- سنجار (شەنگار) ئەو شارە لە چیای شەنگارە و لە خۆرهەڵاتی مووسڵ، لە جزیرە تەنیا شەنگار دارخورمای هەیە.

گ - بەلەد، لە خۆراوای دیجلەیە،

ی - نەوکرد (حەدیسە)، حەدیسە بە عەرەبیکراوی ناوی نەوکردە. شارێکی کۆنی سەردەمی ساسانییانە، لەسەر لێواری خۆرهەڵاتی دیجلەیە.

ک - ماکسین، لەسەر ڕووباری خاپوورە.

ل - حەبتوون (هەفتوون)، هەموو دانیشتوانی کوردن.

م - دەرناباد، دانیشتووانەکەی کوردن،

ن - زەمکان (ئەلسامغان)، شارێکی کوردنشینە سەر بەشارەزوور،

ص - ئاکرێ (عەقرە)، دانیشتووانی کوردن،

ع - هەولێر (ئەربیل)، لە شارە هەرە کۆنەکانی کوردستان و یەکێکە لە گرینگترین و بەناوبانگترینیان، یەکەم جار بە نووسراو بەناوی (ئۆربیلم) و هەروەها (ئەربیلم) لە نووسراوەی شا (شلووک)ی سوومەریدا هاتووە، لە ئۆری سێیەم بە (ئەربائیلۆ) ناوبراوە. ئەو ناوە لە زمانی ئاشووری و بابلییەکاندا واتای چوار خوا دەگەیەنێ،

ف – حەزە (حەززە)، ئەو شارە لە نیزیک هەولێرە و کوردنشین بووە، هەندێک گەڕیدە و مێژوونووسی موسڵمان بە پێتەختی هەولێری ناو دەبەن، وێدەچێ هەر ئەوەش بووبێتە هۆی ناو نەهاتنی هەولێر لە سەرکەوتنەکانی ئیسلامدا.

س – کەفرعەزا، ئەو شارە کوردنشین و سەربە حەزە بووە.

ش – مەرج و دێهاتەکانی، ناوی ئەو شارە لە سەرکەوتنەکانی عەرەبدا لەنێو شارە کوردەکاندا هاتووە.

٢١– باگەرمێ (باجەرمێ، گەرمیان)، دەڤەرێکی فرەوان بووە و شاری کەرکووک بەشێک بووە لەو دەڤەرە، بەئارامی بە (کەرخا) ناو براوە و لە سەردەمی سلووکییەکاندا بە (بەیت سلووک)، واتە ماڵی سلووکییەکان، ناوی هاتووە و کۆنترین ناوی ئەرەبخایە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حامووڕابی، لە سەردەمی ئاشووردا پەرستگەی خوای (ئاداد) بووە. گریکەکان بە ئارانجبووس ناویان بردووە. لە جوگرافیای بەتلیمووسدا ناوی بە (کرخورا) هاتووە.

٢٢– داقۆق (داقووقا، تاووغ)، شارێکی کوردنشینەو دەکەوێتە نێوان کەرکووک و خانیجار. ئەو شارە کە شارێکی قایم بووە دەکەوێتە سەرچۆمی داقووق، کە سەرچاوەکەی چیاکانی شارەزوورە.

٢٣– سن بارما دەکەوێتە خۆرهەڵاتی دیجلە و لە نیزیک چیای سوورکێو (حەمرین، بارمەعا)یە. شوێنێکی کوردییە و ئێستا ئەلفەتحەی پێدەڵێن،

٢٤– دەستگێرد (دەستکارە)، کە شارێکی سەردەمی ساسانییانە و ناوی ئێستای زیندانە،

دووەم: هەرێمی چیاکان:

سەردەمێک عەراقی عەجەمیان پێدەکوت، سنوورەکەی دەکەوێتە نێوان ئیسفەهان تا دەگاتە زەنگان و قەزوێن و هەمەدان و دینەوەر و لوڕ و کرماشان و ڕەی لە نیزیک تاران، لە خۆرهەڵاتەوە خوراسان و فارس و خووزستان، لە باشوور و لە باکور ئازەربایجان و لە خۆرئاواڕا جزیرە و پێدەشتەکانی عێراق دراوسێنی.

دەڤەرەکانی هەرێمی چیاکان:

یەک: دەڤەری ماهـ بەسرا

١- نەهاوەند: شارێکی زۆر کۆنە و مێژوونووس و گەڕیدە موسڵمانەکان بەشارێکی کوردیان داناوە،

٢- برووجێرد (وەرووگرد)، پێتەختی دووەمی ماهی بەسرایە، لە سەرکەوتنی موسڵمانەکاندا ناوی نەهاتووە، چونکە ئەوکاتی گوند بووە،

دوو: دەڤەری ماهی کووفە، سنوورەکەی لە خۆرئاوا حولوان و شارۆچکەکانی و لە باشوور ماسیبزان و شارۆچکەکانی و لە خۆرهەڵاتیش هەمەدان و شارۆچکەکانی و لە باکوریشی ئازەربایجان بوو.

١- دینەوەر، لە سەرکەوتنەکانی ئیسلامدا ناوی هاتووە،

٢- کرماشان (کرمانشاهـ، قەرمیسین، قەرماسین)، شارێکی گەورەیە و لەسەردەمی کۆندا (ئێللی پی)ی پێ کوتراوە.

٣- ئەسەدئاباد، کەوتووەتە نێوان کەنگاوەر و هەمەدان،

سێ: دەڤەری ماسەبدان

١- شاری ماسەبدان، لە نیزیک سیروان بووە، ساسانییەکان خەڵکی وێیان بە بەئاوەزترین خەڵکی خۆیان زانیون، لە سەرکەوتنەکانی عەرەبدا ناوی هاتووە،

٢- سیروان، ئەو شارە پێش هاتنی ئیسلام هەبووە، ناوی لە سەرکەوتنی عەرەبەکاندا هەیە،

چوار: پارێزگای مێهرەگانی بچووک (مهرجانقدک)

١- سەیمەرە، ٢- شاپوورخواست، شاری خوڕڕەم ئابادی ئێستا لە شوێنی ئەو شارە ساز کراوە، ٣- ئەلەشتەر،

پێنج: پارێزگای حولوان:

شاری حولوان وەک شارێکی گەورە و ئاوەدان لە سەرکەوتنەکانی عەرەبدا ناوی هاتووە، لەسەر ڕێگەی بازرگانیی خوراسان بووە، گەورەترین شاری عێراق بووە، دیالە و خانەقین و فیرووز قوباد و سیروان، لەسەر ئەو پارێزگایە بوون،

شەش: پارێزگای شاھ قوباد

ئەو پارێزگایە سەر بە حولوانە و ئەو شارانە دەگرێتەوە: ١- جەلەولا، کەوتووەتە سەر ڕێگەی بەناوبانگی خۆراسان، ٢- بەندەنیجین (مەندەلی)، سەردەمی ساسانییان سازبووە، ناوی لە سەرکەوتنەکانی عەرەباندا ھاتووە، ٣- قەسری شیرین، ئەو شارە پەرویز بۆ شیرنی دەزگیرانی ساز کردووە، لە سەرکەوتنەکانی عەرەبەکاندا ناوی ھەیە، ٤- بەرازرووز، ٥- دەسکەرە، ٦- سەلسەل، ٧- شارەزوور، ٨- زەینین،

شارەکانی تری چیاکان:

١- کەنگاوەر، ٢- سیسەر، ئەو شوێنە لەوەڕگەی مەڕومالاتی کوردانی شوانکارە بووە، لە باسی گرتنی ھەمەداندا لەلایەن عەرەبەکانەوە ناوی ھاتووە، ٣- گەیلان: ناوچەیەکی بچووکە، شاری گەورەی لێ نییە و زۆرتر گوندن، شاری گەیلان کەوتووەتە لوڕستانی بچووک و سەربە کرماشانە، ئەو شارە پێتەختی دەیلەمییان بووە، ٤- ھەمەدان، شارێکی زۆر کۆنە و پێتەختی مادەکان بووە، قەوارەی نیزیکەی ٦ کیلۆمەتری چوارگۆشە بووە و چوار دەرگای ئاسنی ھەبووە، کەوتووەتە سەر چوار ڕێیانی کاروانەکانی کۆنی حەجیش، لە کاتی شەڕەکانی موسڵمانانی عەرەبدا شارێکی کوردنشین بووە. ٣- زەنگان، خاڵی کۆکەرەوەی کاروانە ڕێیەکانە بۆ ھەمەدان و دینەوەر و شارەزوور و ئەسفەھان و ڕەی و ئازەربایجان.

٤- شاری سەھرەوەرد (سوورەبەرد) دەکەوێتە نیزیک زەنگان و دانیشتووانی لەو کاتەدا کورد بوون،

سێیەم: ھەرێمی ئەھواز:

ئەو ھەرێمە کوردی تێدا ژیاوە و کوردەکان لەوێ شەڕی گەورەیان لەگەڵ عەرەبە موسڵمانەکان کردوون، ئەو کاتەی شاپووری یەکەم ئامەدی گرت ھەموو دانیشتووانی گوێستنەوە شارەکانی دەڤەری ئەھواز، کە بێگومان زۆربەیان کورد بوون،

١- شووشتەر (تستر)، لە سەردەمی ساسانییاندا ناوی ھەبووە، لە گیرانی دەڤەری ئەھوازدا بەدەستی سوپای عەرەب، وێڕای شاری ئەھواز ناوی ھاتووە و ھەر دوو شاریش کوردی تێدا نیشتەجێ بوون، پاشماوی مرۆڤی چاخی بەردینی نوێ لە

ئەشکەوتی (تانکی) لە چیای بەختیاری دۆزراوەتەوە، کە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی ئەو شارە.

٢- شووش (سووس، سووسنیا، سووسە، شووشە)، لە سەردەمی سەرکەوتنەکانی عەرەبدا ناوی هاتووە، شاپووری یەکەم زوربەی کوردەکانی ئامەدی گواستەوە ئەو شارە،

چوارەم: هەرێمی فارس

لە هەندێک لە پارێزگاکانی ئەو هەرێمە بەتایبەتی ئەرگان و شاپووردا کورد نیشتەجێ بوون و لەگەڵ سوپای هێرشکاردا شەڕی گەورەشیان کردووە، کوردێکی زۆریش لە شیراز و دەوروبەری نیشتەجێن،

١- تەوج، شارێکی گەرمە و کەوتووەتە دەشتاییی، ناوی لە سەرکەوتنی عەرەبەکاندا هەیە،

٢- کازروون، کوردی زۆری تێدانە، ناوی لە سەرکەوتنی عەرەبەکاندا هەیە لەگەڵ شاری نۆبەندەگان (نوبندجان)،

٣- پەساو، ٤- دارابگەرد،

پێنجەم: هەرێمی ئازەربایجان:

ئەو هەرێمە کەوتووەتە نێوان هەرێمی چیاو وڵاتی ئاران (ئەرران): شارە کوردنشینەکانی ئازەربایجان:

١- ئەردەبیل (ئەردەوێڵ)، پێش ئیسلام و لە کاتی هێرشی عەرەبەکاندا گەورەترین شاری ئازەربایجان بووە، ناوی لە سەرکەوتنی عەرەبەکاندا هەیە، بەتایبەتی لە شەڕی کوردەکانی ناوچەی سەوەڵان (سەبەلان، سەهۆڵان)،

٢- مەراغە، دوای دەستەڵاتی عەرەب کرا بە پێتەختی ئازەربایجان و کوردی تێدا نیشتەجێ بووە،

٣- تەورێز (تەورێز)، ناوی لە سەرکەوتنی عەرەبەکاندا نییە چونکە گوند بووە، بۆیەش ناوی کوردەکانی سەهەند و سەوەڵان و ساتروودان لە جێگەی ئەو شارە دێ کە دەوریان دابوو،

٤- نەیرێز، لە باشووری دەریاچەی ورمێیە، ناوی لە سەرکەوتنی عەرەبەکاندا لەگەڵ

کوردەکانی سەوەڵان و بەلاشجاندا هاتووە، (ابن مهلهل) باسی کوردەکانی دەکا کە چۆن ئەو شارەیان لە چەنگ عەرەبەکانی هۆزی (ئەلرۆدەینی) دەرێناوەتەوە،

٥- ورمێ (ئورووموی)، شارێکی کۆنە و لە سەرکەوتنی عەرەبەکاندا وەک مەڵبەندێکی سەرەکیی ڕووداوەکان ناوی هاتووە،

٦- سەڵماس، لە کاتی هێرشی سوپای عەرەبدا زوربەی زۆری دانیشتووانی شارو دەوروبەری کورد بوون، ٧- میانە، بەر لە ئیسلام هەبووە و ناوی لە هێرشی عەرەبە موسڵمانەکاندا هاتووە، کوردەکانی ئەو شوێنە شەڕی گەورەیان دەگەڵ کردوون،

٨- باجەروان، دەکەوێتە نیزیک دەربەند، ناوی لە شەڕی عەرەبەکاندا لەگەڵ کوردەکانی سەوەڵان و بەلاشجان و ساترووداندا هاتووە،

شەشەم: شارەکانی ئەرمینیا و ئاران

١- گەنجە، بەر لە ئیسلام هەبووە و گەورەترین ئاگردانی زەردەشتیی لێیە،

٢- بەرزەغە (بەردەدار)، شا قوبادی ساسانی بنیاتی ناوە، دەروازەی ئەوشارە دەروازەی کوردانی پێ دەکوترێ، ناوی لە سەرکەوتنی عەرەبەکاندا هەیە،

٣- شەمکوور، شارێکی کۆنە و ناوی لە سەرکەوتنی عەرەبەکاندا هەیە، یەکێک بووە لە شارەکانی میرنشینی شەددادیی کورد (٩٠١ی ز/ ٣٤٠ک تا ١١٩٩ی ز/ ٥٩٥ک)،

٤- نەخجەوان (نەخشەوان)، نەوشیرەوانی کوڕی قوبادی ساسانی بنیاتی ناوە، شەددادییەکانی کورد تێیدا نیشتەجێ بوون، ناوی لە سەرکەوتنی عەرەبەکاندا هەیە،

٥- بیلەکان (بیلەقان)، شارێکی کۆنە، شەددادییەکانی کورد تێیدا نیشتەجێ بوون، ناوی لە سەرکەوتنی عەرەبەکاندا هەیە،

٦- مەرەند،

٧- شابران، شارێکی کۆنە لە نیزیک دەربەند،

٨- دۆبیل (دوین) لە نیزیک تفلیس و لەسەر چۆمێکە بەناوی زێی کوردان، ئەو شارە لەلایەن نەوشیرەوانی کوڕی قوبادی ساسانی بنیات نراوە، شەددادییەکانی کورد

تێیدا نیشتەجێ بوون، ناوی لە سەرکەوتنی عەرەبەکاندا هەیە، بنەماڵەی کوردانی ئەییووبی لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەو شارە بوون،

٩- شەماخی، شارێکی کوردنشین بووە،

١٠- مەسقەت، شارێکی کوردنشین بووە، نەوشیرەوان سازی کردووە،

١١- دەربەند (باب الابواب)، نەوشیرەوان سازی کردووە، لەسەر دەریای کاسپییە و لەو پەڕی باکوری ئاران هەڵکەوتووە، شەددادییەکانی کورد تێیدا نیشتەجێ بوون، ناوی لە سەرکەوتنی عەرەبەکاندا هەیە،

١٢- شیروان، نەوشیرەوان سازی کردووە، ناوی لە سەرکەوتنی عەرەبەکاندا هەیە،

حەوتەم: هەرێمی خێلات (ئەخلات)

ناوچەکانی دەوروبەری خێلات (وان) ناوچەیەکی کوردین و چەند شاروشارۆچکە دەگرنەوە، وەک بەرگری و مەنار کورد و خێلان و بەدلیس و ئەرزەن و ئەرکیش (ئەرجیش)و خەنووس (خەس)و وان و وشان و ئاتاخ و....

- شاری ئەخلات، پێتەختی ئەرمینیای نێوەڕاست بووە، ناوی لە سەرکەوتنی عەرەبەکاندا هەیە،

- بەدلیس (بەتلیس)، شارێکی کۆنی کوردە لە دۆڵێکی قووڵداو ناوی لە سەرکەوتنی عەرەبەکاندا هەیە،

## کوردستانی ئێستا

مێژووی ئەدەبی کورد، ئاوا باسی سنووری کوردستان دەکا: (تێکڕای وڵاتی کوردستان ئەو شوێنانەی داگیر کردووە: لە ڕۆهەڵاتەوە پاڵ ئەدا بە ئێرانەوە؛ یانی لە خووزستانەوە دەست پێ ئەکا بۆ عەراقی عەجەم و هەمەدان و زەنگان و تەورێز، تا ئەگاتە ڕووباری (ئاراس) لە قەوقاسی باشووری. لە ڕۆژئاواوە ئەگاتە ئایەنە و سیواس و پاڵ ئەدا بە ئانادۆڵەوە. لە باکورەوە ئەگاتە قەوقاس و لوای (لازستان). لە باشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتەوە ڕیزە هێڵێکە لە خووزستانەوە دێت ئەگاتە کێوی حەمرین و بۆ کێوی سەنجار لە دەشتی شام و لەوێوە بۆ گورداغ تا ئەچێتە سنووری ئەسکەندەروونە).

دیارە ئەو ناوچەیە هەر بە مەزەندە سنوورو ڕووبەری کوردستان نیشان دەداو

تاڕادەیەک لە ڕاستی نزیکە، تەنیا لەلای تەورێز و هەمەدان هەندێکی خراوەتە سەر، کە هەرچەندە لە سەردەمی کۆندا کوردستان بوون، بەڵام ئێستا لە کورد چۆل کراون و تورکیان تێدا نیشتەجێ کردوون. ئەو ڕەوتی بەتورککردنە پێش سەردەمی سەفەوییان، واتە دەستپێکی هێرشی گەلانی تورک ڕەگەز بۆ کوردستان زۆر لە سەرەخۆ بوو، بەڵام لە سەردەمی سەفەوی و دوایەش قاجارەکان، بەوپەڕی توندی گەیشت. لە ئاکامی ئەو ڕەوتەدا بەشێکی زۆر لە کوردەکانی دەوری تەورێز و شارەکانی سەربەوێ و خۆیە و سەلماس و ماکۆ و ورمێ و زەنگان و هەمەدان ڕاگوێزران و تورکیان لە شوێن دامەزرێندران، بەشێکیش لە پاشماوەی هۆزە کوردەکان بەتایبەتی لە ئاقاری تەورێز و زەنگان لەژێر گوشاری ئاینی و نەتەوەیی بوونە تورک، کە نموونەکانی لە شوێنی خۆیدا باس دەکرێن.

شەهید دوکتۆر قاسملوو لە کتێبی کوردستان و کورددا ئاوا باسی سنووری کوردستان دەکا: (لە باکوری ڕۆژهەڵاتی لووتکەی ئاراراتەوە هێڵێکی ڕاست دەست پێ دەکا، بەرەو باشوور بۆ بەشی باشووری زاگرۆس و پشتکۆ دێتە خوارێ، لەوێ ڕا هێڵێکی ڕاست بۆ لای ڕۆژئاوا دەکێشێن هەتا دەگاتە شاری مووسڵ لە عێراق، لەوێ ڕا هێڵێکی ڕاست بۆ لای ڕۆژئاوا کە لە مووسڵەوە دەگاتە بەشی تورک نشینی هەرێمی ئەسکەندەروون و لەو شوێنەوە هێڵێک بۆ لای باکوری ڕۆژهەڵات ڕادەکشێ تادەگاتە ئەرزەڕۆم لە تورکیا، پاشان لە ئەرزەڕۆمەوە هێڵێک بەرەو ڕۆژهەڵات دێ تا دەگاتە لووتکەی ئارارات).

(بەم جۆرە پێوانەی کوردستان بەتێکڕایی دەگاتە نیزیکەی ٤٠٩٦٥٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە، واتە بەتەنیا لە خاکی بەریتانیا و هۆڵەندا و بەلجیکا و سویس و دانیمارک بەرینترە. لەو خاکە ١٩٤٤٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەی وەبەر تورکیا، ١٢٤٩٥٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەی وەبەر ئێران، ٧٢٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەی وەبەر عێراق و ١٨٣٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەی وەبەر سووریا کەوتووە.

هەرچەند ئەو سنوورە لە ئێ نێو مێژووی ئەدەبی کورد تەواوتر دێتە بەرچاو، بەڵام یەکێک لە ناتەواوییەکانی ئەوەیە کە وەک دیارە بەهۆی مەرجی سیاسیی ئەو کات و پیرۆزیی بیری سۆسیالیستی، بەشی بەردەستی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوو لەسەر کوردستان نەهاتووەتە ئەژمار.

شەهید دوکتۆر قاسملوو لە درێژەدا دەڵێ: (درێژایی کوردستان لە باکورەوە بۆ

باشوور دەگاتە ١٠٠٠ کیلۆمەتر و ڕادەی نێونجیی پانایییەکەی لە بەشی باشووردا ٢٠٠ کیلۆمەترە و پاشان هەتا بەرەو باکور بڕوا زیاد دەکا، تا دەگاتە ٧٥٠ کیلۆمەتر.

(کوردستان کەوتۆتە نێوان ٣٠ – ٤٠ پانایی ڕۆژهەلاتی و ٣٧ – ٤٨ درێژایی باکوری... بەرزترین کێوی کوردستان ئاگریی گەورە، واتە ئاراراتی گەورەیە کە بەرزایییەکەی دەگاتە ٥١٥٨ مەتر (لەسەر ڕێکی دەریاوە) و پاش ئەو کێوی ڕەشکۆ لە مەلبەندی جیلۆداغە و دەگاتە ٤١٦٨ مەتر (لە ژوور ڕێکی دەریاوە)و ئاگریی بچووکیش واتە ئاراراتی بچووک ٣٩٢٥ مەتر (لە ژوور ڕێکی دەریاوە) بەرزە.

(وەنەبێ هەر تەنیا کێوەکانی کوردستان بەرزبن، بەڵکو پایەی ناونجیی بەرزایی وڵاتەکە بەگشتی تاڕادەیەک زۆرە، چونکە ١٠٠٠ – ١٨٠٠ مەتر لە ژوور ڕێکی دەریاوەیە. شاری وا هەیە کە زۆر لەوە بەرزترە وەک بیجار کە١٩٢٠مەتر (لە ژوور ڕێکی دەریاوە) بەرزە و هی واش هەیە کە بەرزایییەکەی کەمترە وەک هەولێر کە ٤٣٠ مەتر بەرزە).

## هەڵکەوتی شار و کێوەکان لە پارچەکانی کوردستانی ئێستادا

ئـ – کوردستانی بەردەستی ئێران:

ئەو پارچەی کوردستان ئەو ناوچانە دەگرێتەوە: ماکۆ، خۆ، سەلماس، ورمێ، شنۆ، نەغەدە، مەهاباد، میاندواو، پیرانشار، سەردەشت، بانە، سەقز، بۆکان، سایندقەلا، بیجار، مەریوان، سنە، دیواندەرە، قوروە، سونقوڕ، کەنگاوەر، پاوە، نەوسوود، کرماشان، سەرپێڵی زەهاو، قەسری شیرین، ئیسلام ئاباد (شاه ئاباد)، گیلانی غەرب، ئیلام، هەر وەها بەشی هەرە زۆری بەختیاری و لوڕستان و کۆهگیلوویە و بۆیرئەحمەدی، کە لە نەخشەکانی بڵاوکراوەدا لەسەر کوردستان نەهاتوونە ئەژمار.

زنجیرە کێوی زاگرۆس لەلای ڕۆئاوا و ئەلبورز لە بەشێک لە ڕۆهەلاتی ئەو پارچەی کوردستان هەڵکەوتوون. دوندە بەناوبانگەکانی کێوەکانی ئەوانەن: قەرەداغ لە ماکۆ بە بەرزایی ٢٧٧٨ مەتر لە سەر ڕێکی دەریاوە، قانلی بابا تەپە لە ماکۆ بە بەرزایی ٢٥٠٣ مەتر لە سەرڕێکی دەریاوە، سکار لە ماکۆ بە بەرزایی ٢٧٤٨ مەتر لە سەرڕێکی دەریاوە، چەلیکان لە ماکۆ بە بەرزایی ٣٣٣٠ مەتر لە سەر ڕێکی دەریاوە، چلەخانە لە خۆیە بە بەرزایی ٢٥٢٤ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، نەردیچ لە خۆیە بە

بەرزاییی ٣٠٢٣ مەتر لە سەر رێکی دەریاوە، تەرجان لە خۆیە بە بەرزاییی ٣٠٢٣ مەتر لە سەر رێکی دەریاوە، قازان لە سەڵماس بە بەرزاییی ٢٦٥٠مەتر لە سەر رێکی دەریاوە، ئۆنجەلیک لە سەلماس بە بەرزاییی ٢٥٧٠ مەتر لە سەر رێکی دەریاوە، شێخ یەزید لە سەلماس بە بەرزاییی ٢٧١٠ مەتر لە سەر رێکی دەریاوە، سەرکەش لە سەلماس بە بەرزاییی ٣٠٩٧ مەتر لە سەر رێکی دەریاوە، تەپیک لە ورمێ بە بەرزاییی ٢٠١٠ مەتر لە سەر رێکی دەریاوە، بەردەڕەش لە ورمێ بە بەرزاییی ٣٠٠٠ مەتر لە سەر رێکی دەریاوە، نیوادەرە لە ورمێ بە بەرزاییی ٢٥١٠ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، خەزان لە شنۆ (سێ سنوور) بە بەرزاییی ٢٣٥٠ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، کێوەڕەش لە شنۆ و پیرانشار بە بەرزاییی ٣٥٧٨ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، قەندیل لە پیرانشار بە بەرزاییی ٣٤٠٠ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، مەلیک هەلا لە پیرانشار بە بەرزاییی ٣٠٩٤ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، لەندی شێخان لە پیرانشار بە بەرزایی ٢٨٠٣ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، مەلەک لە بۆکان بە بەرزاییی ٢٥٨٠ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، بنەوشە لە سەقز بە بەرزاییی ٢٣٧٠ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، باشمان لە بانە بە بەرزاییی ٢٥٩٢ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، سوڵتان لە دیواندەرە بە بەرزاییی ٢٦٦٢ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، چلچەمە لە دیواندەرە بە بەرزاییی ٣١٣٧ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، بەرانان لە مەریوان بە بەرزایی ٢٥٧٢ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، پیر مەحموود لە بیجاڕ بە بەرزاییی ٢٦٤٢ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، سەجدی میرزا لە سنە بە بەرزاییی ٣٠٥٩ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، سەڕاجەدین لە سنە بە بەرزاییی ٢٨٣٤ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، سالان لە پاوە بە بەرزاییی ٢٦٢٠ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، هەمزە عەرەب لە قوروە بە بەرزاییی ٢٥٠٤ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، حسێن بەگ لە قوروە بە بەرزاییی ٣٩٠١ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، شاهۆ لە پاوە بە بەرزاییی ٣٣٩٠ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، ماکوان لە پاوە بە بەرزاییی ٢١٧٠ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، مەبیان لە سونقور بە بەرزاییی ٢٤٩٦ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، دالاخانی لە سونقور بە بەرزاییی ٣٣٥٠ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، نۆخودچال لە سونقور بە بەرزاییی ٢٤٩٦ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، بەرهەتاو لە کەنگاوەر بە بەرزاییی ٢٥٨٠ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، پەڕۆ لە کرماشان بە بەرزاییی ٢٣٥٧ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە، سپی لە کرماشان بە بەرزاییی ٢٨٥٠ مەتر لەسەر رێکی دەریاوە،

شاهان لە سەرپێڵی زەهاو بە بەرزاییی ٣٥٤٦ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، قولاجە لە گەیلانی غەرب بە بەرزاییی ٢٠٥٠ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، مانشت لە ئیلام بە بەرزاییی ٢٦٢٩ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە،

ب – کوردستانی بەردەستی عێراق:

ئەو پارچەی کوردستان ئەو ناوچانە دەگرێتەوە: زێبار، ئاکرێ، چۆمان، دیانان، ڕەواندز، زاخۆ، دهۆک، شێخان، ئامێدی، مووسڵ، قەرەقووش، تەلەعفەر، تەلکێف، شەنگار، مەخموور، دوبز، کەرکووک، چەمچەماڵ، حەویجە، هەولێر، شەقڵاوە، قەڵادزێ، ڕانیە، کۆیە، دووکان، سلێمانی، چوارتا، پێنجوین، دەربەندی خان، توزخورماتوو، کفری، کەلار، خانەقین، مەندەلی، بەدرە،

بەرزاییەکان:

خواکوورک لە ناوچەی سێ سنوور بە بەرزاییی ٣٢٩٤ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، شیرین لە زێبار بەبەرزاییی ٢٨٤٩ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، سیاکێو لە ناوچەی چۆمان بە بەرزاییی ٣٥٧٨ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، برادۆست لە ناوچەی برادۆست، بە بەرزاییی ٢٠٧٥ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، هەڵگورد لە چۆمان، بە بەرزاییی ٣٦٠٧ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، هەندرێن لە ڕەواندز بەبەرزاییی ٢٦٢٥ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، کارۆخ لە ڕانیە، بەبەرزاییی ٢٦٣٣ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، کۆڕەک لە شەقڵاوە بەبەرزاییی ٢١٢٧ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، مامەندە لە قەڵادزێ بەبەرزاییی ٣٥١٧ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، کەمۆ لە چوارتا بەبەرزاییی ٢٣٨٢ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، پیرەمەگروون لە سلێمانی بەبەرزاییی ٢٥٠٩ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، بەرانان لە پێنجوین بەبەرزاییی ٢٥٧٢ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، کەچەڵ پیر لە پێنجوین بەبەرزاییی ٢٢٤٠ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، سوورێن لە پێنجوین بەبەرزاییی ٢١٥٩ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە،

ج – کوردستانی بەردەستی سووریا:

ئەو پارچەی کوردستان ئەو ناوچانە دەگرێتەوە: بالوونە، قامیشلی، حەساویەفەقانی، حەسەکە، تەلتەمر، چۆمی دیجلە بەو پاچەی کوردستاندا لە کوردستانی بەردەستی تورکیا ڕا دەپەڕێتەوە کوردستانی بەردەستی عێراق.

د – کوردستانی بەردەستی تورکیا:

دۆرتیۆڵ، قارس، تۆزوولووجە، کاغەزمان، ساری قامیش، خۆڕاسان، پاسینلەر، ئەرزەڕووم، ئاشقەلا، تەرجان، چای یەرلی، ئەرزەنجان، پوولووموور، کەماخ، ڕەفاعیە، عومەروەتلی، زارا، سیواس، یلیچ، دیڤریکی، کەمالیە، حەکیمخان، ئارگۆڤان، عارەبکیر، ئاغان، کەبان، دارەندە، ئاغین، چەمشگەزەک، خۆززات، پەرتەک، ئۆڤاچیق، دەرسیم، مازگرت، نازمیە، پالوو، قەرەقۆچان، بێنگۆڵ، کیغی، گەنج، سوڵحان، کارلۆڤا، چات، تەکمان، خنس، ڤارتۆ، قەرەیازی، ئەلەشکیرد، تووتاق، خاموور، قەرەکۆسە، تاشلی چای، دیادین، ئیغدیر، ئەرالیک، دۆغۆبایەزید، چالدیران، مورادیە، ئەرجیش، پاتنۆس، مەلازگەرد، بوولانیک، ئادیلجەواز، ئاخلات، بەدلیس، تاتوان، مووش، ساسۆن، قوڵپ، لیچە، هانی، دیجلە، مەعدەن، مۆتکی، ئەلازیغ، سیڤریچە، باسقیل، جونگووش، چەرمیک، ئەرغانی، مەلاتیە، یەشیل یۆرت، ئاقچەداخ، ئەلبیستان، دۆغان شەهیر، چەلیکخان، کەحاتە، ئادیەمەن، سەمسان، بەسنی، گول باشی، عارەبان، یاوزئەلی، پازارچیک، مەرعەش، نیزیپ، ئۆغزەلی، کیلیس، تورک ئۆغڵوو، باخچە، ئیسلاحیە، عوسمانییە، ڕیحانە، ئەسکەندەروون، خالفەتی، بیرەجیک، سووررووچ، عەینولعەرەب، تەلنەبیەز، ئاقچەقەلا، ئوورفە، وێرانشار، بۆزوڤا، حیلڤان، سیڤەرەک، دیاربەکر، چنار، دەریک، مازی داغی، ماردین، قزڵتەپە، جەیلان پینار، سەڤوور، عومەرلی، گەرجووش، میدیات، نوسەیبین، ئیدیل، جیزرە، ئەروە. شرناخ، سلۆپی، پەرڤاری، خیزان، شیروان، سییرت، بایکان، کورتەلان، بەشیری، باتمان، بیسمیل، خازرۆ، سیلڤان، قۆزلووک، گەڤاش، چاتان، بەینوشبەباب، چاتاک، گورپینار، هەکاری، ئوزالپ، باشقەلا، یووکسەکۆفا، شەمدینلی، چوقورچا،

کێوەکان:

ئاقبابا لە قارس، بەبەرزاییی ٣٠٤٠ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، هادیر لە قارس، بەبەرزاییی ٣٠٥٠ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، قیسیر لە قارس، بەبەرزاییی ٣٤٩١ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، چامەراو لە ساری قامیش، بەبەرزاییی ٢٧٥٠ لەسەر ڕێکی دەریاوە، ئالا لە ساری قامیش، بە بەرزاییی ٣١٣٨ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، دیگۆر لە قارس، بەبەرزاییی ٤٠٩٥ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، بەشیل چاڵ لە ئەرزەڕۆم بەبەرزاییی ٣٠٦٦ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، ئارارات (ئاگری) لە دۆغۆ

بایەزید بەبەرزاییی ٥٥٣٧ مـــەتر لەســـەر ڕێکی دەریاوە، زۆر لە دۆغـــۆ بایەزید بەبەرزاییی ٣١٩٦ مـەتر لەســەر ڕێکی دەریاوە، دوراق لە دۆغۆ بایەزید بەبەرزاییی ٢٨٥٦ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، ناری لە دیادین بەبەرزاییی ٢٩٣٤ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، چازیارەت لە تاشلی چای بەبەرزاییی ٣٢٣١ مـــەتر لەســـەر ڕێکی دەریاوە، قـــەندیل لە تاشلی چای بەبەرزاییی ٢٨٧٦مـــەتر لەســـەر ڕێکی دەریاوە، تەندوورەک لە چاڵدێران بەبەرزاییی ٣٥٣٣ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، چاڵماق لە قەرەیاغی بەبەرزاییی ٣٠٦٣ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، تاق لە قەرەیاغی بەبەرزاییی ٢٩٥٣ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، شـەقشـەق لە تەکمان بەبەرزاییی ٣٠٥٧ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، توورنا لە کـارلۆڤـا بەبەرزاییی ٢٧٩٠ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، کـەشـیش لە ئەرزەنجـان بەبەرزاییی ٣٥٤٩ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، کووهنام لە ئەرزەنجان بەبەرزاییی ٣٠٤٥ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، قـەرەداغ لە ڕەفـاعیـە بەبەرزاییی ٢٨٣٥ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، کاراکـابا لە چای یێرلی بەبەرزاییی ٣١١٥ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، قزڵ لە عومـەرەتلی بەبەرزاییی ٣٠٢٥ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، چەنگەلی لە عومـەرەتلی بەبەرزاییی ٢٥٠٦ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، بۆزیەل لە سـیـواس بەبەرزاییی ٢٢٠٦ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، گۆرلەویک لە سیواس بەبەرزاییی ٢٦٨٨ مـەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، گۆڵ لە دیڤریکی بەبەرزایی ٢٣٠٠مـەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، بەڵان لە کەمالیە بەبەرزایی ٢٩٥٠ مەتر لەســەر ڕێکی دەریاوە، دەڵی لە دیڤـریکی بەبەرزاییی ٢٥٤٥ مــەتر لەســەر ڕێکی دەریاوە، لەیلەک لە حەکیمخـان بەبەرزاییی ٢٠٥٢ مەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، حەیال لە مورادیە بەبەرزاییی ٢٨٢٧ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، نیشق لە وان بەبەرزاییی ٢٧٣٠ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، بایەزید لە ئۆزالب بەبەرزاییی ٢٨٥٢ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، مـەنگەنە لە باشـقـەڵا بەبەرزاییی ٣٥١٠ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، باشـقـەڵا لە باشـقـەڵا بەبەرزاییی ٣٦٥٩ مــەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، سـیـپـان لە عـادلجـەواز بەبەرزاییی ٤٠٥٨ مـەتر لەســەر ڕێکی دەریاوە، بیلیـچـان لە ئەخـلات بەبەرزاییی ٢٧٥٤ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، نەمروود لە تاتوان بەبەرزاییی ٢٨٠١ مەتر لە سەرڕێکی دەریاوە، ؟ لە قـولَپ بەبەرزاییی ٢٩٤٠ مەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، نامـیـشلیق لە باسـقـیل بەبەرزاییی ٢٠١٦ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، بەی لە چەلیکخـان بەبەرزاییی ٢٥٤٥ مـەتر لەسـەر ڕێکی دەریاوە، کـارلیک لە چەلیکخـان

بەبەرزاییی ٢٥٨٣ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، بۆز لە چەلیکخان بەبەرزاییی ٢٥٨١ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، خەزانلی لە دارەندە بەبەرزاییی ٢٢٨٣ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، مۆر لە گەڤەر بەبەرزاییی ٣٨٠٧ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، بایاز لە شەمدینلی بەبەرزاییی ٢٦٩١ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، بۆزۆڵ لە هەکاری بەبەرزاییی ٤١١٦ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، قەرەداغ لە چوقورچا بەبەرزاییی ٣٤٠٠ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، گۆک لە هەکاری بەبەرزاییی ٣٦٠٤ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، کاراجا لە بەیتوششەباب بەبەرزاییی ٣٢٧٥ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، دۆغۆز لە ئوولوودەرە بەبەرزاییی ٢٣١٢ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، دیزەشین لە ئوولوودەرە بەبەرزاییی ٢٢٥٠ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، گۆزگان دیل لە بەیتوششەباب بەبەرزاییی ٢٧٩٧ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، ئینجەبەل لە بەیتوششەباب بەبەرزاییی ٣٠١٩ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، ئارمووحامباز لە ئوولوودەرە بەبەرزاییی ٣٢٣١ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، یازلیچا لە شیرناق بەبەرزاییی ٢٩٦١ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، ئاک لە گولباشی بەبەرزاییی ٢٥١٠ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، ئەنگیزەک لە گولباشی بەبەرزایی ٢٥٦٠ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە، ئاخوڕ لە مەرعەش بەبەرزاییی ٢٣٠١ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە. ئەو کێوانە لەو زنجیرە شاخانەدا جێی خۆیان کردووەتەوە: ئاراس، پاڵاندۆکەن، مەرجان، ئاڵا، بینگۆڵ، ئاقدۆغان، قەرەغۆڵ، هەکاری، ئیختیار شەهاب، ئەنگیزەک،

## کوردستانی بەردەستی ئەرمەنستان

شاری ئیرەوان، کێوی ئاراجاست بەبەرزاییی ٤٠٩٥ مەتر لەسەر ڕێکی دەریاوە،
کوردستانی بەردەستی کۆماری ئازەربایجان: شاری لاچین،

چۆمە گرینگەکانی کوردستان

چۆمی ئاراز لە ناوچەی بینگول سەرچاوە وەردەگرێ و ٤٣٥ کیلۆمەتر بە کوردستاندا دەڕواو بە سنووری نێوان ئێران و تورکیا و ئازەربایجانی باکوردا تێ دەپەڕێ و دەڕژێتە دەریای کاسپی. درێژاییەکەی دەگاتە ٩٢٠ کیلۆمەتر. چۆمی دیگۆر لە قارس سەرچاوە وەردەگرێ و دەڕژێتە ئاراس. چۆمی زەنگمار لە کێوەکانی دۆغۆ بایەزید، لە زنجیرەچیای ئاراس سەرچاوە وەردەگرێ و بەماکۆدا تێدەپەڕێ و لە

پۆلدەشتی ماکۆ دەڕژێتە چۆمی ئاراس. چۆمی حەق لە نیزێک سنووری نێودەوڵەتیی ئێران لە کوێستانەکانی لای شاری موورادیە لە کوردستانی بەردەستی تورکیا سەرچاوە وەردەگرێ و لە نیزیک شاری خۆیە تێکەڵ چۆمی قوتوور دەبێتەوە و ئەو چۆمەش بۆ خۆی لە نیزک سنووری نێودەوڵەتیی ئێران لە کوێستانەکانی لای شاری ئۆزالپ لە کوردستانی بەردەستی تورکیا سەرچاوە وەردەگرێ و لە نیزیک شاری خۆی دەڕژێتە چۆمی ئاراس. چۆمی زۆلا لە کوێستانەکانی سەلماس سەرچاوە وەردەگرێ و دەڕژێتە گۆلی ورمێ. چۆمی تەتەهوو لە چلچەمە سەرچاوە وەردەگرێ و بەلای میاندواودا تێدەپەڕێ و دەڕژێتە گۆلی ورمێ. چۆمی قزل ئوزوون کە لە کۆنەوە (مەردووس)یشیان پێ کوتووە، لە کوێستانەکانی ساراڵ سەرچاوە وەردەگرێ و بە گەرووسدا دەچێتە زەنگان و بەلای ڕەشتدا دەڕژێتە دەریای کاسپی. چۆمی کەولە لە کێوەکانی گوندی ئاقبولاق سەرچاوە وەردەگرێ و دەڕژێتە قزڵ ئوزوون، چۆمی تەلوار لە کوێستانەکانی گەزگەزارەی نێوان قوروە و سنە سەرچاوە وەردەگرێ و لە خاکی گەرووسدا دەڕژێتە قزل ئوزوون، چۆمی ئاجی چای لە کوێستانەکانی چواردۆلی سەرچاوە وەردەگرێ و دەڕژێتە تەلوار، چۆمی ڕەوانسەر لە سەراوی ڕەوانسەر سەرچاوە وەردەگرێ و دەڕژێتە قەرەسووی کرماشان، چۆمی شیروانە لە کێوی مرواری سەرچاوە وەردەگرێ و تێکەڵی قەرەسوو دەبێتەوە، چۆمی کەڵوێ لە سەردەشت کە تێکەڵ زێی بچووک دەبێتەوە. چۆمی لاوێن لە پیرانشار کە تێکەڵ چۆمی کەڵوێ دەبێتەوە، چۆمی گادەر لەلای شنۆو نەغەدە، چۆمی قزڵ ئوزوون لە باشووری ڕۆژئاوای شاری دیواندەرە سەرچاوە وەردەگرێ و بە ناوچەی زەنگان و میانە و پاشان بەباشووری شاری ڕەشتدا تێدەپەڕێ و لەوێ پێی دەڵێن سفیدروود. ئەو چۆمە دەڕژێتە دەریای کاسپی. چۆمی سفید لەلای سنەڕا سەرچاوە وەردەگرێ و بەبیجاردا کوردستان بەجێ دێڵێ. چۆمی گاوڕۆ لەلای سنەڕا سەرچاوە وەردەگرێ و دەڕژێتە سیروان، چۆمی پڵنگان لەلای سنە سەرچاوە وەردەگرێ و دەڕژێتە سیروان، چۆمی کاران لەلای مەریوان سەرچاوە وەردەگرێ و دەڕژێتە سیروان، چۆمی مەریوان لە زرێباری مەریوان سەرچاوە وەردەگرێ و تێکەڵ چۆمی سوورکوڵ دەبێتەوە و لەگەڵی دەڕژێتە سیروان، چۆمی لێیلە لە کێوی بەست لەلای جوانڕۆ سەرچاوە وەردەگرێ و دەڕژێتە سیروان، چۆمی بانە لە کەلی خان سەرچاوە وەردەگرێ و دەڕژێتە چۆمی سیروان لە پاوە، چۆمی سەقز کە لە کەلی خان سەرچاوە وەردەگرێ و دەڕژێتە

جـغـەتوو، چۆمـی خـوڕخـوڕە لە چل چەمـە سـەرچاوە وەردەگـرێ و دەڕژێتـە جـغـەتوو، چۆمی قـەرەسـوو لە کـرمـاشـان، زێی گـەورە (زێی بادینـان) ٤٥٠ کـیلۆمـەتر درێژە و بەپارچە کـوردسـتـانەکانی بـەردەستی تورکیا و عێراقدا دەڕواو زێی چووکە کە ٢٠٠ کیلۆمەتر درێژە و لـەگەڵ زێی گـەورە دەڕژێنە ناو دیجلە. چۆمی سـیروان کە بە نێوان قـوڕوە و سـونقـوڕدا دێتە نێـو کـوردسـتـان و بە پاوەدا دەچێـتـە لای دەربەنـدی خـان. جەغـەتوو لە چل چەمە سـەرچاوە وەردەگرێ و لە نیزیک میاندواو دەڕژێتـەوە تەتەهوو، چۆمی قـەرەسـوو کـە کەرتێکە لە فـەڕات، لە دوملووتەپەی باکوری ئەرزەڕۆم سـەرچاوە وەردەگرێ و ٤٦٠ کیلۆمـەتر درێژە، لکەکەی تـری فـەڕات بەناوی مـرادسـوو لە چیـای ئالاداغ سـەرچاوە وەردەگـرێ و درێژاییـیـەکـەی ٦١٥ کـیـلۆمـەترە. ئەو دوو چـۆمـە لە باکـوری ڕۆژئاوای شـاری ئالازیک وێک دەکـەونەوە و دەبنە چـۆمی فـەڕات، کـە ئەویش ٦٤٧ کـیلۆمـەتری تر بـە کـوردسـتـاندا دەڕوا و لە نیـزیک شـاری بەسـرە تێکـەڵ دیجلە دەبێتـەوە و دەبێتـە ئەروەند یا شـەتتولعەرەب و دەڕژێتـە کەنداوی فـارس. چۆمـی دیجلە لە نیـزیک گـۆلی گـولچـووک لە نێوەڕاسـتـی تـووڕۆسی باشـووری ڕۆهـەڵاتی، لە باکـوری شـاری دیاربەکر سـەرچاوە وەردەگرێ و زیاتر لە ٦٠٠ کیلۆمەتر بە کوردستاندا دەڕواو هـەموو درێژاییەکەی ١٩٠٠ کیلۆمەترە. چۆمی جەیحان بەتەنیشت مەرعەشدا دەچێتە لای عـوسـمـانیـیـە لە لێواری دەریای ناوەڕاسـت، هـەروەها دەکرێ چۆمی قـەرەسـوو لە کرماشـان و کەنگاوەر، ناوبەرین کە لە کوردستانی بەردەستی ئێران هـەڵکەوتووە.

گۆلەکان:

گۆلی وان ڕووبەرەکەی ٣٧٦٥ کیلۆمەتری چوارگۆشە ڕادەی تێکڕای قووڵایییەکەی ١٠٠ مـەترە و ١١٢٠ مـەتر لە ژوور ڕێکی دەریاوە بەرزە و کـەوتووەتە دامێنی زنجیـرە چیاکانی ئالا و ئیختیار شاهاب.

گـۆلی ورمـێ لە ڕۆهـەڵاتـی شـاری ورمـێ و درێژاییی دەگـاتـە ١٣٠ کـیـلۆمـەتر و پانایییـەکەی دەبێتـە٥٠ کیلۆمـەتر و ڕووبەرەکـەی ٦٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشـەیە و ئاوەکـەی سـوێرە و گـیـانـلـەبەری تێـدا ناژین. تێکڕای قـووڵایییـەکـەی ٦ مـەترە و لە هـەندێک شوێن دەگاتە ١٥مەتر. گەورەترین دوورگەکەی شاهییە کە ڕووبەرەکەی خۆ لە ٢٥ کـیلۆمـەتـری چوارگـۆشـە دەدا. ناوی کـۆنی ئەو گـۆلە (چـیـچـێـست) بووە، لە سـەردەمی ئەشـکانیـیـاندا گۆڕاوە بـە (ئورمـیـە Urmia sea) کوردان دەڵێن ورمێ و لە

سەردەمی بنەماڵەی پەهلەویدا ناوی گۆڕا بە (ڕەزاییە) و پاشان کۆماری ئیسلامی کردییەوە (ئورووممییە). کوردان هەر پێی دەڵێن (بەحری خوێیە).

گۆلی خەزەر (گۆل چووک) کە دەکەوێتە باکوری دیاربەکر لە نیزیک سەرچاوەی دیجلەو ١١٥٥مەتر لە ژوور ڕێکی دەریاوە بەرزە.

زرێواری مەریوان کە درێژاییەکەی ٤/٥ کیلۆمەتر و پانایی ١/٧ کیلۆمەترە و تێکڕای قووڵاییەکەی ١٥ مەترە.

لێڕەوار:

چیاکانی کوردستان کەمتریان لێڕەوارن، بەڵام لە پێدەشت و نزماییەکان لێڕەواری سروشتی و لە دەوروبەری گوندو شارەکان داری دەستنێژ زۆرن. لێڕەوار زوربەی کێوەکانی کوردستانی بەردەستی ئێرانی داپۆشیوە. لە باشووری پیرانشارەوە تا دەگاتە لوڕستان، بەلێڕەوار داپۆشراوە کە ڕووبەرەکەی دەگاتە زیاتر لە چوار ملیۆن هێکتار. ئەو لێڕەوارانە کە دەگەنە ٣٢٪ی خاکی ئەو بەشەی کوردستان، بەشی زۆری دارەکانی بەڕوون. تەنیا ٦٪ی کوردستانی بەردەستی تورکیا و ٨٪ی خاکی بەردەستی کوردستانی عێراق لێڕەوارە. پێوانەی گشتیی لێڕەوارەکانی کوردستان نیزیکەی شەش ملیۆن هێکتارە کە دەبێتە نیزیکەی ١٤٪ی خاکی هەموو کوردستان. بەڵام ئەوانەش زۆر تەنکن، هەرچەند ڕێژەی ڕووبەرەکەیان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست زۆر لەسەرە.

سامانی ژێرزەوی

کوردستان خاوەنی ڕێژەیەکی زۆر نەوتە کە تا ئەو جێگەیەی ئەمن پێی بزانم لە شنۆ لە ئازەربایجانی ڕۆئاوا و لە نەفتی شا لە نیزیک کرماشان و لە خانەقین و مەندەلی و سلێمانی و تەقتەق (لای کۆیە) و زاخۆو کەرکووک و وان نەفتێکی زۆر هەیە کە ئێستا هەر لە کەرکووک و نەفتی شا کەلک وەردەگیرێ، لە زاخۆ و تەقتەقی لای ڕانییە و نیزیک شاری وان لەو دواییانە دەست کراوە بە هەندێک کاری هەڵێنجانی نەوت. لە هەندێک شوێنی کوردستان خەڵووزی بەردیش هەیە و گووگرد و مس و ئاسن و زێڕ و زێو و قورقوشم و جیوە و قەڵایی و خوێ و کرۆم و بەردی لۆکە و بەردی مەڕمەڕ و گرانیت بەشێکی تری سامانی ژێرزەویی وڵاتی کوردان پێکدێنن. دیارە هێشتا بەتەواوی لەو سامانانە نەکۆڵدراوەتەوە، دەنا بێگومان دەبێ زۆر لەوانەش زیاتر بن.

ئاووهەوا:

شەهید دوکتۆر قاسملوو دەڵێ: (ئاووهەوای پێدەشتەکانی کوردستان شێوە ئیستیواییە، چونکە ڕادەی ناونجیی باران لە ساڵدا لە نێوان ٢٠٠ تا ٤٠٠ میلیمەتردایە، بەڵام لەو شوێنە نزمانە کە کەوتوونە نێو زنجیرە کێوەکانەوە، ڕادەی ناونجیی باران لە ساڵدا دەگاتە ٧٠٠ تا ٢٠٠٠ میلیمەتر و هەندێک جار دەڕوا بۆ ٣٠٠٠ میلیمەتریش. ئەو نزماییانە زوربەیان لێرەوارن و چۆم و ڕووباریان بەناودا دەڕوا. دۆڵەکانی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر وشکارۆن و هەندێک جار بەتەواوی بێ ئاو دەبن، چونکە ڕادەی نێونجیی باران لە ساڵدا دەگاتە ٣٠٠ تا ٥٠٠ میلیمەتر).

(جیاوازی لە نێوان پلەی بەرز و نزمی گەرما لە کوردستاندا ٨٠ پلەیە، چونکە لە قەرەکۆسە لە کوردستانی باکور، پلەی گەرما ٣٠ – ٣٥ی ژێر سفر و هەندێک جار لەوەش زیاتر دێتە خوار وەک لە بەفرانباری ١٩٤٠ گەیشتە ٤٣ پلە ژێر سفر و لە باشووری کوردستانیش لە هاویندا لە کرماشان دەگاتە ٣٥ – ٤٥ و لە خانەقین دەگاتە ٤٠ – ٤٥ ,

خشتەی پلەی ناونجیی گەرما و ڕێژەی بارانی هەندێک لە شارەکانی کوردستان (وەرگیراو لە کتێبی کوردستان و کورد):

شار –پلەی ناونجی گەرما لە مانگی پووشپەڕدا –پلەی ناونجی گەرما لە مانگی بەفرانباردا –پلەی ناونجی باران لە ساڵدا.

| | | | |
|---|---|---|---|
| مالاتیا | ٢٦/٥ | ١/٥ | ٤٤٠ |
| وان | ٢٢/٥ | ٣/٥ | ٣٨٠ |
| ئوورفە | ٣٢ | ٤/٥ | ٤٤٠ |
| دیاربەکر | ٣١ | ٢/٥ | ٤٧٠ |
| سنە | ٣٥ | ١٥ | ٥٠٠ |
| کرماشان | ٣٧/٥ | ١٠ تا ١٥ | ٤٨٩ |
| کەرکووک | ٤١/٨ | ١٢ | ٣٨٥/٢ |
| خانەقین | ٤٣ | ١٤/٥ | ٣٨٥/٢ |

سەرچاوەکانی بەشی دووەم:

١- تاریخ ١٠٠٠٠ سالهء ایران، عبدالعظیم رضائی، جلد اول،

٢- تحقیقی تاریخی درباره کرد و کردستان، پرفسور محمد امین زکی، ترجمەو توضیح حبیب الله تابانی، انتشارات آیدین، ١٣٧٧، تبریز،

٣- ایرانویچ، نویسنده: دکتر بهرام فرەوشی، انتشارات دانشگاه تهران،

٤- کورد، مینۆورسکی، حەمەسەعید حەمەکەریم کردوویە بەکوردی، ١٩٨٤ لاپەڕە ٢٧-٣٠

٥- تاریخ تطبیقی ایران تاخاتمه شاهنشاهی داریوش سوم، کیومرث باوند، انتشارات گوتنبرگ، تهران.

٦- تاریخ ریشهء نژادی کرد احسان نوری ١٥٦٧؟ مادی/کردی - ١٣٣٣ شمسی چاپخانه سپهر،

٧- سرزمین جاوید، ماریژان موله، هرتز فلد، گیرشمن ترجمه و اقتباس ذبیح الله منصوری،

٨- تاریخ ایران از آغاز تا انقراج قاجاریه، تألیف حسن پیرنیا عباس اقبال، چاپ هشتم، پائیز ١٣٧٦، انتشارات خیام،

٩- کوردستان و کورد، دوکتۆر عبدالرحمن قاسملو، وەرگێڕ بۆ کوردی عبدالله حسن زاده، ١٩٧٣ی زاینی، لاپەڕە ١١ تا ١٨

١٠- تاریخ ایران باستان، آریاهاو مادها، دکتر اردشیر خدادادیان، نشر بەدید، چ ٢، لاپەڕە ١٢٤و ١٢٥

١١- تحفهء ناصری، میرزا شکرالله سنندجی، انتشارات امیرکبیر، تهران، ١٣٧٥، لاپەڕە ٥٦ تا ٦٢

١٢- کوردستان و پرۆسەی بەئیسلام کردنی کورد، نووسینی شوان عوسمان مستەفا، سلێمانی ٢٠٠٢، لاپەڕەی ١٨ تا ٩٠

بەشی سێیەم

# زمانی کوردی

زمـانی کـوردی یەکـێکە لـە زمـانە کـۆنەکـانی ڕۆهەڵاتی نـاوەڕاست و لە زنجـیـرە زمانەکانی هیندۆئەوروپایی. ڕیشەی ئەو زمانە بێگومان دەگەڕێتەوە سەر زمانی ماد. چەند ڕۆهەڵاتناسی ڕۆئاوایی وەک (ا- سـون و سـایس) و... ڕەچەڵەکی کـورد و زمانەکەی دەگەیێننەوە سەر نەتەوەی ماد.

مامۆستا عەلائەدین سەججادی لە پێشەکیی مێژووی ئەدەبی کوردیدا لەسەر یەکبوونی ماد و کورد و زمانەکەیان کورتەی ڕوانگەی چەند زانای مێژوو دێنێتەوە، کە لە خوارەوە دەیبینن:

١- (ئـ. سۆن): لەبەرئەوەی ئاشنایەتییەکی زۆر لە نێوان زمانی ئێستای کورد و زمانی میدییەکاندا - ئەو زمانەی زەردەشت کتێبەکەی خۆی پێ نووسیوە - هەیە، لای وایە میدییەکان کورد بوون.

٢- (سایس): میدییەکان کورد بوون و چ بەزمان و چ بەڕەگەز لە گەڵە ئاریاکانن، وڵاتەکەیان کەوتبووە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئاشوورو تا باشووری دەریای کاسپین دەڕۆیشت.

٣- حسن پیرنیا مشیرالدولە لە کتێبی (ئێرانی کۆن): وشەی میدی ئەگەر زمانی کوردیی ئێستا نەبێ بناغەیەتی.

٤- (دائرة المعارف بەریتانیا ساڵی ١٩٢٩ی زاینی): مادەکان کە دەوڵەتەکەیان تیاچوو، تێکەڵاوی کوردەکان بوون و بوون بەکورد.

لەسەر ئەو ڕوانگەیە پێویستە ئەوە ڕوون کەینەوە کە مادەکان هەرکورد یا هۆزێکی کورد بوون، نەک دوای تێداچوونی دەوڵەتەکەیان بووبن بە کورد.

٥- (هانس کونتر) لە کتێبەکەیدا کە لە ساڵی ١٩٣٤ی زاینی دەرچووە: کوردەکان لە مادەکانن و ئەمانە هەندێکیشیان فارس بوون و هەر بوون بە کورد... (زیوروفسکی) لە کتێبی قەوقاس و قەوقاسییەکان: کوردەکان لە نەتەوەی میدیەکانن).

(دارمێس تێتێر) پێیوابوو کە ئاوێستا بەزمانی مادی نووسراوەتەوە. سێر سیدنی

سـمـیت لە وتارێکدا کـە بەتایبـەتی لەسـەر داوای پرۆفـسـۆر مـحـمـد امـین زکی نووسیویەتی دەڵێ: (... بە وتەی پسپۆڕانـی جێگەی باوەڕ، زمانـی کوردی... زمانێکە کـە خـاوەنـی ڕیشـەیەکی تەنانەت کـۆنـتـر لە بەردەنووسـی داریووشـی هـەیـە و ئەگـەر ئەوەش ڕاست بێ دەکرێ ڕوانگەی ئەو مـێژوونووسـانە بسـەلمێنین کە دەڵێن زمـانـی کـوردی لـە سـەدەی ٦ی (پ.ز)دا هـەبـووە. دیارە کـورد زۆر پێش ئەو سـەدەی لـە کـوردسـتـاندا هـەبوون و ئەو بەڵگە مـێـژوویـیـانەی پێـشـتـر بـاسـمـان کـردوون، ئەو ڕاستییە بە باشی دەسەلمێنن.

حـبـیب الله تابـانی لە ژێرنووسـی لاپەڕەی ٥٩ی تحـقـیـقی تـاریخی دربارەء کـرد و کـردسـتـان، دەڵێ: (ئەوەی ئەوڕۆ ئیـتر ڕوون بووەتەوە ئەوەیە کە ئەوە زمانـی کوردییـە کـە بۆتە ڕیشـەی زمـانی فـارسـیی ئەوڕۆ و خـوێندنەوەی کـتێـبە دینییـەکـانی پێش ئیسلام، بەتەواوی ئەو بابەتە دەسەلمێنێ.

پرۆفـسـۆر (سـایس Sayce) دەڵێ: (مـادەکان هـۆزگەلی کوردبوون کـە لە ڕۆژهـەڵاتی ئاشوور دانیشتبوون و سەرزەمەکەیان تا باشووری بـەحری خەزەر ڕاکشابوو. بەشی زۆریان لـە زمـاندا هـیندۆئەوروپایی و لە ڕەگـەزدا ئاریایی بـوون. بەڵام ژمـارەیـەک لە ڕۆژهـەڵاتناسـان و پسـپـۆڕان پێـیـان وایە زمـانـی گـەلی مـاد زمـانـی کـوردی ئەوڕۆ یا بناغـەیەتی. دیاکـۆنۆف پێی وایە، بابەتەکانی ئاوێسـتـا لەگـەڵ ئەوەی سـەرچاوەکـانی ئاشـووری لە مـەڕ خـاکی مـاد (زۆرتـر مـادی خـوارزمی) کـوتـوویانە، زۆر وێکدەچن. بێگومان خـەڵکی مادی ڕۆژهـەڵات و باختـەر لە بابـەت فـەرهـەنگ و ئاستی پێشکـەوتن و لێکدراویی ڕەگەزی زۆر لێک نیزیک بوونە.

| دەستە دەنگی فارسی | دەستە دەنگی ئیسکیتی | خوارزمی | سوغدی | پارتی | دەستە دەنگی ئاوێستایی | دەستە دەنگی مادی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | شێوەی چاخەکانی دوایی | | | | |
| θ > h [1]<br>d [2]<br>s [3]<br>ç > s [4] | s<br>z<br>sp > fs<br>tr, θr > rθ, rt | s<br>z<br>sp<br>s | s<br>z<br>sp<br>dr, š | s<br>z<br>sp<br>θr > hr | s<br>z<br>sp<br>θr | s<br>z<br>sp<br>θr, tr |
| š(i)y[5]<br>(h)w > hv,[6]<br>xv | ti > ts<br>xw, x° | *ti > ts<br>xw | š<br>xw | š<br>xv > vx | θy<br>hv, x[v] | θy<br>f |

یەکێک لە گرینگترینی ئەو زمانانەی لە مادی کۆندا برەوی هەبووە و سەرچاوەکانی سەر دەمی کۆن بە (مادی)ی ناودەبەن، کە لکێکی زمانەکانی هیندۆئەوروپاییە و زمانی ئاوێستاش هەر لەوانە، بەڵام نابێ بە هیچ جۆریک لەگەڵ زمانی پارسیمان لێ تێکبچێ کە ناسراوترین زمانی ئێرانییە.

زمانی فارسی لەنێو زمانەکانی هیندۆئەوروپاییدا لە شێوەی دەنگ (فۆنێتیک)دا شوێنێکی تایبەتی هەیە و لەباری فۆنیتیک لەگەڵ زمانەکانی تری ئاریایی جیاوازە. بڕواننە خشتەی سەرەوە.

لەسەر زمانی مادی دەبێ بڵێین کە لەباری دەنگەوە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ پارسیی کۆندا هەیە و لە زمانەکانی ئاوێستایی و پارتی و سوغدی و خارەزمی و ئیسکیتەکان و سەکاکان زۆر نیزیکە.

زمانی پارسی زۆر کەوتووەتە ژێر کارتێکردنی تۆرەیی زمانی مادی واتە زمانی ئەو گەلەی لەو پێشکەوتووتر و گەشەکردووتر بوو. زۆر وشەی دینی و بیروباوەڕی و حکوومەتی وەک شا و ساتڕاپ و... لە مادی ڕا چوونەتە نێو پارسی. تەنانەت ناوی زۆر شوێن و هۆز و تەنانەت شایەکانی پارسیش مادین. هەروەها ناوی پارس بۆ خۆشی مادییە و لە وشەی پەرسەوی مادی واتە دەندەیە و بە هێما لە جیاتیی تەنیشت یا کەناریش هاتووە.

هەرسێک وشەی پارس، پارسوئا – کە لەو پەڕی ڕۆئاوای ماد بوو– و پارت یەک واتا دەدەنەوە. زمانی ماد و ئاوێستا زۆر لێک نزیکن، بەڵام نەک ئەوەندەی بەیەک زمان بزانرێن. ئەوان لە هەندێک فۆنێتیکدا جیاوازییان هەیە. بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە بیربێ کە وڵاتی ماد لە زۆر گەل و هۆزی جیاجیا پێک هاتبوو و پاشان بوو بەیەکەیەکی نیزامی کە ژمارەیەکی زۆر وڵات و هۆزی پێکەوە دەبەستنەوە. بۆیەش ماد زمانێکی یەکپارچەی نەبووە و ئەوەی وەک زمانی ماد ناوی دەرکردووە وێدەچێ هەر یەکێک لە زاراوەکانی ئەو گەلانە بێ کە لە وڵاتی ماددا ژیاون.

سەرنجدان بەو خشتەی خوارەوە و ڕوونکردنەوەکانی دوای وی – هەرچەندە کەمیشە – تاڕادەیەک پێوەندیی زمانی ئاوێستا و مادمان لەگەڵ کوردیی ئێستا نیشان دەدا.

| ماد | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ئەسپە (ئاوێستا) | ئەسپ | اسب |
| گات (ئاوێستا) | گاس، گاز، بانگ | صدا |
| ئەزینە (ئاوێستا) | ئاسن، ئەسین، هەسن، هەسین | آهن |
| ئەنجەمەنە (ئاوێستا) | ئەنجوومەن | انجمن، مجلس |
| پەرسەو، پارسوو | پەراسوو، پارسوو | دنده |
| خشایثیە | شا | شاه |
| دەئیوە (ئاوێستا) | دێو | دیو |
| زان (ئاوێستا) | زان، زانین | دانستن |
| زەرەنیا | زێڕ | زر |
| زەرینە | زێڕن | زرینه |
| کساکە | کەسک، سەوز | سبز |
| وەنت (ئاوێستا) | مەند، خاوەن | خداوند، مند |
| مانگهە (ئاوێستا) | مانگ | ماه |
| مازا، مەزدا (ئاوێستا) | مازن، مەزن، گەورە | بزرگ |
| ئەنزان | زۆزان | کوهستان |
| ماریا (میتانی) | مێر | دلیر |
| ماریانۆ (میتانی) | میر، فەرمانڕەوا | فرمانروا |
| وخەد | بەخۆ | بەخود |
| هەوەتە | ئی خۆ | مال خود |
| هێری | هێری، خوری | پشم |
| ئاندرا (ئاوێستا – ناوی خوایەکی سانسکریت) | ئاندر (لە وان و ئەرزەڕۆم)، خراپ | بد، زشت |
| بەرەزا (ئاوێستا) | بەرز، بڵیند | بلند |
| نمانا (ئاوێستا) | ئەنوا | نوا، خانه، مسکن |

| | | |
|---|---|---|
| ماسیا (ئاوێستا) | ماسی | ماهی |
| ئوشترا (ئاوێستا) | ئوشترا، حوشتر، وشتر | شتر |
| پرەتا (ئاوێستا) | پرت، پرد، | پل |
| هوور، ڕا (ئاوێستا) | خۆر، ڕۆ، ڕۆژ | خورشید، روز |
| وەرازا (ئاوێستا) | بەراز، وەراز | خوک، گراز |
| مەخشی (ئاوێستا) | مێش، مێژ | مگس |
| وەراخا (ئاوێستا) | بەرخ | بره |
| خسا (ئاوێستا) | قسە، کسە | حرف، سخن |
| واس | ویستن، ویسوو | خواستن |
| زانین (ئاوێستا) | زانین | دانستن |
| ئەز (ئاوێستا) | ئەز، من | من |
| مینا | من، منا | مرا، من (مضاف الیه) |
| ئەسەنگە (ئاوێستا) | بەرد، سەنگ | سەنگ |
| وەزەرکە (ئاوێستا) | گەورە، مەزن | بزرگ |
| زوورا (ئاوێستا) | زۆری | زور |
| سپەکە (ئاوێستا) | سپاکۆ، سپاگ، سە، سەپەکە، سەگ | سگ |
| تۆش | تیش، تیژ، تیشک | شید، شعاع |
| ڕا | ڕا، ڕۆژ، خۆر | آفتاب |
| سپی | سپی | سفید |
| تۆمە | تم، تۆم، تۆو، توخم | منسوبیت، دستە، تخم |
| شایانا | ژینگە، ژیانگە | مسکن، میهن |
| بەرز (ئاوێستا) | بەرز، بڵند، بڵیند | بلند |
| بەرزەئیتی | بەرزایی، بڵندایی، بڵندی | بلندی |

(مەها) لە سانسکریتدا واتە گەورە، لە ئاوێستادا بە (مازا) هاتووە، وشەی یەکەمی (مەزدا) لە مازایە. ئەورۆ کوردەکان پێی دەڵێن (مەزن) بە مەزنی دەڵێن (گەورە) کە وە (گەرووس، گراند)ی ئەوروپایی دەچێ. گری لە ئاوێستادا واتە کێو لە پەهلەویدا (گیر) و لە کوردیی ئەورۆشدا (گێرە) و ئەفغانییەکانیش (غیر)ی پێدەڵێن.

(ئەنزان) کوێستانە، کوردەکان دەڵێن زۆزان کە بەواتای کێوی بەرز و هاوینەهەوارە. (ماریا) بە زمانی میتانی واتە شەڕکەر، کوردەکان دەڵێن (مێرMer) ئەوان بە فەرماندەی خۆیان دەگوت (ماریانۆ) کوردەکان دەڵێن (میر)، ئەوەمان نابێ لەگەڵ (امیر)ی عەرەبی لێ تێکچێ. لەوانەیە ئەوان ئەو وشەیان لە ئارياييیەکان وەرگرتبێ و کردبیانە ئەمیر.

بە زەنگاڵیان دەگوت (هێری) کە لە خوری دەچنراو لە ڕێورەسمی کۆنی ئاریادا شیرەی گیای (هوما)یان تێدەدا، کوردەکان ئەورۆ خوری بە (هێری)ش ناودەبەن.

ئاوێستا بە سەرزەمینی ئاریاکان دەڵێ (ئەئیریان)، کوردەکان دەڵێن (ئێران)، لە پەهلەویی ئەشکانیشدا (ئێرانە) و لە فارسیی ئەورۆشدا دەڵێن (ئیران).

دەرو ئەسپە دەروو واتە شوێنی پێدا تێپەڕین (گذر)، ئەسپە واتە (اسب) کە لەسەریەک دەبێتە ڕێبازو شوێنی پێدا تێپەڕینی ئەسپان.

بێگومان نەجیاوازییەکەی زمانی ئاوێستا لەگەڵ ئی ماد سەیرە و نە جیاوازیگەلێک لە نێوان زمانی ماد و زمانی کوردیی ئێستادا. کوردستان لە کۆنەوە و پێش مادەکان گەلانی تریشی لێ بوونە و وشەگەلێکیش لە زمانی ئەو گەلانەڕا ڕەگەڵ زمانی کۆنی کەوتوون. زەردەشت لە دەوری گۆلی ورمێ لە دایک بووە کە دەکەوێتە بەشی ڕۆهەڵاتی وڵاتی ماد. مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە زۆر پێش پێکهاتنی دەستەڵاتی مادەکان و تەنانەت پێش هاتنی مادەکان بۆ ئەو وڵاتە. بەهۆی سوانی وشەکان و هاتنی وشەی نوێ بۆ نێو زمانەکەو بەتێپەڕبوونی ماوەیەکی دوور و درێژی نێوان سەردەمی ئاوێستاو کاتی دەستەڵاتی دەوڵەتی ماد و گەورەیی و بەربڵاویی وڵاتی ماد و پێکهاتەی گەلانی زۆر و هۆزی جیاجیای ئەو سەرزەمینە، زۆر سروشتییە کە گۆڕانکارییەکی زۆر لە نێوان ئەو زمانە و زمانی ئاوێستا هاتبێتە پێش. وڵاتی ماد پاش لەناوچوونی دەوڵەتەکەی بووە دووبەش: مادی گەورە و مادی بچووک یا مادی ئاترووپاتێن، کەئەوەش بۆ خۆی دابڕانێکی لەنێو گەلەکەیدا پێکهێناوە و بێگومان

بۆتە هۆی پێکهاتنی جیاوازیی زیاتر لە شێوەی ئاخافتندا. ئێستاش لە کوردستان زۆر زاراوەی کوردی هەن کە تەنانەت لەبواری ڕێزمانیشدا جیاوازییەکی زۆریان هەیە، بەڵام هەموویان هەر یەک زمانن.

جیاوازیی ڕووکەشی زاراوەکانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆ: یەکەم ئەو سروشتە چڕو ئاستەمەی کوردستان زۆر ئاستەنگ دەخاتە بەر پێوەندی و تێکەڵاویی زۆر لە نێوان خەڵکەکەی و وردە وردە شێوە ئاخافتنەکان لێک دوور دەخاتەوە. دووەمیان تێکەڵاوی لەگەڵ گەلانی دراوسێ و کارتێکەریی زمانەکان لەسەر یەکتری، سێیەمیان هەروەک باسمان کرد، بێجگە لە ڕەگەزی زاڵ و سەرەکیی پێکهێنەری کورد کە گووتییەکان و مادەکان بن، زۆر گەلی ناوچەییش لە شوێنە جۆرەوجۆرەکانی کوردستان نیشتەجێ بوون، هەرچەندە ئەو گەلانە لە شوێنی خۆیاندا لەنێو کورددا تواونەوە، بێگومان ژمارەیەک لە وشەکان و هەندێک لەشێوە ئاخافتنەکەیان لەنێو زمانی کوردی لە هەر ناوچەیەکدا ماوەتەوە. ئەو گەلانە لە ناوچەیەک ڕا بۆ ناوچەیەک جیاواز بوون و بۆیەش شێوەی ئەو کارتێکردنە لە هەر شوێنێک ڕا تا شوێنێکی تر گۆڕاوە. هۆکارێکی تریش بێگومان جیاوازیی زاراوەکانی باپیرانی کوردە. ئەوان هەرچەند لەباری زمانەوانییەوە خاوەنی یەک زمان بوون، شێوە ئاخافتنەکەیان جیاواز بوو. ئەو جیاوازییە لە هەموو زمانێکدا سروشتییە و لە کوردیی ئەوڕۆشدا وەک دەبینین زۆرە. ئەو جیاوازییە تەنانەت بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی بۆهاتن و لێڕاهاتنی زمانی خەڵکی ناوچەیەک. پاش ئیسلامیش بێجگە لە نەبوونی سەوادی کوردی کە پارێزەری یەکەتیی زاراوەکانی زمانە، وشەکانی داگیرکەرانیش لەنێو کوردستانی بەریندا کاری کردووە و نەتەوەی کورد بێجگە لە نەبوونی یەکەتی و یەکگرتوویی لەژێردەستی گەلانی جۆرەوجۆریشدا بە دابەشکراوی ماونەوە.

لە سەردەمی ساسانییەکاندا زمانی دەوڵەتی پەهلەوی بوو کە زۆر نیزیکە لە کوردی و تەنانەت دەکرێ بڵێین کوردیی ئەو کاتە بووە. بۆ وێنە نامەی شەهربانووی کچی یەزدگوردی سێیەم بۆ باوکی، کە تەواو بەکوردیی لای ورمێیە و لە باسی ساسانییاندا هێناومەتەوە. پاش ئیسلام سەلاحەدین ئەییووبی پادشای گەورەی کورد کە مایەی شانازیی جیهانی ئیسلامە و ناوبانگی جیهانیی دەرکردووە بووەتە سوڵتانی میسر و زەندییەکان بوونە شای ئێران، یەکەمیان بەناوی عەرەب و دووەمیان بەناوی فارسەوە پادشایەتییان کردووە، بەپێی بارودۆخی سەردەم گوێیان

نەداوەتە هەستی نەتەوەیی خۆیان و ئەییووبییەکان سەرنجیان نەداوەتە پەرەپێدان و دەکارکردنی زمانی نەتەوەیی خۆیان.

حکوومەتە بچووکەکانی ناوچەیی کوردیش موبالاتیان وەزمانی خۆ نەداوەو زۆربەی شاعیران و نووسەرانی کوردیش شیعریان بەفارسی و عەرەبی کوتووە و کتێبیان بە فارسی و عەرەبی نووسیون و کەمتر ئاوڕیان وەزمانی زگماکیی خۆیان داوەتەوە. لەو بوارانەشدا زۆر مرۆڤی بلیمەتیان لێ هەڵکەوتوون، بەڵام بەرهەمەکانیان بەداخەوە هەر لە بەرژەوەندیی بێگانەدا بووە.

ڕووداوی مێژوویی دەورێکی بالآیان بینیوە لە نەهێشتنی زمان و زاڵبوونی زمانێک بەسەرزمانێکی تردا. دانیشتووانی کۆنی کوردستان بەزمانانی خووری و پاشانیش ئوورارتوو دواون. لەگەڵ پەیدابوونی هۆزانی ئاری زمانی وەک میتانی و لە دواتردا ماد و پارت و سەکاکان لە کوردستاندا بەرەبەرە زمانی خووری و ئوورارتوو لەنێوچوون و زمانی ماد جێگەی گرتنەوە.

بەداخەوە نەک هەر بەهۆی نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی کە بێگومان دەیتوانی پاڵپشتێکی بەهێزی پێشکەوتنی بێ، بەڵکو بەهۆی دژایەتی و بەرچاوتەنگیی داگیرکەرانی کوردستان و دانانی قەدەغە و بەربەست لەسەری و تەنانەت هەوڵی بێوچان و توندو تیژیان بۆ سڕینەوەی هەموو ئاسەواری نەتەوەی کوردو تواندنەوەی بەیەکجاریی، دەرەتانی پێشکەوتنی پێ بەپێی زمانەکانی تری دەوروبەری بۆ نەبووە. زۆر زمانی ئەو ناوچەیە هەرچەند زۆر کەمتر لە زمانی کوردی دەگوشاردا بوونە، وا تواونەوە کە بەتەواوی بڕاونەوە و هەر لە بیریش کراون و خاوەنانیشیان ئێستا خۆ بە نەتەوەیەکی تر دەزانن. بۆ وێنە میسرییەکان کە بەتەواوی لەناو عەرەبدا تواونەوە و هەروەنازانن سەردەمێک عەرەبیش نەبوون.

مامۆستا سەجادی دەڵی: (... کوردەکان لەبەر ڕێکەوتی مەڵبەندی و کۆچەرایەتی و شاخ نشینی دوورتر بوون لە قەومی بێگانەوە، کەمتر تێکلاویان بووە بە تێکلاوبوونێکی وەها کە کاربکەنە سەر تێکدانی زمانەکەیان – مەگەر لە دەوری ئیسلامیدا نەبێ کە هەندێ وشەی عەرەبی بەهۆی ئاشنایەتی ئاینەوە تێ کەوت – بەم جۆرە بەبێ تێکدان و دەست لێدان زمانەکەی خۆیانیان پاراست و هێشتەوە)، ئەوە ڕاستییەکی نەشاراوەیە بەڵام هەمووی هۆکارەکە نییە. ڕوانینێکی کورت لە مێژووی

کورد بەتایبەتی لە چەرخی ١٩ و٢٠ دا ڕاستییەکی تریشمان بۆ دەسەلمێنێ، ئەویش خۆڕاگریی بێوچانی گەلەکەمانە لە پاراستنی فەرهەنگ و پێناسەی نەتەوەیی و تایبەتمەندییەکانی کوردەواریدا. لەو دوو سەدەیەدا دەتوانم بڵێم کورد بەقەت هەموو مێژووی دیاری خۆی دەردی دیون و بەڵای بەسەرهاتوون. کوردستان بە بکەین و بەینی زلهێزانی سەردەم لە دوو پارچە ڕا بوو بەپێنج پارچە. میرنشینەکانی کە بەدەستی کورد بەڕێوە دەچوون و نیوە سەربەخۆییەکیان هەبوو، هەڵوەشێندران و سنوورەکەشیان بەپێی بەرژەوەندیی داگیرکەران دانرانەوە. حاکمانی نەکوردو ناشارەزا بە زمان و نەریت و فەرهەنگی کوردی و تەنانەت گوێ ئاخنراو بە دوژمنایەتییەکی کوێرکوێرانە دەگەڵ نەتەوەی کورد، بەسەر کوردستاندا سەپان. تەنانەت لە پارچەی داگیرکراو بەدەست یەکەتیی سۆڤیەتیشدا کە بەڕواڵەت گەلان خودموختارییان هەبوو، ئەوەندەشیان پێ ڕەوا نەبیندرا کە هیچ، زۆربەیان بەدەست کارگێڕانی شۆڕشی کۆمۆنیستی لە زێدی خۆ هەڵکەنران و دوورخرانەوە و ئەوانەی مانەوەش لەبەردەستی کۆمارەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجاندا بەحاڵ پلەی هاونیشتمانیی دەرەجە دوویان پێ برا. لە نزیک بەنیوەی خاکی کوردستاندا کە ئاتاتورک بە سات و سەودا دەگەڵ زلهێزان و پیلانی ناوخۆیی لەژێردەستی خۆیدا ڕایگرتبوو، ناو و زمان و هەمووشتێکی نیشاندەری شوێنەوارێک لە کورد، لە یاسا و بەڵگە یاسایی و مێژووییەکانی وڵات سڕایەوە و بردنی ناوی کورد سزای بۆ دانرا. لە زیاتر لە٨٠٪ ی خاکی کوردستان نووسین و خوێندنەوەی کوردی بە تاوان و دژی یاسا دانرا. تەنیا بەشێکی بچووکی کوردستان ئەویش لەژێردەستی ئێران، ناوی (کوردستان)ی لەسەر ما کە: سنە، سەقز، بانە، مەریوان، دیواندەرە، کامیاران، قوروەو بیجاری دەگرتەوە. (تێبینی: خەڵکی ئەو ناوچانە کە سەر وە سنە بوون، بەگشتی بەو شارەیان کوتووە (کورسان) دەنا ئەو ناوەش بەخشیشی داگیرکەران نییە). کوردستان لەبەردەستی عێراق بوو بە شیمال و لە سووریا و تورکیا و سۆڤیەتیش هیچ ناوێکی بۆ دانەنرا. لە هەمووی ئەو ماوەشدا دوورخستنەوە، زیندان، ئەشکەنجە، ڕاگوێستن، کوشتن، ئەنفال، سووتمان، بۆمباران و کیمیاباران و.... هەرلەسەری بەردەوام بووە. بەڵام هەمووی ئەوانەش نەیتوانی کورد بتوێنێتەوە و پێناسە و تایبەتمەندییەکانی کوردایەتیی لێ بستێنێتەوە. تەنانەت زەبروزەنگ و قەدەغەی ئاتاتورکیش کوردی نەتواندنەوە و ئێستا لە زۆر شار و شارۆچکە و گوندی

باکوری کوردستان زۆر کورد دەبینی کە تەنانەت لە تورکی هەر تێش ناگەن.

بەکورتی: زمانی کوردی دەچێتەوە سەر کۆمەڵە زمانەکانی ئێرانی، کە لکێکە لە زمانە هیندۆئەوروپاییەکان، کە کوردی و فارسی و ئەفغانی و تاجیکی دەگرێتەوە. هەرچەند کوردەکان ماوەیەکی زۆر لەژێر دەستەڵاتی تورک و عەرەب و فارسدا بوون و ئەگەرچی کاربەدەستانی ئێران لە سەردەمی سەفەوی ڕا و سووریا و تورکیاش بەتایبەتی و عێراقیش هەرچەند بەڕێگەیەکی جیاوازدا بەپێی هەلومەرجی دامەزرانی خۆی بەڵام بەهەمان مەبەست، پاش شەڕی یەکەمی جیهانی سیاسەتی تواندنەوەی کوردیان گرتووەتەبەر، بەڵام زمانی کوردی وشە ڕەسەنەکانی خۆی پاراستووەو لەگەڵ ئەوەی بەکارهێنانیشی قەدەخە کراوە، زۆرکەم چووەتە ژێر کارتێکردنی زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی.

زمانی کوردی سەرەڕای خزمەت پێنەکرانیشی زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام بەداخەوە تائێستا شێوەیەکی ئەدەبیی یەکگرتووی نییە. ئەو زمانە چوارلکی لێ دەبنەوە کە هەرکان لەو لکانەش بۆ خۆیان چەند زاراوە دەگرنەوە:

١- کرمانجیی باکور:

ئەو زاراوەی زۆر کەس بە زاراوەی بادینیش ناو دەبەن، چونکە خەڵکی ناوچەی بادینانی پێی دەئاخافن و ئەو کوردانەی بەو زاراوەی دەدوێن بریتین لەوانە:

ئەلف - لە کوردستانی بەردەستی ئێران: هەرکی، میلان شکاک، جەلالی، هەیدەری، لە بەشەکانی باکوری ئازەربایجانی ڕۆئاوا. سنووری ئەو زاراوەی لە باکوری ماکۆڕا تا هێڵی نێوان دەشتەبێڵ و شاری شنۆ دەگرێتەوە. هەروەها کوردەکانی لای خوراسان.

ب - هەموو کوردستانی بەردەستی تورکیا بێجگە لە ژمارەیەکی زۆر کەم کە بە زازاکی دەدوێن، ئەوانی تر زاراوەی ئاخافتنیان کرمانجیی باکورە.

ج - کوردانی لای قەفقاز و هەموو کوردەکانی نیشتەجێی کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو.

د - لە کوردستانی بەردەستی عێراقدا، خەڵکی ئاکرێ و ئامێدی و زاخۆ و دهۆک و سنجار و شێخان و....

ک – هەموو کوردەکانی بەردەستی سووریا.

٢ – کرمانجی خواروو، کە سۆرانیشی پێ دەڵێن:

لە کوردستانی بەردەستی ئێران و عێراق، ئەگەر هێڵێکی ڕاست لە سووچی ڕۆئاوای لێواری باشووری گۆلی ورمێ ڕا بەپشتی شنۆدا بۆ کێلەشین و لەوێش ڕا بە باکوری ڕەواندزێدا ڕاست بۆ قەرەقووش لە باشووری مووسڵدا بکێشین تا سوورکێو دەبڕێ، باشووری ئەو هێڵە کە بەشێک لە کوردستانی بەردەستی ئێران و عێراق دەگرێتەوە تادەگاتە شاری کرماشان بە سۆرانی دەدوێن. لە زاراوەکانی ناو ئەو بەشە دەکرێ ئاماژە بکەین بە موکریانی و سلێمانی و سنەیی.

٣– کوردیی کرماشانی کە لە کۆنەوە شێوەئاخافتنی کەڵهوڕی و زەنگەنە بووە، ئەوڕۆ گۆرانەکان و سەنجابییەکان و کەڵهوڕو فەیلییەکان بەو زمانە دەدوێن، کە لە کوردستانی بەردەستی ئێران، کرماشان و قەسری شیرین و ئیلام و سەرپێڵی زەهاو و ڕەوانسەر و کەنگاوەر و بەشێک لە قوڕوە تا نیزیک هەمەدان و لە کوردستانی بەردەستی عێراقیش خانەقین و مەندەلی و... دەگرێتەوە. شێوە ئاخافتنەکانی ئەو زاراوە ئەوانەن:

ئەلف: شێوەئاخافتنی گۆران.

ب: شێوەئاخافتنی سەنجابی،

ج: شێوەئاخافتنی کەڵهوڕی،

د: شێوەئاخافتنی کولیایی

هـ: شێوەئاخافتنی سەحنەو هەرسین،

٤– هەورامانی و گۆرانی کۆن:

ئەلف: شێوەئاخافتنی زازایی کە لە کوردستانی بەردەستی تورکیا لە دەوری ئەرزەنجان و دەرسیم پێی دەئاخافن.

ب: شێوەئاخافتنی هەورامانی تەخت،

پ: شێوەئاخافتنی هەورامانی لە هۆن،

ت: شێوەئاخافتنی ژاوەرۆ،

ج: شێوەئاخافتنی پاوە و بەشێک لە جوانڕۆ،

چ: شێوەئاخافتنی گۆرانیی کۆن کە زمانی کتێبی پیرۆزی ئەهلی حەقە.

ح: شێوەئاخافتنی ماچۆماچۆماچۆ، کە شێوەئاخافتنی سوەیدەکانی ئەهلی حەقە و تایبەتمەندیی ئاینیی هەبووە.

خ: شێوەئاخافتنی گاوارەیی کۆن،

د: شێوەئاخافتنی کوڕەجوویی کۆن،

ر: شێوەئاخافتنی بێوەنجیی کۆن،

ز: شێوەئاخافتنی قەلاعیی کۆن،

ژ: شێوەئاخافتنی کەنوولە یا کەندوولە،

س: شێوەئاخافتنی باجەڵانی،

٥- لوڕی و لەکی،

زاراوەی کرمانجی تا شەڕی یەکەمی جیهانی و داسەپانی دەوڵەتی تورکانی لاو لە تورکیادا، زمانی ئەدەبی و نووسینی کوردی بوو. پاش ئەو ڕووداوە، بەهۆی قەدەخەکرانی زمانی کوردی لە تورکیا و دامەزرانی دەوڵەتی عێراق و بە فەرمیبوونی خوێندنی کوردی لە کوردستانی بەردەستی عێراق، زاراوەی سۆرانی بوو بە زمانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و زاراوەی کرمانجی دەرفەتی گەشەکردنی لەو بوارەدا بۆ نەما یا باشتر بڵێم ئاستەنگی زۆری کەوتە بەر.

## پێوەندیی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی دراوسێکانی

١- کارتێکردن:

بێگومان هیچ زمانێک ناتوانی بەتەواوی لەکار تێکردن و کارتێکران لە پێوەندی لەگەڵ زمانانی جیهان بەگشتی و زمانانی دراوسێدا بەتایبەتی بەدووربێ. لە سەردەمی ئێستادا سنوورەکانی گەلان لەباری پێوەندی و تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی زۆر بێڕەنگ بوونەتەوە. بەتایبەتیش کە پیشەسازی و داهێنانی تازەی بەردەوام و دیاردە نوێیەکان، هەموو ڕۆژێ بەچەندین وشەی نوێ دەڕژێننە نێو زمانی گەلان، ئەو وشانە لە هەرشوێنێک و بەهەر زمانێک داهاتبن، بەهۆی بڵاوبوونەوەی تێکنۆلۆجی، یا لەنێو گەلانی وەرگر مانای تازەیان بۆ دادەنرێ یا وشەکە ڕاستەوخۆ دەخزێتە نێو زمانیان. کەوابوو ئەو کارتێکردنانە نەک هەر ناڕەوانین، بەڵکو دەتوانن زمانەکە دەوڵەمەندتر

بکەن. زۆر گەلان نەک هەر ئەورۆ بەڵکو لە زەمانەکانی زۆر دوورەوە کەلکیان لە وشەی بێگانە وەرگرتووە، بۆ وێنە ئینگلیسی، تورکی، فارسی و عەرەبی پڕن لە وشەی بێگانە. قورئانی پیرۆز کە بە پەرجوویەکی زمانەوانی دەناسرێ بۆخۆی بەدەیان وشەی لە زمانەکانی تر وەرگرتووە. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە ئەو وشە وەرگرتنە دەبێ بەمەرجێک بێ کە ڕەسەنایەتیی زمانی وەرگر نەخاتە بەر هێرش و پرسیار. ئەگەر لە زمانێکدا وشەی لەبار هەبێ یا دانانی وشەیەکی جوان بۆ دیاردە نوێیەکە بگونجێ، ڕەوانییە پەنا بەرینە بەر وشەی نامۆی بێگانە کە دەکارکردنەکەی بۆ خەڵک نامۆیی و کێشە دەخوڵقێنێ. ئەوە خاوێن ڕاگرتنی زمانە نەک ڕووتکردنەوەی زمان لە هەرچی وشەی بێگانەیە بەبێ جیاوازی دانان لە نێوان شیاو و نەشیاودا. بۆ زمانی کوردی لەباری جوگرافیاییەوە لە گەمارۆی تەواوی چەند زمانی دراوسێی (فارسی، تورکی، عەرەبی و هەرمەنی و...) دایە. کەمێک لە تورکی ڕا و بەهۆی ئاینەوە هەندێک زیاتر لە عەرەبی ڕا کاری تێ کراوە. لە پێوەندی لەگەڵ زمانی فارسیدا کارتێکرانەکە شێوەیەکی جیاوازی هەیە، کە لە پێوەندیی زمانی باسی دەکەین. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە کوردی سەرەڕای ئەو هەموو گوشار و زۆرییەی بەدرێژایی مێژووی پڕ کارەساتی لە زمانەکانی دراوسێی زۆر خاوێنتر ماوەتەوە و زیاتر لەوەی کاری تێ کراوە کارتێکردنی هەبووە.

٢- هاوپێوەندیی زمانی:

زمانی کوردی لەنێو دراوسێکانیدا تەنیا هاوبنەماڵەی زمانی فارسییە - بنەماڵەی زمانەکانی هیندوئەورووپایی - و چ لەباری ڕێزمان و چ لەباری وشە و واتاوە تێکەڵاوییەکی بەربڵاوی لەگەڵیدا هەیە. کە چاو لە فەرهەنگی فارسی دەکەی بەسەدان وشەی تێدا دەبینی کە لە کوردیشدا دەکاردەکرێن. بەشێکی یەکجار زۆری ئەو وشانە ئێستا لە فارسیدا کەلکیان لێ وەرناگیرێ و تەنانەت فارس هەر تێشی ناگەن، بەڵام لە کوردیدا هەر باون و ئەوەش بەڵگەیەکە بۆ کوردی بوونیان. بەشێکیشیان هەروەک فەرهەنگەکانیش ئاماژەیان پێ کردووە لە کوردی ڕا خزیونەتە نێو فارسی. دوکتور محەمەدی موعین لە پێشەکیی فەرهەنگی فارسیی خۆیدا دەڵێ: (ماکەکانی سەرەکیی زمانی فارسی بریتین لە: دەریی کۆنین، پارتی، پەهلوی، هیندی، عەرەبی، تورکی، موغولی، ئورووپائی). لە سەرچاوەکانی ئەو زمانەشدا ئاماژە بە پارسیی

کەونین و مادی و کوردی... دەکا.

لێرەدا شایانی ئاماژەیە کە بەداخەوە بیری ڕەگەزپەرستانە تەنانەت وا بەرچاوی زانایەکی گەورەی فەرهەنگی فارسی وەک (دوکتۆر موعین)ی لە حاست زمانەکەمان تاریک کردووە کە بە زمانێکی سەربەخۆی دانەنێ و لە فەرهەنگە شەش جلدییەکەیدا بۆ ڕوونکردنەوەی مانای لەهجە دەڵێ: ٣- لکێکە لە زمانێک کە بە هەندێک گۆڕانکاری لە ناوچەیەکدا ئاخافتنی پێ بکرێ: (بۆ وێنە گیلەکی، کوردی، لوڕی، سمنانی، زاراوە گەلێکن لە ئێرانی...) (ف ٦ج معین ص ٣٦٦١ چاپ دهم ١٣٧٥ چاپخانە سپهر، تهران).

ئەو زانایە کورتبینە تەنانەت زمانی کوردی تاڕادەی زاراوەیەکی چووکی ناوچەیی دێنێتە خوار بێ ئاگا لەوەی کە (لوڕی)ش – کە لەوێ ئاماژەی پێکردووە – بۆخۆی زاراوەیەکە لە زمانی کوردی کە ئەو دەیکاتە زاراوەیەک لە زمانی ئێرانی. بێگومان مەبەستیشی لە ئێرانی هەر زمانی فارسیی ئێستایە، کە لەڕاستیدا دوای هێرشی عەرەب سازکراوەو (ئێرانی) و وشەی (ئێران)یش بەواتای ئێستای، داتاشراوی زەمانی ڕەزاشایە. ئەو دیکتارە بێبەزەییەی مێژووی پارس، لە ساڵی ١٩٣٥ بە لاساکردنەوەی ئاتاتورک و بەڕێنوێنیی ئینگلیس، یا وەک پرۆفسۆر ئێحسان یارشاتر دەڵێ، لەژێر کارتێکردنی هەستی نەتەوەیی ئالمان و بەڕێنوێنیی ئەوان، بۆ ئەوەی بڵێ ئێرانی هەموو نەتەوەیەکن، ناوی دەوڵەتی پارسی کردە (دەوڵەتی ئێران). ئەو زمانە (فارسی)یە تەنانەت ناوەکەشی دەستکردە و پێش ئیسلام شتێکی بەو ناوە نەبووە و ئەو ناوە هەر (پارس)ە کۆنەکە بووە کە عەرەبان چونکە (پ)یان نییە، کردوویانەتە فارس و فارسانیش لەسەر خۆیان و زمانە ساز کراوەکەیانیان داناوە. کەچی زمان ناسان کوردی بەزمانێکی سەربەخۆ و ڕەسەنی زۆر کۆن دەزانن.

بەپێی بۆچوونی مێژوونووسان، پارسەکان خەت و نووسین و خوێندەوارییان لە مادەکان وەرگرت. هەروەها ئاماژە بەزۆر وشەی پارسەکانیش دەکرێ کە لە زمانی ماد وەرگیراون. بۆ وێنە (ا. م. دیاکۆنۆف) ئاماژەی بەژمارەیەک لەو وشانە کردووە. زمانی کوردی و فارسی ڕێزمانی زۆر لێک نیزیک و تاڕادەیەکی زۆر وەک یەکیان هەیە. ئەوە و زۆریی وشەی دە هاوبەش، فێربوونی کوردی بۆ فارس و فارسی بۆ کورد وەسێنەیی دەخا.

دوکتور موعین لە پێشەکیی فەرهەنگەکەیدا لەنێو هاوکارانیدا ئاماژە بەناوی چەند پسپۆڕو مامۆستای زانکۆ دەکا کە لە وشەی کوردی و ئەهلی حەق (کە ئەوانیش بەشێکن لە گەلی کورد) و وشەکانی ناوچەی کرماشان (کە ئەویش هەر بەشێک لە کوردییە) یارمەتییان داوە. ئەوەش دەیسەلمێنێ کە چۆن بەشێکی بەرچاو وشەی کوردی چووەتە نێو فەرهەنگە فارسییەکان، جێگەی خۆی بوو فەرهەنگنووسانی بەڕێزی فارسی، کوردیبوونی ئەو وشانەیان لە فەرهەنگەکانیاندا دیاری کردبا، هەروەک بۆ وشەکانی وەرگیراو لە عەرەبی، ترکی، هیندی، پەهلەوی و... و تەنانەت زاراوەناوچەییەکانیش ئاماژەیان پێکردووە.

خەت و نووسین:

یەکەم کتێب بەزمانی کوردی ئاوێستایە، کە زەردەشت نووسیویەتی. زەردەشت بەپێی وتەی کۆنترینی ئەو مێژوو نووسانەی باسیان کردووە، وەک (ئەفلاتوون) و (ئیکزان تووس) پێیان وایە لە نیزیکەی (٦٥٠٠پ ز). کتێبی ئەوێستا بەزمانی مادی نووسراوە کە لەگەڵ زاراوەی گۆرانی ئێستا جیاوازییەکی زۆری نییە. هرمیپوس (سەدەی سێیەمی پ ز) دەڵێ: ئێرانییەکان پەڕاوێکیان هەیە بەناوی ئاوێستا کە بەزمانی ماد نووسراوە.

ئەوەی حاشای لێ ناکرێ ئەوەیە کە مادەکان بۆ یەکەم جار خوێندنەوە و نووسینیان لە ئێران کردە با و ئەوەندە لەسەر خوێندن سوور بوون کە تەنانەت لە کاتێکدا کە پیاوان و ژنان بۆ سازکردنی شوورەی هەمەدان بەگەرمی خەریکی کار بوون، منداڵانی شار دەرسیان دەخوێند و بەڕێنوێنیی مامۆستا بەقەڵەمێکی لە مس یان مەفرەق لەسەر لەوحی ساز کراو لە قوڕ دەیان نووسییەوە.

بەپێی ئەو بەڵگانەی، کە لە کوردستاندا دۆزراونەتەوە، مرۆڤێکی کوردستانی بەزمانی خووری یا هووری دواوە، کە زمانێکی زاگرۆسی بووە و لە دواییدا شێوە پەرەسەندووەکەی نێوی ئوورارتووی لێندراوە. لەو شوێنەوارە کە بەزمانی خووری نووسراون، نووسراوەی پاشای خووری (تیش بئەتەل) (٢٤٠٥ –٢٠٣٧ پ.ز)، ئەفسانەی پاشایەتی لە ئاسماندا، ئەفسانەی گلگامێشی سۆمەری، چیرۆکی ڕاوچی (کەشی)، کۆمەڵێک نامەی (توشراتە)ی پاشای میتانی، کە لە (تل المعارية) دۆزراونەتەوە، ئەرشیفی بنەماڵەی لوللو و هەروەها ئەرشیفی بنەماڵەی (تیخیب

تیللای خووری) و...

بەڵگەنامەکانی هەورامان لە دێی پاڵنگان نیزیک کەلای ئەردەڵان – تەنگی بەر لە سەرچاوەی ئاوی سیروانەوە لە کوردستاندا دۆزراوەتەوە، ژمارەی بەڵگەنامەکان زۆر بوون، بەڵام هەرسێ دانەیان لە ساڵی ١٩٠٩ی زاینیدا بەهۆی دوکتۆر سەعیدخانەوە گەیشتوونەتە بەردەستی شارەزایانی ڕۆهەڵاتناسی ڕۆژاواوە، دووان لەو بەڵگەنامانە، کە بۆ ساڵانی ٨٨ و ٢٢ی پ.ز. دەگەڕێنەوە بەزمانی گریکی نووسراون لە ساڵی ١٩١٥ دا لەلایەن پرۆفیسۆر مینسەوە لە کۆواری لێکۆڵینەوەی هێلێنیدا شی کراوەتەوە و سێیەمینیشیان، کە بەتیپی ئارامی بووە و بۆساڵی ١٢و١١ی پ.ز. دەگەڕێتەوە لەلایەن کاولی لە ساڵی ١٩١٩دا تیشکی خراوەتە سەر.

ئەو بەڵگەنامەی، کە بۆ ساڵی ١٢و١١ی پ.ز. دەگەڕێتەوە و بە ئەلفوبێی ئارامی نووسراوەتەوە لە ڕووی نێوەڕۆکی زمانەوانێوە هەژارە، چونکە هەر تەنیا ٢٣ وشەی تێدایە، کە سەربە کۆمەڵە زمانانی ئێرانی (پارتی و مادی) بێت و ١٥ لەم ٢٣ وشانەش ناوی تایبەتین، وشەکانی دی ئارامین و هەر وا تێکستەکە کارگەریی سەردەمی هیلینی (یۆنانی) پێوە دیارە.

بەڵگەنامەی هەورامان:

١– شانەت lll ق. یەرەخا ئەرووتات مەیبانوو پەتەسپەک بەری توورین، ٢– lll...و؟ یەکی کەرمائەسمەک من ئەبیکە شەکەن پەلزیات. ٣– ڕەزبانو ئەریل بەری بەشنین داد ئەهی کو لە زوزین ١٠ ٢٠ ٢٠ ٥. ٤– مەمیم بومخوتی نا...خ هەمی ئەدلو قیدە متە. ٥– شەهدین تیریک بەری ئەپینی.. بەری ڕەشنۆ ئەرشتەت، ٦– بەری ئەبنو گریپنهی میثراپادی سینەک بەری ماتبەنگ. ٧–... کەرمائەسمتن کەرما زینت(؟) ئەربل من، ٨– پەتەسپەک کو لە زووزین ١٠ ٢٠ ٢٠ ٥.

واتای تێکستەکە بەزمانی کوردیی هاوچەرخ

١– ساڵی ٣٠٠، مانگی ئەرۆتات، مەیوان پەتەسپەک بەری تورین. ٢– نرخی (؟) ڕەزی ئەسمەک کە (؟) داوە بۆ گەڕاندنەوەی خاوەنێتی (؟) بۆ... ٣– ڕەزوان ئەریل کوڕی بەشنین، نەمەش دای، هەمووی بەگشتی (بە) ٥٥ زۆزین. ٤– ئەوەی کە لەلای خێوی زەوییە... دانی پێداناوە (؟) لەپێش، ٥– شاهیدان تیریک کوڕی ئەپین،ی،

کوڕی ڕەشنۆ ئەرشتاد. کوڕی ئەبنو گریپنهی کوڕی میشراپادی، سینەک کوڕی ماتبەنگ. ٧- نرخی (؟) ڕەزی ئەسمتن ڕەز دەگەڕێنەوە(؟) بۆ ئەربل لە... ، ٨- پەتەسپەک سەرجەم ٥٥ زۆزین.

زمانی کوردی بەدوو خەت دەنووسرێ:

١- خەتی لاتین: کە کوردەکانی بەردەستی تورکیا و کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو پێی دەنووسن. بەبڕوای من ئەو ڕێنووسە بە دوو هۆی سەرەکی بۆ نووسینی کوردی زۆر باشترو شیاوترە بەو هۆیانەی خوارەوە:

یەکەم: باوبوونی ئەو ڕێنووسە لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان. کە زۆرینەی کوردەکانی دنیاش پێی دەنووسن.

دووەم: تەواوتربوونی ئەو ڕێنووسە لە ڕێنووسی عەرەبی کە لەنێو کوردەکانی بەردەستی ئێران و عێراقدا باوە، چونکە خەتی لاتین لەباری بزوێنەکانەوە بۆ نووسینی کوردی لەبارترە. سەرنج بدەنە نموونەکانی پێشتر باسکراو. بەتایبەتی کە لەسەر کامپیوتێریش کێشەی نووسین و گونجانی لەگەڵ پەنجەرە (WINDOW)کانی نییەو ئەگەر هەشیبێ زۆر کەمترە. گرینگترین کێشەی نووسینی عەرەبی لەگەڵ شێوەی لاتین، نووسرانی لە ڕاست بۆ چەپە کە دەردیسەرێکی زۆر لەسەر کۆمپیوتەر دەخوڵقێنی کە باسەکەی بەوردی لێرەدا ناگونجێ. تەنیا کێشەی ئەو ڕێنووسە، بەبڕوای من نەبوونی پیتی (ع و غ و ح) یە کە ئەویش بەهاسانی چارەسەر دەکرێ.

٢- خەتی عەرەبی: کە کوردەکانی بەردەستی ئێران و عێراق و سوریە پێی دەنووسن.

مامۆستا گیوی موکریانی لە پێشەکیی فەرهەنگی کوردستاندا دەڵێ: کۆنترین شێوەی وشەی کورد لەنێو نووسراوانی مێخیدا لە فۆڕمی (مات کورداکی)دا هاتووە، کە بۆ هەزارەی سێی پ.ز دەگەڕێتەوە، وشەی (مات) هەوارگە دەگرێتەوە(و) (کی)نیشانەیەکی سۆمەرییە بۆ زەوی، لەو سەردەمەدا ئەم نێوە باکوری ڕۆهەڵاتی سووریای ئەمڕۆی گرتبووەوە.

سەرچاوەكانی بەشی سێیەم:

١- تاريخ ريشه نژادی كرد، احسان نوری، ص٩٧و٩٨،
٢- تاريخ ماد، م.ا. دیاكۆنۆف، ترجمهء كريم كشاورز، تهران، ١٣٧٩، ص٥٥ و ٦٦
٣- تاريخ ١٠٠٠٠ ساله ايران، عبدالعظيم رضائی، جلد اول، چاپ اقبال و مروی، تهران، ١٣٧٢، ص١٦٠
٤- تاريخ تطبيقی ايران تاخاتمهء شاهنشاهی داريوش سوم، كيومرث باوند، انتشارات گوتنبرگ، تهران.
٥- تحقيقی تاريخی درباره كرد وكردستان، پروفسۆر محمدامين زكی، ترجمه وتوضيح حبيب الله تابانی، انتشارات آيدين، ١٣٧٧، ص٥٨و ٥٩
٦- كوردستان و كورد، دوكتۆر عبدالرحمن قاسملو، وەرگێڕ بۆ كوردی عبدالله حسن زاده، ١٩٧٣، لاپەڕە ٢٩- ٣١
٧- سرزمين جاويد، ذبيح الله منصوری، تهران، زرين، ١٣٧٠، ص١٧٣
٨- حسن پيرنيا - مشيرالدوله، ايران باستان،
٩- مێژووی وێژەی كوردی، صديق بۆرەكەيی، چاپ اول، ص٨ - ١٤
١٠- عەلائەددين سەجادی، مێژووی ئەدەبی كورد، ص٤٤
١١- تحفهء ناصری، ميرزا شكرالله سنندجی (فخرالكتاب)، امير كبير، تهران، ١٣٧٥، لاپەڕە بيست و سەد و بيست و چهار،
12. Persia or Iran" by Professor Ehsan Yarshater, published in Iranian Studies, Vol.XXII, No.1, 1989.

بەشی چوارەم

# کورد لە دین و چیرۆک و ئەفسانەکاندا

بێگومان ئەفسانەو چیرۆکی کۆن دەتوانن نوێنەری هەندێک ڕووداوی ڕاستەقینە بن کە لە دێرزەمانەوە کەوتوونە سەر زار و زمانان، یا باشتر بڵێین لەبەر کەمبوونی باری خوێندەواری و بەسێنەیی نەگونجانی نووسین، ڕووداوەکانی گرینگی پێوەندیدار بە گەلان بەشێوەی چیرۆک و ئەفسانە دەرهاتوون و سینگ بە سینگ گوتراونەوە و ئاوا بۆ زانینی داهاتووان ڕاگیراون. ئەو چیرۆکانە، نەوە بەنەوە و زاربەزار شتیان پێوە زیاد کراوە. لەو بوارەدا خەڵک حەزو ئاواتەکانی خۆشیان تێکەڵاو کردوون و قارەمانانی چیرۆکەکانیان بەپێی ئەو حەزو ئاواتانە داڕشتوونەوە و سیمای خۆشەویستی و ناخۆشەویستیی خۆیانیان بەپێی دەوری چاک یاخراپی پاڵەوان لە داستانەکەدا پێ بەخشیون، بەڵام جەوهەر و چوارچێوەی ڕاستەقینەی ڕووداوە ان نەسڕاونەوە. کوردەکان هەر لە کۆنەوە مێژووی خۆیان زاربەزار بە بەیت گێڕاوەتەوە و بۆ داهاتووانیان پار!ستووە.

سرووددەکانی زەردەشتیش بەشێکن لەو بەیتانە کە زۆر شتمان لەسەر ڕابردووی گەلەکەمان بەهەموو بارەکانیدا بۆ بەیان دەکەن. ڕاستە کە ئەسکەندەری مەقدوونی ئاوێستای سووتاند، بەڵام خۆ دەبوو لانی کەم زانایانی ئاینی زاربەزاریش بێ بەیتەکانییان بۆ ئێمە هێشتبێتەوە. ئەدی چۆنە ئاوێستا بە بەیتیش بۆ ئێستا نەماونەوە و لە بیربراوەتەوە؟ بێگومان بەشێک لەو بەیتانە تا زەمانی ئەشکانی و ساسانییان مابوونەوە، چونکە ئەوان پەشتەکانیان لەو بەیتانەڕا زیندوو کردوونەوە. هەرچەند ئەوانیش بەداخەوە بەئارەزووی خۆیان دەستیان تێوەرداون و تەنانەت زۆر لەناو و شوێنەکانیشیان گۆڕیون، بەڵام ئاوا بە دەستتێوەردراوی و نیوەچڵیش ماکی شتەکان هەر مابوونەوە و دەکرا هەندێکی هەر بەئێمە بگات.

بەهاتنی دینی ئیسلام، ئەوەندە دەستکاریکراوەش نەمان و لەبیر برانەوە، چونکە لەشکری ئیسلام پاش داگیرکردنی پێتەختی ساسانییان هەموو کتێبەکانی سووتاندن. ئاوا ئەوەندەی ساسانی و ئەشکانییانیش بەنووسراوە – هەرچەندە بە

نیـوەچڵی – سـاغـیـان کـردبووەوە، لەنـاوچوو. دوای پەرەگـرتنـی ئیـسـلام، تـەنانـەت گـێڕانـەوەکـەش کـەوتە ژێر سـانسـۆڕێکی ئوولی، چونکە کـوتنەوەیان بەکوفـرو دژی یاسـای ئیـسـلام زانراوە. تەنانـەت یەزیدییـەکانیش لەژێر گوشـاری مـوسـڵـمـانان و زاڵبـوونی ئیسـلامدا تـاڕادەیەک کەوتنە ژێر کـارتێکردنی ئـەو بۆچوونە. ئەو گوشـارە هـەر وەهـا تـاڕادەیـەک گــۆڕانی لـە دینەکــەشــیــاندا پێکهــێناو ئـاوا گــێــڕانەوە زارەکییەکانیشی بە بای فەرامۆشی ئەسپێردران.

کۆنـترین باسـی پێوەندیدار لـەسـەر مـێـژووی کـوردسـتـان، لە ئـاوێسـتـادا هـاتووە. پاشــان بـەکـەلک وەرگــرتن لـە نـاوەڕۆکی ئـەو کـتـێـبـە، زۆر بابـەت نووســراون کـە گـرینگتـرینیـان ئـەو بەشـانەی ئـاوێسـتـان کە لـە سـەردەمی سـاسـانییـەکاندا سـاغ کراونەوە و بەزمانی پەهلەوی نووسراونەوە. دوای ئیسلام چەند کەس ویستوویانە بۆ مـێـژووی ئێـرانی کـۆن شـتـێکی لێ سـاغ بکەنەوە. بـەنێـوبـانگتـرین بەرهـەمـی ئەو تێکۆشانە، شـانامەی فیردەوسییە کە هـەروەک لە پێشـەکیدا باس کرا، چونکە زۆرتر بەمـەبـەستی هاندانی هـەستی نەتەوایەتیی فـارس و بەربەرەکـانی لەگـەڵ فـەرهـەنگی زاڵی تورک و عـەرەب بـەســەر ژینگـەی فـارســەکـاندا نـووســراوە، بەداخــەوە زۆر لە ڕاسـتـییـەکان وەدوور کـەوتووەتەوە و گـۆڕانکاریی زۆری لەناو، ناوەڕۆک و شـوێن و تەنانەت سـەردەمی ڕووداوەکاندا پێکهێناوە. ئەوەش نرخـە مێژووییەکەی زۆر دێنێتە خــوار. بـۆیە نـاچارین ئـەو بەشــە زۆرتـر بەوەی ســاغ کــەینـەوە کــە لە ســەرچاوە پەهلەوییەکان و ئاوێستا وەدەستمان کەوتوون.

کـۆنتـرین خـوذاینامـە دوازدەیەمـین بەشی ئاڤێسـتـا بووە کـە لە سـەدەی سێـیـەمی کـۆچیش واتە لە زەمـانی (آنزفرن بغ) نووســەری دین کورددا هـەبووە. لە ســەردەمی ئەسکەندەری مـەقدوونیدا کـتێبەکانی ئێرانییـان و لـەوانەش ئاوێسـتا لـە کۆشکی شـایانی هەخامـەنشیدا ئاگریان تێ بەربوەوە. ئاوێستا بە وتەی پوولین مێژوونووسی ڕۆمیی سەدەی یەکەمی زاینی دوو ملیۆن شیـعری تێدابوو و بە پێی سـەرچاوەکانی پەهلەوی و عەرەبی دوازدە هـەزار جلد بووە.

ئەشکانیان و ساسانیان لە هەندێک لە نووسراوەکانی بەجێماو و لە زاری ئەفسانە و چیرۆکبێژانڕا هێندێک کتێبیـان بەزمانی پەهلـەوی نووسی. عەرەبەکان کە هاتنە ئێـران و خـەڵکیـان مـوسـڵـمـان کـردن، ئەو کـتـێـبـانەیـان بە کـتـێـبی کـافـران دانان و

سووتاندیانن. بەخۆشیێیەوە خوذای نامەک لە بەلای عەرەبان بەدوور مابووەوە. لە ساڵی ٣٤٦ی کۆچی، چەند شاعیری بەناوبانگ و شارەزا لە حەماسەکانی نەتەوەیی بەفەرمانی سپاسالاری خوراسان (ئەبوو مەنسووری کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدولڕەزاقی تووسی)، خوذای نامەکیان کردە فارسی و ئاگەدارییەکانی خۆشیان خستە سەر و بەناوی شانامەی ئەبوومەنسووری کتێبێکیان نووسی. چەند ساڵ دواتر فیردەوسی بەکەلک وەرگرتن لەو کتێبە بۆ هاندانی هەستی نەتەوەیی ئێرانییان چیرۆک و ئەفسانەکانی لەگەڵ خەیالاتی شاعیرانە تێکەڵکردن و ناوی نا شانامە. ناوەکانی شانامە هەموویان لەگەڵ ئەسڵیان بەتەواوی یەک ناگرنەوە و تەنانەت زۆربەی جێگای ڕووداوەکانیش بەتەواوی پێچەوانەن. ناوی پادشایانی ئاوێستاش لەگەڵ ئی پادشاکانی شانامە و خوژای نامەک یەک ناگرنەوە. لە نووسراوەکانی ئاوێستا ڕا دیارە کە ئەوان پادشایانی هۆزەکانی ڕۆئاوا و باشووری ڕۆئاوای وڵاتی ئاریاکانن. گۆڕەپانی زۆربەی ڕووداوەکان دەوری گۆلی هوئسرەوە (وان)و گۆلی چیچێست (ورمێ)، واتە لە ناوچەی لەدایکبوونی زەردەشت پێغەمبەری ئاریان و یا شوێنەکانی تری سەرزەمینی مادەکان وەک دامێنەکانی ئەلبورز و دەماوەند و ئیسفەهان و ئاراز و مازەندەران و... بووە. فیردەوسی شوێنی پادشایەتیی کەیانی یەکانی لە کوردستانەوە لە بەلخی ( نیزیک خاپوور لە باکوری ڕۆئاوای کوردستان) بۆ ئەفغانستان (باکوری ڕۆهەلاتی ئێران) گۆڕیوە و تەنانەت باختەریشی کە بەواتای ڕۆژ ئاوایە، کردۆتە ڕۆهەلاتی ئێران، بەلام بەهۆی ناشارەزایی لە جوگرافیا هەڵەی وا زەقی تێدا کردوون کە کەسێکی وریا بەهاسانی شێواندنەکەی تێدا بەدی دەکا، کە لە شوێنی خۆیدا باسیان دەکەم. بێجگە لەو بەلخانە گوندێکی تریش لە هەورامان هەیە کە پێی دەڵێن بەڵخە کە لە باشووری کوردستان هەڵکەوتووە. گۆرانییەکی فۆلکلۆری ناوچەکە دەڵێ: خوایە لەو کە لە زوو بمخەیتە بان – بمخەیتە مابەین بەڵخەو سۆسەکان). کە وابوو لە کوردستان لە جیاتی بەلخی ئەفغانستان دوو بەلخی تریش هەن و مەرج نییە ئەو بەلخەی مێژووی فارسەکان باسی دەکا هەر بەلخەکەی لای ڕۆهەلات بێ. دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ کە هەورامان گرینگترین و خۆڕاگرترین ناوچەی خۆڕاگریی ئوولی زەردەشتی بووەو ناوەکەشی ڕاست لەوەیڕا هاتووە کە پەرستیارانی ئەهوەرامەزدا لەو شوێنەدا لە هێمنایەتیدابوونەو دوژمن زەفەری پێنەبردوون. هەورامانییەکان بۆخۆیان ئێستاش بەشانازییەوە دەڵێن وڵاتەکەیان ئەو

ناوەی لەوەڕا کەوتووەتە سەر کە ئەمانگای ئەهوورا بووە.

چەندین سەدە دواتر، دوکتۆر موحەممەدی موعین لە فەرهەنگەکەیدا هەر ئەو هەڵەی فیردەوسی و پێشوونانی لەمەڕ باختەر دووپات دەکاتەوە و دەڵێ: ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بە (ئەپاختەر) هاتووە و لە پەهلەویشدا هەر وای پێ وتراوە و بەشوێنی ئەهریمەنان ناسراوە. لە فارسیدا بەواتای ڕۆهەڵاتیش دەکارکراوە. وێدەچێ ئەو (ئەپاختەر)ەی دوکتۆر موعینیش لە ئاوێستای ئەشکانییەکاندا واهاتبێ دەنا لە ئاوێستای کۆندا بە( باختی) هاتووە، نەک (باختەر) یا (ئەپاختەر!) ئەو دەکارکردنە بەتەواوی ناڕاستە، چونکە ڕۆئاوا سەرەتای دەستپێکردنی تاریکییە کە زۆرتر لەگەڵ سروشتی ئەهریمەن تەبایە نەک ڕۆهەڵات کە دستپێکردنی ڕووناکی و ڕەوینەوەی تاریکییە و خاوەری پێ دەڵێن. بەسەرنجدان بەوەی ڕۆژ لەلای ئارییاییەکان زۆر پیرۆز بووە، ئەوەش بۆخۆی دەگەڵ پێوەندی دانی ئەهریمەن بەشوێنی وەدیارکەوتنی خۆر، واتە خۆرهەڵات زۆر لە ڕاستی بەدوورە. ئەورۆش لە فارسیدا باختەر هەر بە واتای ڕۆئاوا دەکار دەکرێ و پێچەوانەکەشی خاوەرە کە دەبێتە ڕۆهەڵات. ئەو هەڵەیە لە سەردەمی ئەشکانییاندا پێک هاتووە کە لە نووسینەوەی ئاوێستادا تێکۆشاون (باختی Bakhti) بکەنە بەلخ و باختەریشی پێ بکەنە ڕۆهەڵات و ئاوا قارەمانانی ئاوێستا بکەنە ئی ناوچەی پارتەکان کە ڕۆهەڵاتی ئێران بووە. ئەو بۆچوونەی موعین و... هەر لەو شێواندنەی فیردەوسی و... ڕا هاتووە و بەداخەوە زانایەکی وەک دیاکۆنۆفیش تووشی ئەو هەڵەیە بووە، چونکە ئەویش کە خۆی لە خەڵکی ناوچەکە نەبووە، زانیارییەکانی وەک هەموو زانایانی ڕۆئاوایی لە زمانی ئەو کەسانە بیستووە کە ئەو شێواندنە ئامانجیانە.

ڕەنگە بپرسرێ کە ئەو شێواندنە چ خزمەتێکی بەمەزنیخوازیی نەتەوەی فارس دەکا؟ وەک دەزانین پارسەکان تەنیا ناوچەیەکی بچووکی بانووی ئێرانیان بەدەستەوە بوو. هەخامەنشییانیش کە هاتنە سەرکار، هەرچەندە بەشێکی زۆری ئاسیایان خستە بەردەستی خۆیان، هەلی ئەوەیان بۆ نەڕەخسا گەلانی تر بتوێننەوە، بەڵام دوای ئیسلام بەشێکی زۆری گەلانی ناوچەکە و لەوانەش گەلی پارت توانەوە و دەگەڵیان بوونە فارس و وایان لێ هات کە ئێستا هەر لەبیریشیان نییە و ناشی سەلمێنن کە ڕۆژێک هەر فارسیش نەبوون و زۆربەیان لە دەمارگرژیدا لە فارسە

ڕەســەنەکانیش توندترن. لەو ناوەدا هــەر گەلی کــورد بووە کــە خۆی ڕاگــرتووە و بۆ ئازادی و سەربەخۆیی خەباتی کردووە، کەوابوو ئەو پادشا ئەفسانەیی یانە ئەگەر ئی لای ڕۆئاوابن، بەشـێکن لـە مـێـژووی کـورد و ئـەوان ناتوانن هـێندەی شـانـازی پێـوە بکەن، بەڵام ئەگەر ئی لای ڕۆهەڵات بن، لەوێ ڕکەبەرێکیان نییە.

ئەو گۆڕانکارییە بێگومان لەژێر کارتێکردنی دوو هۆکاردا پێکهاتووە. یەکێکیان لە گــۆڕانکارییــەکــانی پێــشــووڕا کــە ڕابردووە کــەی دەگــەڕێتــەوە بۆ ســـەردەمی زیندووکردنەوە و ساغکردنەوەی ئاوێستا واتە چاخی هەخامـەنشییان و دواتریش ئەشکانییـان، کـە ویستـوویانە شـانازییـەکـانی مێـژوویی ناو ئاوێسـتا بەخـۆیانەوە ببەستنەوە و تا دەتوانن لە وڵاتی مادی وەدوور بخـەنەوە و ساسـانییـانیش هـەرچەند لە ڕەگــەزی کــورد بوون، حــەولێکیــان بۆ ڕاســتکردنەوەی ئـەو شـێـواندنە نەداوە. دووەمـیان کـارتێکردنی بەهێـزی فـەرهـەنگی عـەرەب بـوو لەسـەر زمـان و کولتـووری فـارسـەکان، کە دوای بڵاوبوونەوەی ئیسـلام، وەها پەرەی گرت کـە زمان و فـەرهـەنگی فـارسی بەتـەواوی خـەریکی لەناوچوون بوو. شـانامـەی پێش فـیـردەوسی هـەوڵێکی نەتـەوەخــوازانـی فــارس بوو بـۆ دەربازکــردنی کــەلەپووری نـەتەوەکــەیان لەژێر ئەو گوشارە و دوایەش شانامەی فیردەوسی ئەو هەوڵەی گەیاندە ئەوپەڕی خۆی.

پرۆفسـۆر سپایزێر دەڵێ: میتانییەکان لکێکن لە سووبارۆیەکان... میتانییەکان لە فەڕاتی ناوەندی، دەڤـەری بەلخ و خـاپوور، نیشتـەجێ بـوونەو... وەک باسـمـان کرد، لانی کەم سێ بەلخمان هەنە: یەکێکیان لە ڕۆئاوا (واتە باختەر )ی بانووی ئێران و لە نیشـتمانـی یەکێک لە بەدەستەڵاتترین هۆزی کوردان هەڵکەوتووە و دووەمیشـیـان تریش، کـە نازانین چۆن ناوی باخـتـەری کـەوتۆت سـەر، لە ڕۆهەڵات (واتە خـاوەر)ی باکــوری ئێـــران و دوور لە وڵاتـی پارســـان هەڵکەوتووە. ئـەو بەلخـــەش شـــوێنی نیشـتەجێبوونی گەلی پارتە، کە ئەوانیش وەک مـادەکان، گەلێکی تری ئێرانی و جیا لە پارس و تەنانەت لە زماندا زۆر لە مادەکان نیزیکتر بوون. وێدەچێ ئەو ناوە هەڵەیە بەهۆی ناوی شاری (بەلخ)ەوە بۆ ئەو دەڤەرەی سازکرابێ. بەلخی سێیەمیش بەڵخەی لای هەورامانە کە لەسەرەوە باسمان کرد. نیشـانەی زۆر ئاشکرای ئەوجێگۆڕکێیانە بەچەند شـوێنی شـانامـەوە دیارن کـە نیشـان دەدەن فـیردەوسی بەمـەبەست یا بێ مــەبەست ئەو کــارەی کــردووە، بـەڵام وەک دەڵێن درۆزن فــەرامــۆشکارە، ئەویش لە

ڕیزکردنی ڕووداوەکاندا زۆر شتی کوتوون کە نیشان دەدەن شوێنی ڕووداوەکان پێچەوانەی ئەوانەن کە لە شانامەدا هاتوون. نەک هەر ئەوە، بەڵکو کەسایەتییەکانیشی بەبێ وەبەرچاوگرتنی کاتە مێژووییەکان گۆڕیون و تێکەڵی کردوون. مێژوونووسانی فارسیش و ئەو مێژوونووسە ئوروپاییانەش کە بیستنەکانیان زۆرتر لە زمانی فارسەکان (یا ڕەگەز پەرستانی پارس) ڕا بووە، – کە بەتەواوی جێگای گومانن – بە کەلکوەرگرتن لە شانامە بۆ شێواندنی مێژوو و کردنەوەیەکی کەیانییان و هەخامەنشییان هەوڵیان داوە.

یەکێک لە دابەکانی کۆنی کوردان ئەوە بووە کە شەڕ و کێشەی باووباپیرانی خۆیان بەشێوەی چیرۆک و بەیت گێڕاوەتەوە. گۆرانی (بەیت و حەیران و لاوک و...) ی کوردی مێژوویەکی گیاندارە. لەڕاستیدا کوردەکان بە گۆرانی سەتا شێستی ئەو ڕووداوانە دەگێڕنەوە. لە زەمانی زۆر کۆندا کە سەواد نەبوو، ئەوان بەسەرهاتی شا و پاڵەوانانی خۆیان ئاوا لە کۆڕ و دانیشتنەکانی خۆیاندا دەگێڕایەوە و لە لەبیرچوونەوە دەیان پاراستن. هەرچەندە بەسەردا ڕابووردنی زەمان زۆر لە ناو و شوێنەکانی گۆڕیون، بەڵام هێشتاش بۆ ساغکردنەوەی مێژوو نرخی خۆیانیان لەدەست نەداوە و پێداچوونەوەیان پێویستە.

ئەوەی لە ئاسەواری دۆزراوە دەرکەوتووە پاشایەتی و دەستەڵاتی ئێران لە سینگی کوردستان هەڵقوڵاوە و لە کۆنەوە ئەو کوێستانانە نیشتمانی گووتییەکان، کووسییەکان، مادەکان، لوولووبییەکان و میتانییەکان و خالدییەکان و... بوونە. مێژووی زاگرۆسیش لە گووتییەکان ڕا ڕوون بووەتەوە.

بەگێڕانەوەی ئاوێستا، پێش کەیوومەرس پەیغەمبەران هەبوون کە پێیان کوتوون (مەهاباد) واتە گەورە ئاباد. پاشایەتی و پێغەمبەرایەتییان لە سەردەمی ئازەرئاباد کۆتایی پێ هاتووە. ئازەرئاباد دەستی هەڵگرت و خەریکی عیبادەت بوو. فیتنەو سەربزێوی لەناو خەڵکدا سەری هەڵداو دوورەپەرێزێکی پاک ڕەوشت بەناوی جی ئەفرام هەبوو – جی دە پەهلەویدا واتەپاک – ئاقڵان و ڕیش چەرموگانی ئەوکاتی داوایان لێ کرد ببێتە سەرۆکی حکوومەت و دینی مەهاباد زیندوو کاتەوە. ئەو لەپێشدا نەیسەلماند، پاشان جوبرائیل دروودی خوای لەسەربێ سەرۆی بۆ هێنا، ئەوێش ملکەچ بوو. جی ئەفرام کوڕی ئازەرئاباد بووە. ئەو زنجیرە پاشایانەی لە

نەسلی وانن ناویان (جیان)ە.

ئاوێستا کیومەرس بە(گیەمەرت) و یەکەم مرۆڤ ناو دەباو دەڵێ پاش مردنی (مشیاو مشیانە) واتە (ئادەم و هەوا) لە تۆوی وی هاتنەدی. لە پەهلەویدا (کەیوومەرد)ەو مێژووی یەهوود بە ئی تۆرەمەینووح ی دەزانێ. زەینەتەل تەواریخ دەڵێ کوڕی (یەسان ئاجام)ی نەوەی نووحە. بەپێی ئەو مێژووانە وا دەردەکەوێ کە کەیوومەرس و گەلەکەی لە دەوروبەری وڵاتی نووح بوون و لەگەڵ ئەو قەومەی لەوێ نیشتەجێ بوون لەیەک ڕەگەز بوونە.

بەردەنووسێکی سۆمەرییەکان دیتراوەتەوە کە باسی تۆفانی نووح دەکا. نووح بە (زیوکیدو) ناو دەباو بە(پاتزی) خۆی دادەنێ. تۆفانی نووح لە وڵاتی گووتییان هەستاوە و کووسییەکان بەفەرمانداران خۆیانیان دەکوت (پاتزی) و شوێنی کۆنی گووتییەکانیش (زێی کۆیە) بووە. بەوەیڕا کە ئاشوورییەکان بەو هۆزەیان دەکوتن (زیکرتوو) کە لەوێ دەژیان و ناوچەیەکیش لە وڵاتیی ماد لە شوێنی میانەی ئێستا لە چاخە کۆنەکاندا پێی کوتراوە زیکرتوو، ئەگەر حەزرەتی نووح کە (زیوکیدو) بێ پادشای گووتی بووە. ئاسوورییەکان لە نەینەوا واتە نیشتمانی نووح وەدیار کەوتوون لە کاتێکدا کە کووسییان لە بابل حکوومەتیان هەبووە. ئەو کاتەی کووسییەکان دەستیان بەسەر بابلدا گرت، بەشێک لە بابلییان کە سامی بوون بۆ لای باکور کۆچیان کرد و لە ناوچەی نەینەوا دامەزران. بەپێی نووسراوەی دوکتۆر (ذ. بێهر ووز) لە ژمارە ٨ی کۆواری ئێران کوودە، ئاسەواری کۆنی وەدەستهاتوو لە ناوچەی نەینەوا و دەوروبەری دەیسەلمێنن کە خەڵکی ڕەسەنی وێ لە کۆنەوە لە ڕەگەزی سۆمەری و خەڵکی بانووی ئێران بوون. ئەو سەرزەمینانە بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر دەستەڵاتی (خوتی یا گووتی، میتەنی یا میتانی، کاشی یا کووسی)دا بوون و خەڵکەکەشی گووتی و میتانی بوونە.

کتێبە پیرۆزەکانیش لە بابەت تۆفانی نووح دەڵێن کەشتیی نووح بەپێی فەرمانی قورئانی پیرۆز لە کێوی جوودی و بەگوتەی عیسایییەکان لە کێوی ئارارات نیشتووە. هەر بەو هۆیەوە هەندێکان جوودی و ئارارات بە یەک دەزانن، تەنانەت قامووسی (کتێبی پیرۆز، لە نووسین و وەرگێڕانی (مستر هاکس)ی ئەمەریکایی)ش ئەو هەڵەیەی دووپات کردووەتەوە و دەنووسێ ئەو کێوە بەرزە کە هەرمەنییان بە میسیس،

تورکان بە ئاگری تاغ، ئێرانییان بە کێوی نووح و زۆربەی ئورووپاییان بە ئارارات و عەرەبان بە جوودی ناوی دەبەن...) کەچی ئارارات کە لە سنووری ئێران و تورکیا و ئەرمەنستان و جوودی کە لە سنووری تورکیا و عێراق و لە نیزیک سووریا هەڵکەوتووەو زۆر لێک دوورن. هەرتک کێویش لە نیشتمانی دێرینی گووتییەکاندان. ئیحسان نووری پاشا لەسەر ڕێگای کوێستانیی ئەرخ - شێرناخ، کە نیشتمانی کارداکانەو لە باکوری جوودی هەڵکەوتووە هەندێک ئاسەواری دیتوون کە دەکرێ بە بەڵگە بۆ بوونی تۆفانیان بزانین. ئەو دانەوێڵانەی کە بەهۆی تۆفان لەنێو ئاودا ماونەتەوە و پاش نیشتنەوەی ئاوەکە لەنێو قوڕدا بەجێ ماون، بوونەتە بەرد و ئەوڕۆش بەشێوەی سندە ماون کە دەکرێ چەشنی دانەوێڵەکانیشیان بناسینەوە. یا ڕەنگە ئەو وێنانە بە بەردبووی داعبای وردیلەش بن کە لە قوڕدا ماونەوە و لە وێنەی دانەوێڵە خۆ دەنوێنن.

کێوی جوودی لە کوێستانەکانی شێرناخ، ئەرخ و گوویان لە خوارترە و کەوتووەتە دەشتایی. لەوانەیە لە ڕابردوودا لە کوێستانەکانی بۆتان، شەمزینان و ڕەواندزێ، واتە ئەو کوێستانە بەرزانەی دەڕواننە سەر دەشتی هەولێرو جزیرێ و مووسڵ، هەندێک زرێوار هەبن و خاکی ئەو کوێستانانە بە ئەردەهەژ درزی تێ کەوتبێ و ئاوی



دوو دۆڵی ئەولا و ئەولای ڕەواندز

زریوارەکـان لەگـەڵ بارانی بەخـوڕەم هێـرشی هێنابێـتـە دەشـتـاییـیـەکە و خـەڵک و مـەڕومـاڵاتی لەگەڵ خۆی ڕادابێ و حەزرەتـی نووح کە خـەڵکی کوێسـتـان و سـەرۆکی خەڵکەکە بـووە، هـەسـتی بەمەترسـی کردبێ و بەو گـەمییەی لە زریـبـاردا هـەیبووە خۆی و هـەرچی لەگەڵی بووبن دەربازی کردبن و گەمییـەکەی گەیشـتـبێـتە دەشت و لـە کێوی جوودی نیشتبێ.

لە ڕاسـتـیدا چۆمی ڕەواندزێ پاش تێپـەڕین لە شـارۆچکەی ڕەواندزێ بەدۆڵێکی قـووڵدا دەڕوا کـە دوو لای دۆڵەکە برێـتـیـیـە لە بەردی هـەڵبـڕاو کە وادیارە لە ئـاکـامی ڕووداوێکی زەمـینی لێک جیا بووبێـتـەوە و ڕێـیـەک بۆ ئاو کراوەتەوە. بەو پێیـە بوونی کـەیوومـــەرس لە ڕەگـەزی نووح بـەڕاست دەردەچێ، چـونکە تۆفـانی نووح لـە وڵاتی گووتیـیـەکان ڕووی داوە. (دائري المعـارفي) یەهوود لەدایکبـوونی ئیبـرِاهیم (دخ) بە ١٥٠٠ تا ٢٠٠٠ ساڵ (پ.ز) دەنووسێ.

## زنجیرەی پێشدادییان

١- کەیومەرس (gaya maratan)

یەکەم پادشای ئەو زنجیرە پادشایانە (کەیوومـەرس) بوو. ئەگەربەگوتەی ئاوێستا یەکـەم بوونـەوەری گـا و مـرۆڤ لە دوو لای چۆمـیـودائیت بخـەینە بەرچاو سـەرەڕای ئەفسانەبوونیشـی، بەربەستێکی تێدا نییە ئەگەر ئەو ناوە بەواتای گاومەرد بسەلمێنین. دەڵێن ئەو مـاڵی خۆی لە کێواندا سازکردبوو و جلکێکی لە پێستی پڵنگی لەبەردابوو. (ئەهریمـەن)ی دڵڕەش کــوڕە دێوەکـــەی خـــۆی، بەلـەشکرێکی گـــرانـەوە بۆ دەست بەسـەرداگرتنی تانج و تەختی کەیوومـەرس، نارده شـەڕی. (سـیامـەک)ی کوڕی شـا بەدلێـری دەگـژ ئەو دێوە ڕاچوو، بەڵام کـوژرا. - لە ئاوێسـتـادا سـیـامـەک بە کـوڕی (مـشـیـا)و نەوەی (کـەیوومـەرس) هاتووە - (کـەیوومـەرس) بەو ڕووداوە دڵتـەزێنە زۆر تێکچوو. مـاوەیەک لە مـاتەمی کوڕەکەیدا دانیشت و پاشـان بڕیاری دا (هۆشـەنگ)ی کوڕی (سیامـەک) بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە بنێرێتە شـەڕی دێو و ئەهریمەنەکان. هۆشـەنگ قۆڵی لەو کارە هـەڵماڵی و بە لەشکرێکی گەورەوە چووە شەڕ. دێوەکان بەپیسی شکان و هۆشـەنگی جـەنگاوەر بکوژی باوکی دیتـەوە و کوشـتی. لە ئاوێسـتـادا چەند جاران باسی کەیوومەرس کراوەو بە یەکەم شای جیهان و یەکەم مرۆڤ ناوی براوە.

بەپێی ناوەڕۆکی ئاوێستا، کەیوومەرس، یەکەم پادشای سەرزەمین و یەکەم کەس بووە کە گوێی دایە گوفتار و ئامۆژگاریی ئەهورا مەزداو بنەماڵەی پادشایانی ئاریا و ڕەگەزی ئاریا لەوی پاشەکەوت بوون. ئەو زین و لغاو و سواری و ڕستنی پەشم و چنینی جلکی فێری خەڵکی کرد. سی تا چل ساڵان پادشای سەر زەمین بووەو دەڵێن ١٠٠٠ ساڵان ژیاوە. لە ئەفسانەکاندا زۆرجار ناوی قارەمانێک هەر تەنیا ئی کەسێک نییە. جاری وایە لە ئەفسانەیەکدا تەمەنی پاشایەک یا پاڵەوانێک دەیان هێندەی تەمەنی مرۆڤێکی ئاسایی درێژ دەکرێتەوە، کە زۆر ناسروشتییانە دێتە بەرچاو. بەڵام ئەو درێژکردنەوە لە ئەفسانەدا زۆر نائاساییش نییە. زۆرجار سەردەمێکی دوور و درێژی مێژوویی بەهۆی تۆمارنەکرانی دروستی و لەبەرئەوەی زاربەزار گێڕدراوەتەوە، بەناوی کەسێکی بەناوبانگی سەردەمی خۆی بڵاو بووەتەوە. تەمەنی سەردەمەکەش بۆتە تەمەنی کەسایەتییەکە. کە وابوو ناوی ئەو کەسە دەتوانێ هێمایەک بێ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ و بەردەوامی نەگۆڕی خوازراو یا بێزراوی مێژووی گەلێک. بۆ وێنە هەندێ مێژوونووس ٧٠٠ ساڵ پاشایەتیی جەمشید بە نیشانەی ٧٢٥ ساڵ دەستەڵاتی گووتییەکان بەسەر بابلدا (١٨٩٦ – ١١٧١ پ.ز) و ١٠٠٠ساڵ تەمەنی زەححاک بە نیشانەی دەستەڵاتی پڕ لە خوێنڕێژی و وێرانکاریی ئاشوورییەکان بەسەر وڵاتی کورداندا دادەنێن. دیارە مێژووی جەمشید و زەححاک، کە لە ئاوێستا وەرگیراوە، زۆر لەوە کۆنترە و ناتوانێ ئی ئەو سالانە بێ و ئەو نموونە تەنیا بۆ تێگەیشتنەو بەس.

٢- هۆشەنگ (هەئۆشیەنگهە پەرەزاتە haoshyngha - parazata)

ناوی ئەو پادشایە بە هەئووشەنگهەو نازناوی بە پێرێزات (Perezat) هاتووە. هەئووشەنگهە کوڕی سیامەک، کوڕی مەشیا، کوڕی کەیوومەرس و بە یەکەمین پادشای سەرزەوی دانراوە. پێرێزات لە پەهلەویدا پشدات و لە زمانی دەری دا پیشدادە. پادشایانی پاش ئەوان پیشدادیانن. بەبڕوای زەردەشتییان، مەهاباد زەردەشتی یەکەم، هۆشەنگ کە ئاگری دیتەوە زەردەشتی دووهەم و زەردەشتی ئاخیر کە بە زەردەشتی سێیەم ناسراوە ناوی ئیبرهیم بووە.

پاش مردنی کەیوومەرس، هۆشەنگ لە جێگای لەسەر تەختی دانیشت. ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ هاوڕێیانی خۆی بەکێوێکدا دەڕۆیی، چاوی بە مارێکی ڕەشی گەورەی

ترسناک کەوت. خێرا بەردێکی تێ گرت. مارەکە هەڵات، بەڵام بەردەکە وە تاوێرە بەردێک کەوت و برووسکەیەکی لێ هەستا کە هەمووی تووشی سەرسوورمان کردن. ئاوا هۆشەنگ فێری کردنەوەی ئاگر بوو و هەموو خەڵکیشی فێر کرد. ئەو رۆژە پیرۆزەیان بە رۆژی گێژنە داناو ناویان لێ نا (سەدە). هۆشەنگ پاشان بەیاریدەی ئاگر، ئاسنی لە بەردی دەرکێشاو ئاسنگەریی کردە پیشە و دەستی کرد بە سازکردنی تەشوێ و مشارو ئامێری کار.

یەشتی پێنجەم دەڵێ: هۆشەنگ لەسەر بەرزایی کێوی هێرا (هێرا بەرزەئیتی hera berezaiti) قوربانیی بۆ خوای خاتوون (ئەرێدویسوور ئەناهیتا aredvisur Anahita) کردووەو لەبەری پاڕاوەتەوە: (کامەڕەواییم بدەیە ئەی باشەکە، ئەی بەتواناترین (ئەرێدویسوور) ناهید، کە من ببمە گەورەترین پادشای هەموو وڵاتان). هۆشەنگ بکوژەکەی باوکی دەکوژێتەوە و خۆی بە پادشای حەوت وڵات (قوڕنە) ناودەبا.

بێجگە لە دۆزینەوەی ئاگر و ئاسن، زانین بەشێوەی وەڕێخستنی ئاو و هەڵقەندنی کارێز و پێشخستنی کشتوکاڵ و لە هەمووان گرینگتر دۆزینەوەی ئاگر و هەروەها کەییکردنی زۆر ئاژەڵ و کار لێکێشانیان، کەلکوەرگرتن لە پێستیان و سازکردن و خۆشکردنی چەرمیش بەداهێنانەکانی ئەو دەزانن. کردنە باوی خانووسازی و سازکردنی شار و داهێنانی زانستی ئەستێرەناسی، سازکردنی شارەکانی دامغان و ئیستەخریش بە کاری وی زانراون. ناوەندی فەرمانڕەوایی هۆشەنگ ئیستەخر بووە و خەڵک ئەو و (ویکەرت)ی برایان بە پێغەمبەر زانیون. چونکە یەکەم جار ئەو بوو کە دادی لەناو خەڵکدا بەڕێوە برد، ناوی (پێشداد)ی کەوتە سەر. زۆربەی مێژوونووسان پادشایەتییەکەی بە ٤٠ و تەمەنی بە ٥٠٠ ساڵ دەزانن.

٣- تەهمووورس (تەخمە ئەورووپە texma urrupa)

ناوی ئەو پادشایەش لە ئاوێستادا (تەخم ئووروپ) و نازناوی (ئەزینەوەنت)ە، کە پاشان بووەتە زیناوەند واتە چەکدار. (تەخم) واتە بەهێزو (ئەزینە)ش واتە ئاسن. کوردەکان ئەوڕۆش دەڵێن (هەسن، ئاسن) کە دەگەڵ (ئەزین) یەک شتن.

پاش مردنی (هۆشەنگ)، (تەهموورس)ی کوڕی بوو بە شا. ئەو ڕستنی پەشمی فێری خەڵکی کرد و لە باڵندان بازو شەهێنی بۆ ڕاوێ و مەل و کەڵەشێری بۆ کەلک

لێوەرگرتنی خەڵکی دەستەمۆ کردن. پاش تەواوبوونی ئەو کارانە ئەهریمەنی بە ئەفسوون خستە داو و گرتی. دێوەکان بۆ ڕزگارکردنی ئەهریمەن، لەشکرێکیان ساز کرد و هەڵیان کوتا سەری. تەهموورس بەرەنگاریان بووەوە و زۆری لێ کوشتن و زۆریشی گرتن. دێوە گیراوەکان بۆ گیانیان پاڕانەوە و پەیمانیان دا هونەرێکی نوێ فێری مرۆڤ بکەن. جا تەهموورس بەخشینی و ئەوانیش نووسینیان فێرکرد تا فێری مرۆڤی بکات.

لە ئاوێستای ئێستا لەبەردەستدا هەر چەند جارێک ئاماژە بە تەهموورس کراوە. لە بەندی دووەمی ئافەرینی زەردەشتی پێغەمبەردا کە زەردەشت داوای سەرکەوتن بۆ کەی گەشتاسپ دەکا، ئاوا دەڵێ: (وەک تەهموورسی ئەزینەوەنت چەکدار بی).

سەرچاوە پەهلەوی یەکان نووسین و پەیدابوونی خوێندەواری بەکاری تەهموورس دەزانن، کە دێوبەندی پێ کوتراوە چونکە دەگەڵ دێوان بەشەڕهاتووەو گرتوونی و دە بەندی کردوون. تەهموورس خواپەرست و لەسەر دینی ئیدریس بوو و بوتپەرستیی قەدەغە کرد. ڕۆژووگرتن لە سەردەمی ویدا بوو بە باو. لەو سەردەمەدا قاتییەکی پیس کەوتە نێو خەڵک. تەهموورس بۆ خاتری حاڵی فەقیر و هەتیوان دەستووری دا دەوڵەمەندان نانی شەوێ بخۆن و نانی ڕۆژێیان بدەنە فەقیران. ماوەی پادشایەتییەکەی بە ٣٠ ساڵ دەزانن و دەڵێن شارەکانی قەهەندێز، مەرو، ئامول، تەبەرستان، سارووییە و ئیسفەهانی ساز کردووە.

٤- جەمشید (ییمە خەشەئێتە yima khashaeta)

پاش مردنی (تەهموورس)، (جەمشید)ی کوڕی تانجی لەسەرنا. ئەو تیخ و خۆدو زرێ و نێزەو ئامرازی تری شەڕی لە ئاسن و جلکی نەرم و جوانی لە کەتان و ئاوریشم سازکردن. فەرمانی دا دێوەکان ماڵ و گەرما و ساز بکەن. دەستی وە میسک و کافوورو عوودو عەنبەر ڕاگەیشت، تا مرۆڤ لە بۆنی خۆشیان کەلک وەرگرن و بەڕازی دەرمانی دەردانی زانی و خەڵکی فێرە پزیشکی کردن، تا کەس بە نەساخی نەمرێ.

ناوی جەمشید لە ئاوێستادا بە (یەم خشەئیتە) هاتووە. بنەمای ناوەکە (یەم)ەو (خشەئیتە) دەبێ ناوی بنەماڵە یا هۆز بێ. کوڕی (وی ونگهوت)ە، لە ئاسەواری

سانسکریت بە (یم وی وسنت) هاتووەو بە نەمر ناسراوە. مێژوو دەنووسن جەمشید سنووری دەستەڵاتی خۆی زۆر پەرە پێداوە و جیهانی گرتووە. سێ سەت ساڵ بەسەر پادشایەتیی جەمشیددا ڕابوورد، ئەوجار لەخۆ بایی بوو و لە فەرمانی خوا لایداو خۆی بەخوا و ئافراندەری هەموو بوونەوەران داناو خوداش زەححاکی بەسەردا زاڵ کرد. تەمەنی جەمشید بە ٧٠٠ ساڵ دانراوە. بەپێی گێڕانەوەی پەهلەوییەکانیش جەمشید ١٠٠ ساڵ لە نەهێنیدا ماوەتەوە و ٦١٦ ساڵ پاشایەتیی کردووە.

خودانامەی پەهلەوی لەمەڕ نەورۆز دەنووسێ: (جەم فەرمانی دا دێوان تەختێکی سازکەن. کە تەختەکە سازبوو لەسەری دانیشت و ئەوان خستیانە سەر شانیان و لە دەماوەندرا بردیانە بابل). بەو پێیە دەردەکەوێ پێتەختی جەمشید بابل بووە.

کتێبی ناوبراو دەلیلی هێناوەتەوە و دەڵێ: جەمشید لە ئەفسانە کۆنەکانی ئێران (یەما) و لە ئی هیندییەکان (یاما)ی پێ کوتراوە. هەردوولاش بە قارەمانی نەتەوەیی خۆیانی دەزانن. ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی جەمشید پادشایەتیی هەردوولای هەبووە. ئەو ڕوانگەیە دەگەڵ بەربڵاویی سنووری دەستەڵاتی جەمشید لەو سەردەمەدا یەک دەگرێتەوە. کتێبە ئاینییەکانی (ووداو ئاوێستا) گرینگییەکی زۆریان داوە بەو پادشایە و پلەی نەمرییان پێداوە. لە ئاسەواری سانسکریت بەیەکەمین پادشای ئاریان ناسراوە.

میترا کە ناوی یەکێک لە خواکانی کاسی بوو، لە ئاوێستادا فریشتەی ڕووناکییە و ناوی مێهر لەوی ڕا وەرگیراوە.

(هوم پەشت)ی ئاوێستا لە بابەت ژیانی سەردەمی جەمشید دەنووسێ: (لە پادشایەتیی یەما دنیا نە زۆر سارد بوو نە گەرم لەنێو خەڵکدا نە پیری هەبوو نە مەرگ و نە ئێرەیی و چاوچنۆکی کە ئافەریدەی دێون. باوک و کوڕ کە پێکەوە بەڕێدا دەڕۆیشتن وەک لاوی ١٥ ساڵان دەچوون و ئاوابوو ئاسایش و خۆشی لە کاتی پاشایەتیی یەما). و هەروەها کتێبی (اوستا زمباد پشت)یش دەنووسێ: (جەمشید ماوەیەکی زۆر بە خۆشبەختی ژیاو پاشایەتیی بەسەر حەوت وڵات و دێواندا کرد تا لە ڕاستی لای داو درۆی کردە پیشەو نووری خوای لێ دوورکەوتەوە، بوو بە باڵندەو هەڵفڕی و گەیشتە خۆرو جەمشید ئاوارەو پەرێشان بوو و سەرەنجام ئەژی دەهاک گرتی و ئەسپیت یورە کە برای جەمشید بوو کردییە دوولەت).

ناوی جەمشید دە ئەدەبیاتی سانسکریتدا هەیە و لەگەڵ (یەمی) وەک یەکەم جووتی مرۆڤ ناسراون. جەنگەی پادشایەتیی جەمشید سەردەمی زێرینی مێژووی وڵاتی ئاریاکانەو ناوی جەمشید لە گاتەکان و لە یەشتەکانی ٥و ٩و ١٣و ١٧و ١٩ دا دەکەوێتە بەرچاو. لە یەشتی ١٥ دەڵێ: (لەکاتێکدا کە لە ترۆپکی ئەلبورزدا لەسەر تەختی زێرین دانیشتووە و پاڵی داوەتە باڵنجی زێرنیگار، ئیزەد (وەیوو vayu)ی هەواو با پەسن دەدات و داوای لێ دەکا : ئەو سەرکەوتنەم بدەیە ئەی زەبربەدەست کە لەناو لەدایکبووانی مرۆڤدا بەڕێزترینیان بم، لەنێو خەڵکدا وەک ڕۆژێ بم، کە لە پاشایەتیی خۆمدا ئاژەڵەبەرزە و مرۆڤ ڕاوەستاو کەم، ئاو و گیایان وا لێ بکەم هەرگیز وشک نەبن و مرۆڤ خواردنی بێزیان بخۆن). لە یەشتی ١٧شدا ئاوا هاتووە: (جەمشید هەر بەو تایبەتمەندییەی خۆیەوە بەنیازە ژینی خۆی خۆش و لەئاژاوەو زیان بەدوور کات. ئەوجار دەچێتە سەر کێوی هێرا (ئەلبورز)و پەسنی (ئەشی وەنگووهی Ashi wanguhi) خوای سامان و دارایی دەکاو داوای لێ دەکا توانایی پێ بدرێ تا بۆ خەڵک مێگەلی دابەستە بەرهەم بێنێ. داوا دەکا مردن نەمێنێ و ژیان هەمیشەیی بێ و برسیایەتی و تینوایەتی نەبێ).

لە کتێبی سێیەمی دینکوردیشدا بە جەمشید هەڵاکوتراوە و لەگەڵ شا گەشتاسب هەڵسەنگێندراوە. لە کتێبی حەوتەمی دینکورد دا باسی هەنگاوە کۆمەڵایەتییەکانی جەمشید لەمەڕ دابەشکردنی خەڵک بە چوار چین؛ ئاینییەکان، جەنگاوەران، پیشەسازان، وەرزێران کراوە.

لە ئەدەبیاتی سانسکریتدا جەمشید یەکێک لە خوایانی گەلی هیندۆئەورووپایی بووە بەڵام پاش جیابوونەوەی هیندییان، لە (ئاوێستا) و (وێدا)دا بۆچوونی جیاوازی لەسەر هێنراوەتە گۆڕێ. مێژوونووسانیش لە نووسراوەکانی پەهلەوی یا وەرگێڕاوەکانی کەلکیان وەرگرتووە. هەندێکان دەڵێن جەمشید زانستی پزیشکیی داهێناوە و گەرماویش هەر ئەو فێری خەڵکیی کردووە. ئەو یەکەم کەس بووە کە ڕێگاوبانی بە کێو و دەشتدا ڕاکێشاوە و شەرابی ترێ لە سەردەمی ئەودا ساز کراوە. مێژوونووسان هەندێکیان پادشایەتیی جەمشید بە ٧٠٠ و هەندێکیش بە ٦١٢ ساڵ و گشتیان تەمەنی بە هەزار ساڵ دەزانن.

ئەفسانەیەکی کوردی دەڵێ، خوای (بڵ Bll) یا خوای دۆڵی قووڵ، لەو دیارییانەی

بەبۆنەی نەورۆزەوە بۆ شا جەمشیدی کەیانیی ناردن، یەکێکیان مەلێکی قسەکەر بوو بەناوی (کەرکووک Karkuk) و یەکێکیشیان گیای پیرۆزی (کەرکۆ Kerkow) بوو. جەمشیدیش بۆ ڕاگرتنیان کۆشکێکی باشی لەسەر دەریایەکی ئاگر سازکرد و (شەماڵ) (خوای بای ئارامی بەهاری)ی کردە بەرپرسی پاراستنیان. بەڵام بای زریان یا (بای خوای وێرانی یا سەرسەر) کە دوژمنی ئەوان بوو، لە هەلێک دەگەڕا تا هەڵیان کوتێتە سەر و کۆشکەکەیان لێ خەرا بکا. ئەو ئەفسانەیەش وەک ئەو ئەفسانە دەچێ کە دەڵێ خوا لەسەر ستەمگەری، فەڕی کەیانیی لە جەمشید وەرگرتەوە و سوپای زەحاکی تازی بەیاریدەی دەرکەوانی کۆشک، تەلەسمی باڵندەی قسەکەرو گیای پیرۆزی دۆزییەوە و کۆشکی جەمشیدی لەناوبرد و باڵندەکە کەوتە دەستی فەرماندەی زەحاک و پاشان هەر بەو ناوە بانگ دەکرا. بەڵام ساڵی دواتر فەرەیدوون و کاوەی ئاسنگەر بەیاریدەی بای شەماڵ و فریشتەگەلی ئیزەدی هێرشیان بردە سەر زەحاک و مەلی قسەکەری کەرکووکیان ڕزگارکرد کە فەڕی ئیزەدیی ئێرانییان و بەتایبەتی گەلی کوردی ئارییی بوو. ئەو زەحاکی لە کێوی دەماوەندا زیندانی کردو پاشانیش کاوە سەری بڕی. ئەو ئەفسانەیە لە بەیتەکانی هەورامان و هەڵبەستەکانیدا هێشتاش ماوە. بەڵگەنامەکانی ئاشوور وا نیشان دەدەن ناوی ئێستای کەرکووک لەو ناوە وەرگیراوە. وشەی کەرک لە پەهلەوی و کوردیی ئێستاشدا بەواتای مەل و کووک لە چاوگەی کۆکی لە کوردیدا بەواتای قسەکەر یا وێژەرە.

زەحاکی تازی (عەرەب) (ئاژی دەهاکە Aji Dahaka)

مێژووە کۆنەکان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە زەحاک ئێرانی نەبووە بەسەر جەمشیددا زاڵبووەو ئێرانی داگیر کردووە و خستوویەتە ژێر چۆکی خۆی. کتێبی ئیرانویچ دەڵێ: (زەحاک عەرەب و پادشای سووریا بووە). لە سانسکریت و ویداکانیشدا نیشانەی ئاکاری نالەباری ئاژی دەهاک دەبیندرێن. ناوی ئاژی دەهاک لە دوو بەشی ئاژی و دەهاک پێکهاتووەو هەرکام لەو بەشانە لە ئاوێستادا بەجیا هاتوون. ئاژی بەواتای مارو هەژدیهایە. دەهاک (ئاک واتە دە ئاپۆڕەو کەمونات). لە ئاوێستادا ئاوا ئاماژەی پێ کراوە: (یەکەم وڵات کە سازم کرد، ئاریاویج بوو کە چۆمی (وەنگووهی داهیتی venguhi dahiti) بەوێدا دەڕوا، بەڵام ئەهریمەن لەوێ

ئاژی (مار)ی ئافراند).

فیردەوسی زەحـحاک بەعەرەب دەزانێ. دەڵێن لە کاتی بوونی جەمشید بە پادشـا، فەرمانڕەوایەکی پارێزکار و ئاکارباش لە (دەشتی سـواران) بوو، ناوی (مەرداس) بوو. مرۆیەکی بەخشندە و دادگەر بوو و هەرگیز خوای لەبیر نەدەکرد. مەرداس کوڕێکی هەبوو. ئەو کوڕە لە چاکی و پاکیی باوکی هیچی پێ نەبڕابوو. کوڕێکی بێشـەرم و ڕووهەڵماڵاو و ناپاک بوو، کە لە ئازاری خەڵک بەدەر بیری لە هیچ نەدەکردەوە. هەموو کەسوکاری لێی بێزار بوون و لە دەستی وەئامان هاتبوون. هیچ کەس خۆشی نەدەویست. ئەو کوڕە ناوی (زەحـحاک) بوو و ئێرانییان پێیان دەکوت (بیوەرئەسپ) واتە خاوەنی دە هەزار ئەسپ. چونکە دەهەزار ئەسپی جوان و بێ وێنەی عەرەبیی لە تەویلەکەیدا بوو. ئەو زۆری شانازی بەو ئەسپانەوە دەکرد. سامانی بێئەندازەی باوکی بەری چاوی گرتبوو. خۆی لە هەموو کەس بەباشتر دەزانی و ئەوەندە چاوی لە دووی زێڕ و گەنج بوو کە لە دڵدا ئاواتەخواز بوو هەرچی زووتر باوکی بمرێ تا جێی لەسەر تەختی بگرێتەوە. شەیتان چووە بن کلێشەیەوە و وای لێ کرد باوکی دەرمانداو کا و ئاوا لە جێگای باوکی دانیشت. ئیبلیس ئەوجار بوو بە چێشتلێنەری و وای خۆ لێ نیزیک کردەوە کە شای گەنج ئیزنی دا شانەکانی ماچ کا. لە جێی ماچەکانی دوو مار ڕوان و ئیبلیس ون بوو. ئەو مارانە زۆر ئازاریان دەدا. ئەوجار ئیبلیس خۆی لێ کردە پزیشک و پێی کوت چارەی ئەوەیە هەموو ڕۆژێ مێشکی سەری دوو گەنج دەرخوارد مارەکانی سەر شانی دا. جا هەموو ڕۆژێ بەفەرمانی زەحـحاک دوو گەنجیان سەر دەبڕین و مێشکەکانیان دەرخواردی مارەکان دەدان.

لەو کاتەدا ئێرانییان لە ستەمی جەمشید شا وەزاڵە هاتبوون. ئەو زۆر لە خۆبایی بووبوو و خۆی لە هەموو کەس بەگەورەتر دەزانی، دەیگوت هونەرو پیشەی دنیا هەموو ئەمن دامهێناون و خەڵک خواردن و خەوو ئاسایشی لە منەوە هەیە. هیچ کەس لە حاستی فەرمانیدا بۆی نەبوو بپرسێ بۆ. خەڵک وەگیان هاتن و لە هەموو لایەکەوە لەشکریان ناردە سەر جەمشید. مەزنانی وڵات کەوتنە ڕاوێژ و زانییان تا جەمشید لەسەر کارە شۆڕشی خەڵک دانامرکێتەوە، جا هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە شایەکی تر لەسەر تەختی دانێن، تا خەڵکی بەزەبری نێزە ئارام کاتەوە. ناوبانگی

زەحـحاکیـان بیسـتبـوو. پێیـان وابـوو هـەر ئەو دەرەقـەتی ئەو خـەڵکە دێ، بۆیە داوایان لێ کـرد یـاریدەیان بدا جـەمـشـیـد بشکێنن. پـاش هـەزار سـاڵی ژیـانـی جـەمـشـیـد، سـەردەمی هـەزار ساڵەی دەسـتەڵاتی ئاژی دەهاک یـا زەححـاک هـاتە پێش. جەمشید لە شـەڕدا شکاو کوژرا. زەححـاک تەختی شایەتیی ئێرانی داگیرکرد و بە قڕکردنی خـەڵکێکی زۆر شـۆڕشـەکـەی دامـرکـانـدنەوە. ڕۆژگـاری خـەڵک لە ئی سـەردەمی سـتەمکاریی جـەمشیـدیش تاڵتربوو. درۆو ناپاکی و خراپە جێگای ڕاسـتی و پاکی و چاکەی گـرتەوە. سـەربازانی شـا خـەڵکیـان دەکـوشـتن و تالانیـان دەکردن. دوو برای گەنجی پاک بەناوی ئەرمـایل و گەرمایل بڕیاریان دا لانی کەم هـەندێک لەو گەنجانەی دەبوونە خـۆراکـی مـارەکـانی زەححـاک ڕزگار بکەن، بۆیە بـەباشـی فـێری ئاشـپـەزی بوون و بوون بەئـاشـپـەزی زەحـحـاک. لە هـەردوولا و یەکـیـان دەکوشـت و ئەوی تریان بەرەڵلا دەکرد و مـێشکی مـەڕێکیان لە جێگای مێشکی وی ڕەگەڵ ئـی لاوە کوژراوەکە دەخست و دەرخواردی مـارەکانیـان دەدا. ئەو گەنجـانەش کە ڕزگـار دەبوون دەچوونە کێـوان و خۆیان دەشـاردەوە. زەحـحـاک خـەونی دیت کە پاڵەوانێکی گـەنج بە گورزێکی وەک سـەرەگـا هێرشـی کـردە سـەر و کـوشـتـی. لە حـەجـمـەتان وەخـەبـەر هـات و خـەو لێکدەرەوەی بـانگ کـردن. ئەوانیش پێیـان کـوت: گـەنجێک بەناوی فـەرەیدوون، ئەتۆ لە تەختی شـایەتی دەکێشێتە خوارەوە. ئەو هێشـتـا لەدایک نەبووە، بەڵام کە لەدایک ببێ دەبێتە پیاوێکی بەهێزو پاڵەوان و ڕۆژێک گورزێکی لەسـەرت دەداو دەتکوژێ.

زەححاک لێیان پرسی: (ئەو چ دوژمنایەتییەکی لەگەڵ مندا هـەیە؟)

خـەون لێکدەرەوە وەڵامیـان دایەوە: (بـاوکی وی نـاوی ئابتینەو ئەو مـانگایەی شـیری دەداتێ ناوی بروومـایەیە، ئەتۆ دەیانکوژی. ئەویش تۆڵەی وانت لێ دەکاتەوە).

پیـاوی زەحـحـاک چـەنـدسـالان بەدوای ئابـتـینـدا گـەڕان تا سـەری ببـڕن بەڵام نەیانـدۆزییـەوە. ژنی ئابـتـینیش کـوڕێکی بوو. نـاویان نا فـەرەیدوون. ڕۆژێکی ئـابتین خـەریکی کـاری مـەزرایە بوو، سـەربازانی زەحـحـاک تووشی بوون و ناویـان پرسـی. ئەویش کـە ئاگای لە هیچ نەبوو، خـۆی پێ نـاسـاندن. بێ سێ و دوو گرتیـان و بردیانە لای فـەرمـاندەی خـۆیان. فـەرمـاندە کە لە شـاییـیـان پێی وەحـەرزی نەدەکـەوت، لێی پرسی داخـوا منداڵیشی هـەیە؟ جوابی داوە بـەڵێ تازە کـوڕێکیـان بووە و نـاویان نـاوە فـەرەیدوون. گـوندەییـیـەکـان فـەرانەکی دایکی فـەرەیدوونیـان ئاگـەدار کـردەوە کـە،

سـەربازەکـان ئابتـینیـان کـوشـتـووە و خـەریکن بێن کـوڕەکەشـی بکوژن. فـەڕانەک کـوڕەکـەی هەڵگرت و بەپێـیـان هەڵات تا گـەیشـتـە دەشـتـێکی زۆر خـۆش. لەوێ مـانگایەکی ڕەنگاوڕەنگی دیت کـە لە جـوانیـدا وە نێـرە تـاوس دەچوو. لەو کـاتەدا دەشـتـەوان گـەیشـتێ و پرسی ئەتۆ کـێی؟ فـەرانەک کوتـی ژنێکی بێکـەسـی برسـی و ئاوارەو مـاندووم و شـوێنێکم بۆ مـانەوەی خـۆم و منداڵەکەم و نانێکم بۆ تێربوونمان دەوێ. پیاوە زگی بە ژنەکە سووتاو پێشی کوت ناوی مانگاکە بەرمایەیە. لەسەر ئەوە پێکهـاتن کـابرا شـیـری بەرمـایە بداتە فـەرەیدوون و جـێی حـاوانەوەیان بداتێ و فەرانەکـیش بچێـتە گـوندێکی نیـزیک و کـار بکا و هەقی دەشـتـەوانەکـە بدات. سێ سـاڵان دەشـتـەوانەکە شـیـری بەرمـایـەی دابەفـەرەیدوون. نێـوبانگی ئەو مـانگایە لە دونیـادا ئاوازەی دابووەوە. ئـەوە بەگـوێی زەحـحـاکـیش گـەیشـتـەوە و سـەربازی بۆ کوشـتنی فەرەیدوون و بەرمایە ناردن. فەرانەک بیستیـیەوە و ئەسپێکی لە دەشـتـەوان کـڕی و فـەرەیدوونی هەڵگرت و بەسـواری هەڵات. لە کـێـوی ئەلبـورز چووە سـەرو لە دەماوەند گەیشتە موغێکی پیر کە لە پەرستگەیەک بوو. بەسەرهـاتی خۆی بۆ گێڕاوە. پیرە پیاو بەڵێنی پێدا پەنایان بدات و ئاگای لێیـان بێ، تا فەرەیدوون گەورە دەبێ و تۆڵەی خۆی دەکاتەوە. سـەربازانی زەححـاک چەندی گەڕان، فـەرەیدوونیان نەدیتەوە. فەرەیدوون بوو بە ١٦سـاڵە و لەو ماوەیەدا باش فێری سـواری و تیر هاویشـتن بووبوو و بەڕۆژ لـە جـەنگەڵدا دەچووە ڕاوێ. ئـەوجـار دایکی چۆنیـەتی کـوژرانی ئابتین و بەرمایەو هەڵاتنی خۆی بۆ گێڕابووەوە و ئەو پەیمانی دابوو تۆڵەیان بستێنێتەوە.

کاوە کـە لە گوندێکی لای ئیسفـەهان خەریکی ئاسنگەری بوو، کوڕەکەی بـەدەستی سـەربازانی زەحـحـاک دەگیـرێ، تا مێـشکی بدەنە مـارەکـانی سـەر شـانی. کاوە کـە مرۆیـەکی دلێر و بـەکار بوو، بەتووڕەیی لە زەحـحـاک وەژوور دەکـەوێ و داوای تاقـە کوڕەکـەی لێ دەکاتەوە. بە فـەرمـانی زەححـاک تـۆمـارێک نووسـرابوو. لـەو تۆمـارەدا هـاتبوو کە ئەو پادشایەکی دادگەرەو دەیاندا هـەموو کـەس کە ئیمزای کـەن. زەححاک لەو هـەموو دلێرییەی کاوە، سام دەیگرێ و فـەرمان دەدا کوڕەکەی بدەنەوە بەمەرجێک کـاوە ئەو تۆمارە ئیـمـزا بکات. بەڵام کـاوە تۆمـارەکـەی دڕاندو خـسـتـیـە ژێر پێی و کوڕەکـەشی وەرگرتەوە. دوای ئەو ڕووداوە، کاوە خـەڵکی بۆ بەربەرەکانی هـان دان و سەرەنجام لەشکرێکیش بۆ فەرەیدوون سـاز کراو زەححاک تێکشکاو فەرەیدوون بوو بە شا).

شانامە دەنووسێ:

چنان بد که هرشب دومرد جوان
چەکهتر چه از تخمەء پەهلەوان

خورشگر ببردی بایوان شاه
وزو ساختی راه درمان شاه

بکشتی و مغزش برون آختی
مر آن اژدهارا خورش ساختی

واتە:

ئاوابوو هەرشەوێک دوو پیاوی دە لاو
بۆرە پیاوبن یاکوو کوڕی گەورەپیاو
چێشتلێنەر دەیبردنە پێش بارەگای شا
تا چارەی دەردی بۆ لە مێشکیان سازکا
دەیکوشتن و مێشکەکەی دەهێنانە دەر
خواردنی لێ سازدەکرد بۆ حەزیای بەتفەڕ

ئەرمایل و گەرمایل ناوی دوو وەزیری شا بوون چارەیەکیان بە مێشکیدا هات. لەو دوو لاوە یەکێکیان ئازاد دەکرد و دەیانناردە کێو و مێشکێ مەڕێکیان لە جێگای مێشکی وی دادەناو بەو لاوانەیان دەکوت:

نگر تا نباشی بآباد شهر
ترا در جهان کوه و دشت است بهر

از اینگونه هر ماهیان سی جوان
از ایشان همی یافتندی روان

چو گرد آمدندی از ایشان دویست
برانسان که نشناختندی کیست

خورشگر بدیشان بزی چندو میش

بدادی و صـــحـــرا نـهـــادیش پیش

کنون کـرد از آن تخـــمـــه دارد نژاد
کــــــــز آباد نـایـد بدل بـرش یـاد

بود خــانـهــایشــان ســـراســر پلاس
نـــدارنـــد دردل زیـــزدان هـــراس

واته:

وریا به به دوور بی له شاری ئاوا
بەشت له دنیادا هەر دەشتەو سارا
لەو چەشنه هەرمانگێ سی لاوێ لەوان
دەربازبوون له بەلاو وەشاخ هەڵگەڕان
دووسەدیان که ئاوا وەکۆ بوونەوە
بەجۆرێک که هیچ کەس نەیناسینەوە
چێشتلێنەر دایه وان چەند مەڕو بزن
که ڕێگای چۆل و دەشت بۆ ژین داگرن
کوردەکان پێکهاتوون ئا لەو نەژادە
ئاوەدانی و شاریان کەمتر له یادە
ماڵیان له ڕەشماڵە و کوێنی لەسەرە
ترسی یەزدانیشیان له دڵ بەدەرە

تەبەری لەسـەر زەحـحـاک دەڵێ: (ئەو پادشـایەکی سـتـەمکار بوو و هەمـوو شـایانی جیـهانی کوشتن و خـەڵکی بۆ بوتپـەرستی بانگهێشت و له ڕۆژگاری هیچ پادشـایەک بەقـەرا سـەردەمی وی خـوێن نەڕژا. دەڵێن دوو زوێڵـه گۆشـتی لەسـەر شـانی ڕوابوون که بەنیشـانەی جادووگەربوونی خۆی دەزانین و خەڵکی پێ دەترسـاندن. که ۸۰۰ سـاڵ له پادشـایەتیـیـەکـەی تێـپـەڕی، ئەو زوێڵـه ۆشـتـانه بـریندار بوون و وەژان کـەوتن و ئۆقـرەی لێ هـەڵگیـرا، پیـاوێکی بەدئاکـار پێی گـوت چارەیان هەر مـێـشکی سـەری مـرۆڤـه. بەفـەرمـانی ئەو هەمـوو ڕۆژێک دوو لاویـان دەکـوشـتن و مـێـشکیـان لەسـەر

برینەکان دادەنان. لە گوندێکی ئیسفەهان پیاوێکی ئاسنگەر بەناوی کاوە دەژیا. ئەو پیاوە ئیسفەهانییە دوو کوڕی هەبوون کە هەرتک تازە پێگەیشتبوون. پیاوی زەحاک هەرتکی گرتن و بردنیە لای زەحاک، ئەویش فەرمانی کوشتنی هەردووکیانی دا.

کاوە کە بە کوژرانی دوو کوڕەکانیی زانی هاتە نێو شار و گوڕراندی و داوای یاریدەی کردو کەوڵی ئاسنگەرییەکەی خۆی وەک ئالا بەسەر دارێکەوە کرد و هەرای کرد. خەڵکی وەزاڵە هاتوو لە زەحاک، لە کاوە کۆبوونەوە و ئاوا مەردمێکی زۆر هاتنە یاریدەی. کاوە لە ئیسفەهان پیاوی زەحاکی کوشتن و شاری گرت و لەسەر تەخت دانیشت و زێڕ و زێوی خەزێنەی بەسەر خەڵکدا بەشییەوە و چەکی ئامادە کرد و پاشان چووە سەر ئەهواز. لەوێش پیاوی زەحاکی کوشت و کەسێکی لە جێگای دانا. خەڵکێکی زۆری دڵ پڕلەقینی زەحاک، لە شارەکان ڕا لە دەوری کۆبوونەوە. لەو کاتەدا زەحاک لە دەماوەند و تەبەرستان بوو. هەرکە پێی زانی لەشکرێکی زۆری ناردە شەڕی کاوە. ئەو لەشکرە هەمووی کوژران یا ڕایان کرد. لەو کاتەدا فەرەیدوون لە ترسی زەحاک هەڵاتبوو و ئەویش بەدوایەوە بوو. فەرەیدوون گەیشتە تەبەرستان و لەوێ خۆی شاردەوە. کەبیستی کاوە هاتووەتە ڕەی، بەدزی خۆی گەیاندێ و ئاگەداری کردەوە کە من یەکێکم لە کوڕانی جەمشید و لەسەر دینی نووحم. لەو کاتەدا کاوە فەرەیدوونی کردە فەرماندەی لەشکر و بۆخۆی بوو بە سپاسالار. کە لەشکری زەحاک و فەرەیدوون گەیشتنە یەک و شەڕ دەستی پێکرد، لەشکری زەحاک خۆیان نەگرت و هەڵاتن و بۆخۆشی کەوتە دەستی فەرەیدوون و لە دەماوەند خستیە بەندیخانەو پاش ماوەیەک کوشتی و ئێرانییان لە زیانی وی ڕزگار بوون). هەموو مێژوونووسان ماوەی پادشایەتیی زەحاک بە ١٠٠٠ساڵ دەزانن.

زەبیحوڵڵای مەنسووری دەڵێ: (ئەو گێڕانەوە لە چیرۆکە کۆنەکانی هیندووستانیشدا بەهەندێک گۆڕانکارییەوە هەیە. کورتەی گێڕانەوەی کەتزیاسیش ئەوەیە: خودایان لە ئاستیاک تووڕەبوون و دوو ماریان لەسەر شانەکانی ڕواندن. ئەویش ناچاربوو هەموو ڕۆژێ دوو کەسان بکوژێ و مێشکیان دەرخواردی ئەو مارانە دا. ئەوە خەڵکی وەها لێ ورووژاند کە بوار بۆ هەستانەوەی خەڵک لە دژی ئامادە بوو. هەرکە کووروش ویستی هەستێتەوە و ئاستیاکی لەسەر تەختی وەلابا،

خەڵک لە دەوری کۆ بوونەوە و کووروشیان کردە پادشای خۆیان.

(سەرەڕای وەزاڵە هاتنی خەڵک لە ستەمی ئاستیاژ و ئاواتیان بۆ لەسەر تەخت وەلابردنی، بەگوتەی کەتزیاسی مێژوونووسی رۆمی، شەڕی کووروش و ئاستیاژ سێساڵی خایاند. هێرۆدۆتیش ماوەی شەڕەکە بە سێ ساڵ دەزانێ، بەڵام پێی وانییە ئاستیاژ ماری لەسەر شانی ڕوابن، بەڵام دەڵێ خەڵک لە ستەمی ئاستیاژ وەزاڵە هاتبوون.

(ئاستیاژی شای ماد، سەرەڕای ئەوەی کەتزیاس بەزەححاکی دەزانێ، زەححاکی مار لەشان نییە و زەححاک یا ئاژی داهاک ماوەیەک پێش ئاستیاژ پەیدا بووبوو و لەوانەیە یەکێک لە پادشا خوێنخۆرەکانی ئاشوور یا کلدە بێ کە جارجارە دەستیان بەسەر ئێراندا دەڕۆیشت و خەڵکیان بەکۆمەڵ دەکوشت... وشەی زەححاک پاش هاتنی عەرەبان بۆ ئێران، دانراو پێش ئەوکاتە ناوی پادشای مارلەشان ئەژی دەهاک بوو کە ناوێکی ئێرانییە و بەشی یەکەمی بەواتای مارەو بەشی دووەمی کە دەهاک بێ واتای ئازاردان و ستەمکردن دەداتەوە...

(بەسەرهاتی زەححاکی مارلەشان بێگومان ئێرانییە و لەوێڕا چووەتە هیندووستان... گەزەنفۆن کە مێژوونووسێکی تری یۆنانییە لە کتێبی (کووروپێدیا)دا دەڵێ پاش ئەوەی ستەمی ئاستیاژ خەڵکی وەزاڵە هێنا، کووروش لە پارس تەواوی سەرۆک هۆزەکانی کۆکردنەوە و وتارێکی بۆ دان و لە دژی باپیری هانی دان...).

پاشان ئاکام وەردەگرێ و دەڵێ: ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی گێڕانەوەی کەتزیاس لەسەر ئاستیاک تووشی گرفت دەبین. چونکە ئەگەر ئاستیاژی بە زەححاک و کووروشی بە کەیخەسرەو بزانین، دەبێ بڵێین کە کەیخەسرەو زەححاکی لەناو برد، کەچی زەححاک بەدەستی کاوەی ئاسنگەر (بەگێڕانەوەی شانامە) لەناو چوو.

زەبیحوڵڵا مەنسووری کە بەنووسینەکەی ڕا دیارە، مێژوونووسێکی زۆر دەمار گرژی پارس پەرستە ڕوانگەی کردنی (ئاستیاک) (ئیختوویگۆ) بە زەححاک ئاوا وەدرۆ دەخاتەوە، بەڵام دیارە کێشەیەکی تریش دەگەڵ ئەو بۆچوونە هەڵەیەی کەتزیاس هەیە کە بەپێی شانامە شای دوای زەحاک واتە ئەو شایەی کاوە هێنایە سەرکار و لە جێگای زەحاک دانرا فەرەیدوون بووە نەک کەیخەسرەو بەڵکو لە نێوان

فـــەرەیدوون و کـــەیخـــەســـرەو چەندین شـــای تـر هەبـوون و فـــەریدوون زۆر پێش کەیخەسرەو بووە، کە مێژوونووسانی فارس و بەداخەوە بەلاساکردنەوەی وان بەبێ هەڵسەنگاندنێکی دروست کـردوویانە بەکـەیخـەسـرەو. بێـجگە لەوەش بەپێـی ئەو چیرۆکە کاوە بەڕێوەبەری شۆڕشەکە بووەو فەرەیدوونیان دوای شۆڕش لە دەماوەند ڕا هێناوەتەوە کەچی کوروش بۆخۆی فەرماندەری شەڕەکە بووە.

٥- فەرەیدوون (ثرائتئون thraetaona)

بەپێی ئاماژەی بەندەهێش: کـە کـۆتایی بەهەزارەی یەکـەمین هـات، ئاژی دەهاک هاتە سەر دەسـتـەلات. لە سـەردەمی ویدا خـراپی و پیـسی و درۆ زاڵ بـوو. ئەو چەرخـەش ١٠٠٠ سـاڵی کـێشـا. لـە کـۆتایی ئەو هەزارەدا فـەرەیتـوون بەسـەریدا سەرکەوت و خستیە بەندیخانە لە کێوی دەماوەند دا.

فیردەوسی لەمەڕ ڕەچەڵەکی فەرەیدوون دەڵێ:

تو بشناس کە ز مرز ایران زمین
یکی مـــــردبود نام او آبتین

ز تخم کیـــان بوودو بیـداربود
خــــردمند گــــرد بی آزار بود

ز طهـــمـــورث کـــرد بودش نژاد
پدر بر پدر بر همـــه داشت یاد

واتە:

بیزانە کە لە سنووری ئێران زەمین
مرۆیەک هەبوو بە ناوی ئابەتین
لە تۆرەمەی کەیان و زۆر وشیار بوو
دلێر و بەئاوەز و بێ ئازار بوو
تەهمورسی کورد حەسڵ و نەژادی بوو
بابوباپیرانی خۆی لە یادی بوو

له ئاوێستادا ناوی فەرەیدوون (ترائتوون)و له وودا (ترائی تنه)یه و نووسراوەکانی پەهلەوی به (فریتوون)یان نووسیوه. له ئاوێستادا نیشتمانی (ترائتون) به(وەرەن) دەزانن و هەندێک مێژوونووس پێیانوایه (وەرەن) گیلانه.

کتێبەکانی کۆن مازەندەران به شوێنی دێوانی سەربزێو نیشان دەدەن. تەنانەت (مینورک خرت) بەڕاشکاوی دەڵێ که (فەرەیدوون پاش گرتنی زەحاک له دێوەکانی مازەندەرانی داوه و له وڵاتی (خنیرس) دەری کردوون. له کوردستانی بەردەستی تورکیا، ئەوڕۆ قەڵایەکی کۆن هەیه بەناوی (خنس) له نیزیک مووش – ناوەندی مووشکیان – له بەشی ڕۆئاوای گۆلی هئو سرەوه – گۆلی وان – هەڵکەوتووه. ئایا ناکرێ ئەو ناوه له (خنیرس) ڕا هاتبێ و ئەویش نەک لەلای دەریای خەزەر بەڵکو لەلای گۆلی وان بووبێ؟

له ئاوێستادا درۆپەرستانی وەرەن که وڵاتی دەیلەمی گیلانه لەگەڵ دێوەکانی (واته چەند خوا پەرستانی مازەندەران) وێکڕا هاتوون. له ئاوێستاڕا وادەردەکەوێ که لەو وڵاته هەندێک لەسەر دینی پێشوو ماونەتەوه و لەسەر دینی زەردەشتی نەبوون. ئاستەمه بڵێین که زەردەشت؛ فەرەیدوونی به یەکێک له درۆپەرستانی وەرەن و هاوئوولی چەند خوا پەرستانی مازەندەران زانیبێ. له قەدیمدا به کۆشکی زستانیی پادشایانی ئازەربایجانیان دەکوت (ورا) که وه (وەرەن) دەچێ که لەگەڵ شوێنی دەستەڵاتی ئیرەجی کوڕی فەرەیدوون نیزیکن.

فەرەیدوون بەدەستی کاوەی ئاسنگەر هاته سەرکار. ئەویش فەرمانڕەوایی وڵاتی ئیسفەهانی پێ ئەسپارد و کاوه تا مرد لەوێ فەرمانڕەوایی کرد. فەرەیدوون لهساڵی پەنجایەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا کچێکی زەحاکی هێناو لەو ژنه دوو کوڕی بەناوی (سەرم یا سەلم) و (توور) و له ژنێکی تری بەناوی (ئێراندوخت) که له ڕەگەزی ئێرانی بوو، کوڕێکی به ناوی ئیرەج بوو. بەگوتەی زۆربەی مێژوونووسان فەرەیدوون پێنجسەت ساڵ ژیاو لەو ماوەیدا سێسەت ساڵ پادشایەتیی کرد. ئەو وڵاتەکەی خۆی بەسەر سێ کوڕەکەیدا دابەش کرد ئەو بەشەی به سەلم بڕا ناوی (سەلمان) و ئی توور ناوی (توووران) و ئی ئیرەج ناوی ئێران (ئەئیریەن– وەئێیجه Airyan vaed-ja)ی لەسەر دانرا. ئیرەج لەگەڵ باوکی له ئێران مایەوه. سەلم و توور ئێرەییان به ئیرەج برد و لەشکریان کێشا سەری. ئیرەج ئیجازەی له باوکی وەرگرت بەتەنێ

بچێتە سەردانی براکانی و ئەو کارەشی کرد بەڵام ئەوان ناجوامێرانە سەریان بڕی و بۆ فەرەیدوونیان ناردەوە.

شانامە دەنووسێ: فەرەیدوون وڵاتەکەی بەسەر سێ کوڕەکەیدا دابەش کرد. ڕۆهەڵاتی دایە توور، ڕۆئاوای دایە سەلم، ئێرانی کە کەوتبووە نێوەڕاستێ دابە ئیرەج. سەلم و توور ئێرەییان پێ برد، هاتنە سەر ئیرەج و کوشتیان.

ناوی سەلم لە ئاوێستادا (سئیریم)ە. ڕۆهەڵات ناس (مارکوارت) ئەو ناوە بە ئی قەومی (سەرمەت) دەزانێ کە ئاریایی بوون و لە نێوان چۆمی ڤۆلگا و دەریاچەی ئۆرال دا ژیاون. ئەوان کۆچەربوون و گوێیان نەداوەتە کاری کشتوکاڵ و ئاگایان لە شارستانییەت و ژیانی شارەیی یانەبووە. هەندێک لە مێژوونووسانی ئێران و ڕۆم مادەکان بە خزمی سەرمەتەکان دادەنێن.

لێکۆڵەرەوان تووریش بە سەکایی دەزانن کە سنووریان لە ڕۆئاواڕا دەریای مازەندەران و لە باشووریش ڕا ئەفغانستان و ئێرانی ئێستا بووە.

بەقسەی موغان فەرەیدوون ئاگرپەرست و بە ئی هیندووان بوت پەرست بووە. بەڵام هەمووان لەسەر ئەوەی کۆکن کە ئەو دادگەر بوو و زانایانی خۆش دەویستن و ڕێزی لێ دەنان. یەکەم پادشا بوو کە بەزانستی ئەستێرەناسیی زانی. ئەو هەروەها ئاگەداری زانستی پزیشکی بوو و تریاکی وەدەست هێنا. یەکەم کەس بوو کە سواری فیل بوو و ئوستەرلاب لە داهێنانەکانی وییە. فەرەیدوون ماوەیەک پاش مردنی ئیرەج، پادشایەتیی دا دەستی مەنووچێهر و بۆ خۆی خەریکی نوێژکردن بوو.

٦- مەنووچێهر (مەنووش چێترا Manush Chithra)

کتێبی ئاوێستا لە بڕگەی٢٣ (بەندەهێش) دەنووسێ: سەرم و توورەج ئیرەجیان کوشت و کوڕانی (هووبەختەکان)یان بڵاوە پێ کرد. ناوچەیەکی گەورە لە باکوری کێوی جوودی هەڵکەوتووە بەناوی (بوختان، بوهتان، بۆتان) دوور نییە کە هووبەختەکان بووبێ وردەوردە لە زاراوەی ئەوڕۆدا بووبێتە بوختان، بوهتان یا بۆتان و درێژەی ناوچەی ئارتسارییە.

لە فەروەردین پەشت ناوی ئەو پادشایە بە (مەنووش چێثر) و کوڕ و یا یەکێک لە نەوە و نەتیژەکانی ئەئیری (ئیرەج) هاتووە. ناوی بنەماڵەکەشی لە ئاوێستادا بە

ئەئیر یاوە هاتووە کە واتە یاریدەدەری ئێرانییەکان. (چث، چت، شت بەمانای شا بووە، ئەگەر (چث، چت، شت)ی پاشکۆی لێکەینەوە دەمێنێتەوە (مەنووش) (ئێستاش لە زاراوەی تارانیدا بە مەنووچێهر دەڵێن مەنووش).

لە ئاوێستادا جارێک ناوی مەنووچێهر هاتووە. ئەویش لەو کاتەدایە کە یادێک لە ئیرەج (ئەئیری) کراوەتەوە. لە فەسڵی سی و چواری بەندەهێش، ڕەچەڵەکی زەردەشت بە چاردە پشت دەچێتەوە سەر مەنووچێهر. لە فەسڵی سی وسێی بەندەهێشدا ئاوا باسی شەڕەکانی ئێرانییان و ئەفراسیاب کراوە، کە ئەو مەنووچێهری لە شەڕێکدا ناچار بە پاشەکشە کردووەو نەوزەری کوڕی مەنووچێهر لەو شەڕەدا کوژراوە. بەڵام پاشان پێکهاتوون و مەنووچێهر ئێرانشار (وڵاتی ئێران)ی لە ئەفراسیاب وەرگرتووەتەوە. ناوەندی دەستەڵاتی مەنووچێهر تا بابل (بەغدای ئەوڕۆ)، ئەهواز – کوێستان (ئەنزان)و بەسرە بووە و پادشایانی عەرەب و لەوانە ئی شام و یەمەن لەژێر فەرمانیدا بوون. ئاوا سنووری دەستەڵاتی تا شام و یەمەن چووبوو، بەڵام فیرعەونانی میسر سەریان بۆ دانەنواند و بۆ خۆیان سەربەخۆ بوون.

ئەو یەکەم کەس بوو خەندەکی لە دەوری شار لێداو لە هەر شارێک ئامێری شەڕی پاشەکەوت کرد و ڕەعیەتەکانی کردە بەرپرسیاری ئاوەدانکردنەوەی شارودێ. (حارس کوڕی ئەبی شەدداد)ی حاکمی یەمەن، کە شەڕێ زۆری کردووە و تاڵان و سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێناون و پادشایەتیی ئەنبار و مووسڵ تا هیندووستانی بەدەستەوە بووەو ئازەربایجانیش بەناوچەی دەستەڵاتی وی حیساب دەکرا، لەژێر فەرمانی مەنووچێهردا بووە. مەنووچێهر لە سەرەتای پادشایەتییەکەیدا لەشکری کێشا سەر وڵاتی سەلم و توور و هەردووکی کوشتن. ئەو پادشایە کی زۆر دادگەر بوو.

ماوەی تەمەنی مەنووچێهر ١٦٠ساڵ و پادشایەتییەکەی ١٢٠ساڵ بووە. سەرداران و پاڵەوانانی یاریدەدەری مەنووچێهر سام و زاڵ بوون. مەنووچێهر لە دواییەکانی پادشایەتییەکەی گرفتاری هێرشی پەیتاپەیتای پەشەنگی کوڕی توور و ئەفراسیابی کوڕەزای توور دەبێ و لە ناوچەی خوارووی دەریای خەزەر، شەڕێکی زور لەگەڵ توورانییەکان دەکاو سەرەنجام لەسەر ئەوە پێکدێن کە سوڵح بکەن و (ئارەشی

کەوانگەری ڕازی) کە تیرهاوێژێکی زۆر بەهێز بووە، دادەنرێ بۆ ئەوەی تیرێک باوێ لە هەرکوێ تیرەکە وەحەرزی کەوت ئەوێ سنووری ئێران و توووران بێ. ئارەش هەموو هێزی لەشی دەخاتە ناو کەوانەکەی و تیرەکە داوێ، تیرەکە لە لێواری چۆمی ئاراز دەکەوی و بۆخۆشی گیانی دەردەچێ، بەڵام بەو فیداکارییە سنووری ئێران زۆر پەرە پێدەدا.

(ئەفراسیاب) کە لە ئاوێستادا پێی کوتراوە فرەنگرەسیەن (Frangsyan)، شای توووران، گەورەترین پاڵەوان، و دوژمنی ئێرانییان بووە. ناوی لە پەهلەویدا بووەتە فراسیاک و فراسیاب. لە شانامەدا بووەتە ئەفراسیاب. ناوی کچێکیشی (ویسپانفریە Vispanfrya) بوو کە دای بە سیاوەشی شازادەی ئێرانی. ئەو ناوەش لە شانامەدا بە فەرەنگیس هاتووە.

ڕەوانگەی لێکۆڵەرەوان لە بەشی ئێرانییەکاندا ڕووی دە ڕۆهەڵاتی ئێرانە و سەرنجیان نەداوەتە گۆڕەپانی شەڕەکە و هەر ئەوەش لە دیاریکردنی نەتەوەکانی تێوەگلاوی شەڕەکان و شوێنی ڕووداوەکاندا تووشی هەڵەی گەورەی کردوون. بۆ وێنە: ئەفراسیاب کە پادشای توووران بووە بەپێی ڕوونکردنەوەی ئاوێستا شوێنی تێکۆشانی لە دەوری گۆلی چیچێست – ورمێ – بووە. لە کتێبی (حەوتەمی دینکورد) – زەردەشت نامە – دا لە بابەتی ژمارە ٣٩ دەڵێ فەڕ بەکەیخەسرەو کوڕی سیاوەش گەیشت، لە تیشکەکەی ڕا بەسەر ئەفراسیابی جادووگەری توورانیی بەدکاردا زاڵ بوو، شکستی داو بوتخانەی لێوار دەریاچەی چیچێست – ورمێی کە شوێنی حەسانەوەی درۆی سامناک بوو ویرانکرد. ئارەشیش کە کوردبووەو خەڵکی ڕەی واتە یەکێک لە شارەکانی ماد بووە، ئەو قارەمانەتیەی لە نیزیک چۆمی ئاراز واتە نیزیک ئاقاری ورمێ کردووە و ڕووی چیرۆکەکەی دەلای ڕۆئاوایە وەک دەبینین تیرەکەی لە لێواری چۆمی ئاراز دەنیشێ و ئەوێ دەبێتە سنووری ئێران و توووران. ئەگەر خوێنەرانی بەڕێز لە نەخشەی ئێران وردبنەوە، باش تێدەگەن کە ئاراز لە ڕۆهەڵاتی ئەو وڵاتە زۆر دوورە و کەوتووەتە باکوری ڕۆئاوای ئێران.

م.ا.دیاکۆنۆف دەڵێ: لە ئاوێستادا فەرەیدوون سەر بەبنەماڵەی (پرەئی تەئوونە Thraitauna) کەیخەسرەوی پارێزەری زەردەشت سەر بە بنەماڵەی (نەئووتەرە -Nau tara) ناسراوە. مامۆستای بەڕێز پوور داود لە کتێبی ادبیات مزدیسنا پشتها دا

ڕوونکردنەوەیەکی هەیە و دەنووسێ: (توورانی)یەکان لە ڕەگەزی ئێرانی بوون و تورکەکان کە لە ڕەگەزی مەغوولن بە هەڵە بە تورانی ناودەبرێن. بەڵام لە بابەت سەلم و تووری (خوذای نامەکی پەهلەوی و شانامە): دەبێ بڵێین کە ئەوانە کەسانی مێژوویین کە پێوەندییەکیان بە (سئریم و توور)ی ئاوێستاوە نییە. ئەوەش نیشانەیەکی ترە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە چیرۆکەکانی ئاوێستا لە خودای نامەکی پەهلەوی و شانامەی فیردەوسیدا چەندیان دەست تێ وەردراوە و چەند لێک دوورن.

٧- نەوزەر (نەئوتەرە Naotara)

لە (ئابان)یەشتدا هاتووە کە نەوزەر قوربانیی بۆ ئەناهیتا داوەو داوای سەرکەوتنی لێ کردووە. لە ئاماژەی یەشتی پێنجەم ڕا دەردەکەوێ، کەی گەشتاسب لە بنەماڵەی نەوزەرە. مامۆستا پووداوود لە جلدی دووەمی یەشتەکاندا لەبارەی بنەماڵەی نەوزەرییان ئاوا ڕادەردەبڕێ: بەپێی ناوەڕۆکی بەندەهێش، کەیقوباد سەر زنجیرەی (کەیانییان) کوڕی پەیمانیی زابی کوڕی تەهماسب بووەو چونکە زاب لە بنەماڵەی نەوزەری کوڕی مەنووچێهرە، کەیانییان لە بنەماڵەی نەوزەر هاتوونە حیساب. لە ئابان یەشت، فەقەرەی ٩١یش، گەشتاسب لە نەوزەرییان ئەژمێردراوە. لە شانامەدا ناوی نەوزەر تێکەڵاوی ڕووداوی پاڵەوانیی زۆر بووە. لە ڕووداوەکانی ئەوسەردەمە، شەڕەکانی پەیتاپەیتای ئێرانییان و توورانییانە بە سەرۆکایەتیی ئەفراسیاب، کە سەرەنجام بەمردنی نەوزەر پاڵەوانەتی لە مەیدان دەردەچێ. خولی پاڵەوانەتی کە لە سەردەمی مەنووچێهرڕا دەستی پێ کرد بوو لە سەردەمی نەوزەر گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و هێندەی پێ نەچوو کە نەوزەر لە داوونەریتی باووباپیری خۆی لایداو دەستی کرد بەکۆکردنەوەی سامان. مەزنان لە دەوری بڵاوەیان کرد و ئەویش لە خەڵکی بوو بە بێگانە. کە سامی پاڵەوان بەوەی زانی هیممەتی کرد و دیسان نەوزەری هێنایەوە سەر ڕێگای ڕاست و ڕێوڕەسمی پێشوو. پەشەنگ (کوڕی زاشمی کوڕی تووری کوڕی فەرەیدوون و باوکی ئەفراسیاب) کە ئەو کاتی پادشای توران بوو بە ئاگەداربوونەوە لە مردنی مەنووچێهر تەمای کۆنی واتە بیری داگیرکردنی ئێرانی لە دەروون‌دا بزووتەوە، جا دوو کوڕی خۆی، ئەفراسیاب و ئەگریرەسی بەلەشکرێکی گرانەوە ناردە شەڕی نەوزەر. سێ شەڕ لە نێوان

ئەفراسیاب و نەوزەر ڕوویان داو سەرەنجام نەوزەر بەدەستی ئەفراسیاب کوژرا. ئەفراسیاب بەبۆنەی کوژرانی باپیری بەدەستی مەنووچێهر، قینێکی دێرینی لەوی و نەوزەر لە دڵدابوو. بارودۆخی ئێران پەشێویی تێ کەوت و ئەفراسیاب بۆ دوازدە ساڵان تانج و تەختی ویی بەدەستەوە گرت. سەرەنجام ئێرانییان دیسان هێزیان گرتەوە و زاڵی پاڵەوان، تانج و تەختی ئێرانی وەرگرتەوە و زوو ی لەسەر تەخت دانا. نەوزەر بە وتەی زۆر مێژوونووس، ٥٥ ساڵ ژیاوە. مێژوونووسانی ئیسلامی زۆر بەکەمی باسی نەوزەریان کردووە. لە کاتی لەشکر کێشانی ئەفراسیاب و کوژرانی نەوزەر سامی نەریمان لە دەرەوەی وڵات بووە.

٨- زاب یا زوو (ئووزەوە Uzava)

پاش کوژرانی نەوزەر ئەفراسیاب داگیرکارانە دوازدە ساڵان لەسەر تەختی شایەتیی ئێران دانیشت. سەرەنجام پاڵەوانانی ئێرانزەمین کەوتنە گەنگەشە بۆدۆزینەوەی پادشایەک تا لەسەر تەختی دانێن. بۆ ئەو کارە دوو کوڕی نەوزەر واتە تووس و گوستەهمیان بە شیاو نەدەزانی، (زاب یا زوو)ی کوڕی تەهماسبیان هەڵبژارد. زاب کوڕی تەهماسبی کوڕی مەنووچێهرە. لە نامەکانی پەهلەویدا ناوی بە (هووزووب Huzub) و لە شانامەدا زوو یا زاب نووسراوە. لە ئاوێستادا تەنیا جارێک لە یەشتی سێزدەم ناوی تەهماسب و زاب هاتووە و ئەوە لە کاتێکدایە کە سڵاو دەنێردرێت بۆ کۆمەڵێک لە پیاوچاکان و پادشایان دەڵێ: (ڕەوانی دین پاکی ئووزوو (زاب) لە بنەماڵەی توماسب (تەهماسب) پەسن دەکەین).

زاب لە پادشایانی پلە دووی پێشدادییە. ئەو ٥ ساڵان لە ئێرانێ پادشایەتیی کرد. شانامەو بەندەهێش لەسەر ٥ ساڵ ماوەی پادشایەتیی زاب کۆکن. لە فەسڵی سی و چواری بەندی شەشەمی بەندەهێش عینوانی پەهلەویی (هووزووپ تەهماسبیان) واتە (هووزووپ کوڕی تەهماسپ)ی بۆدانراوە. ئەو بەیاریدەی پاڵەوانەکان، لەگەڵ ئەفراسیاب بەشەڕهات. لە ئاکامی شەڕی پەیتاپەیتا، ئیشکەساڵی پەیدا بوو جا هەردووک لا پاش پێنج مانگان شەڕیان ڕاگرت و توورانییان چوونەوە دیوی سنووری خۆیان.

٩- گەرشاسپ یا (کێرێساسپە Keresaspa)

(زوو) دوای پێنج ساڵ پادشایەتی مردو (گەرشاسب)ی کوڕی لەسەر تەختی دانیشت. شانامە باسی دوو گەرشاسپان دەکا: یەکێکیان گەرشاسپی پاڵەوان کە لە چیرۆکی ئازایەتیی نەتەوەیی ئێراندا لەگەڵ هێنانی ناوی یەکەم پاڵەوانەکانی شانامە کە لە سوپای مەنووچێهردا بوون، وەک گەرشاسبی جیهانپاڵەوانی سوپای مەنووچێهر و فەرەیدوون دەناسێنێ. گەرشاسپی دووەم گەنجوەرشایە کە لە شانامەدا کوڕی زوو یا زابەکە پاش باوکی بۆ ماوەی نۆ ساڵان پاشایەتیی کرد. لە سەردەمی ئەودا توورانییان، کە ئێرانیان بە لاواز هاتە بەرچاو، دیسان هێرشیان کردەوە و لەو جەنگەشدا بوو کە گەرشاسپ شا کوڕی زوو مرد و وێرانەگەیشت بەربەرەکانی بکا.

ئەسەدیی تووسی لە گەرشاسبنامەی خۆیدا قسەکانی ئاوێستاو ئاسەوارە ئەدەبییەکانی سەدەکانی یەکەمی ئیسلامی گێڕاوەتەوە. بەپێی ناوەڕۆکی کتێبی بەندەهێش، باسی ڕەگەزی گەرشاسب ئاوا هاتووە: (گەرشاسب) و (ئەرووخەش) دوو برا بوون لە کوڕانی (ئەسرەت)ی کوڕی (سام)ی کوڕی (توورەگ)ی کوڕی (سپانیاسپ)ی کوڕی (دوورشاسپ)ی کوڕی (توورەگ)ی کوڕی(فەرەیدوون). ئەو ڕەگەزنامە لە گەرشاسبنامەدا ئاوایە: (گەرشاسب) و (گوورەنک) دوو برا بوونە لە کوڕانی (ئەسرەت)ی کوڕی (شەم)ی کوڕی (توورەگ)ی کوڕی (شیدەسپ)ی کوڕی (تووری) کوڕی (جەمشید). بە هەڵسەنگاندنی نووسراوەکانی دوو کتێبی ناوبراو و سەرچاوەکانی تر، ئەگەر لە هەندێک گۆڕانی کەمی پێکهاتوو لە ئاکامی تێپەڕینی ماوەدا چاو بپۆشین، تێدەگەین کە لە بابەتە گشتییەکەدا جیاوازییەک نییە. هەروەها لە کتێبی پیرۆزی زەردەشتییاندا لەمەڕ شەڕەکانی گەرشاسب لەگەڵ دێو و دڕندان هەندێک گێڕانەوە هەن، کە لە بنەڕەتدا لەگەڵ گەرشاسبنامەدا کۆکن. لە کتێبە ئوولییەکانی کۆندا گەرشاسب پاڵەوانێکی لە شکان نەهاتووی زیندووی هەر هە و لە یارانی بەڵێن پێدراوی زەردەشتە و هەر بەبەقای ئەو گێڕانەوەیە کە ئەسەدیی تووسی، گەرشاسب بەمرۆڤێکی بێ کەموکوڕی دەناسێنێ کە : لە شەڕی ئاستەمدا سەرشۆڕ نابێ و دانامێنێ، بەسەر بەورو شێرو هەژدیهادا سەر دەکەوێ و هونەرو بەجەرگی دەنوێنێ. بەبڕوای خاوەنی تاریخی موعجەمگەرشاسب پاش مردنی زابی

باوکی بۆ ماوەی بیست ساڵ لەسەر تەختی شایی دانیشت). حەمدوڵڵا موستەوفی دەڵێ: (گەرشاسب شەش ساڵان ئالای پادشایەتیی هەڵدا) و لە مەفاتیح العلوم وا دەردەکەوێ کە (زاب و گەرشاسب پێکەوە جیهانیان بەڕێوە بردووە)

## زنجیرەی (کەیانی)یان

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی پادشایانی کەیانی، پێویستە هەندێک خاڵ ڕوون کرێنەوە تا ئێمەش وەک ڕابردووان لەسەر تێکەڵکردنی کەسایەتیی ئەوان لەگەڵ مادو (هەخامەنشی)یان نەبین. زۆران ویستوویانە کەیقوباد بکەنە دیاکۆ، تا ڕێگا بۆ کردنی کەیخەسرەو بە کوورۆشی هەخامەنشی خۆش کەن. لەسەر ڕەدکردنەوەی ئەو هەڵە مێژوویییە یا باشتر بڵێم ئەو مێژوو شێواندنە، لە پێشەکیدا هەندێک باس کراوە. لێرەدا هێندێکی تریشی دەخەینە سەر تا کوردە کوتەنی دەستی خاترجەمی وەبن سەرمان بدەین و چیی تر بەخۆڕایی هەڵوەدای داتاشینی ناو و نەتەوەی نوێ بۆ ئەو پادشایانە نەبین.

لە برگەی مینووخورد بابەتەکانی ژمارە (٥٩ – ٦٣): (بەهرەی کەیخەسرەو) ئەوە بوو کە (ئەفراسیاب)ی کوشت و لە لێواری زرێواری (چیچێست) بوتخانەی وێران کرد و لە (ادبیات مزدیسنا پشتها) نووسراوە: (کەیخەسرەو) ماوەیەک پاش گەڕانەوە لە (ئازەرگەشەسپ) لەشکرێکی سازداو بەسەرداریتیی (تووس) بۆ تۆڵەسەندنەوەی سیاوەشی باوکی ناردیە توران. لەبەر سەرەڕۆیی (تووس)، (فروود)ی برای (کەیخەسرەو – کوڕی سیاوەش و جەریرە) کوژرا. ئێرانییان ڕووی سەرکەوتنیان نەدیت و گەڕانەوە. (کەیخەسرەو) جاری دووەم (تووس)ی نارده شەڕی (ئەفراسیاب). پاش چەند شەڕ و پێکدادانێک، سەرەنجام (ئەفراسیاب) هەڵات و لەپێشدا لە ئەشکەوتێکی نیزێک (بەردەعە) خۆی شاردەوە پاشان لەلایەن (هووم)ی دیندار کە هەر لەو کوێستانەدا گۆشەگیر بوو ناسراوەو گیرا. ئەوجاریش هەڵات و بە گۆلی چیچێستدا چووە خوارێ و خۆی حەشاردا، لەوێشیان دەرێناوە و کوشتیان).

ئەوە دەیسەلمێنێ کە ناوەندی دەستەڵاتی ئەفراسیابی ئاوێستا لە نیزیک گۆلی چیچێست – ئوروومییە – بووە نەک لە تورانی ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەر!.

(پرسک) لە جلدی یەکەمی کتێبی خۆی سالی لەدایکبوونی زەردەشت بە ٥٩٩و

داوای پێغەمبەرایەتییەکەی بە ساڵی ٥٥٩ی پێش زاین دەنووسێ. سەیر ئەوەیە ئەوانەی زۆر پێ لەسەر ئەوەی دادەگرن کە پەیدابوونی زەردەشت بخەنە کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایی مادەکان یا سەرەتای هاتنە سەرکاری (هەخامەنشی)یان، مێژوونووسان یا ڕۆهەڵاتناسانی دوای ئیسلام و زۆربەیان ئی ئەو یەک دوسەدەی دوایین. بەڵام ئەو مێژوونووس و زانایانەی کۆن کە لە بەشی زەردەشتدا باسیان دەکەین و لە سەردەمی هەخامەنشیناندا ژیاون، پەیدابوونی ئەو پێغەمبەرە بەئی شەش هەزارساڵ پێش هەخامەنشییان دەزانن. هەندێک لێکۆڵەرەوەش دانیان بەوەدا هێناوە کە ئەو ڕوانگەی پەیدابوونی زەردەشت بە سەدەی پێنجەم دەزانێ لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجێ.

ئەفلاتوون کە لە ٤٢٩ تا ٣٤٧ی پێش زاین ژیاوە زەردەشت بە دامەزرێنەری دینی موغ دەزانێ و شاگردانی دەڵێن ٦٠٠٠ساڵ پێش مردنی مامۆستاکەیان هاتووە. (هۆرمۆدێر hormoder) دەڵێ: ٥٠٠٠ ساڵ پێش شەڕی یۆنان و تێریاس واتە ٦١٠٠ ساڵ (پ.ز).

ئاغای پووردااودیش کە لە ئاوێستادا زۆر شارەزایە، لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ناوی پادشایانی ئاوێستا وەک کەیقوباد، کەیخەسرەو، لوهراسب و گەشتاسب پێوەندییەکیان بە دیاکۆ و کوورۆش و...وە نییە.

دیاکۆنۆف لە لاپەڕەی ٥٣ی کتێبی (تاریخ ماد) دەڵێ: (ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی لە ئاوێستا (بەتایبەتی لەگاتەکان)دا شی کراوەتەوە ئی زۆر کۆنتر لە سەردەمی مادەکانیشە. لە ئاوێستادا هێشتا مەفرەق و ئاسن لێک ناکرێنەوە. ئەگەر ئاوێستا لە وڵاتی بەردەستی مادەکان نووسرابێش، هەرچۆنێک بێ نەدەشیا پاش سەدەی هەشت و نۆی بەر لە زاین نووسرابێ. ئەوەش لەگەڵ گێڕانەوە ئاینییەکانی ئێرانی لە سەدەی چوارەمی پێش زاین - یەک دەگرێتەوە کە زەردەشتیان بە ئی سەردەمێکی زۆرکۆن دەزانی کە لە بیریش چووەتەوە) و لە لاپەڕەی دوایی دەڵێ: (لەلایەکی ترڕا دەبێ دان بەوە دانێین کە لە ئاوێستادا ڕاستەوخۆ نەکوتراوە کە (شا ویشتاسپ)ی پشتیوانی زەردەشت لە باختەر (بەلخ) بووەو مەوعیزەکانی زەردەشتیش لە ڕۆهەڵات (بە وتەی شانامە - باختەر) بووە. وشەی باختەریش لە ئاوێستادا نییە و تەنیا جارێک ئەو وشەیە لە (وەدیدوودات)دا هاتووە، کە لە

سەرەتاکانی حکوومەتی پارتەکاندا نووسراوە).

بەپێی ناوەڕۆکی ئاوێستا زەردەشت لە سەردەمی گەشتاسب ئیددیعای پەیغەمبەرایەتیی کردووە. ئەوگەشتاسبەی باوکی داریووش بووە پاش پاشایەتیی مادەکان بەسەرۆکایەتی گەیشتووە. ئەگەر زەردەشت لە سەردەمی هەخامەنشییان زیندووبا گومانی تێدا نەبوو کە باسی شایانی مادو هەخامەنشیشی دەکرد، کەچی هیچ ناوێکی لێ نەهێناون. پاشکۆی (ئەسپ)، نیشانی دەدا (گەشتاسپ) ناوێکی مادییە و تەنیا ناوی باوکی داریووش گەشتاسب نەبووە. زۆر پێش هەخامەنشییان لەنێو مەزنانی مادو تەنانەت پارسەکانیشدا گەشتاسپ ناو هەبوونە. بۆ وێنە تیکلات پۆلیسێر پادشای ئاسوور لە بەردەنووسێکیدا باسی ویشتاسپ (گەشتاسپی) کردووە کە سەرۆکی هۆزی کەمووخ یا کەمووک بووە. قەڵایەکی کۆن لە کوردستانی تورکیا هەیە ناوی (کەماخ)ە، کە وێدەچێ شوێنی حاوانەوەی هۆزی ناوبراو بووبێ. بەو پێودانە دەکرێ بڵێین زەردەشت پێش دەستەڵات بەدەستەوەگرتنی مادەکان بووەتە پێغەمبەر و کۆچی دوایی کردووە. کەوابوو بوونی ناوی گەشتاسب لە شانامەدا هیچ پێوەندییەکی بەباوکی داریووشەوە نییە. هیچکام لە پادشایانی هەخامەنشیش باسی لەدایکبوونی زەردەشتیان لە بەردەنووسەکانیاندا نەهێناوە. ئەگەر زەردەشت لە سەردەمی باوکی داریووش بووبا بەپێغەمبەر و باوکیشی پشتیوانیی لێ کردبا، سروشتی بوو کە ئەویش بە شانازییەوە لە بەردەنووسەکانی خۆیدا باسی کردبا. بەڵام نەک هەر ئەو بگرە هیچکام لە پاشایانی هەخامەنشی باسی بوونی زەردەشتیان لە سەردەمی خۆ یا بابیاندا نەکردووە. ئاشکرایە پەیدابوونی زەردەشت کە ئەو هەموو خەڵکەی وەدووی کەوتبوون ئەوەندە ڕووداوێکی کەم و بێ نرخ نەبوو کە باسی نەکەن. ئایا جێگای سەرسووڕمان نییە کە شایانی هەخامەنشی هێندە ناوی ئەهوەرا مەزدا بێنن بەڵام باسی پێغەمبەرەکەی نەکەن؟ کەوابوو زەردەشت زۆر پێش وان لەدایک بووە و ناش گونجێ مەبەستی لە باسی شایەکانی نێو ئاوێستا پێش وادە شایانی هەخامەنشی بێ کە زۆر دوای زەردەشت لەدایک بوون. لە ئاوێستادا ناوی پێتەختی هەخامەنشییەکان و زۆر شاری بەنێوبانگی سەردەمەکەیانیش نەهاتووە تا هەندێک لە بەسەرهاتی زەردەشت و پێغەمبەرایەتی و شوێنی لەدایکبوونی ڕوون کاتەوە. شارەکانی سەردەمی

هەخامەنشییان لەسەر نەخشەی دنیای کۆن دیارن، بەڵام ئی ئاوێستا بەتەواوی ڕوون نین و بوونەتە مایەی زۆر پرسیار، ئەگەر زەردەشت ئی سەردەمی کووڕۆش با (بەو حیسابە کە زۆر حەولدراوە کەیخەسرەو بکەنە کووڕۆش و هەخامەنشی بکەنە کەیانی) دەبوو ناوی شوێنەکانیش وەک ناوەکانی سەردەمی بنەماڵەی وی ڕوون و ناسراو و لەسەر نەخشەی دنیا دیاربان. دیاکۆنۆف لە لاپەڕەی ١٧٧ی مێژووی ماددا دەڵێ: لەوانەیە (دێ قەلا)، شوێنی دانیشتنی ئەو وردە فەرمانڕەوایانە بووبێ کە لە سەرچاوە ئاشوورییەکاندا باسیان کراووە و ئاوێستاش پێی کوتوون ساستەر (Sa-star)، بەڵام لە سەرچاوەکانی پارسیی کۆندا ناوی ئەو فەرمانڕەوانە نەهاتووە.
ئەوەش نیشان دەدا کە پارسەکان زۆر دوای ساستەرەکان واتە پاش سەردەمی ئاوێستاو زەردەشت هاتوونەتە سەر کار.

فارسەکان هەمیشە تێکۆشاون مێژووی ماد و هەموو باسەکانی پێوەندیدار بەکورد بشێوێنن، ئەوە ئەرکێکی شۆڤێنیستی بووە کە لە دامەزرانەوەی وڵاتی نوێی پارس (Persia) کە دوایە بەفیتی ئینگلیس و بۆ شێواندنی مێژوو ناویان لێ نا (ئێران)، لە سەرشانی مێژوونووسانی دەمارگرژ قورسایی کردووە. تیگلات پۆلیسێری یەکەم لە ١١٠٠ی (پ.ز) باسی هەمەدانی کردووە کە پێتەختی مادەکان بووەو بە (ئەمەدانە) ناوی هێناوە. لە ئاوێستادا ناوێک لەوەش نییە. لە زامباد پەشت بابەتی ٩ سەرەتا سڵاو ناردراوە بۆ هئوسرەوە – کەیخەسرە و – پاشان زرێواری هئۆسرەو وان – لە بڕگەی ٢٢ی (بەندەهێش) بابەتی ٨دا هاتووە زرێواری هئۆسرە و لە پەنجا فەرسەنگیی گۆلی چیچێست هەڵکەوتووە. کەیخەسرەو لە لێواری ئەو زرێوارە سەت ئەسپ، هەزار گاو و دە هەزار مەڕی بۆ (ناهید)ی فریشتەی ئاو کردووەتە قوربانی و نیازی لێ خواستووە. وێدەچێ کە ناوەندی هئوسرەوەی زەردەشت لە نیزیکەکانی گۆلی ورمێ و وان بێ و پێوەندییەکی بە کووڕۆشی (هەخامەنشی)یەوە نییە. لە کتێبی (ادبیات مزدیسنا پشتها)دا نووسراوە (لە سەردەمی نووسرانی ئاوێستا هێشتا دانیشتوانی (ئێران) بە (ئاریا) ناونەدەبران پووڵ و سکە باو نەبووە، سەودا بە شت دەکرا، دەورەی زەرد (برنج) بووە، خەبەرێک لە ئاسن نەبووە). تەنیا ئەگەر ناوی تەهمورس کە لە ئاوێستادا بە زینەوەنت واتا (چەکدار) بخەینە بەرچاو، و کوردەکان کە بە ئاسن دەڵێن (ئاسن، ئەسین، هەسین) ئەگەر لەگەڵ ئەزین هەڵی

سـەنگێنـین دەکـرێ بڵـێین ئاسنیـان نـاسـیـوە ئەوەی جـێـی خـۆی بێ لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەی لەسـەر بکرێ ئەوەیە باسێکی لە دەوڵەتەکانی ئاسوور، کلدە، سوومێر، خـالدی، نایری، سـووباری و... نەکـردووە تەنیا کـەیوومـەرسی بە (گـئـوومـەرت) ناو بردووەو لە کـتێـبی خـۆیدا ناوی گـئـووتم، گـئـووتمەوگووشی هێناوە. کە دەکـرێ بە (گووتی و کـووسی)یان بزانین. هەمـووی ئەو نیشـانانە بەڵگەی ئـەوەن کـە زەردەشت نەک هەر ئی سـەردەمی کووروٚش نەبووە، بگرە زۆر پێش دەسـتـەڵاتی ئاشـووریـیـانیش بووەو بەو پێـیـە شـەش هەزارسـاڵ پێش زاین بـۆ سـەردەمی زەردەشت لە هـەمـوو ئەو ڕوانگانە لە ڕاسـتـی نیزیکترە کە بۆ گرێدانی گەشـتـاسپ لـە کووروٚش ویسـتـوویانە بیـخـەنە چاخـی هەخـامـەنشـیـیـەکـان. زەردەشت هـەروەها نـاوێکی لـە یاران و هـاوسـەفـەران و بنەمـاڵەی خـۆی (مـێـدیوو مـانگهـە سـپـتـیم)ی دێنێ کـە پاشـان مێدیوومانگهە بووە بە مێدیووماه. لە سـەردەمی ساسانییان بە وشەی مادیان دەکوت ماه. لە ڕاستیدا مانگهە بەواتای (ماه) بووە کە کوردەکان ئەوڕۆش پێی دەڵێن مانگ. لە ئاوێسـتادا ئاماژە بەشارێک بەنـاوی (بووری) کراوە کـە بە (بابل)ی دەزانن. بەپێی ئەو ناوانە پادشـایانی باسکراو لە ئاوێسـتـادا زۆر پێش مـادەکان بوونەو گـۆڕەپانی تێکۆشـانیشـیـان لە باکوری ڕۆئاوای گۆلی ورمێ، شـوێنی لێ پەیدابوونی زەردەشت بووە. لە ئاوێسـتادا دێو، لەناوبەری دینی یەک خواپەرستی بە (مێرشئەئۆن -Merche on) ناو براوە کوردەکان سەرۆکی ئوولیی ئاسوورییان بە (مەرشەمۆن) ناو دەبەن کە دەبێ هـەر ئـەو مـێـرشـەئۆنە بێ. دەبـێ بگـوترێ ئاسـوورییـەکـان کـە لە سنوورەکـانی هـۆزی زەردەشت بوونـە ڕاگەیاندنەکـانی ئوولیی ئەو پێغەمـبـەرەیان نەسـەلماندووە و گەورەترین سـەرۆکی ئوولیی ئەوان مێرشەیۆن بووە پاشان ئەو نازناوە بووەتە گشتی.

هـەندێکان ئیـددیعـا دەکـەن زەردەشت خـەڵکی ڕۆهـەڵات بووە، کـەچی (یـەسنا) ٤٦ بابـەتی یەک و دوو دەڵێ: بۆ کـام خـاک هەڵێم، بۆ کـوێ پەنـابەرم، پێـشـەوایان و نەجیبـان خـۆم لێ دەکێشنـەوە و لە جـووتیارانیش ڕازی نیم و نە لە فـەرمـانڕەوایانی شـار کە لایەنگری درۆن. چۆن دەتوانم ڕازیت کـەم ئەی مـەزدا من دەزانم کـە بۆچی هیچ کارێکم بۆ ناچێتە پێش چونکە گەلە و مێگەلم کەمن و کرێکارم زۆر نین).

زەردەشت بەهـۆی نـەچوونـەپێشـی ڕاسـپـاردەکـەی لە نیـشـتـمـانی خـۆیدا و ڕەنگە لەبەر ڕاونـرانی لەلایەن دوژمـنانیـەوە لـەگـەڵ چەند کـەس لە هـاوڕێیـانی بەهـۆیەک لە

ئاوەدانی لای داوە و بەکوێرەڕێدا خۆی گەیاندووەتە گەشتاسپ. (ادبیات مزدیسنا پشتها) دەڵێ ئەو ناوە لە خودی گاتەکاندا (ویشتاسپ)ە.

لەسەر شوێنی پادشایەتی و پێتەختی (کەیانی)یانیش شێواندن و تێکدانی بەرچاو هەیە. بەلخ یا باختەر لە ئاوێستادا بە باختی (Bakhti) هاتووە. لە ئاوێستادا کاتێک ئەهورا مەزدا باسی ئافراندنی جیهان دەکا دەڵێ: (من ئاهورا مەزدا چوارەمین وڵاتێک کە سازم کرد، بەلخی جوانە بە ئاڵا شەکاوەکانیەوە. وەک دەبینین ئاوێستا بەڕوونی باسی وڵات دەکا نەک شار. ئەوانەی ویستوویانە ئەو بەلخە بکەنە شاری بەلخی ڕۆژهەڵات، بە ناچاری بیانوویەکیشیان بۆ داتاشیوە و دەڵێن جاری وا هەبووە کە شارێکیش لەبەر گرینگی بەوڵات ناوی هاتووە، کە بیانوویەکی زۆر نابەجێیە و ناتوانێ ڕاستی لە مرۆی وردبین بشارێتەوە. زۆر کەسیش لەسەر باختەرو بەلخ تووشی هەڵە بوون، چونکە نەیانزانیوە بەلخێکیش لەلای ڕۆژئاوای کوردستان هەیە. ئەو ناوە بە یۆنانی بە باکتریان (Baktrian) هاتووە. لە سەردەمی پادشایەتیی (کەی گەشتاسب)ی کەیانی ناوبانگێکی زۆرتری هەبووە. ئەو شوێنە شوێنی وەدیارکەوتنی زەردەشت و ناوەندی تەبلیغاتیەتی بووە.

سپایزێر دەڵێ بەلخ لە نیزیک خاپوورە و بەشێک بووە لە نیشتمانی (میتانی)یەکان، کە گەلێکی بەهێزی کورد بوون. کتێبی (تاریخ تطبیقی باستانی ایران لەلاپەڕەی ٦٤یدا لە زمانی کەتزیاسەوە دەڵێ: (... ئارباکس (شای ماد) کە ناهومێد بووبوو، تا بیستی لە (باختەر) ڕا لەشکرێک دێتە یاریدەی پادشای ئاشوور، چووە لای سپای باختەر و هانی دان لە دژی ئاشوور هەستنەوە و یاریدەی وی بدەن. ئەوان کە بە بیستنی هەواڵی ئازادی لە بن نیری ئاشوور، زۆر شادبوون و هاتنە یاریدەی ئارباکس...) ئەوەش نیشان دەدا کە وڵاتێک بەناوی باختەر لەژێر دەستەڵاتی ئاشووردا هەبووە کە خەڵکەکەی لە ستەمی ئەو داگیرکەرانە وەزاڵە هاتوون. بەسەرنجدان بەوەی کە بەلخی لای ڕۆژهەڵاتی ئێران، زۆر لە نەینەوا دوور بووەو دەستەڵاتی ئاشاووریش نەگەیشتووەتە وێندەرێ تا ئەوان بیانەوێ لەژێر نیری ئاشوور ڕزگاربن و لەشکرەکەشی نەیدەتوانی لە کاتی ئەو شەڕەدا بگاتە لای نەینەوا مەگەر وڵاتی ماد داگیر بکا هیچ گومان لەوەیدا نامێنێ کە ئەوە هەر ئەو باختەرەی لای ڕۆژئاوای کوردستانە کە سپایزێر باسی دەکا. ئەوە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە

کە پادشاکانی کەیانی لە باختەرەکەی ڕۆئاوای کوردستان بوونە نەک بەلخی ڕۆهەلاتی ئێران. کتێبی (مەزدیسنا پەشتها)ش دەڵێ باختەری (ئێران) (زاگرۆسە) نەک (خوراسان).

١- کەیقوباد (کەوی کەواتە Kavi kavata )

ناوی ئەو پادشایە لە ئاویستادا کەواتە. پێشگری (کەی) کە (لە کەوی Kavi)ی ئاویستا وەرگیراوە، لە پەهلەویدا بە (گەورە، بەهێز، زۆردار) دەڵێن، هەروەک لە پێشەکیشدا گوتمان: لە کوردیشدا ئەوڕۆ بە گەورەی خۆیان دەڵێن (کا، کاک). وشەی (کەوی) هێشتاش لەناو هۆزەکانی (بۆیرئەحمەدی) و (مەمەسەنی)دا بەواتای دلێر و قارەمان و فەرمانڕەوا باوە.

کەیقوباد لە تۆرەمەی نەوزەری کوڕی مەنووچێهرە. ئەو یەکەم شا بوو کە دوای لەناوچوونی زنجیرەی (پێشدادی)یان، بە یاریدەی زاڵ و ڕۆستەم لەسەر تەختی شایەتی دانیشت. کتێبی (داستان رستم، نگارش سیروس جمالی) کە لە شانامەی وەرگرتووە، باسی هاتنە سەر تەختی کەیقوباد دەکا کە کورتەکەی ئەوەیە: (پاش ئەوەی ڕۆستەم دەستی وەرەخش ڕاگەیشت، ئێرانییان ئامادەی شەڕی ئەفراسیاب بوون. ئەفراسیابیش لەشکری خۆی دەنگ داو هاتنە مێرگی پڕ لە ئاو و قامیشی (خوارری). دوو لەشکر لە دوو فرسەخیی یەکتر ئۆردوویان دامەزراند. بەنیشانەکان وێدەچێ خواری هەر شامی لای مەهاباد ومیاندواو بێ کە لە باشووری گۆلی ورمێ (چیچێست)ەو گۆڕەپانی دواین شەڕی ئەفراسیاب و ئێرانییانیش هەر لەو ئاقارە بووە.

زاڵ کوتی: (تەختی شایی بەتاڵ و لەشکرمان بێ سەروەرە. دەبێ کەسێک لە تۆوی کەیان بۆ پادشایەتی هەڵبژێرین، ئەویش گەنجێکە لە تۆرەمەی فەرەیدوون کە دادگەر و بە شکۆیە. ناوی کەیقوبادە و موئبێد نیشانەکەی داوینێ).

پاشان ڕووی دە ڕۆستەم کردو کوتی: (لەشکرێک هەڵگرە و کووپالی بەرەو بچووە کێوی ئەلبورزو کەیقوباد بدۆزەوە و ئافەرینی پێ بڵێ و بڵێ لەشکر تۆیان بۆ پادشایەتی هەڵبژاردووەو).

ڕۆستەم بەتەنێ بۆ لای کەیقوباد وەڕێ کەوت. مایلێکی مابوو بگاتە ئەلبورز، دیتی گەنجێکی زۆرجوان لەژێر سێبەری داراندا لەسەر تەختێک لەدم ئاوێ دانیشتووە و

پاڵەوانان لەلای تەختەکەی ڕاوەستاون. سڵاوی لێ کردن، وەڵامیان دایەوە و فەرموویان کرد.

ڕۆستەم وەڵامی دانەوە: (کاتی دانیشتنم نییە و بۆ کارێکی گەورە دەچمە ئەلبورز. ناتوانم وەدرەنگی کەوم.

پاڵەوانان پرسیان: (لە ئەلبورز لە کێ دەگەڕێی؟)

ڕۆستەم کوتی: (لە پادشایەکی پاک دەگەڕێم کە لە تۆرەمەی فەرەیدوونە).

فەرماندەری پاڵەوانەکان کوتی: (ئەمن پێی دەزانم ئەگەر فەرمووی گەورەمان کەی تاوێک لەلامان دانیشی، پێت دەڵێم لە کوێیە).

ڕۆستەم وەک بای لە ڕەخشی هاتە خوار و چوو لەبن سێبەری دارەکە لەلای تەختی زێڕینی گەنجەکەی دانیشت. گەنجەکە بەدەستێکی دەستی ڕۆستەمی گرت و بەدەستەکەی تری جامێکی شەرابی دایێ و لێی پرسی: (لە قوبادت دەپرسی، ئەو ناوەت لە کێ بیستووە؟)

ڕۆستەم لە وەڵامدا کوتی: (مەزنانی ئێران ئەویان بە پادشا هەڵبژاردووە، زاڵی باوکم ناردوومی بیبینمەوە و لەگەڵ خۆمدا بیبەم).

بەو گوتەی ڕۆستەمی خەندە کەوتە سەر زاری گەنجەکەو کوتی: (ئەمن کەیقوبادم!)

ڕۆستەم کە ئەوەی بیست لە تەخت هاتە خوار و سەری دانواند و کوتی: ئەی پادشای پادشایان و پەنای دلێران، تەختی ئێرانت پیرۆزبێ. فەرمانم دەیە تا وڵامی جەنگاوەرانت پێڕابگەیێنم).

کەیقوباد بەبیستنی وڵامەکە لەگەڵ ڕۆستم بۆ لای (خوارری) وەڕێ کەوت. (قەلوون) سەرداری ئەفراسیاب، ڕێگای پێ گرتن. کەیقوباد ویستی بچێتە شەڕ، کە ڕۆستەم هەڵیکوتایە سەریان و قەلوون و زۆری تری لێ کوشتن و ئەوی تر هەڵاتن. کەیقوباد گەیشتە سوپای ئێران و مەزنانی وڵات لەسەر تەختی (شایی)یان دانا. سەرەنجام لەشکری ئەفراسیاب تێک شکان و هەڵاتن.)

لە ئاوێستادا تەنیا دوو جاران بەناوی (kavata) و نازناوی (Kavi) باسی کەیقوباد کراوە. لە زمانی پەهلەویشدا گۆڕانێکی ئەوتۆ لەو ناوەدا پێک نەهاتووەو بە kavat تۆمار کراوەو هەر لەو وشەی ڕا زاراوەی فارسی و تازیی قوباد پەیدابووە. لە

زاراوەی کرمـانجیی بـاکوریشـدا قـوباد واتە زوو (قـوبادا سـبێ، واتـە: بەیانـی زوو). یەکـەم یادی قـوباد لەیەشـتی سـێزدەمـدا دەکـەوێتە بـەرچاو. لەو سـەرچاوەیدا پاش باسـی پادشـایانی پێـشـدادی، ناوی وی لـە سـەرووی پادشـایانی کـەیانیـدا دێ و ڕەوانەکـەی پـەسندەکرێ. دووهـەمین شـوێن کـە ناوی (کـەیقـوباد)ی تێدا دەبینین، یەشـتی نۆزدەهەم یا کـەیان یەشت یا زامیـادیەشـتـە کە لەودا بـاسـی کەوی کـەوات دەکرێ. بەپێی گێڕانەوەی بەندەهێش کەوات منداڵێک بوو کە دەسندووقێکیان نابوو و بەئاوێیـاندا هێشـتبـوو، ئووزوو (زاب زوو) دیتییـەوە و کردیە کـوڕی خـۆی و ناوی نا (کەواز kavaz).

لە فـەسـڵـی سـی و یەکـەمی بەندەهێش ڕەگـەزنامـەی (کـەیانی)یان ئـاوایە: (کـەی کـەوات کـوڕێکی هـەبوو بەناوی کـەی ئەپیـوە. لە کـەی ئەپیوە چوار مندال بەو ناوانە: (کەی ئووس Kaius) کـە هـەر کـەیکاووسـەکەی شـانامـەیە، (کـەی ئارەش Kai arash)، (کەی پی سـین Kai pi sin) و (کـەی پیرەش.(Kai pirash) لە کـەی ئووس. سـیـاوەش بوو و لە سـیـاوەشـیش کـەیخـەسرەو، بەڵام پادشـا و ناودارانی تری کـەیانی لەپشـتی کەی پی سینن. لە کەی پی سین، مەنووش (Manush) لە مەنووش، ئووزان (Uzan) یا ئووز (Uz) و لە ئووز، کـەی لوهراسپ (ئەئوروەت ئەسـپا Aurvat aspa واتە خـاوەنی ئەسپی تونـد و خێرا) بوو، کە بەناوبانگترین کـوڕەکانی ویشتـاسب و ژەریر بوون. لە کەی ویشـتاسب دوو کوڕ بەناوی سپەندیاز (Spandyaz یا ئیسفەندیاری شـانامە) و پیش یۆتەن (Pishyotan یا پەشـوتەنی شـانامـە) هـاتنە دنیـا. کە لە مێژووی دینیدا زۆربەرچاون. ئەسـفـەندیار کوڕانی وەک وەهمـەن (بەهمـەنی شـانامـە) و ئازۆرتەرسـە (Azortarsah) و مێـهرتەرسـەی هێنایە دنیـا کە ناوبـانگێکی وایان نییـە. کـەچی لە ئاوێسـتـادا دوو جـاران ناوی دێنێ و دەڵێ کەیکاووس کـوڕی کـەی ئەپیـوە بووە. پاش ئەوەی کەی قوبـاد بەفەرمی لەسـەرتەختی ئێران دادەنیشێ، پاڵەوانان هـانی دەدەن بۆ شـەڕ لەگـەڵ (توورانی)یان. لە شـەڕێکی ئاسـتـەمـدا پاڵەوانانی ئێـران تەنگ بە تووارنییەکان هەڵدەچنن. ڕۆستەم لە شەڕێکی ئاستەمدا ئیسفەندیار ڕاو دەنێ. (ئەو ئیسفـەندیارەمـان کە لە نیـزیکانی پەشـەنگی بـاوکی ئەفراسیـاب بووە، نابێ لەگەڵ ئیسـفـەندیاری کـوڕی گـەشـتـاسب لێ بگۆڕێ). پەشـەنگی باوکی ئـەفراسـیـاب و سەرکردەی توورانییـان بەناچاری داوای ئاشتیی دەکاو بەڵێن دەدا بگەڕێتەوە خاکی

خۆی. کەیقوباد ئەوەی پەسند دەکا، بەڵام ڕۆستەم و پاڵەوانان نایسەلمێنن و دەیانەوێ شەڕ تا کۆتایی هێنان بەکاری ئەفراسیاب درێژەی پێ بدرێ. بەڵام کەیقوباد بەدانی خەڵات ڕازییان دەکاو ئاشتی بەرقەرار دەبێ. پاش ئەو شەڕە کەیقوباد گەڕایەوە ئیستەخر. ماوەی تەمەنی کەیقوباد سەت ساڵ و پادشاییەکەی هەشتا ساڵە.

٢- کەیکاووس (کەوی ئووسەن Kaviusan)

ئەو ناوە لە ئاوێستادا بە (کەوی ئووسذەن Kaviusazan)یش هاتووەو ئەو شێوەیە بێجگەلە یەشتی پێنجەم و چاردەم لە بەشەکانی تردا تۆمارکراوە. کەیکاووس دووەمین پادشای کەیانی و بەناوبانگترینیان بووە.

ئەوێستاو مێژووەکانی تری پەهلەوی زۆرتر لە کەیقوباد، باسی وی دەکەن. لە نامەکانی پەهلەویدا گێڕانەوەی زۆری لەسەر هەن. ناوی لە شانامە و سەرچاوە ئیسلامییەکاندا زۆر تێکەڵاوی ئەفسانە بووە.

کاووس کە لەسەر تەخت دانیشت، لە دانیشتنێکی خۆشیدا ئاوازێکی لەسەر پەسنی مازەندەران، لە شەیارێک بیست. ئەو ئاوازە وای کەڵکەڵەی گرتنی مازەندەران خستە سەری کە هەرچەندە زاڵ و مەزنانی وڵات کردیان و کراندیان نەیانتوانی لەو بیرە پاشگەزی کەنەوە. لەشکری کێشایە سەر مازەندەران و پادشای ئەو وڵاتە بەیاریدەی دێوی سپی شاو لەشکرەکەی بە ئەفسوون گرتن و کوێری کردن. زاڵ ڕۆستەمی ڕاسپارد بچێت و ڕزگاریان کات. ڕۆستەم پاش تێپەڕین بە حەوت خوانە بەناوبانگەکەیدا کە ئێستاش بۆتە نموونە بۆ ئاستەم بوونی کارێک و کوشتنی دێوی سپی و شای مازەندەران، ئەو وڵاتەی گرت و کاووس و لەشکرەکەی چاکردنەوە و ڕزگاری کردن.

لە ئاوێستادا سەرەتا لە یەشتی پێنجەمدا تووشی ناوی کاووس دەبین، کە قوربانی دەداتە (ئەرێدویسوورە ئەناهیتا – aredvisura anahita ) و ئارەزوو دەکا کە بەسەر هەموو وڵاتاندا زاڵ و بەسەر جادووگەران و ئەمیرانی دژکاریدا سەرکەوتوو بێ و ئەو ویست و ئاواتەشی دێتە دی. لە یەشتی سێزدەمیشدا لە باسی پەسنی ڕەوانی (کەیانی)یاندا، پاش کەیقوباد و کەی ئەپیوە (Apiveh) هاتووە. سڵاو دەنێرێ بۆ ڕەوانی کەوی ئوسدەن. لە یەشتی چواردەمدا لەو جێیەی باسی سەرکەوتن و

دەستەڵات و هێز دێتە گۆڕێ، باسی کەوی ئوسذەن کەیکاووس دەکرێ کە ویستیاری هێزێکی ئاوایە بۆ سەرکەوتن. دوایین باسی کەیکاووس لە ئاوێستادا لە بەندی دووەمی (ئافەرین پێغەمبەر زەردەشت) دایە کە زەردەشت ئارەزوو دەکا ویشتاسب (کەی گەشتاسب) وەک کاووس بەهێز و دەستەڵات بێ. بەپێی گێڕانەوەی دینکورد لە (سووتگەرێ نۆسۆ کێ (Sutgare Nosoke) واتە بەشی یەکەمی ئاوێستای ساسانیدا بەدرێژی باسی کەی ئووس (Kai us) کراوە.

بەپێی هەر ئەو سەرچاوەی، کاووس یەکێکە لە چوار کوڕی کەی ئەپیوەی (کوڕی کەیقوباد) و گەورەترینیانە. کاووس خاوەنی وەها پلەو گرینگییەکە کە (کەیانی)یەکانی تر پێی نەگەیشتوون. ئەو بە زاکوونەوە حەوت قوڕنەی بەڕێوە دەبا. بەسەر دێوان و ئەمیرانی سەربزێودا زاڵ دەبێ، بەبێ ئەملا و ئەولا فەرمانەکانی جێبەجێ دەکرێن و حەوت کۆشکان لەسەر بەرزایی کێوی ئەلبورز ساز دەکا، بەپێی زۆر گێڕانەوان، یەک لە زێڕ، دوو لە زێو، دوو لە پۆڵاو دوو لە بلوور. کاووس دێوانی مازەندەرانی کە خەریکی ئاژاوە و سەربزێوی و خراکردنی دنیا بوون لەو کۆشکانەدا زیندانی دەکردن و کاری لێ دەکێشان. هێرۆدۆتیش باسی ئەو حەوت کۆشکەی کردووە و دەڵێ: ئەو دەستی کرد بە سازکردنی قەڵایەک لەناو چەند حەوشی لە ناویەکدا بوو. ئەوە هەر ئەو قەڵایەیە کە ئەوڕۆ ئۆکباتانی پێ دەکوترێ. لە هەرحاڵدا حەوت حەسارەکە هەن و کۆشک و گەنجینەکانی شای دە دوایین حەوشدان. درێژترینی ئەو کۆشکانە بەقەرا حەساری ئاتێنە. ڕەنگی حەسارەکانیش بەتەرتیب سپی، ڕەش، ئەرخەوانی، شین، سوور، نارنجی، زێوین و زێڕینە. هەندێک لە مێژوونووسان پێیان وایە ئەو حەوشانە دیۆکۆسی پادشای ماد سازی کردوون، بەڵام زۆربەیان پێیان وایە ئەو چاکی کردوونە تە وە، کە ئەوەیان زۆرتر وەڕاستی دەچێ، چونکە هەمەدان پێش مادەکان هەبووە. لە فەسڵی سی و سێیەمی (بەندەهێش)یش باسی کۆشکی کەی ئووس، وەک چەند ماڵی یەک لە ناویەکدا، کراوە: یەکەمیان زێڕین، کە شوێنی لێ مانەوەی بوو، دووی تریان لە بلوور کە تایبەت بوو بە ئەسپە تایبەتییەکانی، دوو ماڵی لە پۆڵا کە مێگەل و گاگەلی تێدا دەحاوانەوە. وەک لە نامە پەهلەوییەکان دەردەکەوێ، کەیکاووس وەک جەمشید نەمر بوو، بەڵام لەبەر کوشتنی گای پیرۆزی مەرزیاب و هەڵەی تر نەمریی لێ ئەستێندرایەوە. سەیر ئەوەیە کە لە ڕێگ وێدا (یەکێک لە چوار کتێبەکانی وێدا) تووشی ناوی ئووسەنەسکاویا (usanas

kavya) له شاكانی پێشدادی دەبین (كه چەند كەسیان له ریگ وێدادا باس كراون)، كـه وەبیـرخـەرەوەی شـێـوەگـوتنی ئاوێسـتـایی كـاووسـه. لەمـەڕ كـاووس له نێـوان ناوەرۆكی بـەندەهێش و شـانـامـەدا هاوسـەنگی و نیـزیكایـەتی هەیە. بەپێی ئەو دوو سەرچاوەی مـاوەی پادشـایەتیی وی سـەت و پەنجـا سـاڵ بووە. كە هاتە سـەر تەخت، یەكێك له رووود لێدەرانی زمانلووسی مازەندەرانی هاتە دەرگای و سروودێكی خۆشی ئەو سـەرزەمـینەی بۆ لێدا، وەهـا كـه بیری هـێرشكردنه سـەر مـازەندەرانی كـەوتە سەری. پاڵەوانان و مەزنانی ئێران دەیانزانی هێزو وزەیەكی زۆر دە مـازەندەراندایە، لەگەڵ ئەو شەڕەدا كۆك نەبوون. ئەوان هەر لەسەر ئەو بناغەی وەبیریان خستەوە كه شەڕی مازەندەران بەرهەمێكی بێجگە له شكست و لەناوچوون نابێ. بەڵام كاووس ڕوانگەی وان ناسەلمێنێ و كەسێك دەنێرێتە لای زاڵ. زاڵ بێوچان دەچێتە دەرگای كاووس و پاش پێزانین بەمەبەستی ئەو، هەروەك مەزنانی تر داوای لێ دەكا خۆ لەو كارەی نەداو پێی دەڵێ پادشـای وەك جەم و فەرەیدوون و مەنووچێهـر و كەیقوباد، تەنانەت بیرۆكەی ئەو كارەشیان بەمێشكیدا نەهاتووە. كاووس له وەڵامدا دەڵێ:

و لیکن مـــرا از فـــریدون و جم
فـــزونست مـــردی و فـــرّ و درم

همـان از منوچهر و از کـیقـوباد
کـــه مـــازندران را نکردند یاد

سـپـاەو دل و گنجم افـزونتـراست
جهان زیر شمشیر تیز اندراست

واتە:

بەڵام خۆ ئەمن له فەرەیدوون و جەم
زۆرترم له لایه پیاوەتی و درەم
له مەنووچێهریش و له كەیقوبادیش
كه مازەندەرانیان نەهاتە یادیش
گەنجم زۆرترە و لەشكر و بوێری
كێ لەو جیهانە بەشیرم دەوێری

بەپێی گێڕانەوەی شانامە، ئەو سەرەڕۆیی و لە خۆباییبوونە بێجێیەی کەیکاووس بۆ وی و پاڵەوانەکانی ئاکامێکی زۆر ناخۆشی لێ کەوتەوە. کاووس بە لەشکری خۆی هەڵدەکوتێتە سەر مازەندەران کە نیشتمانی دێوانە. ئەوانیش ئاریایی بوون، بەڵام لەگەڵ ئارییاییەکانی تر نەدەگونجان چونکەنە دەچوونە ژێر باری چاکسازییەکانی ئوولیی ئێرانییەکان و لەسەر ئوولی پێشووی خۆ واتە پەرستینی خوداکانی خۆیان، واتە دێواکان (Deva) بوون. سوپای ئێران دەست دەکەن بە تاڵان و کوشتار. کاتێک ئەرژەنگی شای مازەندەران ئاگەداری ڕووداوەکە دەبێ، (گزیر)ی کە یەکێک لە مەزنانی وڵات دەبێ، بۆ داوای یاریدە دەنێرێتەلای دێوی سپی. دێوی سپی یەکێک دەبێ لە ئەمیرە مەزنەکانی تایفە ئارییاییەکانی مازەندەران و خاوەنی لەشکرێکی وا گران و بە سام کە هەرکە چاوی کەیکاووس بە پێشەنگەکەیان دەکەوێ، کۆتایی کاری لێ ڕوون دەبێتەوە و پەژارەو پەشیمانی دای دەگرێ. بەڵام پەژارە کەلکی نابێ و دێوی سپی بەهێزی جادوو، کەیکاووس و لەشکرەکەی کوێر دەکاو هەموویان دەگرێ و بەئەرژەنگی شای مازەندەرانیان دەسپێرێ. ڕۆستەم ئاگەداری ئەو ڕووداوە دەبێتەوە و پاش تێپەڕین لە حەوت خوان، بە سەرکەوتنەوە ئەرژەنگ شای دەگرێ و دەیکوژێ. پاشان دێوی سپیش دەگرێ و دەیکوژێ و بە دڵی ئەو دێوە جادوویەکەی پووچ دەکاتەوە و کاووس و لەشکرەکەی ڕزگار دەکا و دەیانگەڕێنێتەوە ئێران.

کاووس پاش ئەو شەڕە چەند شەڕی تر دەکا و هەندێک لە شایان دێنە بەرفەرمانی، بەڵام شاکانی بەربەر، میسر و هاماوەران دەست وێک دەدەن و دەگەڵی بەشەڕدێن. سەرەنجام هەرسێکیان دەشکێن و پاشەکشە دەکەن. کاووس سوودابەی کچی شای هاماوەران دێنێ. شای هاماوەران بەتۆڵەی شکستەکەی، بۆ گرتنی کاووس و پاڵەوانانی ئێرانی و گێڕانەوەی کچەکەی پیلانێک دادەڕێژێ و پاش ئامادەکاری، بانگهێشتنیان دەکاتە کۆشکی خۆی. سوودابە داوا لە کاووس دەکا نەچێ، بەڵام کاووس چوون بە باش دەزانێ و بەپێی خۆی دەکەوێتە داوەکە: کاووس و پاڵەوانەکانی دەگیرێن و بەند دەکرێن. کە ئەو هەواڵە بڵاو دەبێتەوە، تورک و عەرەب هێرش دەکەنە سەر ئێران، سەرەتا عەرەبان لە دەشتی نێزەوەران (عەرەبستان) هێرش دەکەنە سەر ئێران و دەستی بەسەردا دەگرن. ئەفراسیابی توورانی بەپێزانینی ئەو ڕووداوە بە شەڕێکی سێ مانگە عەرەبەکان دەردەکاو بۆخۆی دوازدە

سـالآن بەوپەڕی سـتـەمکارییـەوە بەسـەر ئێـراندا پـادشـایـەتی دەکـا. دووبارە شـای هاماوەران لەگەڵ شـای بەربەرستان و میسر پێک دێ و هێرش دەکەنە سـەر ڕۆستەم و سـوپای ئێـران، بەڵام لە ئاکامدا ئێـرانییـەکان بەسـەر ئـەو دوژمنانەدا زاڵ دەبن و کاووس و سـوودابە و پاڵەوانەکان ڕزگار دەکەن و دەیان گەڕێننەوە ئێران. ئەو جار ئەفراسـیابیش دەشکێنن و بەرەو تووران ڕاوی دەنێن. بەقسـەی زۆر لە مێژوونووسـان پێتەختی کەیکاووس بەلخ، تەمەنی سـەت و حـەفتا و پێنج سـاڵ و پادشـایەتییەکەی سەت و پەنجا ساڵ بووە.

٣- سیاووش (کەوی سیاوەرشەن Kavi - syavarshan)

سـیـاووش کـوڕی کـەیکاووسـە بە پەهلـەوی سـیـاووخش (=Sya vukhsh خـاوەنی ئەسپی ڕەش) یا سیاووش ناودەبرێ. ئاوێستا بێجگە لەناو و ئاماژەیەکی زۆر کورت، چی وا ناداتە دەست. لە نامەکانی پەهلـەویدا زۆرتر باسی دەکرێ بەڵام بابەتەکەیان لەسەر خۆی نییە بەڵکو لە باسی کەنگە دێژ (لە ئاوێستادا kanga) یا شارێکدایە کە بەدەستی وی دروست کراوە. لە ئاوێستادا لە یەکەم شوێن کە باسی سیاووش کرابێ یەشـتی سـێـزدەمـە. لەو سـەرچاوەیدا باسی هەشت (کەوی) کـراوەکـە زنجـیـرە پادشـایانی کەیانی پێکدێن و سـڵاو بۆ ڕەوانەکەیان ناردراوە. نە کەوی (کەی) و نە خـۆسـرەو واتای شـا نادەنەوە. فـارسـان بە شـایـان مـانا کـردوونەوە، چونکە کـەی پێشناوی (کیانی)یان و خەسرەو پێشناوی (ساسانی)یان بووە. کەی (کا یا کاک) لە کـوردیدا بەمـانای مـەزنە و پێـشگرێکە بۆ نـاوی گـەوران، خـۆسـرەو (لە کـوردیدا خـەسرەو) بەواتای کەسێکە کە باش و جوان و خێرا بەڕێدا دەڕوا (واتە چابووک و توندوتۆڵ) و ئەویش هەر پێشگرێک بووە بۆ ناوی پادشـایانی سـاسـانی کـە بـەپێی چەندین بەڵگەنامـەی مـێـژوویی کـورد بوون و زمـانەکـەیان کـوردی بووە. بەداخـەوە چونکە بەتایبـەتی دوای ئیـسـلام زمـانی کـوردی زمـانی فـەرمـیی دەوڵەتی نەبووەو خزمـەتی نەکراوە یا باشـتـر بڵێین بێ پشـتـیوان بووەو تەنانەت بەربەست و حـەولی تواندنـەوەی داگیـرکـەرانی کـوردسـتـانیـشی لەسـەربووە، لێکۆڵەرەوانـی مـێژوویی ئاگەداری نەبوون بۆیە لە ماناکردنەوەی زۆر وشـەی ئاڤێسـتاو پەهلەویشدا تووشی هەڵە بـوون. ژێرنووسـی لاپەڕەی ٤٩ی مـێـژووی دەهـەزار سـاڵە دەڵێ هەئووسـرەوە لە وشـەی ئاوێسـتاییدا واتە خـۆشناو، خاوەنی ناو و ناوبانگ و نیشـانـەی دروسـتی و

ڕاستییە. ئاواش دەتوانین خەسرەو بەخۆشڕەفتار مانا کەینەوە. سیاووش حەوتەمین شـای (کـەیانی)یە، واتە نـاوی کـەیخـەسـرەو دوای وی هاتووە. لە یەشـتی نۆیەم و حـەڤدەمدا ئاماژە کراوە بە کوژرانی و ئەو بابەتە لە چەند شـوێنی ئەو دوو یەشـتـەدا دووپات بـووەتەوە. لە نـامـەکـانی پەهلـەویدا تەنیـا لە بەندەهێـشـدایە کـە دەتوانین پوختەیەک لە چیرۆکی سیاوەش ببینینەوە. گەورەترین و دیارترین کاری پێوەندیدرا و بە سـیاووش سـازکردنی کەنگ دێژە. بەپێی ئاوێسـتاو نـامەکانی پەهلەوی، سیـاووش یەکێکە لە هەشت پادشـاکانی کەیانی کە پاش کەیکاووس و پێش کەیخـەسـرەو لە ئێـران پادشـایـەتیی کـردووەو لەشــەڕ لەگــەڵ گـەلانی تـوورانیـدا کــوژراوە. بەڵام فیردەوسی ئەوی بە شا دانەناوە.

وەک شانامە دەگێڕێتەوە، لەدایکبوونی سیاووش ئاوایە: ڕۆژێک تووس و گوودەرز و گیو – پاڵەوانانی ئێرانی – لە ڕاوگەیەکدا لە نیزیک توورانی تووشی کیژێکی جوان دەبن و چونکە هەرسێکیـان داوای خـاوەنەتیی کـیـژەکە دەکـەن، بڕیار دەدەن بچنە پێتەخت و پرس بەکاووس بکەن. شا بەدیتنی کچەکە دڵی دەکەوێتە سەری و لە خۆی مـارە دەکـا. پاش نۆ مـانگان کـوڕێکی دەبێ، ناوی دەنێن سـیـاووش. سـیـاووش دەدەنە دەسـتـی ڕۆسـتـەم تـا بیـحـاملێنێ. ڕۆسـتـەم دەیبـاتە زابولسـتـان و زۆری خـۆ بۆ حـامـلاندنی مـاندوو دەکـا. سـیـاووش پاش وەرگـرتنی پەروەدەی بەس، داوا دەکـا بیبـەنەوە لای دایک و بابی خۆی. ڕۆسـتـەم دەیبـاتەوە پێتـەخت و لەوێ کـاووس زۆری دەلاوێنێتەوە. لەو کاتەدا دایکی سیـاووش دەمرێ و وەک باسـمان کرد کاووس کچی پادشای هاماوران دێنێ.

سوودابە بەدیتنی سیاووش دڵی دەدۆڕێنێ و هەوای ئەڤینداریی سیاووش دەکەوێتە سـەری. ڕۆژێکیان پەیامێکی بۆ دەنێرێ، بەڵام ئەو بە ڕووتاڵی پەیکەکە بەڕێ دەکاتەوە و سـوودابەش بۆ گەیشتن بەمـەبەسـتی خۆی و ڕاکێشـانی سـیاووش بۆ نێو حـەرەم دەست دەکا بەفێڵبازی. بەکاووس دەڵێ جێی خۆیەتی سیاووش جارجارە بێتە حەرەم و سـەری خـۆشکانی و زڕدایکی بدات. شـازادە کـە ئاگـەداری مـەبەسـتی سـوودابە دەبێ، پێی وادەبێ باوکی دەیەوێ تاقیی کاتەوە، بۆیە پێی دەڵێ کە گۆڕەپانی شـەڕو نێو خەڵکی بۆ وی پێویستن تا شتێکیـان تێدا فێربێ و لە حەرەمدا کارێکی لە دەست نایە. سـەرەڕای ئەوەش فـەرمـانی باوکی جێبـەجێ دەکاو دەچێتـە حـەرەم. سوودابە

هەرکە دەیبینێ دەست دەکا بە نواندنی ئەڤین و ماچماچێنی پێ دەکا. سیاووش کە بەمەبەستی دەزانێ گوێ ناداتێ و لە دیداری دواتر هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکا و لە حەرەم دێتە دەرێ، بەڵام سوودابەی سەودایی دەست دەداتە فێڵێکی تازە؛ دەست دەکا بە گریان و نەدیمەکانی بانگ دەکا و دەڵێ سیاووش هێرشی کردووەتە سەری و نیازی خراپی دەگەڵی هەبووە. هەواڵ دەگاتەوە کەیکاووس، بەڵام هەر لە زمانی سوودابە دەبیسێ و لەلایەکی تریشەوە باوەڕی بەکوڕی خۆی هەیە و لە کاری سوودابەش بەگومانە بەڵام لەبەر زمانی خەڵکی شار و پیلانەکانی سوودابە دیسان سێبەری بەدگومانی دەکەوێتە سەر دڵی پادشا. سیاووش بۆ سەلماندنی پاکیی خۆی پێشنیاز دەکا تا بە تێپەڕین بەناو ئاگری وەرەنگهە (Varangha) تاقی بکرێتەوە و یا وەک پەهلەوی دەڵێن وەر(Var)ی لەسەر تاقی بکرێتەوە. تاقیکردنەوەکە ئاوا بەڕێوە دەچوو کە کۆگای ئێزنگیان ئاگر تێ بەردەداو تاوان وەپاڵنراو بەنێو ئاگرەکەدا دەڕۆیی و ئەگەر زیانێکی پێ نەگەیشتبا بێتاوانییەکەی دەسەلمێندرا. ئاگرێکی گەورە دەکرێتەوە. سیاوەش بەسواری ئەسپێکی ڕەش و جلکی سپی لەبەر، دێتە لای باوکی و دەچێتە ناو ئاگر و بێ زیان دێتەوە دەرێ. شادمانیی خەڵک لە ئەندازە بەدەرە. گێژنەیەک دەگیرێ. کەیکاووس شەرم و نارەحەتی دایدەگرێ و ڕای مەزنان دەپرسێ و هەموو پێیان وایە سوودابە دەبێ بکوژرێ، بەڵام سیاوەش داوا لە بابی دەکا سوودابە نەکوژێ. پاش ماوەیەک (توورانی)یان لە سنووری ئێران دەست دەدەنە ئامادەیی شەڕی و کەیکاووس سیاووش دەکاتە بەرپرسی شەڕو ڕۆستەمیشی لەگەڵدا دەنێری. لەو کاتەدا کە دوو لەشکر دەکەونە بەرەوڕووی یەکتری و ئامادەی شەڕ دەبن ئەفراسیاب شەوێکیان لە خەودا دەبینێ کە ئێرانییان بەسەریدا زاڵ دەبن و بەدەستی بەستراو دەیبەنە لای کەیکاووس و دەیانەوێ دوولەتی بکەن. ئەستێرەناسان و خەو لێکدەرەوان پێی دەڵێن نابێ دەستپێکەری شەڕبی و مەسڵەحەت لە ئاشتی و سازاندا دەبینن. سیاوەش دوای ڕاوێژ ئاشتی پەسند دەکا. ڕۆستەم ڕادەسپێردرێ بچێتە لای کەیکاووس، تا پەیمانی ئاشتیی پێ نیشان بدات. کاووس کە ئاگەداری پرسەکە دەبێ بەگژ ڕۆستەمدا دەچێ و داوای لێ دەکا بگەڕێتەوە و هەموو بارمتەکانی توورانی بکوژێ و دیاری یەکانیان ئاگرتێبەربداو دەگەڵ توورانییان بەشەڕبێ. سیاوەش جێبەجێکردنی فەرمانی باوکی بەدوور لە ئاوەز دەزانێ و ئەسپاردنی سپاش بەتوور بەئاقڵانە نازانێ و جا دەگەڵ دوو لە

پاڵەوانان و هاوڕێیانی دەکەوێتە ڕاوێژ و پاش ڕازیکردنیان بڕیار دەدات پەنا بەرێ بۆ ئەفراسیاب. یەکێک لەو دوو پاڵەوانە کە ناوی زەنگەیە بەقاسیدی دەچێتە لای ئەفراسیاب و بۆی ڕوون دەکاتەوە کە ئاشتی لەگەڵ ئەودا بۆ سیاووش بەچەندی تەواو بووە و ئێستا داوا دەکات بێتە تووران و لە خزمەتی ویدابێ. ئەفراسیاب بەنووسراوە داوای شازادەی دڵشکاو پەسند دەکا. سیاووش لەشکر بە بارام دەسپێرێ و لەگەڵ ئەفراسیابدا دەچێتە تووران. پاش ماوەیەک پیران وەیسەی سەرداری ئەفراسیاب کچی خۆی دەداتێ و ئەفراسیابیش فەرەنگیسی کچی خۆی دەداتێ (تەبەری ناوی ئەو کچەی بە وەسفا فەرید هێناوە.) ئەفراسیاب هەروەها وڵاتەکەی خوارەزمیش بەزاوای خۆی دەسپێرێ تا ئەویش لەوێ فەرمانڕەوایی بکاو سازکردنی کەنگدێژ دوای ئەو زەماوەندانە دەبێ. سیاووش پاشان شارێکی تر ساز دەکا کە ناوی دەنێن سیاووشگەرد واتە شاری سیاوەش. سیاوەش لە جەریرەی کچی پیران وەیسە کوڕێک دەبێ ناوی دەنێن فروود. فەرەنگیسیش منداڵێکی لێ وەزگی دەکەوێ. لەوکاتەدا گەرسیووزی برای ئەفراسیاب ئێرەیی بەسیاووش دەباو لەلای برای خۆی خراپەی دەڵێ و وادەنوێنێ کە سیاووش بەنیازە بیکوژێ. لە نێوان ئەفراسیاب و سیاووشدا شەڕێک هەڵدایسێ کە سیاووش دەگیرێ و دەکوژرێ. فەرەنگیسیش دەخرێتە بەندیخانە. گەیشتنی هەواڵی کوژرانی سیاووش بە ئێران دەبێتە هۆی زنجیرە شەڕێکی دوور و درێژ کە بە تۆڵەی سیاووش دەست پێ دەکا.

٤- کەیخەسرەو (کەوی هەئوسرەوە Kavihausravah)

یەشتی پێنجەم دەڵێ: کە کەیخەسرەو پاڵەوانی بێ هاوتای ئاریا، لەنیزیک گۆلی چێچێست بۆ ئەرێدویسوورە ئەناهیتا قوربانی دەکاو داوای لێ دەکا فەڕی بداتێ کامڕەوای کاو بەسەر جادووگەران و ئەمیرانی ستەمکاردا سەری کەوێنێ. لە یەشتی نۆزدەهەمیشدا باسی کەیخەسرەو کراوە کە ئەو باسە زانیاریی بەنرخی تێدان کە لە شانامەشدا دەکەونە بەرچاو. لە یەشتی پازدەم و سێزدەمدا ئاگەداری بەشێک لە پاڵەوانەتییەکانی کەیخەسرەو دەبین. بەپێی سەرچاوەکانی ناوبراو ئەئوور وەسارە (Aurvasara) کە یەکێکە لە ئەمیرانی دژو ڕەقیبی کەیخەسرەوە و لە لێڕەواری سپییە، لە سەرەتا و نێوەڕاست و کۆتایی جەنگەڵەکە خوای وەیوو (veyu) – ئیزەدی با – پەسن دەکا داوا دەکا کە کەیخەسرەو، ئەو سەقامگیرکەرەی وڵاتی ئاریاکان،

بەســـەریدا زاڵ نەبێ و نەتوانێ لە دەســـتی هـەڵێ. بـەپێی نامـــەکـــانی پەهلەوی، کـەیخـەسـرەوی کـوڕی سـیـاووش، بەرهـەمی زەمـاوەندەکـەی لەگـەڵ ویسـپـان فـریە (Vispanfrya) (فـەرەنگیس)ی کـچی ئەفراسـیـاب بووەو لـە توورران گـەورە بووە. بەڵام کـەیخـەسرەو وەک کەیکاووس پادشای حـەوتقوڕنە نییە بەڵکو هـەر پادشـای خـوونی رەسـە. (خـوونی رەس یا خـوونیـرەث یـەکێکە لە حـەوت قـوڕنـەی جـیـهـان، کـە هـەر وڵاتەکـانی ناوەنـدیی ئێـرانی دەگـرتەوە کـە لە شـەش قـوڕنـەکـەی تـر بـەرهـەمـدارتر و دەوڵەمـــەندتر بـووە و خـــەڵکەکـەشـی وریاتر لـە خـــەڵکانی تـر بوون. ئەوەش دیســـان نیـشـانەیەکی ترە کـە دەیسـەلمێنێ کـەیخـەسـرەو لە سـەرزەمـینی مـاد بـووە نەک لە ڕۆژهـەڵاتی ئێران. هـەموو مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆکن کە لەو سەردەمەدا پڕ پیت و بەرەکـەتتـرین بەشـی وڵاتی ئاریاکـان، مـادی بچـووک بووە. ناوی حـەوت قـوڕنە لە ئاوێسـتـا، سـانسکریت، یۆنانـی و ریگ وێداشـدا هـاتووەو بەهـێندێ جیـاوازیی کـەم لە کتێبە کۆنەکانی تریشدا هـاتووە. بەپێی سەرچاوە پەهلەوییـەکان کەیخەسـرەو بێجگە لە تایبـەتمەندی زۆر و نـەمری و پێغـەمبـەرایەتی یا پارێزکاری و پیـرۆزی، دوو کـاری گـرینگی تریشـی ئـەنجام داون: ١- وێرانکردنی بوتخـانەی چەند خـواپەرسـتـانان لە لێواری گۆلی چێـچێست ٢- کوشـتنی ئەفراسیاب، ئەو تاوانبارە تـوورانییە و دوژمنی بێ ئامانی ئێرانییان، ئەویش هـەر لە لێواری گۆلی چیچێست!

کە خـەبەری مردنـی سیاووش دەگاتە ڕۆسـتـەمی، دەست دەکا بەگریان و سـیسـتـان لە ماتـەمی شـازادەی گەنجدا ئازیەتدار دەبێ. هـەرکە حـەوتوویەک لە ماتەم تێدەپەڕێ ڕۆسـتـەم بەلەشکرێکی زۆرەوە بۆ خوێن ئەسـتـاندنـەوەی سیاووش دەچێتـە لای کاووس شـا و زۆر قەڵس دەبێ و لـە پێش چاوی کاووس دەچێتـە حـەرەم و سـوودابەی لە سـەر تەخت ڕادەکێـشـێتـە خـوارو بەخـەنجـەری خـۆی دەیکوژێ و بە لەشکرەکـەیەوە بەرەو وڵاتی توووران وەڕێ دەکەوێ. لەلایەکی تریشـەوە (فـەرامـەرزی) کـوڕی ڕۆسـتـەم دەست بەشـەڕی دەکا. سـوورە (لە کوردیی ئەوڕۆشـدا بە مرۆڤی سـوورکارە دەڵێن )ی کـوڕی ئەفراسیاب دێتە شـەڕی ڕۆستەم و دەکوژرێ. لەلایەکی تریشـەوە فەرامـەرز ژمارەیەکی زۆر لە پاڵەوانانی توورانی لە شـەڕدا دەکوژێ. سـەرەنجام ئەفراسیاب لەشکرێکی زۆر سـاز دەکـا و دێتـە گـۆڕەپانی شـەڕ. لەو شـــەڕەدا (پیلسـۆم)ی پاڵەوانی بەناوبـانگی توووران بەدەســتی ڕۆسـتـەم دەکـوژرێ، لەشـکری توووران تێکدەشکێ و ئەفـراسـیـاب

هەڵدێ و فـەرمـان دەداتـە پیـران کـە خـەسـرەو بکوژێ. پیـران پێـشنیـاز دەدا بە ئەفراسیاب کە لە کوشتنی خەسرەو پەلە نەکاو بینێرێتە خوتەن تا کەس پێ نەزانێ و ئەوکارە سـەردەگرێ. ڕۆستـەم بەسـەرکەوتوویی دەچێتە نێو خـاکی تووران و حـەوت سـاڵان لەوێ پـادشـایەتی دەکـا و دەگـەڕێتـەوە ئێـران. کەیخـەسرەو بێـدەنگ و ناو لە خـوتەن دەژی و لە ئێران کـەس ناوی نابا. سـەرەنجام گوودەرز دەخـەوێی دێ و گیـوی کوڕی بەداوایدا دەنـێرێ. گیـو حـەوت سـاڵان لە وڵاتی توورانـدا بەدوایـدا دەگـەڕێ تا دەیبینێتەوە و پاش گێرەکێشـەی زۆر دەیهێنێتەوە ئێران و هـەرتک لەلایەن شـاوە ڕێزی زۆریان لێ دەگیرێ. بێگومـان کـەیکاووس بـەتەمـایە کـەیخـەسرەو بکاتە جێنشـینی خۆی، بەڵام تووس پێی خۆشـە فەریبورزی کوڕی کەیکاووس لـە جێگای باوکی لەسـەر تەخت دانیـشێ. جـا بڕیار دەدەن هـەرکـام لـەو دووانە قـەڵای بەهمـەن بگرێ ببێـتـە جێنشـینی کەیکـاووس. قەڵای بەهمـەن قـەڵایەکی ئەفسووناوی و زۆر قایم و خـاوەنی برج و حـەسـاری خـۆڕاگر و شـوێنی بتپـەرسـتـان بووەو خـەڵکی ئاسـایی دەسـتـیـان وێرانەگـەیشـتـووە. فـەریبـورز سـەرەڕای یاریدەی تووس و پاڵەوانـانی تر قـەڵاکـەی پێ ناگیرێ و بەهەناسـەساردی دەگەڕێتەوە، بـەڵام کەیخـەسرەو مـەردانە دەچێتـە پێش و قـەڵاکـە دەگرێ. کـاووس شـا ئەوی لەسـەر تەختی دادەنێ و بـۆ خـۆی لە پادشـایەتی دەکشێتەوە.

کـەیخـەسـرەو سـوێندێ دەخـوا تـۆڵەی سـیـاووشی لە ئـەفـراسـیـاب بکـاتەوە و بۆ جێـبـەجـێکردنی ئەو سـوێندەی لەشکرێکی گـەورە دەنێـرێتـە سـەر تووران. پیـاوێکی پارێزکارو شەڕکەر بەناوی هوم، ئەفراسیابی دەگرێ و دەیداتە دەستی کـەیخەسرەو. سەرەنجام کەیخەسرەو بەئاواتی خۆی دەگاو ئەفراسیاب و گەرسیووز دەکوژێ. پاش گرتنی خاکی تووران و کوشـتنی هەمـوو پاڵەوانەکانی لوهراسـبی دەکاتە جێنشـینی خۆی و لە ڕۆژێکی کرێوەدا لە ڕۆهـەڵاتی ئێـران ون دەبێ و ئیـدی کـەس نایبینێتـەوە. حەمـدوڵڵا موسـتەوفی بە کەلک وەرگرتن لە شانامـە ماوەی پادشـایەتیی کەیخـەسرەو بە شـێست سـاڵ دەزانێ. فرووودی برای کـەیخەسرەو کە لە (جـەریرە)ی کـچی پیـران وەیسـەیە دەبێتـە یەکێک لە پاڵەوانە ئازاکانی لەشکری تووران و بۆخـۆی و دایکی لەو شەڕەیدا بەکوشت دەچن، کە ئەفراسیاب و گەرسیووزی تێدا گیران و کوژران.

٥- لوهراسب (ئەئووروەت ئەسپە-  Aurvet Aspa )

لەباری مێژووییدا نێوانێک هەیە لە کەیخەسرەورا تا لوهراسب کە سەرەڕای خۆ ماندووکردنی پەهلەوی نووسان پڕ نەکراوەتەوە. خۆماندووکردنی شانامە وێژانیش ئەو نێوانەی بەڕوونی بۆ پڕ نەبووەتەوە، لە یەشتی پێنجەمدا جارێک باسی کەوی لوهراسب دەکرێ. زەردەشت پەسنی ئیزەدی ئاناهیتا دەکا و داوای لێ دەکا ئەوی (زەردەشت) سەرکەوێنی تا کەوی ویشتاسپی کوڕی دلێری ئەئووروەت ئەسپە بێنێتە سەر دینی باش و لەو کارەدا سەردەکەوێ. لە ئاوێستادا نیشانەیەکی تر لە لوهراسپ نییە. وێدەچێ ئەو گێڕانەوانەی لەسەر لوهراسب لە نامەکانی پەهلەوی و گێڕانەوەی مێژوونووسانی ئیسلامی و شانامە ماوەتەوە بەشێک بێ لەو وێنانەی دوایی کە بۆ پڕکردنەوەی ئەو نێوانە ساز کراون.

نامەکانی پەهلەوی ڕەچەڵەکی لوهراسبیان ئاوا هێناوە؛ لوهراسب، کوڕی ئووز (uz)، کوڕی مەنووش، کوڕی کەی پی سین، برای کەی ئووس (کەیکاووس). بەڵام لە دینکورددا بە گێڕانەوە لە بەشیکی ونبووی ئاوێستا ئاوا هاتووە کە لوهراسب پێش گەشتاسب پادشا بووە و پیاوێکی بەپارێز و ئاکارباش و دیندار بووە. بەکورتی شانامە دەڵێ؛ کەیخەسرەو دەستی لە پادشایەتی کێشاوە لوهراسبی بانگ کردو لەجێی خۆی دانا، ئەو یەکێک لە مەزنزادان بوو کە سەرنجی کەیخەسرەوی ڕاکێشابوو. کەس پێی وانەبوو دەبێتە شای ئێران. هەربۆیە مەزنانی وڵات دژی پادشایەتیی ئەوی بوون. زاڵ بەگومانەوە باسی ناو و ڕەچەڵەک و هونەرەکەی دەکات بەڵام کەیخەسرەو زاڵ دڵنیا دەکاتەوە کە لوهراسب لە ڕەگەزی کەیان و لە پشتی کەیقوباد و نەتیجەی هۆشەنگە و لە هونەری شەڕ و وڵاتداریدا دەستی باڵای هەیە. کە هەواڵی ونبوونی کەیخەسرەو بڵاو دەبێتەوە لوهراسب بەفەرمی لەسەر تەختی دادەنیشێ و ئەوجار لە هیند و چین و ڕۆم ڕا هونەرمەندو کرێکارانی لێزان دێنێتە بەلخ و پیشەو زانست و هونەری گەلانی تر لە ئێراندا برەو پێ دەدا. پاشان تانج و تەختی شایی بە گەشتاسب دەسپێرێ و بۆ خۆی خەریکی نوێژان دەبێ. شانامەو زۆربەی مێژوونووسان ماوەی پادشایی لوهراسب بە سەت و بیست ساڵ دادەنێن.

سی ساڵ لە دەستپێکردنی دوورەپەرێزیی لوهراسب لە نەوبەهاری بەلخ تێدەپەڕێ. گەشتاسب بەبۆنەیەک لە پێتەخت دوور دەکەوێتەووە. ئەرجاسب خاوەنی خەیوونان

ئەو دوورییــە بەهەڵ دەزانێ و لـە ناكـاوڕا بەلەشـكرێكی زۆرەوە هـەڵدەكـوتێـتـە سـەر ئێران و دەسـت دەكەن بەشـەڕ. لوهـراسب كـە لە ئازایەتی و شـەڕكـەریدا بەنـاوبانگە وەخـــۆدەكـــەوێ و ســـەرەڕای پیـــری تـەنگ بـەتوورانـیـــیـــان هـەڵدەچنـێ. (هـەرەم)ی سپاسـالاری توران كە دەبینێ هیچكام لە پاڵەوانـانی وڵاتەكەی بـەتەنێ بەلوهـراسب ناوێرن، فـەرمـان دەدا هـەمـوو پێكەوە لـە ناكـاو هێـرشی بكەنە سـەرێ. شـەڕكـەرانی توران بەگـەیشـتنی ئەو فـەرمـانە لوهـراسپی دەنێـو خـۆیان دەگـرن و بە تیـرەبـارانی توندو خێرا دەیكوژن.

٦- گەشتاسب (كەوی ویشتاسپە Kavi Vishtaspa)

لە ئاوێسـتـادا و بەتایبـەتی لە گـاتەكـاندا باسـی گـەشـتـاسب كراوە كـە پادشـای ناوچەی باخـتـەری ئێـرانە. زەرتۆشـت لە سـەردەمـی ئـەودا دەبێـتـە پێـغـەمـبـەر. ئەو و وەزیـرە زانایـەكـــەی، جـــامـــسـپ، دێنە ســـەر ئایـنـی زەردەشت و دەبنە لایـەنگری توندوتیـژی. لە بنەمـاڵـەی گـەشـتـاسب، وەك ئیـسـفـەندیار و پەشـــووتەن و زەریری كوڕیشی لـەلایەنگرانی بەسـۆزی زەردۆشت بوون. هـەر بۆیە باسـی وی لە ئاوێسـتـا و سـەرچاوە پەهلەوییـەكان، شانامـەو مێـژووە ئیسـلامـییـەكاندا لە شـایەكانی تری ئەو زنجیرە زیاتر كراوە. ناوی ئەو پادشایە لە پەهلـەویدا بە كەی وێشتاسپە (Kai Vesh-taspa) هـاتووە.

سـەعـالیبی لە كتێبی (غرر اخبارالملوك الفرس وسیرهم وەرگێڕاوی Zotenberg، بۆ زمـانی فـڕانسـە، لاپـەڕەی ٢٢٤، ) دەڵێ: (زەرتۆشت كـتـێـبێكی بۆ گـەشـتـاسپ هێناو كوتی لە خواوە بۆی سەرۆ كراوە. ئەو كتێبەیان لەسـەر دە هـەزار پێستە گا هـەڵقەند و بەتوێژێكی ناسكی زێڕ خـەتەكانیـان پڕكردەوە. گـەشتـاسپ كتێبەكـەی بۆ پاراستن لە قەڵای ئیستـەخر داناو بە مـۆئبیدان مۆئبیدی ئەسپـارد و فێركردنەكەشی بە خـەڵكی ئاسایی ڕێ نەدا.

كـتـێبی (تاریخ بلعمی بەتصحیح ملك اشـعراء بهار) لە لاپەڕەی ٦٥٧ی دەنووسێ: گەشتـاسپ فـەرمـانی دا دوازدە هـەزار گایان كەوڵكردن و كـەوڵەكانیـان خـۆشكردن و نووسـەرانی دانان، تا ئەوەی زەردەشت دەیكوت لـە حاسـمـان ڕا بۆی بەسـەرۆهـاتووە، تۆمـاری كەن و بـەئاوی زێڕ لەسـەر ئـەو پێسـتـە گایانـە نووسیـانەوە و كـردیە پەڕپەڕ و كـتـێبی لێ سـازكردن و قـسـەكـانـی وییـان لەو هـەمـوو كـەولانە بەئـاوی زێڕ نووسین.

هەمووی فێری خەڵک کردن و خەڵکیشی بۆ فێربوونی هاندان و لەو قسانە ئەوڕۆ هەندێک لەدەست موغاندا ماون و دەیخوێننەوە و دەیزانن.

لە یەکەمین بەشی گاتاکاندا دەخوێننەوە کە زەردەشت داوا دەکات کە نیازی وی (زەردەشت)و ویشتاسب – بەبێ هەبوونی پێشناوی کەوی – بەجێ بگا. بەڵام لە جارەکانی تردا زەردەشت پێشناوی کەویی لێ زیاد دەکا و ئەوە نیشانەی وەیە کە ویشتاسب هاتووەتە سەر ئوولی یەکخوا پەرستی بووەتە یاریدەدەری ئەو ئاینە. ویشتاسب سەرەڕای هەبوونی پلەی پادشایەتی، هەروەک کۆمەڵانی خەڵکی کە هاتوونە سەر ئاینی یەکخواپەرستی، دینی باشی پەسند دەکاو چونکە ئەو کارەی بەپێی بنەماکانی ئامۆژگارییەکانی مەزدایی لە ڕووی ویست و پێخۆشبوونەوە دەکا. هاوڕێ لەگەڵ زەردەشت لە بڵاوکردنەوەیدا تێدەکۆشێ. لە یەسنادا چەندجاران باسی کراوە کە هەمووی لەسەر ئیمانی وییە. ویشتاسب بۆ پەرەپێدانی دینی تازە تێدەکۆشێ، قوربانی دەکا بۆ ئیزەدی ئەناهیتاو ئارەزوو دەکا بەسەر دوژمنانی سەرسەختی خۆی تژیونت و ئەرجاسب و پەشەندا سەرکەوێ و لەو بوارەشدا سەرکەوتن وەدەست دێنێ. بەپێی گێڕانەوەی یەشتی نۆیەم، لە حاست چۆمی دائی تیا (Daitya) قوربانی پێشکێشی ئیزەدی (دەرواسپە Dervaspa)، ئیزەدی پشتیوان و پارێزگاری ئاژەڵان، دەکاو داواکارە بەسەر (ئەشتەئەوروەنت Asta Aurvant) و (دەرشی نیک Darshinik)دا کە لە دیویسنان و درۆپەرستانن سەرکەوێ. دیویسنانی تر وەک (سپین ج ئووورووشک) و ( ئەرجەت ئەسپ)ی لە گۆڕەپانی شەڕدا لە هەردی دا و دوو خاتوونی ئێرانی (دوو کچی خۆی (هوما و بێە ئافەرید) کە پاش کوژرانی لوهراسب بەدیلی کەوتبوونە دەستی ئەرجاسب) و لە وڵاتی (خیەئۆنان Khyaona) ڕاگیرابوون، ڕزگار کاو وڵاتی خیۆنییەکان ویران بکا و هەزار کەسیان لێ بکوژێ و ئیزەدی دەروو ئەسپیش سەرکەوتووی کا. (خیەئۆنان یا هیەئۆنان hyaona) دەستەیەک لە (توورانی)یان بوون کە باکوری ڕۆئاوای ئێران نیشتەجێ بوون. لە سەردەمی ویشتاسب دا ئێرانییان لەگەڵ ئەو تاقمەدا شەڕی زۆریان کردن. کە بەشەڕی ئاینی بەناوبانگن. شانامەش وشەی خیۆنی بەکار هێناوە. لە یەشتەکاندا ئەرجاسب بە خیە ئەنی ناو براوەو بێگومان تایفەکەشی خیۆنی بوون. لە یەشتی نۆزدەهەمی نامەکانی پەهلەوی هەمووی ئەو پاڵەوانانەی شەڕی ڕکەبەریی ئاینی، کە

ویشتاسب و ئەسفەندیار و پاڵەوانەکانی دی کە لەگەڵیان لە شەڕدا بوون، بە خێۆن ناو براون. لە گێڕانەوەکانی دەری و ساسانی هەندێک هۆزی زەردپێستی باکور بەخێۆن ناودەبرێن. مێژوونووسی ڕۆمی، (ئەمیانووس مارسێلینووس Amianus Marsellinus)، باسی خیۆنان و شایەکەیان گرووماتێس دەکا کە لەگەڵ شاپووری دووهەم شەڕی زۆریان بووە.

بەڵام سەبارەت بە گێڕانەوەکانی پەهلەوی، بەپێی ڕوونکردنەوەی دینکورد، یەکێک لە بەشەکانی ونبووی ئاوێستا کە بە(ویشتاسب ساست نەسک - vishtasb sast nask) ناودەبرێ، بەسەرهاتی ئەو پادشایە و خووخدەی تێدا نووسراوە. بێگومان چوونی ویشتاسب بۆ سەر دینی زەردەشت بۆ دینداران و پێشەوایانی دینباشان بابەتێکی زۆر سەرنجڕاکێش و پڕ لە شانازی بووە. لە سێ ئاورگەی بەناوبانگی ئێران، دوویان پێوەندییان هەیە بە ویشتاسب، یەکەمیان ئاورگای شاهەنشاهی یا (ئاتور گوشەسب)ە کە کەیخەسرەو لەسەر کێوی (ئەسەنوەند Asanvand)ی سازکردووە. دوو ئاورگەکەی تر برێتین لە (ئاتوور فەربەغ Atur farbagh) یا ئاگری مۆئبێدان و (ئاتوور بەرزین مەهرAtur barzin mahr) کە لەنێو ساسانییاندا ناوبانگیی زۆریان هەبوو. ئەو دوو ئاورگەی دوایی، ویشتاسب سازی کردوون. بەپێی گێڕانەوەی بەندەهێشی ئێرانی و هیندی، جەمشید (ئاتوورفەربەغ)ی لەسەر یەکێک لە کێوەکانی خوارەزم ساز کرد، بەڵام لە سەردەمی ویشتاسبدا بەفەرمانی وی ئەو ئاورگەیە سەرلەنوێ لەسەر کێوی ڕۆشن (Roshn) هەڵکەوتوو لە کابول ساز کرایەوە و ئاگری تێدا کرایەوە و ئەو بینایە هێشتاش لەوێ ماوە.

لە ئاوێستادا باسی کوڕانی زۆری ویشتاسپ کراوە و دوو لەوان ئیسفەندیار و پەشووتەن بەتایبەتی جێگەی ئیحتوبار و سەرنجن. هەروەها لەو سەرچاوانەدا (ناویدو) و (هۆمای) کچی یا (هوما) و ئەریز کەنا (بێه ئافەریدی شانامە) ناو براون. بە گێڕانەوەی ئاوێستا، (هووتاسا Hutasa)ی هاوسەری لە بنەماڵەی نەوذەرە. ئاوێستا باسی گەورەیی و پیاو چاکی و دلێری و جوامێریی ناوبراو دەکا.

زەردەشت پێغەمبەری ئێرانی لە سێیەمین ساڵی پادشایەتی گەشتاسپ، لە ئازەربایجان ڕا دێتە لای و دینی خۆی ڕادەگەیێنێ و ئاوێستای پێشان دەدا کە لەسەر پێستی گا نووسراوە و شا بە ڕاوێژی جاماسبی وەزیری زانای، پاش چەند

تاقیکردنەوەیەک، دێتە سەر دینەکەی. بە وتەی مێژوونووسانی جێ باوەڕ – کە ناویان لە بەسەرهاتی زەردەشتدا دێت، ئەو ڕووداوە ٦٥٠٠ ساڵ پێش زاین بووە.

ئیسفەندیار (سپێنتۆداتە Spentodata)

لە ئاوێستادا لە دوو جاران زیاتر ناوی ئەو پاڵەوانە بەناوبانگە نەهاتووەو هیچکامیشیان ئاماژەیەکیان بە بەسەرهاتەکانی دوایی ئەوی نەکردووە. سەرەڕای ئەوەش، یەکێک بووە لە پاڵەوانە بەناوبانگەکانی ئێران و لە قارەمانانی شەڕی ئاینی بووە کە بۆ بڵاوکردنەوەی دینی باش (دین بهی) ڕوویان داوە. لە سەرچاوەکانی باسکراوی ئاوێستادا نازناوی تەخمە (Takhma) واتە دلێری دراوەتێ و هەرچەندە لە گێڕانەوەکانی دینیی پەهلەویدا بەسەرهاتێکی نووسراو و بەرچاوی لەسەر نییە.

ئیسفەندیار چوار کوڕی هەبوون: (وۆهوومەنە Vohumanahی ئاوێستاو بەهمنی شانامە و وەهمەنی پەهلەوی)، دووەمیان (مێهرنووشە) کە گۆڕاوی (مێهر تەرسە) یە و سێیەمیشیان (نووش ئاذەرە) کە گۆڕاوی (ئاژەرتەرسە) یە. شانامە ناوی کوڕی چوارەمی تەنیا جارێک و ئەویش بە (ئاذەر ئەفرووز تووس) هێناوەو ئیدی باسی نەکردووەتەوە. ئیسفەندیار وەک شانامە دەڵێ – کە وەک پێشتر لە پێشەکیدا باسم کرد زۆر بۆ باوەڕپێکردن نابێ – بەدەستی ڕۆستەم دەکوژرێ و ئاذەرتەرسە و مێهرتەرسەش بەدەستی زوارەی برای ڕۆستەم و فەرامەرزی کوڕی ڕۆستەم بەکوشت دەچن و پاشان گەشتاسب بەمردنی کوڕەکەی پەژارە دایدەگرێ و دەست لە پادشایەتی دەکێشێتەوە و بەهمەن لە جێی خۆی دادەنێ.

لە نامەکانی پەهلەویدا وەهمەنی کوڕی ئەسفەندیار خاوەنی گەورەیی و گرینگیی ئوولییە و بەنووسراوەی دینکورد، وەهمەنی کوڕی ئەسفەندیار یەکێک بووە لە خوتا (پادشا)یانی ئێران و شایەکی دیندار، تێکۆشەرو پڕکارو لە مەزدا پەرستانی خاوەن بڕوا بووە. لە بەهمەن یەشتدا بەهمەن بەئەردەشیر ناوبراوە. بە وتەی شانامە، بەهمەن ڕۆستەم و فەرامەرزی کوڕی ڕۆستەم و زۆر لە پاڵەوانانی زابولستان دەکوژێ و زۆران بەدیل دەگرێ و پاشانیش پادشایەتی دەدا بە هومای کچی کە زگی دەبێ و وەسیەتێ دەکا پادشایەتییەکە ببێتە ئی ئەو کوڕەی کە لەو کچەی دەبێ.

بەقسەی هەندێک لە مێژوونووسان پێتەختی بەهمەن شاری بەلخ، تەمەنی سەت و

دوازده ساڵ و ماوەی پادشایەتییەکەی هەشتا ساڵ بووە. دەڵێن دانیالی نەبی لە کاتی پادشایەتیی بەهمەندا بووە بە پێغەمبەر.

٧ و ٨- هومای چێهرزادو داراپ

لێرەدا دەچینە سەر گێڕانەوەی شانامەی فیردەوسی، تا ڕوونی کەینەوە ئەو شاعیرە نەتەوەپەرستەی فارس، کە زۆران بەداخەوە بەبێ سەرنجدان بە دەست تێوەردان و ساختەکارییەکانی و بەبێ ئاگەداری لەوەی کە چیرۆکەکانی شانامە و تەنانەت ئاسەواری زانایانی ئیسلامی پێش یا پاش فیردەوسی، وەک تەبەری و... چەندە کەوتوونە ژێر کار تێکردنی گێڕانەوە پێچەوانەو نادروستەکانی یەهوودی و ئاسۆڕی، بە سەرچاوەیەکی مێژووی کۆنی دەزانن، کارەکەی بە ئاشکرا پڕە لە ساختە و شتی پێچەوانەی یەک و نادروست لەسەر ئەو بەشە تەماوییەی مێژووی ئارپاییەکان.

فیردەوسی دەڵێ ئیسفەندیاری کوڕی گەشتاسپ، داوای لێ دەکرد تا دەست لە پادشایەتی هەڵگرێ و تانج و تەختەکەی بداتێ. گەشتاسپ کە بەوەی ڕازی نەبوو، بۆئەوەی کوڕە پاڵەوانەکەی لە کۆڵ خۆی کاتەوە بەدەهۆ ناردیە شەڕی ڕۆستەم و ئاوا بەکوشتی دا. پاشان پەشیمان بۆوەو بەهمەنی کوڕی ئەسفەندیاری لە جێی خۆ دانا. هەر وەک لەسەرەوە باسمان کرد بەهمەنیش هومای کردە جێنشینی خۆی. کە هوما دێتە سەرتەخت، ساسانی برای بەجێی دێڵێ و دەچێتە نەیشاپوورو ئیدی هەرگیز ناگەڕێتەوە بەلخ و ئیدی هیچ ناوێکیش لە خوشکی نابا. هوما دەستیکرد بەدادگەری و شاری ئاوەدان کردنەوە. کە کوڕەکەشی بوو لەو ترسەی نەکا مەزنان شایەتییەکەی لێ بستێننەوە، بە شەو کوڕەکەی دەگەڵ هێندێک زێڕ و زێو دەسندووقێکی نا و سندووقەکەی قیر داداو بەدیجلەی داهێشت و بەخەڵکی کوت منداڵەکەم لەبەر چووە و خەڵکیش باوەڕیان پێ کرد. ئەو سندووقە، جلک شۆرێک لە ئاوێی گرتەوە و کوڕەی ناو نا داراپ و بەخێوی کرد. داراپ هەڵی داو فێری سواری و تیرهاویشتن بوو و بووە کوڕێکی ئازا. شانامە و تەبەری دەڵێن ڕۆژێک داراپ جلک شۆرەکەی هەڵدەپێچێ کە دایک و بابی ڕاستەقینەی پێ بناسێنێ و ئەویش ناچار باسی سندووقەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. داراپ شمشێر و مەتاڵێک وەدەست دێنێ و بەرەو بەلخ وەڕێ دەکەوێ. لە ڕێدا تووشی ڕەشنەوادی سەرداری ئێرانی دەبێ کە بەفەرمانی




نەخشەی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی، نێوانی دیجلە و بەڵخمان
بە ◀———▶ نیشان کردووە

هوما دەچێتە شەڕی ڕۆم. ڕەشنەواد لە خەودا دەبینێ کە داراپ شای ئێرانە، جا ئەسپ و جلکێکی لەباری دەداتێ و ڕەگەڵ خۆی دەخا. داراپ لە شەڕدا زۆرئازایەتی دەنوێنێ کە دەبێتە هۆی سەرسووڕمانی ڕەشنەواد و پاڵەوانانی لەشکر. لە ڕێی گەڕانەوەدا ڕەشنەواد چیرۆکی داراپ و سندووقەکە بە نامەیەک بە هوما ڕادەگەیێنێ. هوما دارابی لە ڕێورەسمێکی تایبەتدا دەباتە بارەگا و باری عام دەدا و بەخەڵکیی دەناسێنێ و پاشان لەسەر تەختی پاشایەتی دایدەنێ و لە ترسی تۆڵە، دەیەوێ لە کوڕەکەی دووربێ و داوای لێ دەکا فەرمانڕەوایی پارسی بداتێ. دارابیش پارس دەداتە دەست دایکی. هوماش تادەمرێ پارس بەدادپەروەری بەڕێوە دەبا. ماوەی پادشایەتی هوما بەسەر ئێراندا سی و دوو ساڵ بووە و لە هەشتا ساڵیدا مردووە. داراپ ئەوجار پارسیش دەگرێتە دەست خۆی و پێتەختەکەی دەگوێزێتەوە وێندەرێ و بەسەرپارس و بەلخدا پادشایەتی دەکا. هەروەک لە پێشەکیدا باسم کرد ئەو بەلخە لەلای سەرچاوەی دیجلە و لە ڕۆئاوای ئێران هەڵکەوتووە و نابێ لەگەڵ شاری بەلخی ئێستا لێمان تێکچێ کە لە ئەفغانستانە. شانامە بەهمەن بەهۆی

ناوەکــەی دەکــاتە (ئـەردەشـیـری درازدەست) و دارابـی نەوەشـی دەکــاتە داریـووشی هەخامەنشی و ئەو بـەشـەی ئەوەندە لە ڕاستی بەدوورە کە درێژە پێدانـەکەی پێویست ناکات، بەڵام وەک لـە پێشـەکیـدا باس کـرا، پێویسـتـە هـەر بۆ ڕوونکردنەوە، سـەرنج بدەنە ئەو خاڵانەی خوارەوە:

١- بەپێی ئەوەی کە زەردەشت پێغەمبەری ئێرانی لە سێیەمین ساڵی پادشایەتی گەشتاسپ، دەچێتە لای و ئاوێستای بۆ دەبا، بوونی گەشتاسبی باپیری بەهمەن، دەگـەڕێتـەوە بۆ نیـزیکەی ٦٥٠٠ ســاڵ پێش هاتنە ســەرکــاری کــووروٚشی دامەزرێنەری زنجیرە پادشایانی هەخامەنشی، کە وابوو نەوەی گەشتاسب چۆن دەتوانێ دوای نیزیکەی زیاتر لە ٦٠٠٠ ساڵان، ببێتە ئەردەشیری درازدەست؟

٢- ئەگــەر هومــا پادشــای پارس و بەلخی ڕۆهەڵاتی ئێــران بووە، خــۆ دیجلەی لەبەردەستدا نەبووە، تا بەدزی بتوانێ سندووقی کۆرپە ساواکەی تێ باوێ.

٣- هوما ئەگەر هەر پادشای پارس و بەلخی ڕۆهەڵاتی ئێران بووبێ، سنووری زۆر لە ڕۆم دوور بووە، چۆن بەســەر خــوراســان و مــازەندەران و ئازەربایجــان و ئەرمەنستاندا لەشکرەکەی بردووەتە شەڕی ڕۆم؟

٤- بەلخی لای ڕۆهەڵاتی ئێران کە ئێستا شارێکی ئەفغانستانەو لەسەر چۆمی ئاموودەریا هەڵکەوتووە، ئەگەر پێتەختی هوما بووبێ، زیاتر لە ٥٠٠٠ کیلۆمەتری هەوایی بەهێڵی ڕاست لە دیجلە دوورە. خۆ ئەگەر هوما فڕۆکەی تایبەتیشی هەباو سندووقی کورەکەی پێ بردبا لێواری دیجلە (بۆ وێنە لای خاپوور)و ئەگەر هەر لەوێ شوێنی نیشتنی فڕۆکەکە لەسەر لێوار چۆمیش با، هێشتا نەیدەتوانی پێش ڕۆ هەڵاتن بگەڕێتەوە بەلخ و بەخەڵک بڵێ کورەکەی لەبەرچووە. سەرنج بدەنە نەخشەی لاپەڕە (٢١٣).

## دینی ئارياييیەکان لە سەردەمی (کەیانی)یان

ئاریاییـیەکان لە سـەردەمی وێداییدا خاوەنی بیروباوەڕی ساکار بوون. ئەوان زۆرتر دیاردە سروشتییەکانی وەک ڕۆژ، مانگ، ئەستێرەکان، ئاسمان و کازێوەیان دەپەرست و قوربانییان بۆ دەکردن. بوونەوەری بەکەلک و تیشکداریان بە (دئوێوا Duevas) واتە شتی تیشکدەر ناودەبردن و خوا گەورەکانیان ئەوانە بوون:

١- ئیندرا (خوای برووسکەو شەڕ)
٢- واروونا (خوای حاسمانی پڕ ئەستێرە)
٣ میترا (خوای خۆر)
٤- ئاگنی (خوای ئاگر)

پاشان لە سەردەمی (کەیانی)یاندا یەکخواپەرستی بە داهاتنی دینی زەردەشت دەستی پێ کرد کە لەسەر سێکوچکەی ئاکاری باش و هزری باش و ڕەفتاری باش دامەزرابوو. لەو دینەدا دوو هێزی چاکە و خراپە لە شەڕێکی بێ پسانەوەی بێ ئامسانی بێوچاندان، تاسەرەنجام بە سەرکەوتنی هێزی چاکە کۆتایی پێ دێ. ئەو دینە زەردوشتر (زەردەشت)ی پێغەمبەری ئاریان هێنابووی. ئەو پێغەمبەرە کوردڕەگەزە نیزیکەی ٦٥٠٠ ساڵ بەرلەزاین، لە دەوری گۆلی ورمێ لەدایک بوو. ئێمە بەوردی لە بەشی دین لە کوردستاندا دەچینەوە سەری.

## گێژنەکان:

١- نەورۆز: نەورۆز یەکەمی فەروەردینە کە ناوی هورموزدە و بەناوی پاکی ئەهوەرامەزدایە. دەڵێن جەمشید دایناوە. فەروەردین مانگی پاکانە. لەو مانگەدا فەرووهەر (ڕەوان)ی پاکان بۆ دیتنی کەسوکاریان دێنەوە سەرزەوی. بۆ پیرۆزی لە شەوی نەورۆزدا ئاگریان دەکردەوە و بەبۆنەی ڕێزدانان بۆ حەوت ئەمشاسپەندان سفرەی حەوت سینییان ڕادەخست.

خودانامەی پەهلەوی لەمەڕ نەورۆز دەنووسێ: (جەم فەرمانی دا بەدێوان کە تەختێکی سازکەن. کە تەختەکە ساز بوو لەسەری دانیشت و دێوان خستیانە سەر شانیان و لە دەماوەندڕا بردیانە بابل. خەڵک بەدیتنی وی کە لەسەر تەختی خۆ وەک ڕۆژێ دەدرەوشاوە سەریان سوورما و وایانزانی کە ڕۆژی ئاسمانە و لە ڕۆژێکدا دوو خۆر لە حاسمان دەرکەوتوون. ئەو ڕووداوە لە هۆرموزد ڕۆژ واتە یەکەم ڕۆژی خاکەلێوە رووی داوە. بۆیە خەڵک لە دەوری کۆ بوونەوە و هەمووان کوتیان ئەوە ڕۆژی نوێ یا نەورۆزە).

لە کۆنەوە بیستوومانە کە جەمشید گێژنەی نەورۆزی داهێناوە. هەرچەندە سەرەتای ساڵی ڕۆژی بەرابەرە بە تەحویلی ڕۆژ بەبورجی (حەمەل) و لە ساڵی

٤٧١ی کۆچی حەکیم عومەری خەییام دایهێناوە، بەڵام ناوبراویش دەڵێ داهێنەری ئەو گێژنە جەمشیدە. پێش (ساسانی)یان سەرەتای ساڵ لە ڕەزبەرەوە بە گێژنەی مێهرەگان دەستی پێ دەکردو پێی دەکوترا نەورۆز.

شانامە دەنووسێ؛ کاوەی ئاسنگەر هەستاوە، زەححاکی کوشت و فەرەیدوونی کردە شا. (حەکیم عومەری خەییام) لە نەورۆزنامەی خۆیدا دەنووسێ: (ئەو ڕۆژەی فەرەیدوونی کورد زەححاکی بەدیل گرت و ئێرانییانی لە شەڕی وی ڕزگار کرد، ئێرانییان کردیانە گێژنە.

لە سەردەمی کۆندا حیسابێکی ورد دەکاردا نەبوو. گێژنەی سەرکەوتنی فەرەیدوونیان بە ٢١ ڕۆژ پێش سەری ساڵ دەزانی لە بەرانبەر ڕاگوێستنی نەورۆز بۆ خاکەلێوەدا گێژنەی توولدانیشیان خستە مانگی ڕەشەمە واتە ٢١ ڕۆژ پێش نەورۆز. چونکە ساڵنامەکانی پەهلەوی گێژنەی گەورەی مێهرەگان بەبۆنەی سەرکەوتنی فەرەیدوون بەسەر زەححاکدا دەزانن، دەتوانین بڵێین لە ئاکامی ڕابووردنی زەمان و گۆڕانی کاتی گێژنەی سەری ساڵ لە بەرپاکردنی ئەوگێژنە نەتەوەییەی کوردیشدا ئاڵوگۆڕ پێکهاتووە ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بە بۆچوونێکی بەهێز لە دەوری خەرمانان و ڕەزبەر بۆ گەلی ئاریانەکان ڕووی داوە.

٢- (سەدە)، (دەرامەزینان)، توولدان یا گێژنەی کوردی:

نووسەری کتێبی کوردستان، عەلی ئەسغەری شەمیمی هەمەدانی دەنووسێ: (لەنێو کوردەکانی باکوری ئێران گێژنەیەکی کوردی باوە کە بە ڕێورەسمێکی تایبەت بەیادی لاچوونی ستەمی زەححاک و گرفتاربوونی بەدەستی فەرەیدوون دەگیرێ....)

لە کوردستانی (بندەستی) تورکیا، ئەو گێژنەیان دەگرت و پێیان دەکوت توول هلدان واتە تۆڵەکردنەوە. دەکرێ بڵێین ئەوە ڕۆژێکە کە کوردان تۆڵەی خۆیان لە داگیرکەرانی تانج و تەختی گەلی خۆ کردووەتەوە. پاش ئیسلام بۆ ئەوەی دەگەڵ دین یەک بگرێتەوە ناوی خدری (نەبی)یان لێ ناوە. وایان داناوە کە لە شەڕی تۆڵەدا خدری زیندە هاتووەتە یاریدەیان.

لەو شەوەدا لە هەر ماڵێک دوو چرا هەڵدەکران و تا بەیانی نەیاندەکوژاندەوە تا ئەو سەری ماڵیان بداو بە پێی پیرۆزی بەرەکەتیان پێ ببەخشێ. ئەرمەنییانی هاوخاکی

کـوردانیـش ئەو دابە هـەر لەو ڕۆژەدا بەڕێوە دەبرد. ڕۆژ ئەژمــێـرەکـانی هـەرمــەنی ئەوگێژنەیان بە(دیانت ئارا ج)و خەڵکی ئاسایی بە (طرانداز) ناو دەبرد و بە گێژنەی ئیزەدییەکانی کوردیان دەزانی.

ئیـزەدی هۆزێکی کـوردن کـە لە هۆزەکـانی تر زیاتر لەسـەر باوەڕی کـۆنی خـۆیان مــاونەوە. کـوردەکـان پێـیـان دەڵێن (ئێـزدی)و گـەلانی تر بەهـەڵە بە (یەزیدی )یان ناودەبەن. ناوەندەکەیان نـاوچەی سنجـارە. سنجـار لە باکوری ڕۆژئاوای مـووسـڵـە و یەکێکە لە قەزا (بەخش)ەکانی سەربە ئەو پارێزگایە. کوردەکان (شەنگار)ی پێدەڵێن. قـامــووسـی کـتـێـبی پیـرۆر بابل بە شنـغـار و ناوی شـوێنی (نەمـروود) دەزانێ. لە کوردستـان لەو شـەوەدا هـەر کـەسـەی لە سـەربانی مـاڵی خـۆی یا لە شـوێنێکی بەرز ئاگـری دەکـاتەوە سـەری داری درێژ و ئـیـشـک بـە نەوت یا ڕۆنی گـەرچـەک دەکـەن و ئاوری تێ بـەردەدەن و سـەرەکـەی تری بەدەسـتـەوە دەگـرن و هـەڵی دەسـووڕێنن. بەو جووڵانەوانەڕا دەردەکەوێ کە شۆڕشێک لە دژی زەحـحاک بـەرپا بووە، ئاگرکردنەوەی سـەربانان و هـەڵسـووڕاندنی داری سـەر بە ئاگـریش نیـشـانەی ئەو شـۆڕشـەیە. ئاگـرکـردنەوە لە شـوێنی بەرز بۆ ئاگەدارکـردنەوەی یەکـتـری لە کـۆنەوە کەلکی لێ وەردەگـیـرا، ئەمن بـۆ خـۆم دیتـوومـە لەلای لاجـانێ بۆ ئاگـەدارکـردنـەوەی خـەڵک لە دیتـرانی مــانگ بۆ گـێـژنەی ڕەمـەزانێ لە بەرزاییـیـەک لـە داوێنی قـەندیل ئاگـریان دەکردەوە کە لە هەموو ناوچەڕا دیاربوو.

(موریە) نیـزیکەی ٢٠٠ سـاڵ پێش ئێستا دەنووسێ: (لـە ڕۆژی ٣١ی ئوت خەڵکی دەماوەند بە یادی ڕزگاریی (ئێرانی)یان لە ستـەمی زەحـحاک گێژنەیان دەگرت و ئەو گـێـژنـەیان بە (گـێـژنی کـوردی) ناو دەبرد). ئەو ناوە دەلیلێکە بۆ ئەوەی خــەڵکی سەردەمی زەحـحاک و فەرەیدوونی ئێران باپیرانی کوردان بوون و دەماوەندییەکانیش باپیـرانی خۆیانیـان بەکورد دەزانی و ئەو گێژنـەیان لە باوکانیـان ڕا پێگەیشتـووەو بە گێژنەی کوردی ناویان بردووە.

گـێـژنەی (دەرامـەزینان) یا (کـاکـسـێل)یش هـەر بەئی سـەرکـەوتنی فـەرەیدوون ناودەبەن کـە لـە شـازدەی بەفـرانبـار دەگـیـرا. دەرا مـەزینان بـەزمـانی کـوردی واتە دەرگای گەوران. زەردەشتییەکـان لە تاوپەڕینی ڕۆژی دەی ڕێبەندان ئاگرێکی گەورە دەکەنەوە و گێژنە دەگرن، ناوی ئەوگێژنە (سـەدە)یە. (پارسـی)یانی کۆن پێیـانوایە

هووشـەنگ لەو ڕۆژەدا ئاگری دیتۆتەوە. هەر لەو ڕۆژەشـدا فەرەیدوونی کورد بەسـەر زەحـحـاکـدا زاڵ بووە. تاریخـەکانی زەردەشـتی و (توول دان) نیـزیکەی مـانگێکیـان نێـوانە. بەو جیـاوازییە کـە کوردەکـان تەنیـا بە گـێـژنەی تۆڵەکـردنەوەی ناودەبەن و زەردەشتییەکان بەگێژنەی دیترانەوەی ئاگر بەدەسـتی زەردەشتی دووەم (هووشـەنگ) و هەروەها بەرابەر لەگەڵ ڕۆژی سـەرکەوتنی فەرەیدوونیشـی دەزانن. لەڕۆژی گێژنەی توولدانـدا کـوردەکـان دەچنە مـاڵی یەکـتـری و پیـرۆزبـایی لێک دەکـەن. لەوانـەیە ئەو گێژنەی تـوولدانە و گیـژنەی کوردیی دەمـاوەندییـەکان بۆ وەی بێ کە هـووەخشـتـەر پادشای ماد لە شـەوێکدا سـەرۆکانی سەکاکانی کوشتووە و وڵات و دەسـتەڵاتی خۆی لە دەست ئەوان ڕزگار کردووە.

لە سـەردەمـی کـۆندا حـیـسـابێکی ورد دەکـاردا نەبوو گـێـژنەی سـەرکـەوتنی فەرەیدوونیان بە ٢١ ڕۆژ پێش سەری ساڵ دەزانی لە بەرانبەر ڕاگوێستنی نەورۆز بۆ خـاکـەلێوەدا گـێژنەی توول دانیـشـیـان خـسـتـە مـانگی ڕەشـەمـە واتە ٢١ ڕۆژ پێش نەورۆز. چونکە سـاڵنـامـەکـانی پەهلەوی گـێـژنەی گـەورەی مـێـهـرەگـان بە بۆنەی سـەرکـەوتنی فـەرەیدوون بەسـەر زەحـحـاکـدا دەزانن، دەتـوانین بڵـێین لە ئاکـامی ڕابووردنی زەمـان و گۆڕانـی کـاتی گـێـژنەی سـەری سـاڵ لـە بەرپاکردنـی ئەوگـێـژنە نەتەوەییـەی کوردیشـدا ئاڵوگۆڕ پێکهـاتووە ئەو سـەرکەوتنە گەورەیە بـەبۆچوونێکی بەهێز لە دەوری خەرمانان و ڕەزبـەر بۆ گەلی ئاریانەکانی ئێران ڕووی داوە گێژنەی (دەرا مەزینان) یا (کاکسێل)یش هەر بە ئـی سەرکەوتنی فـەرەیدوون ناو دەبەن کە لە شازدەی بەفرانبار دەگیرا.

گـێـژنەی (توول دان) یا (توول هـلدان) لە پێش شـەڕی یەکـەمـی جـیـهـانی لە ١٤ی فێورییـەی ڕۆمی بەرابەری ١٨ی ڕەشـەمـە دەگیـرا. ئێستا لە ٢٥ی ڕێبـەندان دەیگرن. لە بابەت جیاوازیی زۆری نێوان (گێژنەی کوردی)ی دەماوەند و (توول دان)ی کرمانج دەبێ بڵـێین کە دەمـاوەندییـەکان گێژنەیان لە ٣١ی ئووت دەگرت کە بەرابەرە لەگەڵ ٩ی خەرمانان، ٢٢ڕۆژ زووتر لە نەورۆزی کۆن کە سـەرەتای ڕەزبەر واتە سـەرەتاکانی مانگی ئاخیری ساڵی ئەو کاتی بووە. گێژنەی (توولدان)ی کرمانج کە لە ٨ی ڕەشـەمە دەگیرا بەحـیـسـابی ئەورۆ دەکاتە ٢١ تا ٢٢ ڕۆژ پێشـتـر واتە سـەرەتاکـانی مـانگی ئاخـیری ساڵ. لەو ڕۆژەدا کوردەکان دەچنە مـاڵی یەکتری و پیرۆزبایی لێک دەکـەن.

لەوانەیە ئەو گێژنەی توول دانەو جیژنی کوردیی دەماوەندییەکان بۆ وەی بێ کە هووەخشتەر پادشای ماد لە شەوێکدا سەرۆکانی سەکاکانی کوشتووەو وڵات و دەستەڵاتی خۆی لەدەست ئەوان ڕزگار کردووە.

٣- شەشەمی فەروەردین: ڕۆژی لەدایکبوونی ئەشۆ زەردەشت ئەسپیتمان، پێغەمبەری گەورەی ئێرانییانی کۆنە و گرینگییەکی تایبەتی هەیە، زەردەشتییان ئێستاش بە باشی ئەو گێژنەە دەگرن.

٤- گێژنەی گاهانبار،

٥- گێژنەی تیرگان: تیر ڕۆژە لە مانگی تیر، لەو ڕۆژەدا ئێرانییان بەسەر توورانییاندا سەرکەوتوون.

٦- مێهرگان: ڕۆژی هەستانەوەی کاوە لە دژی زەححاکە. ئەو جێژنە بەناوی گێژنەی تۆڵە ئەستاندن، توولدان و لە دەماوەندا گێژنەی (کوردی)یان پێ کوتووە.

٧- گێژنەی مانگەکان: لە هەر مانگێکدا هەر ڕۆژەی ناوی لەگەڵ ئی مانگەکەی یەکترییان گرتباوە دەیانکردە گێژنە.

## پاڵەوانەکانی چیرۆکی و کۆنی ئێران

گەرشاسب یا کێرێساسپ (Keresasp)

لە ئاوێستادا چەند جاران باسی ئەو پاڵەوانە بێهاوتایەی ئێرانی کۆن کراوە. لێکۆڵەرەوان بەدرێژی باسی ئەو کوردە دلێرەیان کردووە. لە یەسنادا یەکەم جار لە بابەتی نۆهەمدا وەک کوڕێکی دلێر، زیرەک و پاڵەوان باسی گەرشاسب کراوە. لە یەشتی نۆزدەمدا ئاماژە بەیەکێک لە قارەمانەتییەکانی کراوە کە کوشتنی هەژدیهای شاخدار یا سەروەرە (Sarvara)یە. لە یەشتی پێنجەمدا باسی شەڕی وی لەگەڵ (گەندەرێوە Gandareva)ی پانیەزێڕین کراوەو هەر ئەو بابەتە لە یەشتەکانی ٥و١٥و١٩شدا دووپات بۆتەوە. هاندەری ئەوشەڕە ڕوونەو برێتییە لە کوشتنی (ئووروا‌خش)ی برای گەرشاسب بەدەستی (گەندەرێوە). یەشتی پازدەم و نۆزدەم باسی شەڕەکەی لەگەڵ هیشتاسپی تانج زێڕین دەکا. بەپێی ئاماژەی یەشتی نۆزدەم گەرشاسپ نەک هەر کوڕی (پەت نە Pathna)ی کوشت، بگرە کوڕانی (نیویکە -Ni

vika) و (داشت یانی Dashtyani) و (دانەیەنە Danayana)و (وەرێشەوە Vareshava) و (پیتەئۆنە Pitaona) و (سناویذەک Snavizek)یشی کوشت کە دەستێکی لە بەردی هەبوو. ئەوانە پاڵەوانان و دێوانی ناودار بوون کە پیشەیەکی تایبەتیان نەبوو، فەڕی ئیزەدی کە لە جەمشید ئەستێندراوە درا بە گەرشاسب. بەوتەی ئاڤێستا گەرشاسب لە خەو هەڵدەستێ و زەحاکی دەکوژێ و داد لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە. لە شانامەدا گەرشاسب پاڵەوانی فەرەیدوون و مەنووچێهرە.

نریمان (نەئیرێمەنوو Neiremanu)

نەریمان بەواتای کەسێک هاتووە کە بەشێوەیەکی بەهێزو پتەو سازکرابێ. ئەو ناوە دواتر بەواتای پاڵەوان بەکار هات و لە ئاوێستادا ئەو نازناوە دراوە بە گەرشاسب. نەریمان لە قەڵای سپەند کوژراو ڕۆستەم کە نەوەی وی بوو تۆڵەی کردەوە.

سام

سام لە ئاوێستادا بە سامە (Sama) هاتووە و ناوی خانەدانێکە نەک ناوی کەسێک. لە پەهلەویدا ناوی دوو پاڵەوانان سامە؛ یەکێکیان باوکی ئەسرەت کە لە گەرشاسبنامەی ئەسەدیدا بە شەم هاتووە. دەبێ سام بێ و ئەوی تر نەوەی گەرشاسپ و باوکی زاڵ بووە.

زاڵ

ناوی ئەو پاڵەوانە دە ئاوێستادا نەهاتووە. شانامە دەڵێ کە لەدایک بووە تووکی سەری سپی بووە. سام زۆر بەشەرمدا کەوتووەو بردوویەتیە ئەلبورزو لەوێ بەرەڵڵای کردووە. سیمورغ دیویەتیەوە و بەخێوی کردووەو دوایە داویەتەوە بە سام. ئاوێستا سیمورغی بە (سەئێنە مێرێغاSaena meregha) ناو هێناوەو مەلێکی باڵ کراوەیە کە کاتی هەڵفڕین سێبەری باڵی کێوی دادەپۆشی. هێلانەکەی لەناو دەریای فراخکرت (بەڕواڵەت دەبێ دەریای کاسپی بێ) لەسەر دارێک بووە کە ئەو دارە دەرمانبەخش بووەو تۆوی هەموو گیایانی تێدا دانراوە. لە پەهلەویدا سیمورغ بە (سین مووروو) ناوبراوە. شانامەش وەک ئاوێستا باسی سیمورغی کردووە.

ڕۆستەم (ڕئووتەستەخمە)

ناوی ڕۆستەم لە ئاوێستادا بە(ڕئووتەستەخمە)و لە پەهلەویدا بە (ڕۆت ستەخمەک Rotstakhmak) و لە فارسیدا بە ڕۆستەم یا ڕۆستەهەم هاتووە. بەگێڕانەوەی ئاوێستاو نامەکانی پەهلەوی و شانامە ڕۆستەم پاڵەوانی سیستان بووە. شپیگێلی ئاڵمانی و زۆری دی لە زانایان پێیان وایە نووسەرانی ئاوێستا ڕۆستەمیان ناسیوە بەڵام چونکە نەچووەتە سەر دینی زەردەشت ناویان نەهێناوە. یەکەم کارێک کە لە پەهلەویدا دەیدەنە پاڵ ڕۆستەم نەجاتدانی کاووس لە بەندی شای هاماوەران و ڕەپێنانی ئەفراسیابە. باقیی بەسەرهاتەکانی وەک؛ بەخێوکردنی سیاووش، بڕینی حەوت خوان و کوشتنی دێوی سپی، خوێن ئەستاندنەوەی سیاوەش و شەڕ لەگەڵ سوهرابی کوڕی و چیرۆکگەلێکن دوایە ساز کراون و ناکرێ بەچاوی بەڵگەیەکی مێژوویی کەلکیان لێ وەرگیرێ. ڕۆستەم لە کاتی پادشایەتیی بەهمەن، بەدەستی شەغادی برای خۆی کوژرا.

کاوە و منداڵانی

کاوە یەکێکە لەنێو بنەماڵەکانی پاڵەوانانی ئێران. بنەماڵەی کاوە لە سەرەتای کاردا لە گوندێکی ئیسفەهان نیشتەجێ بوون. کاوە دوو کوڕی بەناوی قارن و قوباد هەبوون کە بەدەستی زەحاک کوژراون و مێشکی سەریان کراوەتە مەڵحەمی برینی سەر شانەکانی ئەو پادشا بێبەزەیی و ستەمکارە. کاوە پاڵەوانی سەردەمی فەرەیدوون و ئیرەج و مەنووچێهرو نەوذەرەو پێشتر چیرۆکەکەمان باس کرد. چەرمی پێشبەندی بەناوی درەفشی کاویانی (گائوش درەفشە Drefsha Gaush ) ناو براوە.

## کوردستان لە دینەکاندا

کتێبی یەکەمی مووسا لە سووڕەتی ٢ ئایەتی ٨ ١ە دەڵێ: خوا باخچەی خۆی لە ڕۆهەلات لە (ئێدێن Eden) سازکرد و مرۆڤی چاکردو لەوێی نیشتەجێ کرد. پاشان ڕووبارێک بۆ ئاودانی باخچەکە لەناو (ئێدێن Eden) دەرکەوت. چۆمەکە بوو بە چوار لک؛ پایشۆن(Pishon)، گایهۆن (Pishon)، دیجلە (Tigris)، فەڕات (Euphrates). خوا مرۆڤی لەناو باخچەی (ئێدێن Eden) نیشتەجێ کرد تا چاوەدێریی بکات.

(ئەستێر)ی شاژن کە گەلی خۆی لە مردن دەرباز کرد، لە کوردستان بوو. ئەو هێندەی نەمابوو گیانی خۆی لەو ڕێگایەدا بدۆڕێنێ. ئەڤین و خۆشەویستیی شاژن ئەستێر بۆ خواو گەلی خۆی، وای لێ کرد لە مردن سڵ نەکا. ئەو کوتی ئەگەر مردنی من گەلەکەم ڕزگارکا، ئامادەم خۆی بۆ فیدا کەم. بە زاڵبوون بەسەر ترسی خۆیدا، داوایەکی لە شا کرد، کە ببێتە هۆی ڕزگاریی نەتەوەکەی.

گۆڕی زۆر پێغەمبەران و لەوانە: ناهووم، هەباکووک، دانیال، یوونس و نووح، لە کوردستانن. زۆر چیرۆکی سەرنجڕاکێشی تر لە ئینجیلدا هەن کە لە کوردستان ڕوویان داوە. لە چیرۆکی ناهوومدا – سووڕەتی٣، ئایەتی٧ دەڵێ: نەینەوا بەدەستی میدیا وێران دەکرێ و ئەوە بەدروستی ڕووی دا. دیسان لە کتێبی پێغەمبەر جەرەمیادا ٥١ – ١١، هاتووە کە میدییەکان دەست بەسەر بابلدا دەگرن و وێرانی دەکەن و ئەو پێشبینییەش جێبەجێ بوو. لە کتێبی دانیاڵ سووڕەتی ٥ ئایەتی ٧دا دەڵێ: ئەو پێغەمبەرە مەزنە کوتی ماد و فارس دەبنە یەک و مەزنترین ئیمپەراتوورییەت دادەمەزرێنن. تۆفانی نووحیش هەروەها لە کوردستان ڕووی داوە، کە لە بەشێکی تردا دەچینەوە سەری.

بەکوتەی تەورات، ئەو کاتەی (ئاسۆڕی)یان جوویان دەربەدەرکردن، میدییەکان لەنێو خۆیاندا حاواندیاننەوە و جێگایان دانێ. کتێبی ٢ی پادشایان، سووڕەتی ١٧ ئایەتی ٦ دەڵێ: لە ساڵی نۆی پێغەمبەرایەتیی (هووشەیا Hoshea) پادشای ئاشوور وڵاتی سۆمەری داگیر کرد. جووی هەموو بەدیل گرتن و لە شاری (هالاە Halah) و لە (گۆزان Gozan)ی سەر چۆمی (خاپوور Habor)و شارەکانی میدیا نیشتەجێی کردن.

بەردەنووسێکی سۆمەرییەکان باسی تۆفانەکەی نووح دەکاو حەزرەتی نووحی بە (زیوکیوودۆ)و شوێنەکەی بە (پاتزی) ناو بردووە. چونکە (کووسی)یەکان بە فەرمانڕەوایان دەکوت (پاتزی)و شوێنی (گووتی)یەکانیش (زێی کۆیە) بووەو ئەو تیرەی لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا لەو ناوچەیدا ژیاون، پێیان کوتراوە (زیکۆتۆ)و چونکە تۆفان لە خاکی (گووتی)یان هەستاوە، بەو ناوەدا دەردەکەوێ کە حەزرەتی نووح دەبێ پادشای (گووتی)یەکان بووبێ.

گەمییەکەی نووح بەپێی قورئانی پیرۆز لە کێوی جوودی و بەپێی تەورات لە

ئارارات نیشتووە، کە هەردووک لا نیشتمانی کوردان دەگرنەوە. هەندێک کێوی جوودی و ئارارات بە یەک دەزانن، کەچی ئەو دوو کێوە لێک دوورن و هەر کامێکیان لە شوێنێکی کوردستانە؛ ئارارات لە سنووری ئێران و تورکیا و ئەرمەنستان و جوودی لە باکوری مووسڵە.

کتێبی ناحووم بەڕوونی و بە باشترین شێوە دیمەنی شاری نەینەوا لە کاتی گیرانیداو ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانەی مانگی ئووتی ساڵی ٦١٢ی پ.ز دەگێڕێتەوە و هەستی گەلانی دیلی ئاشوور لەو کاتەدا بەیان دەکا (خوداوەند لەبارەی تۆدا فەرمانی داوە کە جارێکی تر هیچ وردیلەیەک بەناوی تۆ نابێ و خواکانت، بوتە داتاشراو و خوا دەستکردەکانت تێک دەشکێنم و گۆڕت بۆ هەڵدەقەنم، چونکە کەنەفت بووی. ئێستا کوێستانییانی مزگێنیدەر کە ئاسایش و لەشساغی دەگەیێنن.... سەری زۆردارانی وی سووربووەو شەڕوانانی جلکی سووریان پۆشیوە و حارەبەکان لە ڕۆژی شانۆدا دەدرەوشان و نێزەکان وەجووڵە کەوتوون. حارەبەکان شێتانە لە شەقامەکاندا دەئاژۆن و لە گۆڕەپانەکاندا وێک دەکەون. وەمەشخەڵان دەچن و وەک برووسکە تێدەپەڕن. ئەو شەڕوانانی بەناوبانگ دەکا و ئەوان بەڕۆیشتنەوە دەخوشن و بۆ لای شوورەی شار پێ هەڵدەبڕن و مەنجەنیقەکەی سازدەکەن. دەرگای چۆمەکان دەکرێتەوە و کۆشکی دەشواتەوە. عەزم جەزم بووە. نەجیب بەدیل دەگیرێ و پاڵەپەستۆ دەدرێ و کەنیزانی وەک کۆتران دەگرین و دەناڵێنن و سینگیان دەکوتن. نەینەوا لە کۆنەوە وەک گۆمێکی مەند بوو و ئێستا ئاو بەخوڕڕەم دەڕوا . لەسەرەخۆ! لەسەرەخۆ! بەڵام کەس ئاگای لێ نییە. زێوەکانیش تالان کەن. زێڕەکان بەتاڵان بەرن. پاشەکەوتەکان بڕانەوەیان بۆ نییە. پڕە لە هەر چەشنە کاڵایەکی بەنرخ...).

(وەی لە شاری خوێن کە لێواولێوە لە فریو و تالان و خووی دڕندانەی لێ دوورناکەوێتەوە! دەنگی شێللاق و جیڕەجیڕی تۆپی حارەبە و دەنگی سمی ئەسپی تاودراو و حارەبەی بەلەز؛ سواران هێرش دێنن و بریقەی شیران دێ و نێزەکان دەدرەوشێنەوە. هەر ئێستا کوژراو زۆرن و کەلاک بوونەتە تەپۆڵکە. لەش نابڕێنەوە و وەلەشی کوژراوان دەکەون!)

((ئەوە) لەبەر ئەو ژنە زیناحکارە جوانەیە کە گەلانی بۆ زیناحی خۆی و هۆزەکانی

بۆ ئەفسوون و جادووی خۆی فرۆشت. یەهوەی سەبایووت دەڵێ ئێستا من لە دژی تۆم و دامێنت هەڵدەدڕم و ڕووتیت بەگەلان و پادشایەتییەکان و ڕیسواییەکەت بەوان نیشان دەدەم و پیسایت پێ هەڵدەپڕژێنم و کەنەفتت دەکەم و لە هەموو جیهاندا سووکت دەکەم...).

(... لە کوێ ڕا دڵنەواییکەرێکت بۆ بێنم؟ مەگەر تۆ لە (فیف ئاموونی)یان باشتری... مەگەر ئەوانیش ڕێگای کۆیلەتی و دوورکەوتنەوەیان نەکەوتە بەر و منداڵەکانیان لەسەر هەر کۆڵانێک بریندار نەدەکران و بۆ مەزنانیان پشکیان نەداویشت و نەجیبانیان بە زنجیر نەبەستبوونەوە؟....

(تۆش (هەر وەک وان) بێهوودە تێدەکۆشی لە حاستی دوژمنانتدا هێز بدۆزییەوە!...).

(گەلی خۆت ببینە کە هەر ژنەکانیان لێ ماونەتەوە! دەروازەکانی وڵاتەکەت بەسەر دوژمناندا کرانەوە و، شەوەژەنی دەرگاکانت بوونەتە خۆراکی ئاگر. بۆ ئەوەی بەرگەی گەمارۆ بگری ئاو بێنە، قەڵا و برجەکانت قایم کە، بچووە نێو لیتە، قوڕێ بشێلە، قالبە خشتەکانت چاکەوە! هەر لێرە ئاگر دەتسووتێنێ و شمشێر دەتمرێنێ، وەک کللۆ دەتکاتە خۆراکی خۆی هەرچەندیش وەک کللۆ بێئەژمار بی...).

(ئەی پادشای ئاشوور شوانەکانت خەوتوون و شەڕوانانت پاڵیان داوەتەوە و خەڵکەکەت بەکێواندا بڵاو بوونەتەوە و کەس نییە کۆیانکاتەوە... هەرکەس ناوبانگی (کارەساتەکەت) دەبیسێ چەپڵە لێ دەدا، چونکە کەس نییە لە خراپەی بەردەوامت لە مەترسیدا نەبووبێ.

پاش دابەشکردنی میراتی ئاشوور، بۆ ماوەیەکی نێوان ناخۆشی کەوتە نێوان بابل و ماد. گەلانی بندەستی بابل چاوی هیوایان دەو کێشەیە بڕیبوو، ئەرمیای نەبی لەو بارەوە دەڵێ: (خوداوەند دەڵێ، من تەواوی گەلانی گەورەی وڵاتی باکوری لە دژی بابل هان دەدەم. ئەوان لە قەراخ وێ ڕیز دەبەستن و دەیگرن. ئەوان شەڕکەرانێکی بەئەزموونن و تیرەکانیان بەفیڕۆ ناچێ. کەلدە داگیر دەکرێ و داگیرکەرانی تێردەبن).

(گەلێک لە باکورەوە دێن، خەڵکێکی زۆرن و پادشاگەلی زۆر لە هەموو لای جیهان ڕا هەستاونەوە. کەوان و زەرگی (کیدوور)یان پێیە، بێبەزەیین و لێبووردنیان نابێ.

دەنگیان وەک دەریا دەخرۆشێ. ئەسپان تاودەدەن، وەک لەشێکن، لە شەڕی دژی تۆ، ئەی کچی بابل! پادشای بابل ناوبانگی بیستن و دەستی شل بوون و خەم دایگرت و وەک ژنی لەسەر زان پێچان دەخوا...).

(ئاڵایان لەسەر زەوی هەڵدەن، لەنێو گەلاندا کەڕەنا لێدەن! لە دژی ئەو (بابل) ئۆمەتان ئامادە بکەن. پادشایەتییەکانی ئوورارتوو و مانناو ئیسکیت (ئەشکەناز)ی لە دژی وەخۆخەن، سەرۆکان لە دژی وی دامەزرێنن و ئەسپان وەک کللۆ بۆشەڕ ئامادە بکەن. گەلانی لە دژی ئامادە کەن، پادشایانی ماد و سەرۆکانی هەرێمەکانی و تەواوی فەرمانڕەوایان و جێنشینەکان و هەموو سەرزەمینەکەی).

## نەمروودەکان

کتێبی (قضية الكردية) لە بڵاوکراوەکانی (خۆیبوون جڤات ولات کوردا) – کۆمەڵەی نەتەوەیی کوردەکان – دەنووسێ: لە سەرەتای مێژوو قەومێک دانیشتووی کوێستانەکانی زاڵ بەسەر (سوورییە) بوون، ناویان (جووتۆ) واتە شەڕکەر بوو. ئەوانە (گووتی)یەکانن. ئەو ناوچەیە (بانووی نەمروود) بوو. ئەو ئاوەی لە نێوەڕاستی ئاگر پەیدابوو دەڵێن؛ ئەوڕۆ لەنێو نەوەکانی (جووتۆ) یا (کووتۆ)یەکاندا زۆر بە پیرۆز دادەنرێ، ئەو ماسییانەی لەو ئاوەدا دەژین کەسیان ناوێرێتێ ڕاویان کا، ئەو ئاوە لە ئوورفە لە ( تورکیا) هەڵکەوتووە.

قامووسی کتێبی پیرۆز دەنووسێ (ئەرک شارێکی کلدە) یە کە (نەمروود) لەسەر (دیجلە) سازی کرد، کە (یۆنانی)یان و (ڕۆمی)یان ئەرکۆ ی پێ دەڵێن. دەیانکوت دوور نییە ئوورفە ی ئێستا بێ کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی (بابل)ە. لێرەشدا وەک باوە ئەو قامووسە تووشی هەڵە بووە چونکە (ئوورفە) لە باکوری ڕۆژئاوای (بابل) و لە ئاقاری چۆمی (فەڕات)ە.

دیسان هەر ئەو قامووسە دەنووسێ:

بە بابل دەڵێن (شەنغار)و شوێنی (نەمروود)و (نەمروود)یش بە کوڕی (گووش) و پادشایەتیی (گووشان) بە (٧٤) ساڵ دەنوێنن و لەسەری دەڕوا کە لە (بابل) پەرستگەیەکی بەناوبانگ هەبوو کە پێیان دەکوت (بیرووس نەمروود)

ناوی ناوچەی (سەنجار) کە لە نیزیکی (مووسڵ)ە و دانیشتووانی لە کۆنترین

سەردەمەکانەوە (کوردی ئیزەدی) نە کوردەکان پێی دەڵێن شەنگار. (گووش)یش ناوی (کووسی)یەکانە ٧٤ ساڵی کە ماوەی پادشایەتیی (گووشی)یەکان دەبێ ٧٤٠ ساڵ بێ کە لە ڕاستیدا ماوەی پادشایەتیی (کووسی)یەکانە لە (بابل).

لەوانەیە (ئەرک) لە ناوچەی (شەنگار) بێ کە لە باکوری ڕۆهەڵاتی (بابل) لەسەر لێواری (دیجلە) یە. شوێنی نەمروودیان بە(بابل) ناوبردووە و (نەمروود)یشیان لە (کلدانی)یان و بەو بۆنەشەوە و لە ڕەگەزی (سامی) زانیوە. کەچی (قامووسی پیرۆز) بۆ خۆی (نەمروود) بە کوڕی (گووش) ناو دەبا کە (گووش) ناوی (کووسی یا کاسیت)ەکانە کەوابوو دەبێ بڵێین پادشایانی (کاسیت - کاردوونیاش) کە لە بابل پادشایەتییان کردووە، مێژوونووسانی (سامی) بە (نەمروودیان) ناوبردوون و بە ئی ڕەگەزی خۆیانیان زانیون. بەفەرمایشتی قورئانی کەریم؛ ئەو پادشایەی داوای خوایی کردووە ناوی (نەمروود) بووەو ناوی وەزیرەکەشی (ئازەر) بووە.

یەکەم: (نەمروو)د و (ئازەر) وشەی ئاریانن (نەمروود) بەواتای (نەمرە) و (ئازەر)یش واتە (ئاگر)، کە (کوردەکان) ئەوڕۆ (ئاور، ئاتر، ئاتەر)یشی پێدەڵێن کە هەموویان لە ئازەر نیزیکن و لە ئازەرەوە هاتوون. ناوی دایکی ئیبراهیم (د.خ) (ئووشا) بووە (ئووشا) لەناو خواکانی (هیند)دا بە خوای (کازێوەی بەیانی) دەڵێن کە بە ئەڤینداری هەتاو ناسرابوو. لە ئاوێستاش (ئووشا) ناوی خوایە کە زەردەشت لە گاتەکاندا ناوی بردووە بۆ وێنە لە شوێنێکدا دەفەرموێ:

١- پاش پەسنی ڕسکانی (ئاوەزی پیرۆز)، (مەزدا) دەستەکانی بۆ یارمەتی وەرگرتن بەرز کردەوە و پێش هەموو شتێک داواکارم ئەی (ئووشا) کە (وەهوومەن) و (ڕەوانی ڕسکاندن) لە خۆم شاد بکەم.

٣- منم ئەوەی کە ئەی (مەزدا ئاهورا) و ئەی (ئووشا) و ئەی (وەهوومەنێوە) و بۆ ئەو کەسانەی کە ئارمتی وڵاتی نەمر سازدەکەن سروودوێژم.

٦- ئەی (مەزدا) لەسەر بەڵێنیی دڵنیاکەری خۆم لەگەڵ (وەهوومەن) و (ئووشا) وەرە لای زەردەشت و خۆڕاگری و پەنای قایمم بدەیە تا لەبەر تیشکی ئەودا بتوانم بەسەر دوژمنانمدا زاڵ و سەرکەوتووبم....

ناوی (هاوسەری ئیبراهیم ) (سارە) بوو کە (سار) لە کوردیدا بە (سارد) دەڵێن. لە ڕوونکردنەوەکانی مێژووگەلی کۆن دەردەکەوێ کە ناوی (وەزیرەکەی) تری

(نەمروود)، (مـەهـان) بووە. (مـەها) و (مـەهـان) لـە وشـەگـەلی سـانسـکریت و بەواتای گەورەن، کە لە (ئاوێستا)دا مەزداو لە (کوردی)دا مەزنی پێدەڵێن.

قـامـووسـی کـتـێـبی پـیـرۆز بەگـێـڕانەوە لە (توراة) پـیـدایش ٢٠ : ٣,٤) دەنووسـێ: (ئیسماعیلی)یان لە (مێدیان) بوون و (مێدیان)یش لە قەتوورە ژنی ئیبراهیم بوون.

لە نەخشـەی پاشکۆی ئەو کتێبەدا شـوێنێکی هـەڵکەوتوو لە لێواری باکوری (دەریای سوور) لەلای ڕۆهـەڵاتی کەنداوی (الایانیثی) (دەبێ کەنداوی عەقەبە بێ) هـەڵکەوتووە. بە (ئەلمێدیانین)ی ناو بردووە. ئەویشی وەک (کووتی، کووسـی و مـادەکان) بە (بەنی حـام) ناسـاندوون و (مـادەکـان)یشـی دیسـان لە ناوچـەی خـۆیان بە (مـێـدیان) ناو بردووە.

کـەوابوو دەبێ بـۆ (نەمـروود) لەناو پادشـایانی ئاریاییـدا بگەڕێین. هـەرچەنـدە لە سـەردەمـانی کـۆندا تـووشی دەسـتـەڵاتی (سـامی ڕەگـەزەکـان) لە نـاوچەی (نەمـروودەکـان) دەبین بەڵام ئـەو دەسـتـەڵاتە لە ئاکامی هێرشـی ئەو ڕەگـەزە بووە کـە بەزوویی تێدەپەڕی و تەواو دەبووە.

(کلدانی)یان لە ڕەگەزی جیاجیا پێکـهاتبوون کەسێ هـەزار سـاڵ پێش زاین هـەرکام مـڵکێکـیان هـەبـووە و هـەر چەند مـاوەیەک یەکـێکـیان بەسـەر ئەوانـی تردا زاڵ بووەو فەرمانڕەوایی بەدەستەوە گرتووەو خۆی بەپادشای چواقوڕنە زانیوە.

یەکێک لەوانە (گووتی)ی ئاریایی ڕەگەز بـووە کە لە باکوری (کلدە) و لە بەشێک لە بابل دەژیان و ئەوەی خـۆی بەپادشـای چواقـوڕنە زانیـوە نـاوی (کاندەش) و پادشـای (کـــووســی) و ئاریـایی ڕەگـــەز بـووە کـــە لە بابـل و (نێـــوان دووچـۆمـــان) دەوڵەتـی (کاردوونیاش)ی دامەزراندووە.

(دایری المعـارف یـهـود) لەدایکبـوونی ئیـبـراهیم (د.خ) دەگـێـڕێتـەوە بۆ ١٥٠٠ تا ٢٠٠٠ی (پ.ز)و پێی وایە ١٧٥ تـا ١٩٥ سـاڵ ژیاوە. کـەوابـوو دەبێ لەو سـەدانەدا بەدوای (نەمروودەکان)دا بگەڕێین.

لە سـەدەی هـەژدەی (پ.ز) بوو کـە (کـاسی)یەکـان هێـرشـیـان کـردە سـەر بابل و پاشـان داگـیـریان کـرد و نیـزیکەی حـەوت سـەدە کـردیانە پێـتـەخـتی خـۆیان و فەمانڕەواییان تێدا کرد.

لەو سەدانەدا (میتانی)یان لە باکوری (بابل) فەرمانڕەواییەکیان دامەزراند و ماوەیەک بەنی (ئیسرائیل)یشیان خستبووە بەردەستی خۆ. (میتانی)یەکان لە (کووسی)یەکان و بەشێک لە (سووباری)یەکان بوون.

(زەردەشتی)یەکان (زەردەشت)ی سێیەم بە(ئیبراهیم) دەزانن. پێیان وایە مەهاباد (زەردەشت)ی یەکەم، (هووشەنگ-ایگیش هووش)، (زەردەشت)ی دووەم و ناوی (زەردەشتی سێیەم)یش ئابرام بووە کە بەعەرەبیکراوەکەی دەبێتە ئیبراهیم. بەو پێیە بەبڕوای پارسییەکان، (ئیبراهیم) (زەردەشت)ی دواییە کە لە سەردەمی (کووسییەکان)دا هاتووە. سێ هەزار ساڵ پێش زاین لە قەومی گووتی هۆزێک بەناوی (سووبیر یا سووبارۆ) لە بانووی (نەمروودەکان) فەرمانڕەواییان بەدەستەوە بووەو نایری یەکان لەو (سووباری)یانە بوون کە لە سەردەمی (نارام سین)دا پادشایەکەیان (پووتی مادال) بووەو ئەیالەتەکەیان بە(نەمر) ناودەبرا. کێوێک لە کەناری باشووری ڕۆئاوای زرێواری (وانە) و ناوی کێوی (نەمروود)ە و دەڵێن هاوینەهەواری (نەمروود) بووە. ئەو ناوچەیە لە ناوچەی دەستەڵاتی (نەمرەکان) دابوو.

(شەرەفنامە) دەنووسێ لەسەر زمانانە کە (نەمروود) زستانە هەواری لە (ئووجا) بووەو بۆ هاوینان چووەتە هەواری ئەو کوێستانە و لەسەر ترۆپکی کێو کۆشکی شایانەی سازکردووە و زۆربەی کاتی لەوێ تێپەڕ کردووە و کاتێک خوا غەزەبی لێ گرت لەسەر کێوی ڕا خللۆر بووەوە و وا بە عەرزیدا چووە خوار کە لە جێگای کۆشکەکەی ئاو دەرپەڕی. دەگەڵ ئەوەدا کە کێوەکە دوو هەزار و پێنجسەت زەراع لە ئاستی زەوی ڕا بەرزە، نێوەڕاستی کێوەکە بەمەزندە هەزار و پێنجسەت زەراع ڕۆچووە و گۆلێکی گەورەی تێدا پێکهاتووە کە پاناییەکەی پێنج هەزار زەراعی شەرعێ و بگرە پتریشە.

هەرچەندە دیاریکردنی دروستی کەسایەتیی (نەمروود) و سەردەمی فەرمانڕەواییان و زەردەشت بوونی (ئیبراهیم) بۆمە ئاستەمە بەڵام بەوەبەرچاوگرتنی کات و شوێن و ناوەکانی (نەمروودەکان) دەبێ بیسەلمێنین کە (نەمروود) و گەلەکەی یەکێک لە هۆزەکانی کووتی، کووسی کورد و لە ڕەگەزی ئاریان بوونە. کە وایە دەبێ بڵێین: ئیبراهیم لەسەر ئاقیدەی یەکتاپەرستیی خۆی لە پادشای

ئەو کاتی دابڕاوەو چووەتە عەرەبستان و لەوێ نیشتەجێ بووەو لە بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی ئوولی یەکخوا پەرستیدا تێکۆشاوە و پاشماوەکانی لە ئاکامی جیابوونەوە لە هاو ڕەگەزانیان بەتەواوی بوونە عەرەب و بەو بۆنەشەوە نەمروود بە ڕەگەزی (سامی) دانراوە تەنانەت قورئانی کەریمیش بەو ئایەتە شەریفە ئەو ڕوانگەیە دەسەلمێنێ کە دەڵێ: "ماکان ابراهیماً یهودا" لەو ئایەتە شەریفەڕا دەردەکەوێ کە ئیبراهیم (د.خ) لە یەهوود واتە لە ڕەگەزی (سامی) نەبووە باوکانی (یەهوودی)یەکان ئیمانیان پێ هێناوە، تەنانەت پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) کە لە نەوەکانی ئیبراهیم بووە، فەرموویەتی :"العرب منّي و انّ لیس من الاعراب" واتە عەرەب لە منن و ئەمن لە عەرەبان نیم.... شەرع و ئامۆژگارییەکانی یەهوود لە کۆتایی سەدەی شەشەم نووسران.

سەرچاوەکانی بەشی چوارەم
١- تاریخ ده هزار ساله ایران جلد اول از پیدایش آریاها تا انقراض پارتها، نویسنده عبدالعظیم رجائی، چاپ عهارم، بهار ١٣٦٢، چاپ اقبال و مروی، ص٢٣ تا ٩١
٢- ایرانویچ، دکتر ابراهیم فرەوشی، ص٦٩ - ١١٣،
٣- تاریخ تطبیقی باستانی ایران تاخاتمهء شاهنشاهی داریوش سوم، نگارش کیوس باوند، انتشارات گوتنبرگ، ص ٦٤
٤- قصەهای شاهنامه، ساسان فاطمی، انتشارات کورش، جلد١، چاپ دوم، ١٣٦٩
٥- داستان رستم، نگارش سیروس جمالی، مؤسسه عطائی، تهران، ١٣٧٢، ص ٢٨ تا٦١
٦- ضحاک، از شاهنامهء فردوسی، به اهتمام محمد قاسم صالح رامسری، انتشارات امیرکبیر، ١٣٦٤، پەراوێزی لاپەڕە ١٤
٧- تاریخ ریشهء نژادی کرد احسان نوری ١٥٦٧؟ مادی/کردی - ١٣٣٣ شمسی چاپخانهء سپهر، ص٢٩ - ٧٩
٨- تاریخ ایران ازآغاز تا انقراض قاجاریه، تألیف حسن پیرنیا - عباس اقبال، چاپ هشتم، پائیز ١٣٧٦، انتشارات خیام، ص٢٥٤و٢٥٥

## بەشی پێنجەم

# کوردستان تا سەردەمی مادەکان

له چاخی پلایستۆسینەوە ئەشکەوت و دۆڵەکانی ئەو ناوچەیە مرۆڤی وەخۆ گرتووە و لە مەترسیی بەفر و باران و سەرما و لافاو و کرێوە پاراستوویەتی. وێ ناچێ ئەشکەوتێک لەو ناوچەی هەبێ کە بە هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆژی جێ پێی مرۆڤی کۆنی پێوە دیار نەبێ. ئامرازی وەک دیزەو گۆز و شتی بەردین و... تەنانەت لە هەندێک شوێن لەسەر ڕووی زەمینیش دیارن. ئەو شتانە بەزۆری لە ناوچەی هەولێر و قەڵایچە و تەپۆڵکە دەستکردەکانی شارەزوور وەدەر دەکەون.

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی پلایستۆسیندا کە لە ٦٠٠٠٠٠ ساڵ پێش ئێستاوە دەست پێ دەکا، یەک پارچە بەفر و بەستەڵەک و ژیانی تێدا ئاستەم بووە. دوای سەدان هەزار ساڵ، ئاووهەوای ناوچەکە گۆڕاوەو فێنک بووەتەوە. ئەو چاخە تا ٢٠٠٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا بەردەوام بووە. لەو چاخەدا هەندێک ناوچەی خۆرهەڵاتی نیزیک، بەتایبەتی باشووری کوردستان، ئەشکەوت و چەپەری چیاکانی داڵدەی مرۆڤی کۆن بوون. هەر لە چاخی بەردینی کۆنەوە (بەرلە ١٢٠٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا) تا کۆتایی چەرخی پلایستۆسین یا جێنشینبوونی مرۆڤ لە گوندە بەراییەکاندا.

لە هەندێک لە ئەشکەوتەکانی ئەو ناوچەیەدا پاشماوە و جێ پێی مرۆڤی چاخی بەردینی کۆن دۆزراوەتەوە. کە تەمەنی هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ ١٢٠٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا. بۆ وێنە لە ناوچەی بەردەبەڵەک کە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی چەمچەماڵ، بەدووریی دوو کیلۆمەتر چەندین ئامێری ئارکیۆلۆژی لەلایەن نێرژەیەکی ئەمەریکایی، زانکۆی شیگاکۆوە دۆزراوەتەوە کە بریتین لە پارچە بەردی ڕاو و هەروەها چەندین ئێسکی بەبەرد بووی ئاژەڵی ئەو سەردەمەی وەک فیل و گا و مەر و بزن و... کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ١٠٠٠٠٠ تا ٦٠٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا. هەروەها شوێنەواری مرۆڤی کۆن لە هەردوو ئەشکەوتی (زەرزی و هەزار مێرد)ی نزیک سلێمانی، ئەشکەوتی (تەنگی پاپ) لە ناوچەی بەختیاری، ئەشکەوتی(گڵی سوور) لە (چیای بێستوون)، ئەشکەوتی (شانەدەر)، (گۆڕاین)ی باکوری کوردستان، (دیان)،



١– ئەشکەوتی شانەدەر
٢– ئێسکی مرۆڤی ئەشکەوتی شانەدەر
٣– درێژە برگەی ئەشکەوتی شانەدەر
٤– هێڵەکانی تەختی ئەشکەوتەی شانەدەر
٥– چەند ئامێرێکی بەردینی ئەشکەوتی شانەدەر
٦– هێندێک کەرەستەی گوندی کەریم شا
٧– هێندێک کەرەستەی گوندی زاوی چەمی
٨– چەند پەیکەرێکی خواوەندی دایک
٩– هێندێک کەرەستەی گوندی شانەدەر و بەردبەڵەک.




کوردستان و میزۆپۆتامیا



هێمای خودا (نانۆ) هێمای خودا (نانكی)
هێمای خودا (ئۆتۆ)

(كــۆتیک)، (كـــەیوانیـــان)، (تامـتـام)ی نیزیک دەریاچەی ورمێ و ئەشكەوتەكانی بێخاڵ و(سەراندوور)ی نێوان هەولێر و شــەقـڵاوە، دۆزراوەتەوە، كـە تـەمـــەنیـــان دەگـــەڕێتـــەوە بـۆ ٦٠٠٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا.

لە چاخی بەردینی نێـوەڕاست و نوێشـدا، لەو ناوچانەدا مـرۆڤی كـۆن نیـشـتـەجێ بووە. بۆ نموونە چینی Bی ئەشكەوتی شـانەدەر (كە بەهـۆی تاقیكردنەوەی كاربۆنی تیـشكدەر)ەوە تـەمـەنی بـە (١٠٠٠٠) سـاڵ پێش زاین دانراوە. كـۆنـتـرین مـرۆڤی شـــانەدەر كـــە لە خـــوارووترین چینی ئەو ئەشكەوتەدا دۆزراوەتـەوە ئی زیاتر لـە (٦٠٠٠٠٠) سـاڵ پێش ئێستایە. ئەشكەوتی شانەدەر تاكە ئەشكەوتە لە خۆرهەڵاتی نیـزیكدا كـە مـرۆڤی (نێـئـانـدێرتاڵ)ی تێـدا دۆزراوەتـەوە. هەرچەند لە ئەشكەوتی (فـەرمڵ)ی فەلەسـتینیش ئێسكی مرۆڤی (نێئاندێرتاڵ) دۆزراوەتەوە، بەڵام ئەو لە ئی شانەدەر پێشكەوتووترە. وێدەچێ مرۆڤی (فەرمڵ) لە مرۆڤی (شـانەدەر) پەیدا بووبێ و لەوێڕا چوو بێتە فەلەسـتین. وردەوردە مرۆڤ لە ئەشكەوتان هاتە دەرو لە پێدەشتی ئەشكەوتەكـاندا مـزڵی كـرد و ئاژەڵی كـەیی كـردن. یەكـەم ئاژەڵی كـەییكـراو بەهۆی مـرۆڤ سـەگ بووەو ئێـسكی ئەو ئاژەڵە بە زۆری لەلای ئێـسكی مـرۆڤـە كـۆنەكـان دۆزراوەتەوە.

مـرۆڤی كـۆن لە چـاخی بەردینی نوێدا هەوڵی نیـشـتـەجـێـبـوونی داوە. بۆ وێنە لە ناوچەكـانی (كەریم شـار) و (زاوی چەمی)دا، لە پێش (١٠٠٠٠) سـاڵ لەمـەو بەرەوە بەیەكەمین قۆناخی نیشتەجێبوونی كاتی دادەنرێن، كە لە هاویندا تێیدا ژیاون و لە زسـتـاندا لەبەر بەفر و باران و سەرما بەرەو ئەشكەوتـەكان گەڕاونەوە، بەڵام گوندی (چەرمــوو) كــە مــێــژووی دەگـەڕێتــەوە بۆ (٦٧٠٠ی پ.ز)، دەتوانـین بەگــوندێكی هەمـیـشـەیی دابنێین، كـە ٢٥ خـانوون و هـەر خـانوووەی لە چەند ژوورێكی چووكـە پێكهاتووە. سـەگ و بزنی لێ ماڵی كراوە و دانیـشـتـووانی كشـتـوكـاڵ و ڕاویشـیـان زانیـوە. گەنم و جۆ و باقلەی بەخەڵوزبووی تێدا دۆزراوەتەوە. دەسک و ئاونگی بۆ

وردکردنی دانەوێڵە و سازکردنی ئارد بۆ نانیش لێ بووە. ئەو گوندە بەکۆنترین گوند دادەنرێ کە مرۆڤی کۆنی تێدا ژیاوە و نیشتەجێ بووە و ڕاو و کشتوکاڵی تێدا پەرە پێداوە. چەند پەیکەری ژنیان بۆ مەبەستی ئاینی سازکردوون کە ئی خواوەندی دایکن. ئەو گاسنانەی تا ئەو دواییانەش جووتیارانی کورد زەوییان پێ دەکێڵان، سەرەتای دروستبوونەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ گوندی چەرموو. نموونەی ئەو گاسنانە لە سۆمەریش دەکار کراون.

لە کوردستان لەبەرئەوەی زستان زۆر سەخت بووە و تەڕی و تووشی و بەفر و کڕێوە ژیانی بۆ خەڵکی ئەو سەردەمی ناخۆش کردووە. خۆر بەگەرمای خۆی ئەو خەڵکەی گەرم کردووەتەوە و بەڕۆژیش ڕووناکایی داونێ بۆیە لەلای دانیشتووانی ئەو سەرزەمینە جێگای ڕێز و پەرستین بووە. ئەوان ڕێزیان بۆ مردووش داناوە. بۆ نموونە لە گوندی چەرموو لە تەختی بازنەیی ژوورەکانیانداو لە ئەشکەوتی شانەدەریش لە تەختی ئەشکەوتەکەدا لەگەڵ گوڵ ناشتوویانن.

چیاکانی (میزۆپۆتامیا) بەشێکن لە زنجیرە کێوەکانی (زاگرۆس) و چیای (حەمرین) یش بەشێکە لەو زنجیرە چیایە. لە باشووری میزۆپۆتامیادا دەشتێکی پان و بەرین هەیە کە درێژاییەکەی (٦٥٠) کیلۆمەترە کە بە (دەشتی لیتەیی) بەناوبانگە.



قـوڕ و لیـتـەی دیجلە و فـەڕات و لکەکـانی و لافـاو بـەچەند ملیـۆن سـاڵ کـەوتوونە سەریەک و دەشتی لیتەییان پێکهێناوە.

خـەڵکی کوردسـتـان پاشـان دەسـتـیـان کردووە بەسـاز کردنـی شـار و گـوند و لە کێوەکانی زاگرۆس وکـوردسـتـان ڕا شـۆڕبوونەتەوە (دەشـتـی لیـتـەیی)ی باشـووری مـیـزۆپـۆتامـیـا) (کـە لەوەی بەدوا دانیـشـتـوانی کـۆنی بە (فـەڕاتیـیـان) نـاودەبەین و ئەوانەی دوای وان هاتوون لە شارستانیەتی وان کەلکیان وەرگرتووە.

ناوی شـارەکـانـی (دەشـتـی لیـتـەیی) نـە (سـامی)ن و نـە (سـۆمـەری) و ئـەوە نیـشـان دەدا کـە گەلێکی تـر پێش ئەوان لەو دەشـتـەدا نیـشـتـەجێ بوونە. هـەڵکۆڵینەوەکـانی (دێیـڤـیـد و جـوان تۆتیس) لە نـاوچەی (جـۆگـەمـامی)، دەری خـسـتـووە کـە هەندێک دانەوێڵە لەو ناوچەیدا بەشێوەی ئاودێری پێگەیشتوون، نەک بە باران.

کەلوپەلی دۆزراوە لەو دەشـتە لەگەڵ ئـی (زاوی چەمی) و (جۆگەمـامی) و (چەرمـوو) وەک یەکن و بەڵام ئـی دەشـتـەکـە پێـشـکەوتووترن. ئەو ئامـان و دەفـر و گـڵـێنە و چینیـیـانەی لـە شـوێنی وەک (ئاریدۆ) و (ئوور) و چـەند شـاری تر دۆزراونـەوە لە چەشنـی ئەوانەن کـە لە (زاوی چەمی) و (چـەرمـوو) و ناوچەکـانی تر و کـوردسـتـان دۆزراونەوە، بەڵام تەمـەنیـان کـەمـترە و ئەوە یەکێک لە بەڵگەکـانی یـەکبوونی خـەڵکی کـوێسـتـانەکـانی کـوردسـتـان و (فـەڕاتی)یەکـانە. هـەرچەندە ئەو (فـەڕاتی)یانە بۆ گەرمبوونەوە، پێویـسـتـیـەکی ئەوتۆیان بـەگەرمـای خـۆر نـەبووە، بەڵام (جین پۆترۆ و ئێلێنا کاشن) و (جین ڤێرکـۆتێر) لە کتـێبـە هاوبەشـەکەیاندا بەنـاوی (خـۆرهـەڵاتی نیزیک و شـارسـتـانییە کـۆنەکان) دەڵێن: (هەندێک بەڵگەی یەکەمین نیشـتـمـانی ئەو نەتەوانـەمـان لەلایە و پاشـەرۆکـە مـاکـیـیـەکـانیـان ئامـاژە بەوە دەکـەن کـە دەبێ پێـوەندییـەکی ڕۆشنبـیـریـان لـەگـەڵ وڵاتی عـیـلامـدا هەبووبێت و لەلایـەکی ترەوە پێوەندییان بەچینەکانی گردی خەڵەفی میزۆپۆتامیاشدا هەیە).

پێش داهێنانی نووسین لـەلایەن سـۆمـەرییـەکـانـەوە، ناکـرێ لێکۆڵیـنەوەیـەکی زمـانەوانی لەسـەر (فـەڕاتیـیـەکـان) بکرێ. چونکە تەنیـا چـەند زاراوەیەکی کـۆنی (فەڕاتی )یان لێ پەڕیونە نێو زمانەکانی سۆمەری و سامی.

## سۆمەرییەکان

دەوری چوار هەزار ساڵ بەرلە زاین، هۆزگەلێکی کوێستانی لە کێوەکانی باکوری ڕا هاتنە وڵاتی شەنگار لە نێوان دووچۆمان و لەوێ دامەزران. ئەوگەلە لە سەرەتاوە لە بەشی سەرووی کەنداوی پارس و سەرزەمینی نێوان دووچۆماندا ژیانیان بردووەتە سەر. برۆسی مێژوونووسی بابلی دەڵێ: (دانیشتووانی کۆنی بابل وەک ئاژەڵ بەبێ ئوول و یاسا دەژیان، گەلێکی خاوەن شارستانیەتێکی بەرزتر، کە موویان ڕەش و وڵاتی سەرەکیشیان کوێستانی بوو، لەسەر شاخەکان بەپێوە خوایەکانیان نیشان دەدان. بەشێوەی داپۆشینی بانەکانیان ڕا کە بەدارەڕا ئەنجام درابوو، دیارە سەرزەمینەکەیان جەنگەڵ و مێشەی هەبووە).

فەرمانڕەوایانی شارەکانی سۆمەر کە بە پاتسی ناودەبران، سەرۆکی ئوولیش بوون و بەبڕوای سۆمەرییەکان کاروباری شاریان بەیاریدەی خواکان بەڕێوەدەبرد. خەڵکی عیلام کە کوێستانی بوون، بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر سۆمەر، بۆیە پاتسیی شاری (لاگاش) نیزیکەی ٣٠٠٠ ساڵ پ.ز لەگەڵیان بەشەڕهاتووە و وەک عیلامییەکان بۆخۆیان دەڵێن، بەتوندی تێکی شکاندوون و شاری بەنێوبانگی (ئوورماUrma)ی گرتووە و خستوویەتە سەر وڵاتی خۆی. نامەیەک لەسەر ئەو ڕووداوە دۆزراوەتەوە کە ئی ٣٠٠٠ ساڵ بەر لە زاینە و کاهینی خاتوو خواوچووکەی (نین مار Nin mar) بۆ برادەرێکی خۆی نووسیوە. مێژوونووسان باسی یەکەم زنجیرە پاشایانی سۆمەریان کردووە کە بەر لە تۆفانەکەی نووح بوونە و هەندێک بەڵگەنامە بوونی وان دەسەلمێنن.

درەوشێک و کوتە شتێکی نەخشاو بە سەدەف و لاجەوەردو جۆرە چەکێکی سپای سۆمەرییان لە گۆڕی شایەکیان لە شاری (ئوور) دۆزراوەتەوە. درەوشەکە سێ ڕیزە نەخشی لەسەرن. ڕیزی بنەوە حارەبەگەلێک نیشان دەدا کە هەرکامەیان بە چوار گوێدرێژ ڕادەکێشرێن. هەریەکەی لێخوڕێک و سەربازێکی لەسەرە. چەکی سەربازەکە برێتییە لە نێزەی سووکی وەک زەرگ بۆ هاویشتن و شێلاقێک بۆ هێرش. نێزەکان دەو تیردانانە دان کە لەپێشی حارەبەکە قایم کراون. ڕیزی نێوێ پیادە نیزام نیشان دەدا کە بەڕێکوپێکی دەچنە پێش. کڵاوخۆدی درێژی قووچ لە

سەر و جلکی سەربازی لەبەر و نێزەی درێژیان بەدەستەوەیە. ڕیزی سەرەوەش شا نیشان دەدا کە تەشوێ و شێللاقی تایبەتیی پێیە. ئەو لەشکرە بەتیرو کەوانیش چەکدارن.

سۆمەرییەکان لە سەردەمی خۆیاندا لە بیرکاری، ئەستێرەناسی و پەیکەرسازیدا پێشڕەوی زەمانی خۆیان و زۆریش لەپێش بوون. لەو سەردەمەدا پزیشکی تایبەتییان هەبووە کە چارەی نەخۆشیی خەڵکی کردووە. بەپێچەوانەی ئەوەی یەکەم یاسا بە یاسای (حاموورابی)ی پادشای (بابل) ناوبانگی دەرکردووە، کۆنترین یاسا کە تائێستا دۆزراوەتەوە، یاسای پادشایەکی سۆمەرییە بەناوی (ئۆرنەمۆ)، پاشانیش یاسای (لبث ئەشتار) و (ئەشتۆنا) دێنە گۆڕێ کە لە ئی (حاموورابی) کۆنترن. یاسای حاموورابی هەر یاساکەی ئەو سێ پادشا (سۆمەری) یەیە کە بەشێوەیەکی تر داڕێژراوەتەوە. تەنانەت قانوونی چاو بەچاو و ددان بەددانیش کە لە (قورئان)دا هاتووە، لەنێو یاسای (سۆمەری)یەکاندا هەبووە. بە پێچەوانەی ئەوەی یەکەم قوتابخانەش دەکەنە ئی (حاموورابی)، (سۆمەری)یەکان بۆ یەکەم جار لە پەرستگاکاندا قوتابخانەیان دانا و لەسەر تەختەگڵ قوتابییان فێرە خوێندەواری دەکرد.

هەزاران تەختە گڵ لە بواری ئەدەبیدا لە سۆمەرییەکان بەجێ ماون، وەک ئافرانی گەردوون و چیرۆکی گلگامێش، کە یەکەم سەرەتان بۆ سازبوون و گەشەکردنی ئەدەب لە مێژوودا و بوونەتە سەرچاوە و سەرۆ بۆ ئەدەبیاتی ئێستا. لەباری ڕامیاریشدا هەر پادشایەی چەند ڕاوێژکاری هەبوون. بەپێی چیرۆکی (گیلگامێش)، وڵاتی سۆمەر دوو ئەنجوومەنی هەبوون، ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی جەنگاوەران، کە لەنێو چینە سەربەستەکان هەڵبژێراون.

لە داستانی تۆفانەکەدا لە تەختەگڵەکانی (سۆمەر)دا ناوی (نووح) بە(زیۆ سەدرا) هاتووە. کە ئەو چیرۆکە چەند هەزار ساڵ دواتر لە قورئان و تەوڕات و ئینجیلدا هاتووە، هەروەها چیرۆکەکانی (ئادەم و حەواو قابیل و هابیل) و شێوەی لەدایکبوونی (مووسا) پێغەمبەرو ڕۆژی دوایی و بەهەشت و دۆزەخ و... کە لە کتێبە ئاینییەکاندا هەن.

## کوردستان یەکەمین نیشتمانی سۆمەرییەکان بووە

پرۆفسۆر (ڕۆڵنسن) پێی زانی کە هەندێک لەو تەختەگڵانەی لە گردی (قۆنجەق)دا دۆزراونەوە بە دوو زمانن. یەکیان ئاشووری و ئەوی تر لە کاتی خۆیدا هەندێک ناوی هەڵەی لێ نرا. تا لە ساڵی ١٨٦٩ (ئەبێرت)ی ڕۆهەلاتناس، پاش خوێندنەوەی چەند تەختە گڵێک و بوونی نازنێوی (پادشای سۆمەر و ئەکەد) لەو نووسینە میخییانەدا لێکی داوە وشەی (ئەکەد) ئی سامییەکانە و وشەی (سۆمەر) دەبێ ئی گەلێکی ناسامی بێ. زانایان دەڵێن بەڕووخانی دەوڵەتی (سۆمەر) زمانەکەشیان لەناوچوو. دوابنەماڵەی سۆمەرەکان بنەماڵەی (ئوور) بوو کە لە ساڵی (٢٠٠٤ی پ.ز) کۆتایی پێهات.

ئەو ڕایەی مێژوونووسان لەسەری ڕێک کەوتوون، ڕەگەزی (سۆمەر) دەباتەوە سەر چیاکانی (زاگرۆس)ی کوردستان. پرۆفسۆر (هاری ساکز) دەڵێ: (لە کۆتاییەکانی چاخەکانی پێش مێژوو و چاخە مێژووییەکان، سۆمەرییەکان لە خۆرهەلات و باکووری ڕۆهەلاتەوە هاتوونەتە باشووری وڵاتی بابل). گرینگترین بەڵگەی سەلمێنەریشی، پەرستگای (زەکورە)یە.

(هندکۆک)ی پسپۆڕی ئارکیۆلۆژی دەڵێ: (سۆمەری)یەکان و (ئیلامی)یەکان بە زمانێک گفتوگۆ دەکەن کە سامی نییە و هەر دوولایان فەرهەنگیان هەبووە و ڕێنووسیان میخییە هەروەها (لۆن) لە (چیرۆکی مرۆڤ)دا دەڵێ: (... لە پاش چەند ساڵێک و دوای لافاوە مەزنەکە (سۆمەری)یەکان لە باکورەوە هاتوون). زۆر لە زانایانی عەرەبیش پێ یانوایە (سۆمەری)یەکان لە کێوەکانی کوردستانەوە هاتوونە (نێوان دووچۆمان). (گوودێئا)، دوایین پادشای زنجیرەی (دونگی)ی سۆمەر بووە کە (عیلام) و (لووللووبی)ی داگیر کردووە. (سۆمەری)یەکان بۆ خۆیان بە وڵاتەکەیان دەکوت (ئووریکی – Uriki) و ناوی شارەکەیان (ئوورووک) بووە. بنەماڵەی وەرکای لە بنەماڵە بەناوبانگەکانی پادشایانی (سۆمەر) بووە کە پادشایەکەیان (گلگامش) لە دەوروبەری (٢٧٠٠ی پ.ز) پادشایەتیی کردووە. دوا پادشای (سۆمەر)، لۆگال زاگیری بوو کە لە دەوروبەری (٢٤٠٠ – ٢٣٧١ی پ.ز) بەدەستی سارگۆنی (ئەکەدی) لێکەوت و وڵاتەکەی کەوتە بەردەستی (ئەکەدییان). لە دەوری ٢٢٨٠ی (پ.ز)،

(کــوودروونان خــووندی)ی پادشــای عیــلام شــاری (ئوور)ی گــرت و تالانی کــرد و پەیکەری خوای خوایانی شارەکەی کە (نانا) یا (نەنە)ی پێ دەکوترا بردە عیلام)

(گووتی)یەکان پاشان هێرشیان هێنا سەر ئەکەد و لە دەوروبەری (٢٢٠٠ی پ.ز) ناوچەکــەیان گــرت و تا (٢١١٦ی پ.) فــەرمــانڕەوایــیــان تێداکــرد. لە دەوروبەری (٢١٢٠ی پ.ز) لە شــاری (وەرکا)دا ســەرۆکێکی ســۆمــەر بەناوی (ئۆتــۆهێگاڵ) توانی (گووتی)یەکان وەدەرنێ و سۆمەر ڕزگار بکا. پاش (ئۆتۆ هێگاڵ)، بنەماڵەی (ئووری ســێــیــەم) (٢١١٣ – ٢٠٠٦ی پ.ز) دەســتــی پێکرد. کــە دوا بنەمــاڵەی پادشــایانی سۆمەرە. بەناوبانگترین پادشا و دامەزرێنەری ئەو بنەماڵە، (ئوورنەموو)یە (٢١١٣ – ٢٠٩٦ی پ.ز). ئەو بەناوی خــوای شــارەکــەیەوە چەند یاســایەکی دەرکردو بۆ لادەران لە یاســایەکــەش ســزای توندی دانــان. هەروەها ئەو یاســایە باســی پێــوەندیی نێــوان پزیشک و نەخۆش ڕێک دەخاو کرێی پزیشک لە هەندێک نەخۆشیدا دیاری دەکات. لەو یاســایەدا حــاشــاکــردنی کۆیلە لە خــاوەنەکــەی ســزای زۆر ســەخــتــی بۆ دانراوە. کەوابوو یەکەم یاســادانەری جیــهــان (حــامــوو ڕابی) نەبوو، بەڵکو ئــەویش چاوی لە (ئوورنەموو) کردووە.

دوایین شــای (سۆمــەری) گەنجێکی کەم ئەزمــوون بوو. گرانیی باج لەســەر خــەڵک و خــراپیی باری ئابووریی وڵات، وای کرد زۆربەی هــەرێمــەکان لەژێر فــەرمــانڕەوایی ئەو پادشایە بکشێنەوە. ئاوا (ئیلامییەکان) توانییان دەست بەسەر وڵاتەکەیدا بگرن.

هــەر پادشــایەی ســۆمــەر چەند ڕاوێژکاری هەبووە، بەتایبــەتی ڕاوێژکاری ئاینی کــە لە هــەمــووان گــرینــگتــر بووەو ڕای خــواوەندی بەپادشــا ڕاگــەیاندووە. هــەروەها دوو ئەنجــوومــەن هــەبوون بۆ یاریدەدانی پادشــا لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، کــە بــرێتی بوون لە ئەنجــوومــەنی پیــران و ئەنجــوومــەنی جــەنگاوەران کــە لەنێــو چینە ســەربــەســتــەکــاندا هــەڵدەبژێردران.

کــۆمــەڵگەی (ســۆمــەر) زۆرتر کــشــتــوکــاڵی بووە. پیــشــەســازییــان برێتی بووە لە کەرستــەی جەنگیی وەک تیروکەوان و ڕمب و گالیسکە و... هــەروەها ڕستن و چنین و گۆزەکاری و کەلوپەلی تر. بەخێوکردنی مــەڕومالاتیش لە پەنا کشتوکاڵدا باو بووە. گەنم و برنج زۆرتری ئەو دانەوێڵانە بوون کە دەچێندران. (ســۆمەر) وڵاتێکی بێ کانزا بووە، بۆیە ئــەوان بۆ وەدەســتــهــێنــانی کانزای پێــویست، دەســتــیــان کردووە بەنێــوان




خـۆشکردن لەگـەڵ دراوسـێکانیـان و جـاری واش هەبوو نـاچار دەبوون بـۆ دەست بەسـەرداگرتنی سـەرچاوەکانی کانزا، لەگەڵ نەتەوە چیاییـەکانی زاگرۆس بەشـەڕ بێن.

هونەری (سۆمـەری)یەکان هونەرێکی زۆر بەرز و پڕ لە تەکنیک و داهـێنانی سەیرە، کە نموونەی زۆری لە مۆزەخـانەکانی جیهاندا هەیە. ئەوان لە سازکردنی گۆزەو دەفر و چینی و خـانووبەرەدا زۆر پێشکەوتوو بـوون. هونەری بیناسازی (سـۆمـەر) بووەتە هۆی سـەرسـامـیی ئەندازیارانی ئێـسـتـاش. لەوانە پەرسـتگای (زەکـوورە)یە، کـە بەرزایی هەندێکیان دەگاتە (٨٠ پێ). شایانی باسە کە ئاین دەورێکی زۆر گرینگی لەبەرەو پێش چوونی هونەر و پەیکەرتاشین و دروستکردنی پەرستگا و زەکوورەکاندا هەبووە. دەتوانین کۆمـەڵەی خواوەنده (سۆمـەری)یەکان لەسـەر مۆرە لوولەییـەکان ببینین.

زانست بەگـشـتی لە سـەردەمی سـۆمـەرییـاندا نرخـێکی تایبـەتیی هـەبووە. سـۆمـەری)یەکـان ئاگـەداری جـووڵەی ئەسـتـێرەکان و وەرزەکـان و مـانگ گـیـران و خـۆرگیـران و دوازدە بورجـەکان بـوون. زانسـتی بیرکـاریشـدا بەتەواوی شـارەزای کۆکردنەوە و لێکدان و دابەشکردن بوون. یەکێک لەو تەختە گڵانەی (سـۆمـەری)یان

کە لە کتێبخانەکەی (ئاشووربانیپال)دا دۆزراوەتەوە، باسی تێئۆرییە بەنێوبانگەکەی (فیساغوورس) دەکا، کە وێدەچێ ئی وان بێ و بەهەڵە کرابێتە ئی (فیساغوورس)، یا لەوانەیە ئەویش هەر لەوانی وەرگرتبێ. (سۆمەری)یەکان لە زانستی پزیشکی و دەرمانی نەخۆشیشدا زانیارییەکی بەرچاویان هەبووە.

ئەو بەڵگانەی خوارەوە دەیسەلمێنن یەکەمین نیشتمانی (سۆمەری)یان کێوەکانی کوردستان بووە:

١- کەرستەی ئارکیۆلۆژی: واتە ئەو کەلوپەلەی مرۆڤی کۆن لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا دەکاری کردوون و لە ناوچە و نێو کەلاوەکاندا بە هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆژی دۆزراونەوە. گرینگترینیان ئەو (چینی)یانەن کە بەهۆی قایمبوونیان بە ڕووداوە سروشتییەکان لەناو ناچن. ئەوانە دەتوانن ڕادەی پێشکەوتن و تەمەنی شارستانییەت نیشان بدەن. کوردستان لە نیزیکەی نیو ملیۆن ساڵ پێش ئێستا مرۆڤی تێدا ژیاوە. یەکەم جار ئێسکی ئەو مرۆڤانە لە ئەشکەوتی (شانەدەر)دا دۆزراوەتەوە. ئەو مرۆڤانە ڕاوچی بوونە و ئامرازی ڕاوکردن لە ئەشکەوتەکەدا دیتراوەتەوە. پاش نیشتەجێبوونیان لە ناوچەکانی وەک (پاڵەگەورە) و (کەریم شار) و (جۆگەماسی) و چەند ناوچەی تردا لە نێوان (١٥٠٠٠ تا ٧٠٠٠ی پ.ز) وە وردەوردە کەرستەکانیان پێشکەوتوون. پاش کۆچکردن و نیشتەجێبوونی ئەو (شانەدەری)یانە لە ناوچەی حەسوونە، لە دەوری هەزارەی پێنجەمی (پ.ز)، کەرستەکانیان هەر ئەو کەرستانەی سەردەمی بوونیان لە چیاکانە، بەڵام پێشکەوتووترن. کۆچکردن و نیشتەجێبوونی (چەرموویی)یەکان لە (حەسوونە) ئی ١٠٠٠ ساڵ پێشترە. پاش هەزارەی پێنجەم لە چینی سەرووی (حەسوونە) و (سامەرا) و (ئاریدۆ) و (قەڵای حاجی محەمەد)دا وەدەستهاتوون کە حەسوونەیی یەکان لە چیایی یانیان وەرگرتووەو ئی (٤٥٠٠ی پ.ز)ن، بەڵام پێشکەوتنی زیاتریان بەخۆوە دیوە. ئەو پێشکەوتنە زیاتر لە ئیگردی خەڵەف وپاشماوەی عەبید دا بەدی دەکرێ، کە دەگەڕێنەوە بۆ هەزارەی چوارەمی (پ.ز). لێکۆڵینەوە (ئارکیۆلۆژی)یەکانی (دێیڤید و جوان ئۆتیس) نیشان دەدەن کە ژمارەیەکی زۆر لەو کەرستانە لە باشووری کوردستاندا بۆ وێنە لە ناوچەی (گردی ڕەش)ی نیزیک ژەنگار و قاڵینج ئاغای هەولێر و ناوچەکانی نزیک ڕانیە و هەندێک شوێنی

تریش هەر بەتەواوەتی لەگەڵ چینییەکانی (ئۆرۆکی سۆمەری)دا هاوچەشنن، بەڵام تەمەنیان لە ئیئۆرۆک زیاترە، واتە کۆنترن. لە هەزارەی سێیەمی (پ.ز) لە (ئۆڕۆک)دا – کە لە نێو جەرگەی سۆمەرە و پێشکەوتووترین شاریەتی – ئەو پێشکەوتنە زیتریش دەبینین. (درایڤێر G. R.Driver)ی زانا و مێژوونووس دەڵێ: کۆنترین شوێنەوار و ئاسەواری کوردەکان، ئەو گڵێنە و سواڵەتە (سۆمەری)یانەن کە لەژێر هەرددا بینراونەتەوە و دەگەڕێنەوە بۆ سێ هەزار ساڵ بەر لە لەدایکبوونی عیسا...و لە هەندێکیان وشەی (کاردا Karda) دەخوێندرێتەوە، هەروەها یەکێک لەو گڵینانە، سەردەمی پادشایی (شوو – سین Shu - Sin) نیشان دەدا کە دەچێتە سەر (ئوور) (١٩٧٨ پ.ز) و (کارداکا Kardaka)ی لەسەر دەخوێندرێتەوە. ئەوانە نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە شارستانییەت لە باکورەوە بۆ باشوور گوێزراوەتەوە و (سۆمەری)یەکان لە ڕەسەنی چیاییەکانی کوردستانن.

٢– زمان – زمانی سۆمەرییەکان کۆنترین زمان نییە، هەروەکو بۆ خۆشیان کۆنترین نەتەوە نین، بەڵام کۆنترین زمانە کە بەڕێنووسی بزماری نووسرابێتەوە و بەدەستی ئێمە گەیشتبێ. نووسین بەشێوەی وێنەیی هەروەک (پرۆفسۆر گرامێر) دەڵێت: (لە وڵاتی سۆمەردا لە هەزارەی چوارەمی (پ.ز) دەستی پێکردووەو وردەوردە شێوەی بزماریی بەخۆوە گرتووە.



تەختە گڵێکی قوتابخانە کە قوتابیە سۆمەرییەکان لە ٢٥٠٠ ساڵ پ.ز لەسەری خوێندوویانە

سۆمەرییەکان بەو ڕێنووسە زمان و ئەدەب و یاسا و نامەی پادشاکانی خۆیان تۆمار کردووە. لە هەزارەی سێیەمی (پ.ز)، ڕێنووسی بزماری بەشێوەیەکی پێشکەوتوو لە وڵاتی سۆمەردا بڵاو بووەتەوە.

ئەوان تەختە قوڕێکیان بەدارێکی نووک تیژ یاقامیشێکی سێ چوکڵە

دەنووسی و دوایە دەئاگـــر دا ســــووریان دەکــــردەوە. تا نەشکێ و نەفـــەوتێ. سۆمەرییەکان وشەی (کوور Kur)یان بۆ (کێو)یش و (نیشتمان)یش بەکاردێنا. ئەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوان لەپێشدا لە کوێستان نیشتەجێ بوونەو دوایە کە هاتوونەتە دەشتایی ئەو ناوەیان بۆ نیشتمانیش بەکارهێناوە. (کورکورداخ) ناوی کـێـوێکە لەســەر (زێی بچــووک) لە ناوچەی پشـدەر. ئەو ناوە هەر ئی ســەردەمی سۆمەرییانە کە وەک خۆی ماوەتەوە، تەنیا پاشگری تورکیی (داخ واتە کێو)ی لێ زیادکراوە.

بەڵگەیەکی تر، وێنەی داری کـێوی وەک سـەروو سنەوبەر و بەران و بزنە کـێوییـە لەسـەر مـۆرەلوولەیی یەکـانی (سـۆمـەر). ئەو دارانە لە سـەردەمی بەفـر و سـەرمـای سـەختی کوێستانەکانی کوردستان دارگەلێک بوون کە دەیانتوانی لە حاست ئەو کەش و هەوایەدا خۆ ڕاگرن. وادیارە ئەو دارانە لەلای سۆمەرییەکان پیرۆز بوونە، کە لە زستاندا بۆ خۆگەرمکردنەوە و سازکردنی خانوو و کەلوپەلی پێویست کەلکیان لێ وەرگرتوون، وێنەی بەران و بزنەکەش بەئاشکرا لەگەڵ ئاژەڵەکانی دەشتی لیتەیی جیاوازییەکی زۆریان هەیەو وەوانە دەچن کە ئێستاش لە کێوەکانی کوردستان دەیانبینین. ئەوەش دەیسەلمێنێ کە ئەوان خەڵکی چیاکانی کوردستان بوونە. (دوکتۆر سپایز) دەڵێ: (دەکرێ بڵێین لە سـەردەمی سۆمـەرییـەکاندا ڕەگەزی گـووتی هەر هەبووە کە ئەوانە بێگومان گەلێکی کوێستانین).

بەداخـــەوە لەباری زمانەوانییەوە زۆر کەم لە زمانی (سۆمەری) و پێوەندییەکەی لەگەڵ ئـی کـــــــوردی کـۆڵراوەتەوە. لێرەدا هەندێک وشـــەی ســۆمـەری دێنینەوە و لەگـەڵ ئـی کـــوردی بەراوردیان دەکەین.



| | |
|---|---|
| ١ | باڵندە |
| ٢ | ماسی |
| ٣ | کەر |
| ٤ | گا |
| ٥ | خۆر |
| ٦ | دانەوێڵە |
| ٧ | باخچە |
| ٨ | گاسن |
| ٩ | تیروکەوان |
| ١٠ | ڕۆیشتن |

قۆناخەکانی گۆڕانی ڕێنووسی بزماری

له سۆمەریدا (ئا A): له کوردیدا (ئاو)،

له سۆمەریدا (گوو Gu): له کوردیدا (گوێ)، بەواتای کەنار یا لێوار (گوێ چۆم = لێواری چۆم)،



وێنەیەکی خەیاڵیی زەکوورەی نوور

له سۆمەریدا (کەڵەگا Ka-laga): له کوردیدا (کەڵەگا، هەروەها بەهێز، پاڵەوان)،

له سۆمەریدا (پابیلگە Pa-bilga): له کوردیدا (باپیره)،

له سۆمەریدا (کوڕرا Kurra): له کوردیدا (کەر – بە ئەسپیشیان کوتووه کوڕرا ئانشی، واته کەره کوێستانی)، ئێستاش له کوردستاندا که بانگی جاشکی کەر یا جانووی ئەسپ دەکەن دەڵێن (کوڕووو، کوڕوو).



زەکوورەی شاری (دوور کوڕی گاڵزۆ) که کاسییەکان سازیان کردووه

له سۆمەریدا (نوومووزوو Numuzu): له کوردیدا (نازانێ)،

له سۆمەریدا (گوودێئا Gudea): له کوردیدا (گۆتیار، بێژەر)،

له سۆمەریدا (موو Mu): له کوردیدا (من)،

له سۆمەریدا(ئانێ A - ne): له کوردیدا (ئەو)،

له سۆمەریدا (ئانێ نێ – A - ne ne ): له کوردیدا (ئەوان)،

له سۆمەریدا (مێ Me): له کوردیدا (ئێمە، مە)،

له سۆمەریدا (ئاپن Apin): له کوردیدا (ئاسن)،

لە سۆمەریدا (گووورووش Gurush): لە کوردیدا (بۆڕ)،

لە سۆمەریدا (کاڵ Kal): لە کوردیدا (بەهێز، کەڵ لە کوردیدا کەڵ بەواتای بەهێز دێت- بەتاقەتە دەڵێی کەڵە)، کەڵ هەر ڕاست نموونەی کوردیی (کاڵ)ی سۆمەرە.

لە سۆمەریدا (ئان An): لە کوردیدا (ئاسمان)،

لە سۆمەریدا (بالا Bala): لە کوردیدا (ماوەی فەرمانڕەوایی)،

لە سۆمەریدا (ئەمبار Ambar): لە کوردیدا (زەلکاو – کە دەکرێ لەبەرئەوەی زەلکاو شوێنی کۆبوونەوەی ئاوە وە ئەنباری بچوێنین)،

لە سۆمەریدا (ئە E): لە کوردیدا (ئەوە، ئەو ئەو شتە)،

لە سۆمەریدا (ئوڕی U-ri): لە کوردیدا (ئەوڕۆ، ئەمڕۆ، ئیمڕۆ)،

لە سۆمەریدا (زو Zu): لە کوردیدا (زان، زانین)،

لە سۆمەریدا (می Mi): لە کوردیدا (مێ)،

لە سۆمەریدا (گا Ga): لە کوردیدا (گا)،

لە سۆمەریدا (دینگار Dingar): لە کوردیدا (خوداوەند – لە ڕاستیدا خوداوەند بناغەی دین یا سازکەری دینە، دین وەک مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێ لە کوردی ڕا چۆتە نێو عەرەبی و وشەیەکە لە ئاوێستا و نووسراوە کۆنەکانی تری کوردیدا هاتووە)،

لە سۆمەریدا (کوڕ Kur): لە کوردیدا (کێو)،

لە سۆمەریدا (ئەششا Ashsha): لە کوردیدا (شەش)،

لە سۆمەریدا (ئش Esh): لە کوردیدا (هەشت)،

لە سۆمەریدا (هە Ha): لە کوردیدا (دە، دەک)،

لە سۆمەریدا (باڕ Bar): لە کوردیدا (بڕ، بڕین)،

لە سۆمەریدا (دوو Du): لە کوردیدا (دوان، دواندن، دوو – دەم و دوو)،

لە سۆمەریدا (سیپا Sipa): لە کوردیدا (شوان)،

لە سۆمەریدا (ئەسیر A se - er): لە کوردیدا (ئەسر واتە فرمێسک کە بەواتای گریانە، گریان)،

لە سۆمەریدا (کی Ki): نیشانەی شوێن، لە کوردیدا دەپرسن کوێ)،

لە سۆمەریدا (ئۆمینا Omina): لە کوردیدا (ئاپۆر، ئاپۆرە)،

لە سۆمەریدا (دار Dar): لە کوردیدا (دار، درەخت)،

لە سۆمەریدا (کوور Kur): لە کوردیدا (گۆڕ، دونیای دی)،

لە سۆمەریدا (ئاروو Aru): لە کوردیدا (ئاو)،

لە سۆمەریدا (کەش Kesh): لە کوردیدا (کاژ، سەرو)،

لە سۆمەریدا (کارداکا Kardaka): لە کوردیدا (کوردستان)،

دەکرێ لە (سۆمەری)دا زۆر وشەی تر هەبن کە شێوەی کوردی بدەن، کە بەداخەوە، زۆر بەکەمی لەو بوارەدا لێکۆڵینەوە کراوە. لەوانەیە زمانی (سۆمەری) وێکچوونێکی زۆری لەگەڵ زمانی (میتانی و هووریش)دا هەبێ کە ئەوانیش بە زمانی (هیندۆئەوروپایی) نەهێنراونە ئەژمار، بەڵام کارگەریی زۆریان لەسەر زمانی کوردی هەبووە یا لەوانەیە بەشێک بن لە بناغەی (کوردی).

لە چیرۆکی ئافراندن لە زمانی مەردووخەوە ئەو چەند دێڕە لەسەر تەختە گڵێک نووسراوە: (جانەوەر- داعبا)ی (لۆلۆ) دروست دەکەم کە نێوی مرۆڤە. بێ سڵکردن مرۆڤی کێوی دروست دەکەم تا ببێتە لێپرسراوی خزمەتکردنی خوداوەند، تا خوداوەند بەئاسوودەیی بژی).

زانایانی ئارکیۆلۆژ (شوێنەوارناسی) لەسەر ئەوە کۆکن کە (سۆمەرییەکان) (سامی) نین. سامی یەکان لە هەزارەی سێیەمی (پ.ز) لە دوورگەی خۆیان وەدەر کەوتن و بەرەو (شام) و (دەشتی لیتەیی) کۆچیان کردو لێی نیشتەجێ بوون، بەڵام سۆمەرییەکان زۆر پێش وان لەوێ بوون و مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی پێنجەمی (پ.ز). (سامی)یەکان بەرەبەرە زیادیان کرد و بوونە زۆرینەی (دەشتی لیتەیی) و بۆ ماوەیەکیش لە ٢٤٠٠ی(پ.ز) بەسەرۆکایەتیی (سارگۆن)ی (ئەکەدی) توانییان بۆ ماوەیەکی کاتی دەست بەسەر (سۆمەر)دا بگرن.

لە خۆرهەڵاتی (سۆمەر)دا (عیلامی)یەکان لە بەشێک چیاکانی (زاگرۆس)دا ژیاون، کە ئێستا ناوچەی (لەکستان) و (لوڕستانە). بوونی (سۆمەری)یەکان لە ڕەگەزی (عیلامی)یەکان بەدوور دەزانرێ، هەرچەند هەندێک کەرستەی ئارکیۆلۆژیی هەردووک

لا وێک دەچن و هەندێک وشەشیان وەک یەکن، بەڵام ئەوە دەبێ زۆرتر کارتێکردنی پێوەندی و دراوسێتیی نێوان ئەو گەلانە بێ، نەک یەک ڕەگەز بوونیان.

لە باکوری وڵاتی (سۆمەر)دا کە ئێستا نێوەڕاستی (کوردستانە)، لە چاخی بەردینی نوێوە تا نیو ملیۆن ساڵ پێش ئێستا (مرۆڤی شانەدەر) ژیاوە و پاشان بووەتە نیشتمانی گەلانی کوردستان وەک (میتانی)یەکان، (گووتی)یەکان، (لۆللۆ)کان، (کاشی)یەکان و....

نیزیکیی جوگرافیایی یەکێکی ترە لە بەڵگەکانی سەلماندنی ئەوەی (سۆمەری)یەکان پێشتر نیشتەجێی (کوردستان) بوون و پاشان چوونەتە دەشتەلیتەییەکەی باشووری (نێوان دووچۆمان). ئەوەی ئاشکرایە پێوەندییەکی بەهێزی هاونیشتمانی لە کێوەکانی زاگرۆسدا لە نێوان (سۆمەرییەکان) و (گووتی)یەکاندا هەبووە. (فەڕاتییە سەرەتاییەکان)یش لەو پێوەندییەدا شایانی باسن کە لە نێوان هەزارەی شەشەم و پێنجەمی (پ.ز) لە کێوەکانی (زاگرۆس) ڕا هاتوونە (دەشتی لیتەیی). بەوەیڕاکە تائێستا هیچ کەرستەیەکی کۆنینەناسی لەو ناوچەی نەدۆزراوەتەوە کە لە ئی فەڕاتییە سەرەتاییەکان کۆنتر بێ، ئەوان کۆنترین گەلی نیشتەجێی (دەشتی لیتەیی) بن، بەڵام ئەو کەرستە دۆزراوانە ئەوەندە کەمن کە ناتوانرێ ڕەگەزی (سۆمەری)یەکانی پێ ببردرێتەوە سەر ئەوان.

ئاین بەڵگەیەکی ترە بۆ پێوەندیی (سۆمەرییەکان) بەکێوەکانی (کوردستان)ەوە. ئاینی (سۆمەرییەکان) ئەوەندە وە ئی (زاگرۆسییەکان) دەچێ کە دەکرێ بکوترێ لە بنەڕەتدا دینیان هەر یێک بووە. دۆزرانەوەی پەیکەرە چووکەکانی خوای دایک (یا پیت و بەرەکەت) کە ئی ناوچەی شانەدەرییەکانە، بەزۆری لە ناوچەی (سۆمەر)دا بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە. (سۆمەرییەکان) بەو پەیکەرانەیان کوتووە (نەنخورسانکا) واتە خوداوەندی دایک. خوداوەندی تەندروستی (گۆلا Gula)، کە هەمیشە سەگێک یاوەری بووە و هێماکەشی گۆڵەسەگێک بووە، لەنێو سۆمەرییاندا پەرستراوە. لەنێو کوردەواریدا ئێستاش بە سەگی نێر دەڵێن گۆڵ. بێجگە لەوانەش هەندێک خوداوەندی تر لەنێو (سۆمەرییەکان)دا پەرستراون کە شوێنی کۆنیان کێوەکانی کوردستان بووە. بۆ وێنە خواوەندی خۆر، کە سۆمەرییەکان پێیان کوتووە (ئۆتۆ)، کە بەکوردیش دەبێتە هەتاو.

پەرستگای زەکوورە یا بورگ، کە لە بابلدا پێی کوتراوە (زیکوورەتووو Ziquratu) واتە بەرز، گرینگترین بەش و لە ڕاستیدا بڕبڕەی پشتی ئای نی سۆمەرییەکان بووە، پێوەندییەکی بەهێزی بەچیاکانی کوردستانەوە هەبووە. لەو کاتەدا سۆمەرییەکان لەدەشتدا نیشتەجێ بوون، ئەو پەرستگایانە بەشێوەیەکی ئەندازیاریی زۆر ڕێکوپێک سازکراون. بەرزایی هەندێکیان تا ٦٠ مەتر بووە و ئی هەندێکیان زیاتریش. ئەو پەرستگایە لە زۆربەی شارەکانی (سۆمەر)دا هەبووە و هەرکامەیان شوێنی خوایەک بووە. لیستەی زەکوورە کۆنەکان لە کتێبخانەی (ئاشووربانیپاڵ) دۆزراوەتەوە کە نیشان دەدا لە ٢٧ شاری ناوچەکەدا لەسەر یەک ٣٣ زەکوورە هەبوون. بەناوبانگترین زەکوورە کە تا ئێستا بەپێوە مابێ زەکوورەی (ئوور)ە کە ڕووبەرەکەی ٦٠ بە ٤٥ مەترە و هەر نهۆمی یەکەم و بەشێک لە نهۆمی دووەمی لێ ماوەتەوە کە بەرزاییەکەی ٢٠ مەترە. سێ ڕیزە پلیکانی لە ڕووی باکوری ڕۆهەڵاتی هەن. تەواوی زانایانی کۆنینە ناسی و مێژووناسانی پسپۆڕ لە کۆنینەناسیدا بەدڵنیاییەوە لەسەر ئەو باوەڕەن کە (زەکوورەکان) جێگرێکن بۆ ئەو چیایانەی باووباپیرانی (سۆمەرییان)دا بەئایینییەکانیان لەسەر ئەنجام داون. پیرۆزترین زەکوورەی (سۆمەری) واتە زەکوورەی (ئوور) ڕووی دە کێوەکانی (کوردستان)ە. (کاشی) (کاسی)یەکان پاش ئەوەی دەشتی لیتەییان گرت و چوار سەدە (١٥٩٥ – ١١٦٢) پاشایەتییان تێدا کرد، لەو ماوەیەدا هەندێک پەرستگا و زەکوورەیان سازکردن کە شێوەکانیان زۆر ڕێکوپێکە و لە هەموو زەکوورەکانی تر پێشکەوتووترن. زەکوورە بەنێوبانگەکەی شاری (دوور کوڕی گاڵزۆ)، پێتەختی (کاسی)یەکان و (عەکوکوف)ی ئێستا، کە هەر بەپێوە ماوە، پێوەندیی زەکوورە بە کوێستانەکانی کوردستان پتەوتر دەکا.

دۆزینەوەی گەنم و دانەوێڵەی بە بەردبووە لە چیاکانی (کوردستان)، کە ئی پێش هاتنی سۆمەرییەکانە بۆ دەشتی لیتەیی، ڕاستیی ئەو ئەفسانەی (سۆمەری) دەسەلمێنێ کە دەڵێ گەنم لە شاخەکانی نیزیک بابلەوە هاتووە. تۆفانی نووح لە تەختەگڵەکانی سۆمەردا باس کراون، هەروەها چیرۆکی (خدری زیندە)، تەنیا ناوەکانی جیاوازن. بۆ وێنە لە یەکەم تێکستدا ناوی نووح بە (زیۆ سەدرا Ziusadra) و لە تێکستەکەی تردا ناوی بە (ئۆتنا پشتم Utnapishtim) لە تێکستی سێیەمدا بە (ئەتراهاسیس Atrahasis) هاتووە.

زانایانی کۆنینەناسی بیر و بڕوای بێ بناغە و ئەفسانە لێک جیا دەکەنەوە. ئەفسانە ڕووداوی ڕاستەقینە بووە، زاربەزار گەڕاوەتەوە، شتی پێوە زیاد کراوە. بۆ وێنە شوێنی شاری مێژوویی (تەڕادە) بەهۆی ئەفسانەی (ئیلیاد)ەوە دۆزرایەوە.

## جموجووڵی سامی ڕەگەزان لە کوردستاندا
## پێش پێکهاتنی پادشایەتیی ماد

لەو بەشەدا زۆر بەکورتی باسی ئەو دەوڵەتە سامییانە دەکەین کە لە ناوچەی کوردستان یا باشتر بڵێم ئەو شوێنانەی بەشی زۆری خاکەکەیان کوردستانە، پێکهاتوون. لەبەر دووپات نەبوونەوەی زۆر تەنیا ئاماژەیەکم بەپێکهاتن و تێدا چوونیان کردووە و باسی ڕووداوەکانی نێوان ئەو دەوڵەتانە و باپیرانی کوردم لە بەشەکانی تردا لە شوێنی خۆی گونجاندوون.

ئەکەد:

(سارگۆن Sargon)ی سامی ڕەگەز، دوایین دەوڵەتی سۆمەری لەناوبرد و پادشایەتیی ئەکەدی دامەزراند. ئەو وڵاتی (سۆمەر)ی بەیەکجاری خستە سەر ئەکەد و لەلای ڕۆئاواش ڕا (شامات – شام و سووریای ئێستا) و لە باکوریشەوە تا کێوەکانی زاگرۆسی داگیرکرد و عیلامیشی گرت و کردیە باجدەری خۆی. بەردەنووسێکی (ئانووبانینی) لە دۆڵی حولوان دۆزراوەتەوە کە دەیسەلمێنی ئەکەدی یەکان لەو شوێنەدا تەراتێنیان کردووە. پاش سارگۆن، دوو کوڕی بەناوی (ریمووش Rimush) و پاشان (مان شنوو Manshnu) بوونە شای ئەکەد. ئەوجار گووتییەکان کە لەلای زێی بچووک فەرمانڕەوا بوون، هێرشیان کرد و سۆمەر و ئەکەدیان گرت و لە باکور و باشووری بابل دامەزران. پاشان (ئۆتووهێگال)ی پادشای ئەرخ لەگەڵ (تیریگان)ی شای گووتییان بەشەڕ هات و بەدیلی گرت و زنجیرە پادشایەتییەکەی دوایی پێ هێنا.

بابل:

ژمارەیەک لە هۆزە سامییە چۆلگەڕەکان لە بیابانە وشک و بێ ئاوەکانی عەرەبستانڕا هاتنە وڵاتی سۆمەر و ئەکەد و دەوروبەری و بەسەر ناوچەکەدا زاڵبوون.

ئەوان پاشـان یـەکێک لە بەهـێـزترین دەوڵەتەکـانی نـاوچەیان لـەو سـەرزەمـینـانەدا دامـەزراند. زنجـیـرە پادشـایانی حـامـوورابی شـازدە کـەس بـوون. بەتواناترین و بەناوبـانگتـرینیـان (حـامـوورابی)یە (٢١٢٣ – ٢٠٨٠ی پ.ز.). ئەو دەسـتی کـرد بە چاکسـازیی وڵات و دانانی یاسـا. یاسـا بەناوبانگەکەی کە لە شـووش دۆزراوەتەوە و ئێسـتـا لە مـۆزەخـانەی (لـوور)ی پاریسـە، لەسـەر بەردێک بەدرێژایـی ٣/٢٥ مـەتر هەڵقەندراوەو ٣٦٠٠ دێڕ و ٢٨٢ خاڵە. لەسـەر کشـتوکاڵ، ئاوداشتن، گەمی ئاژۆتن، کڕینی کۆیلە و ئەرکەکانیان لە بەرانبەر خاوەنانیاندا، سزاکان، زەماوەند، کەلەپوور، درۆ، ڕیشـوەت دان بەدادوەر، لادانـی دادوەر لە داد، خـاوەنداریێتی، پێـوەنـدیی نێـوان ئاغا و ڕەعیەت، مافەکانی بازرگانی، یاسـای بنەماڵە، دەسـتدرێژی بۆ مافی خـەڵک، کرێی پزیشک و ئەندازیار، گەمی سازکردن، بەکرێگرتنی گەمی و چارەوێ و...

وەک پێشتر باسـمان کرد، ئەو شێوە یاسـادانانە بەو بەردەنووسـەڕا بۆیەکەم جار بە ئـی حـامـوورابی ناسـراوە، بـەڵام وەک لە بەشی سـۆمـەردا باسـمـان کـرد، بەر لە ناوبراو، پادشـایانی سـۆمـەر ئەو یاسـایانەیان داناون و حـامـۆرابیش لاسـای وانی کـردووەتەوە. (شـامـشـووئیلوونا)ی کوڕی حامـوورابی پادشـای عیلامی تێکشکاند، بەڵام عیلام سەربەخۆیی خۆی هەر وەدەست هێناوە.

یەکەم زنجـیرە پادشـایانی بابل بەهێرشی هـیتـەکان بڕایەوە، بەڵام هیتـەکـانیش کەوتنەبەر هێرشـی کاسییەکان و کۆتایی بە فەرمانڕەواییەکەیان هات. کاسییەکان بەڕێبەرایەتیی(کانداش) فەرمانڕەوایی یەکیان بنیات نا کەلە١٧٦٠ تا ١١٨٥ی پ.ز درێژەی کـێـشـا. دوایین پادشـای دەوڵەتی باشـووری – کـە بەدەوڵەتی دەریاکـان بەناوبانگ بووو لە باشـووری بابل بەدەسـتی گەلانی سامی پێکهاتبوو هێرشـی کردە سەر بابل، بەڵام بەدەستی کاسییەکان تێداچووو ئەووڵاتەش کەوتە ژێر فەرمانڕەوایی ئەوان. لەو جەنگەیدا دەوڵەتی ئاشوور هاتە گۆڕ و بابلی گرت (١٢٧٥ ١١٠٠ی پ.ز.) بەڵام دەسـتـەڵاتی ئاشـووریش زۆر درێژەی نـەکێشا و سـەرەنجـام ئـەویش تێشکا. لە سەردەمی کاسییەکاندا نێوانی بابل و میسر خۆش بوو.

(شووترووک نان خوون تا)ی شـای عیـلام بۆ جارێکی تریش بابلی گرتەوە و تالانی کردو لـەنێو دەسـتکەوتەکانیدا کۆڵەکەی (نارام سین) بوو کە لە شـووش دۆزراوەتەوە، هـەروەهـا پەیکـەری (بل مـەردووک) کـە سی سـاڵان لە شـووش مـایەوە. لە سـاڵی

١٤٨٧بنەماڵەی پاش کە بەناوی گەڕەکێکی بابل کرابوون لە عیلامییەکان هەستانەوە و پەیکەری بل مەردووکیان لێ ئەستاندنەوە. یەکێک لە بەناوبانگترین پادشایانی ئەوبنەماڵەی نەبووکەدنەسر یا بەختونەسری یەکەم بوو کە سنوورەکانی بابلی گەیاندە دەریای سپیی نێوەڕاست (١٠٥٣ی پ.ز.). زنجیرەی (بازی) لە ١٠٥٢ تا ١٠٢٢ی پ.ز. دەستەڵاتی بابلیان گرتەدەست. کووتییەکان لە باکور و عیلامییەکان لە ڕۆهەڵات ڕا هێرشیان بۆ سەر بابل دەست پێ کردەوە و کووسییەکان زەوی وزاری بابلیان پێپەست و شارەکانیان تالانکردن. ئاداد پلوودووس کە تانج و تەختی بابلی بەدەستەوە بوو داوای یاریدەی لە شای ئاشوور کرد و کچەکەی خۆی دایێ. لەو جەنگەیدا ئاشووریش چاوی دە بابل بڕی بوو. سەرەنجام هۆزە کلدانییەکانی سامیش لە باکوری ڕۆهەڵاتی عەرەبستانڕا هێرشیان بردە بابل و بوونە یەکێکی تر لە داواکارانی ئەو وڵاتە. ئەو چاخە کە لە ٩٧٠ ڕا تا ٧٣٢ی پ.ز. درێژەی کێشا، سەردەمی ئاژاوە و ئاڵۆزی و هەرەجمەرەجی بابل بوو. کلدانییەکان بەتەما بوون بە یاریدەی عیلامییەکان بانل بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و ئاشوورییەکان نەیاندەهێشت.

ئاشوور:

ئاشوورییان گەلێکی سامی ڕەگەز بوون، لە بابل ڕا کۆچیان کردە ناوچەی نێوان دیجلە و کێوەکانی نیزیکی و دەوڵەتی چووکەی ئاشووریان پێکهێنا کە لە سەرەتادا ناوەندەکەی شاری ئاشوور بوو. لە ١٨٠٠ ڕا تا ١٥٠٠ی پ.ز کە ئاشوور سەربەخۆیی وەرگرت، وردەوردە شاری ئاشوور دەستی لێ بەردراو پێتەخت لە پێشدا برایە شاری کالاه (شوێنی نەمروودی ئێستا)و پاشانیش بۆ نەینەوا، لە نیزیک مووسڵی ئێستا. ئاشوورییان گەلێکی وەرزێڕ و ئازاد بوون. ئەو شوێنەی کەوتبووە دەستیشیان ئیشکارۆ بوو، جا دەبوو بەدەستڕەنجی گەلانی تر تێی هەڵێننەوە. ئەوە بوو کە لە بەهاری هەموو ساڵێکدا هێرشیان دەبردە خاکی دراوسێکانیان و تالانیان دەکردن و خەڵکەکەیان دەکردە باجدەری خۆیان. دڕندەیی و بێبەزەیی و دڵڕەقی سەبارەت بەتێشکاوان و ژێردەستان، تایبەتمەندیی سەرەکی ئەوان بوو. ئەو دەوڵەتە ١٠٠٠ ساڵان مایەوە و عیلامی بەیەکجاری لەناوبرد و هیتەکانی لێخستن و فەلەستینی خستە بەردەستی خۆی و لە باشوور و ڕۆهەڵات تا کێوی دەماوەند و بیابانی لووت چووە پێش و ماد و پارسی خستە ژێر فەرمانی

خۆی. ئەو ١٠٠٠ ساڵەی دەستەڵاتی ئاشوور لە سێ خولدا باس دەکرێ. خولی یەکەم لە ١٥٠٠ تا ٩٠٠ی پ.ز. تیگلات پالسێری یەکەم لە ساڵی 1100ی پ.ز. لەسەر تەخت دانیشت و سنووری وڵاتەکەی گەیاندە سەرچاوی دیجلە. ئەو هیتەکانی شکاند و تا دەریای سپیی نێوەڕاست ڕەپێی نان. پاشانیش بابلی گرت. ئارامییەکان لەو خولەدا هێرشیان کردە سەر ئاشوور و بۆ ماوەیەکی گرتیان. خولی دووەم لە ٩٠٠ تا ٧٢٥ی پ.ز. لەو خولەدا دەوڵەتی ئاشوور بەسەر ئارامییەکاندا زاڵ بوو و فەرمانڕەوایی یەکگرتووی خۆی پێکهێنایەوە. بەهێزترین شای ئەو چەرخە (ئاشوور نەسیر پاڵ) بوو. ئەو سنوورەکانی ئاشووری گەیاندەوە ئی سەردەمی (تیگلات پالسەر). پیاوێکی زۆر دڵڕەق بوو و دیل و منداڵی دەئاگری داویشتن. لەو خولەدا دەوڵەتی ئوورارتۆ پێکهات و ئەوەش وڵاتانی ژێردەستی ئاشووری هەژاند و شۆڕشی خستنەوە ناو. خولی سێهەم بە هاتنە سەرتەختی (تیگلات پالسەری چوارەم) سەردەستەی بەرهەڵستکاران دەستی پێکرد. ئەو ئارامی و کلدانیی تێکشکاندن و نەبووکەد نەسری پادشای بابلی هێنا بەرفەرمانی خۆی. لە باکور دەگەڵ دەوڵەتی ئوورارتوو بەشەڕهات، بەڵام نەیتوانی دەوڵەتەکەی لەناو بەرێ. بەڵام هەرێمەکانی باشووری لێ داگیرکردن و دەوڵەتی دیمیشقیشی لێ خست. سارگۆنی دووەم (٧٢٢ تا ٧٠٥) پادشایەکی تری ئەو زنجیرەیە. شەڕەکانی ئاشوور و عیلام لە سەردەمی ویدا دەستیان پێ کرد.

شایانی ئاشوور یەکەم شا بوون کە گرینگییان دا بە ڕێگاوبان و پەیکی تایبەتییان دانان بۆ گەیاندنی هەواڵ. گڵێنەی لێنووسراوی ئەو سەردەمە کەوتوونەدەست کە ئەو پەیکانە لە شارێک ڕا بۆ شارێکیان بردوون. ئەوان لە پەیکەرسازی و مێعماری و هەڵقەندن لەسەر بەرد وەستا بوون و مۆسیقایان دەزانی و لە کشتوکاڵدا لێزان بوون. تۆوی هەندێک گیایان لە دەرەوەڕا دەهێناو لە وڵاتی خۆیان دەیانچاندن و خوێندن و نووسینیشیان دەزانی. ئەوان کتێبخانەشیان دانابوو. بیست و نۆ هەزار تەختە گڵێنەی نووسراو لە کتێبخانەکەی ئاشووربانیپال دۆزراونەوە، کە بەشێکی زۆریان لە مۆزەخانەی بریتانیدا پارێزراون.

# پێکهاتەی گەلانی زاگرۆس

لەنێو ئەو پێکهاتەدا دەوری (گووتی) لە هەمووان بەرچاوترە. ئەوەی جێگای سەرنجە زۆرکەس زۆر حەولی بێ ئاکامیان داوە کە زنجیرە پادشاکانی ئاوێستاو شانامە بە هەندێک وێکچوونی مێژوویی لەناو یا ڕووداودا بکەنە یەک. لەوەشدا تووشی هەڵەو پێچەوانەوێژیی زۆر سەیروسەمەرە دەبن کە چەند نموونەیەکم لێ لە پێشەکیدا هێناوەتەوە. بۆیەش نە بەپێویستی دەزانم ئەو حەولە دووپات بکەمەوە و نە بەڕاستیشی دەزانم. چونکە لە مێژووە بەڵگەدارەکاندا – وەک بەردەنووس و نووسراوەکانی پادشایانی کۆندا هیچ باسێکی دیار و ڕوون و سەلمێنەر لەبارەی تەنانەت چاخی لەدایکبوونی زەردەشت یا پێغەمبەرایەتییەکەی و یا تەنانەت شوێنەکەی لە دەستدا نییە کە بتوانین پیشدادییان و کەیانییان و...ی پێ بکەن بە پادشایانی ماد و هەخامەنشی و...، بۆیە بەبێ بەڵگەی دیار و سەلمێندراوی سەردەمانی کۆن، چوونە نێو ئەو باسە بێجگە لە بەلادا ڕۆیشتن ئاکامێکی نییە. تا ئەو جێگایەی بۆم گونجاوە تێکۆشاوم تارادەیەک لە شوێنی خۆیدا ئەو بەشە ساغ کەمەوە و هەڵەکانی لێ دەراوێم و ڕێگا لەو بۆچوونە نادروستانە بگرم کە نەیارانی مێژووییمان ویستوویانە چەواشەکاریی تێدا بەدی بێنن.

ئەمن لەو بەشەدا (عیلامیش)م لەگەڵ پێکهاتەی زاگرۆسدا باس کردووە. چونکە بەشێکی گەورەی نیشتمانیان زاگرۆس بووەو ئەوڕۆ بەشێکی زۆری خاکەکەشی کوردستانە، هەرچەندە گەلەکەشی لە ڕەگەزی کورد یا باپیرانی کورد نەبووبن.

١- عیلام

وڵاتی عیلام لە (خووزستان، لوڕستان، پشتکێو) (پشتکوە) یا (ایلام)ی ئێستا و کێوەکانی بەختیاری پێک هاتبوو. نیشتمان و خاکی سەرەکیی (عیلامی)یەکان، دۆڵی (کاڕوون) و (کەرخە) – یا عیلامی کۆن – بووە، کە ئێستا (خووزستان)ی پێ دەڵێن و لە باشووری ڕۆئاوای (ئێران)ە. بەڵام گۆڕەپانی دەستەڵاتیان زۆر بەربڵاوتر بووە. بۆ وێنە لە سەر لێواری کەنداوی فارس، لە بووشەهر (لی یانی کۆن)، نووسراوەیەک بەزمانی (عیلام)ی دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی (پ.ز). لە شوێنی تری (فارس)یش نووسراوەی بزماری بەزمانی (عیلامی)

دۆزراونەوە، بەڵام بەڕێنووسی نیگاری (هیرۆگلیف)ی عیلامی کە پێش ڕێنووسی بزماری و تا کۆتاییەکانی هەزارەی سێهەمی (پ.ز) و سەرەتاکانی هەزارەی دووەمی (پ.ز) باوبووە، حەوت بەڵگە لە چینی چوارەمی گردی (سیالەک)ی خاکی ماد (کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز)، دۆزراونەوە. سنووری عیلام لە ڕۆئاوا چۆمی دیجلە و لە ڕۆهەڵات بەشێک لە (پارس) و لە باکور ڕێگای (بابل – هەمەدان) (کێوەکانی بەختیاری) و لە باشوور (کەنداوی فارس) بووە تا دەگاتە (بووشەهر). لە سەردەمی گەشەکردن و گەورەیی خۆیدا لە ڕۆئاوا گەیشتووەتە (بابل) و لە ڕۆهەڵاتیشەوە تا (ئیسفەهان) چووە. وەک دەبینین هەرچەندە ئەوڕۆ گەلی (عیلام) نەماوە بەڵام خاکەکەی هەموو (کوردستان)ە و گەلەکەشتی ئەگەر شتێکی لێ لەبەر کوشتاری ئاشوورییەکان مابێتەوە دەنێو (کوردان)دا تواوەتەوە. بۆیە گرینگە ئەگەر بیناسین و لەگەڵ مێژووی کوردستاندا باسی بکەین. ئەو وڵاتە لە دوو بەشی کوێستانی و دەشتایی پێکهاتبوو. بەشە کوێستانییەکەی کە لە باکور هەڵکەوتووە، گۆڕانی زۆری بەسەردا نەهاتووە، بەڵام بەشە دەشتاییەکەی کە دراوسێی گەلانی پێشکەوتووی سەردەمی خۆی بووە، بووەتە ناوەندێکی گرینگی شارستانییەت. پێتەختەکەی شاری (شووش )بووە، کە پاش پێکهاتنی زنجیرە پادشایانی (هەخامەنشی)ش بووەتە ناوەندی پادشایەتی و پێتەختی زستانە. جوگرافیازانانی کۆنی یۆنان و ڕۆم گرینگییەکی زۆریان پێ داوە و (ناویسووزانا)یان لەو بەشەی (عیلام) ناوە. بەشەکانی تر برێتین لە ئاوان لە لێواری چۆمی دێز و کەرخە، سیماش کە برێتی بوو لە بەشەکەی لای باکوری ڕۆهەڵاتی (خووزستان)، کە هەندێک بەشی کوێستان بوو و ناوچەکانی ڕۆهەڵات و باشووری ڕۆهەڵاتی (مالامیری بەختیاری)ی بەخۆوە دەگرت و بەشی پارسووماش کە مزگەوتی سلێمان (مەسجد سلیمان)ی ئەوڕۆیە. (عیلام) وڵاتێکی دەوڵەمەند و ئاوەدان بووە. (عیلامی)یەکان لەگەڵ کاسی و (لوولووبی)یەکان و گووتییەکان دا بەڕواڵەت لە ڕەگەزێکن و بەهۆی دۆخی جوگرافیایی، واتە بوونی چۆمی کاروون لە دەشتەکانی خووزستان، لە نێوان دانیشتووانی سەرەکیی (ئێران)دا (عیلامی)یەکان یەکەم گەل بوون کە بونە شارستانی و فەرمانڕەواییان پێکهێنا.

لە سەرەتای هەزارەی چوارەمی پێش زاین ڕا شارنشینی لە بەشە دەشتاییەکەی

(عیلام) دەستی پێکرد. سەرەڕای کارتێکردنێکی زۆری شارستانیەتی دراوسێیە ڕۆئاواییەکان، وەک (سوومێر و ئەکەد و بابل لە عیلام)دا، ئەو وڵاتە چ لە زمان و چ لە تۆرە و داوو نەریت و ئایندا سەربەخۆ بووە و وێڕای پەرستینی خواکانی بابل، زۆرتر سەرنج و خۆشەویستییان دەدایە خواکانی خۆیان، (شالا) و (ئینشووشیناک)ی ژنی. (عیلام) پادشایانی زۆر بەهێزی هەبوونە کە لە هەزارەی سێیەم و دووەم و سەرەتاکانی هەزارەی یەکەمی (پ.ز)، چەند جاران سەرکەوتووانە هێرشیان کردووەتە سەر (نێوان دووچۆمان) و ئیمپەراتۆریی بابل و تەنانەت چەند جاران ئەو وڵاتەیان داگیر کردووە و پادشایانی عیلامی بوون بە پادشای وێندەرێش. عیلامییەکان پەیکەرەی (نانا) خواگەورەی (ئەرخ)یان لە کاتی گرتنی بابل بردە (شووش).

ئاسووربانیپال پادشای (ئاشوور) لە دوایین شەڕەکانی خۆیدا توانی پاش ١٦٣٥ ساڵان، پەیکەری (نانا) لە عیلامییان بستێنێتەوە و بینێرێتەوە (ئەرخ). ئەو بۆ بیانووپێگرتن، داوای ئەو پەیکەرەی لە پادشای عیلام کردەوە، بەڵام شای ناوبراو کە مردنی خۆی لەو کارە پێ باشتربوو، ناچار خۆی بوو بە هۆی سڕانەوەی وڵاتی عیلام لەسەر جوگرافیانی جیهان. بەردەنووسی (ئاشوور) دەڵێ: (خاکی شاری شووشان و شاری ماداکتۆ و شارەکانی تری عیلامم هەموو کێشاوە ئاشوور. لە ماوەی مانگێک و ڕۆژێکدا هەموو وڵاتی عیلامم بەپانی گەسک دا. ئەمن ئەو وڵاتەم لە پیتی هاتوچۆی گاڕان و مێگەل و هەروەها لە دەنگی مۆسیقا بێبەش کرد و ڕێگام دا بە دڕندان، مارەکان و داعبای بیابان و خەزاڵەکان، کە داگیری بکەن. ئاوا وڵاتی (عیلام) بوو بەدوو بەش:

بەشی باکور، واتە (ئەنزان) کەوتە دەستی (پارسەکان)، کە زۆر پێشتر لەوێدا نیشتەجێ بووبوون و مافێکیان لەوێدا بۆ خۆیان دەستەبەر کردبوو. (چیش پێش)ی هەخامەنشی (٦٧٥ ٦٤٠ی پ. ز) کە یەکێک بوو لە سەرۆک هۆزەکانی (پارس) و ئەو وڵاتەی بەکردەوە لەژێردەستیدا بوو و ناوی خۆی نابوو شای (ئەنشان). بەشە باشوورەکەشی، واتە (شووش) کەوتە بەردەستی ئاشوور.

عیلام لە سەردەمی دەستەڵاتی خۆیدا بەوڵاتێکی دەوڵەمەندو ئاوەدان و شووش بە یەکێک لە چوار ڕێیانەکانی جیهان دەهاتە ئەژمار و بە کەرستەی سووک و هاسانی

هاتوچۆ، پێوەندیی هەبوو بە (نێوان دووچۆمان) و ئاسیای بچووک و دوورترین شوێنەکانی جیهانی پێشکەوتووی ئەو سەردەمە. وێدەچێ پێوەندیی بازرگانیی لەگەڵ (هیند)یشدا هەبووبێ، بەوەیراکە هەندێک مووروویی لوولەیی و وردکە بەردی بەقووڵی لێ هەنقەندراو کەلە هێند ڕاهاتوون و هەندێک کەرستەی خۆڕازاندنەوە کە تێیاندا لاسای عیلامییەکان کراوەتەوە.

مێژوونووسان پێیان وایە کە (عیلام) وشەیەکی سامی یەو واتای کوێستان دەداتەوە و (بابلی)یەکان داویانەتە عیلام و عیلامییەکان بۆ خۆیان بە وڵاتەکەیان کوتووە (ئانزان شووشوونکا). زمانی عیلامییەکان لە کۆنترین چاخەکاندا، ئەنزانی بووەو لە ٣٠٠٠ تا ١٥٠٠ی (پ. ز) ئیدی زمانی فەرمیی وڵات نەبووە و لە جێگای ئەو لە زمانی (سوومێری) و سامی کەلک وەرگیراوە. لە١٥٠٠ی (پ. ز)، دیسان زمانی ئەنزانی بووەوە باو و فەرمی. ڕێنووسی عیلامی بزماری بووە کە لە (سوومێری)یان وەرگیراوە، بەڵام عیلامییەکان هەندێک (گۆڕانکاری)یان تێدا پێکهێناوە و ڕێنووسێکی سەربەخۆیان لێ سازکردووە.

شارستانیەتی (عیلام) کارکردنێکی بەرچاوی لەسەر شوێنەکانی تر هەبووە. سواڵەتی دیتراوە لە (شووش) کە ئی پێش مێژوو بوون وەو سواڵەتانە دەچن کە پاشان لە (گورگان) و (دەرەگەز) و ئەوانەش کە لە هەزارەکانی دواتر لە نێو ئاسەواری عیلام لە تەپۆڵکەی (سیالەکی) کاشان دیتراونەوە. پاش تێداچوونی دەوڵەت و وێرانبوونی عیلام لە ساڵی ٦٤٥ی (پ.ز)، بەدەستی (ئاسوور بانی پال)ی پادشای (ئاشوور)، عیلام وەک وڵاتێکی سەربەخۆ لە ڕووی جیهان پابۆوەو ٦٥٠ی (پ.ز)، سەرۆکی گەلی (پارس) بەناوی (هەخامەنش) لە باشووری ئێراندا، لەو ناوچەی ئێستا بەفارس ناو دەبرێ، پادشایەتییەکی پێکهێنا. (چیش پێش) یا (تیس پێس)ی کوڕی (هەخامەنش) بێجگە لە پارس، وڵاتی عیلام یشی کە هەموو بنەماڵەی پادشاکانی بەدەستی ئاشوورییەکان تێدا چووبوون - گرتە بەردەستی خۆی و خۆی بە پادشای پارس و (ئانشان) (ئا نزان) ناو برد. پاش مردنی (چیش پیش)، لە دوو کوڕەکانی، کووڕۆشی یەکەم بوو بە پادشای (ئانشان) و (ئاریامەنێش)ی برای بوو بە شای پارس. لە بەردەنووسی نەبوونیدی پادشای بابل دا کووڕۆش بەپادشای (ئانشان) (ئانزان) ناوبراوەو کارتێکردنی عیلام نەک هەر لەو چاخەدا، بگرە لە

سەردەمی (ساسانییەکان)یشدا هەر بەردەوام بوو.

یەکێک لە دیمەنە پاڵەوانییەکانی خەڵکی (عیلام)، شەڕی (گیل گامێش)ە لەگەڵ پادشای سەرەڕۆی ئەو وڵاتە بەناوی (قومبایا)، کە دەبێتە هۆی تێکشکانی دیکتاتۆرەکە.

٢- لووللوو (Lullu) یا لوولوقوبوومەکان (Lulubums)

ناوەندی ئەوگەلە سلێمانیی ئێستابووە. لە زمانی (هووریانی) (ئاراپخە - نوولوو ArrapKhe - Nullu)، (لوللوو) برێتی لەو کێو نشینانە بوون کە کۆیلەیان لێ دەگیران. لە ئوورارتووییشدا (لووللوو) بەواتای دوژمن بوو. ئەوگەلە لە زاراوەی ئەکەد یدا بە (لووللووبووم یا لووللووپووم lullubum or lullupum) و پاشانیش لە (ئاشوور)یدا بە (لووللوومە Lullume) ناسراون. لە هەمووواندا (لووللو) ناوەو ئەوەی بەدوایەوە نووساوە نیشانەی کۆیە.

ئەو گەلە لە ناوچەی (زەهاو، شارەزوور و سلێمانی) دیتراون. بەڵام ڕوون نییە هاتنیان بۆ ئەو ناوچەی کەنگێ بووە. ئەوەندەی دیارە ئەوەیە کە (لووللووە)کان دەگەڵ (گووتییەکان) لە ناوچەی سلێمانی تێکەڵاو بوونەو پێکەوە ژیاون. بەپێی بەڵگەنامەکانی سەردەمی (ساراگوون) و (نارام سین)، پادشایانی (ئەکەد)، حکوومەتە کەیان لەگەڵ سەرزەمینەکانی (کاسای) و (ئوورانا) هاوسنوور بووە. ئاوا سەرزەمینی (لووللوی کۆن)، ناوچەکانی (سلێمانی) و (هوورین) (شێجان و قوراتوو و ناوچەی زەهاو یا هالمان) دەگرێتەوە. (نارام سین) (نارام سوویێن)ی نەوەی (سارگۆنی ئەکەدی) (سەدەی ٢٣ی (پ.ز) لە بەردەنووسی سەرکەوتننامەی خۆیدا دەڵێ: (سیدوور(رو) (Sidurru) کە کوێستانییەکانی لووللووبیوومی کۆکردنەوە....) ئەوە باسی لەشکرکێشانی پادشای ناوبراوە بۆ سەر گەلانی داوێنی (زاگرۆس) لە دژی (ناوار) لە دۆڵی چۆمی دیالە و (سیمووروووم) لەسەر زێی بچووک و (مارخاشی MarKhashi) لە عیلام. قەومی (لووللوو) لەگەڵ بەشێک لە گووتی حکوومەتێکی هاوبەشیان هەبووە. ناوەندی حکوومەتی لوولوو بەقسەی هەندێک لە مێژوونووسان شاری (زیمری) و بەقسەی (سپایزەر) شاری (ئاراکدی) بووە.

ئاننوو (بانینی)ی پادشای (لووللوو)، لە سەدەی بیست و هەشتی (پ.ز) (هالمان)

یا (ئارمــان)ی گـرت. پاش وی (لاسـیـراب) هـاته سـەر تـەخت و لە سـەردەمی ویدا، (سـاراگۆن)ی پادشـای ئەکەد هێرشی کردە سـەر وڵاتی (لووللووەکان). پادشـایەتیی لووللووەکان تا کاتی (شامانەسەری سێیەمی) پادشای ئاشوور بەردەوام بوو.

تەخـتـەنووسـراوێکی نـارام سـین کـە لە دەربەندی گـاور (لە کـێـوەکـانی قـەرەداغی کوردسـتـان لە نیـزیک سـلێـمـانی) دۆزراوەتەوە دەڵێ: سـوپای ئەکەد بە فـەرمـاندەریی نارام سـین هێرشی کـردووەتە سـەر خـاکی لووللوو و گرتوویەتی. نووسـەری مێژووی ڕۆژهـەڵاتی کـۆن لە لاپەڕەی٢١٠ لەنێو فـەرمـانڕەوایانی هـاوکـاتی نارام سـیندا ناوی (سـاتوونی Satuni)ی شـای لووللوو دێنی کـە وێدەچێ ئەو شـایە بێ کـە بـەدەسـتی ناوبراو تێشکاوە.

بەڵام چی وای بەسـەر دا تێنەپەڕی کـە هـەر لە سـەردەمی ئەو شـایەدا لەشـکری گووتی سـوپای ئەکەدیان تێکشکاند و حکوومـەتەکـەیان تێکدان و لە ئاکـامـدا وڵاتی (لووللوویی)یەکانیش ئازادبووەوە و ئەوگەلەش سەربەخۆیی خۆیان وەدەست هێناوە.

هـەرکـە دەسـتـەڵاتی (نارام سین) و (شـارکـالی شـاری shakalishari)ی کـوڕی لە لاوازیی داو (پـووزوور ئینشـوشـیناک Puzur - inshushinak)ی عـیـلامـی تێکۆشـا حکوومـەتی (چوار قـوڕنەی جـیـهـانی)ی خـۆی دامـەزرێنێ، لەشـکری عـیلام زنجـیرە شـەڕێکی لەگـەڵ (مـووتووران Muturan) (لە نیـزیک بەغـدا)و (شـیـلوان Silvan) و (گووتوو Gutu) (وڵاتی کـووتی یان) و (کـاشـشـەن Kashshan) (وڵاتی کـاسـیـیـان)و (خوو(موو)رتووم KHu(mu)rtum) و (خووخوونووری KHuKhunuri) و (کیماش -Ki mash) (لەنیـزیک کەرکـووکی ئێسـتـا) سـازدا. زۆربـەی ئەوانە وڵاتی (لووللووبی)یان و (هووری)یان بوون.

پاش سـەردەمی نارام سین ئیدی کەمتر باسی لووللوویەکان کراوەو لە ئاسـەواری ئاشـووریشدا ناویان لەگەڵ کاسی و گووتی و سووبارییان هاتووە و بەجیا باسیان نەکراوە. ئەو دۆخـە تا نیـزیک بە ٢٠٠٠سـاڵ، واتە سـەردەمی پادشـایەتیی شـاکـانی ئاشـوور، وەک (تیگلات پـلایزێرو ئاداد نیـراری و تووکـوولتی نینوورتا) کـە پاش ئەو مـاوەیە لەگەڵ گـەلی لووللوو بەشـەڕهـاتوون، درێژەی هـەبووە. ئاشوورناسـرپالی دووەم کـە لە نێوان ساڵەکانی ٨٨٤ و٨٨٠ی (پ.ز)دا چوارجـاران لەشکری کێشاوەتە سـەر وڵاتی لووللوو، لەسـەر یەکـەم لەشکرکـێـشـیـیـەکـەی دەڵێ: سـەرزەمـینی لووللوو

فـەرمـــانڕەوایەکی (بابلـی)ی هەیە بەنـاوی (نوورئاداد). ئەو وتەیە وادەگـەیێنـێ کـە وێدەچێ لەو سـەردەمەدا ولاتی لوولـلوو بەشـێک بـووبێ لە ولاتانی ژێردەسـتی بابل و هەر لەو کاتەشدا سەربەخۆیی ناوخۆیی هەبووە.

سـوپای ئاشـوور بە دەربەندی بازیاندا کە لەو سـەردەمەدا (بابیت)ی پێ کـوتراوە، چوونەتە نێـو خـاکی لوولـلوو. دەربەندی بازیان، دیوارێکی بەدەوریدا سـازکـرابوو کە قــەلای (ئووزی Uzi) لە پشت ئەو دیوارە بوو. لەشکری ئاشــوور کـە تێـپــەڕین لەو دیوارەیان بە ئاستەم دەزانی بە کێوەکانی پشتی دەربەنددا چوونە نێو خاکی لوولـلوو و شارەکانی بابیت و دغاراو باراو کاکری و بیست شاری تریان گرتن تا سـەرەنجام شاری (زیمری Zimri)ی پێتەختی لوولـلوەکانیـان کەوتە دەسـتی. (دوکـتـۆر سپـایزێر شـاری (ئاراکدی) بە ناوەندی زامـووئا دەزانێ). (ئامیـخـا Amikha)ی فـەرمـانڕەوای لوولـلوو هەڵدێتـە کێـوەکـانی (چـپـا) و وەک سێ ر(ئۆ لمێسـتیـد Olmesid) (لە مـێـژووی ئاشــوور لاپەڕەی ٨٨– ٨٩) دەڵـێ، لەگــەڵ ژمــارەیەک لە فــەرمــانـدەرانی لە قــەلای (نیسـیـریاکینبـا) یا پیرەمەگـروون خـۆ قـایم دەکـەن. (شـامـانەسـەر)ی وەلیـعـەهدی ئاشـوور کەفەرمـاندەری لەشکرەکە بوو، هێرشی کردە سـەر پەناگای ئامیـخـا، بەلام چی بۆدەگـەڵ نەکـران و تێـشـکـا و گـەڕاوە و وێدەچێ سـەرەنجـام سـازان لـە نێـوان هەردوولایەندا پێک هـاتبێ.

(ئاشـوور ناسرپال) زۆری شانازی بەو سـەرکەوتنە کردووەو تەنانەت هەر بەوبۆنەوە ئەویش لە تەنیـشـت ئەسـتـوونەکـانی سـەرکـەوتنی تیگلات پۆلایزێرو تـووکـوولتی نینوورتا، ئەستوونێکی بۆ بیرەوەریی ئەو سەرکەوتنە دامەزراندووە. شـامانە سـەری دووهەمــیـش لە ســاڵی ٨٥٩ (پ.ز)دا لەشـکری کـێـشــا ســەر ولاتی زامــووئاو بەرزاییـەکانی کێوەکانی (نیکدیم و نیکدی ئیرای) داگیرکرد کـە وێدەچێ کێـوەکانی تاسلووجەو گڵەزەردەی نیزیک سلێمانی بن.

هەر ئەو پادشـایە لە سـاڵی ٨٤٤ی (پ.ز)، بەڕێگای ناوچەی زامـووئادا هێـرشی کردە سـەر ولاتی نامـری (دەبێ پشـدەر بێ) و (مـەردووک – مـوودامیک)ی پادشـای فـەرمانڕەوای نامری لە ترسی گیران هەلاتە کوێستانەکان. شامانەسـەری دووەم لە سـاڵی ٨٢٩ی (پ.ز)، ناوچەی کارخی (دەبێ دەشتی شارەزوور بێ)ی گرت و وێرانی کرد و نیزیکەی ساڵێک دواتر ولاتی زامووئا بوو بە بەشێک لە ئاشوور.

مێژووی ئاشوور نووسراوەی ئۆلێستید لاپەڕەی ٢٤٥ دەڵێ: پاش شکانەکەی (شامانەسەری سێیەم) (٧٤٥ – ٧٢٧ی پ.ز) بەدەستی (ساردووریسی یەکەم)ی شای ئوورارتوو، وڵاتی لووللوو بۆماوەیەک کەوتە بەردەستی فەرمانڕەوای سەرکەوتوو. وڵاتی زامووئا لە نێوەڕاستەکانی سەدەی ٨ی (پ.ز)، کەوتە بەردەستی فەرمانڕەوای یاخیبووی ئاشوورو لە کۆتاییەکانی ئەو سەدەدا بوو کە وڵاتی زامووئا لەلایەن فەرمانڕەوای ئاشوورەوە ناوی (لووللوو)ی لەسەر دانرا.

تیگرات پۆلایزێری چوارەم لە ساڵەکانی (٧٤٥ تا ٧٢٧ی پ.ز)، هەندێک لە (ئارامی)یەکانی ناوچەی (میزۆپۆتامیا)ی ڕاگوێستووەتە ئەو شوێنە. وڵاتی (لووللووم) لە کۆتایی یەکانی دەستەڵاتی ئاشووردا تووشی شەڕوکێشەی ناوخۆیی هات، کە لە سەرهەڵدانەکانی پادشایانی ئاشوور ڕا پێکهاتبوو. ئەو دۆخە تا پێکهاتنی دەوڵەتی مادو تێداچوونی دەوڵەتی ئاشوور درێژەی هەبوو و پاشانیش کەوتە بەردەستی دەوڵەتی مادو هووەخشتەرە، سێهەمین پادشای زنجیرەی ماد لە لەشکرکێشانی بۆسەر (نەینەوا)ی پێتەختی ئاشوور، بە وڵاتی (لووللوو)دا تێپەڕی.

هەندێک ئاسەواری وەدەستهاتوو لە کەرکووک ئەو گومانە پێکدێنن کە لە سەدەی ١٨و١٩ی (پ.ز)دا ژمارەیەک لە شایانی ئاشوور لە (لووللوویی)یەکان بن و هەروەها بەشێک لەو گەلە لە (سووریيە)ش ژیابن. لەنێو ئاسەواری کەرکووکدا بەردەنووسێکی چاخی (نارام – سین)ی پادشای (ئەکەد)، کە (ئێدمۆنس) لە کێوی (قەرەداغ) لە ناوچەی (دەربەندی گاور) دۆزراوەتەوە و ئی سەدەی ٢٧ی (پ.ز)یە، بەردەنووسێکە لە (ئاننوو بانینی)ی پادشای (لووللوو) کە لە ناوچەی (زەهاو) دۆزراوەتەوە و ئی سەدەی ٢٨ی (پ.ز)یە.

ئەو نووسراوانەی لە سەردەمی (ئاشوور ناسیر پال)ی دووەم وەدەست کەوتوون، وا نیشان دەدەن کە سەرزەمینی (لووللووەکان) زۆر ئاوەدان و خەڵکەکەی زۆر پێشکەوتوو بوون و بەتایبەتی پیشەسازانی زۆر دەست ڕەنگینیان هەبوونە کە ئەو پادشایە ژمارەیەکی لێ هێناونە وڵاتی خۆی. ئەوان ڕێنووسی ئەکەدییان وەرگرتووە و پێیان نووسیوە.

سنووری دەوڵەتی لووللوو بەپێی ناوەڕۆکی مێژووی کۆن و ئاسەواری دۆزراوە، دەبێ لە باکور ڕا زامووئاو سەرزەمینی (نامری Namri) و لە ڕۆهەڵات، ناوچەکانی

(سـوومی و ماشـمـار) و (هارهار – کـه لە سـەدەی ٢٨ی پ.ز بەدەسـتـی سـارگـۆنی ئەکەدی گـیراو ناوەکەی بوو بە کـار شـارووکین، واتە شـاری سـارگـۆن و وێدەچێ لە شوێنی ئێستای حەلەبجە یا نیزیکی بێ)، (هالمان – نارمان یا هەورامانی ئێستا) و نێوان ناوچەکانی لاراو (سیماش سووورداش)و لە باشوور لەگەڵ سەرزەمینەکانی (باراهی) و (نووکریش) – کـە شـاری ئیلام بـوون – هاوسنوور بووە. لە ڕۆئاواشی وڵاتی (ئەررانا – ئاراپخا) هەڵکەوتووە. شارە گرینگەکانی (بابیت، داغارا، کاکری، زیمری، هوودوون، مەسوو، ئاریزوو و قەڵای ئووزی و کینبا)ش لەسەر وڵاتی لووللوو بوون. کێوە بەناوبانگەکانی (نیسیر Nisir) یا (نیکدیم یا نیکدی ئیرا)، (سیماکی)، (ئازروو Azrv) یا ئەزمەر، (کوولار Kullar، لالار)، (سوانی Swani) و (نیشپی Nish-pi) یا کـێـوی هەورامـان، چۆمی (رادنوو Radnu) و (ئادیر Adir)یشی پێدا دەڕۆیشتن.

مستر (م. ستیرک M. sterk لە لاپەڕەی ١٠٦ی جلدی ١ی ئێنسایکلۆپێدیای ئیسلامدا دەڵێ: (نووسەرانی مەسیحی بەکێوی «جوودی»یان کوتووە کوێستانەکانی «کوردووئێن»، کە کێوی «نیسیر» بۆخۆشی لە «کوردووئێنە» و لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئاشووری یاندا سەرزەمینی بووتان و ئاشوور بە گووتیووم واتە سەرزەمینی خەڵکی «گووتی – کووتی» ناوبانگی دەرکردووە. ئەو ناوە تا سەردەمی ئیسلام لەناو نەچووە و وشەی جووتی لەوەیرا هاتووە، چونکە عەرەب پیتی (گ)یان بۆ ناکوترێ ئەو ناوەیان کردووەتە (جووتی) و (ت)یەکەش وردەوردە بووەتە (د)و ئاوا ناوەکە بووەتە (جوودی). ئەو کێوە (کینبا) شیان پێ کوتووەو ئێستا بە کوردی کێوی ڕزگاریی پێ دەڵێن.

٢- گووتییەکان (Gutti)

ئەو گەلەی کۆمەڵەی زاگرۆس بەگوتەی هەندێک لە ڕۆهەڵاتناسان، بێگومان بنچینە و ڕەگی سەرەکیی گەلی کوردە و ناوچەیەکی گەورەی زاگرۆسی لە بەردەستدا بووە و ماوەیەکی زۆر بەسەرکەوتوویی فەرمانڕەوایی تێدا کردووە. نووسەری مێژووی ڕۆژهەڵاتی نیزیکی کۆن، دەنووسێ یەکەم پادشای ئەو گەلە (ئانناتووم Annatum)ە کە فەرمانڕەوای (لاگاشی)ش بووە و لە سەدەی ٣١ی (پ.ز) لەگەڵ عیلام بەشەڕهاتووە. خشتەی میرە کوردەکان لەو کتێبەدا باسی (لووگال زاگیس) ی

گووتی دەکا کە لە سەدەی ٢٩ی (پ.ز) میری (ئەرریخ یا ئەریچ Erich) و (سووفەر) بووە. ئاننووبانینی کە (هالمان)ی گرت، یەکێکە لە ئەمیرەکانی تری گووتی و پێش فەرمانڕەوایی ساراگۆن لە ئەکەد ژیاوە.

دوکتۆر (سپایزێر) لە لاپەڕەی ٩٩ی کتێبەکەیدا دەنووسێ: (بە سەرنجدان بەناوە تایبەتییەکانی سۆمەری، ئەو ئاکامە وەردەگرین کە لە سەردەمانی زۆر کۆندا، (سۆمەر)یش ماکێک بووە لە (گووتی) لە ناوچەکەدا. پاش ئەوەی هۆزەکانی گووتی زۆر بەدەستەڵات و بەکار بوون، هەڵیانکوتاوەتە سەر (ئەکەد) و (نارام سین)ی میری گەورەی وێیان لە سەدەی ٢٧ی (پ.ز) تێک شکاند و پاش ماوەیەک ئەوێشیان خستە بەردەستی خۆو ٢ سەدە فەرمانڕەواییان تێدا کرد. ئاسەواری دۆزراوە لەو دواییانەدا سەلماندوویەتی کە سەرزەمینەکانی (سۆمەر) و (ئەکەد) و (لاگاشی) ماوەیەکی زۆر لەژێر دەستەڵاتی گووتییاندا بووە و تەنانەت سەردەمی پادشایەتیی (پاتەسی – گوودیا Gudia) (١٥٠٠ پ.ز)بە پێکهاتنی وی لەگەڵ گووتییان هاتووەتە دی و لەسەر ئەو بناغەشە کە دەڵێن (پاتەسی گوودیا) بۆ خۆی (گووتی) بووە.

(مێژووی کۆنی ڕۆهەڵاتی نیزیک) لە ژێرنووسی لاپەڕەی ١٨٩ دەنووسێ: (دەڵێن سەرزەمینی ئەکەد پاش شکانی نارام سین، کەوتووەتە بەردەستی حکوومەتی (ئەریخ) کە وێدەچێ ئەو وڵاتەش لەبەردەستی فەرمانڕەوایانی گووتیدا بووبێ و ٥ کەس لە فەرمانڕەوایانی ئەریخ لەسەریەک تەنیا ٢٠ ساڵانیان پادشایەتی تێدا کردووەو پاشان گووتییەکان داگیریان کردووە و پادشایەتییان تێدا کردووە).

خشتەکەی مستر (هۆل Holl) لە نێوان دەستەڵاتی نارام سین و فەرمانڕەوایی ئوور بەسەر ئەکەددا، واتە نێوان (٢٧٠٠ – ٢٥٠٠ی پ.ز)، ناوی هیچ پادشایەکی نەبردووە، بەڵام دوکتۆر سپایزێر لە کتێبەکەی خۆیدا دواین پادشای (گووتی)ی لە وڵاتی ئاکاد بە (تیریگان Tirigan) ناو بردووە و (مستر هۆل)یش لە لاپەڕەی٢١٠ی خشتەکەیدا دەنووسێ کە لە سەدەی ٢٨ ی (پ.ز)، ساراگۆن یا (شارگانی – شارری Shariri – Shagani) لەگەڵ (شارلاک Shalak)ی شای گووتی بەشەڕ هات و بەسەریدا سەرکەوت.

مسترهوول پێی وایە ئەکەد بەدەستی فەرمانڕەوا (لاگاش)ی سۆمەری دەستی بەسەرداگیراوەو پاش ئەو کەوتووەتە بەردەستی فەرمانڕەوای ئوور، کە ئەویش

ئاشووری بوو، پاشانیش (نیسین)ی سامی گرتی و تا دەستەڵاتی (داموورى)یەکانی سووریا لە بابلدا فەرمانڕەواییان کردووە.

پاش لەناوچوونی حکوومەتی گووتی بەدەستی (ئووتووهیگال Utu higal)ی فەرمانڕەوای (ئوور= ئووراک)، گووتییەکان گەڕانەوە وڵاتی سەرەکیی خۆیان واتە کێوەکانی زاگرۆس و لەوێدا بەئاسوودەیی ژیاون و تەنیا یاریدەی هۆزەکانی (کاسایان) داوە لە هێرشەکەیاندا بۆسەر بابل.

گووتی و لووللوویەکان دەبێ یەک گەل بن یا پێکەوە ژیابن، چونکە کێوی (یەسیر) لە خاکی هەرتکاندا بووەو (ئووللوو بلاخ یا ئابلاخ) کە شارێکی گووتییە لە وڵاتی (زاموونا) دا بووە. مێژوونووسانی (ئاشوور) ناوی ئەو شارەیان بە (تاغا لاغا، لاغاب و غالاغا) بردووە.

دەبێ بزانین کە حکوومەتی ئاشوور لە سێ چارەگی هەزارەی دووی بەرلەزاین، لە ژمارەیەک حکوومەتی کەم هێز و بچووک پێکهاتبوو، کە نەک هەر توانای بەربەرەکانیی لەگەڵ کوێستانییەکانیان نەبوو، بگرە زۆرجار دەچوونە ژێر دەستەڵاتیشیان. بۆ نموونە ماوەیەکی زۆر لەژێر دەستەڵاتی میتانی یاندا بوون و یا ناوی یەکەمین پادشای ئاشوور لە سەدەی ٢٣ی (پ.ز)، کوڕی (ئیاکۆلابا Iyakolaba) بووە کە وە ناوێکی گووتی دەچێ. هەر لەو سەدەیدا پادشایانی تری ئاشوور، (ئووشپیاو کیکیا) وێدەچێ میتانی بووبن و لە فەرمانڕەوایانی سەدەی نۆزدەی ئاشووریش (ئاداسی Adasi)، دەبێ زاگرۆسی بووبێ. بەتایبەتی (لووللوولای)ی پادشای ئاشوور بەبێ گومان لە گەلی (لووللوو) بووە. بەکورتی (ئاشوور) لە نیوەی دووهەمی هەزارەی دووهەمی بەرلە زاین سەربەخۆیی ڕامیاریی وەدەست هێناو لەگەڵ دراوسێکانی کەوتە شەڕو پێکدادان.

لە بەڵگەنامەکانی (بابلی) ڕا دیارە کە خەڵکی بابل زۆر لە هێرشی هۆزی گووتییەکان ترساون دەڵێن گووتییەکان خەڵکێکی دڕندەو دڵڕەقن و وڵاتی نێوان دووچۆمانیان نوقمی خوێن و بڵێسەی ئاگر کردووە.

وشەی (کووتی) بەواتای نەتەوەیی تەنیا لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پ.ز هاتووەتە گۆڕێ و بە گەلێک کوتراوە کە لە ڕۆژهەڵات و باکور و باکوری ڕۆژئاوای (لووللووبییان) (ئازەربایجانی ئێستای ئێران) و (کوردستان)دا دەژیان. لە هەزارەی

یەکـەمی (پ.ز) بە هـەمـوو (ئوورارتووییـیـان) و خـەڵکی (مـاننا) و (مـاد) کـوتراوە (کــووتی). تـەنیـا هـەندێک جـار بەردەنووسـی (ســارگـۆنی) دووەم مـادەکـانی لە (کووتییەکان) جیا کردووەتەوە. (کووتییان) لە سەدەی بیست و سێیەم لە سەردەمی پادشـایەتیی (نـارام ســووئێن)ی پادشـای (ئەکـەد)، کـە ئەو کـات هـەمـوو نێـوان (دووچۆمان)ی تا بناری کێوەکانی (زاگرۆس) و ئەرمەنستان و کێوەکانی (تووروس) لە ئاسیای بچووکدا لەژێر فەرمانیدا بوو، لە گۆڕەپانی مێژوودا وەدیارکەوتن. بەپێی گـێڕانەوەی (ئەکـەدییـەکـان)، (نارام سـووئێن) لە کـۆتایی دەسـتـەڵاتەکـەیدا لەگـەڵ (گوتییـان) بەشەڕهات و لە شـەڕەکەدا کوژرا. بەڵام (شارکالی شاری) کوڕی (نارام سـووئێن) توانی وڵاتەکەی ڕاگرێ و (سـارلاگا)ی پادشـای (کووتییـان) بەدیل بگرێ. پاش مـردنی (شــارکـالی شـاری) کـێـشــە لەســەر تـانج و تەخت کـەوتە نێـوان و (ئەلوولومـێش)ی پێشـەوای (کووتی)ش بەشداری ئەو کێبەرکێیە بوو و کووتی بوونە فەرمانڕەوای نێوان دووچۆمان. تیریکان دوایین پادشای (کووتی) ماوەیەکی (کورت) دوای دەست پێکردنی پادشـایەتییەکەی لە شـەڕ لەگەڵ (ئوتووخـێگال UtuKhegal)ی پادشای شاری (ئووروک) بەدیل گیراو کوژرا.

لە ســـەردەمی کــۆندا لـە دیاریکردنی کــاتی ڕووداوێکدا ئامــاژەیان دەکــرد بە ڕووداوێکی پێشـتـر ڕووداو. ئەو شـێوە مێژوو دانانە تائێستاشی لەگەڵدابێ لەزۆر گوندی دووری کوردستان یا لەنێو نەخوێندەوارانی کورددا باوە. بۆ وێنە دەڵێن فلانی لە ساڵی گرانی لەدایک بوو کە برێتییە لە ساڵی هێرشی ڕووسەکان بۆ کوردستان، کە ٠خـەڵک لە ترسی کوشتار هەڵاتن و کشتوکاڵ نەکراو قاتی و قڕی بێدادی کرد و خەڵکێکی زۆر لە برسان مردن. لە فۆرمـۆڵی مێژوونووسی زنجیرەی سێیەمی (ئوور) یشـدا زۆرتر ئاماژە کراوە بە لەشکرکێشی بۆ سەر (ئووربیلۆم) (هەولێری ئێستا)و (زابان یا سـیـمـوورووم) (ئالتـوون کـۆپری یا پردێ)ی ئێـسـتـا، و شـاشـرووم یا شـــائاشـــۆرووم shashrum or Sha ashshorum) کـــە دوایە بوو بـە ئاشـــوور، یا لەشکرکێشان بۆ سەر (لووللووبوو) و (خارشی) و (کیماش) و (خوومـوورتی KHu-murti) و (گـانخـار GanKhar) کـە زۆربەیان شـارە دوورەکـانی (هووری) بوونـە لە بنارەکانی زاگرۆسدا. (کیماش) لە نیزیک (کەرکووک) و (خوومـوورتی) لە شوێنێکی نێوان (کیماش) و (خارشی) بووە.

(گـووتی)یەکـان یەکـێکن لە گـەلانی هەرەگـەوری (زاگرۆس). پێـشـینەی مێـژوویی حکوومـەتی (گـووتی) زۆر ڕوون نییـە. وا وێدەچێ ئەوانە لە لێواری چۆمی (زێی کۆیە = زێی گـــەورە) ژیابن و پاشـــان وردەوردە بـەرەو لای خـــوارەوە هاتوون و پاش (شارکالی شاری)، جێنشینی (نارام سین) لە نێوەڕاستەکانی سەدەی (٢٦ی پ.ز)، چووە نێـو وڵاتی (سـۆمـەر) و (ئەکـەد) و پاش شـەڕێکی زۆر لەگـەڵ ئەو گـەلانە، بەسەریاندا زاڵ بوون و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتانەیان کەوتە دەستی. بەپێی خشـتـەی وەدەسـتـهاتوو لـە نیپوور، ٢١ پادشـای (گـووتی) لە مـاوەی ١٢٥ ساڵ و چل ڕۆژان لە (بابل) پادشایەتییان کردووە. لە نێویاندا (ئێنوور داپیزیر Enri Dapizir)، گەورەیی و شکۆیەکی زۆری وەدەست هێناوە.

(دوکتۆر سپایزەر) مێژووی (مادەکان) لە چیاکانی (زاگرۆس)دا دەگێڕێتەوە بۆ شەش هەزار ساڵ (پ.ز) و ئاماژەی بۆ گووتی بوونیشیان کردووە. ئەوە پشتیوانی لە بۆچوونی (بروس)ی مـێـژوونـووس و پێـشـەوای (کلدانی) دەکـا - کـە لە سـەدەی سێیەمی (پ.ز) ژیاوە - ڕەگەزی زەردەشت دەباتەوە سەر نـەتەوەی ماد کەلە ساڵانی ٣٠٠٠ تا ٢٣٠٠ لە (کلدە)دا فـەرمـانڕەواییـان کـردووە. لە ڕاسـتیدا (گـووتی)یەکـان بوونە لەو سـەدانەدا لە دەوروبـەری کلدە شـەڕ و شـوور و ناوەناوەش فـەرمـانڕەواییـان کردووە.

کـتـێبی (ادبیات مـزدیسناس پەشـتـها)ی مامـۆسـتـا (پووردوود)، هـەندێک شـتی لە (فـەروەردین پـەشـتی) ئاوێسـتـا وەرگـرتوون و وەری گـێـڕاونەوە. دەڵێ: (یەکـێک لە خـەنیمـەکانی (زەردەشت) ناوی گیووتمە بووە. ناوی دامـەزرێنـەری (بوودایی)ش هـەر (گیـووتمە) یە. مـامـۆسـتـا پووردوود، هـەروەها لە کـتـێبی گاتاکـانی (زەردەشت)دا دەنووسێ: فریشـتـەی (گیـووش ئوورڤان)، کـە ئێسـتـا گـووشی پێ دەڵێن، چاردەمین ڕۆژی هـەرمـانگێکی پێ دەسـپـێردرێ. لە (ئاوێسـتـا)دا (گـیـووش ئوورڤان) ڕووحی یەکەم ئافەریدەی (ئەهوەرامەزدا) واتە مەبەست (گا یا گاب)ە. (گیووتە)ی ئاوێستاش (گووتی) بووە کە لەگەڵ (گیووش)دا یەکەو بە واتای (گا یا گاب)ە.

ئەگـەر بە گـوتەی ئـاوێسـتـا یەکـەم بوونـەوەری (گـا) و (مـرۆڤ) لـە دوولای چۆمی (ودائیت) بخـەینە بەرچاو، دەکرێ بیسـەلمێنین کە وشـەی (گووتی) لە ڕاسـتیدا لە (گـئـووتی) ڕا هـاتووە کـە بەشی یەکـەمی (گـئـوو) واتە (گـا)یە. ئەو ئاژەڵە لەلای

دانیشتووانی (زاگرۆس) له کۆنەوە تا ئێستاش بۆ ڕۆڵەی ئەو گەلە کاری گرینگی ئەنجام داون و دەدات. بێجگە له کێڵانی زەوی، کەرستەی ڕاگوێستن و هاتوچۆی ئەو گەلەشی دابین کردووە. گرینگیی (گا) لەلای ئارییاییان بەڕادەیەک بووە کە کتێبی پیرۆزیان دروستبوونی (گا) و (مرۆڤی) له ڕۆژێکدا داناوە. ئەگەر وێکچوونی دەستووری زمان و هەندێک وشەی نەوەکانی گەلی (گووتی) لەگەڵ زمانی هۆزەکانی (گووت)ەکانی باکوری (ئورووپا) و ناوە هاوبەشەکانی خوایانی کۆنیان بخەینە بەرچاو، کە یەکیان (گوو) و ئەوی تر (گووتیوم) بووە کە ئەورۆش ئاڵمانییەکان هەر بەو ناوە و کوردەکان بە(خوەدێ) کە شێوەی (گووتی )دەدا، ناوی دەبەن، دەکرێ بڵێین (گووت) و (گووتییان) له سەردەمێکی نادیار لەژێر حاسمانی جێگایەک و لەژێر ناوێکدا ژیاون و پاشان لێک جوێ بوونەوە.

هێرۆدۆت له لەشکرکێشیی ئەسکەندەر بۆ سەر وڵاتی سەکاکان باسی وڵاتی (گووتەکان)یش دەکا.( ئاڵمانییەکان) بۆخۆشیان (گۆتەکان) بەخەڵکی کەناری (دەریای ڕەش) دەزانن کە چوونەتە باکور.

(گووتییان) له کۆتاییەکانی سەدەی بیست و حەوتی (پ.ز) لەگەڵ (ئەکەدییان) بەشەڕ هاتوون و سەرۆکی خۆیانیان لەدەست داوە. بەردەنووسی وەدەستهاتوو له نەوەی (نارامسین شارکالی شاری) (٢٧١١- ٢٦٨٨) (پ.ز) دەڵێ پادشای (گووتی) ناوی (شەرلک) بووە و بەدیلی کەوتووەتە دەستی. لەو شەڕەدا (گووتییەکان) هێرشکار بوون و سەرەڕای لەدەستدانی سەرۆکەکەیان دەستیان له هێرش هەڵنەگرتووە و سەرەنجام (بابلیان) خستووەتە بەردەستی خۆیان. گەورەترین پادشای (گوتی) (ئانری داپزیر) بووە کە قەڵەمڕەوی خۆی یەکجار زۆر بەرفرەوان کردووە، دەوروبەری (نار امسینی) گرتووە. ئەوانە پادشایانی هەڵکەوتووی (گووتییەکان) بوونە کە ناوو پێشینەیان له ڕۆژگاری دواتریش لەسەر زمانان ماوەتەوە.

کاسی یا کاسیتەکان لەو سەردەمەدا گرینگترین هۆزی کوێستانەکانی (زاگرۆس) بوون. ئەوان گەلێک بوون کە له کێوەکانی زاگرۆس له نیزیک کرماشانی ئێستا دەژیان و له گەلی ئاریایی بوون، خوای خوایانی ئەوانیش (خۆز) بووەو ناوی سووریاش بووە کە ناوێکی ئاریایی یە. ئەو گەلە وڵاتی (بابل)یان داگیر کردو

زنجیرەیەکی پادشایەتییان دامەزراند کە نیزیکەی شەش سەدان دەستەڵاتیان بەدەستەوە بوو (١٧٦٠ – ١١٨٥ پ.ز )و شەڕ و تەراتێنی (عیلامی)یەکان، سەرەنجام زنجیرەی (کاسی)یەکانی لەناوبرد.

ناوچەی (زاگرۆس) لەگەڵ سەرزەمینی پەرەگرتنی فەرهەنگ و شارستانییەتی (بابل)دا دراوسێ بوون. شوێنی نیشتەجێبوونی (کاسی)یان، کە (ئەکەدی)یەکان پێیان دەکوتن (کاشی)، لە کۆنەوە تا گیرانی (ئێران) بەدەستی (ئەسکەندەری ماکدۆنی)، وڵاتێکی کوێستانی بوو (بڕواننە بەشی ٨ نەخشەی ماد)، کە ئێستا (لوڕستان)ی پێ دەڵێن. (کاسی)یەکان لە هەزارەی سێیەمی بەرلەزاین لەوێ دەژیان. پاشان بوون بەئاژەڵدار و دامەزران و دەستیان کرد بە ژیانێکی نیوەکۆچەری.

ئەوەی کە بەخێوکردنی ئەسپ پێوەندیی هەیە بەناوی (کاسی)یانەوە، ئەوەیە کە لە نووسراوەکانی (بابلی)دا لە سەرەتای سەردەمی (کاسی)یانەوە بەزۆری باسی ئەسپ کراوە و لە وێنەی هەڵکەندراو لە بەردەکانی ئەو کاتیشدا ئاژەڵی سەیروسەمەرە هەن کە لە وێنەی ئەسپ ڕا وەرگیراون. ئەو وێنانە هەر لەو کاتانەدا لەگەڵ وێنەکانی تری تایبەتی (کاسی)دا دەبیندرێن.



خشڵی سازکراو لە مەفرەق، دۆزراوە لە لورستان



دەفری نەخشاوی ئی کۆتایی هەزارەی ٢ی پ. ز

یەکەمین پادشایانی (کاسی) ئەوانەن:

(گانداش) ١٧٤١ – ١٧٢٥ی (پ.ز)

(ئاگووم)ی مەزن ١٧٢٥ – ١٧٠٤ی (پ.ز)

(کاش تی لیاش)ی یەکەم ١٧٠٤ – ١٦٨٣ی (پ.ز)

(ئووشی) ١٦٨٣ – ١٦٧٤ی (پ.ز)

(ئابی راتاش) لە نێوەڕاستی سەدەی حەڤدەی (پ.ز)

(ئوورشی گوورووماش Urshi gurumash) کۆتایی سەدەی حەڤدەی (پ.ز).

ئاگوومی دووهەم (کاک ڕێمە Kak rema) لە ١٥٩٥ی (پ.ز)، زنجیرەی حاموورابی ی لە بابل ئاسەوار بڕی و دووەمین زنجیرەی شایەکانی (کاسی)ی (بابلی)

دامەزراند. (ئاگوومی دووەم) تەنیا شای (بابل) نەبوو بەڵکو خۆی بە شای (پادان Padan) و (ئالمان Alman) و (کووتی)یان ناو دەبرد. (ئالمان) پاشان بوو بە (هالمان) و دوایەش (حو لوان).

پاش (ئاگوومی دووەم)، پادشایانی (کاسی) بوونە شای ڕاستەقینەی بابل. تا ئەو کاتەی دۆڵی (دیالە) لە دەستی پادشایانی (کاسی)ی (بابل)دا بووە، توانیویانە لەگەڵ وڵاتی کوێستانیی خۆیاندا پێوەندییان هەبێ و ڕەسەنایەتیی (کاسی) بوونیان پاریزراو بێ و لەنێو کۆمەڵی خەڵکی ناوچەی بابل دا نەتوێنەوە.

(کاسی)یەکان لە بەشێک لەو سەرزەمینانەی پاشان بووە نیشتمانی مادەکان، دامەزران و ئەو ناوچانە بوونە بەشێکی دەوڵەتی تازەدامەزراوی کاسی و ناوی (کاردوونیاش Karduniash )ی لەسەر دانرا. ئەو ناوچەیە لە پلەی یەکەمدا بەشی خوارووی دۆڵی دیالە (ئاشووشناکی کۆن)ی دەگرتەوە کە ناوی (کاسی)ی (تووپلیاش)ی لێ نرابوو. دۆخێکی ئاوا لە بەشی ناوەندی دیالەش (واتە نامار یا نامروو یا ناواری کۆن) هاتەپێش. لە هەزارەی سێیەمی (پ.ز)، (ناوار) بەشێک بوو لە خاکی (هووری)یان، پاشان خەڵکەکەی بوونە (ئەکەدی)، دوایەش کەوتە بەردەستی مەزنانی هۆزەکانی کاسی.

لە سەدەی پازدەی (پ.ز) ڕا ئاشوورییەکان ویستیان دەست بەسەر (ئاراپخای) داگرن، کە ڕێگایەک بوو بۆ دەست تێوەردان دە (نامار). لە سەدەی ١٤ی (پ.ز)دا پاش ئەو شکانەی بەدەستی (ئاداد نیراری)ی پادشای ئاشوور (١٣١٠– ١٢٨١) بەسەر(نازی ماراتاش)ی پادشای (کووتی)دا هات، سنوورێک لە نێوان بابل و ئاشوور لە شوێنێکی حاستی (پی لاسکی) لەوبەری چۆمی دیجلە لە ڕێگای کێوی ئارمانەوە بۆ (ئووگار – ساللی ugar - salli) تا (لوولوومیان) ڕاکشا. ئەوکارە مەترسییەکی



مۆرێکی ئەستوونی کاسییان



سەرە گۆچانی دۆزراوە لە
گردی حەسار ٢٠٠٠ ساڵ پ. ز



دەفرێکی ماننائی سەرەتای
هەزارەی یەکەمی پ. ز.



دەفرێکی دۆزراوە لە ڕواندز،
٢٠٠٠ ساڵ پ. ز.

ڕاستەوخۆی بۆ دۆڵی دیالە پێک هێنا. بەڵام سەرەڕای هەوڵی ئاشوورییەکان و تەنانەت تێشکانی (کاسی)یەکان، لە ١١٧١ (پ.ز)ش ناوچەکە دەدەستی (بابلییەکان)دا مایەوە.

شامانەسەری یەکەم (١٢٨٠ – ١٢٦١)، کە دەستەڵاتی خۆی تا (ئوورارتوو) و (خانی گالبات) پەرەپێدا، دەڵێ: گەلی گووتی کە لە حاسمانی ئەو سەردەمەدا ئەستێرەیەکی پرشنگدار بوو و بێجگە لە هێزەکەی لە باری بڕیار و پێکراویەوە و ئەو ترسەی پێکیشی دێناو وێرانکارییە بەناوبانگەکانی، لە بەرانبەر مندا وێستاو دوژمنایەتیی خۆی درێژە پێدا.

لە هەموو سەردەمی پادشایەتیی زنجیرەی (کاسی)یان، شەڕکەرانی هۆزەکەیان پشتیوان و پاڵپشتیان بوون و تەنانەت جۆرێک تاقمی نیزامییان پێکهێنابوون کە ئەوکاتەی هەر تێکەڵاوی (ئەکەدی و بابلی)یەکانیش بوون، هەربەناوی کاسی مانەوە. تا سەدەی ٩ی (پ.ز)ش باسی شەڕکەرانی (کاسی)ی بابل کراوە. خواکانی کاسی وەک: (شووکاموون Shukamun) و (شیمالی Shimali) و (کاشوو Kashshu)، دوای ڕووخانی دەوڵەتی (کاسی)ش لە بابل هەر دەپەرستران.

ئەوەی بە مەفرەقی لوڕستان ناسراون ئی گەلی کوێستانچییەکانی کاسین. زۆرتری ئەوانە پێوەندییان هەیە بە زین و لغاو و ڕەختی ئەسپ و چەکی شەڕ و شتی پێوەندیدار بە ئاین و... ئەو شتانە ئی هەزارەی دووەمی (پ.ز)ن. لە هەزارەی یەکەمی (پ.ز)، حارەبە کەمتر لە شەڕدا دەکار دەکرا. بەڕواڵەت ئەو کەرستە و ڕەختی حارەبەی لە لوڕستان دۆزراوەتەوە لەگەڵ ئی (سووومێر) لە یەک چەشنن. لەو کەرستانەدا وردبینی و هونەری زۆر دەکارکراوە.

(کـاسـی)یەکـان نازناوی پـادشـایـەتیی (یامـزی Jamzi)یان زۆر بەکـار هێـناوە. ئەو نازناوە نـەک هـەر کـاسـی یان، بگرە لە خـاکی (نامـار Navar) و دراوسـێکەی (بەیت هـامــبــان) و لە نـاوچەی (ئـالابری Alabri) لە بـاشـــووری (گـۆلی ورمێ) و نـاوچەی (خـــووبووشـک)ی لە دۆڵی (بۆتـانێ) لە بـاشـــووری گـــۆلی (وان)یش بـرەوی هـەیە. پێـوەندداندی ئەو دوو ناوچەی دوایی بـە (کـاسـی)یان برێک ئـاسـتـەمـە، بەڵام دەکـرێ پێـوەندیان بدەین بـە (کـووتی)یان. کـاسـی و کـووتی دەکـرێ لە زمـاندا لێک نـیـزیک بووبن. سـەرنج بدەنە پاشـگری (ش و ئاش sh or ash) لە کـاسـی و ( ئووش یا ئێش Ush or Esh) لە کـووتیدا. (یـامـزی) دەبێ (یامـەزن) بێ کـە لە زاراوەی کـرمـانجـیی سـەروو (یـا)یان (ئا) وشـەی پێـوەندی یەو لە شـوێنی (ی)ی زاراوەی سـۆرانـی دەکـار دەکرێ. ئەو پیـتە لێرەدا (مـەزن) پێوەند دەدا بـەو کەسـەی ئەو نازناوەی بەدوادادێ، وەک (ئاگـووم)ی مـەزن، کـە دەبێـتـە (ئاگـووم) یا مـەزن، یـان (ئاگـووم) یا مـەزن. لە جێگای ئەوە ئەورۆ فارسەکان پاشگری (کبیر) دەکار دەکەن.

(شـــووتراک ناحـــوونتـە)ی یەکـەمی پادشـای عـیـلام لە ۱۱۷۵ی (پ.ز) شکسـتی یەکجارەکیی بەسەر (بـابل)دا هێنا کە لە بەردەستی (کاسییـان)دا بوو. ئەو شـاری (ئاشـــووناک) یا (ئیـشـــوونووکـوو)ی لـە ئاوەڕۆی دیالەدا گـرت کـە لەو سـەردەمـەدا پادشـایەکی جیـای هـەبوو. بێجگە لەوەش بە لەشکرەکەیەوە لە نـاوچەی کوێستـانیی (پادان) کە پێشـتر لە دەستی (کاسی)دا بـوو، مـاوەیەک مـایەوە و بەرەوپێشـچوونی (ئاشـــووردانا)ی یـەکـــەمی پادشـــای (ئاشـــوور)ی لـەو ناوچەیدا پـەک خـــست. بەردەنووسـەکانی (ئاشـوور ناحوونتە)ی یەکەم باسی کێوەکانی (خاشمار) دەکا کە لە دەرەوەی ناوچەی (کـاسی)یان دا بـوو، هـەروەهـا ئـاماژە بە (کرینتاش) دەکا کە وێ دەچێ شاری (کەرەند)ی ئێستا بێ.

(شیلخـاک – ئیشووشینـاک) (۱۱٦٥ – ۱۱٥۱ی پ.ز)ی کوڕی دووەمی (شـوترووک ناحوونتـە)ی یەکەم، چەند جاران لەشکری کێشایە سـەر ئاشـوور و زاگرۆس. ئەوە وا دەگەیەنێ کە دۆڵەکانی دیالە و (ئادێم)ی گرتووە. بەڵام (عیلامی)یەکان نەیانتوانی بۆ مـــاوەیەکی درێژ دەســـتـــەڵاتی خـــۆیان بەســـەر ئەو ناوچانـەدا داســـەپێـنن. (نەبووکەدنەسر)ی یەکەمی پادشـای بابل شـای دواتری عیـلامی لەسـەر لێوارەکـانی چۆمی کـەرخـەدا تێکشـکاند و جـارێکی تر دۆڵی (دیالە)ی تا (خـاشـمـار) گـرت.

بەڵگەیەک لەدەستدایە کە (نەبوو کەد نەسر)ی یەکەم لەدانی باجی زەمینەکانی (ریتی مەردووک)ی سەرداری خۆی چاوپۆشیی کردووە. ناوبراو لە بنەماڵەی (کاسی)ی (کارزیانبکوو Karziyabku) بوو کە لە (نامار) هەڵکەوتبوو. ماوەیەکی کورت دواتر دەبینین کە (ئێعاموکینزێری Eamukenzeri) ناوێک لە خەڵکی خاشمار، لە سەرتەختی بابل دادەنیشێ. (نەبووکەدنەسر)ی یەکەم ئاماژە بەسەرکەوتنی خۆی بەسەر (کاسی)یانیشدا دەکا.

لە هەزارەی ٣ی (پ.ز) لە هەندێک لە شوێنەکانی (مادی ڕۆهەڵات)، بۆ کشتوکاڵ لە جۆرە گاسنێک کەڵک وەرگیراوە کە بە گا ڕاکێشراوە. لە (گردی حەسار) سەرەگۆچانێکی ناتەواو دیتراوەتەوە کە وێنەی جووت و گای لەسەرە کە ڕادەی پێشکەوتنی کوردستان لەو سەردەمەدا نیشان دەدا.

لە هۆزەکانی (ئێرانی ڕۆئاوا) پاش (گووتییەکان)؛ (کووسی)یەکان ناوبانگیان دەرکردووە و ماوەیەکی دوور و درێژ (بابل)یان خستووەتە ژێردەستەڵاتی خۆیان و بەیارمەتیی (گووتی)یەکان سنووری (ئێرانیان) گەیاندبووە سووریا. ئەو گەلە لە ١٨٩٦ی (پ.ز) ڕا هێرشیان بۆ سەر بابل دەست پێ کرد و لە ساڵی ١٧٤٩ (پ.ز) پادشای گووسی بەناوی (گانداش) دەوڵەتی بابلی لەناوبرد و خۆی بەپادشای چوارقوڕنە ناوبرد. ئەوان لە ١١٧١ی (پ.ز) بەدەستی پادشای عیلام تێک شکان و کشانەوە کوێستانەکان و دەوڵەتەکەیان کە لە نێوان دووچۆمان ناوی (کاردوونیاش)ی لەسەربوو تێکچوو. لەو هۆزە سی و پێنج کەس لە بابل پادشایەتییان کردووە کە گرینگترینیان (ئا گووم کاک ریم) بووە کە ئەو شارانەیان وەرگرتنەوە کە پێشتر (هیتەکان) لە دەوڵەتی (بابل)یان جودا کردبوونەوە. بەوحیسابە لە ١٨٩٦ تا ١١٧١ دەکاتە ٧٢٥ ساڵ و لە (بابل)یش ٥٧٨ ساڵ ماونەتەوە کە ناوەندی پاشایەتیی (کووسییەکان) یا (کاسیتەکان) بووە.

(کاسیتەکان) کە بەشێک لە (کووسی)یەکان بوون ٢٠٠٠ ساڵ (پ.ز) لە کوێستانەکانی ڕۆئاوای (دەریای کاسپی) وەڕێ کەوتوون و هاتوونەتە لوڕستان و لەگەڵ گووتی و لووللووبەکان هەڵیان کوتاوەتە سەر بابل. ئەوان هەندێک وشەی تازەی ئاریانیان هێناوەتە ناو گەلانی زاگرۆس و ناوی ئاریانیان لە ئێران برەو پێدا. بەپێی نووسراوەی (دلاپۆرت) (کووسییان)ی ئاریایی کە لە بابل پاشایەتییان کردووە

له گەلی (میتانی)بوون.

سنووری ڕۆئاوای کووسییەکان پاش دەست گرتن بەسەر بابلدا و پاشەکشە کردن بە هیتەکان و (میسری)یەکان، لەلایەن (میتانی)یەکانەوە، (بەنی ئیسرائیل)یشیان خستبووە بەردەستی خۆ. لە ڕۆهەڵاتیش؛ وەک لە کتێبی (ایران و اهمیتش در ترقی و تمدن بشـر) کە لەلایەن (پ پ بلسـارا) نووسـراوە، دەنوسی: وردبوونەوە لە داو و نەریتی ئاینی کۆنی هیند ئێران، دەری خستووە کە زۆر پێش گێرانی هیند لەلایەن داریووشەوە، پێوەندیی کۆنتر لە نێوان هیند و ئێراندا هەبووە. وێکچوونی زمان، داوونەریت و بیروباوەڕی ئاینی نیشـانەکانی پێوەندیی کۆنی ڕەگـەزیی ئەو دوو هۆزەن.

لێکۆڵەرەوان هەموو لەسەر ئەوەی کۆکن کە (ئاریایی)یەکانی هیندی نیزیکەی ١٥٠٠ سـاڵ (پ.ز) لە ئاریاییـیەکانی ئێران دابڕاون. تەنیا (سـمیت) ئەو ماوەی هێناوەتە پێشـترو دەڵێ لە نێوەڕاسـتـەکانی سـەدەی حـەوتەمی (پ.ز) یە. بەڵام ڕوانگەی سمیت وەڕاستی ناچێ و ئاسەواری کارتێکردنی ئەو گەلە لە ناوچەکەدا لە زۆر زووترەوە دیارە. ئەو ڕوانگەی سمیت لەوەڕا هاتووە کە هەندێک مێژوو ئاماژەیان بەچوونی یەکێک لە هۆزەکانی (ماد) لە سـەدەی حەوتەمدا بۆ وێ کردووە. سـاڵی ١٥٠٠ (پ.ز) سـەردەمی دنیاگریی (کـووسی)یەکـان بوو. وا دەردەکـەوێ کـە لە ڕۆهەڵاتیش ڕا هاتبنە ناو هیندوستان. لە ڕاستیدا سوێند خواردنی نەجیمانیمیتان یش بەخـوای ئیندو ئووروون سـەلمێنەری ئەو ڕوانگەیە و پادشـایانیکاسـیت لەو ڕۆژگارەدا ناوی (ئاریان)یان بەرزکردەوە و ئەوان بوون کە پێش هەمووان بەدنیایان ناساندووە.

هەرچەند ئەو پادشـایەی لە ١١٧١ی (پ.ز) هێـرشی کـردووەتە سـەر بابل و گرتوویەتی (کووتیر ناحوونتە) کوڕی شووترووک ناحونتە بوو، بەڵام ئەوەی کە پاش دانیشتنە سەرتەختی عیلام خاکی (کووسی)یەکانی بەتەوادی خستە بەردەستی خۆی و بەیەکجاری تێکوپێکی داو لە ساڵی ١١٥٤ی(پ.ز) پادشایەتیی ئاسووریشی ئاسەوار بڕی، (شیکهاک اینشوشیناک)ی برای (کووتیر ناحوونتە)ی بوو کە بوو بە پادشـای (شـووش، کـووسی، ئاسـوور). پاش (عیـلامی)یەکان (ئاشـووری)یەکان دەستەڵاتیان وەدەست هێناوە و هێرشیان بۆ سەر ئێران دەست پێکردووە.

لە ڕاستیدا ستەمی پادشایانی ئاشوور بەناوبانگ بووە. هەر جێگایەکیان گرتبێ لەسەری بڕاوی دیلان، تەنانەت ئەگەر ژن و منداڵیش بووبن، قەڵایان ساز کردوون و تەڕو ئیشکیان سووتاندوون و دوایەش چی ماوەتەوە و لە سەربڕیندا وەبەر نەهاتووە دەگەڵ ئاژەڵان بەتاڵانیان بردوون و مرۆیەکانیان کردوونە کۆیلە و کاریان پێ کردوون. بۆ وێنە (ئاشوور بانی پال) پاش گرتنی عیلام دەنووسێ: خاکی شووشان، شاری ماداکتۆ و شارەکانی ترم بەتەواوی کێشاوە ئاسوور و لە ماوەی مانگێک و ڕۆژێکدا هەموو وڵاتی عیلامم بەپانی ڕامالی. ئەمن ئەو وڵاتەم لە هاتوچۆی مەڕومالات و دەنگی مۆسیقا بێ بەش کرد و ئیجازەم دا دڕندە و مار و داعبای دەشت و ئاسک دای بگرن.. پادشایانی ئاسوور لە بەردەنووسەکانیاندا شانازی بەوەی دەکەن کە زمانی هەزاران دیلیان لە زاریان دەرکێشاوە و چەندین تەپۆڵکەیان لە سەری بڕاو سازکردوونە. ئەو پادشایانە منداڵی دیلەکانیان لە ئاگردا دەسووتاندن. لە ڕاستیدا پادشای عیلام لە بابل دەوڵەتی (کاردوونیاش)ی تێکشکاند و ئەو ناوەندە گرینگە مێژووییەی داگیر کرد.

(گووتی)یەکان وشەی (ئاریایی)یان بەکار هێناون:

هەرناوی (گووتی) بۆخۆی ناوێکی ئارییاییە. کەرتی یەکەمی ئەو ناوە هەر سواوی وشەی (گئو)ی ئاوێستا واتە (گا)یە. لە شوێنەوارە کۆنەکانی بابلدا ستایشی کەنیزەکە گووتییەکان کراوەو پێیان گوتراوە (مامروونی). خوالێخۆشبوو (ڕەشیدی یاسەمی) پێی وایە زمانی وان جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ زمانی سوومێری و ئەکەدی هەبووە.

ناوی پادشایانی گووتی (شەرلک، لاسیران، تیریکان) وشەی ئارییایین. لە ناوی



١- مۆرێکی لوولەیی هی چارەگی سێ هەزارەی ٣ پ. ز. و لە بابل دۆزراوەتەوە.
٢- نەخشی بەزەقی لە بەرد هەڵقەندراوی ئانوویانینی پادشای لوولوو هەزارەی ٣ی پ. ز.
٣- سبایی حیسابی وەدەستهاتوو لە گردی سیالکی پارتاکەنا مادی خواروو

شـەڕلک دا درکـەی (شـەڕ) بەواتای جـەنگە و لکیش لە هـیندی و کـوردیدا سـەت هەزارە. لـە سـەردەمی سـالارییـەکـاندا کـە کـوردی دەیلـەمین، ناوی هـەندێک لە سـەردارەکـان، (شـەرمـەزن) بووە، واتە شـەڕی گـەورە، لەگەڵ شـەڕلک لە واتادا یەک دەگـرنەوە. بۆ وێنەی (تیـریکان)یش دەکـرێ ئامـاژە بەوە بکەین کـە لە سـەردەمی (ساسانییەکان)دا گێژنەی (تیریکان) یا (تیرگان) هەبووە.

سەرچاوەکانی سۆمەری و ئەکەدیی کۆن، بەهۆی ئەوەی (گووتی)یەکان کە لە وڵاتی (مـاد) ڕا هـاتبـوون، نـاوچەی نێـوان دووچۆمـانیـان بۆ مـاوەیەک داگـیـر کـردبوو و هەروەها بەهۆی لەشکرکێشییەکانی سۆمەر و ئەکەد بۆ بانووی زاگرۆس کە پاشان بووە خـاکی مـادەکـان، لەسـەر ناوچـەکـە کـۆنتـریـن ئاگـەداریمان دەدەنێ. لەناو ئەو بەڵگانەدا شیکردنەوەیەکی هەستیارانە هەیە لەسەر شەڕی (ئوتۆهێگال)ی پادشای (سۆمەری)ی شاری (ئورووک) لەگەڵ تیریکانی پادشای کووتی و ئەو پێشگۆیییانەی کاهینان لەمەڕ ئەو شەڕە دەریانبڕیوە و لەوانە ڕووداوەکانی سەر بە (کووتی)یان و (لوولووبی)یەکانی دراوسێیان، کە دانیشتووی کوێستانەکانی (ماد) بوونە.

لە سـەردەمی (نارام سین)دا (پووتی مادال)ی فـەرمانڕەوای (نـەمر) دوژمنـایەتیی ئەکـەدییـەکـانی دەکرد. کوردەکـانی باکور بە کـیـژی بچـووک دەڵێن (پـیـتی)، کـە درکەیەکی ئارپایی کۆنە. (نەمر)یش کە لە کوردیدا واتە هەر هە. (نەمروود)یش هەر



پەیکەرێک لە مەفرەق



پەیکەری سەری شایەکی گووتی لە مەفرەق، کۆتایی هەزارەی ٣ی پ. ز.

لە وشەی نەمر ڕا هاتووە، کە ناوبانگی بەوەی دەرکردووە کە خۆی بەخوا زانیوەو پێی وابووە هەرگیز نامرێ.

لە زاگرۆسدا پادشایەک هەبووە بەناوی ئاریزەن، کە جیاوازی یەکی ئەوتۆی لەگەڵ ناوی هۆزێکی ماد نیە کە ئاریزانت بووە. میسیو (نادر کدا)ی بەڕێوەبەری مۆزەخانەی ئێران لە وتارێکی لەژێر ناوی (کۆڵینەوەکانی زانستی لە ئێران)دا دەڵێ: ئەو شتانەی لە لوڕستان لەژێر خاک دەرهێنراون، کێونشینانێک دروستیان کردوون کە لە سەردەمانێکی نادیاردا لە کێوەکانی خەزەردا ژیاون و پاشان لە ئاکامی هێرشی تیرەو هۆزی تردا کە لە باکورەوە هاتوون، ئەوێیان بەجێ هێشتووە و نیزیکەی چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر چوونە لوڕستان و لە مێژوودا بە کاسی ناسراون... کاریان بەخێوکردنی ئەسپ بووە، کە بەسوارە نیزامی ئاشووریان فرۆشتوون و سامانێکی باشیان بەو ڕێگایەدا وەدەست هێناوە. بەپێی وتەی (هێرتسفیلد)، ئەوانە هەر لە سەرەتاوە ناویان (کووسی) بووە.

ئەو دەستانەی دواتر گەیشتوونەتە زاگرۆس، وشەی تازەیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوەو لەبەرئەوەی لە ڕەگەزێک بوون، بەهاسانی تێکەڵ بوون. بەپێی نووسراوەکانی پادشایانی ئاشوور گومان لەوەیدا نییە کە وشەی (کورتی) لە (گووتی)یەوە هاتووە. بە پشت بەستن بە قسەی ڕۆژهەڵاتناسانیش، بەو ئاکامە دەگەین کە نیشتمانی (گووتی)یەکان تا ڕۆژهەڵاتی ئێران هاتووە، پاشان بەشێک لەوانە بەرەو ڕۆژئاوا هاتوون و تێکەڵی (کورتی)یەکانی ڕۆژئاوای ئێران و باکوری میزۆپۆتامیا (نێوان دووچۆمان) بوونەتەوە. بەشێک لەم کورتی یانە لە ڕۆژهەڵاتی ئێران و باشووری دەریای کاسپی ماونەتەوە، کە لە سەدەکانی دواتر بەهەندێکانیان گوتراوە کورتی و کورد. (ئەبوو موسلیمی خوراسانی)ی بەناوبانگ، لەو کوردانەی ڕۆژهەڵاتی ئێران بووە.

بەشێک لەو گووتییانەی زوو لە باکوری عیلام دەژیان لەو گووتییانە بوونە کە سەردەمانێک لە (عیلام)ەوە تا کێوی (ئامانووس)یان، لە ناوچەی ئاسنە لە کەناری دەریای مەدیتەرانە، داگیر کردووە و لەو ناوچە بەرینەدا فەرمانڕەواییان کردووە. ئەوانەی کە لە باکوری عیلامدا نیشتەجێ بوون، پاشان حکوومەتێکی سەربەخۆیان بەناوی (ئەنشان) یا (ئەنزان) پێکهێنا. زۆربەی ناوی خواو پادشاکانی (کووسی)یەکانیش ئاریایی بوونە.



خشڵی ڕازێنەری دەزریلە. دیتراوەتەوە لە لوڕستان، هەزارەی ٣ی پ. ز.



زەق هەڵقەندراوی "لی شیر پیر عینی" لەسەر ڕەوەز کۆتایی هەزارەی ٣ی پ. ز.

(هێرتسفیلد)ی ئاڵمانی دەڵێ: دەریای خەزەر کە ناوە ئورووپاییەکەی (کاسپین)ە لە ناوی هۆزێکەوە هاتووە کە بەر لە زاین لە ڕۆئاوا و باشووری ئەم دەریایەدا دەژیان و ناوی کووسی، کاسوو، کەسی بووە. کۆی کاسو؛ (کاسپ، کەسپ، کەسپین)ە، بۆیە ئەم ناوەش لە دەریای ناوبراو نراوە. بەبڕوای هێرتسفیلد، (قەزوین)یش هەر (کاسپین) بووە.

(نارام سین) کە یەکێک بووە لە پادشایانی گەورەی (ئەکەد) لە شەڕی واندا تێشکاوە و لێکەوتووە و پادشایانی بەهێزی تری ئەکەد وەک (لاگاش Lagash) و (تیریگان Tirigan) ملکەچیان بوون. مستر هۆلی نووسەری کتێبی (مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نیزیک)، لاپەڕە ٢١٠، (ئاناتووم Anatum)ی بە مەزنی (گووتی)یان ناوبردووە کە لە سەدەی ٢١ی (پ.ز) لەگەڵ عیلامییەکاندا بەشەڕ هاتووە و (ئانوو بانین)یش هەر بە ئی ئەو گەلە دەزانێ کە لە سەدەی ٢٨ی (پ.ز) فەرمانڕەوایی دەکرد (ا.م. دیاکۆنۆف) دەڵێ وێدەچی نووسراوەی (ئانووبانی نی) پادشای (لوولووبی) لە سەرپێڵی زەهاو (ژمارە٩ی نەخشەی ماد) ئی سەدەی ٢٢ی (پ.ز) بێ. ناوی ئەو پادشایە ئەکەدی و نووسراوەکەش ئەکەدییە. وێنەکانی سەر بەردەنووسەکەش ئەو دیلانە نیشان دەدا کە خواچووکەی (ئیشتار) بۆ پادشای هێناون. ئەوە وادەنوێنێ کە (لووللووبی)یان لە نیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی (پ.ز) خاوەنی دە وڵەتێک بوونە. ئەو بەردەنووسە دەڵێ: (ئانووبانی نی) پادشای

لوولووبووم وێنەی خۆی و ئیشتاری لەسەر کێوی (پادیر) هەڵقەندووە.

بە سەرنجدان بەوەی کە پاش نارام سین تا زاڵبوونی (ئوور Ur)ەکان یا سەرەتای سەدەی ٢٥ی (پ.ز) ناوی هیچ پادشایەک لە ئەکەد نەهاتووە. بە وەبیرهێنانەوەی دەستەڵاتی ئەو گەلە بەسەر وڵاتی (ئەکەد)دا دەبێ فەرمانڕەواییەکەیان زیاتر لە دوو سەدەی ٢٨و٢٧ی (پ.ز)ی گرت بێ. بەو پێیە دەکرێ وای بۆ بچین کە (گوودی پاتەسی) فەرمانڕەوای (لاگاش) بۆخۆشی (گووتی) بووبێ.

لە بەردەنووسێک لە نەوەی نارام سین (٢٧١١– ٢٦٨٨) بەجێ ماوە، وا دەگەیێنی کە (شەرلک)ی پادشای (گووتی)یەکان بەدیل گیراوە. گووتییەکان لەو شەڕەدا هێرشکار بوونە و سەرەڕای لەدەستدانی پادشاکەیان، مەردانە درێژەیان بەهێرشەکەیان داوەو سەرکەوتوون و لە ئەنجامدا (بابل)یان گرتووە.

پرۆفیسۆر سپایزێر پێیوایە کە لە چاخەکانی زۆر کۆنەوە (گووتی)یەکان تێکەڵاوی (سوومەری)یان بوونەو پاش وەدەستهێنانی دەستەڵاتی پێویست، وڵاتی (ئەکەد)یشیان گرتووە و ئاوەدانکاریی (لاگاش)یش دوای دەستەڵات بەدەستەوەگرتنی (گووتی)یەکان بووە (٢٥٠٠ی پ.ز). سەرەنجام (ئووتۆخیگال)ی پادشای (ئەرنەخ) لە کۆتاییەکانی دەستەڵاتی (گووتی)یان، (بابل)ی لە ئەکەد جوێ کردەوە و دەستی بەسەرداگرت (٢٥٢٤ی پ.ز).

لە سەرەتای سەدەی (٢٥٠٠ی پ. ز)، دەستەڵاتی (گووتی)یەکان بەسەر (ئەکەد)دا بەهێرشی فەرمانڕەوای (ئوور) لەناوچوو. (گووتی)یەکان پاش ئەو تێشکانە و لاوازبوونی دواتریان، گەڕانەوە نیشتمانی سەرەکیی خۆیان لە مەڵبەندی زێی گەورە، کە بریتییە لە (کەرکووک و ئەرزەنجان)ی ئەوڕۆ و، پاشان کارێکی ئەوتۆیان نەکرد.

لە نێوەڕاستەکانی سەدەی هەژدە، هۆزەکانی (کاسای) لەگەڵ (گووتی)یەکان هێرشیان کردە سەر بابل و لەو کاتەوە تا دیاریدانی حکوومەتی ئاشوور باسێک لە (گووتی)یان لە گۆڕێدا نییە. فەرمانڕەوایی ئاشوور تا سەدەی سێزدەی پ.ز هێزێکی نەبوو و نەیدەتوانی ببێتە بەرچەپی دانیشتووانی زاگرۆس و تەنانەت بۆخۆشی پێویستیی بەهاوکاریی لوولوویەکان و گووتییەکان بوو.

٣- كاسای (کاسیتەکان Kassites)

ئەوانەش یەکێکن لە گەلانی کۆمەڵەی زاگرۆس. یەکەم جار لە ناوچەی کرماشان دیتراون، بەڵام چۆنیەتیی هاتنیان بۆ ئەو دەڤەرە ڕوون نییە. ئەو گەلە وردەوردە بۆ لای لێواری چەپی دیجلە و بابل خزیون و دەستیان کردووە بەکشتوکاڵ. (ئەکەدی)یەکان، (کاسایی)یەکانیان بە(کاششوو) ناودەبرد و لە کتێبی پیرۆز، (کووشی)یان پێ کوتوون. ئەو گەلە لە سەرەتای هەزارەی دووەمی (پ.ز)، لەگەڵ کۆچەرانی هیندۆئەوروپایی تێکەڵ بوون و هیندۆئەوروپاییەکان نەجیبانی نیزامیی ئەوانیان پێکهێنا.

بۆ یەکەم جار لە سەرەتای هەزارەی دووەمی (پ.ز)، کوڕی (حاموورابی)ی پادشای بابل، باسی پاشەکشەپێکردنی ئەو گەلە دەکات. هەر لەو کاتەوە تا سەت و پەنجا ساڵێک، ئەو گەلە کە لە کێوەکانی زاگرۆس و لوڕستان بوونە، وەک کرێکاری کشتوکاڵی بۆ کار دەچوونە بابل.

مێژووی کۆنی ڕۆهەڵاتی نیزیک، لاپەڕە ١٩٨ دەڵێ: (ئامی زادووها) (١٩٧٧ – ١٩٥٦ی پ.ز)، پادشای بابل و نەوەی چوارەمی (حاموورابی) بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرش و وێرانکارییەکانی (کاسای) لەگەڵ (عیلامییان)یەکیان گرت و تەنانەت (کاسایی)یەکان جارێک لە سەردەمی (سامسوئیلوونا)ی شای بابل هێرشیان کردە سەر ئەو شارەو گرتیان.

لە سەردەمی پازدەیەمین و دوایین پادشای (سامی)ی وڵاتی بابل کە ناوی (سامسوو دیتانا) بوو، گەلی (خاتی Khatti) یا (هیتیت) لە ئانادۆڵی ڕا هێرشی کردە سەر بابل و زنجیرەی یەکەمی (عەمووری)ی بنەبڕ کرد کە لەوێ فەرمانڕەوا بوو (١٩٢٦ی پ.ز). بەقسەی هەندێک لە مێژوونووسان، (هیتەکان) پاش ڕاوڕووتێکی زۆر (بابل)یان بەجێ هێشت و گەڕانەوە دەڤەری خۆیان لە ناوچە ڕۆئاواییەکانی فەڕات. هەر ئەو بابەتە بوو بەهۆی ئەوەی لە بابل، پاش ئەو ڕووداوە حکوومەتی میرە هۆزەکان پێک بێن و ئەو دۆخە نیزیکەی سەدە و نیوێک درێژەی کێشا.

کاسیتەکان لە ساڵی ١٨٩٦ی (پ.ز) هێرشیان بۆ سەر بابل دەست پێ کردووە و لە ١٧٤٩ی (پ.ز)، (گاندایش)ی پادشای کووسی، دەوڵەتی (بابل)ی لەناوبرد و خۆی ناو نا پادشای چوارقوڕنە.

ئەوان سەرزەمینەکانی لێوارەی (سوومێر)یشیان لە ساڵی ١٧١٠ی (پ.ز)، لە دەستی (ئی کامیل Ea.Camil) دواین پادشای (سوومێر)ی دەرێنا. ئەو پادشایە ویستی وڵاتی عیلامیش بگرێ بەڵام بۆی نەکراو لە گەڕانەوەدا یەکێک لە سەرۆکانی گەلی (کاسای) بەناوی (ئوولام بووریاش) هەڵی کوتایە سەری و دەستەڵاتەکەی لێ ئەستاند. پاش چەند ساڵان (ئاگووم Agum)ی سێیەم کە برازای (ئوولام بووریاش) بوو، دەستی بەسەر سەرزەمینی بەستێنی (دوور - ئی Dur - E) داگرت و وردەوردە هەموو ناوچەکانی تری سۆمەر و هەروەها (ئەکەد)یشیان گرت. ڕووبەری وڵاتی کاردوونیاش لە سەردەمی ئاگوومی سێیەمدا لە قەڵەمڕەوی حاموورابی زیاتر بوو. (کاسایی)یەکان ئاوا لە نێوەڕاستەکانی سەدەی ١٨ی (پ.ز)، دەستیان بەسەر بابل داگرت و فەرمانڕەوایی یەکی بەهێزیان لە وڵاتەکانی سوومێر و ئەکەد دا دامەزراند. ئەو فەرمانڕەواییە کە ٥٧٦ ساڵ (١٧٤٦ - ١١٧١ی پ.ز)، درێژەی کێشا، لە مێژوودا بەحکوومەتی (کاردوونیاش Kardunyiash) ناسراوە و هیچ پادشایەتییەک ئەوەندە دەستی بەسەر (بابل)دا نەڕۆیشتووە. کە ئەوە درێژترین ماوەی داگیرکرانی (بابل)ە لەلایەن گەلێکی بێگانەوە. دەستەڵاتی کاسیتەکان لە ئێرانیشدا لە لوڕستان و زاگرۆس تێپەڕی و ناوچەی هەمەدان یشیان لەبەردەستدابوو. ڕۆژهەڵاتناس سێر کیگ لە کتێبی (تاریخ بابلستان) لاپەڕەی ٢٤٤ دا دەنووسێ: ناوی (کاردوونیاش) دوو وڵاتی سوومێر و ئەکەدی دەگرتەوە و (سێر سیدنی سمیت) دەڵێ هۆی هەڵبژاردنی ناوی کاردوونیاش ئەوەیە کە دوونیاش یەکێک بووە لە خواکانی کاسای و وشەی (کار)یش بەواتای سەرزەمین و وڵات بووە و هەر بۆیەش کاردوونیاش واتە وڵاتی خوای دوونیاش. لە کتێبی (مزوپوتامیا) لاپەڕەی ٩٨ نووسیویەتی کاردوونیاش لەوانەیە ناوی (کاسای)ی شاری بابل بێ. دامەزرێنەری ئەو حکوومەتە بە (کاندیش Kandysh) ناو دەبەن، کە ئاگادارییەک لە ڕووداوەکانی سەردەمی ئەو لەدەستدانیە. پادشایەتی کاندایش ١٦ساڵی گرت. (مستێر هۆل) لە کتێبی (تاریخ شرق نزدیک) ص١٩٩ دەنووسێ: (ئوولام بووریاش Ulam Buriash)ی کاسی، کە ناوچەکانی سنووری سەرزەمینی سوومێری گرت (١٧١٠ی پ.ز). کوڕی پادشای (بابل) بەناوی (بوورنا بوورایاش Burnaburariash) و نەوەی کوڕیی ئەو پیاوە (ئوولام بووریاش)ە کە نازناوی (ئاگووم Agum)ی سێیەم بوو و شاری قایمی سوومێرییەکانی بەناوی (دوور - ئی Dur Ea) داگیرکرد. (پاشکاندیش، ئووششی Ushishi) و (ئەبی -

راتاش Abi - Rattash) و (تاششی (گوورماش Tashishi gurmash) و (گوومی Gu-mill)ی دووەم یا (ئاگووم کاکەریم). هاتنە سەر تەخت.

نووسراوەکانی (بابل)ی لەمەڕ (کاسیتەکان) ئەوە دەگەیێنێ کە خواکانی (بابلی)یان، وێڕای خواکانی خۆیان و هیندۆئەوروپاییەکان – وەک (شووریاش) یا (سووریا)ی هیندو (مارووتاش ئا مارووت)ی هیندو (بووریاش یا بوورئاسی) یۆنانی – دەپەرست. لە نێوان دوو چۆمان، (کاسیتەکان) ئەسپیان ناسی و پێیان دەکوت کەرەکێوی. شاری هەمەدانیش پێش مادەکان بەناوی کاسیتەکان پێی کوتراوە (ئەکێسایا Akessaia) و لە بەردەنووسەکانی ئاشووری دا بە (کارکاسی Kar - kas-si) واتە شاری کاسییەکان هاتووە. (ستترابۆن)ی مێژوونووسی یۆنانیش بە (کاسی)یەکانی کوتووە (کاسایوا Kassaioe) و شوێنەکەیان بە (دەربەندی خوار Caspian cates)ی نیزیک تاران دەزانێ و ئەگەر شاری قەزوین بە ئی (کاسی)یەکان (caspian) بزانین و ناوی دەریای (کاسپی)ش کە (Caspiansea) یە هەموو ئەوە دەسەلمێنن کە کاسیتەکان لە بەشێکی گەورە لە ڕۆژئاوا و باکوری (ئێران)یشدا نیشتەجێ بوونە.

(کاساییەکان) شەڕی گەورەیان لەگەڵ هیتەکان کردوون و بەتەواوی تێکیان شکاندوون و باکوری سووریاشیان داگیر کرد و تا کاتی بەهێزبوون و دەستپێکردنی پەلهاویشتنەکانی میسر لە سەدەی ١٦ی (پ.ز)، گەلی (ئامورر) یشیان لەژێر دەستەڵاتدابوو. هەر لەو شەڕەدا، خوایانی سەرزەمینەکانی (مەردووک M erduk) و (سارپانیتیووم Sarpanitiu)یان لێ ئەستاندوون. (هیتیتتەکان) ئەو خوایانەیان لە کاتی زنجیرەی یەکەم و دوایین جێنشینی حامورابی، لە تالانی (بابل)دا وەدەست هێنابوو.

پاش (ئاگووم کاکەریم)، (بورر ئاپووراش)ی دووەم و (کاوشتیاش Kavshtiash)ی دووەم و (ئاگووم)ی سێیەم پادشایەتییان کردووە، بەڵام زانیاریی ئەوتۆیان لە بەردەستدا نییە. پاشان، نێوانێکی کەوتێ و لەو نێوانەدا ناوی (کاداشمەن خەرەبی Kadashman kharabi)ی یەکەم و هەروەها (کوری گالزوو Kvrigalzu) و (مێلی شیپاکی Meli Shipaki) هاتووە. پاشان تا کاتی پادشایەتیی (کارائینداش Ka-raindash) کە لە ١٤٥٠ی (پ.ز) – واتە هاوکات لەگەڵ (تووتماسی چوارەم)ی

فیرعەونی (میسر) واتە لە سەردەمی پادشایەتیی (ئاگووم کاکەریم) تا ئەودەمە کە دەکاتە ۲۸سالّ، زانیارییەک لە دەستدا نییە. بەلاّم لەوەی بەدوا، مێژووی (کاسای) تارِادەیەک ڕوونەو بەکورتی ئەو زانیارییانە بەشێوەی خوارەوەن.

١٤٥٠ی (پ.ز)، (کارا ئینداش): لە سەردەمی ئەو پادشایەدا هەندێک پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی ئاشوورو بابل پێکهاتن و پەیمانێکی لەسەر هێڵی سنوور لەگەڵ پادشای ئاشوور مۆرکرد و پەرستگایەک بۆ خوای (ئی ئاننا Ea Anna) سازکرا.

١٤٣٠ی (پ.ز)، (کاداشمەن بێل Kadashmanbel): ئەو پادشایە لە سەردەمی فیرعەون (ئامەن هوتەب)ی سێیەمدا ژیاوە.

١٤٢٠ی (پ.ز)، (بوورنا بووریاش Burnaburiash): هاوچەرخی (پووزوور ئاشوور)ی پادشای ئاشوور بووەو لەسەر دیاریکردنی سنوور، لەگەڵی بەشەڕ هاتووە و فەرمانی سازکردنی پەرستگەیەکی داوە. ئەو پەرستگەیە لە لارسا و بۆ خوای ڕۆژ سازکراوە.

١٤١٠ی (پ.ز)، (کوری گالزووی Kurigalzui)ی یەکەم: لە سەردەمی ئەو پادشایەدا، یەکێک لە شارەکان کە وێدەچێ لە سەردەمی ئەویدا چاکرابێتەوە و نوێ کرابێتەوە، بەناوی ئەو کراوە. ناوی پێشووی ئەو شارە وێرانە (عەفەرقووف) بووە.

١٤٠٠ی (پ.ز)، بوورنابووریاشی دووەم: کوڕی (کوری گالزوو)، پادشایەکی بەختەوەر و خاوەنی پادشایەتییەکی ماوە درێژ بووە.

١٣٧٠ی (پ.ز)، (خاراخارداش Khara Khardash): ئەو پادشایە، کچی (ئاشوور ئووبالیت)ی شای (ئاشوور)ی هێناو کوڕێکی بەناوی (کاداشمەن – خارەبی یەکەم) بوو. کە لەگەڵ هۆزی (سووتوو Sutu) بەشەڕهات و سەرکەوت و ژمارەیەک لە خەڵکی خۆی لەنێویاندا دامەزراندن.

١٣٦٠ی (پ.ز)، بەهۆی لە زیادیدانی دەستەڵاتی ئاشوور، (کاساییەکان) هەستانەوە و شای خۆیانیان کوشت و نازی (بوورغاش Nazi Burgash)یان لەسەر تەختی دانا بەلاّم ئەویش بەدەستی (ئاشوور ئووبالیت) تێشکا و کوژرا.

١٣٥٠ی (پ.ز)، (کوری گالزووی) سێیەم: ئەو شایە پاش کوژرانی (نازی بوورغاش) لەلایەن پادشای (ئاشوور)ەوە لە سەرتەخت دانرا. ئەو ئەمیرە وڵاتی

(عیلام) و شاری (سووسا Susa یا شووشا)ی گرت و پاشان لەگەڵ (بێل نیراری Bel Nirari)ی پادشای ئاشوور بەشەڕهات.

١٣٤٠ی (پ.ز)، (نازی ماروتاش Nazi Marutash)

١٣٣٠ی (پ.ز)، (کاداشمەن توورگوو Kadashman turgu)

1320ی (پ.ز)، (کاداشمەن بووریاش Kadashman buriash)

1304ی (پ.ز)، (کوودوور بێل Kudur bel)

1298ی (پ.ز)، (شاگاراکتی بووریاش Shgarakti buriash): لە سەردەمی ئەو شایانەدا شەڕێکی دوور و درێژ لە نێوان بابل و ئاشوور لە گۆڕێدابوو.

١٢٨٥ – ١٢٧٠ی (پ.ز)، (تووکوولتی نینیت Tukultti Ninib)ی یەکەمی ئەمیری (ئاشوور)، (بابل)ی گرت و چووە نێو شارەکە و دەستی بەسەر سامانەکانی پەرستگەی مەردووک دا گرت و بردنیە ئاشوور. ئەو هێرشە لە سەردەمی (بیبی یاشوو Bibiashu)ی (کاسایی)دا ڕوویداو پاش وی (بیل شووم ئیدین کاداشمەن خەربی)ی دووەم (١٢٧٧ – ١٢٧٥ی پ.ز)و ئاداد شووم – ئیدین (١٢٧٤ – ١٢٦٩ی پ.ز) ژێردەستی ئاشوور بوون و ئەو دەستەڵاتەی ئاشوور حەوت ساڵی درێژە هەبوو.

لە ساڵی ١٢٧٤ی (پ.ز)،، خەڵکی (بابلستان) هەستانەوە و پاش دەرکردنی (ئاشووری)یەکان، (دادشووم ئوسوور)یان کردە شا. لە سەردەمی ئەو ئەمیرەدا بابل بووژاوەو هێرشی کردە سەر ئاشوور، کە لە شەڕەکەدا (کوودوور– ئوسوور)ی ئەمیری ئاشوور کوژراو بەشێکی خاکی ئاشوور کەوتە سەر خاکی بابل.

١٢٣٨ – ١٢٢٤ی (پ.ز)، (مێلی شیپاک Meli Shipak) لە بەربەرەکانی شەڕێکی سەرکەوتووانەی لەگەڵ (نینیت – ئاپال – ئیشاررا)ی شای ئاشوور کردو لە ئاکامدا (ماردووک ئاپال ئیدین) ١٢٢٣ – ١٢١١ی (پ.ز)، کە بوو بەجێگری، بەرەوڕووی هەڕەشەی (ئاشووری)یان بۆوە و سەرەنجام لە ساڵی ١٢٠٧ی (پ.ز)، (ئاشووردان)ی (ئاشوور)ی بەهاوکاریی (سامییەکان)، ئەوی تێک شکاند و پادشایەتیی ٥٧٦ ساڵ و ٩ مانگەی (کاسایی)یەکانی لەناوبرد.

بەڵگەیەک (یکورد) بوونی ئەو زنجیرە پادشایانە هەبوونی وشەی کوردی لەنێو ناوەکانیاندابووە. وشەی (کوری) لە ناوی (کوری گالزووری)دا کە هەر (کوڕی) کوردییە، یا کاکە لە ناوی (ئاگووم کاکەریم) کاک یا کاکە لە کوردیدا بۆ برای گەورە

یا بۆرێزلێنان لە پیاوی گەورە بەکاردێ، بۆ وێنە بە (مەمی ئالان) کە شازادەیەکی کوردبووە کوتراوە (کاکە مەم)، لە زۆر بنەماڵەی کۆنی کوردیدا بەجێگای وشەی باوکیش بەکار هاتووە. لە بنەماڵەی (کەیانیان)یش وشەی (کەی) هەر بەواتای (کاک) بۆ ڕێز هاتووە. وشەی (کا)ش کە لە ناوی (کارائینداش) و (کاداشمەن) و لە کوردیدا کورتکراوەی (کاک)ەو هەر پێشگری ڕێزەو لە شوێنی (جەناب، ئاغا و خاوەنشکۆ)ش دەکارکراوە و ئێستاش هەر باوە.

(کاسایی)یەکان پاش تێکڕووخانی دەستەڵاتەکەیان، گەڕانەوە زاگرۆس و لە ناوچەی (لوڕستان)ی ئێستا دامەزران، کە پاشان (سەناخریب)ی (ئاشوور)ی لەو دەڤەرەدا لەگەڵیان بەشەڕهاتووە.

(کاسایی)یەکان لە سەردەمی (هەخامەنشی)یەکاندا هەموو ساڵێک برە پارەیەکیان بۆ مافی تێپەڕینی مرۆڤ و کالاّ بە ڕێگای (بابل - ئۆکباتان)دا دەدرایە. (ئەسکەندەری مەقدوونی)ش لەگەڵیان بەشەڕ هاتووە و (ئانتۆنیۆس)ی سەرداری (ڕۆم)یش بەیاریدەی ئەوانە لە دەربەندی (پردی گەرووی تەنگ) تێپەڕیوە. هەرچۆنێک بێ ئەو گەلە تا لەدایکبوونی عیسا لە (لوڕستان) بوونە. باشووری سەرزەمینی (کاسای) بۆ ماوەیەکی لەژێر دەستەڵاتی (عیلامی)یەکاندا بووە.

زۆربەی ڕۆهەڵاتناسان کاسایەکان بە ئارییایی دەزانن. ئەوانیش وەک زۆربەی دراوسێکانیان بوتپەرست بوون. خوای هەتاو(سەریاش) گەورەترین خوایان بووە و خوای تریشیان هەبوون وەک: خارب، دوونیاش، شیپاک، شووکامووناو....

٤- سووباری Subari

ئەو ناوە کە لە زمانی (ئەکەد)دا بەناوچەیەکی بەربلاّوی جوگرافیایی کوتراوە کە لە بەشەکانی باکوری عیلام ڕا تا کێوی ئامانووس درێژەی هەبووە. بۆ یەکەمجار لە بەردەنووسێکی سەردەمی پادشایەتیی (لووغال- ئاننی - مووندوو)دا لەگەڵ وێنەیەک لە (سووپیر Supir) کە ئی سەدەی سێیەمی (پ.ز)ە، دیتراوە. لە ئاسەواری بەجێماو لە (نارام سین)، ناوی (سووبارتیم) تۆمار کراوە کە بابەتێکی جوگرافیاییە و بە سەرزەمینێک کوتراوە کە لە سنووری باکوری (عیلام) ڕا تاکێوی (ئامانۆس) ڕاکشابوو. پاشان ئەو ناوە کەوتە سەر هۆزێک. (حەمووڕابی)ش ئەو وشەی بۆ

سەرزەمینێک دەکار کردووە کە گەلێکی سەربەخۆی تێدا ژیاون و بەڵگەنامەکانی (ئاشووری)ش ئەوانیان بە (سووباروو) ناوبردووەو ئاکامەکەی ئەوەیە کە گەلێکی بەوناوە لە (نێوان دووچۆمان)دا ژیاوە، کە ڕەنگە بەشی (میزۆپۆتامیا)ی هووری ش لەژێر ئەو ناوەدا ناسرابێ.

(سووبارووییەکان) زۆرجاران لەگەڵ لەشکری (ئاشوور)دا بەشەڕهاتوون و لە کۆتاییەکانی دەستەڵاتی (ئاشوور)دا، ئیدی ناوی سووباروو ناکەوێتە بەرچاو و لە جێگای واندا گەلی (نایری) وەدیار دەکەون کە ڕەنگە لقێکی گەورە لە سووبارووییەکان بن. ئاسەوار و بەڵگەنامەی گەلی (نایری) هێشتاش لە ناوچەی (شەمزینان) هەیە.

(تیگلات پۆلایزێری یەکەم) (١١١٠ –١١٠٠ی پ.ز)، یەکێک لە شارە گەورەکانی ئەو گەلەی بەناوی (شریش) گەمارۆدا، کە (سووباری)یەکان بەیاریدەی (مووشکی) و (کاراتییەکانی) هاوپەیمانی زۆر بەباشی خۆیان لە بەرانبەریدا ڕاگرت. لە سەردەمی ئاشووری)یەکاندا ناوی (سووباری) وردەوردە ون بوو و لە شوێنی وان (نایری) هاتنە مەیدان و ئاشوورییەکی زۆریان کوشتن.

٥– میتانی

ئەو هۆزانەی بەزمانی (هووری hurroh) دەئاخافتن، لە هەزارەی دووەمی پ.ز (لە نێوان دووچۆمان) و تا ڕادەیەک لە (سووریا) و – وەک بەناوی هەندێک لە کەسان و وێنەکانەوە دیارە – لە بانووی (ئەرمەنستان) بڵاو بووبوونەوە. زمانیان زۆر لە ئی (ئوورارتۆیییەکان) نیزیک بووە. نووسراوەیەک بە زمانی (هووریانی) و بە ڕێنووسی ئەکەدی لەپاش کەسێک بەناوی تیشاری پادشای (ئوورکیش) و ناوار بەجێماوە کە ئی چارەکی سێیەمی هەزارەی سێیەمی (پ.ز)یە. شوێنی (ئوورکیش) دیارنییە بەڵام (ناوار) هەر ئەو شوێنەیە کە پاشان پێی کو ترا (نامار) یا (نامروو)، واتە دۆڵی دیالە، کە بەشی (٧)ە لە نەخشەی ماد. بوونی (هووری)یان لە هەزارەی سێیەمی (پ.ز)، لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە و خاکی ئاشوور (بە ناوە تایبەتەکانی کەسەکان) سەلماوە و لە هەزارەی دووەمی (پ.ز)ش دا ئەوان لە ناوچەی (ئاراپخای (کەرکووک)) ژیاون.

م.ا.دیاکۆنۆف دەڵێ: لە وڵاتی (هووریانی (میتانی)) کە لە ناوەڕاستەکانی هەزارەی دووی (پ.ز) بەشی باکوری (نێوان دووچۆمان) و بەشی باشووری (بانووی ئەرمەنستان) و بەشێک لە (سوورییە) و هەندێک سەرزەمینیان لە ڕۆئاوای دیجلە دا لەبەر دەستدا بوو، کەلک وەرگرتن لە ئەسب زۆر برەوی هەبوو و حارەبەیان پێ ڕادەکێشا. لەوانەیە (میتانی) تەنانەت ناوەندی پەروەردەکردنی ئەسپیش بووبێ.

(سێر کینز) و هەندێک لە ڕۆهەڵاتناسان پێیان وایە (میتانی)یەکان لکێکن لە (کاسایی)یەکان. بەڵام پرۆفسۆر سپایزێر دەڵێ: (میتانییەکان) لکێکن لە (سووبارۆیەکان). (میتانییەکان) لە (فەڕات)ی ناوەندی، دەڤەری (بەلخ و خاپوور)، نیشتەجێ بوونە و لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی (پ.ز)، حکوومەتێکی بەهێزیان پێک هێناو زمانێکی تایبەتییان هەبووە. ئەو بەلخەمان کە ناوچەیەکە لە سەرووی چۆمی خاپوور، نابێ گەڵ شاری بەلخی باکوری ڕۆئاوای ئێران، کە ئێستا شارێکی ئەفغانستانە، لێ تێکچێ، ئەو ناوچەیە چۆمێکیشی لێیە بەناوی (بەلخ)، کە دەڕژێتە خاپوور. بەلێکدانەوەی ئەو ڕوانگانەو شوێنی نیشتەجێبوون و دەڤەری دەستەڵاتی (میتانییەکان)، وا وێدەچێ کە ئەو حکوومەتە لکێک بێ لە گەلی کاسای و بەشێک لە پێکهاتەی (سووباری).

(میتانییەکان) لە ناوچەی (جزیرێ) حکوومەتێکی گەورەیان دامەزراند کە لەگەڵ سێ حکوومەتی گەورەی تر لە ناوچەکەدا، برێتی لە (میسر و هیتیت و کاسای) لە ڕیزێکدا دێنە ئەژمار. ناوەندی ئەو حکوومەتە شاری (واشۆگانی گاننی Wash-shuganni) بووە. بەڵگەنامەکانی (ئامارنا Amarna) باسی پێوەندیی نێوان میسر و میتانی دەکەن. نامەیەکی (تووشراتا Tushratta)ی فەرمانڕەوای میتانی دۆزراوەتەوە کە بەزمانی میتانی و برێتی لە ٦٠٠ وشەیە. وا وێدەچێ ئەو زمانە زمانی ڕامیاریی ئەکەد بووبێ. (بۆرک Bork ) پێی وایە ئەو نامەیە وشەی قەفقازیی تێدان. وڵاتی (میتانی) بەناوی (سووباری)ش ناوبانگی دەرکردووە. لە ناوچەی کەرکووک چەند هەزار بەڵگەی میتانی و سووباری دۆزراونەوە و زۆری تری لەو بابەتەش لە ناوچەی کۆیە وەدەست هاتوون.

ڕۆژهەڵاتناس (جێنسێن Gensen) دەڵێ: (وشەی میتانی بۆ بنەماڵەی پادشایەتی دەکارکراوە و ئەو گەلە بەڕەسەن سووباری بووە و سەرزەمینەکەیانیش (هانی

گالبات Hani Galbat)ی پێ کوتراوە ئەو ڕوانگەیە لەگەڵ بەردەنووسە دۆزراوەکان یەکدەگرێتەوە. خاکی ئەو حکوومەتە لە سەردەمی (ئاشوور ناسرپاڵی سێیەم) وردەوردە داگیر کراو ئاوا دەوڵەتەکەشیان لەناوچوو.

لە ساڵی١٥٨٠ی (پ.ز)، (فیرعەونی میسر) بەناوی (تێهوو تیمس Tehu Timsfi)ی یەکەم لە گەشتی ئاسیایی خۆی، تووشی ئەو حکوومەتە بوو و لەسەر کێشەی سنوور لەگەڵیان بەشەڕهات و تێکی شکاندن و وڵاتەکەیان کەوتە بەردەستەڵاتی (میسر).

دەوڵەتی (میتانی) دەستەڵاتی خۆی تا باکوری (نێوان دووچۆمان) پەرەپێداو لە ساڵی ١٤٥٠ی پ.ز گەیشتە ئەوپەڕی دەستەڵاتی خۆی و هەر لەو کاتەدا (میسر) لەگەڵی بوو بە هاوپەیمان و بەهێزترین (فیرعەونی میسر) کچی پادشای (میتانی)ی هێنا. لەو پەیماننامەی لە نێوان میتانییەکان و (هیتەکان) نووسراوەوە، ناوی (میترا) و (ئێروونا) و (ئیندرانا) و (زانیا) هاتووە کە هەموویان خوای (هیندۆئەوروپایین) کە لەنێو ئەوانەی دامەزراو لە هیندو هەروەها گەلانی (هێتیت) و (کاسیت)یش پەرستیاریان هەبوون.

میتانییەکان لە سەدەی چواردەی (پ.ز)، بە پێکهاتن لەگەڵ گەلی (هیتیت) دەستیان کرد بەهەندێک پەلهاویشتن و سەرەنجام لە کۆتاییەکانی سەدەی سێزدەمی (پ.ز)، لەشکری (میسر)یان لە سەرزەمینی ئامووری دا شکاند و (کووشان ڕیش ئاسایم)ی ئەمیری (میتانی)، سەرزەمینەکانی سەرووی (سووریا)ی داگیرکردو بۆ هەشت ساڵان گەلی (یەهوود)ی دەبەردەستیدا بوو. لەو کاتەدا بەشی زۆری کوردستان و وڵاتی (ئاشوور) و( ئەریرافاش) لەژێر دەستی ئەو گەلەدا بووە. پاش ئەو دەستەڵات نواندنە وردەوردە حکوومەتەکە ڕووی دەلاوازی کرد. کێشەی نێوخۆیی بنەماڵەی پادشایانی (میتانی) سەرەنجام بوو بەهۆی ئەوەی هیتیتەکان بەشە ڕۆژئاواییەکان فەرات و فیرعەونەکانی میسر باکوری (سووریا) و (تیگلات پۆلایزێر)ی یەکەمی پادشای (ئاشوور)یش سەرزەمینەکانی ڕۆژهەڵاتیان لێ کردەوە و سەرەنجام لە سەردەمی (ئاشوور ناسر پالی) سێیەمدا پاشماوەی سەرزەمینەکانی (میتان)یش لەدەست دەرچوون و حکوومەتی (میتانی) لە سەدەی هەشتەمی (پ.ز)، تێکچوو.

(تیگلات پلایزێری یەكەم)ی پادشای ئاشوور، لە دەشتی مەلازگەردێدا شەڕێكی گەورەی لەگەڵ ٢٣ فەرمانڕەوای نایری كرد، كە لە ئەستوونی سەركەوتنێكدا كە بەو بۆنەوە سازی كردووە بە وردی لەسەریان دواوە.

وەك (سێر سیدنی سمیت)ی نووسەری مێژووی (ئاشوور) دەنووسی: (تیگلات پلایزێری یەكەم)ی پادشای ئاشوور لە (دەشتی مەلازگەرد) لەگەڵ ٢٣ فەرمانڕەوای نایری و ژمارەیەك لە هاوپەیمانانی شەڕێكی گەورەی هەڵایساند كە لە كۆڵەكەیەكی سەركەوتندا كە بۆ ئەو شەڕە سازكراوە، بەوردی باسی كردووە.

لە ٩١٠ ی (پ.ز)ش لەشكری ئاشوور لە ناوچەی (كووتمووخ) لە نێوان كێوی (جوودی) و (دیجلە)دا لەگەڵ (نایری)یەكان بەشەڕ هاتووە و ناوچەكەی داگیركردووە. (تووكوولتی یەنسیب)ی دووەمیش (٨٩٠ – ٨٨٤ی پ.ز) زۆر لەگەڵ (نایری)یەكان لە شەڕدا بووە. بەكورتی كەمتر پادشای ئاشوور هەبووە كە لەگەڵ (نایری)یەكان بەشەڕ نەهاتبێ و بێگومان هەر (ئاشووری)یەكان هێرشكار نەبوونە و زۆرجاران (نایری)یەكانیش هێرشیان كردووەتە سەر خاكی (ئاشوور). هەروەك لە ٧٤٣ی (پ.ز)، لەلای ڕۆژهەڵات ڕا هێرشیان كردە سەر ئاشوور و (تیگلات پلایزێر)ی چوارەم توانی زۆر بە كوێرەوەری بیان كشێنێتەوە پشت كێوی (جوودی).

مێژووی كۆنی ڕۆژهەڵاتی نیزیك دەڵێ: لە ساڵی ٧٤٤ی پ.ز، (ئاشووری)یەكان چوونە لای سەرووی چۆمی (دیالە) و چوونە نێو خاكی پارسووئا (زامووئای باشووری پێشوو). ئەو وڵاتە خەڵكی نائێرانیی لە كۆنەوە لێ نیشتەجێ بوون و پادشاگەلی بچووك بچووكیان هەبوون.

سەناخریبی پادشای بەناوبانگی (ئاشوور) (٧٠٥ – ٦٨٢ی پ.ز)، لە دەوری كێوی (جوود)ی، شەڕێكی درێژخایەنی لەگەڵ كردوون، كە بەناوی (گەشتی پێنجەم) چۆنیەتەكەی نووسیوە.

(ئاشووری)یەكان كە شوێنێكیان دەكردە خاكی خۆیان، یا خەڵكەكەیان لە شوێنی خۆی دەهێشتەوە و باجی زۆر قورسیان لەسەر دادەنان، یا خەڵكەكەیان هەموو ڕادەگوێستن و خەڵكی تریان لە شوێن دادەمەزراندن.

(میجەرسۆن)ی ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ، لە (میزۆپۆتامیاو کوردستان)دا دەنووسێ: (سەرزەمینی نایری هەر بەتەنێ ناوچەی سەرووی زێی گەورە نەبووە، بگرە تیگلات پلایزێر و ڕۆڵەکانی ئەو گەلەیان کە لە ناوچەی دیجلە و فەرات و باکوری نیفاس، واتە لەو شوێنانەی ئەوڕۆ دیاربەکر، خارپووت، دێرسیم و کوێستانەکانی تبلیس و تووروسدا نیشتەجێ بوون، بەنایری ناو دەبرد و ئەو سەرزەمینە باسکراوانەش هەر ئەو شوێنەیە کە پاش لەناوچوونی حکوومەتی ماد و نێوەڕاستەکانی حکوومەتی هەخامەنشییەکان (٤٠١ی پ.ز)، گەلانی شەڕکەری کوردووئێن تێیدا دەژیان، کە پێموایە هەر ئەوکوردووئێنانەی ئەوڕۆ ڕۆڵەی مادە بەناوبانگەکانە.... کوردەکان لەگەڵ گەلانی تر تێکەڵ نەبوون و هەمیشە ڕەگەزی خۆیان وەک زمانەکەیان لە تێکەڵاوبوون لەگەڵ ڕەگەزەکانی تر پاراستووە.... پاش لەناوچوونی حکوومەتەکانی ماد و هەخامەنش پارسییەکان ملکەچی ئەشکانییەکان یا پارتەکان بوون، بەڵام کوردەکان چوونە دوندی کێوەکان و هەر لەوکاتەوە بە کوردووئێن ناسران....).

(میجێرسۆن) لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێ: (ئەو ناوچە (مەبەستی بەشی سەرووی جادەی ئوورفە بۆ مووسڵە- نووسەر ) کە لە سەرەتای مێژووڕا ناسراوە، لە نێوان سەرزەمینەکانی باکور و باشوور (جزیرە – مێزوپوتامیا)یە کە خاوەنی سنووری ڕامیاری و سروشتیی دیار بووە و ئەو کێوە سەربەرزانە (مەبەستی کێوی عابیدەینە) کە لە چاخی کۆندا (نیفات)ی پێ کوتراوە، سەرچاوەی دیجلە بوونە کە ئەو ڕۆژانە (تیگریس) یشی پێ دەڵێن. (تیگریس لە تیگرا Tigra) ڕا هاتووە کە وشەیەکی مادی و بەواتای تیرە)).

(ئەو زنجیرە کێوە لە سەردەمی (تیگلات پلایزێر)ی فەرمانڕەوای ئاشوور (١١٠٠پ.ز)دا سنووری باکوری ئاشووری پێک دەهێنا و سەرزەمینی نەناسراوی نایری لەپشت ئەو کێوانە بوو کە ئەو فەرمانڕەوایە هەمیشە لەبیری دەست بەسەر داگرتنی بوو.

پاشان ئەو سەرزەمینەی نایری بوو بە کوردووئێن، کە هەموو دانیشتوانی (کوردین) یا کورد ن و ئەو بابەتە ئەو ئاکامە دەداتە دەست کە گەلی کورد لە سەرەتای پەیدابوون یا کۆچی ئارياييیەکان ڕا هاتوونە ئەو ناوچەی و تێیدا نیشتەجێ بوونە.

لەشکری گـەلانی گـەورەی وەک یۆنـانی و پارتی یا ئەشکانی و ڕۆم هەمـیـشــە لە حاست ئەو کوێستانانە ڕێی خۆیان گۆڕیوە، کە دەشتەکانی دامێنی ئەو چیا بەرزانە شاهیدی ئەو داوایەو تێشکان و گەڕانەوەی زۆر لە گەلانی ڕۆژهەڵاتن، تەنیا گەلی ئاشـوور توانیـویەتی بچێتـە نێـو وڵاتی نایری یا کـوردوئێن، تا لەسەر بزێویدا لە کوردان وەدوا نەکەوێ).

(گەلی کورد بەڕاستی بە ئازادی و سەربەرزی بەناوبانگەو ئەوەی کە داگیرکەرانی گـەورە نـەیانتـوانیـوە ئەوان پێـمل و دەستـەمـووی خـۆیان بکەن. گـەلەک ســەیرەو ڕۆژهەڵاتناسـانیش پێیـان وایە کـە: کـورد ناچێتـە ژێر باری تۆبزی و تێ نـاشکێ و لەبەین ناچێ. خولیای شارستانیەت و پێشکەوتنە، نیشتمانی خۆی ناداتە دەست کەس و پێی خۆشە زمان و نەتەوایەتیی خۆی لەنێو کوێستانەکانی سەرلەحاسمانی وڵاتەکەیدا بپارێزێ).

(ئەو گەلە مەزنە هەرچەندە هەموو کوردستـانی خستـە ژێر دەستـەڵاتی خـۆی و جـێگای (سـووباری) یانیـشی بەتەواوی گرتەوە، بەڵام جـێگای داخـە زانیـارییـەکی زۆرمان لەسەر مێژووی (نایری)یەکان لەدەستدا نییە. ئەو هۆزە پێش کۆچی مادەکان لە کـوردستـاندا بووە. لە بەڵگەنـامـەکانی کۆندا باسی نـەکراوە، بەڵام لە ســەردەمی حکوومــەتی ئاشــووردا باسـیــان کـراوە. زۆر وێدەچێ کـە نایری لە لکە کـۆنەکـانی سووبارۆو گووتی بووبێ کە پاشان بەسەریاندا زاڵ بـووبێ و فەرمانڕەوایی بەسەردا کـــردبن. هۆزێک بوونە نەترس و شـــەڕانی و خـــەباتکارو مـــاوەیەکی زۆر لەگـــەڵ ئاشوورییـەکان لە شـەڕدابوونە. وێدەچێ هۆزی نەهری کە لە شـەمزینانن، پاشماوەی ئەونایرییـانە بن. (فـۆن مینۆریسکی)، مێژوونووس و زانای بەناوبانگیش پێیوایە و (تووروۆدانژێن) لـە کتێبی پێوەندیی هەشتـەمین (گـەشتیسـارگۆن)دا کە لـە سـاڵی ١٩١٢ی زاینی لە پاریس بڵاو کراوەتەوە دەڵێ: نایری یا هووشکیا هەر دەوڵەتەکەی بۆتـانێ یە کـە لـە ئاقـاری ڕۆژهەڵاتی نایریدا حکوومـەتێکی سـەربەخـۆی هـەبووە. بەبڕوای هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسـان و مێژوونووسـان، گەلی نایری پاش دامـەزرانی حکوومەتی مادەکان لەگەڵیاندا تێکەڵ بوونە و گەلێکی گەورەیان پێکهێناوە.

(میـجێرسـۆن) هەروەها دەڵێ: ئەگەر سـەرنج بدرێتە چاخی نێوان سەدەی پازدە و دوازدەی (پ.ز)، ڕوون دەبێـتـەوە کـە لـە کـوردســتـانی ناوەندی، نـایری یەکـان هەر

پێشوونانی مادەکان بوونە کە ناوبانگی گەورەیی و شەڕکەرییان لە هەموو ناوچەدا دەنگی داوەتەوە و بۆتە هۆی ترسی خەڵکی تر. هەر ئەوانیش پاشان لەژێر ناوی کورد، درێژەیان بەژیانی خۆ داوە. لەو سەردەمەدا نیشتمانیان ئاقاری ناوەندیی زێی گەورە تا سەرینچاوەی چۆمەکە بووە.

گەزەنفۆنی سەرداری یۆنانی لە ناوچەی (ئانتی توورووس) یا کوردستانی ناوەندیی ئێستاکە بە(هەکاری) ناودەبرێ، لەگەڵ ئەو گەلە تووشی یەک بوونە و ئەوانیان بە کاردووخۆی ناوبردووە. بەکوتەی (گەزەنفۆن)، لە وڵاتی (ئاشوور) ڕا تانیزیکی (ترابووزان) لە (تورکیا)ی ئەوڕۆ لە دەستی (کوردووئێنەکان)دا بووە. (گەزەنفۆن) لە کتێبی گەڕانەوەی دە هەزار کەسەکەیدا باسی کردوون کە کاک دوکتۆر سۆران مام قادری لە زمانی یۆنانی ڕا وەری گێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و لە لاپەڕە ٢٨ی ژمارە ٤ی کۆواری هەوار چاپی ئادیلایدی ئوستەرالیادا بڵاوکراوەتەوە، ئاوا دەنووسێ:

(گەزەنفۆن لەسەر کاردوشۆیەکان هەروەها دەڵێ: ... ئەوگەلە هیچکات ملی بۆ ئێرانییەکان ڕانەکێشاوە و تەنانەت یەکێک لە پادشاکانی ئێران کە بە ٢٠ هەزار لەشکرەوە چووبووە شەڕیان، بۆ خۆی و هەموو لەشکرەکەی لەناوچوون. هۆزەکانی کورد لە سەردەمی حکوومەتی ماد و هەخامەنشییەکاندا، سەربەخۆیی ناوخۆی خۆیانیان پاراست و نیوە سەربەخۆ بوون.

کوردەکان ئەو دۆخەی خۆیان لە سەردەمی حکوومەتی ئەسکەندەر و جێنشینانی و ئەشکانی و ساسانی و سامانی و تورک و عەرەبیشدا بۆ ماوەیەکی زۆر پاراست. (کاردۆخۆیەکان) دەبێ لە پاشماوەکانی گەلی (گووتی) بن. ئەو ناوە گۆڕاوی (گووتی) و کورتی یەکەی سەردەمی (تووکوولتی- نیراری) و یا بەگوتەی (درایڤەر)ی ڕۆژهەڵاتناس، وشەی (کورتی) و کاردای سەردەمی (ئاراد نانار)ی شای (لاگاش) و ناوی لەو بابەتە، هەموویان یەکێکن و ئاماژە بەگەلی کورد دەکەن. بەو پێیە (کاردووخۆی)، نەوەی (گووتییەکان)ی داگیرکەری (سوومێر) و (ئەکەد) و لە پێکهاتەی (زاگرۆسن). لەناو دەستەکانی گەورەی گەلی کورددا، گەلانی گەورە و بچووکی تریش هەن، کە (جارجارە) لە مێژوودا باسیان کراوە. بۆ وێنە هۆزی (مووسری Musri) کە (سێر ئێمێستید) لە لاپەڕەی ٣٣٢ی (مێژووی ئاشوور)دا

دەڵێ: (ئەوانە باپیرانی هۆزەکانی (میسووری) یا (مزوورین)، کە لە سەردەمی (سێناخێریب Sennacherib)ی ئاشووریشدا (٧٠٥ – ٦٨٢ی پ.ز)، وەک ئەوڕۆ لە نێوان (دوولکی خازر)دا ژیاون. گوندەکانی نیشتمانی ئەو هۆزانە ئێستا ناوچەی دهۆک پێکدێنن.

(سیرتیی) زمانی (ئاشووری)ش لەوانەیە ناوی هۆزی (سپرد) بێ کە ڕۆژهەڵاتناس (سێر مایک سایکس) لە باکوری زاخۆ دیتوونی. لە مێژووەکانی (ئەرمەنی)دا باسی زۆر ناوی حکوومەت و هۆزەکانی (کورد) کراوە، کە وێکچوونێکی زۆریان لەگەڵ هەندێک عەشیرەتی پاش ئیسلامی (کوردان)دا هەیە کە ناکرێ هەر بەهەڵکەوت بن، وەک (مامیکانلی، بوغرانلی، ڕوشکوتانلی و مەندیکانلی) دیارە پاشگری (لی) بۆ ئەو ناوە کوردییانە لە زمانی تورکی ڕا هاتووەو نیشانەی دەستەڵاتی تورکانە لە ناوچەکەدا، ئەگەر ئەو پاشگرەش لابەین، بێگومان وێکچوونەکان زۆر زیاتریش خۆ دەنوێنن.

## ئاراراتی یان

ناوی (ئارارات) بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٢٦٠ی (پ.ز) (سەلمان نەسری یەکەم)ی پادشای (ئاسوور) بردوویەتی. قامووسی کتێبی پیرۆز کە (مستر هاکس)ی ئەمەریکایی نووسیویەتی و کردوویەتەوە فارسی، لەسەر ئارارات دەنووسێ: ئارارات برگەیەکە لە ناوەندی ئەرمەنستان لە نێوان چۆمی ئاراز و گۆلی وان و ورمێ هەڵکەوتووە. جار وایە ئەو وشەیە بە هەموو وڵاتەکە کوتراوە و بەپێی گێڕانەوەکان گەمیەی نووح لەو کێوە نیشتووە. ئەو کێوە بەرزە کە هەرمەنییەکان (میسیس)، تورکان (ئاگری داغ) و ئێرانییان (کوە نوح) و ئەوروپاییان زۆرینەیان (ئارارات) و عەرەبانیش (جوودی)ی پێ دەڵێن ١٧,٠٠٠. هەنگاو لەسەر ئاستی دەریا بەرزە و گڕکانێکە دوایین تەقینەوەی ساڵی ١٨٤٠ی زاینی بووە. ئەو ڕوانگەیە هەندێک هەڵەی تێدان کە دەبێ ئاوا ڕاست کرێنەوە: (ئێرانییەکان) ئێستا (ئارارات) و (تورکەکان) (ئاغری داغ) و (کوردەکان) (کێوی ئاگری)ی پێ دەڵێن، (جوودی)ش کێوێکی ترە لە باکوری مووسڵ و زۆر لە کێوی ئارارات دوورە.

مامۆستا گیوی موکریانی لە پێشەکیی فەرهەنگی کوردستاندا دەڵێ:

(ئوورارتوویان لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکی پ.ز.دا هێزێکی ڕامیاریی بەتوانای باکوری میسۆپۆتامیا بوون و خوداوەندی مەزنیان (خالدی) لە موساسیر (میچیسیری ئەمڕۆ) لە نیزیک ڕەواندز بوو. دەستەلاتداریتیشیان گەیشتبووە لای کێوەکانی کاف و...).

(د. مۆرکان)ی مێژوونووس، ئاماژە دەکا بەبوونی دەوڵەتی کۆنی (ئارارات) لە دوو هەزارساڵ پێش زاین و دەڵێ: (هۆزی ماد (دەبێ کاسیتەکان بن – نووسەر) کە دوو هەزار ساڵ بەر لە زاین لە قەفقازەوە دەهاتن دەوڵەتی بەهێزی ئارارات لەسەر ڕێگایان بوو. بە ڕۆژهەلاتدا تێپەڕین).

بوونی ئەو دەوڵەتە لە ساڵی ٩٠٠ی (پ.ز) واتە پاش سەردەمی فەرمانڕەوایی ئاشوور ڕوونتر بووەتەوە. نیزیکەی ٨٠٠ تا ٨١٥ی (پ.ز) پادشای (ئارارات) بەناوی (مەنواش) هاتە باشوور و هەرێمی (پارسوئا) و (ماننا)ی داگیر کرد و بەربەستێکی گەورەی لەپێش (ئاسوورییەکان) سازکرد بوو. لە نێوان ٨٨٢ تا ٧٧٣ی (پ.ز)، (ساردووری) ی پادشای (ئارارات)، سەلمان (نەسر)ی دووەمی پادشای (ئاسوور)ی تێکشکاندووە.

(هێرۆدۆت) دەڵێ: لە دەوروبەری کێوی (ئارارات) گەلی (ئالاروود) هەبوون و (هالێدی)یان دەپەرەست. ٦٠٠ ساڵ (پ.ز) ئەرمەنییەکان هاتن خاکی (ئالاڕوودیان) داگیر و دینی (ئالاروودیان) قبووڵ کرد و خۆیان لە حاست (هالیدی) بوونە (هایق) و ناوچەی داگیرکراویشیان ناو نا (هایستان).

(ئاغای عەلی ئەسغەری شەمیمی هەمەدانی) لە کتێبی (کورد)دا دەنووسێ: (بڕانەوەی دەوڵەتی ئاریایی خالدی یا کاردۆ بەدەستی هەرمەنی یەکان ئەو ئاسەوارەیان لەناونەبردن کە ئەوان لە سێ سەدەدا لە ولاتی خۆیاندا بەجێیان هێشتبوون. بەڵکو پاش کۆچی هۆزەکانی خالدی بۆ کوێستان ناوی وان لەسەر ناوچەی باکوری گۆلی وان واتە ویلایەتی تەرابزوونی ئێستا ماونەوە. ئەو ناوچەیە لە سەردەمی ڕۆمی ڕۆژهەلات (بیزانس) بەخیلات یا ئالخات ناودەبرا. ئەورۆ شارێکی کۆن بەناوی ئاخلات لە بەستێنی باکوری ڕۆژئاوای گۆلی ناوبراوە.

کتێبی (ئێران نامە) یا کارنامەی ئێرانییان لە سەردەمی (ئەشکانییان) لەبارەی (ئاراراتییان) دەنووسێ: (پێش ئەوەی ئاریایی یەکان ببنە خاوەنی ئەو ولاتە چەند

هۆزێکی تورک لەوێ نیشتەجێ بوون لەوانە تیرەی نایری لە کوێستانی ڕۆژ ئاوایی وان و هەردووک لای چۆمی دیجلەو (minui) مینووئی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی گۆلی ورمێ نیزیکی کێوی زاگرۆس و (ئورەردوو urerdu) لە باکور و ڕۆژهەڵاتی خاکی نایری؛ لەو سێ تیرانە، تیرەی ئورەردوو بەهێزتر بوو، لەگەڵ دەوڵەتی ئاسوور هەمیشە تێکهەڵچوونیان هەبوو. ناوەندەکەی شاری (وان) ی ئێستا بوو لە بەردە نووسی بەجێماو لە پادشاکانیان ناوی شەش کەسیان دیارەو لەوانەیە ئەوانە لە بنەماڵەیەک بن و بەدوای یەکدا پادشایەتییان کردبێ. لەنێوانیاندا (ارکیستێس) پادشایەکە کە لەگەڵ سارکۆن – ٧٢٠ – ٧٠٠ی (پ.ز) – پادشای ئاسوور بەشەڕ هات. (بلات دری یا سردورووسی سێیەم) لەگەڵ ئاسوور بانی پال لە ساڵی ٦٤٤ی (پ.ز) کێشەیان بوو. سنووری وڵاتی ئۆرەردوو بەمەزندە هەموو ئەو وڵاتەیە کە ئێستا پێیدەڵێن ئەرمەنستان و ئاسەوارێک لەو بنەماڵەی لە مەلاتییە، پالوو و میاندواو هەیە. شایانی وێندەرێ خۆیان بە شای نایری ناوبردووە. وتارێک لە کۆوارێکی فارسیدا نووسرابوو کە ئاوایە: لە سەدەی نۆزدە کاتێک ڕۆژهەڵاتناسان لە کێوەکانی ئێران و ئەرمەنستان و ئاسوور دێرە نووسراوەکانیان خوێندەوە زانییان کە لە سێ هەزار ساڵ (پ.ز) لە بەشێک لە هەرمەنستان خەڵکێکی زۆر ژیاون کە بە سووباری ناسرابوون لەنێو ئەو خەڵکەدا هۆزەکانی خات، هات، خالد، هیتد، ئالووروود، هاباس ناوبراون).

لەو سەردەمەدا لە ئاسیای بچووک خەڵک و فەرمانڕەوایانێک بەناوی (ئوورارتوو، بی ئەنا، عوسایر، ملید، میل دیس، نائیری و مانا) دەژیان کە لە هێڵی ئاشووری، بەوانیان دەگوت وڵاتانی نایری. لە سەدەی دواتر هەموو ئەو فەرمانڕەوایانە یەکیانگرت و پادشایەتیی ئوورارتوویان پێکهێنا، پێتەختیان (تووسپا) بوو کە ئێستا بە(وان) ناسراوە.

(تیگلات پۆلیسێر) پادشای (ئاشووریش) دەنووسێ گەلی نائیری لە ناوچەکانی سەرچاوەی دیجلە و فەڕات – واتە نیشتمانی ئارییایی یەکان – دەژیان و لە باکوری (نیفاس) تا (دیاربەکر)، (خەرپووت)، (دەرسیم) و کێوەکانی (بەتلیس – توورووس)یان گرتبوو.

(ایران نامە) دەنووسێ کە: پادشایانی (ئارارات) خۆیان بەشای (نایری)

ناودەبرد. لەناویشیان ڕا دیارە ئارییایی بوون.

ناوی دوایین پادشای (ئارارات) (ئاری مینا) بووە مەتاڵە مەفرەقییەکانی ئەو پادشایە کە بەنوێژگەی بەخشیون ئەوڕۆ وەدەست کەوتوون و بڕوا وایە کە لە سەرەتاکانی سەدەی شەشی (پ.ز) بووبێ. نووسەری (ایران نامە) لە نووسراوەکەیدا تووشی هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی بووەو هۆزی نایری کە بەشێکن لە باپیرانی کورد و ئارییایین، بە تورک ناودەبا.

(تیگلات پۆلیسێر)ی (ئاسوور) لە کوێستانی (ئازۆ حازۆ) باسی هۆزی (کورتیە) دەکا. کەوابوو (کورتیە) یەکێک لە هۆزەکانی (ئوورارتۆ) بووە. (سترابۆن) دانی بەوەداهێناوەو باسی بوونی (کورتی، مەرد، ئەمەردی) لە (ئەرمەنستان)ی خاکی (ئاراراتییەکان)دا کردووە. مێژووەکانی (ئەرمەنی) لە ناوچەی بەردەستەڵاتی خۆیان باسی هۆزێکی گەورە بەناوی (مار) دەکەن. ئەو هۆزە لە دەوری (گۆلی وان) بوونە. ئەوڕۆش دورگەیەکی بچووک لە نیزیک شاری (وان) هەیە کە (ئەختامار)ی پێدەڵێن. (ئەرمەنییەکان) بە (ماد) دەڵێن (مار) و پاشماوەکانی دوایین پادشای (ماد)یش بە زمانی (ئەرمەنی) بە (ئیشتا بازوونگ) واتە بەچکە هەژدیها ناودەبەن.

(سەناخریب)ی کوڕی (سارگۆنی دووەم) لە یەکێک لە هەرێمەکانی باکور ڕا بۆ باوکی دەنووسێ: (خەڵکێکی زۆر لەلای باکورەوە گوشار دەخەنە سەر وڵاتی وان). (ئەرکیشتی دووەم پادشای وان) بەزەحمەت خۆ ڕادەگرێ. بەو خەڵکە دەکوترێ (کامبێر) مێژوونووسانی یوونانی ئەوانەیان بە کیمێری ناوبردوون.

شاری وان پێتەختی (ئارارات) بوو کە دانیشتووانی (مار)ەکان بوون ئەو (مارانە)ی ئەرمەنی هەر ئەو مەرد و ئەمەردانەی (سترابۆن)ن کە پاشان ناوی گشتیی (کورد)یان بەخۆوەگرت. دەبێ بڵێین ئەو هۆزانە نەتەوەی (ئارارات) بوون و پاش بنەبڕبوونی دەوڵەتەکەیان بەدەستی (هەرمەنییان)یش هەر لەوێ مانەوە. ئەوان خاوەنی فەرهەنگێکی بەرچاو بوون کە بیروباوەڕی ئوولیی خۆیانیان بەسەر ئەرمەنییەکاندا سەپاند.

لە سەدەکانی سەرەتایی بڵاوبوونەوەی دینی مەسیح لە ساڵی ٢٧٥ی زایینی، (تەرتات)ی پادشای هەرمەنی کە هاتبووە سەر دینی مەسیح لە لای مووش سێ هەزار لە پێشەوایانی ئایینی (هالیدی)ی کوشتن و خەڵکەکەی کردە مەسیحی. لەو

ناوەدا بەشێک لە کوردەکان بوونە مەسیحی. پاشان کە دینی ئیسلام هات کوردە (هالدییەکان) بەدوای هاوڕەگەزەکانی تری خۆیان بوونە موسڵمان. گەلانی ژێردەستە لەژێر کارتێکردنی هەستی ئازادیخوازی کە هەستی سروشتیی هەر مرۆڤێکە لەگەڵ کارەکانی گەلی دەستەڵاتدار لە بەربەرەکانیدانە. هەر ڕەوتێکی دژی ویستی گەلی دەستەڵاتدار لە بەرچاویان بەباش و جێگای پەسند دێتە بەرچاو. ئەو ڕەوتە دوای ئیسلامیش بەشێوەیەکی تر خۆی نواندووە. لە کوردستانی داگیرکراودا لە دژی دەستەڵاتدارانی داگیرکەری سەفەوی و عوسمانی لە وڵاتی سەفەوییاندا بەمانەوە لە ڕێڕەوی ئاینیی سوننی و لە وڵاتی عوسمانیشدا بەشێوەی شیعە و عەلەوی لە بەرانبەر داگیرکەردا بەربەرەکانییان کردووە. ئەوکاتەی (نایرییەکان) لە (ئارارات) سەردەمێکیش (مووشکییەکان) پادشایەتییان دەکرد و تەواوی کوردستانی باکوریان دەبەر دەستدا بووە، شاری (مووش) یادگاری ئەو هۆزەیە. تەورات (کتاب پیدایش) (١٠ : ٢٣) ئەو هۆزەی بە (ماش) نووسیوەو دەڵێ کە ئەوان لە باکوری (ئەلجەزیرە) (وڵاتی جزیرێ لە سووریا، دەگەڵ ئەلجەزایر لێمان تێک نەچێ) نیشتەجێ بوون و ڕەچەڵەکیان دەگەیشتەوە سەر یافت کوڕی نووح و پێیانوایە نەسلی وی لە نیزیک سەرچاوەکانی (دیجلە) دەژین. وا وێدەچێ (مووشکییەکان) تا باکوری (جزیرێ)یان خستبێتە ژێر ڕکێفی خۆیان. لە سەدەی هەشتەمی (پ.ز)، (میتاسی)ی پادشای (لیدی) لە مێژوودا بە (میتای مووشکی) ناوبراوەو لە ٧٧٠ی (پ.ز) لەگەڵ (رووسا)ی پادشای (ئارارات) یەکیان گرتووە و لەگەڵ (سارگۆنی دووەم) بەشەڕهاتوون.

(گەزەنفۆن) دەنووسێ: (ئەو شەڕەی ئاستیاکۆس ی پادشای ماد دەیویست لەگەڵ بابلییەکانی بکات پادشای ئەرمەنستان سەرەڕای ئەوەی باجدەری ئاستیاکۆس بوو لە دانی لەشکر خۆی بوارد. کووروۆش بۆ سزادانی شای ئەرمەنستان بە لەشکری مادەوە بۆ لای ئەرمەنستان وەڕێ کەوت. لە ئاکامدا کووروۆش قایل بوو بەوەی پادشای ئەرمەنستان نیوەی سوپای خۆی بۆ ئەو شەڕەی ڕاگرێ کە لەگەڵ کلدانییەکان هەیبوو، نیوەشی بنێرێتە یارمەتیی کیاکسار).

مەبەستی گەزەنفۆن لە (کلدانی) یان (خالدییەکان) بوون کە پێش هاتنی (ئەرمەنییەکان) خەڵکی نیشتەجێی (ئەرمەنستان) بوون. لە سەرەوە باسمان کرد

کلدانی یەکان لە ڕەگەزی جۆراوجۆر پێکهاتبوون کە یەکێک لەوانە (گووتی و کووسییە ئاریایی ڕەگەزەکان) بوون کە (گەزەنفۆن)، (ئاراراتییەکان)یش لەوان دەزانێ. (گەزەنفۆن) لە سنووری (ئەرمەنستان) باسی پادشای (هیند) دەکا کە دیارنییە کام گەل بوون. بۆ وێنە لە شوێنێک دەڵێ کووروش لە پادشای ئەرمەنستان ئامۆژگاریی وەرگرت کە قاسیدێک بنێرێتە لای شای هیند و داوای پووڵی لێ بکات. لە شوێنێکی تر دەنووسێ: قاسیدی پادشای هیند هاتە لای کیاکسار گوتی بیستوومانە دەتانەوێ لەگەڵ پادشای ئاسوور بەشەڕ بێن ئەمن دەچمە لای پادشای ئاسوور، کامەتان دەستدرێژکەر بن لای ئەویدی دەگرم. ئێستا هۆزێک لەلای مەنگوڕانی ناوچەی موکریان هەیە، بەناوی هەندوو کە کە لەوانەیە پاشماوەی ئەو گەلە بی.

سەرچاوەکانی بەشی پێنجەم
١- تحقیقی تاریخی دربارە کردو کردستان، پرفسور محمدامین زکی، ترجمەو توضیح حبیب الله تابانی، انتشارات آیدین، ١٣٧٧، لاپەڕە ٦٢- ٩٧و٢٩٨- ٣٠٥
٢- تاریخ تطبیقی ایران تاخاتمەء شاهنشاهی داریوش سوم، کیومرث باوند، انتشارات گوتنبرگ، تهران. لاپەڕە ٣٤ - ٨٩
٣- تاریخ ریشەء نژادی کرد احسان نوری١٣٣٣ شمسی چاپخانەء سپهر، لاپەڕە ٥ - ٤٩،
٤- نگاهی بە ایلام، ایرج افشار (سیستانی)، نشر هنر، چ١، بهار ١٣٦، لاپەڕە ٥ - ٦٥
٥- تاریخ دە هزار سالە ایران، عبدالعظیم رضائی، چاپ اقبال، ج اول، چ چهارم، بهار ١٣٧٢، لاپەڕە ٩٦ - ١١٦و١٥٣ - ٣٠٢
٦- تاریخ ماد، م.ا.دیاکونوف، ترجمە کریم کشاورز، تهران، ١٣٥٩، لاپەڕە ٩٦ - ١٤٤
٧- کوردستان نیشتمانی یەکەمی سۆمەرییەکانە، هاوڕێ باخەوان، لاپەڕە ١١- ١٠٨
٨- تاریخ ایران ازآغاز تا انقراض قاجاریە، تألیف حسن پیرنیا - عباس اقبال، چاپ هشتم، پائیز ١٣٧٦، انتشارات خیام،

## بەشی شەشەم

# کوردستان لە مادەکان ڕا تاهەخامەنشیان

# مانناکان

سەرچاوە ئاشوورییەکان تەنیاباسی (مادای) یا یەکەتیی (ماد) دەکەن و ناوی هۆزەکانی ماد ناهێنن. لەو ناوچەیدا کەدوایە دەستەڵاتی مادەکانی تێدا دامەزرا، ژمارەیەک دەوڵەت پێکهاتن. لە سەرەتادا دەوڵەتە بچووکەکانی ناوچەی (زامووئا -Za mua ) کە نیشتمانی (لوولووبییان) و (کووتییان) بوو، دەوری ڕێبەرایەتییان لەنێو ئەو دەوڵەتانەدا دەگێڕا. دەوڵەتی (ماننا) لەو ناوەدا دەوری یەکەمی هەبوو. ناوەندی ئەو دەوڵەتە دەشتی باشووری (گۆلی ورمێ) بوو، لە ئازەربایجانی ئێستادا. ئەو دەوڵەتە لە سەدەی هەشتەمی (پ.ز)، بەچەندین جار لەگەڵ (ئاشوور) و (ئوورارتوو) تووشی شەڕ بوو، بەڵام لە ڕاستیدا تەسلیمی هیچکامیان نەبوو و نەشکا. سەرەڕای ئەوەش کەمتر لە دەوڵەوتە گەورەکانی تری ئەو سەردەمی وەک (ئوورارتوو) و عیلام، نێوبانگی دەرکرد. ئەو ناو ونییە زۆرتر لەبەر ئەوە بوو کە هێشتا بەردەنووس یا بەڵگەنامەیەکی شاکانی (ماننا) نەدۆزراوەتەوە و لە هیچ کام لە شارەکانی ماننا کۆڵینەوە نەکراوە. بۆ وێنە: پیرانشار کە یەکێکە لە شارەکانی پڕ لە ئاسەوار و لەو بارەوە دەوڵەمەندی ناوچەکە، تەنانەت کۆڵینەوەیەکیشی تێدا نەکراوە. قەڵاتی شا،




چەند مادی یا مانایی لە نەخشەی ئاشووریدا لە کۆتایی سەدەی ٨ی پ. ز.

پادشای مانایی بە جلوبەرگی ئاشووری

تیرهاوێژی مانایی لەسەر دەفری مەفرەق

مۆسیقاژەنی مانایی سەدەی ٨ی پ. ز.

قەڵاتی پەسوێ و ئاسەواری دەوروبەری، ئاورگەی سەری کووڕێ و... شاهیدی ئەو سەردەمەن. ئێستاش ئەگەر کەسێک بەجادەی پیرانشار- مەهاباد بەلای مەیداندا بڕوا، لە جینگجینگەی پەسوێ، تووشی دەیان تەندوور دەبێ کە نووکی بوولدووزێرەکانی ڕێگا لێدان لە ساڵەکانی ١٩٦٨-١٩٦٩ بڕیویانن. لێرەدا بەپێویست دەزانم بۆ نیشاندانی گرینگیی پیرانشار لەو بوارەدا، هەندێک لە گوندەکانی مێژوویی ئەو شارە بۆ نموونە بێنمەوە، کە لە کۆواری مەهاباد وەرم گرتوون. ئەو بابەتە محەمەد ڕەسووڵ مێهریار، لەژێر سەردێڕی پیرانشار لە نێو تەمی مێژوودا بۆ ئەو کۆوارەی ئامادە کردووە. شوێنە مێژووییەکانی پیرانشار کە بۆ خۆشم کە خەڵکی ناوچەکەم هەموویانم دیون، ئەوانەن: قووڵی ئاسنگەران، قەڵاتەڕەشێ، قەڵاتی پەسوێ، قەڵاتی جەڵدیان (٥٠٠٠ ساڵ بەر لە زاین)، قەڵاتی مووتاوێ (٢٥٠٠ ساڵ بەر لە زاین)، قەڵاتی شا (٩٠٠ ساڵ بەر لە زاین)، جەڕان، شیناوێ، زێوە، کۆنەلاجان، دێڵزێ، جەڵدیان، قوبە، زێوکە، ماشکان، سێڵوێ، گردی کاولان، گردی مەرقەدی لاوێن، توان، ئەندێزێ، خورینج، کوندرێ، گردگسپیان، شنۆزەنگ، گرد ئاشەوان، لکبن، حوجران، شارستێن، شەختان، باستانبەگ، سەڵۆس، گولەک، کەوپەڕ، سێوی گەدە، ترکەشی بەرەوە، هەنگەوێ، قەڵاتی مەنگوڕان، ئاورگەی (سەری کوورە)ی لە ناوچەی مەنگوڕایەتی، کە بەرانبەر بەگوندەکانی (سەڵۆس) و (وەرمیشان)ەو...

بەرزایی دوندی کێوی ئاورگەی سەری کورە دەگاتە ٣٦٠٠ مەتر لە ڕێکی دەریاوە و سەرنجی هەر ڕێبوار و بینەرێک بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئێستاش لە بەرزایی ئەم جێگایە بەردی سووتا و هەر ماون. بە گوێرەی وتەی تێکەڵاو بە ئەفسانە لەلایەن خەڵکەوە، هاوکات دەگەڵ لەدایکبوونی حەزرەتی محەمەد (دخ) و شکانی تاقی کەسرا، ئاوری ئەم ئاورگەیەش کوژاوەتەوە. سەری کوورێ پەرستگا و شوێنی رازونیازی گەورەکانی زەرتوشتی بووە کە لە کات و ساتی تایبەتی لە ساڵدا بۆ بەجێهێنانی ڕێوشوێنی ئاینی و قوربانیکردن لێی کۆ دەبوونەوە. یەکێک لە کەسایەتییە مەزنەکانی سەردەمی ساسانی بەناوی (کریتر) لە سەر تاشە بەردێک باسی تەواوی ئاورگەکانی ناوچە دەکات و دەڵێت: من لە سەرانسەری خاکی (ساسانی)دا ئاوری ئاورگەکانی (ئاتۆرپاتکان)، (میشان) و..م گەشاوە ڕاگرت. ئایا

ئەم ئاورگەیەی کە کریتر بە ناوی (میشان) باسی دەکات هەمان سەری کوورەی خۆمان نییە کە لە نیزیک گوندی (وەرمیشان) هەڵکەوتووە؟ لە ناوی ئەو گوندەدا (وەر) دەتوانێ گۆڕاوی (بەر) بێ کە بەواتای خوارەوەیە و لە کوردیدا زۆرجاران (ب) دەبێتە (و) و بەپێچەوانەش، (میشان)یش کە ناوی ئاورگەکەیە و (وەرمیشان) واتە بەر یا خوارەوەی میشان. ئەوە هەر نموونەیەک بوو لە هەزاران نموونەی لەو بابەتە.

لەبەر ئەو هەموو بێموبالاتییەی دەستەڵاتدارانی لە کورد بێگانە و تەنانەت دژەکوردی وڵاتی کوردەواری، ناچارین زانیارییەکانمان لەسەر ئەو دەوڵەتە لە سەرچاوەکانی ئاشووری یا ئوورارتۆ وەرگرین، کە ئەوانیش زۆرتر باسی شکەستەکانی دەکەن و زۆریشی پێوە دەنێن. ئەو دەوڵەتە لە مێژووی هەزارەی یەکەمی بەر لە زایندا دەورێکی گرینگی هەبووە. وڵاتی (ماننا) پاشان لەبواری فەرهەنگ و شارستانییەت و ئابوورییەوە، ناوکی سەرەکیی پادشایەتیی (مادی) لە سەدەی هەشتەمی (پ.ز) پێکهێنا. (ماننا) کە لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی (پ.ز)، یەکێک بوو لە چووکترین ڕێکخراوی دەوڵەتیی کووتی و لووللووبی، لەگەڵ یەکەتیی ئەو هۆزانەدا نەبوو، کە لە سەدەی نۆیەمی بەرلەزاین لە وڵاتی (ماد) لە بەشەکانی باشوورترو باشووری ڕۆئاوادا پێکهاتبوو.

خاکی ماننا لە ڕۆئاوا بە زیانی (ئاشوور) و (ئوورارتۆ) چووبووە پێش. لە شوێنێک لە بەشی سەرووی زێی گەورە لەگەڵ خووبووشکیە و ئوورارتۆ دا هاوسنوور بوو. پاشان سنوورەکەی بۆ لای باشوور و بەدرێژایی کێوی زاگرۆس (لە ڕۆئاوای ورمێ – ناوچەی سێ سنوور – سنووری ئێستای ئێران و تورکیا و عێراق) و شنۆ و مەهاباد – (سابڵاغ) ڕاکشابوو. لە هەموو کێوی (گیزیل بووندا) (قافلانکووهی ئێستا) لەگەڵ ماد و لە بەشی ڕۆئاواش لەگەڵ هەرێمەکانی ئاشوور لە خاکی ماد و لە ڕۆهەڵاتیش لەگەڵ دەوڵەتی سەربەخۆی ماد هاوسنوور بوو. لە دەیەی دووەمی سەدەی هەشتەمی (پ.ز). نیزیک بەهەمووی ئازەربایجانی ئێستای ئێران لە بەردەستی (ئیرانزوو)ی پادشای مانناد ابوو. بەڵام هەندێک میرایەتیی نیوە سەربەخۆ برێتی لە (ئووئیش دیش) (لە ناوچەی مەراغەی ئێستا)و (زیکرتوو) (لە ناوچەی میانە – ئەردەوێلی ئێستا) و (ئاندیا) (لە بەشی خوارووی دۆڵی قزڵ ئوزوون)و سەرزەمینی دیۆک (بەشی سەرووی ئەو دۆڵە)، لەسەر سنوورەکەی بوون

کـە بۆی بەمــەترسی دەژمــێـردران. ئەوانە ســەر بە مــاننا بوون. لە ســەر سنووری ئاشووریش هـەندێک میرایەتی هەبوون. (ئالابریا Alabria) و (کارالالا Karalla) کە لە بەشـی ســەرووی زێی بچـووک و لـکەکـانی ســەرووی وی هـەڵکەوتبــوون، تـاڕادەیەک لەبەردەستی ئاشـووردا بوون. لە شوێنەکانی باشـوورتر و ڕۆهـەڵاتتر، هـەرێمی دە زۆر بچـووک و سـەربەخـۆ هەبوون کەیا پێوەندییـەکیـان بەماننا یا ئاشــوورەوە هـەبوو یا بەتەواوی ســەربەخـۆ بوون و زۆرترینیـان لە هـۆزەکـانی نێـو یـەکـەتیی مـاد دەهـاتنە ئەژمار، بەڵام یەکەتیی ناوبراو لەو سەردەمـەدا بەهیچ شـێوەیەک خـۆی نەدەنواند. لە نێوان ئەوانەدا تەنیا میـرایەتیی (ئێللی پی) (لەنیزیک کرماشـانی ئێسـتا)، بەهـۆی نیـزیک بوونـی لە سنوورەکـانی دەوڵەتێکی وەک عیـلام دەکـرا تاڕادەیەک خـۆی لە دەسـتـدرێژیی ئاشـوور بەدوور ڕاگـرێ و بـۆیەش تاڕادەیەک بەهـێـزو گـرینگ دەهـاتە ئەژمار.

(ئاشـووری)یەکـان لە ســەردەمی (شـامــانەســەری دووەم)دا (۸۳۵ی پ.ز) لـەگـەڵ هـۆزەکــانی مــاد دەگـژیـەک ڕاچوون و هـەندێک دیارییــان لـێ وەرگـرتن و هـەندێک باجیشیان خستنە سەر و بۆ ماوەیەکیش فەرمانڕەوایەکیان لەسەر دانان. هـەرچەند هیـچ کـاتێک دەســتــەڵاتی ئاشـوور بەتەواوی بەســەر مــادەکـاندا زاڵ نەبوو، بەڵام مادەکانیش کێشەیەکیان بۆ ساز نەدەکرد.

(ئادادنیـراریی سـێـیـەم) (۸۱۲ – ۷۸۳ی پ.ز)، چەند جـاران لەگـەڵ مـادەکـان بـەشـــەڕهـاتووە، بـەڵام (تیگلات پلایزێری چوارەم) (۷٤٥ – ۷۲۷ی پ.ز) لـەســــەر یاریدەی مـاد بەحکوومـەتی ئوورارتوو، هێـرشی کـردوونە سـەر و بەقـسـەی خـۆی تا داوێنی کێوی دەماوەند چۆتە پێش.

لە سـەردەمی سـارگۆنی دووەم (ئوولووسـوونوو)ی پادشـای ماننائی گوێلـەمستی (ئاســوور) بوو. پاش مـردنی وی، لە سـاڵی (۷۱٥ی پ.ز) خـەڵکەکـەی لە فـەرمـانی (ئاسوور) دەرچوون و لەژێر فـەرمانی (دیاکۆ)دا دەستیان کرد بە بەربەرەکانی، بەڵام لەنێوان هـۆزەکانی (زاگرۆس)دا یـەکگرتووییـەکی پتـەو نەبوو، بۆیـەش ئەو نەیتوانی پێشی هێرشی ئاسوور بگرێ و بەتەنێ شـەڕی کردو بەدیل گیراو دوورخرایەوە بۆ (حەمـەس)ی (شام). (بابلی)یەکان تەواوی خێڵەکانی باکوریان تا (دەریای ڕەش) بە (ئومـان مـاندا) ناودەبرد. (مسـتـر هـۆڵ) دەڵێ زاراوەی (ماندا) ناسناوی هاوبەشی

(مـاد) و (سـیت) بووە. ئەوەش بـەڵگەیەکـە بۆ هـاوڕەگـەز بـوونی ئەو هۆزانە. لە نێـوان دەوڵەتەکانی (ئارارات)، (ماننا) و (ماد)دا جیاوازیی زمانی و ڕەگەزی نەبووە.

مێـژوو نووسـانی یـۆنان دەڵێن (کـەی ئـەفسـار) پاش یـەکگرتنی (مـاد- بابل) ناوی شـای (ئوممان مـاندای) وەرگرت. (نەبونید)ی پادشـای (بابل) لە بەردەنووسێکدا کـە لە بابـەت داگیـرکـرانی (نەینەوا) نووسـراوە، پادشـای (مـاد)ی بە پادشـای (ئوممان ماندا)کان ناو بردووە.

(دیاکـۆ) هەڵاتەوە ناو گـەلەکـەی و لەلایەن خـێڵــەکـانی (سـووریا) واتە هـەر ئەو (میتانی)یانەی (تیگلات پۆلیسێری سێیەم) ئاماژەی بە بوونیان لەو ناوچانە کردووە، بەشایەتی هەڵبژێردرا.

خەڵکی (ماننا) ئەسپ و پەز و کەر و ئێستر و ئاژەڵی گەورەی شاخدار و وشتری دوودووگەیان بەخێو دەکرد. کشـتوکاڵیش دواتر لەو ناوچەیە گرینگییـەکی تایبـەتی هـەبوو. لە لەشکرکێشی (سـارگۆنی دووەم) دا لە (٧١٢ی پ.ز) بۆ سـەر (ئوورارتۆ)، وڵاتی (ماننا) ئارد و شەرابی سوپای (ئاشوور)ی دابین کرد.

توانای یەکـجـار زۆری (مـاننا) لە سـەردەمی (ئیـرانزوو) و بوونی بەدەوڵەتێکی پلە یەکـەم، مـیـرایەتیـیـەکـانی نیـوە سـەربەخـۆی دەوروبەری نیگـەران کـردبوون. ئەوان دەیانەویسـت سـەربەخـۆ بن و بەکـەیفی خـۆیان بکەن. بۆیە یەکیـان نەدەگـرت و هـەر دەمـەی بەلایەکدا دەکەوتن و پاڵیـان وەیەکێک دەدا. ماننا لە دەوڵەتە بەهێـزەکانی تر لاوازتر بوو و دەبوو خۆ لە یەکێکیان نیزیکتر کاتەوە تابتوانێ خـۆی بپارێزێ. لەو نێوەدا زۆرتـر بەلای ئاشووردا دەشکایەوە، ئاشووریش وەک هـاوپەیمانێک، - بەڵام لە خـۆی چووکتـر - تـەماشـای دەکـرد و مـەگـەر پێـویست بـەیارمـەتی با دەنا دەسـتی دەکاروباری وەرنەدەدا. یەکەمجـار کە ئاشـوور دەسـتی دەکاری ماننا وەردا، لەسـەر داوای (ئیـرانزوو) بوو. لە سـاڵی ٧١٩ی (پ.ز)، دوو قـەڵای مـانـنایی بەناوی (شـووئان داخوول Shuandakhul) و (دووردووککا Durdukka) لە فـەرمانی ئیـرانزوو دەرچوون. پیـادە و سـوارەیمێـتـاتتی (Metatti و زیکرتوویی)ش یاریدەیان دەدان. بێجگە لەوەش سێ قــەڵای (سـووکـا) و (بالا) و (ئـابی تیکنا Abitikna) لەگـەڵ (رووسـای ئوول)ی پادشـای ئوورارتوو پەیمانیان بەست. سارگۆنی دووەم چەند دەستە سەربازی ناردن، ئەو قــەڵایـانەیان گـرتن. وەک دابـی ئەوکـاتی، تـالانەکـان بوونە ئـی ئاشــوورو قــەڵاو

زەمینەکانیش درانەوە (ئیرانزوو).

(ئیرانزوو) لەو سەروبەندەدا مرد و (ئازا)ی کوڕی بوو بە شا. (مێتاتتی)ی فەرمانڕەوای (زیکرتوو) و (تێلووسینا Telusina)ی (فەرمانڕەوایئاندیا Andya) و (بەگداتوو Bagdatu)ی فەرمانڕەوای (ئووئیشدیش Uishdish) کە وەک دیاکۆ لەلایەن ماننناوە دانرابوون، بەتاوانی ئەوەی گۆیا (ئازا) لەگەڵ سارگۆن پێکهاتووە، لە دژی وەخۆکەوتن و گرتیان و کوشتیان و تەرمەکەیان لە کێوی (ئوئادێش) (سەهەندی ئێستا) فڕێدا. سارگۆن بێ سێ و دوو دەست بەکار بوو. ئەو (بەگداتوو)ی گرت و بەزیندوویی کەوڵی کرد و پێشانی خەڵکی ماننای داو کوڕەکەی تری (ئیرانزوو) واتە (ئوولووسوونوو)ی لەسەر تەخت دانا. بەڵام ئەو کە لە گەمارۆی دەستەی دژی ئاشووردا بوو، بەبێ ڕاوەستان لە ئاشوور دوورکەوتەوە و لەگەڵ ئوورارتوو پێکهات. ئەو ٢٢ قەڵای لە سەر سنووری ئاشوور دانە دەستی (رووسا)ی شای ئوورارتوو و فەرمانڕەوایانی دۆڵەکانی بەشی سەرووی زێی بچووکیشی بریتی لە (ئیتتی Itti)ی فەرمانڕەوای ئالابریاو (ئاششوورلە Ashsahurle)ی فەرمانڕەوای کارالای، لە دژی ئاشوور هاندان.

سارگۆن نەگەڕاوە ئاشوور و (ئیزیرتوو)ی پێتەختی مانناو دووقەڵای گرینگی ناوەندییماننا (زیبیە Zibie و ئارمائیت Armait )ی گرتن. (ئوولووسوونوو) خۆی خستەوە بەرسێبەری بەزەیی شای ئاشوورو لەبەرئەوەی گۆیا بەڕاستی لایەنگری ئەوان بوو، بەخشراو لەسەر تەختی شایەتی دانراوە. بەڵام (ئیتتی)یان بە بنەماڵەکەیەوە دوور خستەوە بۆ نێو خاکی ئاشوور و (ئاششوورلە)یان بەزیندوویی کەوڵ کرد و وڵاتەکەشی بوو بە بەشێک لە هەرێمی زامووئا (لوللوومە)ی ئاشوور. ئاشوورییەکان دوو ناوچەی سنووریی (نیک شامما Nikshamma) و (شوورگادیا Shurgadia)یان گرتن و خستیاننە سەر هەرێمی ئاشووریی پارسووئا. پاشان سارگۆن لەشکری کێشا سەر ناوچەکانی دوورتر، بۆ لای باشوور، کە یا دەستەڵاتی ماننایان بەسەردا لاواز بووبوو یا بەتەواوەتی لەژێر دەستەڵاتی دەرچووبوون. سەرەتا قەڵای گرینگی (کیشەسوو)ی لەسەر ڕێی سەرووی قزڵ ئوزوون داگیرکرد وفەرمانڕەواکەی بەناوی (ئاشووری بابلیی) (بێل شارروسور Belsharrusur) (بالتازار) بەدیلگرت. ناوی قەڵاکەشی گۆڕی و کردیە (کارنین ئوورتا Karninurta).

تەختــەنووســراوێکیــشی بە وێنەی خــۆیەوە لێ دامــەزراند. ســەربازگــەیەکــیــشی لێ ســازکــرد کــە ســـەرۆکی ناوچەکــە فــەرمــاندەری بـوو. بەم جــۆرە هەرێمــی تازەی (کیشەسوو)ش پێکهات و ناوچەکانی (بەیت ساگبات Bit sagbat) و (بەیت خیرمامی Bit khirmami) و (بەیت ئوومــارگی Bit umargi) و قــەڵای (خــارخــووبارا Khark-hubara) و (کیلامباتی Kilambati) و (ئارمانگوو Armangu)ش کە ملکەچ بووبوون خرانە سەری. ئاوا پێوەندیی نێوان هەندێک لە قەڵاکانی هەڵکەوتوو لە گیزیک بووندا (ئەلوەند) لەگـەڵ ماننا پچڕاو پێوەندییان لەگەڵ مادی ڕۆهەڵاتیش ئاستـەم بوو. لە ئاکامدا دانیشتوانی قـەڵای خارخار خاوەنی گوندەکەی خۆیانیان کە ناوی (کیبا) بوو، لێ خست و داوایان لە میـری (ئێللی پی) کـرد، بیـانبـاتە بن داڵدەی خـۆی. سارگۆن خارخاریشی گرت و خـەڵکەکەی کۆچ دان و خـەڵکی تری لەجێ دانان، کە وێدەچێ ئەو ئیسرائیلییانە بن کە لە ٧٣٢ – ٧٢١ی (پ.ز) ملکەچی ئاشوور بووبوون. ئەو خارخاری زۆر قایم کرد و کردییە ناوەندی هەرێمە ئاشوورییەکەی. سـەرەڕای ئەوەی دوای سـارگۆنیش ئاشـوورییـەکان چەند هێرشـیان کردنە سـەر مـاد، بەڵام سنووری ئیمپەراتۆرییەتی ئاشوور بەکردەوە لە ئی سـەردەمی سارگۆن تێنەپەڕی و تەنانـەت هەر لەو چوارچێوەشـدا بەئاســتـەم دەیانتـوانی خـاکی مـاد لەژێردەسـتی خۆیاندا ڕاگرن.

ئەوەی لـە دەســتی دیۆکـدا مــایەوە تـەنیــا بـەشـێک بوو لـە دۆڵی قـزڵ ئـوزوون، لە سـەرووی (میـانە) و ئاوا دەرکـەوت کە پادشـای مـاننا کە بۆ خـۆی ملکەچی ئاشـوور بوو، نەیدەتوانی پاڵپشت و داڵدەدەری وی بێ و (رووسـای یەکەم)ی پادشای ئوورارتۆ ئـەوەی بەهـۆی پەیکی خـــۆی بەگـــوێی دیۆک دادا. (رووســـا) لەو کـــاتەدا لـە دژی (ئوللووســوونوو Ullusunu)ی مـاننایی دەسـتی کـردبوو بە شــەڕ. ســاڵنامــەکــانی سـارگـۆن دەڵێن (رووسـا) لە ٧١٦ی (پ.ز) قـەڵای مـاننای گرت و (دیۆک)ی هاندا لە مـاننا جیـا ببێـتـەوە و دیۆک کـوڕەکـەی خـۆی وەک نوێنەر، بـەگرێو ناردەلایرووسـا. بەداخەوە سەرچاوە ئاشوورییەکان شوێنی ئەو قەڵایەیان دیار نەکردووە. وەک پێشتر باسـمـان کرد، سارگۆن ئەو شـوێنانـەی گرتنـەوە و خسـتنیـە سـەر ئاشـوور و پاشـان لەشکری کێشـا سـەر دیۆک و بەخاووخێزانیەوە بەدیلی گرت و دووری خسـتـەوە بۆ سـووریا. لەو شـەڕەدا ئاشـوورییـان ژمـارەکی زۆر مـاڵات و ٤٢٠٠ دیلیـشـیـان گـرتن. سـارگۆن لە (ئیزیرت)ی پێتەختی ماننادا وێنەیەکی خۆشی لە بەرد هەڵقەند.



دەزگای قەڵاشکێنی ئاشووری کە لە ڕووی نەخشی ئاشووری کێشراوەتەوە

لەو کـاتەدا شـۆڕشـێکی گـەورە لە هەرێمی (خـارخـار)، کەتازە بەردەست بووبوو، هەڵی داو تەنیـیـەوە بۆ هەرێمـەکـانی دراوسێ و لەوانە (بەیت هـامبـان و نامـار). لەشکری ئاشـوور بۆ تەمـێکردنی یاخـیـیـان دەست بەکـار بوون و پادگانەکانی هەمیشـەیی ئاشوور چەند قـەڵایان لە ناوچەی (ڕوودەک)ی سـەروو و خـواروو، لەوانە (کیشـێشلوو Kisheshlu) و (کیندائوو Kindau) و (ئانزاری Anzary) و (بەیت باگایا Bit bagaya)، گرتن. لە هەرێمی (بەیت هامبان)دا قەڵای (کیمیـترا Kimitra) کەوتە دەستی ئاشـوورو ٢٥٣٠ کەسی لێ بەدیلی بران. بەڵام سارگۆن بۆی نەکرا ئەو بەشە بخاتە ژێر فەرمانی خۆی و میرەکانی ناوچەی لە شـوێنی خـۆی هێشـتنەوە و بە وەرگرتنی باج لە کـۆڵیـان بووەوە. تەختـەنووسـراوی سارگۆنی دووەم، فەرمانڕەوایانی ئەو ناوچانەی کە بەشێک بوون لـە یەکێتیی ماد بە (مـادای) ناو دەبات و بەشەکانی تری مـادی داهـاتوو لە تەختە نووسـراوەکەی خـۆیدا بە ناوی (کـووتیۆم) دیاری دەکا. لە سـەرانسـەری خـاکی ئەو یەکـەتییەدا تا (بیک نی) (کێوی دەمـاوەند)، بە باجدەری سارگۆن دەهاتنە ئەژمـار، بەڵام لە هیچ شـوێنێکی ئەو سەرزەمینەدا وەرگرتنی باج بەبێ یاریدەی لەشکر نەدەگونجا.

سـارگـۆن لە سـاڵی ١٧١٤ی (پ.ز) دەسـتی کـرد بە لـەشکر کـێـشـان بۆ سـەر ئوورارتوو. مـەبەستی ئەو لەشکرە تەمێکردنی (زیکرتوو) و( ئاندیا) بوو. ئەو سـەرەتا چووە نێـو هەرێمی (سـووریگاش). لەو شـوێنەدا (ئوولـلووسـوونوو)ی شـای مـانناو ڕاوێژکارانی دیارییان پێشکێش کرد. سارگۆن بەڕواڵەت بەپێچەوانەی بـەڵێنیی بۆ هێـرشکردنە سـەر ئوورارتوو، ڕێی خـوارکـردەوە و بە وڵاتی مـیرایەتی (ئالاباری)دا تێپەڕی و هەندێک ئەسپ و مـاڵاتی بەدیاری لە (بێلا پالی دین Belapalidin)ی شـای وێ وەرگرتن و پاشان بـۆ شوێنەونکە چووە نێو پارسوویا. لەوێش هەندێک لـە میرانی دەوروبەرو یەکێک لەوان فـەرمـانڕەوای (ئێللی پی)، دیارییان پێشکێش کرد،. شـای ئاشـوور لەوێ ڕا کـێـوو دۆڵی بڕین و چووە هـەرێمی (مـیـسـوو) کـە یەکـێک بوو لە هەرێمـەکـانی (مـاننا). لـەوێ بەپێی بڕیاری پێـشـوو، (ئـوولـلووسـوونوو) لە قـەڵای

(زیردیاککا Zirdiakka) چاوەڕێی بوو. سارگۆن بەڕواڵەت پاش وتووێژ لەگەڵ شای (ماننا) بەڵێنیی پێدا هێرش بکاو ئەو شوێنانەی بۆ بستێنێتەوە کە (ئوورارتوو) گرتبوونی. (سارگۆن) لەوێرا بۆ شوێنە ونکە بەپێچەوانەی بەڵێنەکەی، بۆ لای (زیکرتوو) چوو. تفاقی ئەو لەشکرە لە قەڵای ماننایی (پانزیش) لەسەر سنووری (زیکرتوو) و (ئاندیا) دانراو ئەوجار (سارگۆن) لە چۆمی (ئیشتازا ئوورا Ish-taraura) پەڕییەوە و چووە نێو هەرێمی (ئائووکانە Aukane) لە سەرزەمینی (مێتاتی)ی (زیکرتوویی). ئەو میرەش وەک دابی پێشوو، لەلای (میانە)، قەڵای (پاردوو)ی بەجێ هێشت و چووە کێوی (ئووئاشدیریکا Uashdirikka) و خۆی شاردەوە. هەر بەوەندەش ڕانەوەستاو هێزەکانی ناردنە یاریدەی رووسای یەکەم. رووسا کە ئاگەداری مەبەستی (سارگۆن) بووبووەوە، دەیەویست لە پشتەوەرا خافڵگیری کا. لەو نێوەدا سارگۆن پاسەوانانی (مێتاتی)ی لە ملەی (ئووئاش دیرمکو) و قەڵت وبڕ کردن و ١٣ قەڵای تری زیکرتوویی گرتن و پاشان لە ناکاو ڕێگای خۆی گۆڕی و ڕووی دەلای ڕۆئاوا و هەرێمی (ئووئیشدیش) (سەر بە ماننا لە لای مەراغەی ئێستا) کرد. جاسووسێکی ئالابێری، کە شایەک بوو بەناوی (بلاپالیدین Belapalidin)، ئاگەداری کردەوە کە لەشکری (رووسا) نیزیک دەبنەوە.

هەرچۆنێک بێ نەخشەی (مێتاتی) و (رووسا) بووە بلقی سەرئاوێ. ئاشوورییەکان لە شەڕی کوێستانی (ئووئائووش) (سەهەند) لەشکری وانیان تێک شکاندن و بۆ نێو ئوورارتوو پاشەکشەیان پێ کردن. سارگۆن بە ڕێپێوانێکی خێرا لێواری ڕۆهەڵاتی گۆلی ورمێی بەرەو باکور پێوا. خەڵک بە کردنەوەی ئاگر لەسەر دوندی کێوەکان، یەکترییان لە هاتنی لەشکری ئاشوور ئاگەدار کردەوە و شوێنی خۆیان چۆل کردن. لە پێشدا قەڵای (ئووشکایا Ushkaya) (ئوسکووی ئێستا لە داوێنی سەهەند) لە سنووری ئوورارتووگیرا. ئەو قەڵایە پاسەوانی ڕێگای دەست وێڕاگەیشتن بە (سوویی) و هەرێمی (زەرەند) بوو. بەپێی ڕاپۆرتی (سارگۆن)، ئەو هەرێمە لەلایەن پادشای (ئوورارتوو) بۆ پەروەردەکردنی ئەسپ تەرخان کرابوو. خەڵکی ناوچەی (ئووشکائیا) و پادگانی ناوچەکەش، بەدوای هەڵاتووانی شەڕدا چۆلیان کرد. (سارگۆن) بەبێ شەڕ ئەوێی گرت و دەستووری دا دیواری پادگانەکەیان، کە چوارمی تر بەرین بوو، خرا کرد و هەموو خانووەکانیان سووتاندن و ١١٥ گوندی ناوچەیان

وێران کردن و پاشان قەڵای (ئانیاشتانیا AnyaStanya) و تەویلەکانی پاشەکەوتی ئەسپەکانی سوپای (ئوورارتوو)یان لەگەڵ ١٧ گوندی دەوروبەری (لە سووچی باکووری گۆلی ورمێ) و قەڵای دووتوێی (تارووئی تارماکیس Tarui tarmakis) (تەورێزی ئێستا)یان لە سەرزەمینی (هێزی دالیان) – کە ئەویش شوێنی پاشەکەوتی ئەسپی ئوو رارتوو بوو وێران کردن. حەمبارەکانی جۆیان بەتاڵان بردن و گەنم و گیاجاڕیان لە هەموو شوێنێک ئاگرتێبەردان و هەر ئەو کارەیان کرد کە دەوری ٣٠٠٠ ساڵ دواتر، عوسمانییەکان و دەستەڵاتدارانی دەوڵەتی پارسیش، لە هێرشەکانیان بۆسەر یەکتری، ڕاست هەر لەو ناوچە و لە سەر ڕێگای خۆیان لە کوردستاندا دووپاتیان کردەوە، کە لە شوێنی خۆیدا بەوردی باسی دەکرێتەوە.

سارگۆن ئەوجار بە هەرێمی (سان گی بووتوو) لە باکوری گۆلی ورمێ (ناوچەی مەرەند – خۆی) دا تێپەڕی. ئەو شوێنە لە سەردەمی (می نووئا)، واتە لە نیزیکەی سەت ساڵ پێشتر ڕا لە بەردەستی ئوورارتوودا بوو. گرینگترین شارەکەی( ئوولخوو) (خۆی ئێستا) بوو کە قەڵای (ساردووری – خوورد) دەیپاراست. پادشای ئوورارتوو کۆشکێکی بۆ خۆی لەو شارەدا ساز کردبوو. تەختە نووسراوەی ئاشوور باسی شێوەی ئاوداشتن و بەنداوو کارێزەی لێدراو بۆ ئاودێری لەو ناوچەیدا دەکا. کەوابوو هەخامەنشییان شێوەی بەنداو سازکردن و کارێزەلێدانیش لە مادەکان فێربوون. خەڵکی ئەو ناوچەش هەڵاتنە کێوەکان و ئەو ناوچەش کە پڕبوو لە باغ و ڕەزو بێستان و کێڵگە، بەشارو گوندو کێڵگەو باخەکانیەوە بەتەواوی تاڵان و کاول کران و سووتان. لە ڕۆئاوای ئەو ناوچەش هەرێمی دەوڵەمەند و قایم و پێشکەوتوو هەبوون کە دەکرا بپارێزرێن، بەڵام سوپای (ئوورارتوو) کە ورەی بەردابوو خۆی ڕانەگرت و قەڵای قایم و پڕ لە سامانی ئەو ناوچەش کەوتنە بەردەستی (ئاشوور) و تاڵان و وێران کران. لەو شوێنەدا بەتایبەتی بژیوو تفاقێکی زۆری پاشەکەوتکراو کەوتە دەستی سوپای هێرشکار. بەشێک لەو خەڵکەش کە هەڵاتبوونە کێوەکان بەدەستی ئاشوورییان قڕکران. خاکەکەشی تا سنووری ئێستای ئێران و تورکیا درا دەست (ماننا). ئەوە (ماننا)ی کە بەڕواڵەت بەژێردەستەی ئاشوور دەژمێردرا، زۆر بەهێز کردو بناغەی سەربەخۆیی ئێکجاریی بۆ داڕشت. (ماننا) لە ڕاستیدا ژێردەستەیەکی تەواویش نەبوو. بۆ وێنە (ئوولووسوونوو) لە ٧١٤ی (پ.ز) دووجاران باجی دا

بەئاشـــوور، بەڵام دوای ٧١٣ی (پ.ز) تا مـــاوەیەکی زۆر هـیچ باسـێکی دانی باج لە گـۆڕێدانیـیـە. (ئوورارتوویی) یەکـانیش لە داگـیـرکـردنی ناوچـەکـان هـەر لە شـێـوە دڕندانـەکـەی ئـاشـــووریـان کـەلـک وەردەگـرت، بـەڵام پاش داگـــیـرکـــردن شـێــوەی پێـشکەوتوویان بۆ پەرەپێدانی کـشـتوکـاڵ تێدا دەکـار دەکردن. بۆ وێنە ئێسـتـاش جـۆگـەکـانی ئـاوداشـتـنی دامـەزراو بەدەسـتـی (ئوورارتوو) لە ناوچـەی قـەفـقـاز، بۆ ئاوداشتن کەلکیان لێ وەردەگیرێ.

(مـــادەکـــان) لـە ســـەردەمـی (ئـاســـارهـادوون) (٦٨١- ٦٦٩ی پ.ز) بـەیاریـدەی هـاوپەیمانەکـانیـان؛ (سـیت و کاسـکاشش) و هۆزەکـانی تری کـوردسـتـان، ویسـتـیـان زەبرێکی باش لە ئاشـوور بوەشێنن، بـەڵام پادشـای ئاشـوور (سـیتـەکـان)ی بە فـێڵ لێکردنەوە و ڕەگەڵخۆی خستن و ئاوا خۆی لە مەترسی دەرباز کرد.

(مـاننا) لە ئـاکـامـی شـەڕی (٦٧٤- ٦٧٢ی پ.ز)دا هـێـزێکی زۆری وەدەست هـێناو (ئاخسـەری) دەیتوانی بەڕاسـتی خۆی بە هـاوسـەنگی (ڕووسـای ئوورارتوویی) بزانـێ. ئـەو وڵاتە لـە ڕۆئاواڕا بـەزیانـی (ئـاشـــوورو ئـوورارتوو)ش پـەرەی ئـەســـتـــانـدبوو. لـە شـوێنێک لە بەشـی سـەرووی (زێی گەورە) لەگەڵ (بـووشکیە) و (ئوورارتوو)دا بووبووە هـاوسنوور.

(ئـاشـــووری)یان پاش شـکەسـتـەکـەیان، بڕیـاریان دا بەشـەڕێکی تازە ئـەوەی لە دەسـتـیـان دابوو قـەرەبووی کـەنەوە. یەکـەم ئـامـانجـی هێرشـەکـەیان (مـاننا) بوو. لە ساڵی (٦٦٠- ٦٥٩ی پ.ز) لەشکری (ئاشـوور) بە سەردارەتیی (نابوو شـارووسوور)، لەکێوی زاگرۆس تێپـەڕی. (ئاخسـەریی مـاننایی) تێکۆشـا خـافڵگیریان کـاو تێکیـان شکێنێ، بەڵام بۆخۆی تێشکاو ناچار بوو پاشەکشە بکا. (ئاشووری)یەکان ٨ قەڵایان لە باشـووری (مـاننا) و لە نیـزیک (ئـیزیرتا Izirta)ی پێتـەخـتـی گـرت و (ئاخـسـەری) بەدەمەترسی کـەوتنی (ئیزیرتا)، شـوێنی خۆی گوێسـتەوە سـەر لووتکەی (ئیشتـاتتوو Ishtattu)، بەڵام (ئاشـوورییـەکان) پازدە ڕۆژان قـەڵای (ئیزیرتا) (سـەققزی ئێسـتـا)و قـەڵاکـانی دراوسـێی (ئووزبیا) (زێویەی ئێسـتـا)و (ئوورمـیـاتە Urmyate) (ئارمـائیت Armait)یان گـــەمـــارۆداو نەیانتـــوانی بیـــانگرن و پاش وێرانکردنی دەوروبـەرو بەدیلـگرتنی خـەڵک و تـاڵانی سـامـان و ئاژەڵەکـانیـان گـەڕانەوە. ئـەوان لەسـەر ڕێی گەڕانـەوەیاندا دەسـتـیـان کـرد بە گرتنەوەی ئەو شـوێنانەی (مـاننا) لێی گرتبوون.

(ئاشووری)یان لەو ناوچەش هەندێک کەلوپەلی شەڕ و ئەسپیان وەدەست کەوتن.

ئەو شکانە دووبەرەکیی ناوخۆیی (ماننا)ی پەرە پێدا. نووسراوەی (ئاشووربانی پال) دەڵێ: لە سەرزەمینی ماننا، هەستانەوەی (خەڵکی وڵات یا کیشەماتی واتە خەڵکی وەرزێڕی ئاسایی بەزمانی ئاشووری)، دەستی پێکرد. ئەوان (ئاخسەری)یان کوشت و کەلاکەکەیان فڕێدا کۆڵان و نیزیک بە تەواوی ئەندامانی بنەماڵەکەیان قڕکردن. (ئووئاللی)ی کوڕی (ئاخسەری) کە زیندوو مابوو، بەبێ ڕاوەستان (ئەریسی نی) وەلیعەهدی خۆی نارده لای شای (ئاشوور) و هەر ئەوکارەی کرد کە (ئووللووسوونوو)ی باپیری کردبوو. ئەو بۆ ڕاکێشانی یارمەتیی (ئاشوور باناپال)ی شای (ئاشوور) کچەکەی خۆشی نارده حەرەمی وی. شای (ئاشوور) باجێکی لەسەر (ماننا) داناو ئەو وڵاتە تاکۆتایی هاوپەیمانی (ئاشوور) مایەوە.

سارگۆنی دووهەم بەبیانووی دامرکاندنەوەی سەرهەڵدانی خەڵکی ناوچەی (کارالا) لە یەکێک لە دۆڵەکانی (زێی بچووک)، هێرشی بۆ سەر (ماد) دەست پێ کرد. خەڵکی وێ پادشای خۆیانیان بە تاوانی گوێڕایەڵی بۆپادشای (ئاشوور) لە وڵاتەکەیان وەدەرنابوو. (سارگۆن) خەڵکی ئەو شوێنەی قڕکردن و لەوێڕا بۆ لای (ماد) و (ئێللی پی) وەڕێ کەوت و دالتووی پادشای وێی لەسەر تەختی دامەزراندەوە، کە لایەنگری (ئاشوور) بوو و خەڵکەکەی خۆشی لەسەر ئەوە لێی دڵگران بوون.

تەختەنووسراوەی (سارگۆن) لەسەر داگیرکردنی هەندێ شوێنی ماد دەڵێ: [وڵاتی سیگری]سوو، وڵاتی (بائیت عان Bait an)، – هەرێمی ماد کە لە سنووری (ئێلی پی)یە، [وڵاتی...]، وڵاتی (ئاپساخووتی Apsakhuti)، وڵاتی (پارنووئاتتی Par-nuatti)و وڵاتی (ئووتیرنا Utirna)و گوندی (دیریستانوو Diristanu)، [وڵاتی...]، وڵاتی (ئووریاککی Uriakki)، وڵاتی (ریمانووتی Rimanuty)، هەرێمی دەوڵەتی (ئووپوورئی Upuri)، [وڵات]ی (ئوویادائووئە Uyadaue)، وڵاتی (بووستیس Bustis)، وڵاتی (ئاگازی Agazi)، وڵاتی (ئامباندا Ambanda)، وڵاتی (دادانوو Dadanu)، هەرێمی دوورەدەستی سەر سنووری وڵاتی (ئاریبی Aribi)ی ڕۆهەلات و هەروەها هەرێمی (مادە) بەهێزەکان کە نیری خودای (ئاشوور)یان فڕێدا و وەک دزان ڕوویان دەکێو و دەشتان کرد. ئەمن بزووتی گڕدارم خستە هەموو گوندەکانیان و کردمنە کۆگای وێران و لە بیرکراو). تەختەنووسراوێکی تری سارگۆن، کە ئەویش زۆر

هەڵبڕهەڵبڕە، ناوی ٤٥ پێشەوای ماد نیشان دەدا کە باج و دیارییان داوەتێ، کە وابوو دەوڵەتی دیۆک هێشتا ئەو دەوڵەتە یەکگرتووەی ماد نەبووە کە هێرۆدۆت باسی دەکا.

دوایین لەشکر کێشانی سارگۆنی دووەم بۆسەر وڵاتی ماد لە ساڵی (٧٠٦ی پ.ز) بووە.(تالتا)ی شای (ئێللی پی) کە خزمەتکاری بەئەمەگی پادشای ئاشووربوو، مرد و (نیبە Nibe)ی زڕبرای کە پاڵی وە (شووترووک ناحوومتەی دووەمی) پادشای عیلامدا بوو، لە دژی (ئەسپەبارا Aspabara) ناوێک، کە لایەنگری ئاشووربوو، هەستایەوە. سارگۆن سوپای سەرۆکانی حەوت هەرێمی نارده سەر (ئێللی پی). نیبە بە ٤٥٠٠ کەوانداری عیلامییەوە چووە نێو قەڵای (مەرعووبیشتوو Mar,ubishtu)، بەڵام قەڵایەکە زوو گیراو ئاشووریی تێدا نیشتەجێ بوون. سەرەڕای ئەوەی (ئێللی پی) بەڕواڵەت سەربەخۆیی خۆی پاراستبوو، نەدەکرا وەک ناوکی یەکەتیی مادی داهاتوو حیسابی بۆ بکرێ. (ئێللی پی) بە هێرشی ساڵی (٧٠٢ی پ.ز)ی سەناخریبی کوڕی سارگۆن هەندەی تریش لاواز بوو. ئامانجێکی ئەو هێرشە هۆزە کاسییەکانی کوێستانی و بیابانگەڕ و (یاسووبی گالایان Yasuby gallayan) بوون، کە لە باشووری (ئێللی پی) بوون و دەگەڵ کاسییەکاندا نیزیکایەتییان هەبوو. لەو هێرشەدا ژمارەیەک ئەسپ و ئێسترو کەرو ئاژەڵی شاخدارو ژمارەیەکیش دیلیان دەست کەوتن و هەموو ناوچە کوێستانییەکانیان پێوان و خستیاننە سەر هەرێمی (ئاراپخا Arrapxa. لە یەکێک لە قەڵا دەست بەسەرداگیراوەکاندا ئەو دیلانەیان نیشتەجێ کردن کە لە بابل ڕا هێنابوویانن و ئەو کاسییە هەڵاتوانەشیان کە لە کوێستانان ڕا هێنابوونەوە لە دوو قەڵای تردا دامەزراندن. ئەوجار سەناخریب بایداوە لای (ئێللی پی). لەوێ (ئەسپەبارا)ی کە بووبووە هاوپەیمانی عیلام و قەڵاکانی (مەرعووبیشوو) و ئاککوددوو Akkuddu)ی گرتن و دیل و ئەسپ و ئێستر و کەر و وشتر و ئاژەڵێکی زۆری تر شاخداری دەستکەوتن. دەگەڵ ئەوەشدا هەرێمی (بەیت بارروونا Bit barrua) دابەش بوو و ئەو دیلانەیان کە لە ناوچەکانی ترڕا هێنابوون، لەوێ نیشتەجێکردن و هەرێمەکەیان خستە سەر هەرێمی (خارخار).

(ئێللی پی) دوای شەڕی ساڵی (٧٠٢ی پ.ز)ش کەوتەوە بەربەرەکانی لەگەڵ ئاشوورو لە ساڵی (٦٨٩ی پ.ز) یەکگرتنێکی گەورەی لە دژی ئاشوور، لەگەڵ

(خوومپانی مێننا khumpany mmena)ی پادشای عیلام و (مووشزیپ مەردووک Mushezib marduk)ی شای بابل پێکهێناو هوزی جۆراوجۆری (کلدانی و ئارامی)ش ڕەگەڵیان کەوتن و وڵاتانی (پارسوویئاش و ئانزان) و (پاشێری Pa-sheri)ش هاتنە نێو یەکگرتنەکە. سوپای یەکگرتووان لە (خالوولێ Khalule) لەسەر چۆمی دیجلە لەگەڵ ئاشورییەکان گەیشتنە یەک. ئاکامێکی تەواو لە لێکدانەکە نەکەوتە دەست، بەڵام یەکگرتووان ناچار بوون بەبۆنەی مردنی لە ناکاوی (خوومپانی مێننا) و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە عیلامدا شەڕ ڕاگرن. ئاشوور بابلی داگیر و وێران کرد. ئەوجارەش دەرچوونی ئەو خەڵکانە لەژێر نیری ئاشوور سەری نەگرت.

## مادەکان

پادشایەتیی (ماد)، لەو پادشایەتییە کۆنانە: (ماد) (مادی ناوەندی و ڕۆهەلات) و (مانا) و (سکیت) پێکهاتبوو. بەپێی نووسراوەی بەردەنووسی (بێستوون)، (هەولێر)یش بەشێک بووە لە پادشایەتیی (ماد). لە نووسراوەکەی (گەزەنفۆن)یش وا دەردەکەوێ کە خاکی سەرەکیی (ئاشوور)یش و هەروەها (کی رووری) و (زاموویئا) و (پارسوویئا) و (بەیت هامبان) و (کیشەسوو) و (خارخار)یش بەشێکی دانەبڕاو لە ماد بوونە. لە باکوریش سنوورەکەی گەیشتووەتە وڵاتی (ئیبەری) و (گورجی)یەکان و باکوری چۆمی (ئاراز).

تا ئێستا ئاسەوارێکی زۆرو بەس بۆ مێژوونووسان لە سەر زەمینی ماد نەدۆزراوەتەوە. لەمەڕ چاخی بەردو مس لە ڕووی کۆڵینەوەکانی گردی (حەسار) لە نیزیک (دامغان) (ناوچەی ١١ی نەخشەکەی وڵاتی ماد) و گردی (گیان) لە نیزیک (نەهاوەند) (ناوچەی ٨ی نەخشەکە) و گردی (سیالک)ی نیزیک (کاشان) (ناوچەی ١٠ی نەخشەکە) و (گوێتەپە)ی نیزیک (ورمێ) (ناوچەی ٣ی نەخشەکە)، دەتوانین داوەری بکەین. ئەو ناوچانە لە سنووری (ماد) هەڵکەوتوون و لە ناوچەکانی باکور و ناوەندی (ماد) تائێستا کۆڵینەوە نەکراوە.

سەرچاوە (ئاشووری)یەکان کە زۆرتر سەرچاوەی زانیاریمان لەسەر مادەکانن، ناوی هۆزەکانی مادیان نەهێناون، تەنیا ئاماژەیان کردووە بەناوچە سەربەخۆییەکان. ئەوان مادەکانیان بە (بەهێز) ناوبردووە و ئەوە نیشان دەدا کە حیسابی زۆریان لە



سەرکردوون. ئەو ئەسپانەی لە دەشتی (نیسا) لە سەرزەمینی (ماد)دا پەروەردە دەکران، لە دنیای کۆندا ناوبانگێکی تایبەتییان هەبوو. (ئاشووری)یەکان ئەسپیان لە جیاتیی باج لە مادەکان وەردەگرت. (پارتاکەنی)یەکان لە نیزیک (ئیسفەهان)ی ئێستا دەژیان. ئیسفەهان لە سەرچاوە کۆنەکاندا (پارتاکەنا Partakana)ی ناوبووە. ئەو گەلانەی (هیندۆئەوروپایی) یا (ئاریایی)، لە سەدەی نۆ یا دەی (پ.ز)، لە رۆهەڵاتی (کاسپی) را هاتنە بەشەکانی باکوری رۆئاوای (ئێران)، واتە سەرزەمینی (میدیا) یا (ئازەربایجان) و وردەوردە سەرزەمینەکانی دەوروبەری خۆشیان داگیر کردو تێکەڵاوی گەلانی تری وەک (ماننایی)یەکان و (کیمێری)یەکان بوون، لە ئاسەواری سەدەی ٨ی(پ.ز)ی (ئاشووری یەکان)دا، باسی کۆچەکەیان کراوەو بە

(ئامادا) یا (مادا) ناو براون.

بەبڕوای گیرشمەن Ghirshman بەپێی سەرچاوە بابلییەکان و لەوانە سیایی ناوی پادشاکان و فەرمانڕەوایانی سەر زەمینەکان، بەندیوارییەکی پتەوی فەرهەنگی هەیە لە نێوان (مادەکان و سەکاکان و کیمەری)یەکاندا.

مادەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی هەشتەمی (پ.ز) دا حکوومەتێکیان پێک هێناو گەلی پارسیشیان خستە بەردەستی خۆ، کە لە باشووری ڕۆهەڵاتی بانووی ئێراندا نیشتەجێ بوون و شاری (ئۆکباتان) یا (هەمەدان)ی ئێستایان کردە پێتەختی خۆیان. لەشکرکێشییەکەی ئاشوورییان زۆرتر بۆ تالان و بڕۆ بوو، نەک بۆمانەوە. لە سەرەتاکاندا بەهاتنی لەشکریش دانیشتووانی ئاواییەکان بەکردنەوەی ئاگر لەسەر دوندی کێوەکان یەکترییان ئاگەدار دەکردەوە. بەوەش خەڵکەکە بەمەڕوماڵاتەکەیانەوە هەڵدەهاتنە کێوە ئاستەمەکان و بە گەڕانەوەی لەشکری دوژمن دەگەڕانەوە شوێنی خۆ. بەڵام بە پێشکەوتنی کۆمەڵ و قورسبوونی باری سامان، گواستنەوەی وەزەحمەت کەوت. بۆ بەرگریکردن لەخۆ، دەبوو بەدوای ڕێگا چارەیەکی تردا بگەڕێن، کە ئەویش پێکهێنانی یەکەتییەکی هۆزەکان بوو. یەکەم ئامانجی هێرشی ئاشوورییەکان لە وڵاتی مادا سەرزەمینی (زامووئا)ی (وڵاتی لووللووبی)یان بوو. لەو سەردەمەدا لە باشووری گۆلی (ورمێ) ڕا تا بەشی سەرووی دۆڵی (دیالە) بەوناوە ناسرابوو (ناوچەکانی ٣وە و٦)ی نەخشەی (ماد). (ئادادنیراری)ی پادشای (ئاشوور) (٩١١ – ٨٩٠ی.ز)، ناوچەی (لەوپەڕی چۆمی زێی بچووک) – ناوەندی لووللووبیان – لە (هابهی Habhi) (زامووئا) ڕا تاملەکانی وڵاتی (نامار)ی گرت و بەرەو پێشتریش بۆ لای سەرچاوەی (زێی گەورە) ڕۆیشت و گەیشتە وڵاتی (نەهری) لە نیزیک لێوارەکانی گۆلی (ورمێ). (تووکوولتی نینوورت)ی دووەم، لە (٨٨٥ی پ.ز) و (ئاشوور ناسیراپالی دووەمیش) دواتر لە (٨٨٣ و ٨٨١ و ٨٨٥ی پ.ز) لەشکریان کێشاوە سەر ئەو وڵاتە. لە ئی ساڵی (٨٨٣ی پ.ز) دەستدرێژییەکی ئەوتۆ نەکرایە سەر وڵاتی (زامووئا). پادشای (ئاشوور) بەڕێگای (کیرروری Kirruri)دا چووە ناوچەی (زێی گەورە) و ئەوجار بەخێرایی ڕووی دە باکوری ڕۆئاوا کرد. لەگەڵ ئەوەشدا ناوچە کوێستانییەکانی ئەو دەڤەرەی، واتە (کیرروری)، (سمێسی Sim-eci)، (سیمێرە Simera)، (ئوولمانیا Ulmania)، (ئاداعووش Adaush) و (خارگا

KHarga) (خـارمـاسـا kharmasa) نەک هەر ئەسپ و ئێسـتـر و ئاژەڵی شـاخـدار و شـەراب و دەفـری مـەفـرەقـیـان دانە شـای ئاشـوور، بگرە باجـیـشـیـان خرایە سـەر. سـەرزەمینی (گیلزان) لە لێواری ڕۆئاوای گۆلی (ورمێ)ش هـەندێک دیاریی لە ئاژەڵ و زێڕ و زێو بۆ ناردن.

لە (٨٨١ی پ.ز) (لووللووبی)یان پێشـەوای هـۆزی (ناسـیکوو Nasiku)یان لە بەشـی (داگــارا) کـە ناوی (ئەکـەدی)ی (نـوور – ئاداد Nur - adad)ی لەســەر بوو، کــردە ســەرۆکی خــۆیان و ئەویش خــەڵکی هەمــوو (زامــووئا)ی ڕەگــەڵ خــۆ خــست و لەشکرەکەی دیوارێکیـان لە ملەی (بابیـتە) (دەربەندی بازیانی ئێـسـتـا) سـاز کـرد و ڕێگای (ئاڵـتوون کۆپری)یان (بـۆ زێی بچـووک) و (سلێـمـانی) بەست. بـەڵام پادشـای (ئاشـوور) دەرەتانی نەدایە کارەکەی تەواو بکا و بەهێـزێکی گەورەوە کە لە ئی (نوور –ئاداد) زیـاتر بوون، لە ملـەکـە تێـپـەڕی و چووە نێـو ناوەندی (زامـووئـا). (نوور – ئاداد)یش وەک دابی پێشـوو پەنای بردە کێوەکان. (ئاشوور ناسیراپال)یش تا کێوی نسـیـر (بەزمـانی لووللوویی – کی نی پا) چووە پێش و سێ مـیـرایەتیی بچـووکی (زامووئـایی)ی برێتی لە: (داگارا)، (نوور – ئادا) و (مـووسـاسـینا) – کە ناوەندەکەی (قـەڵایـبـووناسـی) یا (بوونائیس) بوو – و مـیـرایەتیی (کـیـرتـیـارا)ی کـە لـە قـەڵای (لاربووسـا) بوو، لەسـەر ڕێگای خۆی قڕکردن و هەندێک ئاژەڵی بەتاڵان بردن. ئەمی (ڕانیزامـووئا)ش دەستیان لەخۆڕاگری کێشاوە و وڵاتەکەیان خرایە سـەر هەرێمێکی تازە دامـەزراوی (ئاشـوور) و باجـێکی گرانیـان لە ئەسپ و زێڕ و زێو لەسـەر دانرا. ئەو بەشــەیان پاشــان لە نیــوەی دووەمی ســەدەی ٩ی (پ.ز) ڕا بە (زامــووئا) یا (مـازامـووئا) ناوبرد و بەشـی باکوریشـیـان ناونا (مـاننا) و بەشـی باشـووریشـیـان لە بەشـی باشـووری چومی (دیالە) بە (پـارسـووئا) ناوبرد. سـاڵی دواتر دوو هـەرێمی (زامووئـا)ی باشـووری: (ئەمـێکا Ameka) و (ئارەشـتـووئا AreStua) باجیـان نەدا. ئەوە بوو بـەبیـانوویەک بۆ هێـرشـێکی تر. (ئاشـوور نـاسـیـراپال) ویسـتی پێش بە ئامادەکاریی شـەڕیی (زامووئا) بگرێ، بۆیە تەنیا بەسوارەی شـەڕ و حارەبەی شەڕی وەڕێ کەوت. ئەوجار نەک هەرمیرایەتیی (ئارشتووئا) بگرە جیرانەکەی (کیرتیار) کە ناوەنـدەکـەی بـار بوو و (ســابینـا) کــە نـاوەندەکــەی (خــوودوون KHudun) بوو و (مـووسـاسـینا) کـە ناوەندەکـەی (بووناسی) بـوو، هـەتا دەگـاتە کلکەی (خـاشـمـار)

کەوتنە بەرهێرش. تەنیا (داگارا) بەدانی باج و دیاری دەرباز بوو و ئاسەواری مرۆڤ لە ناوچەکانی تردا نەما. ئەوەی کاری پێدەکرا بەکۆیلە بردیان و منداڵەکانیشیان دەئاگردا سووتاندن. پاشان ڕوویان کردە میرایەتیی (ئامێکا). ئەو بەخۆی و ماڵ و منداڵیەوە هەڵاتبووە کێوان، ئاشوورییەکان تالآنێکی زۆریان برد و ژمارەیەک لە شەڕکەرانی (ئامێکا)یان گرت و بە دڕندانەترین شێوەی ئەشکەنجە کوشتیانن. پاشان هێرشیان کردە سەر میرایەتیی ئاتا) ناوێک لە دراوسێتیی زامووئادا – لە داوێنی (نیشپوو) لە باشووری (داگارا)، لە نیزیک (سەحنە). هەرچەندە ناوبراو بەشداری شەڕیش نەبووبوو، وڵاتەکەیان لێ تێکوپێکدا و هەندێکیشیان دیاری لە پادشای وڵاتی (سی پیرمێن Sipirmen) وەرگرت، کە بەوتەی ئاشوورییەکان وەک ژنان دەگریان. بەداخەوە شوێنی ئەو وڵاتە نەزانراوە و تەنیا جارێک باسی کراوە و لە هیچ سەرچاوەیەکی تریشدا باسی نەکراوەتەوە.

(ئاشوور ناسیرپال) لە گەڕانەوە لە (زامروو)دا لە قەڵای (ئارکادی) ڕاوەستا. میرەکان دیسان بەدیارییەکانیانەوە هاتنەوە لای و هەندێک باجی زیادیشیان وەئەستۆی خۆ گرت. ئەو پادشایە، خەڵکی (زامووئا)شی بە بێگاری ناردە شاری (کەلخوو)ی (ئاشوور) بۆ کاری خانووبەرە. میرەکانی (گیلزان) و (خووبوشکیە) – لە باشووری گۆلی (وان) – و قەڵای (کاسی)ی (خارتیش)یش هەندێک دیارییان ناردن. (ئاشوور ناسیر پال) بەوەش تێرنەبوو و بەتەمابوو ئەو خەڵکەی (زامووئا)ش بگرێ کە لە کێوەکاندا خۆیان حەشاردابوو. بۆ ئەوەی لە داهاتوودا دەستدرێژییەکانی بۆ لای ڕۆهەڵات درێژە پێ بدات، قەڵای (کاسی)ی (ئاتیلیل Atilil)ی ئاوەدان کردەوە و کردییە ناوەندی لەشکر و کۆکردنەوەی باجی ناوچەکە. کەمێک دوای ئەوە، بەشە باشوورییەکانی (زامووئا) سەربەخۆیی خۆیان وەدەست هێناوە.

(ئاشووری)یان تا کۆتایی حکومەتی (ئاشوور ناسیر پاڵ)، لە دوندی کێوەکانی (زاگرۆس) نەپەڕینەوە. بەڵام پاش دامەزراندنی پێگەی خۆیان لە (زامووئا)، بەخێرایی کەوتنە هێرشکردن بۆ لای وڵاتی (ماد) و لێواری دەریای (کاسپی).

لەشکری (سەلمانەسەر Salmanasar)ی سێیەم (شوولمان ئاشارێد) لە ساڵی (٨٥٥ی پ.ز)، بەملەکێوی (بوونائیس)دا لەشکری کێشا سەر (نیک دیارا)ی پادشای (زامووئای ناوەوە) لە لێواری گۆلی (ورمێ)، بەڵام ئەو توانی بە بەلەمی ساز کراو لە

قامیش بەرێگەی گۆلەکەدا هەڵێ و لەشکری (ئاشوور) وەدواشی کەوتن، بەڵام چییان بۆ نەکرا. تا ئەوکاتە (ئاشوور) لەگەڵ (ماد)ەکان تووشی کێشە نەبووبوو.

لە (٨٤٢ی پ.ز) (سەلمانەسەری) سێیەم، سەرهەڵدانی (نامار)ی سەرکوت کرد و (یانزی) واتە پێشەوای (بەیت هامبان)ی کە دراوسێی ناوچەکە بوو کردە پادشای (نامار)یش. ئەویش لە ساڵی ٨٣٤ی (پ.ز)، لە فەرمانی شای (ئاشوور) لایداو ئەوە بوو بەبیانوو بۆ یەکەم هێرشی شای (ئاشوور) بۆ سەر وڵاتی (ماد). ئاشوورییەکان بەملەکانی کێوی (خەشمار Khashmar) (خەشیموور KHashimur) داچوونە نێو (نامار) و وێرانیان کرد. ئەوجار چوونە نێو وڵاتی (پارسووئا). دەبێ ئەوەش بڵێین کە تەنیا هاوبەشی لە نێوان (پارسووئا) و (پارس) (پەرسید) دا واتاکە یانەکە دەبێتە کەنار و پەراسوو و سنوور، دەنا (پارسووئا)یەکان ماد و( پەرسیدەکان) (پارسن) و دوو گەلی جیاوازن. (ئاشووری)یان لە کێوەکان تێپەڕین و چوونە نێو ناوچەی (مەسسی) لەلای سەرووی چۆمی (جەغەتوو)، پاشان چوونە لای تری ئەو کێوەش و ناوچەی (ئارازیاش) و (خارخار)یان گرت کە لەو کاتەدا لەسەر یەکەتیی هۆزەکانی ماد بوون. بەپێی نووسراوەی هێرۆدۆت، هۆزەکانی (ماد) ئەوانە بوون: (بووسییان، پارتاکەنییان، ئەستروخاتییان).

(ئاشووری)یەکان بۆ یەکەمجار بەناوی (مادای) باسی ئەو ناوچەی دەکەن. ئەوان چوونە بەشی سەرووی ناوچەی چۆمی قزڵ (ئوزوون)یش لە نیزک بیجار. لەشکری (ئاشوور) ماوەیەک لە دۆڵەکانی ناوچەدا تەراتێنیان کرد و پاشان پادشای (نامار)یان -کە بەدیل گرتبوو - لەگەڵ خۆیان برد و چوونەوە (نامار). (سەلمانەسەر)ی سێیەم، کە لە دوا لەشکرکێشییەکەیدا زۆر پیر بووبوو، (توورتان Turtan)ی سەرداری (دایان ئاشوور)ی کردە فەرماندەی لەشکر. ئەوجار ڕووی لەشکر دەمیرە بچووکەکانی دەشتی (زامووئای ناوەوە) بوو. لەشکری (دایان - ئاشوور)، سەرەتا بەدۆڵی (زێی گەورە)دا وەڕێ کەوت و بۆ لای (خووبووشکیە) هەڵکەوت و لە باشووری زرێواری (وان) ڕۆیشت و پاشان بەخاکی (ماگدوو بوو - مالخیس)دا تێپەڕی و ڕووی دەباشووری ڕۆهەڵات کرد و چووە نێو سەرزەمینی (ئووئالکی Ualki)ی شای ماننا. (ئووئالکی) هەڵاتە کێوان و لەشکری (ئاشوور) چوونە ناو گوندە چۆلەکان و لەوانە گوندی (ئیزیتوو) یا (زیرتوو) کە قەڵا و شوێنی

دانیشتنی ئەو شایە بوو، ئاژەڵ و تاڵانی زۆریان برد. پاشان بەمیرنشینەکانی (خاروونا KHaruna)دا، کە فەرمانڕەواکەی (شوولووسوونوو Shulusunu) بوو، تێپەڕین. ئەو چووە ژێر فەرمانی (ئاشوور)ەکان و بڕیاری دا هەموو ساڵێ ژمارەیەک ئەسپی حارەبەکێشیان بداتێ. ئەوجار (ئاشوور)ییەکان چوونە ناو (پارسووئا) و هەندێک لە میرایەتییەکانیان تاڵان کردن و باجیشیان لە هەندێکان ئەستاند.

(دایان- ئاشوور) لە (٨٣٧ی پ.ز)، هێرشەکەی بەهەندێک گۆڕانەوە هەر بەناوچەکانی پێشوودا دووپات کردەوە. ئاشوورییەکان لەپێشدا چوونە سەرچاوەی (زێی گەورە) و پاشان وڵاتی (گیلزان)یان لە لێواری باشووری گۆلی (ورمێ)، گرت و ژمارەیەکیان ئەسپ و ئاژەڵی شاخدار وەک باج لەوان و دراوسێکانیان - تا (ئاندیا) لەسەر چۆمی (قزڵ ئوزوون) - وەرگرت. ئەوجار (زامووئای ناوەوە) و (پارسووئا)یان بەجێهێشت و بەرەو (نامار) شۆڕ بوونەوە. لەسەر ڕێگەی خۆیان قەڵای کوێستانیی (بوشتوو) و چەند قەڵای تری (ماننا) و (پارسووئا)یان گرتن. لە ساڵی ٨٦٧ی (پ.ز) ڕا شەڕی ناوەخۆیی (ئاشوور) دەستی پێ کرد و لەو سەردەمەدا دەستەڵاتی پادشای (ئوورارتۆ) گەیشتە لێوارەکانی (گۆلی ورمێ). لە ساڵی٨٢٧ی (پ.ز)، (شامشی ئاداد Shamshi - Adad)ی پێنجەم توانی سەرلەنوێ دەستەڵاتی حکوومەتێکی یەکگرتووی ناوەندی لە سەرتاسەری خاکی وڵاتدا بسەپێنێتەوە. بەپێی نووسراوەکانی سەردەمی ناوبراو، سنووری دەستەڵاتەکەی لە (شووریدا) و (ئاردیرا) تێپەڕیوە.

(شامشی ئاداد)ی پێنجەم پاش ڕێکخستنەوەی دەوڵەتی (ئاشوور) دەستی کرد بە لەشکرکێشان بۆ لای ڕۆهەڵات. لەشکرکێشانی ساڵی (٨٢١ی پ.ز) بەسەردارەتیی (مووتارریس ئاششوور Mutarris -ashshu) لە دژی (سیگ ریس) بوو. ڕکەبەرانی (ئاشوور)، ئەوجار (شارسینا Sharsina ) و (یشپووئینی Ishpuini)ی پادشای (ئوورارتۆ) بوون. تەختەگڵێنەی (شامشی ئادادی پێنجەم) دەڵێ کە (مووتارریس) (ئاشوور) گەیشتە دەریای هەڵاتنی خۆر. دیار نییە ئەو دەریایە گۆلی (ورمێ) بووە یا دەریای (کاسپی). (ئاشووری)یان پێیان وابوو خۆیان لە دەوری گۆلی (ورمێ) باش گرتووە، بۆیە لە ساڵی (٨٢٠ی پ.ز) هێرشیان بۆ سەر (ماد) دەست پێ کرد. لەشکری (ئاشوور) لە کێوی (کوولار kullar) تێپەڕی و دیارییەکانی پادشای

(بووشکیە)ی (لە باشووری گۆلی وان و شارسینا) و هۆزەکانی (ماننا) و (سوونبی Sunbi) یان و (تئوورلی)یان (کە پاشان ڕەگەڵ ماناکان کەوتن) و دانیشتووانی (پارسووئا)ی وەرگرت و لە سەرزەمینی (مەسسی)یان تێپەڕی و گەیشتە بەشی سەرووی (جغەتوو) و تالانێکی زۆری لە ئەسپ و وشتر و ماڵاتی شاخدار وەدەست کەوت و ئاوەدانییەکی زۆری ئاگر تێ بەردان. (مەسسی)یان زیانێکی زۆریان وێ کەوت. ئەوجار (ئاشووری)یەکان ڕوویان لە کوێستانی (گیزیل بووندا) (قافلان کوه) کرد، کە ناوچەی دراوسێی (ورمێ)ی لە سەرزەمینی تایبەتیی ماد جیادەکردەوە. کە (ئاشووری)یەکان یەکەم قەڵایان لە ناوچەکەدا گرت، دوو لە ڕێبەرانی (گیزیل بووندا) هەندێک دیارییان دانێ و ویستیان لە کۆڵ خۆیانیان کەنەوە بەڵام (پیریشاتی) کە پێشەوای سێیەمیان بوو، بڕیاری دا خۆ ڕاگری بکا. قەڵای (ئووراش) کە ناوبراوو گەلەکەی خۆیان تێدا قایم کردبوو، خۆی لە حاستی هێرشدا ڕانەگرت. بەقسەی ئاشوورییەکان شەش هەزاریان لێ کوژران و ١٢٠٠یشیان لەگەڵ (پیریشاتی) بەدیل گیران. یەکێکی تر لە مەزنانی (گیزیل بووندا) بەناوی (ئێنگوور Engur) کە فەرمانبەرداریی کرد و پادشای ئاشوور لە قەڵاکەی ویدا کە ناوی (سیپار) بوو، بەردەنووسێکی بەوێنەی خۆیەوە بەجێهێشت.

لەو کاتەدا کە دراوسێکانی (ماد) یەکگرتوو نەبوون و هەر کەسە بەدوای قازانجەکانی خۆیەوە بوو، هۆزەکانی (ماد) یەکەتییەکیان پێکهێنابوو و ناوی سەرۆکەکەیان (هاناسیرووکا) بوو و لە قەڵای (ساگ بیتوو) دادەنیشت. ئەو ویستی لە کێوە بەفراوییەکانی (ئەلبورز) خۆڕاگری بکا، بەڵام شکاو ٢٣٠٠ کوژراوی دا و ١٢٠٠ ئاوایی و قەڵاکەی وێران کران و١٤٠سواری لێ بەدیل گیران. بەڵام خۆڕاگریی (مادەکان) تەواو نەبوو. (مۆن سووئارتا Monsuarta)ی فەرمانڕەوای (ئارازیاش) لە نیزیک (هەمەدان)، لە کاتێکدا کە (ئاشووری)یەکان لە گەڕانەوەدا لە کێوەکانی نێوان (قەزوین) و (هەمەدان) تێدەپەڕین، پێشی پێ گرتن، بەڵام تێک شکاو ١٠٧٠کەسی لێ کوژران. (ئاشووری)یان ژمارەیەکی زۆریان لێ بەدیلی بردن و ژمارەیەک ماڵاتیشیان بەدیاری لێ ئەستاندن. بەردەنووووسی (ئاشوور) ناوی ٢٧ میری (مادی) هێناوە کە دیارییان داوەتێ. (ئاشووری)یەکان دوو مەبەستیان لەو هێرشەدا هەبوون: یەکەمیان پێشگرتن بەیەکگرتنی (ئوورارتۆ) و (مادەکان) و (ماننایی)یەکان لە دژی وان و دووەمیان وەدەستهێنانی تالانی زۆر.

(شـامشـی ئـاداد)ی پێنجەم لـە سـاڵی ٨١٠ی (پ.ز) مـرد و (ئەدادنیـراری)ی سـێیـەم (٨١٢ ٧٨٣ی پ.ز) کـە منداڵێکی ٢ سـاڵانە بوو، بوو بە جێنشـینی و (سـامـوورامـەت Samuramat)ی دایکی کە بە (سـەمیرامـید یا سـەمـیرامیس) نـاوبانگی دەرکردووە، لە جـێگەی ئـەو وڵاتـی بەڕێوە دەبـرد. ئەدادنیـراریی سـێـیـەم لـە سـاڵی ٧٠٥ی (پ.ز) ڕا بەفـەرمـی دەسـتـی کـرد بـە بەڕێوەبردنی وڵات، بەڵام بەکـردەوە بەڕێوەبردنی کـارەکـان هـەر بەدەست دایـکییـەوە بـوو. ئەو لە سـاڵەکـانی ٨٠٩ و ٨٠٧ و ٨٠٦ی (پ.ز) لە دژی مــانـنـا و ســاڵانی ٧٩٧،٧٩٩،٨٠٠ی (پ.ز) و ســاڵانـی ٧٨٨و ٧٩٣و ٧٩٢ ی (پ.ز) بۆ ڕامکردنـی (مـادەکـان) لەشکری کـێـشـا. (ئاشـووری)یەکـان دەڵێن لە ٨١٠ی (پ.ز) دەستیان بەسـەر (ئێللی پی ellypi) و (خارخار) و (ئازاریاش) – باکوری (هـەمەدان) – و (مـەسـسـی) و وڵاتی (مـاد) و هـەمـوو (گـیـزیل بووندا) و (مـاننا) و (پارسـووئا) و (ئاللابریا Allabria) و (ئابدادان Abdadan) (لە بـەشی ســەرووی زێـی گــەورە) و (دەریای کاسپی)دا ڕۆیشتووە.

سـەردەمی (ئاداد نیراری) هاوکات بوو لەگەڵ دەست پێکردنی هێرشی (مینووئای) پادشـای (ئوورارتۆ) بۆ سـەر باشـووری ڕۆئاوای (ئاشـوور). ئاشـوورییـان دوو جاران لـە (مــاننـا) (٨٠٧و٨٠٦ی پ.ز) و پێنـج جــاران لە بـاشــووری زرێواری (وان)، لـە (خووبووشکیە) لە (٨٠١، ٧٩٨، ٧٩١، ٧٨٥و ٧٨٤ی پ.ز) و جارێک لە دۆڵی سەرووی (فەڕات) لەگەڵ (ئوورارتۆ) بەشەڕهـاتن. زۆر لە مێژوونووسان پێیان وایە سـەرزەمینی (باخـتــەر) لای (بەلخ)ی ئەفـغـانسـتــانی ئەوڕۆیە. ئەو هەڵەیە زۆرتـر لە ســەردەمی (ئەشکانی) یان و سـاسـانییـاندا لەگەڵ کـۆکردنەوە و وەرگێـڕانەوەی (ئاوێسـتـا)دا سازبـوو، دەنا (باختـەری) ڕاسـتەقینە کـە ئاشوورییـان دەسـتیان وێڕا گەیشتبێ هـەر ئەو شوێنەی (کوردسـتـان)ە. پێشتر بەڵگەی پێویسـتمان بۆ ئەو ڕوانگەیە هێناوەتەوە. ئەو هـەڵەیە کـێـشــەی زۆری لە لێکدانەوەی ڕووداوەکـانـدا پێکهـێناون. بۆ وێنە م.ا. دیاکۆنۆف لە لاپەڕەی ١٦٢ی کتێبەکەیدا چەندی دەکا ناتوانێ دەسـتـەڵاتی ئاشـوور بگەیێنەتە لای (بـەلخی) ئەفغانسـتـان، بۆیەش لەوە وەگومـان دەکـەوێ کە دەسـتـەڵاتی ئاشوور گەیشتبێتە (باختـەر). لەسـەر ئەو بابەتە نموونەی تریشمـان لە چەند شوێنی ئەو کتێبەدا هێناوەتەوە.

لە کۆتایی سـەدەی ٩ی (پ.ز)، (ئوورارتۆیی)یەکان (مـووسـساسـیر Mussasir)یان

لەلای سەرووی (زێی گەورە) داگیر کرد و لە سەرەتای سەدەی هەشتەم چوونە نێو بەشی سەرووی (فەرات). شای (ئوورارتۆ) قەڵایەکی لە خاکی (ماننا)دا لە (مێشتا) چاکردەوە، کە لە (تاشتەپە)ی نیزیک (میاندواو) هەڵکەوتبوو و بەردەنووسێکیشی لێ بەجێ هێشتووە، کە باسی ئەو کارە دەکات. (ماننا) لە سەردەمی پادشایەتیی (ئاگیشتی)ی یەکەمی (٧٧٩ –٧٨٠) پادشای (ئوورارتوو) هێشتا بەشێک بوو لەو دەوڵەتە، بەڵام شایەکانی (ماننا)ش لەنێو ئەو دەوڵەتەدا پلەی پادشاییان لە ناوچەی خۆیاندا هەر هەبووە. (ئاگیشتی)ی یەکەم لە ناوچەی (ئارسیتا Arsita) لە شاری (بووشتوو bushtu) و (بارووئاتا baruata) لە (ساڵەکانی ٥و ٦و ٨ی پادشایەتییەکەی واتە ٧٧٥، ٧٧٤، ٧٧٢ی پ.ز) ڕوو بەڕووی لەشکری (ئاشوور) بۆوە و تەنانەت چووە نێو دۆڵی (دیالە) و (نامار)یش، کە سەرچاوەکانی (ئاشوور) بە (بابیلوو) واتە (بابل) ناویان دەبرد. ئەوە وا دەنوێنێ کە (ماننا) لەو ساڵانەدا بەشێک لە (ئوورارتۆ) بووبێ، بەڵام لە ساڵنامەکانی (ئاگیشتی)ی یەکەمدا باسی دەستبەسەربوونی (ماننا) ناکەن. سەرەڕای لەشکرکێشانەکانی ناوبراو لە ساڵەکانی (٧٧٣و ٧٧٢و ٧٧١و ٧٦٩و ٧٦٨ی پ.ز) و ئی جێنشینەکەی (ساردووریی دووەم)، لە سەرەتای دەیەی پێنجەمی سەدەی هەشتەمی (پ.ز)، ئوورارتۆییەکان نەیانتوانی (ماننا) بگرن. ڕووداوەکانی سەرەتای سەدەی هەشتەمی پ.ز، بۆ مێژووی (ماد) گرینگییەکی تایبەتییان هەبوو. لەوکاتەدا (ئاشوور) دەستی کرد بە دەستدرێژی بۆسەر ئەو وڵاتە و وردەوردە هەندێک بەشی لێ دابڕێن. (مادەکان) هێشتا هەندە یەکگرتوو نەبووبوون کە بتوانن لە حاستی (ئاشوور)دا خۆ ڕاگرن. پەلهاویشتنەکانی (ئوورارتۆ) و گرتنی (ماننا) و هێرشی (ساردووریی دووەم) بۆ سەر بابل، دیوارێکی بە نێوان (ماد) و (ئاشوور)دا کێشا. ئەو دۆخە وڵاتی (مادی) تاڕادەیەک لە دەستدرێژیی (ئاشوور) پاراست. ڕکەبەریی (ئوورارتۆ) و (ئاشوور) یاریدەی (ماننای)دا تا خۆی لە دەست (ئوورارتۆ) ڕزگار کا و بە هێرشی (تیگلات پۆلیسێر)ی دووەم بۆسەر (ئوورارتۆ)، قەڵت و بڕکردنی (ساردووری)ی دووەم، داوای (ئوورارتۆ)ی لەمەڕ خاوەنییەتیی (ماننا)

کۆتایی پێ هێناو بوو بەهۆی گەشەکردنی ئەو دەوڵەتە، کە لەو کاتەدا لەباری هێزەوە، لە (ئاشوور) و (ئوورارتۆ) کەمتر نەبوو.



گەمارۆی قەڵا لەلایەن لەشکری ئاشوور. لە نەخشی زەق هەڵقەندراوی ئاشووری لە نەینەوا هەڵگیراوەتەوە. سەدەی ٨ی پ. ز.

(تیگلات پۆلیسـێـر)ی سـێـیـەم نیـزیکەی (٧٤٨ – ٧٢٨ی پ.ز) دەوڵەتی تازەی (ئاسـوور)ی پێکهێناو سنووری دەسـتـەڵاتی خۆی لە (بانووی ئێـران) ڕا تا دەریای سپیی نێوەڕاست پەرەپێدا. لە ساڵی ٧٤٢ی (پ.ز) هەڵیکوتایە سەر (ماد) و ٦٠٥٠٠ دیل و مـەڕومـاڵاتێکی زۆری بردە وڵاتی خـۆی و دیلەکـانی کـۆچ دانە (شـامـات). (ئاسـوور بانیپـال)یش چووە نێـوخـاکی (مـاد) و یەکێک لە ئەمیـرانی وێی بەناوی (بیریس هێنری) لەگەڵ دوو کوڕی بەدیل گرت و بردنییە (نەینەوا).

هێـرشـەکـانی (ئاشـوور) لە سـاڵی (٧٤٤ی پ.ز) دەسـتی پێ کـرد. (تیگلات پۆلیسێر)ی سێیەم ئەو شەڕەی هەڵایساند. تەختە نووسراوی ئەو پادشایە بۆ کەلک لێوەرگرتنەوە سڕاونەتەوە، بەڵام هەندێک بڕگەی ماونەتەوە کە دەری دەخەن ئەو هەر بەچوونە نێو خاکی (زاموویا) و (پارسوویا) ڕانەوەستاوە و خۆی گەیاندووەتە خاکی (مـادیش). لەو بڕگـانەدا باسی گـرتنی گـوندی (ئێـرێنزیاش Erenziash) دەکـا کـە خـەڵکەکـەی لە دژی (بی سی خـادیری) پادشـای (کـیشـەسـسـوو Kishessu) هەستابوونەوە. پاشان باسی (راماتێئا Ramatea)ی فەرمانڕەوای (ئارازیاش -Araz iash) کراوە، کە لە گوندەکانی بێجگە لە ئەسپ و ئاژەڵێکی زۆر، بڕێکیش بەردی لاجـەوەردی (باکـتـریا) کـەوتووەتە دەسـتی هێـرشکاران. بەپێی ناوەڕۆکی ئەو تەختـەنووسراوە، دوایین ئامانجی هێرشـی (ئاشـوور) لەو لەشکرکێشانەدا قەڵای (مـادی)ی زاگـرووتی بووە. بەو تەختـە نووسـراوەدا دەردەکەوێ (ئارازیاش) بەشێک نەبووە لە (یەکـەتیی هۆزەکـانی مـاد). پاشـان (ئاشـووری)یان گـەڕانەوە و (توونی Tuni)ی فـەرمـانڕەوای (سـوومـوورزوو Sumurzu) (لە دۆڵی یەکێک لە لکەکـانی

دیالەدا) گیراو لەشکرەکەی کوژران و (سوو موونزوو) و (بەیت هەمبان) (لە دۆڵی دیالەدا) خرانە سەر (ئاشوور). پاشان (تیگلات پۆلیسێر) ٩ تۆن بەردی لاجەوەردو ١٥تۆن کەلوپەلی مەفرەقی وەک باج خستە سەرشانی خاوەنانی گوندەکانی کوێستان و (مادەکان) تا دەگاتە کێوی (بیکەنی) (دەماوەند). لەو کاتەوە (پارسووئا) و (بەیت هەمبان) بوونە دوو هەرێمی (ئاشوور) و تا ڕووخانی ئەو دەوڵەتە، هەر دەبەر دەستیدا مابوون. بۆچوونێکی هەڵە هەیە کە دەڵێ خەڵکی(پارسووئا)، (پارس) بوون و پاش گیرانی لەوێ ڕا کۆچیان کردووەتە (پێرسید). ئەو خەڵکە نەک هەر (پارس) نەبوون، بگرە مادیش بوون. دەلیلێکیشی ئەوەیە لە کاتێکدا (پارسووئا) لەژێر دەستی (ئاشوور)دا بوو، بەردەنووسەکانی (ئاشوور) باسی (کوورۆش)ی یەکەمی پادشای (پارس)یان کردووە و دەوڵەتی (ئاشوور) هەرگیز ئیجازەی نەداوە گەلانی بەردەستی کۆچ بکەنە خاکی دەرەوەی دەستەڵاتی. ڕەفتاری شای ناوبراوو جێنشینانی لەگەڵ ئی پێشوونانی خۆیان زۆر جیاوازیی هەبوو. ئەوانی پێشوو کە شوێنێکیان دەگرت، زۆربەی خەڵکەکەیان سەر دەبڕی و تەنیا ژمارەیەکی کەمیان لە خەڵکی کارامە دەهێشتەوە و لە کۆت و زنجیریان دەکردن و دەیانکردنە کۆیلە. ئەو شێوەکارە سوودی باشی بۆ داگیرکەران نەبوو. بۆیە ئەوجار، هەرکوێیەکیان دەگرت، دەیانخستە سەر وڵاتی ئاشوور و خەڵکەکەیان یا لە شوێنی خۆ دەهێشتەوە و باجی گرانیان دەخستنە سەرشان، یا بەشێکی زۆریان بە ماڵ و سامان و منداڵەکانیانەوە ڕادەگوێستن بۆ ئەو شوێنانەی پێشتر لە ئاکامی لەشکرکێشییەکانی (ئاشوور)دا وێران بووبوون و خەڵکی بێگانەیان لە شوێن دادەنان. ئاوا بەشێوەیەکی ئاقڵانەتر لە خاکی داگیرکراو کەلک وەردەگیراو باج و داهاتەکانی بەشێوەیەکی نەگۆڕ و ڕێکوپێک وەدەست دەهاتن و هەروەها مەترسیی ڕێککەوتنی گەلانی ناوچەشی لە دژی (ئاشوور) کەم دەبووە وە. لەو هێرشانەدا گەلانی ناوچەش هەڵ دەهاتنە شاخەکان و (ئاشووری)یەکان ئەوەی بەجێ دەمان


جارەی شەڕی ئاشووری لە ڕووی نەخشی زەق هەڵکەندراوی ئاشووری سەدەی ٨ی پ. ز. لە نەینەوا هەڵگیراوەتەوە

دەیانگرتن و ئەو ماڵەی لێیان بەجێ دەما بەتاڵانیان دەبردو ئاوەدانییەکانیشیان دەسووتاندن. تەنانەت چەند شای ناوچەییش – بۆ وێنە (کاکی)ی شای (بەیت زاتتی) و (می تاکی)ی پادشای (بەیت سانگی) – گیران. ئەو دیلانەی کە لەناو ئەو کەسانە دەگیران کە لە حاست سوپای (ئاشوور)دا خۆیان ڕاگرتبوو، بەتوندترین شێوە سزادەدران و لەژێر دڕاندانەترین ئەشکەنجەدا دەکوژران. ئەو خەڵکەی ناوچەش کە لە شوێنەکانی ژێردەستی (ئاشووردا) مابوونەوە پاشان وەک ساڵنامەی (تیگلات پۆلیسێر) لەسەر ڕووداوەکانی ساڵی (٧٣٨ی پ.ز) دەنووسێ، لە باکوری سووریا و (فینیقیەی باکوری)دا دامەزرێندران، کە ژمارەیەک لە دیلەکانی (کووتی) وخەڵکی (بەیت سانگی بووتی bit sangibuti) بوون. خەڵکی هەرێمی پارسووئا وردەوردە بەتەواوی بوونە (ئاشووری).

هەر ئەو شێوەکارەی دوای (ئیسلام) و هێرشی گەلانی تورک ڕەگەز بۆ ناوچەی (مادی گەورە و بچووک) و دامەزرانەوەی دەوڵەتی فارس (پێرسیا) و پاشانیش تورکیا و (سووریا) و (عێراق)، تا ئێستاش لەسەر کورد بەردەوامە. وەک دەبینین لەو وڵاتەی باپیرانی گەلی کوردی لێ نیشتەجێ بوون، ئێستا بەشێکی زۆری کوردی هەر تێدا نەماوە، یا ئەگەر مابیشن زۆربەیان زمانی کوردییان لەبیر چووەتەوە.

(تیگلات پۆلیسێری) سێیەم لە ٧٣٧ی (پ.ز) لەشکری کێشاوە سەر (ماد) و تەنانەت ئەو ناوچانەشی گرتنەوە کە لە هێرشی پێشوودا گرتبوونی. دیسان فەرمانڕەوایانی ناوچە و لەوانە (ئووپاش)ی فەرمانڕەوای (بەیت کاسی) و



کۆچی زۆرەملێ بە ماننەکان لە ڕووی نەخشی زەق هەڵقەنراوی ئاشووری سەدەی ٨ی پ. ز. لە نەینەوا هەڵیگیراوەتەوە

(ئووشــووروو Ushuru)ی فــەرمــانڕەوای (تـادیرووتـا Tadiruta) و (بووردادا Bur-dada)ی فەرمانڕەوای (نیرووتاکتا Nirutaktakta) خۆیان لە کێواندا شاردەوە. بەڵام ئاشوورییـەکان ئەوەی دواییـیان بەدیل گرت. ئاوا لەشکری ئاشـوور تا قەڵای سیـبوور (سیـبـار) لە نـیـزیک زەنگان، چـوونە پێش و گرتـیـان. لەشکری ئـاشـوور تـا (بیـابانـی خوێ) چوونە پێش و پاشـان بە(دۆڵی قـەرەسوو) داگەڕانەوە. لەو گـەڕانەوەیاندا قەڵای (سیلحـازی)، کە قـەڵای (بابلییـان) یشیـان پێ دەکوت و ئی تەنیشت ویشـیان لە دۆڵی (قـەرەسـوو)دا گرت و پادشـای ئاشـوور قـوربانـیی بۆ خـوای (مـەردووک) کرد کـە لەو قـەڵایەدا بوو، پـاشـان بەدۆڵی (دیالە)دا گـەڕانـەوە و لەسـەر ڕێگەیان، پادشـای (ئێللی پی) دیاریی بۆ ناردن. بەڕەوتی ئەو لەشکرکێشـانانەدا دەردەکەوێ کە (ئاشوور)یـیان هەوڵیـان داوە لە چوونە نێـو (دەشـتـی جـەغـەتوو) و دۆڵی (قـزڵ ئـووزوون) و خـاکی ژێردەسـتی (مـاننا) کـان خۆ بپارێزن. دوای ئـەو هێرشـەش سـەردارێکی (ئاشـووری) بەناوی (ئاشـوور دانی نانی)، هێـرشـێکی کـردە سـەر وڵاتـی (مـاد) و ٥٠٠٠ ئەسپ و ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵ و دیلی هێنان.

## دانیشتووانی ماد حەوسەت ساڵ بەر لە زاین

لە ناوچەکـانی ئازەربایجـانـی ئێسـتـای ئێران، بـرێتی لە لێوارەکـانی ڕۆهـەڵاتی گۆلی ورمێ و خاکی باشـووری تا هێڵی قـەوزوێن – هـەمەدان، هۆزی جۆرەوجۆر دەژیان کە ئاشـوورییان لەسـەر یەک پێیان دەگوتن (کووتی) یا (کووتی و لووللوومییان). بەشـە باکورییەکانی کوێستانی (گیـزیل بووندا) (قافلان کوە) بەشێک بووە لە مانناو بەشە باشـووریترەکەشی کەم و زۆر بەشـێک بوو لە ئاشـوور. شـانشینی بـچووک بچـووک و هۆزگەلێک لە سـەرزەمینەکانی نیزیکی لێوارەکانی دەریای کاسپی و نیوەی خواروی دۆڵی قزڵ ئووزوون و ناوچەکـانی باکوریتری دادەنیـشتن کە نووسـەرانـی سـەردەمی کۆن (بە گێل و کـاسـپی) و (کـادووسـی) ناویان بردوون، چونکە نیزیکایەتییان لەگـەڵ کووتییان و کاسییـان هەبوو. هەروەها (مەرداکان یا ئەمەرداکان)ی نیوە بیابانگەڕ و (سـاگـارتی)یەکان کە ناویان لە نووسراوەکانی کۆندا هـاتووە لە (ئاندیا) و (زیکرتوو) و وڵاتی (دالی dali)یان و ڕەنگە (گیزیل بووندا)ش نیشتەجێ بوون.

ئاشـوورییـان ئەو سـەرزەمـینەیان کـە لە بەشی سـەرووی دۆڵی (قـزل ئووزوون) ڕا

بگره تا دەشتی کەویر هەڵکەوتبوو، بە وڵاتی مادەکان (مادای) ناودەبرد. بەشێکی ئەو سەرزەمینە لە بەردەستی ئاشووردا بوو. لە ناوچە باشوورییەکانی ماد (لە ئێللی پی کە بە بەشێک لە مادای دەهاتە ئەژمار و لە ناوچەی کاسییان و..) گەلی عیلامی و کاسی دەورێکی گرینگیان دەگێڕا. بەپێچەوانە لە ناوچەکانی دووری باکور، لەنێوان ئەرەس و ورمێ و هەروەها لێواری گۆلەکە، هووری و ئوورارتوویی لەسەرتر بوون. پادشایەتیی ئوورارتوو پێکهاتبوو لە ئوورارتوو و هوورییانی خزمیان و ئەرمەنی و گورجییان. لە دەوری ساڵی ٧٠٠ی (پ.ز.) ئەو بەشەی وڵاتی ماد کە لە بەردەستی ئاشووردا بوو، زۆربەی دانیشتووانی لێ وەلا برابوون و کۆچەرانی بەدیل گیراوی سووری و فەلەستینی و بابلی و ئی وڵاتانی تری لێ دامەزرێندرابوون. زمانی هاوبەشی وانە ئارامی بوو. پاشان ئەو ناوچەیە بە (ئاسووری ماد) ناوبرا.

## دۆخی ڕامیاریی ماد ٧٠٠ ساڵ بەر لە زاین

بەشی هەرەزۆری مادی ناوەندی، واتە بەشی سەرووی دۆڵی قزڵ ئووزوون و ناوچەی هەمەدان – قەزوین و بەتایبەتی ناوچەکانی ڕۆئاوای ئەوێ، لەو سەردەمەدا کەوتبووە بەردەستی ئاشوور. ئەوێ کرابووە چەند ئەیالەتی ئاشووری. – زامووئا لە باکوری سلێمانی، پارسووئا لە ناوچەی سەرووی دیالە، کە ناوەندەکەی قەڵای نیکوور بوو، (کیشەسوو )کە ناوەندەکەی قەڵایەک بوو هەر بەوناوە، مادای یاماد لە خوارەوەی (کیشە سوو) لە ڕێگەی چۆمی قزڵ ئوزوون (هەر وەک ئێستا چۆن لە هەموو کوردستانی بەردەستی ئێران تەنیا بە ناوچەی سنە دەڵێن کوردستان)، (ساپاردا Saparda) لە خوارەوەی هێڵی زەنگان – قەزوین، (خارخار) کە ناوەندەکەی قەڵایەک بوو هەر بەوناوە لە ڕۆئاوای (هەمەدان)، (بەیت کاری) لە ناوچەی (هەمەدان)،



١– کڵاودرێژ لە ڕاودا. ٢– لای چەپ مادەکانن لە شەڕی ئیسکیتەکان لە ڕووی مۆرێکی ئەستوونی سەدەی ٥–٦ی پ. ز. ٣– سەگایان لە نەخۆشی زەق هەڵقەنروای سەدەی ٥ی پ. ز.

(ئاراپخا) کە ناوەندەکەی شاری (ئاراپخا) (کەرکووکی ئێستا) بوو، کە بەشێک لە ناوچەی پێشووی (نامار) و باشووری ڕۆهەڵاتی دۆڵی (دیالەی) دەگرتەوە و (بەیت هامبان) لە ڕۆئاوای (کرماشان)ی ئێستا. لە بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەدا دەستەڵاتی ڕاستەقینە لە دەستی سەرۆک هۆزو پێشەوایانی خەڵک و خاوەنانی گوندەکاندا بوو و دەستەڵاتی ئاشوور تەنیا بەهۆی هەندێک قەڵای خەڵکی هاوردەی (سووری) و (فەلەستینی) و... جێبەجێ دەکراو لە بەشەکانی تردا دەستەڵاتی ئاشوور تەنیا بەزەبری چەک و لەشکرکێشان خۆی دەنواند. (ئێللی پی) لە خوارەوەی ئەو ناوچانەدا بەلای (ئیلام)دا لە نیزیک (کرماشان)ی ئێستا، میرایەتییەکی چووکەی نیوە سەربەخۆ بوو. لە ڕۆهەڵاتی ناوچەکانی بەردەستی ئاشووردا، سەرزەمینی هۆزەکانی (ماد) هەڵکەوتبوو، کە پێشەواکانیان بەناوی (خاوەن گوند) بوون و نەکەوتبوونە بەردەستی ئاشوور. بەشێکی زۆری خەڵکەکەی چۆلنشینانێک بوون کە پیشەیان بەخێوکردنی ئەسپ بوو و لەسەر یەک لە ناوچەی ڕۆئاوا لە دواتر بوون.

لەبەرئەوەی ڕووداوەکانی ماد بەسوودی ئاشوور نەبوو لە ساڵنامەکانیاندا بێدەنگەیان لێرا کردووە. ئاگەدارییەکان تەنیا لە ڕێگەی چەند بابەتی هەڵبرهەڵبر، لەنێو پرسیاری (ئا سەرحەدوون)ی پادشای ئاشوور لە خوا هاتوون.

لە ژانویەی ساڵی ٦٨٠ی (پ.ز) (سەناخریب)ی شای ئاشوور لە کاتی نوێژکردندا بەدەستی کوڕێکی خۆی کوژرا. شەڕی نێوخۆیی لە وڵاتی (نێوان دووچۆمان)دا هەڵایساو دوو کوڕی (سەناخریب) ڕایان کردە ناوچەیەکی نیوە سەربەخۆی کوێستانیی (شووبری Shubri)، لە باشووری ڕۆئاوای بانووی ئەرمەنستان. برای سێیەمیان بەناوی (ئا سەرحەدوون) بوو بە شا. لە ساڵی ٦٩٩ی پ.ز. (کیمەرییەکان) هێرشیان کردە سەر (ئاشوور). نووسراوەی (ئا سەرحەدوون) دەڵێ: ... (بەڵام تئووشپا Teushpaی کیمەریم – ئوومەن مەندرا کە شوێنەکەی دوورە – بە لەشکرەکەیەوە لە سەرزەمینی خووبووشنادا تێکشکاند) پاشان مێژوویەکی (بابل) لەسەر لەشکرکێشانی (ئاشوور) بۆ سەر باشووری ڕۆهەڵاتی ئاسیای بچووک دەڵێ: (لە ساڵی دووەمدا کیمەرییان هێرشیان کردە سەر ئاشوور و لە ئاشوور هەڵاتن) لە مێژوویەکی تری (بابلیش)دا کە بە مێژووی (ئا سەرحەدوون) بەناوبانگە، هاتووە: (لە

ساڵی دووەمدا کوشتار لە وڵاتی بوودئا ئووئا Bud(a) Ua) و وڵاتی (کیمەرییان) لە (کووشێخنوو Kushexnu) جێبەجێ بوو).

بەداخەوە ئەو شوێنانە نەزانراون لە کوێن. بەڵام هەرچۆنێک بێ ئاشوورییان هێرشی (کیمەرییانیان) بۆ سەر سنووری خۆیان بەرپەرچ دایەوە و هەر لەو ساڵەدا (٧٦٩ی پ.ز) هەندێک لە (کیمەرییان) بەکرێ بوونە سوپایی (ئاشوور). وا وێدەچی ئاشتی لە نێوانیاندا وەدی هات بێ.

(گ. ئا. مەلیکی) سەلماندوویەتی (رووسا)ی دووەمی پادشای ئوورارتوو لە ساڵی ٦٧٦ یا ٦٧٥ی (پ.ز) لەگەڵ کیمەرییان لەشکری کێشایە سەر (فەرەنجیە) و لە ٦٧٣ - ٦٧٢ ی (پ.ز) ئا سەرحەدوون باشترین پێوەندیی دۆستایەتیی لەگەڵ (ڕووسا)دا هەبوو و ئەو ڕووداوانە دەیسەلمێنن کە لەگەڵ (کیمەرییاکان)یشدا لە ئاشتیدا بوون. بەڵام چی وا بەسەر ئەو دۆستایەتییەدا تێناپەڕی کە ئاشوورییەکان هەست بەمەترسی دەکەن و پادشایان لە خوا دەپرسی کە ئایا ئەو یەکێتییە مەترسی بۆ وڵاتە داگیرکراوەکانی سنووریی ئاشوور- لە شووبووریە - پێک ناهێنێ؟

نووسراوەکانی (ئا سەرحەدوون) لەسەر هێرشەکانی بۆ سەر (ماد) لە پێش ساڵی ٦٧٤ی (پ.ز) دەنووسێ: (سوپای ئاشوور لەشکریان کێشایە سەر (وڵاتی مادە دوورەدەستەکان)، لە سنووری بیابانی خوێ (دەشتی کەویر) و بناری کێوی بیکنی (دەماوەند) و ناوچەی پاتشووعاراو لەو ناوەدا دوو خاوەنی گوند گیران. کەسوکار و ئاژەڵەکانیشیان کەوتنە بەردەست). لە هێرشی (ئا سەرحەدوون) بۆسەر (ماننا) بە نووسراوەی ئەو کاتی فاڵگرەوەی (ئاشووری)دا دەردەکەوێ (کێمەرییان) لەگەڵ (مانناییەکان) هاوپەیمان بوون. ئەو نووسراوە وا دەنوێنێ کە سەرکەوتن بە (مانناییەکان) بووە. چونکە شای ئاشوور لە خوای خۆی دەپرسێ کە ئایا (ماننائییان) دەتوانن قەڵاگەلی (ئاشووری)ی (شاروعیکبی Sharuikbi) و (دوور ئێللیل ellil Dur) و چەند قەڵای تر بگرن یان نا؟ لە ڕاستیدا (ماننائییەکان) توانییان قەڵای (شارووعیکبی) و چەندی تر بگرن و چەند ساڵ دواتر (ئاشوورییەکان) توانییان بیانئەستێننەوە. لە پرسیارێکی تر لە خوای (ئاشوور)دا هاتووە ئایا (ئیسکیتەکان) کە لە خاکی (ماننا) دان دەتوانن هێرش بکەنە سەر خاکی (ئاشوور) و دەستکەوتیشیان دەبێ؟ ئیسکیتەکان بۆ مادەکان کە بۆ

بەربەرەکـانـی ئامــادە دەبوون، هاوپەیمانێکی ســرووشــتی بوون. بەتایبــەتی کــە مـانناییـیەکانیش لەگەڵ ئیسکیتـەکان یەکگرتـوو بوون. عیلامیش ئامادەی هاوکاری لەگــەڵ ســەرهەڵداوان بـوو. ئاوا خــەڵکێکی زۆر لە چۆمی (کـوورا) ڕا تا (کــەنداوی پارس) پێکەوە ئامادەی خۆ ڕزگارکردن لە بن نیری (ئاشوور) بوون.

(ئاشوور باناپال) لە ئەستوونە نووسراوەکەیدا پاش باسی هەستانـەوەی خەڵک و هاتنەسـەرکـاری (ئاللی) لە (مـاننـا)، دەڵی: (...هەر لەوکـاتەدا بیـریسـخـاردی Bi-riskhardiی مـادی، خــاوەنی گـوندو ســاراتی Saratiو پاریخـیـا Parikhia، کـوڕانی گاگوو، خاوەنانی گوندەکانی وڵاتی ساخوو Sakhu کە نیری بەندەیی منیان فڕێدا بوو... ئەمن ٧٥ گوندی قایمم بەردەست کردن و خەڵکەکەم بەدیلی بردن و ئەوانیشم بەزیندوویی گــرتن و هێنانمە نەینەوا). ئەو گـوندانـە دەبێ دوای دامــەزرانـی وڵاتی سـەربەخۆی ماد هێشتا دەژێردەستی ئاشووردا مابن و لە دژی دەســتەڵاتی ئاشـوور هەستابنەوە. بەڵام دیار نییە وڵاتی (ساخوو) بەکوێ دەڵێن.

هێـرۆدۆت دەڵێ: (مــادەکـان ئەنجـوومــەنی گـەلیـان هـەبوون). ئاوێســتــاش ئەو ئەنجوومەنانەی بە(هەنجەمەنە)و (ویاخە Vyakha) و (ویاخما Vyakhma) ناودەبا. لە کاتی پێکهاتنی یەکەتیی مادەکان، هێشتـا ڕێکخراوەکەیان تاڕادەیەک ئازادیی تێدابوو، بۆیە کـۆیلە و وەرزێڕانی چەوسـاوە و ســتـەم لێکراوی ئاشــووریش چاوی هیوایان تێ بڕیبوون.

## ئیسکیتەکان

لە ســەروبـەندی ســاڵی (٦٥٣ – ٦٥٢ی پ.ز)دا، ئیـمــپــەراتووریی (ئاشــوور) تووشی پڕمەترسی ترین قەیرانی ڕامیاریی مێژووی خۆی بوو. (شاماشوو مووکین)ی برای (ئاشوور باناپال) کە کرابووە پادشای بابل، هۆکاری ئەو قەیرانە بوو. پێشتر لەوێش میسر لەژێر دەستەڵاتی (ئاشوور) دەرچووبوو.

ژمــارەیەکی زۆری خــەڵکی ناوەوە و دەرەوەی (ئاشــوور) تێکەڵاوی شــۆڕشــەکــە بووبوون. لە نووسراوەکەی (ئاشوور باناپال)دا نووسراوە: (ئەو شاماشوومووکینە، برای بێ ئەمەگـەم، ئەو سوێندەی بۆمی خواردبوو بەجێی نەهێناو خــەڵکی ئەکەد و کلدان و ئارامـی و لێـواری دەریای لە کـابـا ڕا تا باب ســالی مــەتی و کـۆیلەکـان و

خزمەتكارانی من و ئوومانیگاشای هەڵاتووی كە پێی پادشـــایانەمی مـــاچ دەكـــردن و ئەمن كـــردبوومـــە شـــای عـــیـــلام و هەروەهـا شـــای گـــووتیـــووم (Gutium)و ئامـــووروو (Amuru)و مێلووخا (Melukha)ی كە بەقسەی (خودایانی) ئاشووروو نین لیل (Ninlil) بەدەســـتی خـــۆم دامـنابوون، هـەمـــووی لە دژی مـن هـەســـــتـــــانـدنـەوە و هـانـی دان و پەیمانیان دەگەڵ بەست. مێلوخا واتە ئەفریقیا و ئامـووروو و واتە سووریا و فینیقیـە و فـەلەسـتین و گووتیـووم بە




١– سیكوونخای شای ئیسكیت، سەدەی ٨ی پ. ز. لە ڕووی نەخشی بێستوون. ٢– سەرەئێزەی ئیسكیت و ماد كە لە شوێنی جیاجیای ماد دۆزراونەوە.

بانوویەک دەگوتراكە لە باكور و باكوری ڕۆهـەڵاتی ئاشوور هەڵكەوتبوو. لە هەزارەی یەكەمی (پ.ز) زاراوەی گووتیووم بۆ ئوورارتوو وماننا و گەلانی ماد بەكارهاتووە.

هێـرۆدۆت دەڵێ: (كاتێک كـیاكسـار – هووەخشـتـەرەی كوڕی فـرائوورت درێژەی بەشـەڕ لەگەڵ ئاشـوور دا و نەینەوای خـستـە گەمارۆ، لەشكرێكی گەورەی ئیـسكیت گەیشتن و مادیای كوڕی پرووتووتیی شای ئیسكیتەكان سـەرۆكی بوو. ئیسكیتـەكان مـاوەی بیـست و هەشت سـاڵان لـە ئاسـیـادا فـەرمـانـڕەواییـیـان كـرد و بـەهـۆی بێ سـەرەوبەرەیی و گوێ پێنەدان و بەدوور بوونیـان لە وردبینی، هەموو وڵات وێران بوو. ئەو هێرشـەی ئیـسكیتـەكان بۆ سـەر خـاكی مـاد و داسـەپانی دەسـتـەڵاتیـان بەسـەر خـاكی مـاددا سـاڵی ٦٢٥ی (پ.ز) بووە، چونكە كـیاكسـار لە سـاڵی ٥٨٥ مـرد. ئەو چاكسازیی لە سوپای ماددا پێكهێنا و بەشێوەیەكی باش ڕێكی خستەوە و پاش ٢٨ ساڵان ئیسكیتەكانی لە خاكی ماد دەركردن.

ئامـانجی فەرمـانڕەوایی ئیسكیتـەكان لەناوبردن یا لووشـدانی دەوڵەتی مـاد نەبوو، بەڵام باجێكی گرانیـان (هـەرچەند هـەر بەناویش بێ) لـە سـەر دانان. ئەوەش دەوڵەتی مـادی لە هێـز نەخست. ئیسكیتـەكـان بۆیان نـەكرا ئیـمـپـەراتووریـیـەتێكی بەهێـز

پێکبێنن، بەڵام ڕێگەیان دا بە ئاشوور کە لە دژی گەلانی ناوچە دەکاریان کا. ئەوەی ناوی پادشایەتیی ئیسکیتی لەسەر دانرا، بوو بە پێگەیەک بۆ هێرش بۆ سەر دراوسێکان و تەنانەت ناوچەکانی بەردەستی دەوڵەتی ئاشووریش و تالانیان. بۆ وێنە ناوچەکانی بەردەستی ئاشوور لە سووریا و فەلەستین و بەپێی هەندێک سەرچاوە گەیشتنەلای خاکی یەهوود و فەلەستین و میسریش. شاری (بەیت شئان) (بیسانی ئێستا) لە فەلەستین، لە سەردەمی زاڵیی فەرهەنگی یۆنانی بە (ئیسکیتۆ پوول) (شاری ئیسکیتەکان) ناو دەبراو ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە دەستەڵاتی ئیسکیت گەیشتووەتە ئەوێش.

فەرمانڕەوایی ئیسکیتەکان بۆ مادەکان لە هەندێک لایەنەوە گرینگ بوو. لەلایەکەوە فێری هونەری سواری و تیرئەندازیی وان بوون. لەلایەکی ترەوە دەستەڵاتی ئیسکیتەکان زمانێکی هاوبەشی لە سەرتاسەری خاکی بەردەستیاندا بە مادیشەوە لەنێو هۆزەکاندا پێک هێنا. دوای شکانی ئیسکیتەکانیش مادەکان ڕۆڵەکانی خۆیان بۆ فێربوونی هونەری سواری و تیرهاویشتن و زمانی ئیسکیتیش بەوان دەسپاردن. پاش ٢٨ ساڵان کیاکسار (هووەخشتەرە) ئیسکیتەکانی وەک دوایە باس دەکرێ تێک شکاندن و دەوڵەتی ماد کە بەدەست لێ نەدراوی مابووەوە و هەر باجێکی دەدا بە ئیسکیتەکان، کەوتەوە سەرپێ. ئیسکیتەکان دوای شکان گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان. پاشانیش بوونە بەشێک لە ماد.

## سەرچاوەکانی مێژووی ماد

مێژووی ماد لە کتێبەکاندا زۆرتر لە زمانی دوو مێژوونووسی کۆن (هێرۆدۆت و کەتزیاس)ەوە باس کراوە. زۆربەی بەرهەمی ئەو مێژوو نووسانەی باسی مادەکانیان کردووە، – تەنانەت (دیاکۆنۆف)یش کە زۆری خۆ بەساغکردنەوەی مێژووی مادەوە ماندوو کردووە، گومانی ڕاست و دروستبوونی ڕوانگەکانی هێرۆدۆتدانییە – باوەڕیان پتر بەهێرۆدۆت هەیە تاکەتزیاس، چونکە پێیان وایە کەتزیاس زۆرتر پەنای بردووەتە بەر ئەفسانە. بەڵام خۆ باسەکەی هێرۆدۆتیش لەسەر مادەکان بەتاڵ لە ئەفسانە نین. بۆ وێنە ئەفسانەکەی مانداناو لە دایکبوونی کووورۆش کە لە پێشەکیدا باسمان کرد، یا ئەو ئەفسانەی لەسەر گەڕانەوەی ئیسکیتەکان بۆ وڵاتی خۆیان

دەیگێڕێتەوە. هێرۆدۆت لەو بارەوە دەڵێ: (ژنانی ئیسکیتەکان لە ماوەی سی ساڵدا کە چاوەڕوانی مێردەکانیان بوون، شوویان بە کۆیلەکانی خۆیان کردەوە. لە کاتی گەڕانەوەی ئیسکیتەکاندا، ئەو کۆیلەزادانە ویستیان پێشیان پێ بگرن. لە نیزیک (میووس)ی ئێستا، دەستیان کرد بە خۆڕاگری، بەڵام چونکە بەنیزادە بوون، هەرکە ئیسکیتەکان لە جیاتیی شمشێر شێللاقیان لێ بەدەستەوە گرتن، هەڵاتن و تێشکان). کە ئەوەش ناتوانێ هیچ پێوەندییەکی بە ڕاستییەوە هەبێ.

دیاکۆنۆف لە لاپەڕەی ٢٧١ی کتێبەکەیدا دەڵێ، نوسراوەکانی هێرۆدۆت بابەتی دژ بەیەکی زۆریشی تێدان، بۆ وێنە لەسەر تێشکانی مادەکان لە ئیسکیتەکان لە جێگەیەک دەڵێ: (کاتێک کیاکسار (هووەخشتەرە) پاش سەرکەوتن بەسەر ئاشووریياندا نەینەوای گەمارۆ دا و لە چەند دێرێکی دواتردا نووسراوەکانی وا دەگەیێنێ کە ئیسکیتەکان ڕاستەوخۆ پاش تێپەڕین لە زنجیرەی سەرەکیی کێوەکانی قەفقاس دەگەڵ مادەکان بەشەڕهاتن. بابەتی یەکەم ڕاست نییە، چونکە کیاکسار تەنیا دوای تەواوکردنی کاری ئیسکیتەکان دەیتوانی نەینەوا بخاتە گەمارۆ و لە ٦٥٢ی (پ.ز)ش هێشتا ئاشوور هەندە لاواز نەبووبوو کە ئاوا بەهاسانی پێتەختەکەی بکەوێتە گەمارۆی دوژمن. لەسەر ڕەگەز و ڕەچەڵەکی گەلانی سەر زەمینی مادیش هەڵەی گەورە دەڕوانگەکانی هێرۆدۆت دان و چەند گەلی مادی بەهەڵە بەپارس ناوبردوون، کە لە شوێنی خۆیدا باسم کردوون.

بەداخەوە لە ژمارە و ناوی پادشاکانیشدا یەکدەنگی نییە و ئەوەش بابەتەکەی هەندەی تر تەماوی کردووە، بەڵام چونکە تا ئێستا ڕوانگەی هێرۆدۆت، سەرەڕای تێکەڵاوی لەگەڵ ئەفسانەی بێ ناوەڕۆک و هەڵە لە ڕەگەزی گەلانی ناوچەی ماد و... لەوانی تر زیاتر قبووڵ کراوە. کەچی دیاکۆنۆف دەڵێ نووسراوەکەی وی لەگەڵ سەرچاوە ئاشوورییەکاندا یەک ناگرنەوە. ئەوەش وا دەنوێنێ کە ڕوانگەی هێرۆدۆتیش کە لە سەرچاوە زارەکییەکانی وەرگرتووە لە ڕاستی تەواوێک دوور کەوتوونەوە. ئەگەر بۆ ڕووداوەکانی سەردەمی هەخامەنشییان دەکرێ باوەڕ بەنووسراوەکانی بکەین، بەجێیە بەڵام لەسەر ڕوانگەی لەسەر مادەکان کە هەمووی لە دژکاران و پاشماوەی خائینانی ماد بیستراون، جێگەی باوەڕنین. بۆ وێنە بڕواننە باسی دیۆکۆس، دوای ئەو بابەتە.

ئەو دوو مێژوونووسە دوو کەسی ناسراون کە لەباری زەمانییەوە زیاتر لە هەموو ئەو کەسانەی باسی مادەکانیان کردووە لە سەردەمی دەستەڵاتی ئەو گەلە نیزیکتر بوون، بۆیەش ڕوانگەیان لەو بوارەدا زۆر جێگەی سەرنجە. بۆ ئەوەی بتوانین باشتر سەرنجەکانی مێژووی ماد هەڵسەنگێنین، پێویستە ئەو دوو مێژوونووسە و تاڕادەیەک کەش و دۆخی دەوروبەریان کە کاری کردووەتە سەر ڕوانگە و نووسراوەکانیان بناسین. بەنووسراوەکانی کەتزیاسەوە لایەنگری لە مادەکان دیارە و باسی زۆر شتی لەسەر وان کردووە کە هێرۆدۆت نەچووەتە سەریان. هێرۆدۆتیش هەرچەند بەبێلایەن ناسراوە، بەڵام بەئاشکرا لایەنگری لە پارسەکان و دژایەتی لەگەڵ مادەکانی بە نووسراوەکانەوە دیارە. هەرچەند ئەوە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە سەر ئەو بیستنە یەکلایەنەی ناوبراو لە بنەماڵەی سەردارانی خەیانەتکاری ماد یا لە پارسەکانی بیستووە، بەڵام ڕاوێژی باسکردنی لەسەر مادەکانی دەیسەلمێنی کە لە حاستیاندا بێ غەرەزیش نەبووە. بۆ وێنە کە باسی دیاکۆ دەکا دەڵێ: (یەکێک لە کەسانی بەئاوەزی ماد بەناوی دیۆکێس (Deiokis) کوڕی فرەوە رتێش (Phruortesh) هەوای بەدەستەوە گرتنی دەستەڵات و پادشایەتیی کەوتە سەری. جا بۆ دابینکردنی هەستی مەزنیخوازیی خۆی گەڵاڵەی داڕشتن)، وەک دەبینین ئەو ڕوانگەیە تەواو ناخۆشەویستیی پێوە دیارەو لە جیاتیی ئەوەی بڵێ بۆ چاکەی خەڵکەکەی کردوویەتی، دەڵێ بۆ دامرکاندنەوەی هەستی مەزنیخوازیی خۆی ئەو کارەی کرد. ئەوە لە حاڵێکدایە کە مەزنیخوازیی کووروۆش بەشانازییەوە بەباری چاکەیدا باس دەکا و پاساوی بۆ دێنێتەوە.

یا کە باسی هووەخشتەرە دەکا دەڵێ: کوڕی دیۆکێس بەناوی باپیری کرابوو. پاش مردنی باوکی (٦٥٥ی پ.ز) لەسەر تەختی دانیشت. ئەو میراتگری پادشایەتی بەسەر وڵاتێکی گەورەدا بوو، کە لە هەمەدانەوە تا بەشی ڕۆهەڵاتی دەماوەند و کەنارەکانی کەویری دەگرتەوە. دەجەنگەی تانج لەسەر نانی فرووەرتێشدا سەکاکان لە ئاقاری گۆلی ورمێ پارسەکان لە باشووری ڕۆهەڵاتی گۆلەکە دەژیان. فرەوە رتێش پارسەکانی بەتەواوی کردە فەرمانبەرداری خۆی و لەگەڵ مانتائییان و کیمەرییاندا دۆستایەتیی دامەزراند. ئەو سیاسەتی باوکی خۆی لە ڕاگرتنی دڵی ئاشوور درێژە پێ داو هەموو ساڵێ باجی خۆی لە کاتی دیاریکراودا دەدا. بەڵام پاش ماوەیەک لە ئاکامی لە خۆباییبوونی بەهۆی زاڵبوونی بەسەر پارسەکاندا و پێکهاتنی لەگەڵ

کیمێرییان و مانتائییان، بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر ئاشوور و وڵاتەکەی بەتەواوی سەربەخۆ بکات و بەدوای ئەو بڕیارەدا، بەهێزێکی قورسەوە بەرەو نەینەوای پێتەختی ئاشوور کەوتەڕێ.

وەک دەبینین، لێرەشدا سەربەخۆییخوازیی پادشای ماد چۆن بە نیشانەی لە خۆباییبوون دادەنێ و باشووری گۆلی ورمێش دەکاتە وڵاتی پارسان، کە هەموو دەزانین لە نێوان گۆلی ورمێ و شوێنی پارسەکان مەودایەکی زۆر دوور هەیە کە ئێستا بە ئوتۆمۆبێلیش ڕێگەی زیاتر لە ڕۆژە ڕێیەکە. ئەوە نیشان دەدا کە هێرۆدۆت نەک هەر قینی لە مادەکان بووە، بەڵکو بەپێچەوانەی پێهەڵاکوتنی هەندێکان ئەوەندەش لە نووسینەکانیدا ڕاست و وردبین نییە و بابەتەکانی زۆریش زیاتر لە ئی کەتزیاس بۆ باوەڕپێکردن نابن.

هێرۆدۆت لە گەنجیدا ناچار بووە وڵاتەکەی بەجێ بێڵێ، زۆر گەڕاوە و بەشی باکوری لێوارەکانی دەریای ڕەش و ئاسیای بچووک و فینیقیە و میسر و بابل و ماد و پارس و مەقدوونییەشی دیون. لە ٤٤٧ی پ. ز چووەتە ئاتێن و کتێبە مێژووییەکەی تەواو کرد و هەر لەوێش لە ٤٢٥ی پ.ز مردووە.

کەتزیاس، مێژوونووسی یوونانی پزیشکێکی بەناوبانگ و خزمی بوقرات بوو. لە ٤١٤ی (پ.ز) بەدەستی پارسەکان بەدیل گیراو بردرایە دەرباری داریووشی دووەم. ماوەیەکیش لە دەرباری ئەردەشیری دووەمدا ژیا. جارجارەش بۆ دیلمانج لەگەڵ یۆنانییەکاندا کەلکی لێ وەردەگیرا. لە ٣٩٨ی (پ.ز) لەلایەن پادشاوە بەڕاسپاردە چووبووە سپارت. پاشان گەڕاوە وڵاتی خۆی و دەستی کرد بەنووسین. ئەوانەی باوەڕ بەکەتزیاس ناکەن و هێرۆدۆت بە ڕاستتر دەزانن (تەنانەت دیاکۆنۆفیش) دەڵێن کەتزیاس بە قسەی خۆی بۆ نووسراوەکانی لەسەر پارسەکان لە ساڵنامەکانی هەخامەنشییان کەلکی وەرگرتووە. ئەوان ناوبراو ئاوا وەدرۆ دەخەنەوە کە گۆیا زمانی ڕۆهەڵاتییانی نەزانیوە، بۆیەش نەیتوانیوە ساڵنامەکانی پادشایی بخوێنێتەوە. ئەو دەلیلە بێگومان زۆر سست و بێنرخە، چونکە کەتزیاس ١٧ساڵان لە دەرباری پادشاکانی هەخامەنشی پزیشک بووە بۆ پێوەندی لەگەڵ نەخۆشەکانیشی بێ بێگومان زمانی دەرباری پارسەکان باش فێر بووە. هەر بەو هۆیەش بووە کە بەدیلمانجی ناردوویانەتە لای یۆنانییەکان. ئەدی ئەگەر پارسیی نەزانیوە چۆنی دیلمانجەتی کردووە؟ ئەوجار فێربوونی زمانی پارسیس یا هەرزمانێکی تر بۆ

کەسێکی تەنانەت بێسەوادیش کە ماوەی ١٧ ساڵان لەناو گەلێکی بێگانەدا ژیابێ کە زمانیانی نەزانیبێ، تەنانەت ئەگەر شوانیش بووبێ نەک پزیشکێکی خوێندەوار، هاسان بووەو شتێکی ئەوەندە سەیر نییە. بێجگە لەوەش وەک لەسەرەوە باس کرا وەک دیلمانجیش بۆ پێوەندی لەگەڵ یوونانییان کەلکی لێ وەرگیراوە. با وەک ئەوانیش دەڵێن یۆنانیی زۆریش لە دەرباری شاکانی هەخامەنشی هەبووبن. جا با لەسەر بەردەنووسی بێستوونیش بەهەر هۆیەک ئەفسانەی سازکرد بێ، هیچکام لەوانە سەلمێنەری ئەوەنین کە کەتزیاس زمانی هەخامەنشییانی نەزانیوە. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە لەسەر کەتزیاس وەجواب بێین، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەگەر کەتزیاس زۆر شتی کوتوون کە بۆ باوەڕپێکردن نابن، نووسراوەکانی هێرۆدۆتیش بەدوور لە ئەفسانە و درۆ نین. لەسەر جیاوازیی ناوەکانیش شتێکی سەیر نییە. مێژوو دەڵێ کووروٚش، کەچی کووروٚش بەخۆی دەڵێ (کور ئاس) و هەروەها سیرووسیشی پێ کوتراوە. چاو لە ناوەکانی پادشایانی مادیش کەن کە بەچەند جۆر کوتراون. بەڵام زۆر بابەتی تر لە نووسراوەکانی کەتزیاسدا هەن کە نیشان دەدەن درۆو شتی لە خۆڕا سازکراوی زۆری تێدان، لەو بارەوە دوو جیاوازی لە نێوان کەتزیاس و هێرۆدۆتدا هەیە. یەکیان ئەوەی کە هێرۆدۆت لە ڕاست و درۆ چی بیستووە، بەبێ دەست تێوەردان گێڕاویەتەوە، بەڵام کەتزیاس بەکەیفی خۆی دەستی تێ وەرداون. دووەمیان ئەوەی کە هێرۆدۆت بەئاشکرا نووسراوەکانی بەقازانجی هەخامەنشییان بوون و لە دژی مادەکان، بەڵام ئی کەتزیاس بەپێچەوانی وی بوون.
کەتزیاس ناوی پادشاکانی مادی ئاوا نووسیوە:

| | |
|---|---|
| ئاریاکس | ٢٨ساڵی پادشایەتی کردووە |
| منداکس | ٥٠ ساڵی پادشایەتی کردووە |
| سووسارمس | ٣٠ ساڵی پادشایەتی کردووە |
| ئارتیاس | ٥٠ ساڵی پادشایەتی کردووە |
| ئەربیانس | ٢٢ ساڵی پادشایەتی کردووە |
| ئارسەیووس | ٤٠ساڵی پادشایەتی کردووە |
| ئارتەنس | ٢٢ ساڵی پادشایەتی کردووە |
| ئارتی بارنس | ١٤ساڵی پادشایەتی کردووە |

ئاستی براس   ٤٠ ساڵی پادشایەتی کردووە
ئەسپەنداس   ٣٥ ساڵی پادشایەتی کردووە
ئاستیاکس   ٣٥ ساڵی پادشایەتی کردووە

کەتزیاس دەڵێ ناوی دوایین پادشای ماد ئەسپەرەس و نازناوی ئاستیاکس بووە بەڵام بەپێی نووسراوەی هێرۆدۆت ژمارەی پادشایانی ماد ٤ بووە کە ناوەکانیان ئاوایە:

| | |
|---|---|
| دیوکیس | ٥٠ ساڵی پادشایەتی کردووە ناوی خۆی دیاکۆ بووە. |
| فرا ئوورتیس | ٢٢ ساڵی پادشایەتی کردووە ناوی خۆی فرەوەرتیش بووە. |
| سیاکزار | ٤٠ ساڵی پادشایەتی کردووە ناوی خۆی هووەخشتەرە بووە. |
| ئاستیاز | ٣٣ ساڵی پادشایەتی کردووە ناوی خۆی ئیختوویگۆ یا ئیشتوویگوو بووە. |

جیاوازیی ژمارەی پادشایانی هێرۆدۆت و کەتزیاس لەوەڕادێ کە کەتزیاس ناوی سەرۆکانی بەدەستەڵاتی هەندێک لە هۆزەکانی ماد و هەروەها لەوانەیە پادشایانیماننایی و ئاراراتیشی بەناوی پادشای مادستان ناوبردبن بۆ وێنە سارکۆنی دووەم لەناو باجدەرانی خۆیدا ناوی ئاریاک و ئارتی و منداکی هێناوە کە دەبێ ئاریاکس و ئارتیاس و مانداکس بن ئەو سێیانە هەر لەیەک کاتدا هەر کەسەی لە ناوچەی خۆیدا فەرمانڕەوا بوونە. هێرۆدۆت دەنووسێ مادەکان لە کۆندا بەگشتی بە ئاریان ناودەبران، بەڵام کاتێک هاتنە ئاتێن ناوەکەیان بوو بە ماد.

هێرۆدۆت لە گەشتەکەیدا نەوەکانی ئارپاکس و زۆر لە کەسانی بنەماڵە گەورەکانی هەخامەنشیی دیتن و بەسەرهاتی مادەکانی لە زمانی ئەوانەوە نووسییەوە. بێگومان ئەو بیستنانەی کە هەموو یەکلایەنە و لە زاری دوژمنانی پادشاکانی ماد، بەتایبەتی (ئیختوویگوو)وە بوون، زۆر شتی ناڕاستیان تێ ئاخنراون، کە زۆرتر وێنەی لایەنگری لە هەخامەنشییان و بەڵگە بۆ پاساودانی خەیانەتی باپیریان بە نەتەوەی خۆی، دەداتە نووسراوەکانی هێرۆدۆت. وەک پێشتریش باسمان کرد، چەند هۆزی کوردستانیشی هەر بەپارس ناوبردوون. ئەوانە و زۆری تریش دەیسەلمێنن کە هێرۆدۆتیش زۆر بۆ باوەرپێکردن نابێ.

بەسەرهاتی لەدایکبوون و پەروەردەبوونی کووروش، کە هێرۆدۆت لە پارسەکانی

دەسـتـەڵاتداری بیـسـتـووە درۆی ئاشکراو ئەفـسـانەی زۆری تێـدایە کـە چونکە لە پێشـەکیی ئەو کـتێبـەدا باسی کراوە لێرەدا هێنانەوەی پێویست ناکـا. هەرچەندە زنجـیـرە پادشـایانی مـاد بەپێی ئەو ناوانە بـاس کـراون کـە دیاکـۆنۆف سـاغی کردوونەوە، بەڵام بەجێیە روانگەی کەتزیاسیش لەو بوارەدا لەبیر نەکرێ کە زۆرتر وەڕاسـتـی دەچێ. کـەتزیـاسـی مـێـژوونووس کـە لە سـاڵی ٤١٠ی (پ.ز) هـاتـووەتە دەرباری ئێران و پزیشکی ئەردەشیری دووەم بووە.

کەتزیاس دەڵێ: (ساردانـاپال)ی دوایین پادشـای ئاشـوور پیـاوێکی خۆشگوزەران بوو و لە خـۆشـرابوێری و تێکەڵاوی دەگـەڵ ژنانی مـارە نەکـراودا نقـووم بووبوو و لە دەمــوچاو ڕازاندنـەوە و کـردنـەبەری جلکی ژنانـە لە ژنان وەپێش کــەوتبـــووەوە و بەردەوام خــەریکی خــواردنـەوەی مــەی و کــاری ناڕەواو شــوورەیی بوو و هـەر ئەو کـارانەش بووبوونـە هۆی ئەوەی ژیانی خـۆی بـەشـێـوەیـەکی پڕلە شـەرم و شـوورەیی تەواو کـا، کە بوو بەهۆی تێـداچوونی دەوڵەتی ئـاشـووریش. بـەو واتایە کـە ئاربـاکس سـەرۆکی ئەو پاسـەوانـانە بوو کە هەمـوو سـاڵێ مـادەکان بۆ پارێزگـاری دەیانناردنە نەینەوای پێـتەخـتی ئاشـوور و پیـاوێکی دڵگەورە و بەورە بوو و لەگـەڵ سـەرۆکی ئەو پاسـەوانـانەی بابلیـیـەکـان بۆ پاسـەوانـی ناردبوویاننە نەینەوا، بوو بەدۆست و لێێ نیزیک بووەوە و بۆ هەسـتانەوە لە دژی ئاشوورییـەکان و لێخستنی دەوڵەتـی ئاشـوور، لەگـەڵی کـەوتە گـەنگەشـە. سـەرۆکی پاسـەوانـانی بـابلی کـە ناوی (پەلـەزیس) بوو و لەگـەڵ کـاهینـانی بابلی دۆسـتـایەتیی هـەبوو و شـارەزای ئەسـتێرەناسـی و چەگناسـی بوو، بە ئاربـاکسـی ڕاگەیاند کە تۆ دەبیە فەرمـانڕەوای هـەمـوو ئەو وڵاتانەی پادشـای ئاشـوور فەرمـانڕەواییـیـان بەسەردا دەکا. ئارباکس بەو پێشگوتنە شـادمـان و دڵگەرم بوو. بەڵێنیی بە (پەلەزیس)دا کە ئەگەر دەوڵەتی ئاشوور بڕووخێ، فەرمانڕەوایی بابل دەداتە وی و بەو ئاگـەدارییـەی لەسـەر گـەندەڵیی دەربار و نـزمـیی ئەخـلاقی پادشـای ئاشـوور وەدەسـتی کـەوتبوون، بڕیاری هـاوکـارییـان داو وایان دانـا کە ئاربـاکس مـاد و پارسـەکان و پەلەزیسـیش بابلی و عەرەبـەکان لە دژی ئاشـوور پێک بێنن و بۆ شـۆڕش هـانیـاندەن و هـەر بەوپـیـلانە سـاڵی دواتر، کـە نـۆرە پاسـەوانیـیـەکـەیان لە دەرباری نەینـەوادا گـەیشـتێ، هـەر کـامـە لەگـەڵ هاوپەیمـانـانی خـۆ، بەنـاوی چوونە شـوێنی خـزمـەت، بەرەو نـەینەوا کـەوتنەڕێ و ژمـارەیان دەگەیشـتـە چوارسـەت هـەزارکـەس. پادشـای ئاشـوور کە پێی زانی بۆ بەربەرەکانی بە لەشکرەوە لە شـار هاتە دەرێ و لە

سێ شەڕدا پاشەکشەی بە یاغییان کرد و ئارباکس خەریک بوو ناهومید دەبوو کە بیستی لەشکری (باختەر) دێتە یاریدەی ئاشوور. بەو هەواڵە بۆ لای لەشکری (باختەر) چوو و بۆ هاوکاریی خۆی و هەستانەوە لە دژی شای ئاشوور هانی دان. باختەرییەکان بە بیستنی هەواڵی ڕزگار بوون لەژێر نیری ئاشوور زۆر بە دڵخۆشییەوە چوونە یاریدەی ئارباکس و پادشای ئاشوور بێ ئاگا لەو دۆخە، پاش سەرکەوتنەکانی سەرەتایی، خەریکی کەیف و ئاهەنگ بوو، جا هاوپەیمانان، بە شەویەلغارێک سپای ئاشووریان تێک شکاند و نەینەوایان گەمارۆدا و پادشای ئاسوور لە شاردا مایەوە و ژنبراکەی بەهێزێکەوە بۆ شەڕ نارده دەرێ. ئەو لەشکرەش بەدەستی ئارباکس تێک شکاو سەردارەکەی کوژرا، بەڵام (سارداناپال) بەپشت بەستن بە قایمیی دیوارەکانی نەینەوا، بۆ داوای یارمەتی نامەی بۆ هەموو وڵاتانی بەردەستی ئاشوور نووسی. کەچی هەموو ئەو وڵاتانەش کە مزگێنیی ئازادییان پێ گەیشتبوو هەستانەوە. چونکە ڕازوێژێک کوتبووی کەس ناتوانێ نەینەوا بگرێ مەگەر دیجلەی لە دژی شارەکە دەکارکا، پادشای ئاشوور دڵنیا بوو، تا بارانەیەکی زۆر توند باری کە تۆفان و هەستانی ئاوی دیجلە و لە ئاکامدا ڕووخانی بەشێک لە شوورەی شاری بەدواوە بوو و نیزیکەی بیست ئیستاد (نیزیکەی چوار کیلۆمەتر) لە دیواری دەوری نەینەوای تێکدا. ئەوە پادشای ئاشووری هیوابڕاو کرد و چونکە نەیدەویست بکەوێتە دەستی دوژمن، بە ژن و منداڵ و جلکە جوانەکان و زێڕ و گەوهەرەکانی خۆیەوە لە شوێنێک کۆبووەوە و فەرمانی دا جێگەکە ئاگر دەن و هەموو لەنێو گڕی ئاگرەکەدا سووتان و بوونە خۆڵەمێش و ئاوا ئارباکێس بوو بە شا و (پەلەزیس)ی کردە شای بابل.

پاش ئاشوور مادەکان لەژێر پادشایەتیی ئارباکێسدا بوونە ئاغا و فەرمانڕەوای ئاسیا، ئارباکێس ٢٨ ساڵان پادشایەتیی کرد و پاش وی مانداکێس بوو بە شا و پەنجا ساڵان ئاسیای بەڕێوە برد. کەتزیاس پاشان ناوی پادشاکانی تری ماد دەبا بەڵام لە سەردەمی (ئاستی بارێس)دا باسی شەڕێکی گەورە دەکا کە لەنێوان مادەکان و کادووسییەکان دا ڕووی داوە و دەڵێ لە سەردەمی (ئاستی بارێس)دا پارتەکان لە دەوڵەتی مادەکان یاخی بوون و سەکاکانیان ڕێگەدا بچنە نێو خاکیان و پاش چەند ساڵان شەڕ، ئاشت بوونەوە. پارتەکان هاتنەوە ژێر فەرمانی مادەکان و سنووری پێشووی خۆیان ڕاگرت و یەکەتییان لەنێواندا بەرقەرار بووەوە. دوایین

پادشای مادانیش بەئاس پاداس ناودەبا کە پادشایەتییەکەی بە دەستی کوورۆش کەوتە دەستی پارسەکان.

(مارئایسا کانیا)ی مێژوونووسی ئەرمەنی ناوی پادشاکانی ماد ئاوا دەبا: وارياس، مائوودا ئۆکێس، ئارتی سێس، دیووکێس، فرائوورتێس، کیاکسار، ئاشناهاک.

وەک دەبینین، نەک هەر لەناو، لە ژمارەشدا لە نێوان مێژوونووسان، لەسەر پادشایانی ماد جیاوازیی زۆر هەیە. ئەو جیاوازییە تەنانەت ماوەی دەستەڵاتەکەشیان دەگرێتەوە. سەرچاوەیەکی تریش تەختە نووسراوە یا بەردەنووسەکانی پادشایانی ئاشوورە. ئەو سەرچاوەش هەرچەند ئی سەردەمی ڕووداوەکانە بەڵام شتەکانی یەکلایەنە و ناتەواون و بەپێی دابی پادشایانی ئاشوور لە باسی سەرکەوتنەکاندا زۆری پێوە نراوە و لەسەر تێشکانەکانیش یا خۆیان لە باسەکە بواردووە یا ئەوانیشیان بەسەرکەوتنی خۆیان لە قەڵەم داوە. سەرەڕای ئەو کەمایەسییەش بەبڕوای من، ئەو نووسراوانە زۆر جێگەی بایەخن و ڕاستیی زیاتریان لێ هەڵدێنجرێ. بۆیە تائەو جێگەیەی دەستم کەوتوون ئاماژەم پێ کردوون.

ئەو نووسراوانە یا نامەن، یاپرسیاری پادشایانن لە خوا، کە کاهینان (پێشەوایانی ئاینی)، وەڵامەکەیان وەرگرتووەتەوە و داویانەتەوە پادشا و، یا بەردەنووسی پادشاکانن.

دیاکۆنۆف دەڵێ: (هەندێک لێکۆڵەرەوە دەڵێن هەستانەوەکە بە تێشکانی ماد و کوژرانی (خشەتریتی) کۆتایی پێهات. بەڵام لە سەرچاوەکان ڕا هیچ دانپێدانانێک بۆ ئەو داوایەوە دەوست ناکەوێ. هۆی ئەو قسەیان کوێرکوێرانە وەدواکەوتنی سەرچاوە ئاشوورییەکان (کە تەنیا باسی سەرکەوتنەکانی خۆیان دەکەن و ئەو


ئەسەرحەدوون لە نەخۆشی زەقی
ئاشووری سەدەی ٧ی پ. ز

سەرکەوتنانەش لە تێشکان بەدەر شتێک نەبوونە).... ئەو ڕوانگەیە هەرچەند هەندێک ڕاستیی تێدانە، بەڵام وەک لەسەرەوە دەبینن، نووسراوەکان هەمووشیان هەرباسی سەرکەوتن ناکەن. بۆ وێنە ئەو پرسیارانەی لە خوا دەکرێن و کاهینان وەڵامەکەی بۆ شا دێننەوە، یا نامەو ڕاپۆرتەکان. ئەوانە هەرچەند ناڕاستەوخۆ، بەڵام بەڕوونی شکانی ئاشوورو بەربڵاویی شۆڕش دەنوێنن. بەڵام لەسەرکوژرانی خشتەریتە ڕوانگەی دیاکۆنۆف زیاتر لە ڕاستی نیزیکە.

## یەکێتیی هۆزەکانی ماد

پاش خەیانەتی ئیسکیتەکان، مادەکان هەر لە هەلێکی لەبار دەگەڕان. تەنانەت لە سەردەمی (فرائۆرتیش Fraortise) هێرشیان کردە سەر ئاشوور، بەڵام چییان بۆ نەکرا (٦٤٣پ.ز). تا سەرەنجام لە سەردەمی کیاکساردا ئەو ئاواتە هاتەدی و بە لەناوبردنی ئاشوور و وێرانکردنی نەینەوای پێتەختی، ناوچەکەی لە دەستی ئاسوودە کردن.

ئەوەی لە خوارەوە دەیبینن کورتەیەکە لە ئاگەداریی وەدەستهاتوو لە تەختە نووسراوەکانی پادشای ئاشوور، یا نامە و ڕاپۆرت و ڕا وەرگرتنەکانی، کە نیشان دەدا لە ساڵی ٦٧٣ی (پ.ز)، شۆڕشێکی گەورە لە دژی دەستەڵاتی ئاشوور لە گۆڕێدا بووەو گوشارێکی زۆری لەلایەن گەلانی ناوچە کەوتووەتە سەر.

هەستانەوەی مادەکان لە دەوروبەری نەورۆزی ئاشووری، واتە مانگی مارس ئاپریلی ساڵی ٦٧٣ی (پ.ز) دەستی پێ کرد. (خشتەریتی)ی پێشەوای گوندی (کارکاشی) ڕێبەر و پێکهێنەری بوو. ئەو توانی یاریدەی (مامی تیارشوو)ی پێشەوای پێشووی گوند لە هەرێمی (مادای) و (دووسانني)ی پێشەوای پێشووی گوند لە هەرێمی (سپاردا) بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. ئەو پێشەوایانە پێیان دەکوترا (دەهیوو پەتی) کە پێشەوای هۆز بوون و قسەیان کەمتر لە ئی (ویس پەتی) نەدەڕۆیی، کە نوێنەری حکوومەتی ئاشوور بوو. ئاشوورییان بۆ کەلک وەرگرتن لە دەست ڕۆیشتنی (دەهیوو پەتی) دەیانکردە (ویس پەتی)ش. ئاوا سێ پێشەوای هاوسەنگی سێ هەرێم یەکیان گرت. بەڵام بەپرسیارەکان ڕا دەردەکەوێ کە (خشتەریتی) کەسایەتییەکی بێ ڕکەبەر بوو. باسی شەڕ لەگەڵ خشتەریتی

لەونووسراوەی ئا سەرحەدووندا دێ کە دەڵێ: (من وڵاتی (بارناکا Barnaka)، دوژمنی فێڵەباز و دانیشتووانی وڵاتی (تیلاشووری Tilashurey) کە ناوی کەوتبووە سەرزاری خەڵکی (مێخرانوو Mekhranu)و شاری (پیتانوو)یە، خستمنە ژێر پێیان). هەرسێک پێشەواو سکیتەکان وماننا کە ڕێک کەوتبون، وێکڕا وەخۆ کەوتن و زەبری گەورەیان لە ئاشووردا. چی وای پێ نەچوو (١ی مانگی ئایار) لەشکری (خشتەریتی) هەرێمی دراوسێیان (کیشەسوو) و قەڵاکەیانی هەر بەوناوە گەمارۆ داوە. کیمەرییەکان و مادەکان (واتە پیاوانی مامی تیارشوو) و ماننا کان بە هاوپەیمانی وی دەهاتنە ئەژمار. هەر لەو کاتەدا ئاشوورییەکان لەبارەی چارەنووسی قەڵاگەلی تری تووشی مەترسی بووی وەک (کاربیتوو) کە کەوتبووە گەمارۆی ئەو لەشکرە و قەڵایەکی دی کە ناوی نەزانراوەو (دووسانی ساپاردی) گەمارۆی داوە، لە خوا پرسیار کراوە. وێدەچێ گەمارۆدەران، یاریدەی (خشتەریتی) و کیمەرییان و مانناییان و ئی تریان لە پشت بووبێ.

لە٤ی ئەیار لەبارەی چارەنووسی قەڵای (سوو با...) – وێدەچێ (سیبارا یا سیبوورا) لە نیزیک زەنجانی ئێستابێ – کە کەوتووەتە گەمارۆی (خشتەریتی) و هاوپەیمانانی، لە خوا پرسیار کراوە. لە ٦ی ئەیاریش لەبارەی قەڵای (ئووشیشا) پرسیار کراوە و تەنیا ٧ ڕۆژ کات بۆ وەڵامەکەی دانراوە. ئەوە وا دەگەیێنێ کە پادشاکە پێی وابووە قەڵای ناوبراو هەر توانای ٧ ڕۆژ خۆ ڕاگرتنی هەیە. شوێنی زۆری ئەو قەڵایانە دیار نییە، بەڵام دەبێ ناوچەیەکی بەربڵاویان داگرتبێ. هەرچۆنێک بێ لە سەرەتای ئایاری ٦٧٣ی (پ.ز)، سەرهەڵدان ناوچەیەکی بەربڵاوی گرتەوە. مەترسیی شکان ژمارەیەکی زۆر لە قەڵاکانی ئاشووری داگرت. هەستانەوەکە ئەوجار وەک جاران ناوچەیی نەبوو. بۆ وێنە ئەوانەی قەڵای (کیشەسوو)یان گەمارۆ دابوو، ئیتر ئەوانە نەبوون کە بەنیزیکبوونەوەی لەشکری ئاشوور هەڵێن و بەبێ بەربەرەکانی گوندەکانی خۆیان بەجی بێڵن و ڕاکەنە کێوەکان.

پادشای ئاشوور لە دەی ئایار پرسیارێک لە خوا دەکا. ئەوان بەتەمابوون بە ملەی (ساپاردا) دا تێپەڕن و قەڵای (کیلمان) بگرن و وەک پێگەیەک بۆ ئەرتەشی ئاشوور کەلکی لێ وەرگرن. بەڵام وا دیارە هەڵمەتی ئەرتەشی ئاشوور سەرنەکەوت و دیسان سەرهەڵداوان لە مانگی سیمان (مەی – جوون)، قەڵایەکی تری ئاشووریان خستە

مەترسی. لە (٢٥ی سیمان، واتە نێوەڕاستەکانی جوون) لەبارەی (بەیت هامبان) پرسیارێک لە خوا کراوە کە بەداخەوە هەر ناوی ئیسکیتەکان – (ئیشکووزا)ی لێ دەخوێندرێتەوە و پرسیارێکیش لەمەڕ کەسێکی ناونەبراو کراوە کە هەڕەشە لە (سی سیرتوو Sissirtu) (قەڵای خارخارییەکان لە سنووری عێلام) دەکا. بەو پێیە دەردەکەوێ سەرهەڵداوان گەیشتوونەتە دۆڵی دیالە. ئاشوور سەرزەمینی مادی هەموو بێجگەلە (زاموئا) و (پارسووئا) لە دەست چووبوو و خشتەریتی دوایین ملەکانی ئەو کێوانەی خستبووە مەترسی کە دەیانڕوانییە سەر دەشتی نێوان دووچۆمان. دۆخەکە لە پارسووئاش لەبار نەبوو. لەوانەیە ئەو نامەی (نابووریمانی)ی سەرۆکی هەرێمی پارسووا بۆ پادشای ئاشووری نووسیوە، هەر ئی ئەو دەمانە بێ. نووسەر ڕادەگەیێنێ کە لەشکریماننا کەسانی هۆزی (زالیتپیان) گرتووە کە ژمارەیەک ئەسپیان لە بابەت باج وەرگرتبوو و دەیانبردنە (نیکووری) پێتەختی (پارسووئا). چوار کەسیان هەڵاتوون و ڕاپۆرتیان داوەتەوە سەرۆکی هەرێم. لەو سەروبەندەدا بارودۆخی ئاشوور زۆر هاڵۆز بوو. لەگەڵ فینیقیە لە کێشەدا بوو، لەگەڵ میسر شەڕی تەواو نەبووبوو، لای مادی لێ هەستابووەوە. ژمارەیەکی زۆریش خەڵک لەبەر ستەمی ئاشوور هەڵاتبوون. ئاشوورییان لە سەرەتای٦٧٢ی (پ.ز) تێکۆشان لەگەڵ (خشتەریتی) وتووێژ بکەن. هەروەها دەیانەویست دووبەرەکی لە نێوان یەکگرتوواندا پێکبێنن. ئەوانە هەموو بەو پرسیارانەدا دیارن کە لە خوا کراون. لەنیزیک بەهەموو ئەو پرسیارانەی لە خوا کراون هەر ناوی کیمەرییان هاتووەو ناوی (ئیسکیتەکان) (ئیشکووزا) تەنیا لە کۆتایی کاردا لە بابەتی دابڕدابڕی کوتە نووسراوێکدا براوە، کە باسی شەڕ لە هەرێمی (بەیت هامبان) دەکا. هەروەها لە پرسیارێک لەسەر ناردنی پەیک بۆ لای (مامی تی ئارشوو)دا ناوی ئیسکیتەکان لە تەنیشت ناوی کیمەرییان دا هاتووە. دیاکۆنۆف هەر دەیەوێ بیسەلمێنێ کیمەرییان هەر نەبوون و ئیسکیتەکان بوونە بەڵام ئەو هەموو ناوی کیمەرییەکان بردن و ناوی ئیسکیت نەهێنان بۆ خۆی نیشانەی بوون و تەنانەت زۆر گرینگیی کیمەرییانە و ئەگەر مەبەستیش لە کیمەرییان ئیسکیتەکان با، بۆچی ناوی ئیسکیتەکان دووجار دەگەڵ ئی وان وێکڕا دەهات!؟. بەنووسراوەی ئا سەرحەدوونەوە وا دەردەکەوێ کە یەکەم پێشەوای ئیسکیتەکان، بەناوی (ئیشپاکای) لە شەڕی ئاشوور و ماننا (٦٧٤ی پ.ز) دا کوژرا.

مردنی ئەو شایە بۆ ئاشوورییان سەرکەوتنێکی گەورە بوو. سەرچاوەی ئاشووری بەپێچەوانەی پادشایانی پێشووی ئیسکیت، کە بەپێشەوای ناودەبردن، (پارتاتووئا) (پرووتووتی) بە ڕاشکاوی بە شای ئیسکی (پادشای وڵاتی ئیشکووزا) پادشایی ئیسکیت لە ئازەربایجان – ناو دەبا.

(پارتاتووئا) لەسەر پێشنیازی ئاشوورییان دەستی کرد بە وتووێژ دەگەڵیان و زەماوەند لەگەڵ کچی ئاسەرحەدوونی بەمەرجی دۆستایەتی لەگەڵ ئاشوور دانا. ئەو زەماوەندە بە ئامۆژگاریی پێشەوایانی ئاینیی ئاشوور – پرسیاریان بۆ لە خواکەیان کرد بوو – سەری گرت و ئاوا ئیسکیتەکان بۆ لای ئاشوور ڕاکشان و خەیانەتیان بەهاوپەیمانانی پێشوویان کرد.

سنووری پادشایەتی (ئیسکیتەکان) ڕوون نییە. بەڵام هەرچۆنێک بێ سنوورەکەیان لە (ئاشوور) دوور بووە. ئەوان لەلای گەنجە تا سنووری باکووریی (ورمێ) و (قەرەداغ) و (سەبەلان – سەهۆڵان) و سەرزەمینی (ئوووتای)یان و (ئالبانی)یان و (کادووسی)یان و... دەژیان، کە ناوکی سەرەکیی پادشاییەکەیانی لێ پێکهاتبوو.

## پێکهاتنی پادشایەتیی گەورەی ماد و تێکڕووخانی ئاشوور

بەگشتی سەردەمی مێژوویی دیاری ماد لە ئێران، لە دواییەکانی سەدەی هەشتەمی پ.ز دەست پێ دەکا. لە دەوروبەری ئەو سەدەیدا سێ گەلی ئاریایی لە شوێنگەلێک لە ئێران دامەزران و دەوڵەتی خێڵەکیی خۆیانیان پێکهێنا. ١– مادەکان لە ڕۆئاوا، ٢– پارتەکان لە ڕۆهەڵات، ٣– پارسییەکان لە باشوور.

مادەکان لە چ مێژوویەکدا هاتوونە ناوچەی کوردستان؟ ڕوون نییە. هەندێکان دەڵێن سەدەی دەیەمی پ.ز. و هەندێکانیش دەیگێڕنەوە بۆ ٦٠٠٠ ساڵ پ.ز. (بۆرۆس)ی مێژوونووسی کلدانی پێی وایە مادەکان لە سەردەمێکی زۆر کۆندا بابلیان گرتووە و بۆ ماوەی ٢٢٤ ساڵان فەرمانڕەواییان تێدا کردووە. (سەلمانەسەری سێیەم) لە ساڵی ٨٣٧ی پ.ز. گەشتێکی شەڕی بۆ سەر کوردستان دەست پێ کرد. لەو گەشتەدا ناوی دووگەلی (پارسووئا) و (ئامادای) هێناون، کە دەڵێ یەکەمیان لە کوێستانەکانی نێوان چۆمی زەهاو و دیالە و ئەوی تریان لە دەشتەکانی دەوری ئەو ناوچەی دامەزرابوون. (شەمسی ئادادی چوارەم) (٨٢٤ –

٨١٢ی پ.ز.) ناوی مادەکانی لەنێو گەلانی باجدەری خۆی بردووە. (تیگلات پیلیسێر) لە ٧٤٤ پ.ز. لەگەڵ مادەکان بەشەڕ هاتووە و هەموو خێڵەکانی ملکەچی خۆی کردوون و شێست هەزار یێخسیر و تالانێکی زۆری لە مەڕ و وشتر و.... بردووەتەوە (کالاهی) پێتەختی خۆی و یەکێک لە سەردارانی تا کێوی دەماوەند چووە و پێی وا بووە ئەویَ کۆتایی جیهانە. سارگۆنی دووەم لە ٧٢٢ی پ.ز. لەگەڵ فەلەستین بەشەڕ هات و بەنی ئیسرائیلییەکانی بەدیل گرتن و بەشێکی لیَ ناردنە شارەکانی ماد. هەر ئەو پادشایە پاشان لەگەڵ خەڵکی (ماننای) کە لە ئازەربایجان و باشووری گۆلی ورمیَ دانیشتبوون بەشەڕ هات و (دیائۆکۆ)ی سەرۆکیانی گرت و ناردیە شامات (٧١٥ی پ.ز.). بە وتەی ئاسوورییەکان ئەو کەلە لەگەڵ مادەکان خزم بوون. (ئاشووری)یان سەرەنجام لە سەردەمی (ئاسوور حەددوون)ی پادشایان لە دەماوەندیش تێپەڕین و گەیشتنە لێواری بیابانی خویَ و تالانێکی زۆریان لەگەڵ خۆیان هێناو پادشای ناوچەکەشیان کە ناوی (سی دیر پارنا) یا (ئێپارنا) بوو بەدیل گرت. پادشاکانی تری ناوچە چوونە نەینەواو بە بردنی دیاری بۆ شای ئاشوور، داوای پشتیوانییان لیَ کرد. لەنێو ئەو دیارییانەدا لاجەوەردێکی زۆر هەبوو. لاجەوەردی ئێران لە سەردەمی کۆندا ناوبانگێکی زۆری هەبوو و ئاسوورییەکان بژارەیەکی زۆری ئەو بەردەیان لە دەماوەندڕا دەبرد. هێرۆدۆت دەڵیَ مادەکان لە کۆنەوە بە ئاریان ناوبراون و پاشان خۆیان بە ماد ناوبردووە. مادەکان مەڕوماڵاتێکی زۆریان هەبوو و بە حارەبە هاتوچۆیان دەکرد. ئەوان پاش دامەزران لە ناوچەدا دەستیان کرد بە کشتوکاڵ و لە شارانیشدا دامەزران، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دوور و جیا لەیەکتری دەژیان و هەر لە کاتی مەترسیدا پێکدەهاتن و لە سەریەکیان دەکردەوە. هێرۆدۆت دەڵیَ مادەکان ٥٠٠ ساڵان دەبەردەستی ئاشووردا بوون، بەڵام لە نووسراوەکانی ئاسووردا ئەو ماوەیە زیاتر لە ٢٠٠ ساڵان نییە.

مادەکان خەڵکێکی ڕەگەز ئاریایی بوون کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەشتەم یا سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمی پ.ز دەوڵەتی مادیان پێکهێنا کاتی هاتنی ئەوان بۆ ئێران بەتەواوی ڕوون نییە هەروەک کاتی هاتنی ئارياييەکانیش بۆ ئێران ناڕوونە.

ڕۆیشتنی پارتاتووئا، سەرکەوتنی شۆڕشەکەشی ڕاگرت و ئاشوورییەکان توانییان هەرێمەکانی (خارخار) و (پارسووئا) و (بەیت هامبان) بۆ خۆیان بپارێزن.

هەستانەوە لە ناوەندی سەرەتای سەرهەڵدانەکەدا – واتە هەرێمەکانی (بەیت کاری)، مادای و سپاردا – سەرکەوتوو بوو. لە یەکێک لە نامەکانی ئاشووردا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ٦٧٢و ٦٦٩ی (پ.ز) و سیایی ناوی ئەو پادشایانەی ئاشوور بە سەربەخۆی دەزانین و بەڵام بەرواڵەت سەر بەوڵاتی ئاشووری دەهێنانە ئەژمار و ئی ساڵەکانی نێوان ٦٦٩و ٦٥٢ی (پ.ز)یە، ناوی پادشایی مادیش وەک ئوورارتوو و خووبووشکیە وماننا وەک وڵاتێکی سەربەخۆ هاتووە. هەندێکان مامی تیارشوو بە ڕێبەری ماد و لە ئاکامدا بە دیۆک دەزانن، بەڵام ئەوە لە ڕاستی بەدوورە، چونکە لە پرسیار و نووسراوەکانی ئاشووردا هەر خشتەریتی وەک ڕکەبەری ژمارەیەکی ئاشوور ناو دەبرێ و هەرێمی (مادای)ش کە لەژێر دەستی تیارشوودا بووە هەموو ماد ناگرێتەوە. لە بەردەنووسی بێستوونی داریووشدا هاتووە: (پیاوێک بەناوی فرەوەرتیش سپاییانی مادی هانداو. ئەو دەیکوت: (ئەمن کە ناوم خشتریتە، لە بنەماڵەی (کیاکسار) – هووەخشتەرەم). دیاکۆنۆف لەسەر ئەو بابەتە دەڵێ، لەوبارەوە هێرۆدۆت تووشی هەڵەیەک بووەو یا خراپیان بۆ گێڕاوەتەوە یا بۆ خۆی ماوەیەک پاش بیستن لە نووسینەوەدا لێی تێکەڵ بووە، یا گێڕەرەوە باش یۆنانیی نەزانیوە و بەهەڵەی بردووە، دەنا دەبێ ناوی خشتەریتی لە جێگەی فرەوەرتیش دانێین. هەرێمی دەستەڵاتی خشتەریتی بەیت کاری و ناوەندەکەی کارکاشی – مزڵزگەی (کاسیبابووە) کە لە ناوچەی هەمەدانی ئێستا هەڵکەوتووە. شوێنی دەستەڵاتی دیۆک لە کاتی گیرانیدا ناوچەیەک بووە لە دۆڵی قزڵ ئوزوون، کە لە میانە نیزیکتر بووە تا لە هەمەدان و دوایە ئاشوورییەکان بە مادای ناویان بردو دوایە بوو بە شوێنی دەستەڵاتی (می تیارشوو) و خشتەریتی لە هەرێمێکی باشوورتر بووە. وێدەچێ ئاشوورییان ئەویان بۆیە لە شوێنی خۆی بەدوور داناوە کە لە دەستڕۆیشتنی خۆی لەنێو خەڵکی وێندەرێ کەڵک وەرنەگرێ.

لە کۆتایی سەدەی شەشەم و سەرەتای سەدەی پێنجەمی (پ.ز)، خاکی نیشتمانی ئێسکیتەکان بەشێک بووە لە ساتراپی ماد. بەو سەکایانەیان دەکوت (کڵاو خۆد تیژەکان). نە کڵاوی ئیسکیتەکان و نە ئی سەکاکان لە کڵاوی سکوونخای پێشەوای سەکاکان لە بەردەنووسی بێستوون هەڵقەندراوە درێژتر نییە. (سترابۆن) لەمەڕ پادشایەتیی ئیسکیتەکان دەنووسێ کە سەکاکان لە ئەرمەنستان باشترین زەوییەکانیان بۆ خۆیان دانابوون و شوێنەکەیان بەناوی خۆیان (سکاسنا) ناونابوو.

ئەو ناوچەیە لە نووسـراوە ئەرمـەنیـیـەکاندا بە (شـاکاشـن) هاتووە. شـوێنەکـەشی (گـەنجـە)ی ئێـسـتـایە. مـادەکـان نـاوی (سـەوکـا شـایانـا) (واتە شـوێنی ژیانی سـەکـاکـان)یان لەسـەر دانابوو. بۆ ئەو سـەرزەمـینە دەبی لە نێـوان چۆمی (کـوورا) (کۆڕ) لە نیـزیک (کەی رووئاباد) (گەنجە) و خـاکی دەوری گۆلی ورمێ، واتە خـاکی مـاننا لـە باشـووری چۆمی ئاراز، بگـەڕێین، بەڵام کۆڵینەوەی کـۆنینەناسـیی پێویست دەبی بۆ ئەو مـەبەسـتە بکرێ. ئەو شتـانەی لە گـۆڕەکانی مـینگە چائووردا دۆزراونەوە زۆر سـروشـتـییـە ئەگەر وە ئـی ئیـسکیت و کیمـێرییـەکانی دەوری بەحـری ڕەش نەچن، چونکە ئەوان لێـرەدا لـەگـەڵ خـەڵکی ناوچەدا تێکـەڵ بوون. ئەوانە بـەناوی ئیـسـکیت بەرەو بەرایی ئاسـیا وەڕێ کـەوتن، بێگومـان بەشێکیشـیـان لە خـەڵکی قەفقاز ڕەگـەڵ خۆ داوە، کە لەو سـەردەمەدا زۆرتر بە بیابانگەڕ دەناسران.

بەکـورتی دەکـرێ بڵـێـین کـە لە سـەرەتای سـەدەی حـەوتەمـی بەر لە زاین، چەند کـارتێکەری زۆر گرینگ لە مـێژوویی پێـوەندیی دەرەوەیی مـاددا پێکهـاتن. یەکەمـیـان دیاریدانی کیـمـەرییانە کە لە سـەدەی هـەشـتـەم لەلای کێـوەکانی قەفقاز ڕا بۆ بەشی ڕۆئاوا و لەوانەیە بەشی ناوەندیی قەفـقـازیش دزەیان کردبێ. ئەوان لە پێشدا لەگـەڵ ئوورارتـوو تووشـی شـــەڕ بوون و پاشـــان لـە دەوری دەیەی٧ی ســـەدەی ( ٧ی پ.ز)، لەگەڵ (رووسـا)ی دووەمی شای ئوورارتوو پەیمانی یەکێتییان بەست و (فریجیە)یان لە ئاسـیای بچووکدا تەفروتونا کرد. لە دەوری ٦٢٥ بەر لە زاین، پادشـایی ماد لەژێر دەستەڵاتی ئیسکیتەکان ڕزگار بوو.

(فـریجـیـە) تا دەیەی حـەوتەمی سـەدەی حـەوتەمی (پ.ز)، لە ئـاسـیـای بچـووکـدا دەوڵەتێکی ناسـراو و ڕێبـەر بوو و مـاوەیەکی زۆر لەوێدا فـەرمـانڕەوایی کـرد. لە ڕۆهـەڵاتی ئـەو نیـمـچـە دوورگـەیدا زۆر پادشـایەتیی بچـووک هـەبوون کـە (تـابال) لە زنجیرە کێوەکانی (تاور) یەکێک لەوانە بوو. کیمەرییان (فریجیە)یان وێران کردبوو و بەشی زۆری هـەرێمەکانی ڕۆهـەڵاتی ئاسیای بچووک (بێجگەلە باشووری ترینیان) لە سـەردەمی رووسـای دووەمدا کـەوتبوونە بەردەسـتی ئوورارتوو. لە باشـووری ڕۆئاوای ئاسیاش (باشـووری قـەیسـەرییـەی ئێستـا)، لە کۆتایی سـەدەی حەوتەم یا سـەرەتای سەدەی (٦ی پ.ز)، دەوڵەتی کیلیکیە دامەزرا کە جێگەی تاپالی گرتەوە. پادشـایانی ئەو وڵاتە بە نازناوی هۆزیی خۆیان (سیەنسی) دەناسران. ئەو دەوڵەتە تا سـەردەمی هەخامـەنشییـان مایەوە. لیدی داواکاری فەرمانڕەوایی بەسـەر تابا (کێوەکانی تاور)

بوو و دەستی وەخاکی ئوورارتووش ڕاگەیشت و لەوێ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ماد کەوتە کێشە و هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئالیاتی پادشای لیدی پشتیوانیی لە ئیسکیتەکان کرد.

١- دیاکۆ (دیۆکێس)

بەپێی حیسابی هێرۆدۆت، دیاکۆ لە ٧٢٧ی (پ.ز)و یا ئەگەر ٢٨ ساڵی ماوەی حکوومەتی (سکیتەکان)ی لێ دەرکەین لە ٦٩٩ڕا پادشایەتیی کردووە. بەڵام بەپێی ناوەڕۆکی نووسراوە ئاشوورییەکان پادشایەتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٧٨٨ - ٧٤٥ی پ.ز). (ئاشوورییەکان) دەڵێن لە (٧١٥ی پ.ز)، (دیائۆکۆ) ناوێکیان بەدیل گرتووە و دووریان خستووەتەوە بۆ (سووریا). بەوەپڕا کە ماوەی پادشایەتیی (دیائۆکۆ) ٥٣ ساڵ بووە، دەکرێ بڵێین دەستپێکی پادشایەتییەکەی ٧٦٧ی پ.ز بووە.

هێرۆدۆت دەنووسێ: (یەکێک لە کەسانی بەئاوەزی ماد بەناوی دیۆکێس (Deiokis) کوڕی فرائۆ رتێش (Phruortesh) هەوای بەدەستەوەگرتنی دەستەڵات و پادشایەتیی کەوتە سەری. جا بۆ دابینکردنی هەستی مەزنیخوازیی خۆی گەڵاڵەی داڕشتن. لەو سەردەمەدا مادەکان لە گونداندا بڵاوبووبوونەوە. هیچ حکوومەتێکیان نەبوو و لە ئاکامدا بێ یاسایی لەسەرانسەری خاکی واندا پەرەی ئەستاندبوو. دیۆکێس کە یەکێک بوو لە پیاوانی بەوەجی گوندی خۆی و لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە لە شەڕێکی بەردەوام نێوان ستەم و داد بەردەوامە. بەزۆری بۆ پەرەپێدانی دادو بەربەرەکانی لەگەڵ ستەمدا تێکۆشا. خەڵکی گوندی بە زانایی و لێهاتوویی وییان زانیبوو جا کردبوویانە نێوبژیوانی کێشەکانی خۆیان و ئەو کە لەلایەکەوە باوەڕی بە دادپەروەری بوو و لەلایەکیشەوە خوازیاری دەستەڵات بوو، لەو نێوەدا ئەوەندەی نیازپاکی و دروستکاری نواند و لەنێو هاونیشتمانانیدا هەندەی بەقا وەدەست هێنا کە سەرنجی دانیشتووانی هەموو گوندەکانی تریشی ڕاکێشا. ئەوان کە لە دێرزەمانەوە ئازاری داوەری بەدوور لە دادیان چێشتبوو، بەبیستنی ناوبانگی ڕاستی و دروستیی دیۆکیس و لەسەر هەق بوونی داوەرییەکانی ئەویان بیستبوو، کێشەکانی خۆیانیان دەبردە لای وی. کار گەیشتە ئەو جێگەیەی کە لەوی بەدەر باوەڕیان بەکەس نەدەکرد. ئاوا هاتوچۆی لای دیۆکێس ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبوو. پاش ماوەیەکی دیۆکێس کوتی چیی تر ناتوانێ بەنێوان خەڵک ڕا بگات، چونکە ئەو کارە ئەوی لە کارەکانی خۆی

وەپاش دەخات. بەو کارە دزی و خراپەکاری و بێداد، تەنانەت زیاتر لە پێشوو، برەوی ئەستاندەوە. مادییەکان کۆبوونەو هو بڕیاریان دا بۆ سەر و سامان دان بەکارەکانیان پادشـایەکی بۆ خـۆیان هەڵبـژێرن و بەتێکڕای دەنگ کـوتیـان کـەس بۆ ئـەوکـارە لە دیۆکێس باشـتر نابێ. دیۆکێس داوای کۆشکی پادشـایەتی و پاوسـەوانی لێ کردن. ئەوانیش لەو شـوێنەی کۆشـکێکیان بۆ سـاز کرد و ئیـختیـاریان دایە دەست خۆی کە لەنێو خەڵکی گەلەکەی پاسەوان بۆ خۆی هەڵبژێرێ).

(ئاوا دیۆکـێس لەسـەر تەخـتی شـایی دانیـشت. پاشـان خـەڵکی بۆ سـازکـردنی شارێکی گەورە جاڕدان و داوای لێ کردن شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بەجێ بێڵن و ڕوو دە پێـتـەخت بکەن. مـادەکان گـوێیـان دایە ئەو داوایەش و شـارێکیـان بەناوی ئۆکباتان (هـەمـەدانی ئێسـتـا)ی سـاز کرد. شـارەکە حـەوت دیواری بەدەوری یەکدا هـەبوو. هـەر دیوارەی لـەوی تر بـەرزتر بـوو. بارەگـــا و خـــەزێنەکـــانی شـــا لـەوەی نێوەڕاسـتیدا بوو. ئاقاری دیوارەکانی دەرەوە وە دیوارەوکانـی ئاتێن دەچوو. ڕەنگی ئەو حـــەوت دیوارە ســـپی، ڕەش، ئەرخـــەوانـی، شین و نارنجی بوو. ســـەربـانی دوو دیواری نێوێیـان یەک بە زێوو یەک بەزێڕ ڕووکێش کردبوو. پاش ئەوەی دیۆکێس لە ترسی پیلانگێڕی کەمتر دەکەوتە بەردەستی خزم و کەسانی.

(داواکارییەکانی خـەڵکی بۆ شا دەنووسراو ئەویش بڕیاری لەسـەر دەدان و بڕیاری خـۆی بەخـاوەنـانی ڕادەگـەیاند. بێـجگە لەوەش، زیرەڤـان و زوانگری بە هـەمـوو وڵاتدا بڵاوکـردبوونەوە کـە وەدوای تاوانبـاران دەکـەوتن و سـزایان دەدان. ئاوا دیۆکـێس مـادەکانی کردە نەتەوەیەکی یەکگرتوو، کە بەتەنێ فـەرمـانڕەوایی بەسـەردا دەکردن. ئەو پاش٥٣ سـاڵان مرد.

(پلینووس) دەڵێ ڕووبەرەکەی هێکمەتانە حەوت ئێسناو واتە نیزیکەی مایلێک بوو. د. خـودادادیان دەڵێ: (ئەو هـەر بە فـەرمانڕەوایی بـەسـەر مـادەکان ڕانەوەسـتا و وەک هێـرۆدۆت دەگێـڕێتـەوە، دەسـتی کرد بە دامـەزراندنی ڕێکخـراوێکی هەواڵگری، کە وێدەچێ بەیاریدەی مـوغـەکان دەسـتی وێڕاگـەیشـتبێ). ئەوە شـێـوەیەک بوو کە دوایە (هەخامەنش) یانیش بەتایبەتی لە سـەردەمی داریووشـی یەکەمدا بەناوی چاو و گوێی شا کەلکیان لێ وەرگرت.

دیۆکێس کە بە (دیۆکە)، (دایاکۆ) و (دیائۆکۆ)ش ناوبراوە، پاش جێبەجێکردنی ئەو کـــارانە هەروا بـە لێــبــڕاوی خـــەریکی پەرەپێـــدانی بەزەیی و داد بوو (٦٥٥پ.ز)



شوورەی قایمکارییەکانی بەرگریکردنی شاری ئاشوور لە کاتی تەواوکردنی لە سەدەی ٩ی پ. ز. لە ڕووی نیشانەکانی ئاسەواری بەجێماو کێشراوەتەوە



دیمەنی شوورەی ئاشوور لەلای دیجلەڕا کە وێنەکەی لە ڕووی ئاسەواری بەجێماو ساز کراوەتەوە

لەبەرئەوەی سەناخریبی پادشای ئاشوور لەو کاتەدا خەریکی شەڕی بابل و عیلام بوو، نەیدەتوانی ئاوڕ بداتەوە سەر مادیش. دیۆکێس بە قۆستنەوەی ئەو هەلە دەستی کرد بە بەرفراوانکردنی مەڵبەندی دەستەڵاتی خۆی. لەوکاتەدا هیچ هۆیەکیش بۆ دەستوەردانی ئاشوور لە کارەکانی ماد دا نەبوو، چونکە ئەو وڵاتە باجە دیاریکراوەکانی لە کاتی خۆیدا دەدایە. تەنیا جارێک هەڵکەوت کە بەهۆی سەرپێچیی خەڵکی ئێلیپی (Elipi کرماشان) لە دانی باج، ئاشوور هێزێکی ناردەسەر و

سەربزێوانی تەمێ کردن. پێویستە بگوترێ کە هەمەدان پێش دیاکۆ هەبوو، ئەوەی دیاکۆ کردی نوێکردنەوە و پەرەپێدان و شوورەبەدەوریدا کێشان بوو، تا بۆ کردنی بە پێتەخت ئامادەی کات.

لە سەردەمی دیاکۆی پادشای ماد واتە لە سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمی (پ.ز) کیمەرییەکان کە گەلێکی شەڕکەر و بێباک و چالاک بوون لەلای قەفقازڕا هاتنەخوار و بەخاکی ماننادا بڵاوبوونەوە بەدوای واندا کۆمەڵێک لە سیتەکان (ئیشکووزایی) گەیشتنەجێ کە شەڕکەرانێکی بوێر بوون و لە تاڵانکردن و شەڕوشووڕدا لە ناودارانی سەردەم بوون. لە بەردەنووسێکدا کە لە پاش پادشایانی ئاسوور (ئاسوور هادێن و کوڕەکەی) بەجێماوە، دەردەکەوێ کە ئەو گەلانە زیانێکیان بۆ حکوومەتی ماننایییەکان نەبووە و لەبەرابەر ئاسوورییەکاندا لە گەڵیان یەکیان گرتووە و یارمەتییانداون. لەوکاتەدا (ئەهشەری)ی میری ماننایی لەبەرانبەر ئاسوورییاندا هەستابووەوە و سوپای ئاسووری کە سەرکوتی ئەوی پێ ئەسپێردرابوو کەوتە بەرهێرشی هۆزی کیمەرییان، هەرچەندە ئەو پادشایەی ئاشوور دەڵێ بڵاوەی بە ماننایییەکان کردووەو یاریدەدەرەکانیانی واتە ئەشپاکەکان و سەکاکانی لەناو بردووە، بەڵام بەردەنووسی بەجێماو لە کوڕی (ئاسوور هادێن) دەری دەخا کە ساڵەها پاش ئەو ڕووداوە ئەهشەری هێشتا یاغی بووە و تەنانەت ماننایییەکان شاری شێروایکییان لە سەردەمی باوکی ناوبراودا داگیر کردووە.

گۆڕانکارییەکانی ناوخۆی (ئاشوور) کۆتایی بە پاشایەتیی (سەلم نەسر) هێناو (مینواش)ی پادشای دەوڵەتی (ئارارات) کە لە دەوروبەری وان سەری هەڵدابوو و لە گەشەکردندا بوو، هەڵیکوتایە سەر (ئاشوورییەکان) و هەرێمەکانی (پارسووئا)ی لە چەنگ دەرێنان و لە ملەی (کێلەشین) بەردێکی داتاشراوی چەقاند. هەر بەوەش ڕانەوەستاو دەستی بەسەر خاکی (ماننایییەکان) داگرت کە لە باشووری گۆلی (ورمێ) هەڵکەوتبوو و لەوێش بەردەنووسێکی لە پاش خۆ بەجێهێشت.

٢- فرەوەرتێش (fravartish) یا خەشەتریتە (Khashathryta)

کوڕی دیۆکێس کە بەناوی (فرەوەرتیش)ی باپیری کرابوو، پاش مردنی باوکی (٦٥٥ی پ.ز) لە سەرتەختی دانیشت. نازناوی (فرەوەرتیش)یش هووەخشتەریتە بووە، داریووشی مەزن لە بەردەنووسەکەیدا ئەو پادشایەی بە خەشەتریتە ناوبردووە.

ئاسوورییەکان (کەشتاریتییان) پێ دەکوت بۆیە مێژوونووسە ڕۆئاواییەکان هووەخشتەریتەیان کە فرەوەرتیش بووە، لەگەڵ هووەخشتەرەی کوری لێ دەگۆڕێ.

فرەوەرتیش میراتگری پادشایەتی بەسەر وڵاتێکی گەورەدا بوو، کە لە هەمەدانەوە تا بەشی ڕۆهەڵاتی دەماوەند و کەنارەکانی کەویری دەگرتەوە. فرەوەرتێش پارسەکانی بەتەواوی کردەفەرمانبەرداری خۆی و لەگەڵ مانتائییان و کیمەرییاندا دۆستایەتیی دامەزراند و دوایەش لەلای ڕۆهەڵات ڕا وردەوردە ئەو خەڵکەی تری ئاریایی خستنە ژێرفەرمان، کە نیزیکایەتییان دەگەڵ مادەکاندا هەبوو. ئەو توانی بەرەگەڵخۆ خستنی زۆر گەلی ناوچە بەشێکی گەورە لە ڕۆئاوای ئاسیاش بکاتە فەرمانبەرداری خۆی.

ئەو سیاسەتی باوکی خۆی لە ڕاگرتنی دڵی ئاشوور درێژە پێداو هەموو ساڵێ باجی خۆی لە کاتی دیاریکراودا دەدا. بەڵام پاش پێکهاتنی لەگەڵ کیمێرییان و مانتائییان، بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر ئاشوور – کە لەو کاتەدا هاو پەیمانەکانی لەدەستدا بوو و بەتەنیا مابووەوە – و وڵاتەکەی بەتەواوی سەربەخۆ بکات و بەدوای ئەو بڕیارەدا، بەهێزێکی قورس بەرەو نەینەوای پێتەختی ئاشوور کەوتەڕێ. ئەو نەینەوای خستە گەمارۆ و ئەوەندە نەمابوو بیگرێ هەواڵی هێرشی سەکاکانی بۆ سەرە وڵاتەکەی پێ گەیشت. مادیێس (Madyes)ی کوڕی پارتاتووا (part atua) کە بووبوو بەفەرمانڕەوای سەکاکان و لەگەڵ ئاشوور بوو بە هاوپەیمان، لە پشتەوەڕا هێرشی کردە خاکی ماد. سەرەنجام لە شەڕێکی نێوان ئەوی و فرەوەرتێشدا پادشای ماد کوژرا (٦٣٣ی پ.ز)و سەکاکان بێباکانە سەرتاسەری مادیان خستە بەر ڕاوو ڕووتی خۆو دەستەڵاتی خۆیان بەسەردا سەپاند. پیاوەکانی فرەوەرتیش قەبری وییان لە یەکێک لە ئەشکەوتەکانی کوێستانی کوردستان داناوە کە بەپێی لێکۆڵینەوەی زانایان دەبێ یەکێک لەو چەند شوێنەی خوارەوە گۆڕی وی بێ:

١– لە زەهاوی کرمانشا نیزێک بەردەنووسی ئانووبانی نی پادشای لوولووبیووم.

٢– نیزیک بێستوون.

٣– لە باکوری شارەزوور.

٤– لە باشووری گۆلی ورمێ. بەڵام بەوردی ناکرێ بڵێین لەوانە کامەیان هەوە. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە هەموویان ئی پێش دەوڵەتی هەخامەنشین.

٣- هووەخشتەرە، سیاگزار (Cyakhares) (کیاکسار)

پاش فرەوەرتیش، هووەخشتەرەی کوڕی بەپادشا هەڵبژێررا. ئەو سەردارێکی لێوەشاوەو لە بەڕێوەبردنی کارەکانی وڵاتیدا فەرمانڕەوایەکی بێ وێنە بوو. تێشکانی باوکی بەدەستی سەکاکان، ئەو دەرسەی دایێ کە لەشکری بەکرێگیراو و سەربازانی کۆکراوە لە هۆزە هاوپەیمانەکان، ناتوانێ لە گۆڕەپانی شەڕدا لەگەڵ لەشکری بەئەزموونی ئاشووردا بەربەرەکانی بکات. ئەوە ئەوی هێنا سەر ئەو باوەڕە کە بە چاولێکەری لە ئاشوورییان دەبێ لەشکرێک ڕابێنێ و هێزێکی ڕێکوپێک لە سوارە نیزام و پیادە ساز بکا. سوارەنیزامی وی لێهاتووتر لە ئی ئاشوورییەکان بوو.

ئاشووربا نیپالی پادشای ئاشوور لە ساڵی٦٢٥ی پ.ز مرد و ساراکووس (سەناخریب) لە جێگەی دانیشت. لەسەردەمی پادشایەتیی سەناخریب، (نەبۆپۆلەسەر Nabopolassar) (نەبووکەد نەسەر Nabukadnassar)ی فەرمانڕەوای بابل لە سایەی دۆستایەتیی سیاگزار و بەیاریدەی وی داوای سەربەخۆیی کرد و خۆی بە شا دانا.

هێرۆدۆت دەڵێ: (دەڵێن ئەو (کیاکسار)... یەکەم کەس بوو کە گەلانی نیشتەجێی ئاسیای بە یەکەی نیزامی دابەش کردن و یەکەم جار یاسای شەڕی دانا، وەها کە هەر نێزەدار و کەواندار و سوارێک لێک جیابن. پێش ئەوە ئەوان نارێک و پێک و تێکەڵاو بوون. لە ڕاستیدا مادەکان پێش کیاکسار بەشێوەی دەستەسپایی هۆزەکان دەشەڕاندا بەشدار دەبوون. کیاکسار بەچاولێکەری لە دراوسێکانی (واتە ئاشوورییان، کە ڕێکخراوێکی ڕێکوپێکی سپاییان هەبوو) بۆ یەکەم جار ئەرتەشێکی ڕێکوپێکی پێکهێنا، کە بەپێی هۆزەکان دابەش نەکرابوو، بەڵکو بەپێی پێویستییەکانی شەڕ و لە ڕووی چەشنی چەکەکانیان دەستە دەستە کرابوون. ئەوجار ئەرتەشی ماد بەهیچ جۆرێک لە ئەرتەشی ئاشوور لە پاشتر نەبوو. بێگومان ورەی جەنگیشی لە ئەرتەشی ئاشوور زۆر باشتر و لەسەرتر بوو، چونکە لە خەڵکی گوندەکان پێکهاتبوو کە هێشتا کۆیلەیی لە کۆمەڵەکەیاندا پەرەی نەئەستاندبوو. ئەو ئەرتەشە تاکتیکی پیادە و شێوەی قەڵاگرتنی ئاشوورییان و سواری و تیرهاویشتنی ئیسکیتەکانی دەزانی.

وڵاتی ماد یەکێک بوو لە ناوەندە گرینگەکانی ڕاهێنانی ئەسپ و هەرئەوەش

سەرکەوتنی سیاکزاری لە پێکهێنانی سوارە نیزام دەستەبەر دەکرد، کە ئەندامانی هەر لە منداڵییەوە لە هونەری سواریدا ئەزموونیان وەدەست هێنابوو بەتیروکەوانیش چەکدار بوون. کارامەیی و لێزانیی ئەو سوارانە گەیشتبووە ئەو جێگەیەی کە لە کاتی غارە ئەسپدا چ لە هێرش و چ لە بەرگریکردندا ئەوپەڕی کەلکی خۆیانیان لە کەوان وەردەگرت و زۆر کەم هەڵدەکەوت کە نیشانەکەیان نەئەنگێون. هەروەها ئەسپەکانیشیان خێراتر و بەهێزتر بوون لە ئی ئاشوورییەکان. ئەسپی مادی بۆ جوانی و توندوتۆڵی و خێرایی و خۆڕاگری لە دنیای کۆندا بەناوبانگ بوو. هێزی پیادەش چەکدار بوو بە شیر و تیر و سەرنێزەو کەوان.

یەکێکی تر لە سەرییەکانی ئەو هێزە ئەوە بوو کە سەربازەکانی لە کاتی بەرەو ڕووبوون لەگەڵ نەیاراندا، تەنانەت ئەگەر بەبایی گیانیشیان تەواو بووبا هەنگاوێک نەدەکشانەوە و مەبەستیان چوونەپێش و لەناوبردنی دوژمن بوو. بەسەرنجدان بەو تایبەتمەندی و لەسەرییانەی باسمان کردن، جێگەی سەرسووڕمان نییە کە سیاکزار بەوپەڕی دڵنیاییەوە لەشکری کێشایە سەر نەینەواو شارەکەی خستە گەمارۆ و لەبیری ئەوەیدا بوو کە بەبڕینی پێوەندیی شار لەگەڵ دەرەوە و درێژە پێدانی گەمارۆ دوژمنی سەرڕەق ناچارکا کە خۆ بەدەستەوە بدا. بەڵام هەر لەو جەنگەیدا هەواڵی هێرشی سەکاییەکانی بۆ سەر وڵاتەکەی پێ گەیشت. ناچار دەستی لە گەمارۆی نەینەوا کێشاوەو گەڕاوە وڵاتەکەی. سەکاکان بە کەلک وەرگرتن لە سەرقاڵیی سیاگزار لە دەربەندی قەفقاز تێپەڕین و ئازەربایجانیان خستە بەرهێرش و تاڵان. سیاگزار پاش دەستهەڵگرتن لە گەمارۆی نەینەوا ڕووی دە ئازەربایجان کردو لە باکووری گۆلی ورمێ بەرەوڕوویان بووەوە و زۆر بەتوندی تێشکاو ناچار بوو مەرجەکانیان پەسند بکا. (٦٥٢ی پ.ز). سەکاکان سەرتاسەری وڵاتی مادیان پێواو کوشتاریان تێدا کرد. تەنیا هەندێک شوێنی قایم و تەیار خۆیان لەبەرابەری ئەو هێرشەدا ڕاگرت کە تا دەریای سپیی نێوەڕاست (مێدیتەرانە) درێژەی هەبوو.

سیاگزار کە لە گۆڕەپانی شەڕدا لە حاستی ئسکیتەکاندا ناکام بووبوو، بەفێڵێک مادیسی (پادشای سەکاکان) و فەرماندەرانی لەشکرەکەی بانگهێشتن و بادەی زۆری دەرخوارددان و هەر کە مەست بوون، هەمووی کوشتن. سەکاکان کە شا و فەرماندەرانی خۆیانیان لەدەست دابوون، سەرەڕای خۆڕاگرییەکی توند، لە مادەکان




نەخشەی کەلاوەکانی نەینەوا نیشانەی (–) شوێنی شکانی شوورەی شار کە ئاو دایگرتبوو نیشان دەدا

شکستیان خوارد و لە ساڵی ٦٢٥ی پ. ز لە وڵاتی ماد ڕەتێندران و بەو تەگبیرە دەستەڵاتی بیست و هەشت ساڵەیان کۆتایی پێ هات.

پادشای ئاشوور کە توانای بەربەرەکانیی لاواز بووبوو، میسر و ئوورارتوو و ماننای کردە هاوپەیمانی خۆی. سەرەڕای ئەوەش لە یارمەتیدانی شای ئاشووردا نە ئەوان و نە ئیسکیتەکانیش کە دوای تێشکانەکەیان لاواز بووبوون، چییان بۆ نەکرا. ئەو هۆکارانەی ئاشووری وا بێ هێز کردبوو کە ناچار بێ داوای یاریدە لەو وڵاتانە بکا کە سەردەمێک ژێردەستی خۆیدا بوون و لێی جیابووبوونەوە، برێتی بوون لە شەڕی ناوەخۆیی و ستەمکاری و دڕندەییەکانی لە دژی کە خەڵکی خۆی کە بووبووە مایەی وەخۆکەوتن و سەرهەڵدانیان.

لە بەهاری ساڵی ٦١٦ی (پ. ز)، نە بۆپۆلەسەر (نەبووپیلەسەر) چوو بۆ لای بەشی سەرووی فەڕات تا ئەو هۆزە ئارامییانە ڕام کا کە لەژێر فەرمانی ئاشووردا بوون. لەوێ ئاگەدار کرایەوە کە ئاشوورییان لە کابلین Kablin، کە کەمێک لە خوارەوەی شوێنی یەکگرتنەوەی چۆمی خابوور (Khabur) و فەڕات بوو، خۆیان قایم کردووە و مانناشیان لەگەڵدان. ڕۆژی دوازدەی ئاب (سەرەتاکانی ئووت) شەڕی سەرەکی دەستی پێ کرد و ئاشوورییان تێکشکان و سەرۆکانی ئەوان و ئی ماناکانیش بەدیل

گیران. نەبووپیلەسەر دەستەیەکی پێشەنگی نارده لای سەرچاوەی فەڕات. کە تا ئاوڕێژگەی چۆمی بەلخ (Balikh)چوونە پێش و پاشان خۆی لە لەشکری تازەنەفەسی میسر و ئاشوور لادا کە لەلای سووریارا بۆی دەهاتن. لە بەهاری ساڵی ٦١٥ی (پ.ز)، شەڕێکی تر لەنێوان بابلی و ئاشوورییان ڕووی دا. ئەوجار گۆڕەپانی شەڕ هەرێمی ئاراپخا بوو لە ڕۆهەڵاتی دیجلە. بابلییەکان، ئاشوورییانیان دەچۆمی زێی بجووک کردن و بارگە و بنەکەیان گرتن.

لەو کاتەدا سنووری ئاشوور و بابل لە کەرکووکی ئێستا ڕا تا کەمێک خوارتر واتە لە شاری (ئاشوور) (پێتەختی پێشووی ئاشوور) تا (عانە)ی ئێستا لەسەر فەڕات درێژەی هەبوو. سنووری وڵاتی ماننا بەهۆی قەڵت وبڕکرانی لەشکرەکەی لە شوێنێکی ئاوا دوور بێ پارێزەر مایەوە و لە ئاکامدا دەوڵەتەکەیان لە ساڵەکانی (٦١٥ – ٦١٦ی پ.ز) کەوتە بەردەستی کیاکسار و خرایە سەر ئیمپەراتوورییەتی ماد. ئاوا وڵاتی ماد بەلایەنگریی بابل کەوتە شەڕی ئاشوور و زۆری نەکێشا ڕێبەرایەتیی شەڕەکەی بەدەستەوەگرت. لەو ناوەدا نەبووپیلەسەر، لە مانگی ئاپریل و مەی بەمەبەستی پەرەپێدانی سەرکەوتنەکەی بەرەو لای ڕۆهەڵاتی لەشکری دوژمن لەبن شوورەی ئاشوور وەدیار کەوت و ویستی شاری بەهێرش بگرێ، بەڵام ناچاربوو بکشێتەوە لای باشوور و لە قەڵای (تاکری تاین) (تکریتی ئێستا)و لەوێ خۆی قایم کرد. ئاشوورییان دەورەی قەڵاکەیان داو بەڵام سەر نەکەوتن و کشانەوە.

لەو کاتەدا کە سەرکەوتن هەردەم دەکەوتە دەست یەکێک لەلایەنەکان، مادەکان لە ملەکانی زاگرۆس تێپەڕین و بۆ یەکەم جار لە داوێنەکانی ڕۆئاوای ئەو کێوانەدا وەدیارکەوتن و لە مانگی (ئاراخسامن Araxsamn) (ئۆکتۆبر – نوامبر) چوونە نێو هەرێمی (ئاراپخا Arapkha). لەشکری ماد لە مانگی ئاب (جوولای ئووت)ی ساڵی دواتر (٦١٤ی پ.ز)، بەفەرمانی کیاکسار ڕێپێوان و مانۆڕێکی بەرچاویان بەئەنجام گەیاند و بەڕێگەی بنارەکانی ئاراپخادا، لە سەرەوەی نینەوا گەیشتنە بوارەکانی دیجلە و شاری (تەربیس)یان بە هێرشێک گرت. پاشان لە دیجلە پەڕینەوە و بەلێواری ڕاستیدا تا ئاشوور چوونە پێش و ئاوا ئەرتەشی (شین شایری شکوون Shinshairi shkun)و خاکی سەرەکیی ئاشووریان لە یاریدەی دەرەوە بێ بەش کرد.

ئەو هێرشە بەخێراییی ئەنجام دراو شاری پیرۆزی ئاشوورییان واتە (ئاشوور) گیرا،

کە وێرانەی قەڵاکەی لەباری قایمبوونەوە هێشتاش مایەی پەندوەرگرتنی بینەرانە. لەو شارەدا گەورەکانی ئاشوور کوژران و پەرستگاکانیان وێران و تاڵان کران و ئەو سامانە گەورەی ئاشوورییان بە تاڵان و کوشتاری چەندین سەت ساڵەی گەلانی ناوچە وەدەستیان هێنابوو، کەوتە دەست سەرکەوتووان.

بەڵام نەبوو پیلەسەر کە پێی وابوو هاوپەیمانێکی بێ ئەزموونی وەدەست هێناوە، ویستی دەکاری کا و ماری بەدەستی وی بگری. پادشای بابل و لەشکرەکەی کە دەچوونە یاریدەی مادەکان لە ڕۆژی شەڕەکەدا نەگەیشتنێ و بێگومان ئەو وەدوا کەوتنەش بەئەنقەست بوو. ئەوان هەرچەندە لەگەڵ سوپاییەکانی ئاشوور لە شەڕدا بوون، لە باوەڕی ئاینیدا شەریکیان بوون و نەیاندەویست بەشداری وێرانکردنی شارەکە بن. تەنانەت نەبوو پیلەسەر بۆ خۆی بەڕاشکاوی دەڵێ: کە ئە و لە سووکایەتی بە پەرستگاکانی ئاشووردا بەشدار نەبوو. ئەو تەنانەت پرسەی بۆ گێڕان و لەسەر زەوی خەوت. بەڵام پێی نایە وێرانەکانی ئاشوور و لە ئۆردووگای ماددا لەگەڵ کیاکسار (هووەخشتەرە) پەیمانی یەکەتی و دۆستایەتیی بەست و بوو بەزاوای شای ماد.

ساراک، لە شارەکانی گەورە بێجگە لە نەینەواو کەلخوو و هەندێک ناوچەی سەرسنوور کە هێشتا ئەمەگداری ئاشوور مابوونەوە، شتێکی بۆ نەمابووەوە، بەڵام هێشتا ناهومێد نەبووبوو. لە ساڵی ٦١٣ی (پ.ز) توانی ئارامییانی هەرێمی (سووخوو)ی لەسەر فەرات لە نەبووپیلسەر هەڵگێڕێتەوە و ئاوا توانی هێزەکانی بابل بۆ ماوەیەک لە نەینەوا بخافڵێنێ. ئەو کاتی بابلی و مادەکان کارەکانی خۆیان هاوئاهەنگ کردبوو. لەشکری نەبووپیلەسەر و شەڕوانانی هووەخشتەرە لە دۆڵی دیالە گەیشتنە یەک و یەکجێ لە چۆمی (رادان) (ئادەمی ئێستا) لە شوێنی یەکگرتنەوەی لەگەڵ دیجلەدا پەڕینەوە و بۆ لای شوورەی نەینەوا چوون. لە مانگی



بەتۆبزی کۆچدانی خەڵکی ناوچەی داگیرکراو بەهۆی ئاشوور لە نەخۆشی بەزەقی هەڵقەندراوی نەینەوا سەدەی ٨ی پ. ز.

سـيـمــان ڕا تا ئاب (جـوون تـائـووت)، سـێ شـــــەڕ لـەبن شوورەی پێتەخت ڕوویان دا. سـەرەنجـام لە مـانگی ئابدا هـاوپـەیمانان ئـاوی دیجلـەیان بـەشـــێــوەی دەســـتکرد هـەسـتـاند و ئـەوە بوو بەهـۆی تێکڕووخـانی دیواری قـوڕینی شـــار و کـــرانـەوەی ڕێـگە بـۆ


نەخشەی زەقی گۆڕی ڕەوەزی "قزقاپان" لای ڕاست قوربانیدەر. وێدەچێ "خووخشتەڕە"بێ

لەشکری هێرشکار، ئەوجار بەهێرشێکی توند چوونە نێو نەینەواو شەڕی شـەقام بە شـەقام دەستی پێ کرد.

سـەناخریب (سـین شـاریشکوون سـاراک)، کـە لە حـاسـت ئەو دوژمنە بەهێـزانەدا خۆی پێ ڕانەدەگیرا، ئاگرێکی گەورەی کردەوە و خۆ و ماڵ و منداڵی تێدا سووتاند. لە سـاڵی (٦١٢ی پ.ز) نەینەوا کـەوتە بەردەسـتی مـادەکـان و تەخت کـرا. وەها کـە ئێـسـتـا بێـجگە لە وێرانەیەکی لێ نەمـاوەتەوە. پەرسـتگە و خـانووبەرەکـانی تری ئاشووریش چارەنووسێکی باشتر لەوەیان نەبووە.

مـادەکـان بە وەدەسـتـهێنـانی ئەو سـەرکـەوتنە بەرچاوانە، دەسـتـیـان بەسـەر بەشی هـەرەگەورەی ئاسیای بچووکدا گرت.

نەبوو کـەدنەسـەری دووەمی کـوڕی نەبووپوولەسـەریش دەسـتی بەسـەر بەشـێک لە سـەرزەمـینەکـانی ئـاشـوور داگرت و لەگـەڵ دەوڵـەتی مـاددا پەیمـانـی یەکـەتیی بەسـت و ئامی تیس (Amytis)ی کچی سیاگزاری لەخۆ مارە کرد.

کـتـێـبی نـاحـووم دیمەنی شـاری نەینـەوا لە کـاتی گـیـرانـیـدا و ڕووداوەکـانی ئەو ڕۆژانەی مانگی ئووتی ساڵی ٦١٢ی پ.ز، بەڕوونی و بەباشترین شێوە دەگێڕێتەوە و هەسـتی گـەلانی دیلی ئاشـوور لەو کـاتـەدا بەیان دەکـا. سـەرنج بدەنە ئەو باسـە لە بەشی (کورد لە دین، چیرۆک و ئەفسانەدا).

هـەڵسـەنگاندنی چارەنووسی نەینەوا لەگـەڵ ئەوەی بەسـەر فێرعـەون (فیـفوو)ەکـانی میسر هات، هـەر قسە نییە. لەو ڕۆژگارەدا زۆر سروشتی بوو کە وڵاتی ئاشـووریش

تووشی هەر ئەو چارەنووسە بێ کە ئەوان لەگەڵ وڵاتانی تر کردبوویان. سەرکەوتووانیش هەر ئەوەیان دەگەڵدا کردن، کە ئەوان لەگەڵ گەلانی تردا کردبوویان. هەرچی چەکی پێ هەڵدەگیرا کوشتیان، ئەوانی تریشیان بەدیلی گرتن و بۆ پێ برانی ئەو مەزنانەی ئاشوور کە ئێستا بووبوونە کۆیلە، پشک هاویشتراو ئەو منداڵانەی نەیاندەتوانی بڕۆن کوژران و خاتوونانی مەزنەکانی ئاشوورییان بۆ سووکایەتی ناچار کردن بە داوێنی دڕاوەوە وەڕێ کەون و بەکۆیلەتی بچن.

مادەکان بەپێچەوانەی ئاشوور بەتەمای قڕکردنی هەموو ئاشوورییەکان نەبوون هەرچەند زۆریان لی بەدیل گرتن و بەکۆیلەتییان بردن، قڕانیان دەهەموویان نەخست. ئەو سامانەی ئاشوور بەچەند سەدە تالآنی گەلانی دراوسێی کۆی کرد بووەوە، پێشی درێژەکێشانی شەڕی لەو ساڵەدا گرت. لە ٢٠ی ئەیلوول (سەرەتاکانی سێپتامبر)ی ساڵی ٦١٢ی (پ.ز)، کەیاکسار گەڕاوە ماد. نەبووپیلەسەر لەوێرانەکانی نەینەوا ماوەو لەشکرەکەی هەروا بەسەر گوند و ئاوەدانییەکانی ئاشووریان دادەدا و تالآنیان دەکردن. بەڵام شەڕ کۆتایی پێ نەهاتبوو. بەشێکی ئەرتەشی ئاشوور بە سەرۆکایەتیی ئاشووروبالليت Ashuruballit ی مامی ساراک، توانی لە کاتی هێرشی ماد بۆ سەر نەینەوا، لە شار دەرچێ. ئاشوور بالیت خۆی لە (حەڕڕان)دا شاردەوە، کە ئەو کاتی گەورەترین شاری باکوری نێوان دووچۆمان بوو. ئەو شارە خودموختاریی لە ئاشوورییان وەرگرتبوو و بەو هۆیەشەوە لایەنی وانی دەگرت. (ئاشووروبالليت) لە سەردەمی (ئاشووربانیپال)ی برای کاهینی خوای (سین)ی حەرران بوو. ئەو خوایە لە سووریا و نێوان دووچۆمان ڕێزی زۆری هەبوو، بەوبۆنەوە پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەوشارەدا هەبوو. ئەو لە پایزی ساڵی ٦١٢ی (پ.ز) لەسەر تەختی شایی حەڕڕان دانیشت و لەوێ پاشماوەکانی لەشکری ئاشوور و هاوپەیمانانی و ئەوانەی بەهەر هۆیەک، چاوەڕوانی چاکە لە ماد و بابل نەبوون ، لێی کۆ بوونەوە، تا درێژە بەشەڕ بدەن و پادشایەتیی ئاشوور ئەگەر تەنانەت بکرێ لە بەشێکی خاکی ئاشووریش دامەزرێننەوە. هیوای گەورەی وان بەمیسر و فیرعەونەکەی بەناوی (نەخوو)ی دووەم بوو. ئوورارتووش کە ئیسکیتەکان لاوازیان کردبوو، لە مادەکان دەترسا و وێدەچوو پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئاشوور بپارێزێ. باوەڕکردنی ئەوەی کە ئاشوور شکستی خواردووە، بۆ هەمووان ئاستەمبوو. ڕووداوەکانی ساڵی ٦١١ی (پ.ز) ڕوون نین و وێدەچی هووەخشتەرەش خەریکی



سوارانی لیدی، لە نەخشەی زەق هەڵقەندراوی "بین تەپە"
سەدەی ٦ی پ. ز.

قایمکردنی پشتی جەبهەی خۆی، – بۆ وێنە بەربارکردنی ئیسکیتەکان – بووبێ.

لە هاوینی ساڵی ٦١٠ی (پ.ز)، سوپای نەبووپیلەسەری ناودار، خەریکی دامەزراندنی ئارامی و ئاسایش لە هەرێمە سەرەکییەکانی ئاشوور بوو. لە مانگی ئۆکتۆبەر، لەشکری ماد ڕەگەڵ لەشکری بابل کەوتن و سوپای هاوپەیمانان بەرەو حەڕڕان وەڕێ کەوت. ئاشووروبالیتی دووەم و لەشکری میسرییانی پشتیوانی ، بەنیزیکبوونەوەی سوپای هاوپەیمانان، حەڕڕانیان بەجێهێشت و پەنایان بردە قەڵای (کارکێمیش Karkemish)، لەوبەری فەڕات. حەڕڕان بەهاسانی گیرا و نەبووپیلەسەر ئەوجار ترسی ئاینیی وەلانا و تالانێکی زۆری لەو شارە وەدەست کەوت کە لەلای خەڵکی سووریا و نێوان دووچۆمان پیرۆز بوو. پاشان هێزە سەرەکییەکەی ماد گەڕاوە وڵاتی خۆی. کاری شەڕ تا بەهاری ٦٠٩ی (پ.ز) درێژەی هەبوو. لە جوون و جووڵای ساڵێ (٦٠٩ی پ.ز)، هێزێکی زۆری سوپای فیرعەونی میسر (نەخوو) گەیشتە یاریدەی ئاشووربالیتی دووەم و هێرشی بەرپەرچدەرەوەیان کردە سەر حەڕڕان. ئاشووری و میسرییەکان، سەربازگە بچووکەکانی بابلیان تێکشکاندن و حەڕڕانیان خستە گەمارۆ. بەڵام لە مانگی سێپتامبر، سوپای بابل دەهانای گەمارۆ دراوانی حەڕڕان هات و ئاشووروبالیت ناچار بوو بچێتە ئوورارتوو، چونکە گۆڕەپانی شەڕ لەژێر شوورەی حەڕڕانەوە گوێزراوە خاکی هەرێمی ئیسال لە باکوری شارەکە. لەوێڕا بەبەشی ڕۆئاوای تاوێری ئەرمەنستاندا ڕێگە بۆ ملەکانی ئوورارتوو ئاوەڵە بوو. بەڵام هەر لە سەرەتاکاندا لەشکری ماد زەبرێکی گورچووبڕی لە ئوورارتوو دا و گەیشتە (تووشپا)ی پێتەختی، لە لێواری گۆلی وان و دەوڵەتی

ئوورارتووی کردە ئاڵقەبەگوێی خۆیان. باسی هەڵوێستی دوایی ئاشوورییەکان ڕوون نییە. لە ڕۆئاوای فەڕات، دەستەڵات کەوتە دەست میسرییەکان و خۆیان بە حاکمی سووریە و فەلەستین دانا. لەشکری ئاشوور بە ژمارەیەکی کەمەوە لە قەڵای (کارکێمیش) جێگیربوون ئەو قەڵایە لە شوێنێکی زۆر ئاستەم بوو و مادو بابل نەیان دەتوانی بێڵن دەدەستی ئەواندا بمێنێتەوە. بەپێی دابەشبوونی میراتی ئاشوور، ئەو قەڵایە بە بابل بڕاو نەبوو کەدنەسر لە ساڵی (٦٠٥ی پ.ز) بەهێرشێک قەڵاکەی گرت و خستیە سەر خاکی خۆی. نەبوو پیلەسەر هەر ئەو ساڵە مرد، بەڵام کیاکسار سەرەڕای پیری درێژەی بەکارەکانی خۆی دا. لە ساڵەکانی ٦١٠ – ٥٩٠ی (پ.ز)، پادشایەتیی ماد نەک هەر ئاشووری لەناوبرد، بگرە ماننناو ئیسکیت و ئوورارتووشی خستە ژێر فەرمانی خۆی. پاش دابەشکردنی میراتی ئاشوور، بۆ ماوەیەکی نێوان ناخۆشی کەوتە و نێوان بابل و ماد. گەلانی بندەستی بابل چاوی هیوایان دەو کێشەیە بڕیبوو. سەرنج بدەنە وتەی ئەرمیای نەبی لەوبارەوە لە بەشی کورد لە دین، چیرۆک و ئەفسانەدا. ئەو هیوایە بەخۆڕاییش نەبوو. بابل نیگەرانی نەخشەکانی ماد بوو. هەر لەو کاتەدا نەبوو کەد نەسری دووەم (بەختونەسر) بەپەلە شوورەیەکی زۆر قایمی بەدەوری بابلدا کێشا. لە ڕاستیدا هەردووک پادشایەتیی گەورە دوای دابەشکردنی خاکی ئاشوور دەستیان کرد بە ڕکەبەرایەتیی یەکتری.

ئاوا دەوڵەتی ماد لە بانووی ئێران خۆی گرت و سنووری دەستەڵاتی گەیاندە ئەرمەنستان و سەرچاوەی کاپادووکیە و لەو ناوچەی دواییدا لەگەڵ لکێکی تر لە ئارییاییەکان بەرەوڕوو بوو کە لە دێرزەمانەوە لەوێ دامەزرابوون. بەڵام ئەو گەلە ئارییاییانە کە لە ئاکامی زیانی ڕاووڕووتی کیمەرییان و سەکاییان تابی خۆڕاگرییان لە بەرانبەر مادی تازە نەفەسدا نەمابوو، بەهاسانی چوونە ژێردەستەڵاتیان و بەم چەشنە بەشێک لە دەستەڵاتی ماد گەیشتە چۆمی هالیس (Halys) (قزڵ ئیرماقی ئێستا) و دەوڵەتی ماد بوو بەدراوسێی لیدی.

لیدی دەوڵەتێکی بەهێز بوو، خەڵکێکی دلێر و شەڕکەری هەبوو و لەو کاتەوە کە یەکێک لە بنەماڵەی مێرمێناد (Mermenad) بەناوی ئالیاتێس (Allyattes) بووبوو بە شا، وڵاتی ناوبراو بە یەکێک لە وڵاتانی گەورەی ئاسیای بچووک ناسرابوو. بە بوونی پادشایەکی بەهێزی وەک ئالیاتێس، دەوڵەتی ماد نیازی لەشکرکێشانی بۆ سەر وێ

نەبوو. بەڵام بەپێی ئەفسانەیەکی سەیری وەک خوارەوە، سیاگزار سەودایەکی ئاوای دەسەریدا بوو: سیاگزار ژمارەیەک لە سەکاکانی کە هونەری نیزامییان دەزانی، وەک پاسەوانی تایبەتیی پادشایەتی لە نێو لەشکری خۆیدا دانابوون و دەستەیەک لە لاوانی – بۆ تێدا پەروەردەبوونی هەستی شەرکەری – بەو سەکاییانە ئەسپاردبوون. بەڵام لەبەرئەوەی ئەو مامۆستایانە لەگەڵ گەنجەکان بە توندوتیژی دەجووڵانەوە، پادشا لەسەر ئەو ڕەفتارە بەگژیاندا هات و ئەوانیش لە تۆڵەی ئەوەدا یەکێک لە لاوەکانیان کوشت و هەڵاتنە لیدی و لە خزمەتی ئالیاتی کوڕی سادیاتی پادشای لیدیدا دامەزران. سیاگزار داوای لە پادشای لیدی کرد ئەوان بداتەوە دەستی، بەڵام شای لیدی نەیسەلماند و ئەوە بوو بەهۆی هەڵایسانی شەڕ لە نێوان مادو لیدی.

ماد لە ژمارەی سوپادا لە لیدی لەسەرتر بوو، بەڵام ئەوانە لە لێهاتووییدا نەدەگەیشتنە سوارانی لیدی و سەربازانی یۆنانی کە ئالیاتێس لە خزمەتی خۆیدا دایمەزراندبوون. هەرچەندە مادەکان توانییان لەشکری لیدی بۆ لای ڕۆئاوا بکشێننەوە، بەڵام شەڕەکان شەش ساڵان بەردەوام بوون بەبێ ئەوەی هیچکامیان سەرکەوتنی یەکجاری وەدەست بێنن. لە ٢٨ی مەی ساڵی ٥٨٥ی پ.ز کە بەرابەر بوو لەگەڵ ساڵی حەوتەمی شەڕەکە، وەک ئەستێرەناسێک بەناوی تالێس میلێتی (Tales de Milet) پێشبینیی کردبوو، ڕۆژ گیرا. دوو لایەن کە ئەو ڕووداوە تۆقاندبوونی، دەستیان لە شەڕی هەڵگرت. بە پێشنیازی دەوڵەتی بابل، چۆمی هالیس (قزل ئیرماق) بوو بە سنووری نێوانیان و ئەو شەڕە دوور و درێژە کۆتایی پێهات. ئەو ئاشتییە بە زەماوەندی (ئیختوویگۆ)ی کوڕی کیاکسار پتەوتر بوو (٥٨٥ پ.ز.). لەشکرێکی گەورەی ڕاهێنراوی پێکهێناو لەو ڕێگەیەدا وەها


مەزنانی ماد لە ڕووی نەخشی زەق هەڵقەندراوی ئیستەخر – سەدەی ٥ی پ. ز.

لێزانی و مشووری لە خۆ نواند کە سەرەڕای تێشکانەکەی لە سەرەتای پادشایەتییدا بەدەستی ئاشوورییان و سەکاییان، سەرەنجام توانی سەکاکان لە خاکی ماد وەدەرنێ و نەینەوا بگرێ و دەستەڵات بەسەر نیوەی ئاسیای بچووکدا بسەپێنێ.

هێرۆدۆت دەڵێ: (پێش سیاگزار، لە شەڕەکاندا کەوانداران و سوارە نیزامی ماد بەکۆمەڵ و بەناڕێک وپێکی لەگەڵ دوژمنانی خۆدا بەرەوڕوو دەبوونەوە، بەڵام سیاگزار ڕیزی سوارانی لە کەوانداران جودا کردەوە و هەرکامیانی لە دووبەشدا بۆ کاری تایبەتی دەکارکرد. هووەخشتەرە ساڵێک دواتر (٥٨٤ی پ.ز.) مرد.

زەبیحوڵڵا مەنسووری لە زمانی (ماریژان مووله، هرتز فێلد، گیرشمەن) ڕا دەڵێ:

(هووه – خشتەرە لە پیاوانی هەڵکەوتووی ڕۆهەلات بوو و بۆ ئەوەی مەترسیی ئاشوور و نەینەوا لەسەر ئێران کەم بکاتەوە دوو هەزار و چوارسەت ساڵ پێش ناپلیۆن پۆناپارت یاسای نیزام وەزیفەی دانا، کە بەپێی ئەو یاسایە هەرپیاوێکی ئێرانی کە دەگەیشتە هەژدە ساڵ دەبوو بچێتە سەربازی. ماوەی سەربازی... سێ ساڵ بوو و پاشان دەگەڕانەوە ماڵەخۆیان بەڵام لە کاتی شەڕدا بانگ دەکرانەوە. ئەو یەکەم کەس بوو کە حارەبەی شەڕی دەکارکرد). بەپێی ئەو کتێبە هووەخشتەرە ڕێزی بۆ دینی هەموو خەڵکی داناو بناغەی ئەو ڕەفتارەی لە مێژوویی ئێراندا داڕشت، کە پادشایانی دوای وی و لەوانەش کووڕۆش چاویان لەوی کرد. کەوابوو ئەو بەیانی ئازادییەش کە پەرستیارانی کووڕۆش وەپاڵی دەدەن و هەندەی پێ هەڵا دەڵێن ئی هووەخشتەرەی شای مادە. تەنیا جیاوازییەک لێرەدا هەیە کە ئەوەی شای ماد بەنووسراو نەماوەتەوە، بەڵام ئی کووڕۆش تاێستاش بە نووسراو پارێزراوە.

٤– ئیختوویگوو

پاش مردنی هووەخشتەرە، ئیختوو ویگوو (Ikhtuvegu)و وەک هێرۆدۆت دەڵێ، ئاستیاک بوو بە شا. وەک زەبیحوڵڵای مەنسووری لە زمانی (ماریژان موله، هرتز فلد، گیرشمن) ڕا دەڵێ؛ دەبێ پێش وی سێ ئیختوویگووی تریش پادشایەتییان کردبێ چونکە ئەو لە بەردەنووسەکانی بابلیدا بە ئیختوویگووی چوارەم ناودەبرا. یۆنانییان لە زمانی ئەرمەنییەکانەوە بە(ئاستیاگێس Astyages) ناویان بردووە. ئەو پادشایە دەرباری خۆی بەشێوەی دەرباری ئاشوور ڕێکخست و تا ساڵی ٥٥٠ی پ.ز واتە ٣٥ ساڵان وڵاتی بەوپەڕی لێزانی و لێوەشاوەیی بەڕێوەبرد و لەو ماوەیەدا هیچ

شەڕی گەورەی لەگەڵ دراوسێکانیدا نەکردن. تەنیا هۆکاری تێکدانی ئاسایشی وڵات لەو کاتەدا هێرشی پەیتا پەیتای (هێپتالەکان) بوو کە بۆ ماوەی چل و دوو ساڵان خاکی مادیان کردبووە ئامانجی کوشتوبڕ و ڕاووڕووت و تەراتێنی خۆیان. ئەوان بەو کوشت و کوشتارە دڕندانەیان مادیان زۆر لاواز کرد. هێرشەکانی وان بەشێوەی کوتوپڕ و خێرابوو. دەیانکوشت، دەیان ڕفاند و بۆی دەردەچوون. ئەو کارەشیان دۆخێکی تری یاریدەدەری بۆ تێشکانی ئیختوویگوو و تێکچوونی زنجیرە پادشایانی ماد پێکهێنا.

ئیختوویگو و دەیەویست دەستەڵاتی شا بچکۆلەکان کەم کاتەوە، کە هەرکامیان تەنیا بەرژەوەندیی خۆیانیان لە بەرچاو بوو. ئەو دەیەویست وڵاتێکی یەکپارچەی بەهێز و دەستەڵاتێکی ناوەندیی پتەو دامەزرێنێ. لەلایەکی تریشەوە زۆر لە موغەکان نیزیک بوو. ئەو نیزیکییە لە دووبارەوە بۆی بەگران تەواو بوو. چونکە موغەکان دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی مەزنانی مادو شایەکانی ناوچەیی (دەهیووپووتی) بوون. ئەو پادشا چکۆلانە کە لەو سەردەمەدا یەکگرتوو نەبوون. ئەوان هەرکام لە شوێنی خۆیان ئوولی تایبەتیی خۆیانیان بەڕێوە دەبردو لەگەڵ دەستەڵاتی شایەتیدا دەستەڵاتی ئاینیشیان بەدەستەوە بوو و بەتوندی دژایەتیی ئامۆژگارییەکانی زەردەشتیان دەکرد. پادشا چکۆلەکان هەرکام خوایەکی جیایان بۆ خۆیان هەبوو و ئەوەش لەگەڵ باوەڕی موغەکان کە یەکخواپەرست بوون دژایەتیی هەبوو. لەلایەکی تریشەوە موغەکان لەگەڵ گەورە و پسمیرانی ماد کۆک نەبوون و مەزنانی هۆزەکانی مادیش ئەو نیزیکییەی شا و موغانیان بەزیانی خۆ دەزانی.

گرتنی ئاشوور لە سەردەمی هووەخشتەرە مەزنانی مادی دەوڵەمەند کرد، مڵک و ماڵ و کۆیلەیەکی زۆریان وەدەست کەوتن، بەڵام زۆرینەی خەڵک کە لە شەڕەکەدا بەشدار نەبوون هیچیان پێ نەبڕا. نەبوونی شەڕ و هێرش نەکردنە سەر وڵاتانی دراوسێ و لە ئاکامدا بێبەشبوونی سەردارانی ماد لە تاڵان و دەستکەوتەکانی شەڕ، ئەوانی کە دەمیان بەسەرکەوتنەکانی سەردەمی شای پێشوو شیرن بووبوو، ناڕازی کرد. ئاوا دەردەکەوێ ئەو خەڵکەی بە وتەی هێرۆدۆت و زۆر مێژوونووسان لە ئاستیاک ڕازی نەبوون، کێن. لەڕاستیدا ئەو ناڕازییانە هەر ئەو قازانج خۆرانەی شەڕەکانی پێش ئیختوویگوو و شا چکۆلەکان واتە کەمایەتییەکی بچووک بەڵام

بەدەستەڵات بوون، کە لە دژی ئیختوویگوو پیلانیان داڕشت و سەروەریی گەلی کوردیان تا ئەوڕۆش دەبەر بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان مراند. ئەو دۆخە بەردەوام بوو تا ئیختوویگوو سپیتامەی کوڕی (ئامی تیدای) کچە گەورەکەی خۆی، کە بابی موغێک بوو، کردە جێنشین بۆ دوای مردنی خۆی. ئەو هەڵبژاردنە مەزنانی ماد و شاچکۆلەکانی هەندەی دی هاڵۆز کرد و کێشەی نێوان لایەنگرانی ئیختوویگو و ئەوانی گەورەتر کرد و (کووروۆش)ی کوڕی ماندانای کچە چووکەی ئیختووگوویشی لێ وەخۆ خست، کە کوڕی کەمبووجیەی شای پارس بوو و خۆی بەکەمتر لە سپیتامە نەدەزانی. سەردارانی ناڕازیی ماد و شاچکۆلەکان، ئەو هەلەیان قۆستەوە و کووروۆشیان لە دژی باپیری هانداو بەڵێنییان پێدا بۆ بەدەستەوە گرتنی تانج و تەختی ماد یاریدەی بدەن. ئیختوو ویگۆ بیستی کە کووروۆش خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکا، هارپاکی کە یەکێک بوو لە نیزیکان و باوەڕپێکراوانی، ناردە شەڕی نەوەی سەربزێوی. هارپاک بەپێچەوانەی ئەو ئەفسانەی هێرۆدۆت لە سەری دەگێڕێتەوە، دڵ ئێشییەکی لە باوکی ئیختوویگو هەبوو و لە هەلێکی ئاوا دەگەڕا، بە لەشکرەکەیەوە لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە خائینانی ماد ڕەگەڵ لەشکری هەخامەنشی کەوتن. دیاکۆنۆف دەڵێ: (... دژایەتیی نێوان مەزنانی نیزامی و هۆزەکان (کە خەریکی کۆ کردنەوەی سامان بوون ) و دەستەڵاتی پادشایەتی کە ئەو کاتی بەدوای ڕامیارییەکی پێشکەوتنخوازانەی یەکەتیی خاکی وڵاتدا دەچوو، ناچاربوو لە ماف و دەستەڵاتەکانی پێشووی شاچکۆلە سەربەخۆییەکانی ناوچەیی کەم کاتەوە و تێ دەکۆشا پاڵ وە توێژی بەربڵاوی کۆیلەداران و تەنانەت بەگشتی ئازادەکان بدا،... بەپێچەوانەی ڕوانگەی نووسەری (تاریخ ده هزار سالهء ایران) و مێژوونووسانی تری ئێرانیی دەمارگرژی فارسی وەک خۆی، کە خەیانەتی سەردارانی ماد دەگێڕنەوە بۆ خۆشگوزەرانیی ئاستیاک و دەربارەکەی و خافڵبوونیان لە ئاسایشی خەڵک، هۆکاری سەرەکیی تێشکانی دەوڵەتی ماد، خەیانەتی مەزنانی پاوانخواز و سامانپەرستی بوو. زۆرینەی خەڵک لەگەڵ ئەواندا نەبوون، بەڵام ئەوان دووقانیان بەدەستەوە بوو. یەکەم سامانی زۆر، کە دەستەڵاتی لەخۆ کۆکردنەوەی بەشێکی زۆر لە هەژارانی لەژێر دەستی خۆدا پێ دەدان، دووەم هەلی خۆنیزیککردنەوەیان لە پادشا و ئیمکانی وەشاندنی خەنجەر لە پشتەوەڕا کە گەورەترین دەرفەتی بە خافڵگیرکردنی پادشا بۆ ڕەخساندن و هەروەک لە خوارەوە دەیبینن، سەردارانی

خاین و تەماحکاری ماد، بە پشتکردن دە پادشای خۆیان، نەک هەر گەل و وڵاتەکەی خۆیانیان بەدیلی دا دەستی پارسەکان، بگرە خۆشیان سەربەخۆییان بەتەواوی لە دەست دا و کەوتنە ژێردەستەیی. هۆکارێکی تری شکستی ئیختوویگوو، هێرش و کوشتار و تاڵانی پەیتاپەیتای هێپتالەکان بوو کە بەدرێژایی ماوەی پادشایەتیی ناوبراو بەهەزاران پیاویان کوشتن و وڵاتی مادیان لاواز کرد.

سەرچاوەکانی بابلی دەڵێن شەڕی نێوان کووروش و ئیختوویگۆ سێ ساڵان درێژەی کێشاو لەو ماوەیدا هەرجارەی لایەنێک سەردەکەوت. بەپێی ئەو سەرچاوە و لێکدانەوەی وتەی کەتزیاس و هێرۆدۆت، دەکرێ پیلانەکە بە چوار قۆناخ دابەش بکەین: یەکەمیان پێکهێنانی سەرەتاکانی پیلان: پیلانگێڕیی مەزنانی ماد لە ناوخۆدا بەهۆی هارپاکە لەلایەک و هاندانی گەلانی تر بۆ یاخیبوون لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئۆیبار (سەردارێکی کووروش)ەوە. لە قۆناخی دووەمدا هاتنە مەیدانی کووروش و لەشکری پارس و تێشکانی پارسەکان و چوونەپێشی مادەکان بەرەو پاسارگاد. ئەوە دەکەوێتە ساڵی ٥٥٣ی (پ.ز). مادەکان ناچار بوون لەشکرەکەیان لەسەر سنوورەکان ڕا بۆ شەڕ لەگەڵ سەرهەڵداوان بانگ کەنەوە. ئەوە هەلی دا دەستی بابلییەکان تا حەڕڕان، لە باکوری نێوان دووچۆمان بگرن کە تا ئەو کاتە ئی دەوڵەتی ماد بوو. قۆناخی سێیەم کە دوو ساڵی خایاند جار بەسەرکەوتنی ماد و جاریش بەسەرکەوتنی پارس تەواو دەبوو. قۆناخی چوارەم ساڵی ٥٥٠ی (پ.ز) بوو کە بە خەیانەتی هارپاکە، شەڕی کۆتایی دەستی پێ کرد و هیرکانی و پارتەکانیش ڕەگەڵ پارسەکان کەوتن. ئیختوویگۆ کشاوە هەمەدان و پارسەکان پێتەختی مادیان گرت. بێگومان مادەکان لێبڕاوانە بەربەرەکانییان کرد و ئەگەر خەیانەتی ناوخۆی مەزنەکانیان نەبووبا، نەدەشکان و حکوومەت نەدەکەوتە دەستی پارسەکان.

هێرۆدۆت دەڵێ: (ئاستیاگ سەرەڕای ئەوەی تا ئەو کاتی نێوانی لەگەڵ موغەکاندا زۆر خۆش بوو، ئیعدامی کردن، چونکە لەسەر پێشنیازی وان ڕێگەی کووروشی دابوو بڕواتەوە پارس). وا وێدەچێ بەشێک لە موغەکانیش لەبنەوە پێوەندییان لەگەڵ یاخییان پەیدا کردبێ. لە ڕاستیدا دوایە موغەکان لە دەرباری کووروش و کەمبووجیە ی کوڕیدا ڕێزێکی زۆریان هەبوو.

ئیختوویگۆ هەموو خەڵکی هەمەدانی چەکدارکردن و بۆ شەڕ لە شاری هاتەدەر

بەڵام تێشکاو بەدەستی پارسەکان بەدیل گیرا. پارسەکان هەمەدانیان گرت و بەپێی مێژووی نابوونید تاڵانیان کرد و بەشێک لە خەڵکەکەیان بەکۆیلە بردن. کەتزیاس دەڵێ ئیختوویگۆ دەستبەجێ بەدیل نەگیرا، هەڵات و خۆی لە هەمەدان شاردەوە. کوورۆش فەرمانی دا ئامی تیدای کچی و سپیتامەی زاوای و کوڕەکانیان (سپیتاک و مەهابێرن)یان ئەشکەنجەدان و ئیختوویگۆ بۆ ڕزگارکردنی وان خۆی بەدەستەوە دا.

پادشای بابل باسی ئەو ڕووداوە دەکا کە پوختەکەی ئەوەیە: ئەو لەشکرێکی کۆکردەوە و چووە شەڕی کوورۆش، بەڵام لەشکرەکەی یاخی بوون و ئیختوویگۆیان گرت و دایانە دەستی کوورۆش. کوورۆشیش پاش گرتنی هەمەدان، زێڕو زیوو سامانێکی زۆری کەوتە دەستی کە تەواوی ئەو دەستکەوتانەی بردە ئەنشان. داگیرکرانی هەمەدان لە ٥٥٠ی پ.ز ڕووی دا. لەو شەڕەدا سەکاکانیش یاریدەی کوورۆشیان دا کە نووسەرانی ئێرانی هیچ ئاماژەی پێ ناکەن.

بەردەنووسی کوورۆش – کە لە بەشی ڕێنووس و نووسینی مادەکاندا دەیبینن – درۆیەکی تری ئەفسانەی هێرۆدۆت سوور دەکاتەوە. ئەو بەڵگەنامەیە نیشان دەدا کە ناوبراو لە دەرەوەی خاکی ماد دەرسی خوێندووە و پەروەردە کراوە، چونکە وا دەردەخا ڕێنووسی مادیی دوای خوێندن دیوە و لەو خەتە ٤٨ پیتەی پێ باشتر بووە کە بۆ خۆی دەرسی پێ خوێندووە. ئەگەر ناوبراو لەنێو خاکی مادا خوێندبای و لەوێ پەروەردە بووبا، بێگومان دەبوو بە ڕێنووسی مادیش بخوێنێ، نەک بەڕێنووسە هەر خۆی کوتەنی ٤٨ پیتییە سەختەکە.

سەرەڕای ئەوەش و دوای ئەو هەموو خراپە بۆ سازکردنە، هەندێک مێژوونووسی فارسیش ناتوانن بیشارنەوە کە ئیختوویگوو چ خزمەتی گەورەشی بەوڵاتی ئاریانەکان کردوون. بۆ وێنە زەبیحوڵڵای مەنسووری لە کتێبی (سرزمین جاوید، ص١٨٢) دەڵێ: (ئیختوویگوو پێش شکانی بەدەستی کوورۆش، خزمەتێکی گەورەی بەئێرانییان کرد، ئەویش سازکردنی بەندی دەربەند بوو بۆ پێشگرتن بەهێرشی هێپتالەکان. هەندێکان سازکردنی ئەو بەندە بەئی کوورۆش و تەنانەت بە ئی داریووشی دەزانن، بەڵام وا نییە و لەوانەیە ئەو سەدە لە سەردەمی ئیختوویگۆ تەواو نەکرابێ، و کوورۆش دوایە تەواوی کردبێ..).

(... ئەگەر هێپتالەکان بۆ ماوەی چل و دوو ساڵان ئێرانیان نەخستبا بەر هێرش و مێشکی سەری منداڵانیان نەخواردبا و ئاوەدانییەکانیان لەناو نەبردبایە و پیاو و ژنیان بە دە هەزار دە هەزار نەکوشتبایە، کوورۆشی دامەزرێنەری زنجیرەی هەخامەنشی نەیدەتوانی ڕۆئاوای ئێران بەسێنەیی بگرێ و زنجیرەی مادەکان لەناو ببات.

نووسەرانی فارس ئێختوویگو بەگرینگیدان بە زیوەر و خۆ ڕازاندنەوەی زۆر تاوانبار دەکەن بەڵام کاتێک کوروش بە دنیایەک زیوەر و خۆ ڕازاندنەوە دەچێتە شاری سوور بابزانین چۆنی بۆ پاساو دەدەنەوە. زەبیحوڵڵا مەنسووری دەڵێ: (کوورۆش هەروەک دەڵێن و ئەفلاتوون و هێرۆدۆت و گەزەنفۆن و هیتر نووسیویانە، خۆڕازاندنەوەی پێ جوان نەبوو و لە ژیانی تایبەتیدا خۆی لێ دەپاراست، بەڵام دەیزانی کە لە ڕێوڕەسمی فەرمیدا دەبێ خۆ بڕازێنێتەوە... لەو ڕۆژەداکوورۆش لە بەر زێڕ و گەوهەر دەدرەوشایەوە و ئەسپەکەشی ڕووپۆشی گەوهەرداری پێدا درابوو، بۆ لای پەرستگای (بەعل)، خوا گەورەی (صور) چوو...).

ئەو نووسەرە هەروا لە زمانی (دیۆدۆری مێژوونوس) ڕا کە نابێ لەگەڵ دیۆدۆری پیتۆڵی یۆنانی لێمان تێکچێ، دەڵێ: (هەر کەس لە جێگەی کوورۆش با هەر ئەو کارانەی دەکرد). کەواتە کوروش تەربیەتی گەورانی مادی وەرگرتووە نەک شوان و چونکە ئەو ڕەفتارە لە پەروەردەکراوی دەستی شوانان، ئەویش شوانی ئەو کاتی هەر ناوەشێتەوە. ڕێزدانان بۆ بڕوای خەڵکی تریش کە فارسان هەندە شانازیی پێوە دەکەن، هەر لە باپیرانی و بەتایبەتی هووەخشتەرە فێربووە.


گۆڕێکی بەر لە سەدەی ئاسێستانی پارتامێن گردی سبەلک

دوکتۆر خودادادیان دەڵێ: هەندێک لەو ناوانەی پارسەکان کەلکیان لێ وەرگرتوون، مادین، لەوانە ناوی کوورۆش کە بەواتای (هۆکار) و تەنانەت کرێکار و (تەنانەت بەکرێگیراوە، کە ئەوەی

دواییـیـان لە هـەڵەی هـەندێک مێژوونووسی وەک دیاکۆنۆف ڕا پەیدا بووە) بەڵام ئەوانە هـەموویـان لە ڕاسـتیدا نادروستن و لەبەر تێنەگەیشتنی دروستی وەرگێڕان لە زمانی ماد بووە.

ناوی کـوروش لە لاپەڕەی ٢٠١ لـە نووسـراوەی مـیـسـرییـەکـاندا بە کـورەس، لە نووسـراوەی پازارگـاد کە ئـی کوروشـە کـور – ئاس و لە نووسـراوەکـانی عیـبـریدا کورەس هـاتووە. ئایا ئەوە هـەر (کوڕی ڕەش)ی کوردی نییە کە بەمـانای کوڕی گەورە (واتە پایەبەرز)ە؟ ئێسـتـاش لە کوردیدا کوڕ بەواتای پسری فـارسـی و ڕەش بەواتای مـەزن دەکـار دەکرێ. بۆ وێنـە عـەلی کوڕی قـازی مـحـەمـەد بە کـوڕی ڕەش نـێـوبانگی دەرکردووە. جا بۆ کوروش کـوڕی ڕەش نییـە سیـروس یا تـەنانـەت وەک نووسـەر دەڵێ جەمشیدە؟

دوکـتـۆر خـودادادیان ڕاست دەکـا کـە دەڵێ: (لە سـاڵی ٥٥٢ کـورووشـی دووەم)ی پادشـای ئەنشـان لە بەرانبـەر ئاسـتیـاک (٥٨٥ –٥٥٠ی پ.ز)دا پاش شـەڕێکی ناکام دەبێـتـە هـۆی ئەوەی مـاد سـەربەخـۆیی خـۆی لـە دەست دا و ببـێـتـە پارێزگـایەک (سـاتراپێک)ی ئیمپەراتوورییەتی پارس، کە دوایە پێک هـات).

## دۆخی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگ و باوەڕی مادەکان

توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەبارەی مـادەکان، بۆ یەکەم جار دۆ مـۆرگان (De Morgan)ی فـرانسـەیی کـردی و پاش وی تاقـمـێکی تر لە ئەوروپاییـیـان و لەوانە هـێـرتسـفـیلد (Hertzfeld)ی ئەڵمـانیـا، گـۆدار (Godart)ی فـرەنسـایی و لەو دوایـیـانـەشـدا گـیـرشـمـەنی فـرەنسـایی لەو بوارەدا بە هـەندێک ئاکـام گـەیشـتن، کـە بـرێتـیـیـە لە کۆڵینەوەکانی لوڕسـتان و سـەقز. هـەندێک لە گوندەییەکان لە گۆڕەکانی هـەڵکەوتوو لە هـەرسین و ئەلەشـتـەر و خـورمـاوا (خرم آباد)ی لوڕسـتـان ئامـرازگـەلێکی وەک شـمـشـێـر، خـەنجـەر، قـوڵینگ (پاچ)و تیـری لە ئاسن و مـەفرەقـیـان دۆزیوەتەوە کـە چۆنیـیـەتی پیشـەسـازیی گـەلانی ناوچەکە تـاڕادەیەکی بەرچاو ڕوون دەکـەنەوە. ئەو گۆڕانە تەنیا قووڵکەیەکن کە سـەریان بە تاتە بەردێکی گەورە داپۆشـراوە و وێدەچێ ئی شـەڕکەرانێک بووبن کـە شوێنێکی نیشتەجێبـوونی تایبەتیان نەبووە و بەردەوام لە گـەڕاندا بوون و لە هـەر شـوێنێـک مـردبن، لـەگـەڵ کـەرسـتـەکـانیـان ناشـتـراون. ئەو

کەرستانە نموونەیەکی تێکەڵاون لە پیشەسازیی سەکایی و ئاشووری و ئاسیایی. مادەکان سەردەمێکیش لاسای پیشەسازیی ئەوانیان کردووە و بە سەلیقەی خۆشیان هەندێک دەستیان تێوەرداون. ئەو شتانەی باس کران و دەورییەکی زێوو تەختە زێڕی وەدەستهاتوو، بێگومان ئی سەدەی هەشت و حەوتی (پ.ز)ن و وا وێدەچێ لاسای پیشەسازیی ئاشوور و سەکایی کرابێتەوە.

(برۆسی)ی مێژوونووس و پێشەوای بەناوبانگی (کلدانی) کە لە سەدەی سێیەمی (پ.ز) ژیاوە زەردەشت بە سەرزنجیرەی پادشایانی بەڕەگەز ماد دەزانێ کە لە ساڵی ۲۳۰۰ : ۳۰۰۰(پ.ز) لە کلدە پادشاییان کردووە.

کەفالیۆن لە کەتزیاس کە وەک پزیشکی شا لە دەرباری ئەردەشیری دووەمی هەخامەنش دا(٤٠٤ – ٣٦١ پ.ز) ژیاوە دەگێڕێتەوە کە زەردەشت هاوسەردەمی (نینۆس)ی پادشای ئاسوور و (سەمیرامیسی)ی ژنی بووە و چیرۆکێک لە لەشکرکێشیی ئەو پادشایەی (ئاسوور) بۆ سەر شای (باختەر) دەگێڕێتەوە کە ناوی زەردەشت بووە. ئەو باختەرە وەک لە پێشەکیشدا باسمان کردووە، هەر ئەوەی لای خاپوورە نەک ئەو باختەرەی لای ئەفغانستان کە پارسەکان سازیان کردووە. بەڵگەش ئەوەیە کە ئاشوور هەرگیز دەستی وە باختەری لای ئەفغانستان ڕانەگەیشتووە تا بتوانێ هێرشی بکاتەسەر، بەڵام وەک دەزانین دەستەڵاتی بەسەر وڵاتی بەلخی لای سەرچاوەی فەڕاتدا شکاوە و داگیری کردووە. ئەو شایەش بێگومان زەردۆشتی پێغەمبەر نەبووە بەڵکو مۆئبێدانی مۆئبێدی مەزن بووە چونکە مۆئبێدانی مۆئبێد نازناوی (زەرتۆشترمە)ی هەبووە، مێژوونووسانی ئەو سەردەمە وای تێگەیشتوون. لە بەردەنووسێکی بەجێماوی (ئاسووری) لە سەدەی هەشتەمی (پ.ز)دا باسی مادێک دەکرێ کە ناوی (مەزدەک) بووە. ئەوە دەیسەلمێنێ کە لە سەدەی ٨ دا مەزدا پەرستی لە ناو مادەکاندا برەوی هەبووە. ڕوون نییە داخوا ئەو سەمیرامیسە هەر ئەوەی دایکی (ئەدادنیراری سێیەم) بووە و ناوی شووەکەی ئاوا گۆڕاوە یا سەمیرامیسێکی ترە.

هێرۆدۆت دەڵێ، گوندەییەک کە ناوی (دیکووس یا دیجووس) بوو، بەکارەکانی گشتی ڕا دەگەیشت، چونکە نەیدەتوانی بەکارەکانی خۆی ڕا بگا دەستی کێشاوە. دزی و جەردەیی پەرەی گرت، خەڵکی ماد کۆبوونەوە و ناوبراویان بەتێکڕای دەنگ




جلوبەرگی دانیشتوانی ماد:
١- سەری پیاوێکی دیل لە نەخشی زەق هەڵقەنراوی ئانووپانی نی" (هەزارەی ٣ی پ. ز.)
٢- یەکێک لە مەزنانی ماد لە ڕووی نەخشی زەق هەڵقەندراوی "ئیستەخر" (سەدەی ٥-٦ی پ. ز.)
٣- لوولوویییان لە تەختەنووسراوی فارام سووئێن (هەزارەی ٣ی پ. ز.)
٤- پیاوی ماد لە نەخشی زەق هەڵقەندراوی دوور شارۆکین (سەدەی ٨ی پ. ز.)

کردە شا. (٧٠٥پ،ز) هەندێک لە زانایان دیاکۆیان بە وشەیەکی ئازیائیک زانیوە کەچی دیاکۆ لە پەهلەویدا بەواتای سەرۆک، گەورە، دەست ڕۆیشتوویە. ئاڵمانییەکانیش خۆیان بە (دۆیچ، دۆچ) ناودەبەن کە وێدەچێ هەر بەو مەبەستە بووبێ. دووریش نییە کە دیاکۆ لە وشەکانی کۆنترین دانیشتوانی زاگرۆس بێ.

لەو سەردەمەدا بنەماڵە یەکەی پێکهێنەری کۆمەڵگە بوو. سەرۆکی بنەماڵە گرینگییەکی تایبەتیی هەبوو. یەکێک لە ئەرکە بێ ئەولا و ئەملاکانی سەرۆکی بنەماڵە، پاراستنی ئاورگی بنەماڵە بوو لە کوژانەوە. ئەو ئاورگە لە شوێنێکی دیاریکراودا دانرابوو و ڕێزی لێ دەگیرا. چەند بنەماڵە تیرەیەکیان پێک دێناو لە گوندێکدا نیشتەجێ بوون کە (وەیس)یان پێ دەکوت. چەند تیرەش دەبوونە خێڵێک و چەند خێڵیش هۆزێکیان پێک دێناو لە شارۆچکەیەک دەژیان کە (گەئوو)یان پێ دەکوت. چەند هۆزیش دەبوونە گەلێک و لە هەرێمێک دەژیان، کە پێی دەکوترا (دەگ یوو). شێوەی فەرمانڕەوایی، پادشایەتیی سەرۆک هۆزەکان بوو. سەرۆکی

بنەماڵەکان سەرۆکی تیرە و سەرۆکی تیرەکان سەرۆکی خێڵ و سەرۆک خێڵەکان سەرۆک هۆز و سەرۆک هوزەکانیش تا ماوەیەک سەرۆکی هەرێمەکانیان دیاری دەکرد. دوایەش چونکە ئەو سەرۆکە لە شەڕیشدا فەرماندەیی بەدەستەوە بوو، وردەوردە سنووری دەستەڵاتی خۆی پەرەپێدا، بەڵام نەگەیشتە ئەو ڕادەی کە دەستەڵاتی سەرۆکانی بنەماڵە و تیرەکان بەتەواوی لەناو بەرێ. بەسەرۆکی تیرە دەکوترا (وەیس پەت) و بە سەرۆکی گەلیشیان دەکوت (دەک یوو پەت). کاتێک چەند گەل یا هەرێم دەکەوتنە بەردەستی کەسێک، پێیان دەکوت (شای گەورە). هەموو دەبوو دیاری و باجیان دابا و لە کاتی شەڕیشدا لەشکریان بۆ شا دەنگدابا. زۆربەی پاڵەوانانی کۆن (دەهیوو پەت) بوون.

هێرۆدۆت مادەکان بە شەش چینی بۆوزەکان (Bouses)، پاریتاسنەکان (Paretesenes)، ستروخاتەکان (Strukhates)، ئەریزانتەکان (Arizantes)، بۆودیێنەکان (Boudiens)و موغەکان (Moges)، دابەش دەکا و دەڵێ: ئەو خێلانە خەڵکێکی شوان بوون و گا و پەز و ئەسپ و تەنانەت سەی گەلە و سەی پاسیشیان بەخێو دەکرد. ئەوان بۆ گواستنەوە لە حارەبە کەلکیان وەردەگرت کە تۆپەکەی لە موورەی دار ساز کرابوو. باوک لە بنەماڵەی ماددا خاوەن دەستەڵاتی تەواوبوو و پیاوێک چەند ژنی هەبوون. مادەکان زێڕ و ئێلێکتroوم (Electrum= لێکدراوی زێڕ و زێو)یان دەناسی. بەڵام نەیاندەتوانی ئەو دوو کانزایە لێک جیاکەنەوە. ئەوان هەروەها مەفرەقیان دەکار دەکرد. ئەوشتانەی بەو کانزایانە ساز دەکران، ساکار و سەرەتایی بوون. ئەوان پاش دامەزران لە جێگەیەک، خەریکی کشتوکاڵ دەبوون. هۆزەکانی ماد لە سەرەتادا پێکەوە پێوەندییان نەبوو و لێک دوور دەژیان. بەڵام لە کاتی مەترسیدا لێک کۆ دەبوونەوە و یەکەتیی خۆیانیان ڕادەگەیاند.

(دارمس تتر)ی فەرەنسایی پێی وایە و تەنانەت لەو باوەڕەشدایە کە زمانی ئاوێستایی هەر زمانی مادەکان بووە. نەک هەر ڕێکخراوی دەوڵەتیی پارس، بەڵکو ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیشی لەژێر کارتێکردنی توندی ڕێکخراوی مادیدا بووە. کووروش لە بەردەنووسەکەی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکاو دەڵێ: (ئەمن دانانی یاسای نەگۆڕم لە وڵاتی خۆمدا برەو پێدا کە لە مادەکان فێری بووم،.... من تێگەیشتم کە ڕێکخراوی سوپای مادەکان کە دابەشبوونی دە هەزار کەسی و هەزار کەسی و یەک

سەت کەسی و پەنجا کەسی و دە کەسی و پێنج کەسییە، باشترین شێوەی بەڕێوەبردنی کاروباری ئەرتەشێکە.... ئەوڕۆ سوپای من بەشێوەی مادەکان بەڕێوەدەچێ... یەکێک لە هۆکارەکانی نارەزایی گەلانی ژێردەستی ماد ئەوە بوو کە ئەوان ئوولی خۆیان بەسەر خەڵکیدا دادەسەپاند...)

دیارە وەک پێشتر باسمان کرد، لە پێشدا مادەکان ڕێزیان بۆ ئوولی خەڵکی تر دادەنا. ئەو ڕەوشتە لە سەردەمی هووەخشتەرەشدا پەیرەویی لێ دەکرا، بەڵام لە سەردەمی ئیختوویگوو لەژێر کارتێکردنی موغەکاندا ئەو شێوازە گۆڕا و هەر ئەوەش یەکێک بوو لە هۆکارەکانی تێشکانی. کووروٚش بێگومان بەپەندوەرگرتن لەو شکستەی باپیری بوو کە گەڕاوە سەر بڕوای ئازادیی ئوولی کە ئی سەردەمی پێشتر بوو، نەک ئەوەی کە بۆخۆی دایناب‌ێ.

ئەو کۆڵینەوەی کراون، تا ئێستا خانووی مادەکانیان تێدا نەدیتراوەتەوە. بەڵام تایبەتمەندییەکانی خانووەکان لەو گۆڕانە ڕا دەردەکەوێ کە لە ڕەوەزەکان هەڵقەندراون، کە بریتین لە ساختمانی یەک نهۆمی لە خشت یا بەرد و ڕاست گۆشە و زۆربەیان بە سەربانی تەخت و هەیوانێک لەسەر ئەستوونی دار یا بەردن. ئەو چەشنە بینایانە لە ناوچە کوێستانییەکانی ئاسیادا زۆر باو بوون. بەڵام بەڕواڵەت شێوە ژیانی خەڵکی ئەوپەڕی ڕۆهەڵاتی وڵاتەکە (واتە زاگرۆس) کەوتووەتە ژێر کارتێکردنی دابی بابلییەکان. بۆ وێنە لە بەشی ڕۆهەڵاتی ئەو کێوانیدا جلوبەرگێک دەبەر دەکرا کە لە هەزارەی سێیەمی پ. ز لەنێو لوولووبییاندا باو بوو. کورتەکێک و کراسێکی قۆڵ کورت، کە کەوڵێکی دەخرایە سەر و لەسەر شانی چۆپە قایم دەکرا. جارجارەش سەری کەوڵەکەیان بەبن پشتێنددا دەبردە دەر. سامانداران کەوڵی توڵەپڵنگ و دەست نەڕۆیشتووان کەوڵی مەڕیان بەکاردێنا. جلکی مادەکان و هۆزەکانی یەکەتیی ماد و ماننایی ئاوا بوو.

دابی بەشانیدادانی کەوڵە مەڕ ئێستاش لەنێو شوانانی ناوچە کوێستانییەکانی ئازەربایجاندا هەر ماوە. ئەوان موویەکانیان بە باریکەیەکی سوور دەبەست و ڕیشیان دەتاشی.

لە وێنەکانی ئاشووریدا کڵاوی درێژی لباد یا تانج نابیندرێ، کە بە زمانی لاتینی تیاریان پێ دەکوت و تایبەتی وڵاتی ماد بوو، بەڵام لەوەڕا کە ئەو کڵاوانە لە هەزارەی

سێیەمی پ. ز هەبوون و لە سەردەمی هەخامەنشییان (سەدەکانی ٦-٤ی پ.ز) هەر برەوی هەبووە، بێگومان لە چاخی مادەکانیشدا هەر باو بوونە. پێڵاوی تایبەتییان، کاڵەی نەرم و نووک قیت بوو. ئەو چەشنە کاڵانە تا ئەو دواییانەش لەنێو مەنگوڕاندا لەلای مەهاباد و پیرانشار هەر باو بوون.



وەرزێری ئێرانی لە ڕووی مۆرێکی ئەستوونی سەدەی ٥ی پ. ز. هەڵگیراوە

یۆنانییان ئاگایان لەو جلکانەی مادەکان نەبوو و بە ئی کاسییەکانیان دەزانی و جلکێکی تریان بەجلکی ماد ناو دەبرد کە لەگەڵ وێنەکانی ئاشووری جیاوازە. ئەویش بریتی بوو لە کراسێکی فشی قۆڵ درێژ (ماراپیس)و پانتۆڵێکی فش و گنجدار کە لە ڕاستیدا دامێنێکی درێژبوو کە لە نێوان دوو پێدا کۆ دەکراوە - و کەوایەکی کورت لە پارچەی ڕەنگاوڕەنگ یا لەپەشم و سەرکلاوێک، کە لە سەر دەنرا. ئەو کەواو پاتۆڵ و سەرکلاوە هێشتاش لە کوردستاندا باوە. بەڕواڵەت ئەو جلکە ئی سوارانی ئاریزانتی بوو. دانیشتوانی سەرەکیی مادی ڕۆهەڵات و ناوەند ئەو جلکەیان نەدەکردە بەر، بەڵام لە کۆنەوە هەر باو بووە و ئەوە لە مۆرێکی کۆنی ماد ڕا دەردەکەوێ کە لە بن گڵی تەپۆڵکەی Bی سیالکی کاشان کەوتووەتە دەست.

ئەو جلکە بەڕواڵەت لە سەدەی حەوتەمی پ.ز، هاوکات لەگەڵ برەوی ئاینی هۆزەکانی ڕۆهەڵاتی ماد و زمانی فەرمیی ئێرانی لە سەرانسەری خاکی ماددا بوو بەداب و لە سەدەی شەشەمی پ.ز پارسەکانیش پەسندیان کرد.

لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ.ز ش نێزە و مەتاڵ چەکی ئاسایی مادەکان بوو. پاشان لە چەکەکانیاندا گۆڕانکاری پێکهات و خەنجەر و شمشێری کورتی (ئیسکەیتی)ش کە ئاکیناکی پێ دەکوترا، ڕەگەڵ چەکەکانیان کەوتن.

وەک دەزانین لەو چاخەدا ئەسپ بە سامانی گرینگی هۆزەکان دەهاتە ئەژمار. هێشتا ئاگەداری زین نەبوون و سواران ئەسپیان جل دەکرد. زین و بەرگی مادەکان و کاسییەکان تایبەتمەندیی خۆی هەبوو تەنانەت لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز

زانیارییان لە گاسن و نیر و ئاموور و چۆنییەتیی بەستنی جووت لە جووتەگا هەبوو.

لە بەشی پیشەکاندا، دەکارکردنی هونەر لەسەر مەفرەق و ئاسن گەیشتبووە پلەیەکی بەرز و بەتایبەتی دەسکارە هونەرییەکانیان لە مەفرەق زۆر جوان بوون. بەردتاشین، سووالەت چاکردن و وێدەچێ کرتەنینیش گەیشتبووە پێشکەوتنێکی هەست پێکراو. پاشان تەنراوی مادی نرخی زۆری بۆ دادەنرا. بەجوانکاریی جۆرەوجۆردا کە لەسەر دەفری سوالەتی ئەو سەردەمەدا دیتراون، وا وێدەچێ کە ئەوان لەوانەیە ئەو نەخشە جوانانەیان لە کرەکانیشدا دەکار کردبێ.

## ئوولی مادەکان (موغەکان)

ئوول لە باوەڕی ڕۆهەلاتی کۆندا دەورێکی گرینگ و بەرچاوی هەبووە. لەو بوارەشدا مێژووی ماد دەبێتە دووبەش: یەکێکیان بەر لە سەدەی حەوتەم، دووەمیان دوای سەرەتای ئەو سەدەیە. بناغەی هەڵسەنگاندنی ئێمە لەسەر هەزارەی یەکەمی بەر لە زاین، نووسراوەکانی ئاشووری و ناوە تایبەتەکانن. لەو بارەیدا نووسراوەی زۆری ئاشووریمان هەن کە چەند جاران باسی خوایانی ماناو هی تر و بەتایبەتی ڕفاندن و بەتالان بردنی ئەو خوایانە (بوتانە) دەکەن.

لەسەر شێوەی بوتەکان دەکرێ لەسەر مەفرەقەکانی لوڕستان و وێنەی هەڵقەندراو لەسەر کەلوپەلی دۆزراوە لە (زیویە)ی ماننا داوەری بکەین. هەرچەند وێدەچێ لەنێوان ئەفسانەکانی لوڕستانی و ئاوێستادا شێوە پێوەندییەک هەبێ، بەلام لە سەر یەک بەڵگەنامەی لە بەردەستدا دەیسەلمێنن کە ئوولی سەرزەمینەکانی ڕۆئاوایی مادی کۆن زۆرتر لەگەڵ ئوولی هوورییان و تا ڕادەیەک ئی ئاشوورییان وەک یەک بووە. بەتایبەتی وێنەی ئیبلیسان لە شێوەی سەیروسەمەرەی وەک نیوە مرۆ و نیوە دڕندەی خەیاڵی کە لەشی شێر و باڵی هەڵۆ و سەری شێر یا شەهێنیان هەبوو، کە لە ئەفسانەکانی هوورییانیدا زۆر باو بوونە کە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ئوولەبوونە. پاشان ئەو داعبا سەیرانە دەبینین کە لە نەخشە زەق هەڵقەندراوەکانی هەخامەنشییان وەک نوێنەری دێوان هاتوون.

ئەگەریش هەندێک لە وێنەکانی لوڕستان لە ئاوێستا نیزیک بن، دەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێ کە پێکهاتنی ئاینی ئاوێستایی لە کارتێکردنی باوەڕی ئاینیی پێشووی

دانیشـتووانی نائێرانـی و پێش ئێرانی بەدوور نەبووە. بۆ وێنە ڕێزدانان بۆ سـەگ، کە لە تایبەتمەندییەکانی ئاوێستایە، دابێک بووە کە لەنێو گەلانی کاسپی و ئالبانیدا باو بووە. ئەو دابە کە تەرمی مردوو لە پێش باڵندان دانێن تا گۆشتەکەیان بخۆن – کە پاشـان بوو بـە ڕەسـمی زەردەشـتـیـیـان و بە لە سـەرەخۆییـیـەکی یەکجار زۆر لـەنێو گەلانی ئێرانیدا بوو بە باو – لە سەردەمی کۆنەوە لەنێو کاسییاندا برەوی هەبووە، بەڵام گـومـانی تێـدا نییـە کـە ئەو وێنانەی لە نەخـشـەکـانی مـاننایی و لوڕسـتـانـیـدا کێشراونەوە، بەگشتی پێوەندییەکیان بە دینی ئەهوەرامەزدا و ئامۆژگارییەکانی زەردەشتەوە نییە. ئوولەکانی کۆنی کووتییان و لوولووبییان و کاسپییان هەر مابوون و لە سـەدەکانی ۹و۸ی (پ.ز) تاڕادەیەک بەنەگۆڕاوی لەنێو بەشـە نائێرانییـەکەی گەلانی مادیدا هەر برەویان هەبووە.

ئاینی کاسی و تەنانەت ئی بابلییانیش تا ماوەیەک لەنێو مادەکاندا برەوی هەبوو. یەکێک لە ولاتەکانی ڕۆئاوا یا ناوەندیی ماد بە بەیت ئیشتار یا ماڵی ئیشتار (خوا چکۆلەی بابلیی ئەڤین و بەپیتی) ناو براوە. وەک لە قسەکانی هێرۆدۆت دەردەکەوێ، پاشـان لەگەڵ ئاناهیتای ئاوێستادا بەیەکیان زانین. لە ناوەندی ماد، لە نیزیک ئەو ناوچەی کە پاشان بە ئۆکباتان ناوبرا، ئاشوورییەکان لە بەرەوپێش چوونی خۆیاندا نەک هەر تووشی قەلای بابلییەکان یا کۆچ نشینی کۆلۆنیی کاسییان بوون، بەڵکو پەرستینی مەردووکی خوای بابلییانیشیان دیت. لە مادی ڕۆئاوادا فەرمانڕەوایان زۆر جاران بە ناوی ئەکەدی و لەوانە بەناوی خواکانیان ناودەنران.

لەبارەی ئوولی مادەکانی ئێرانیی نیشـتـەجێ لە دوورترین بەشـەکـانی ڕۆهەلاتی ولاتەکـە، بێـجگە لە ناوە تایبـەتیـیـەکـانی پارێزراو لە سـەرچاوە ئاشـوورییـەکـاندا، بەڵگەیەکی ترمان لە بەردەستدا نییە و چونکە ناوە ئێرانییەکان – بەپێچەوانەی ناوە نائێرانییـەکان – لانیکەم هەندێکیان – بۆمـە ڕوونن و هەر ناوێکی کـەون پێوەندیی هەبووە لـەگەڵ باوەڕێکی دینیی تایبـەتدا. بەلێکدانەوەی ئەو ناوانە دەتوانین گـەلێک زانیـاری لە سـەرهەڵگرانیـان وەدەست بێنین. ناوی زۆرینەی بنەمـاڵەی فـرەوەرتیش (گـئـو، گاو)ی دەگەڵە وەک ئـیـختـۆویگئو یا دیاکئو... ئەوە نیـزیکییـەکی زۆری ئەو بنەماڵە لەگەڵ ئاوێستا نیشان دەدا. گا تـەنیا لە کشتوکاڵدا دەکار نەدەکرا، چونکە هۆزەکـانی مـاد گـاوگـۆلی زۆریان هەبوون؛ تـەنانـەت ئاوێسـتـاش یەم و ترائتـون –

جەمشید و فەرەیدوون – بەخاوەنی گاوگۆلی زۆر دەناسێنێ کە بەناچاری دەچوونە هاوینەهەوار و زستانە هەوار و هەندێک جاران بۆ کۆچی دوور و درێژتریش لە زەمینی چڕ و ئاستەم و هەڵەمووتی کوێستانی و دەشتەکاندا تەنیا کەرستەی گواستنەوە و هاتوچۆیان گا بووە (ئێستاش کەڵ و حارەبە یا حارەبەی گایان، بەشێوەی زۆر نیزیک هەر لە شێوە کۆنەکەی یەکێکە لە کەرستە گرینگەکانی هاتوچوو ڕاگواستن لە ناوچە ئاستەمەکانی کوردستان لە زۆر جێگە. پێویستە بکوترێ کەڵیش کە نێری گامێشەو لە ڕاستیدا هەر بەگا دێتە ئەژمار و شێوەی دەکارکردنیشیان لە جووت و حارەبەدا هەر وەک یەکە).

نازناوی پادشایانی ماد (خشپریتە) بوو کە لەگەڵ (چثرا)ی ئاوێستا یەکێکن. (دارمس تتر) پێی وایە کتێبی پیرۆزی زەردەشتییان بە زمانی ماد نووسراوە.

هەندێک لە زانایان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئوولی مەزداپەرستی لەنێو هەڵگرانی ئەو ناوانەدا برەوی هەبووە. ئەوەی لەنێو ئەو ناوانەدا ڕوونە، بریتییە لە وشەی (ئەهوورا Ahura) بەواتای (باش – خوا)و پاشان (باش ڕەوان) و لە ئاشووریدا (ئەئوودەر، ئوور aur- Audar) و مەزدا واتە بەئاوەز (بەئاشووری مەشدا Mashda). ئەو دوو وشە هەروەک لە ئاوێستادا دەبیندرێ وەک دوو وشەی جیا دێن، نەک وەک



موغێک
کاریلەیەک بۆ قوربانی دەبا لە نەخشی زەقی ئیستەخر سەدەی ٥ی پ.ز

پەیکەری بچووکی موغێک لە زێو لەگەنجینەی ئاموودەریا سەدەی ٤ی پ.ز

موغێک
دەفرێکی بۆ هێئوومە پێیە لەڕووی نەخشی زەقی ئیستەخر سەدەی ٥ی پ.ز

ئی بەردەنووسەکانی هەخامەنشی پێکەوە (ئەهورا مەزدا Ahuaramazda)و هەروەها بەگ Bag (بەئاشووری بەگە Baga) واتە خودا. بوونی هەندێک ناوی ئێرانی لە سەدەی ٩تا ٧ی (پ.ز)، لەنێو مادەکان بوونی باوەڕ بە ئەهورا مەزدا دەسەلمێنن.

هێرۆدۆت دەڵێ: (موغەکان هۆزێکن لە مادەکان کە خاوەنی باوەڕی دینی و ڕێ و ڕەسمی تایبەتین و پارس و مادەکان پێشەوایانی دینیی خۆیان لەناو ئەوان هەڵدەبژێرن). وێدەچێ (ڕەغە) کە لە سەدەکانی ناوەڕاست بە (ڕەی) دەناسرا، و یەکێک بووە لە شارە گرینگەکانی (ماد)، سەرزەمینی ئەوان بووبێ. لە (ئاوێستا)دا هاتووە کە (زەردەشت) سەرۆکی هەرێمی (ڕەغە) بووە. لە (ئاوێستا)دا پێشەوایانی ئاینی بە (ئاپەروانان) (بەکوردیی ئێستا ئاتەروان یا ئاگرەوان) ناو براون. وێدەچێ موغەکان هۆزگەلێک بووبن کە ئامۆژگارییەکانی زەردەشت بەر لەئی تر لە نێوانیاندا پەرەی ئەستاندبێ. پێشەوای دینیی زەردەشتی لە کاتی دانی قوربانیدا دەبوو سەر کڵاوێک لە سەرنێ کە زار و کەپۆشی داپۆشی تا نەفەسی پیسی وە ئاگرەکە نەکەوێ. پێش دانی قوربانیش شەرابی پیرۆز (هێئوومە)ی تێ دەکرد. ئەو ڕێزگرتنە لەناو کورددا تائێستاش بەشێوەیەک هەر ماوەتەوە. تانیزیکەی ٣٠–٤٠ ساڵێک پێش ئێستا لە کوردستاندا دەیانکوت چرا نابێ بەفوو بکوژێنییەوە چونکە نەفەس پیسەو گوناحت دەگاتێ. ئەو ڕێزگرتنە لە ئاگر لە وشەی کوردیشدا بەوە خۆ دەنوێنێ، کە بەخامۆشکردنی ئاگر دەڵێن کوژاندنەوە. ئەو وشەیەش لە کوشتن ڕادێت، کە بۆ لەناوبردنی گیانلەبەر دەکوترێ. ئەوە بەو واتایەیە کە لە نێو کورداندا زۆر بەڕێزەوە چاو لە ئاگر کراوە و وەک مرۆڤ لێیان ڕوانیوە و گڕ نەهێشتنی ئاگریان بە کوشتن داناوە.



وێنەیەک لە بەردەنووسی هەخامەنشی داریووشی یەکەم

## ڕێنووس و نووسینی مادەکان

تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر سەدەی حەوتەمی پ.ز، زانیاریمان لەسەر ڕێنووس و نووسینی مادەکان کەمترە لە زانیارییەکەمان لەسەر فەرهەنگی وان. بێگومان پێش هەزارەی ١ی پ.ز، ڕێنووس و نووسین لە سەرزەمینی مادەکاندا هەبووە. فەرمانێکی بەناوبانگ لە دەستدایە کە لە سەدەی نۆ یا هەشتی پ.ز لەلایەن شاچکۆڵەی ئابدادانا بۆ پیاوێکی ئاشووری بەزمانی ئەکەدی نووسراوە کە باسی پێ بەخشینی سامان و پێدانی کارهاسانی دەکا. لە هەندێک لە بەڵگەنامەکانی لە دەستدا (ناڕاستەوخۆ) وا دەردەکەوێ کە مانتائییان بۆ خۆیان نووسینیان هەبووە کە بەگومانی بەهێز لە ڕێنووسی ئوورارتوویی وەرگیراوە و وێ دەچێ شێوەیەک لە ڕێنووسی بزماری بووبێ. لە هەمان کاتدا لە ناوچەکانی گۆلی ورمێدا ڕێنووسی هیرۆگلیفی لە شێوەی هیرووگلیفی ئوورارتوویی لە برەودا بووە. ئەو هیرووگلیفە لەسەر سینییەکی زێوین دەبیندرێ کە لە زێویە دۆزراوەتەوە. بێگومان ئەوان لە سەدەی حەوتەمی پ.ز خاوەنی ڕێنووس و نووسین بوون. ئەو ڕێنووسە هەر ئەوەیە کە ئەوڕۆ بە (ڕێنووسی پارسی یا ڕێنووسی پلە یەکی هەخامەنشی) ناو دەبرێ، بەڵام لە باری بنەڕەت و بنەما، مادییە. ئەو شێوە نووسینە بێگومان لە عیلام و بابل وەرنەگیراوە و ئوورارتوویییە. لەو ناوەدا چەند ئاڵقەیەک ونن، کە دەبێ ئی سەردەمی مادەکان بن. زەبیحوڵڵای مەنسووری دەڵێ: (... هەر لەو کاتەدا کە پیاو و ژن سەرگەرمی قوڕەکاری بوون تاشوورەی شاری هێگمەتانەی ساز بکەن، منداڵان لە قوتابخانەکانی شاردا دەرسیان دەخوێند و بەڕێنوێنیی مامۆستا بەقەڵەمێکی لە مس یا مەفرەق لەسەر تەختە بەردێک، دەیان نووسی. لەلای سەرووی بەردەکە نووسرابوو: کوڕە لەبیرت نەچێ نەینەوا دەبێ خاپوور کرێ!...).

(.. ئەو بەڵگەی دەیسەلمێنێ کە نووسین هەزاران ساڵ بەر لە دیاگۆ لە بانووی ئێراندا باو بووە، بەردەنووسێکە لە ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی (١٩٦٥ی زاینی) لە باشووری ئێران، لە بینایەکی شوێنی ڕاگرتنی ئاگر (ئاورگە) وە دەست هاتووە و لەسەر ئەو بەردەنووسە کە ئێستا لە ئیدارەی کۆنینەناسیدایە، نووسراوەیەک بە ڕێنووسی بزماری هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ حەوت هەزار ساڵ پێش ئێستا، واتە چوار هەزار و سێسەت ساڵ بەرلە پادشایەتیی دیاکۆی دامەزرێنەری پادشایەتیی ماد...



نیشانەیەکی هیرووگلیف لەسەر دەفرێکی دۆزراوە لە زێویە سەدەی ٨ی پ. ز.

ئەو ڕێنووسەی نووسراوەکەی پێ نووسراوە، هەر ئەلفوبێیەکی سەرەتایی نییە، کە هێشتا نەگەیشتبێتە پلەیەکی پێشکەوتوو و تەواو و بە سەرنجدانە ڕەوتی زۆر لە سەرەخۆی پێشکەوتنی فەرهەنگی لە ڕابردوودا، لەوانەیە هەزار ساڵ یا لانی کەم سەدان ساڵی پێ چووبێ تا ڕێنووسی تەختەنووسراوی ئاورگەی باشووری ئێران بەو پێشکەوتنە گەیشتبێ. کەوابوو، پێشینەی نووسین لە بانووی ئاریاکاندا زۆر پێش ٥٠٠٠ ساڵ (پ.ز)یە و لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا دەڵێ: مادەکان ڕێنووسی بزماری لە ئاشوورییەکان فێربوون و چەند پیتی تایبەتی زمانی خۆشیان خستەسەر و کردیانە ڕێنووسی مادی.. (وەک دەبینین کەلەپوورگرانی مادەکان، واتە کوردەکان ئەو داهێنانەیان لە سەردەمی نوێشدا بەکەلکوەرگرتن لە ڕێنووسی عەرەبی ئەنجامداوە و ڕێنووسێکیان ساز کردووە کە خوێندنەوەکەی لە هەردووک ڕێنووسی فارسی و عەرەبی هاسانترە.)

ڕاستە دیاکۆ یا مادەکان یەکەم کەس نەبوون کە ڕێنووسیان هێنا وڵاتی ئاریان و پێش ئەوانیش و تەنانەت زۆر بەر لەو بەردەنووسەش خوێندن و نووسین لەو ناوچەیدا هەبووە، بەڵام هەروەک بەردەنووسی کوورۆشدا دەیسەلمێنێ، ئەوان توانیویانە بە دەست تێوەردانی ڕێنووسی باو لەو کاتەدا، ئەلف و بێیەکی هاسانتر و بەکەلکتر داهێنن. مێژوونوسان گومانیان لەوەیدا نەهێشتووەتەوە کە مادەکان زۆر لە پارسەکان پێشکەوتووتر بوون و پارس نووسین و زۆر شتی تر لەوان فێربوون.

ئەوە بەتەواوی سەلمێندراوە کە زمانی بەردەنووسەکانی هەخامەنشی وشەی زۆری مادیی تێدان. دیارە لەو وشانە هەر ئەوەندەیان ناسراون کە لەباری تایبەتمەندیی دەنگدا سەر بەزمانی مادین، بەڵام لەوانەیە وشەی زۆری تریشی تێدا بن کە مادین و بە تایبەتمەندییەکانیانەوە نەناسراونەوە. زمانی ئەو بەردەنووسانە لەباری وشەوە زۆرتر لە زمانی مادی نیزیکتر بووە تا ئی هەخامەنشی.

کوورۆش لە بەردەنووسەکەی خۆیدا دەڵێ:

(مـادەکان شـتی باشـیشـیـان هەبوون و من پاش ئەوەی بـەپادشـایەتی گەیشـتم، ئەوانەم لـە مـادەکـان وەرگـرتن و لە وڵاتی خـۆمـدا برەوم پێـدان. یەکـێک لەو شـتـە باشانەی لە مادەکان فێری بووم، ئەلفوبێی وان بوو، کە ٣٦ پیتی هەبوون و هەر ئەو ئەلف و بێـیـەیە کـە ئەورۆ لە وڵاتی مندا بووەتە باو. ئەمن خـوێندن و نووسـین بە ئەلفوبێی ٤٨ پیتی فێربووم، بەڵام زانیم کە ئەلفوبێی ٣٦ پیتیی مادەکان بۆ خوێندن و نووسین کەلکی زیاترە و مـرۆڤ بەو ئەلف و بێیـە زووتر فـێری خـوێندن و نووسـین دەبێ. ئەمن تێگەیشتم بۆ ئەوەی خەڵک بەهاسانی فێری خوێندن و نووسین بن، دەبێ نووسـین لە سـەر تـەخـتـە گـڵی سـوور وەلانێن و وەک خـوێندنگەکـانی هێگمـەتانە تەختەبەرد دەکارکەن و فەرمانبەرانی دیوان و بازرگانان و کارمەندانی تۆمارکردنی بەڵگەنامەکانم ڕاسپارد کە لە سەر چەرم بنووسن و یەکێک لە سوودەکانی نووسین لە سەر چەرم ئەوەیە کە ماوەیەکی زۆر خۆڕا دەگرێ....

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەزانستێکی کەم باسکراوی مادەکان بکەین. گوڵەکەرکۆ (گوڵەجیرە)، گیایەکە بەشێوەی خۆڕسک، لە کوردستانی باشوور و بەتایبەتی شارەزوور زۆرە. لە ڕۆژگاری کۆن لە کوردستـاندا پرزۆڵەی ئەو گیایە پارچەیەکی بەناوی هەڵاوەی لێ دەچندرا. لە بەڵگەنامـەکانی ئاشـووریدا ئەو گیـایە بەباشـترین شت بۆ کاری مـۆمیایی و ڕاگرتنی بـەڵگەی وەک قـەباڵە و... زانراوە. ئەو گیـایە کـە بەگـیـای پیـرۆز نـاسـراوە، لە مـادی کـۆن ڕا بەئـاشـوور و پارس و ڕۆم و یۆنان فرۆشراوە. بەپێی بەڵگەنامەیەکی ئاشووری کە ئێستا لە مۆزەخانەی لۆڤێری پاریس ڕاگیراوە، خـەڵکی ماد بـەگیـای کـەرکـۆ و سپـێنەی هێلکە و قسڵ و ئاوی هەنار، باشترین و خۆڕاگرترین جێگەیان بۆ پاراستنی بەڵگەنامە و قەباڵە ساز دەکرد، کە زۆریان لێ لە گـۆڕەکـانی ئاشـووردا دۆزراوەتـەوە و پاش تێـپـەڕینی ٢٧٠٠ سـاڵان هێشتا ساغن و نەڕزیون. ئەفسانەیەکی کوردی دەڵێ، خوای (بڵ Bll) یا خوای دۆڵی قـووڵ، لەو دیارییـانـەی بەبۆنـەی نەورۆزەوە بۆ شـا جـەمـشـیـدی کـەیانیی ناردن، یەکێکیان مـەلێکی قسەکەر بوو بەناوی (کەرکووک Karkuk) و یەکێکیشیان گیای پیرۆزی (کەرکۆ Kerkow) بوو. جەمشیدیش بۆ ڕاگرتنیان کۆشکێکی باشی لەسەر دەریایەکی ئاگر ساز کرد و شـەماڵ (خـوای بای ئارامی بەهاری)ی کردە بەرپرسی

پاراستنیان. بەڵام بای زریان یا (بای خوای وێرانی یا سەرسەر) کە دوژمنی ئەوان بوو،...).

ئەوەی سەرنجڕاکێش و سەرسووڕهێنەرە، ئەوەیە کە ئەو مادانە وەک لەسەرەوە باس کرا، خوێندنیان ئەوەندە لەلا گرینگ بووە، ڕێنووسی باشیان فێری پارسەکان کردووە، شتی ئاوا بەکەلک و باشیان بۆ پاراستنی بەڵگەنامە هەبووە، لە ڕێکخستنی دەربارییاندا لاسای دەرباری ئاشووریان کردووەتەوە، ئەوانە و زۆر هونەر و لێهاتوویییان هەبووە، ئەوەندەیان شایی بەخۆ بووە و هەندە خۆیان ڕازاندووەتەوە و لە زۆر شتدا لاسای ئاشوورییانیان کردووەتەوە، ئەدی چۆنە ئەو شتە چاکەیان لێ فێر نەبوون کە بەسەرهاتی خۆیان بۆ داهاتووان تۆمار بکەن و سەرەڕای ئەو هەموو سەرکەوتنانەش بەتایبەتی لە نووسین و شێوەی ڕاگرتن و پاراستنی بەڵگەنامان، هیچ نووسراوێکیان لەسەر خۆیان لێ بەجێ نەماوە؟ بێگومان ئەوە لە ئاوەز بەدوورە و دەبێ ئەوە ڕاست بێ کە هەندێکان کوتوویانە، هەخامەنشی پاش بەدەستەوە گرتنی دەستەڵات، هەموو ئاسەواری نووسراوی مادیشیان لەناوبردووە و هەرچی لەو بابەتە وەگیریان کەوتبێ سڕیویانەتەوە.

## هونەری مادەکان

بیناسازی

ئاسەوارێکی زۆر لەسەر بیناسازیی مادەکان نەدۆزراوەتەوە، هەر بەچاوخشاندن بەهەندێک گۆڕی لە بەرد هەڵقەندراو دەتوانین تاڕادەیەک لە شێوەی بیناسازیی ئەو سەردەمە تێ بگەین. نیشانەی بەرچاوی ئەو بینایانە تەختەبەردی قورسن کە لەسەر کۆڵەکەی لە بەرد دامەزراون و بوونەتە میچی گۆڕەکان. کۆنترین گۆڕی دۆزراوە لە وڵاتی ماد، ڕەفحەیەکە بۆ لەسەر دانانی جەنازە لە سەکوەند لە باشووری کرماشان. وێنەی قەڵافەتێکی گەورە و دوو قەڵافەتی بچووکی مرۆڤ لە سەرەوەی ڕەفحەکە کێشراونەوە. ئەو وێنانە نارێک و نالەبارن و شێوەی سازکرانەکەیان هێشتا لەگەڵ نەخشە بەزەقی هەڵقەندراوەکانی لوولووبییان و عیلامییان جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. زیارەتەکانی تر لە شێوەی ماڵی تێدا حاوانەوەن. زۆرتری ئەو گۆڕانە لە هۆدەیەک یا چەند هۆدەی ناوەوە و پێشخانە و بەرهەیوانێکی لەسەر چەند کۆڵەکان

پێکهاتوون. وێدەچێ مادەکان لە خانوو سازکردنیشدا بۆ بەردەرگا ئەو چەشنە میچانەیان ساز کرد بن. دەوری ئەوانە پێشگرتن بە گەرمای توندی هەتاوی هاوین و کەلک وەرگرتن لە گەرما و تیشکی ڕۆژ لە زستاندا بووە. هەخامەنشییانیش لە تەختی جەمشید لەو شێوەکارەیان کەڵک وەرگرتووە. ئەو گۆڕانە پێشخانێک و دوو هۆدەی بچووکیان هەن، کە یا لەسەر یەک یا بەتەنیشت یەکەوە هەڵکەوتوون. لە شێوەی دووەمدا، تیغەیەکی تەنک دوو هۆدەکەی لێک جیاکردووەتەوە. ئەو گۆڕانە جێگەی تا سێ تەرمیان هەبووە و هەندێک دەلاقەی قووڵ بۆ جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمی قوربانی سازکراون. لەسەر دەرگای گۆڕەکان هەندێک نەخش لە بەرد هەڵقەندراون، کە خەملێکی تایبەتی پێ دەبەخشن، لەوانە:



زیارەتانێک لە ڕەوەزی قەخرەقادا لە نزیک مياندواو

١- گۆڕی (دووکانی داوده) کە زۆر وێدەچێ گۆڕی ئیختوویگوو بێ. ئەو گۆڕە لە نیزیک سەرپێڵی زەهاو لە نێوان کرمانشا و قەسری شیرن (سەر ڕێگەی هەمەدان بۆ بابل) هەڵکەوتووە وێنەی پیاوێکی بەپێوەی لە نوێژکردندا لەسەر هەڵقەندراوە، کە جلکەکەی مادییە و بەرسۆمێکی لە دەستی چەپیدایە و دەستی ڕاستی بەنیشانەی نزا بەرز کردووەتەوە. ئەو شێوە نوێژ و سەرنەویکردنە لە بەرانبەر شوێنە پیرۆزەکان لەناو عیلامییەکانیشدا باو بووە. بەرسۆم دەسکە شوولکێک بوو کە بەپرزۆڵی دارخورما لێک قایم کرابوون و لە کاتی نوێژکردندا بەدەستیانەوە دەگرتن. لێرەدا کێشە لە سەر ئەوەیە کە ئایا پیاوی نێو ئەو نیگارە موغێک یا پیاوێکی ئاینییە یا هەر



**زیارەتانێک لە ڕەوەز لە نیزیک سەحنە**

زیارەتانێک لە ڕەوەز لە نزیک سەحنە



وێنەی حەوشی ناوەوەی خانوویەکی ئوورانووییە هۆی و. س. شارۆکین، لە ڕووی ئاسەواری ئێستا کێشراوەتەوە حەوشەکە سەری داپۆشراوە

مردووەکە بۆخۆیەتی.

٢- (شیرن و فەرهاد) لە نیزیک سەحنە لە نێوان کرماشان و هەمەدان، گۆڕێکە کە نەخشی ئەهورامەزدای لێ هەڵقەندراوە و نەخشی ڕۆژی بەتیریژەکانییەوە لەسەر دەرگاکەیەتی.

٣- گۆڕێکی بچووکی قیتیش لە گوندی ئیسحاق ئاوەندی لە نیزیک کرمانشایە کە کەسێک لە کاتی نوێژکردندا نیشان دەدا.

٤- یەکێک لەو گۆڕانە لە ناوچەی ماننایە بەناوی فەقرەقایە لە نیزێک میاندواوە کە پێشخانەی نییە و بەری بانەکەی یەکپارچە بەردە لەسەر چەند کۆڵەکان. دیاریکردنی مێژووی ئەو گۆڕە ئاستەمە بەڵام شێوەی کەلک لێوەرگرتن و تێدا دانانی جەنازەکان لەگەڵ ئی سەکوەند جیاوازە.

٥- گۆڕێکی لە بەرد هەڵقەندراوەیش لە دۆڵی قاسملووی نیزیک ورمێیە لە نیزیک گوندی سێبیانێ، کە هەر هۆدەیەکی چوارگۆشە و پێشخانەیەکی هەیە. میچ و دیوارەکانی چوارگۆشەی تەواون و زۆر وەستایانە و بەرێکوپێکی لە بەرد داتاشراون. بەردەرگاکەشی شوێنی پاسەوانی لێ هەڵقەندراوە.

٦- گۆڕی ڕەوەزی نیزیک سەحنە لە نێوان کرماشان و هەمەدان کە پێچاو پێچەو لە

باری شێوەی سازکرانی وە ئی فەقرەقا دەچێ، بەڵام بەپێچەوانەی وی ئەو گۆڕە لاساکردنەوەیە کە لە خانووەکی چواردیوار. لەسەر دەرگاکەی وێنەی باڵداری خۆر هەڵقەندراوە، کە نیشانەی خوای ڕووناکییە.

٥- تازەترین زیارەت وێدەچێ دوو زیارەت بەناوی (کور و کچ kur u kich) و (قیزقاپان) لە دۆڵی شارەزوور، لە کن سووورداشی نیزیک سلێمانین. وێدەچێ (قیزقاپان) گۆڕی (هووەخشتەرە) بێ. گۆڕی قیزقاپان کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٧و٦ی پ.ز. نموونەیەکی بەرچاوە لە شێوەی ناشتنی پادشایان و فەرمانڕەوایان.

٧- سندووقێکی مردووان لە نیزیک سەرپێڵ، لە (دەیران)ی لوڕستان، ناسراو بە هۆدەی فەرهاد، کە ناتەواوە.

٨- دوو گۆڕ لە سەکاوەند (Sakavand)، لە خوارەوەی بێستوون لەسەر ئەو ڕێگەیەی ڕێی لوڕستان بۆ لای شووش دەبڕێ، دەبیندرێن کە شێوەی ڕواڵەتیی ساکاریان هەیە لەسەر دەرگەی یەکێکیان نەخشێک هەڵقەندراوە، نەخشە سەرەکییەکەی وەک نەخشەکانی تری لوڕستانە. نەخش یا نیگارێکیش لەلایەکەی تری سەکۆی ئاگر هەڵکەوتووە. سەکاوەند سەربە لوڕستانە و دیتنی نەخشەکانی ئەو دوو گۆڕە مرۆڤ دەخاتەوە یادی نیشانەکانی مادی و کیمێری. ئەو دوو گۆڕەش ئی پادشایانی مادن. تەنیا لەبەرئەوەی سەردەمی ئەو گۆڕانە بە ئی نێوان٥٠ تا ١٠٠ساڵی ئەو کاتی زانراوە، ناکرێ ڕاست دیاری بکرێ کە ئی کام شایەن. لە ڕوانگەی کرۆنۆلۆجییەوە ئەو گۆڕانە دەبێ ئی نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەم یا نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی (پ.ز) بن. نموونەی ئەو گۆڕانە دەکرێ لە ئاسیای بچووک یا ئوورارتوودا ببینینەوە، بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێ کە لەو ناوچەیدا پێش هاتنی مادەکان، تەنانەت گۆڕێکی ئاواش نەدیتراوە. گۆڕەکانی سەردەمی هەخامەنشییانیش هەر ئاوا ساز کراون. شێوەی دیواری دەرەوەی ئەو گۆڕانە لە یەکەم چاو لێکردندا وەدیواری خانوو دەچێ. لەو نەخشەدا شا وەک پاسەوان لە بەرانبەر ئاورگدا ڕاوەستاوە و کەوانێکی وەک نیشانەی پادشایەتی بەدەستەوەیە. نەخشی ڕۆژی تیشکدەر لە سەر سەری دەبیندرێ، کە لە نێوەڕاستەکانی سەردەمی هەخامەنشییان ڕا ئەو نەخشە بوو بە فریشتەیەکی باڵدار.

٩- له گوندی نهو ئیسحاقی ئاوەندی کرماشان لەنێو ئەشکەوتێکی بچووکدا وێنەیەکی لە بەردهەڵقەندراوی کەسێکی لە نوێژکردندا دیارە.

کاتێک مرۆڤ گۆڕی قیزقاپان و سەکاوەند وێکڕا هەڵدەسەنگێنێ، ئەو پرسیارەی بۆ دێتە پێش کە داخوا چەندی کارتێکردنی فەرهەنگ و هونەری سەکایی لەسەرە و هونەری لورستان چەندی کار کردووەتە سەر ئەو گۆڕانە. نەخشە بەزەقی هەڵ کەندراوەکانی سەر دیوار و کۆڵەکەی ئەو گۆڕانە بێگومان هونەری لوولووبییان و گووتییانەو وە هونەری سەکاکان دەچن. نموونەی ئەو شێوە هەڵکەندراوانە لە باشووری ڕووسیا تا پشتی قەفقاس بەشێوەیەکی بەرچاو دیارە، کە لێکۆڵینەوەی ئەنجام دراو لە سەریان ئەوە دەسەلمێنن کە مەزنانی سەکاکان لەو گۆڕانەدا دانراون.

وێکچوونی گۆڕ و تەنانەت ڕێورەسمی ناشتنی ماد و سەکایی لە دارشتنی ئەو




١- پەیمانەی مەی لە وێنەی شاخ لە گەنجی زێوە سەدەی ٨ی پ. ز. ٢- گۆزەی مەفرەقی ماننائی لە سینوول دۆزراوە سەدەی ٨ی پ. ز. ٣- لیستەبەندی زێڕ لە گەنجی زێویە سەدەی ٨ی پ. ز. ٤- پەیمانەی مەی لە وێنەی شاخ لە گەنجی زێویە سەدەی ٨ی پ. ز. ٥- لەنگەریی زێوی هونەریی مانایی لە گەنجی زێویە سەدەی ٨ی پ. ز. ٦- خشڵی زێو لە گەنجی زێویە سەدەی ٨ی پ. ز. ٧- بازنەی زێڕی هونەریی مادی و مانتایی لە گەنجی زێویە سەدەی ٨ی پ. ز.

ئاسەوارە هونەرییەدا بەباشی دەکەونە بەرچاو. لە بەردەرگای گۆڕی فەرمانڕەواکان، سیمای نەخشاوی دوو پیاو دەبیندرێن کە لە دوولای سەکۆی ئاگردا هەڵکەوتوون. ئەوانە کەوانێکیان پێیە کە وە ئی سەکاکان دەچێ. هێرۆدۆت دەڵێ مادەکان کێشانی کەوان لەسەکاکان فێر بوون. کڵاو یا سەرپۆشی نەخشی سەردەرگای گۆڕی مادەکان هەموو لە وێنەیەکن. کورتەک و باڵاپۆشی وەک باڵتۆی درێژی قۆڵ درێژ و فش نیشانەیەکی تری ئەو شێوەن. نموونەی بەرزی ئەوانە گۆڕەکەی قیزقاپانە کە ئەو وێنە باسکراوانە بەڕوونی نیشان دەدەن. ئەو جلکانە زۆر وە ئەوانە دەچن کە ئێستاش لە کوردستان دەبەر دەکرێن. لێکۆڵەرەوان پێیان وایە کەوان نیشانەی بەهێزییە بۆ دەستەڵاتی شایان. خانووەکان چوارگۆشە و سەربانیان تەخت بوو. لە ناوچەی کێوەکانی زاگرۆسدا، ژیانی خەڵک کەوتووەتە بن کارتێکردنی فەرهەنگی بابل. بۆ وێنە لە جلکدا. مادەکان خاوەنی شارستانییەتێکی تایبەتی بوون و پارسەکان لە زۆر شتی خۆیان و تەنانەت لە جلکی لەشکرەکەشیاندا لاسای وانیان کردووەتەوە. هەخامەنشییەکان بەتایبەتی لە بەردتاشین و نەخشی بەزەقی هەڵقەندراو و لەوانیش گرینگتر هەڵقەندنی وێنەی ئاژەڵ و خۆر و دیمەنەکانی سروشتی لە مادەکان فێربوون. بۆ وێنە داریووشی سێیەم پادشای هەخامەنشی، کەلکی لە هونەرمەندانی مادی وەرگرتووە.

لە ئاکامی سەرکەوتنی مادەکان بەسەر ئاشوورییەکاندا و پەرەئەستاندنی ناوچەی دەستەڵاتی ئیمپەراتۆرییەتەکەیان و ڕاکشانی سنوورەکەیان تا نیوەندی ئاسیای بچووک، هاتنی سەرمایە و سامانێکی زۆر لە ناوچەیەکی دەوڵەمەندڕا بۆ ناوچەیەکی فەقیر دەستی پێ کرد. ئەو سەرکەوتنانە نەک هەر سنووری وڵاتەکەی بەرفرەوانتر کردن و سامانێکی زۆریشی خستە بەردەستیان، بگرە بوو بەهۆی پێکهاتنی گۆڕەپانێکی بەرینی پێوەندییەکی فەرهەنگی و هونەری بەهێزی بەرفرەوانیش.

لەنێو هونەرەکانی مادەکان کە زۆرتر لە یۆنان پێشوازیی لێ دەکرا، دەتوانین باسی مۆسیقا و چنینی پارچەگەلی جوان و لەوانە ئەرخەوان بکەین. ڕەنگی پارچەی ئەرخەوان لە ئازەربایجان لە جۆرە مێروویەک (حشرە) بەناوی کرمز یا (قرمز) دەگیراو پارچەی ئەرخەوانی هەندێک جار (قرمز) و هەندێک جار (ئەرخەوان )و جارجارەش (ئاڵ)ی پێ دەکوترا. ئەوڕۆش لە زمانی کوردیدا ئاڵ بەواتای سوورە.

شتگەلی هونەری و ئامێری شەڕ و کەرستەی ڕاو و زین و لغاو و ڕەختی ئەسپ و سازکردنی دەفر و کەلوپەلی ماڵ لە کانزای وەک مس و مەفرەق و ئاسن زەرد (بۆرۆنز) و گڵەسوور کارامەبوون. مس لە زمانی ڕووسیدا (مەدە)ی پێ دەکوترێ، واتە لە مادڕا هاتوو. ئەوان هەروەها لە بەخێوکردن و ڕاهێنانی ئەسپ شارەزا بوون و بەشێکی زۆری ئەسپی سوارەی ئاشوورییەکان لە وڵاتی ماد ڕا بەوان دەفرۆشرا. پارچەو دەستکارەکانی تری پێشەسازیی مادەکانیش، دەناردرا وڵاتانی دوور و لەو ڕێیەوە سامانێکی زۆریان دەست دەکەوت.

لەسەر هونەری سەرزەمینی ماد هەندێک زانیاری لە دەستدان، کە ئەوانیش زۆرتریان ئی پێش سەدەی ٨ی (پ.ز)ن.

سەرنجڕاکێشترین ئاسەواری لە بەردەستدا کە دەتوانێ هونەری مادی بناسێنێ، ئاسەواری دۆزراوە لە گردی گیان و گۆڕستانی Bی گردی سیەلک (Sialk) و گەنجی زیویەیە، بۆ وێنە دەفرگەلی لەسەر هەڵقەندراوی مەفرەق، کە زۆرتر هونەری مانناییی نیشان دەدەن. ئەو ئاسەوارە دەکرێ بکەینە دوو دەستە: تایبەتمەندیی دەستەیەکیان، کە پێوەندییان هەیە بەهونەری لوڕستان، کە بریتییە لە شێوەکاری سەیروسەمەرە و بەتایبەتی وێنەی ئاژەڵی خوارەوەبوو و تێکەڵ پێکەڵ و زۆرتر خەیاڵی و تێکەڵکردنی سەرسووڕهێنەریان لەگەڵ جوانکاریگەلی ئەندازەیی. دەفری سواڵەتی نەخشاوی گۆڕستانی Bی گردی سیەلک، ئی ئەو دەستەیە. دەستەی دووەم ئی گەنجینەی زیویەی نیزیک سەقز و دەفری مانناین کە پێوەندییان هەیە بەهونەری ئاشووری و ئوورارتوویی. ئەوانە تاڕادەیەک ئی سەدەکانی دوایی (٨و٩ی پ.ز). جوانکاری و نیشانەی دینی (داری ژیان)، بابەت و جلوبەرگ و وێنەی کەسان و هەمووی ئەوانە زۆر وەهونەری ئاشووری و ئوورارتووی ئەو سەردەمە دەچن. بەڵام نابێ ئەو وێکچوونەمان پێ سەیر بێ، چونکە ئەو سێ دەوڵەتە لە کاتی گرتنی شوێنێک وەستایانی پیشەزانی وێیان لەگەل خۆدا دەبردن و لە ناوەندە سیاسییەکاندا کارگەی هونەریی تێکەڵاو لە گەلانی جۆرەوجۆر ساز دەبوون و هەرچۆنێک بێ هونەر و پیشەی هەرسێک وڵاتان وەک یەکیان لێ دەهات. لەگەڵ ئەوەشدا چینی فەرمانڕەوایانی هەرسێ وڵات کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی بە هێزترین دەرباری ئەو سەردەمە کە دەرباری ئاشوور بوو. وێنەکانی سەر هەندێک شتی دۆزراوە لە زێویە بۆ

وێنە سینەبەندە زێڕەکە، وە وێنەکانی سەر ئاسەواری ئێسکیتیی سەدەی شەشەم دەچن، کە لە دەوری کووبان و لێوارەکانی ڕۆهەڵاتی دەریای ڕەش دۆزراونەوە. جۆرە وێکچوونێکیش لە نێوان ئەو وێنانە و شێوەکانی کۆنتری مەفرەقی لوڕستانی بەدی دەکرێ. پێویستە بگوترێ شتەکانی دۆزراوە لە زێویە پێش هاتنی ئێسکیت و کیمەرییان بۆ ناوچەکە ساز کراون.

ئەگەر توانیبامان کۆشکەکانی هەمەدان لەژێر گڵ دەربێنینەوە، دەمانتوانی زانیاریی زیاتر لەسەر هونەری شێوەکاریی ماد وەدەست بێنین. ئێستا ناچارین هەر بەگێڕانەوەکانی مێژوونووسان بەس بکەین کە ئەوانیش زانیاریی زۆرکەمیان تێدان.

نموونەی بەرزی گەنجینەکانی ئاسەواری هونەریی مادەکان، گەنجینەی جەیحوونە، کە تاڕادەیەک دەتوانێ وێنەیەکی هونەری مادەکانمان بداتێ. کارناسانی هونەری کۆن تا پێش دۆزرانەوەی ئەو گەنجینەی هەر ئەوەندەیان بۆ دەکرا کە بۆ وێنە باسی ئەو کالانە زێڕەی شمشێرە بکەن کە ئێ گەنجینەی ئارازە و لە مۆزەی گەورەی بەریتانیادا ڕاگیراوە. نەخشی شەڕێکی لەسەرە کە دوو سوار بەنێزە و کەوان هێرش دەکەنە سەر شێرێک. ئەوە نیشانەیەکی جێگەی ئافەرینە بۆ هونەری زێڕنگەریی ئەو سەردەمە، کە بێگومان تێکەڵاوێکە لە هونەری ئاشووری و سەکایی و ئوورارتوویی. کڵاوی شا لەسەر باڵندان و بەگشتی سەری گیانلەبەران نیشانەیەکە بۆ داننان بەو هونەرە تێکەڵاوە کە مادەکان چەندان نموونەیان لێ بەجێ هێشتوون. کارامەیی هونەرمەندان لە بەدیهێنانی ئەو ئاسەوارەدا کە بەناسکییەکەی بینەر تووشی سەرسووڕمان دەکا. هاوئاهەنگی لە نواندنی جلوبەرگ، زین و ڕەختی ئەسپەکان و شێوەی دانیشتنی سوارەکان لەسەر پشتی ئەسپ، تایبەتمەندیگەلی فەرهەنگی و هونەری و نەتەوەیی نیشان دەدەن. دەکرێ بڵێین هونەری مادەکان بەشێوەیەکی زۆر بەجێ و باش کەڵکی لە ئەزموونی دراوسێکانیشی وەرگرتووە.

ئەو گەنجینە ڕێنوێنمانە بۆ تێگەیشتنی دۆخی فەرهەنگ و هونەر لە سەدەی هەشت و حەوتی بەر لە زاین. دیارە ئەو بەشە هەندێک کەلوپەلی سەدەی چواری پ.ز. شی تێدان، کە لە بواری شێوەکاری هونەری تازەترن. شوێنی ئەو گەنجینە لە تەپۆڵکەیەکە لە باختەری کۆن لەسەر لێواری ڕاستی چۆمی ئاراز (یا ئاموودەریا) کە بە تەختی قوباد بەناوبانگە. دەیان تەختە و شیشەی زێڕی ئەو گەنجینە هەن کە زۆر

بەوردی وێنەی قەڵەمكاری گیانلەبەران و گیایانی بەشێوەی لک و دەسک و لقی گوڵ لەسەر هەڵقەندراوە و هەروەها نێزە و گۆزە و دەفری زێوی نەخشاوی لێ بووە. کەسانی دینی ئەوانەیان بۆ پێشکێشکردن بە خوایان، لە پەرستگەکە داناون، تا نیازەکانیان وەدی بێن. ژنان بۆ داوای فرزەند و شوانان بۆ زاووزێی ڕانە مەڕەکانیان و گۆزەسازان بۆ پێشکەوتنی پیشەکەیان و سەربازان بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمنداو...

کارگە ی دەوروبەر و دراوسێی ئەو پەرستگایە نیشانەی ئەوەن کە ئەو شتانە هەر لەو ناوچەیدا ساز کراون و بەو کەسانە فرۆشراون کە نیازی پێشکێشکردنیان هەبووە. پەرستگای (سورخ دوم)ی لوڕستانیش هەر دەبێ کارگەی ئاوای هەبووبن. مەفرەقی لوڕستان و تەختە زێڕەکانی لەو چەشنە زۆرتر دەکەونە دەستی بازرگانانی کەلوپەلی ئەنتیکە. لەنێو نموونەی ئەو شتانەدا دەکرێ ئاماژە بەو نزاکەرانە بکەین کە ڕاوەستاون و دەستیان بەنیشانەی نوێژ بەرز کردووەتەوە و خەریکی پێشکێشکردنی دەفر یا گۆزە یا سینییەکن بە خوایان. سینییەکی گەنجینەی ئاراز نوێژکەرێک نیشان دەدا کە هەندێک لکە گیای لە دەستی ڕاستیدایە و بەدەستی چەپیشی پاڵی وە پەرستگا داوە. گوێزرانەوە و درێژەی ئەو شێوەکارە هونەرییە لە مادەکان ڕا بۆ سەردەمی هەخامەنشییان دەتوانین لەو نەخشەدا ببینین کە باجەران لە کاتی دانی باجدا نیشان دەدا. ئەو باجانە زۆرتر لە شێوەی کەلوپەلی بەنرخ و ئاژەڵ و گۆزە و... دا لە نەخشی دەروازەی نەتەوەکان لە تەختی جەمشیدداهاتوون. بێجگە لەوەش نەخشی باجەران لەسەر سینییەکی زێڕ، کە وێنەی داپۆشەری سەریان وەک نەخشی پەیکەری ئەو خوایانەیە کە لە مەفرەقی لوڕستاندا دۆزراوەتەوە، نیشان دەدەن کە ئەو شێوەکارە لە مادەکان ڕا وەک کەلەپوور بۆ سەردەمی هەخامەنشییان گوێزراوەتەوە و درێژەی پێدراوە. جیاوازیی بەرچاو لە جلکی مرۆڤەکانی نێو ئەو نەخشانە زۆر گرینگن و لە ڕاستیدا ئەو جلکانە هەرکامیان نوێنەری یەکێک لە گەلانی باجەرن. تەنیا دەفرێکی زێڕی ئەستوونی لە تەختەزێڕی تەنک، کە زۆر بەنرخە و کارێکی زۆری لەسەر کراوە، کەسێکی خاوەن پلەی بەرزی لەسەرە. ئەوە شێوەکارێکی هونەری مادییە کە کەسایەتییەکە بەشێوەیەکی ڕوون نیشان دەداو پشتێندێک بەدەوری جلکەکەوە نیشان دراوە، کە شمشێرێکی سەکایی پێوە هەڵاوەسراوە و سەرکڵاوێکی لەسەر و جووتێک چەکمەی درێژی دەپێدایە. لەسەر

هەندێک نەخشی تر کە بەڕوونی دیار نین و وەک سینییەکە باش کاریان لەسەر نەکراوە، جلکی پیاوێکیان لەسەرە کە کراسەکەی لە پێستێکی قایمە و دامێنەکەی لە چەشنی هەمبانەی هەیە. کڵاوێکی سێ کووزی لەسەرە کە لە ئاسەواری لوڕستانیشدا بەرچاو دەکەوێ. بێجگە لەوەش، ئەو باجدەرانەی خەریکی دانی باجن، لەسەر سەرپۆشەکەی خۆیان، کڵاوێکی وەک ئارەقچنیان لەسەرە کە وەوانە دەچێ کە تەختی عاج بەدیاری بۆ (ئاسوورهادوون)ی کوڕی (سەناخریب) و باوکی (ئاشووربانی پال) دێنن. وێنە و بەڵگەیەکی تر بۆ پێوەندیی نێوان هونەری ئاشوور و ماد و درێژەکەی لە سەردەمی هەخامەنشییەکان، نەخشی ئەسپێکە کە لەسەر ئەو سینییە و دەفرگەلی لەو بابەتە دەکەوێتە بەرچاو، کە نیشاندەری ویستی کەسی نزاکەرە بۆ خوای پارێزەری ڕانە مەڕ و ئاژەڵ و ئەسپ. ئەو خوایە لەنێو ئاریاکاندا پەرستراوە. لەگەڵ ئەو خوایەشدا خواگەلی تر هەبوون کە هەرکامیان بە پارێزەری بوارێکی ژیانی مرۆڤ ناسراون. لەناو ئەو شتانەی لە کۆڵینەوەکانی ١٩١٣ لە هەمەدان دۆزراونەوە چادانێکە وەک ئەوەی دۆزراوە لە لوڕستان دەچێ، بەڵام ئەوەیان لە ئی لوڕستان نوێترە و هەردووکیشیان ئی سەردەمی مادەکانن. لەو دواییانەدا جامێکی زێڕ هێندراوەتە مۆزەی سین سیناتی کە بەشێوەی مادی و کیمەری و سەکایی سازکراوە و وەهونەری دەکارکردنی نەخشی گیانلەبەران لە ئاسەواری هەخامەنشییان دەچێ. جامی ناسراو بەجامی کەلاردەشتیش کە نەخشی دوو شێری مێی لەسەرن بەکاری سەدەی هەشت و حەوتی پ.ز. ناسراوە و ئێستا لە مۆزەخانەی تارانە. کەلاردەشت دەفری تری زێڕیشی لێ دۆزراونەوە کە بە کاری سەدەکانی ٩و٨ی پ.ز. دادەنرێن. لەو شوێنەدا خەنجەرێکی زێڕیش دۆزراوەتەوە کە دەسکی کووزکووزەو وە کێردێکی نووک تیژ دەچێ، لە مۆزەخانەی تاران ڕاگیراوە.. نەخشگەلێکی وەک نەخشی خوایان لەسەر چەکگەلی بچووکی مەفرەقیی پشتکۆش هەن. لە دۆڵێکی کەلاردەشت لە کێوەکانی ئەلبورزدا جامێکی سواڵەتی لە وێنەی کارمامز دۆزراوەتەوە کە هەر جیاوازییەکی بچووکی لەگەڵ ئەوانەی سیەلک و خوروین و لوڕستان هەیە. ئەو جامە وە ئی سەردەمێک دەچێ کە لە فەرهەنگی سەکاکاندا سازکردنی دەفر یا پەیکەری مامزی شاخدار باو بووە. پرۆفسۆر گیرشمەن پێیوایە کە خوا چووکەی سەکایی ئەو جامەی لە جیاتیی تانج لە کاتی تانج لەسەر ناندا بۆ ئەو کەسانە دەکار دەکرد کە تانجیان لەسەر دەنا. ئەوەش

نموونەیەکی وێکچوونی هونەری ماد و سەکاکانە، بەڵام ئەو جامە بۆ مادەکان جێگەی تانجی نەگرتووەتەوە.

گوندی زێویە لە سەقز ئی ماننا‌کان بووە. لە ساڵەکانی ٦٦٠ یا ٦٥٩ی پ.ز. سەکاکان ئەو شوێنەیان گرت و خستیانە سەرخاکی خۆیان و وەک پێگەیەک بۆ دەست بەسەرداگرتنی وڵاتی ماد و هێرش و تالانی پەیتاپەیتایان، کەلکیان لێوەردەگرت. ئاسەواری گەنجینەی زێویە دەیسەلمێنن کە سەکاکان لەو ناوچەیدا جێگیر بوونە. وێدەچێ هەموو سەکاکان پاش شکان بەدەستی مادەکان، نەگەڕابنەوە سەرزەمینی خۆیان لەلای قەفقاز و هێرۆدۆت باسی بوونی سەکاکان لە کۆتایی سەدەی ٦و سەرەتاکانی سەدەی ٥ی پ.ز. بە کڵاوە نووکتیژەکانیانەوە لەنێو لەشکری ماددا دەکات. سەکای بەو کڵاوانەوە (تیگرا خاودا) وەک نێزەهاوێژ دەگەڵ دەستەی سوارەنیزامی لەشکری داریووشیشدا بوون. لێکۆڵینەوەکان نیشان دەدەن ئەو گەنجینەیە گۆڕی فەرمانڕەوایەکی سەکایی بووە. مەیتی ئەمیرە دە مشەمما گیراوە. وەک داب بووە ئەو مردووەیان لە هۆدەی ساز کراودا لەسەر سەکۆیەک داناوە و لە پاشماوەی جێگەی هۆدەکەدا یەکێک لە ژنانی نارەسمی و خواردن و خواردنەوە و ئاشپەزە تایبەتەکەی و خوڵامی تایبەتی و پاسەوان و ڕاوێژکار و تەویلەدارەکەی و ئەسپەکانیشی دەگەڵی نێژراون. باشترین و بەنرخترین کەلوپەلی ژیانیشیان لەگەڵدا دەگۆڕەکە نراون. کەرستەی ئەو گۆڕە زۆرتر لە کانزای بەنرخ بوون و لەناویاندا کالانی شیرێک و گەردنبەندێک هەن، بەڵام شیرەکە دیار نییە. تەختە کانزایەک کە وەک سینەبەند بۆ پێشگرتن بە کار لێکردنی تیر لەسەر سینگ دەبەستراو ژمارەیەک کورسیی لە کوتەعاج کە بەلێزانییەکی بێ وێنە لێک قایم کراون لەنێو شتەکاندان. هەندێ لە خشڵەکان ژنانەن برێتی لە: ٤ی زێڕ، ٢١ی زێو، ١٥ی مەفرەق و ٤ پلاکی زێڕ و ٣٨ی زێو. لە جیاوازیی نرخی ئەو خشڵانە ڕا دەردەکەوێ ئەو ژنانەی لەگەڵ ئەو مردووەدا نێژراون ئی چینی جۆرەوجۆر بوونە. وردکە زێڕی زۆر بچووکی وەک پووڵەکەی وەدەستهاتوو لە جلکی ژنی ناشتراو نیشانەی گەورەیییەتی. چەکوچۆڵی لە زێو و زێڕیش دەکرێ ئی وی بن. ٧ نێزەی نووک درێژ وا نیشان دەدەن کە پاسەوانەکانیشی لەگەڵدا بوونەتە قوربانی و لەوێ ناشتراون. دەفری خواردن و خواردنەوە لە زێڕ لەگەڵی لە گۆڕەکەیدا دانراون کە وە ئی شایان دەچن و لە پەنا دەفرگەلی سواڵەت هەر لەو گۆڕەدا ئەوە دەنوێنن کە ئەو هاوڕێیانەی

لەگەڵی ناشتراون لەگەڵ ویدا جیاوازییەکی بەرچاویان هەبووە. کەلوپەلی حارەبەش لەنێو شتەکانی ئەو گۆڕەدا دۆزراونەوە کە نیشان دەدەن کە ئەسپ و حارەبەکەشی دەگەڵ ناشتراون. گەنجینەی زێویە لە ڕاستیدا تێکەڵاوێکە لە هونەری مادی و سەکایی و ئاشووری و ئوورارتوویی و مۆرکی هەمووانی پێوە دیارە.

## تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵایەتیی مادەکان

هێرۆدۆت دەڵێ: پێش سیاگزار، لە شەڕەکاندا کەوانداران و سوارەنیزامی ماد بەکۆمەڵ و ناوی زۆرینەی بنەماڵەی فرەوەرتیش (گئو، گاو)ی دەگەڵە وەک ئیختۆویگئو یا دیاکئو... گا تەنیا لە کشتوکاڵدا دەکار نەدەکرا، هەر وەک پێشتر باسمان کرد، هۆزەکانی ماد گاوگۆلی زۆریان هەبوون، بۆیەش بەناچاری دەچوونە هاوینەهەوار و زستانە هەوار و هەندێک جاران بۆ کۆچی دوور و درێژتریش لە زەمینی چڕ و ئاستەم و هەڵەمووتی کوێستانی و دەشتەکاندا تەنیا کەرستەی گواستنەوە و هاتوچۆیان گا بووە. نازناوی پادشایانی مادیش (خشپریتە) بوو کە لەگەڵ (چثرا)ی ئاوێستا یەکێکن. ئەوانە تارادەیەکی زۆر پێوەندیی مادەکان لەگەڵ ئاوێستادا دەنوێنن.

بوونی قەڵاگەلێک کە نیشانەی شەڕە تالانکارەکانی نێوان مادەکانن، نیشان دەدەن کە لە کۆمەڵگەی ماددا ئاسەواری چینایەتیی ئاشکراو تایبەتمەندیی ڕێکخراوی کۆمەڵی کۆیلەداری لە پێکهاتندا بووە. ئەو کۆمەڵگەیە خاوەنی تایبەتمەندییەکانی بنەماڵەی باوک سالاری بووە. چاکردنی شار و قەڵای بەحەساری بەرد و خشت و بورجگەل، سەرەتای دابەشبوون و لێک دابرینی پیشەکان، بوونی پلەی بەردەوام، بوونی شەڕ و کێشەی بەردەوام لە نێواندا، گوێزرانەوەی کۆمەڵگە بۆ چاخی ژن و مێردایەتی، برەوی کۆیلەداری و دامەزراوی ئیداری بۆ دیلکردنی چینە بێ بەشەکان، زۆر تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی ماد ڕوون دەکەنەوە. کۆمەڵگەی ماد لە سەرەتادا لە هۆزەکانی باوک سالار یا (ویس) پێک دەهات، کە لە گوندەکاندا دەژیان. بەشێوەیەکی ئاسایی کۆنسالترین ئەندامی بنەماڵە دەبووە سەرۆک هۆز. لە هەر گوندێک، گەورەی خانەدان، سەرۆکی گوند یا خودان دێش بوو. لە بەردەنووسەکانی ئاشووریدا زۆرجاران باسیان کراوە. وردەوردە کە کۆمەڵی چینایەتی خۆی گرت، ئەو

سەرۆکی گوندانە بوون بەچینی نەجیبان و دەستەڵاتدارانی سەردەم. لە خاکی ماددا قەڵا و حەسارگەلێک هەبوون کە خەڵک لە کاتی مەترسیدا پەنایان دەبردنێ. بەشێوەی ئاسایی قەڵاکانیان لەسەر ڕەوەزی سروشتی یا تەپۆڵکەی دەستکردی بەرز ساز دەکرد و بەدەورەیاندا دیوار یا حەوشی لەنێو یەکدایان بۆ ساز دەکردن. بورجەکان ددانەگەلێکیان هەبوون کە تیرهاوێژان لە پەناوان ڕا تیریان داویشتن. وڵاتی ماد لە وڵاتە خودموختار و سەربەخۆکان پێکهاتبوو. بە باوەڕی دیاکۆنۆف، شا بچکۆلەکان لە وڵاتی بەردەستیاندا، دەستەڵاتی بێ ڕکەبەر بوون. هێرۆدۆت دەنووسێ: مادەکان کۆڕ و ئەنجوومەنی گەلیان هەبوو کە بێگومان لەنێو ئەنجوومەنی مەزناندا، کۆمەڵێک لە باشترین کەسانی تێدابوون. ئاوێستاش باسی ئەو مەجلیسانەی کردووە و بەئەنجوومەنی ناوبردوون.

## شێوەی پادشایەتیی ماد

ئەمیرنشینە بەربڵاوەکانی سەرزەمینی ماد لە سایەی تەگبیر و لێزانیی بنەماڵەی دیۆکێس (یا دیۆکە یا دیائۆکۆ) تێک چوون و ئەمیرانی ناوچە جۆرەوجۆرەکان بەخۆشی بێ یا ناخۆشی لەژێر ئالایەکدا کۆبوونەوە. بەبڕوای گیرشمەن، یەکبوونی ئێران لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ میسری و سوومێرییاندا ڕەوتێکی خاوتری هەبوو. میسری و سوومێری هەر کە دۆخی ڕاوچێتییان بەجێ هێشت، بوونە کۆمەڵی ڕێکوپێکی گوندی و کشتوکاڵی و دەوڵەتگەلێکیان پێکهێنا. بەڵام لە ئێران دۆخەکە ئاوا نەبوو و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی گەلی ماد و باری سروشتی و ئیقلیمیی ئاریان بوو بەهۆی ئەوەی یەکگرتنەکە لە سەرەخۆ سەر بگرێ. ئێران بە چۆمگەلی وەک نیل و دیجلە و فەڕات، کە بە هەڵچوونەکانی ساڵانەیان دەبوونە هۆی بەپیتبوونی ناوچەکانی دەوروبەریان، ئاو نەدەدراو لە بارانەی ڕێکوپێکی بەکەلک، – کە ناوچەکەی بەرهەمدار دەکرد – بێ بەش بوو. لە وڵاتی ئاریاندا لە کۆنترین ڕۆژگارەکانەوە، کێشەی ئاو کێشەی ژیان بووەو چونکە مرۆڤ لەو شوێنەی دەتوانێ دامەزرێ کە ئاوداشتنی لێ بگونجێ. دانیشتوانی ئەو ناوچەی بڵاو بوون و چڕایی خەڵک لە سەرزەوییەکەی (ڕێژەی دانیشتووان لە کیلۆمەتری چوارگۆشەدا) لە میسر و نێوان دووچۆمان کەمتربوو. بڵاویی تەپکەو تەپۆڵکە دەستسازەکان و پاشماوەی کۆمەڵگە کۆنەکان کە ڕێبواری ئەورۆ لە دووریی چەندان دەکیلۆمەتریی یەکتری

دەیانبـینێ ئەو دۆخـە بەباشی نیشـان دەدا. هەر ئەو بارە سروشـتییـە بوو بە هۆی ئەوەی لە هەر ناوچەیەک و تەنانەت لە هەر گوندێکدا شێوەیەک لە سەربەخۆیی پێک بێ. بۆیە ئێران هەر لە یەک کاتدا خاوەنی هۆزی کۆچەر و نیوە کۆچەر و نیشتەجێ بوو، کە هێشتاش ماون و زاراوە و داو و نەریتی خۆیانیان پاراستووە.

هۆکاری دەرەکی دانیشـتـوانی مـادیان نـاچار کـرد لەژێر ئـالایەکـدا کـۆ ببنەوە. بەبڕوای دیکۆنۆف: شایانی ماد نوێنەرانی کۆمەلانی بەربلاوی خەلکی ئازاد و چینی گەورەی کۆیلەداران (چینی تازە پێگەیشتوان) و بەرهەمهێنەرانی بچووک و ئازادی مادی بوون. دیۆکێس کە وەرزێرزادەیەکی پڕکار و جێ بڕوا بوو، لە سایەی لێزانی و لێوەشاوەیی خـۆی سـەرەتا بە نێوبژیکار و دوایە بە پادشا هەلبژێردراو سـەرەنجام بەیاریدەی زۆربەی خـەلک، پادشـایەتیـیـە بچـووکـەکـانی لێ خـستن. دیارە لە هەر کـۆمـەلێکی کـۆیلەداریدا، بێگومـان لە سـەرەتادا خـەلکی ئازادی ئاسـایی لەگـەل پسـمیران و عەشـیرەتەکان لـە بەربەرەکانیدا بوون. لێکەوتنی پسـمیران و لابردنی ستـەم لەسـەر وەرزێرانی ئازاد هۆکارێک بووە کە دەیتوانی ببێتـە هۆی بلاوبوونەوەی تەواوی شێوەی بەرهەمهێنانی کۆیلەداری. لەو بەربەرەکانییەدا بەزۆری کۆمـەلەی خەلکی ئازاد لایەنگرییان لە داسەپانی دەستەلاتی تاک، کردووە.

## ڕێکخراوی دەرباری ماد

هێرۆدۆت دەنووسێ: ئەو (دیاکۆ) شوورەیەکی بەدەوری مالی خۆیدا کێشاو خـەلکی وادار کـرد لە دەوری حـەوشـەکەدا بژین. هەروەها فـەرمانی دا کـەس لە بنکەی شـا نیزیک نەبێتەوە و هەموو کارەکان بەپەیک ئەنجام بدرێن و ئەوە بەو واتایە بوو کە شا ناکەوێتـە بەرچاوی کەس. پێکەنین لە حزووری شـادا بە بێ شـەرمی دەهاتە ئەژمار. شـا بە ئاگەداربوونەوە لە بوونـی تاوانباران، بانگی دەکردن و هەر کـەسـەی بەڕادەی تاوانی خـۆی سزادەدا. شـا لە سەرانسـەری ولاتدا سیخوڕ و زوانگرانی دانابوون کە دەبوونە هۆی ئاگەدارکردنەوەی و پێڕاگەیشتن بەسکالا و سزادانی تاوانباران.

پاش دیۆکێس فرۆورتیشی کوڕی کارەکانی گرتەدەست، بەلام ئەوەندەی نەکێشا کە لە شـەڕدا کوژرا. سیاگزاری کوڕ و جێنشینی لەوانی تر زیاتر گرینگیی دا بە پێکهـێنان و تەیارکـردنـی لەشکر. ئەرکی دیاریکراوی بۆ سـوارە و پیـادەنیـام و

کەوانداران دانان. سوارانی سەکایی لە شەڕی بزۆکدا وەستابوون. سیاگزار شێوەی کاری وانی فێری لەشکری خۆی کردو لە شەڕ لەگەڵ سەکاکان و دوژمنانی تری سەرکەوتنی وەدەست هێنان. سەرکردەی پارسەکان، پادشایەتیی ئەوی بەفەرمی ناسی و پارسییەکان چووونە ژێر فەرمانی. لە دەوروبەری ساڵی ٦٠٥ی پ.ز، پادشایی ماد دەوڵەتێکی گەورە بوو و لەو رووەوە لە ڕیزی مانتایا (میتانییان)، عیلام و ئوورارتوو دابوو.

چوار هێزی گەورە (ماد، کارە، لیدیەو میسر) سەرانسەری ڕۆهەڵاتی نیزیکیان لە نێوخۆیاندا دابەش کرد. بەڵام لەو نێوەدا تەنیا مادە کە دەتوانرێ ناوی شاهەنشایی لێ بندرێ. ئەوەی پڕواتاتر دەنوێنێ ئەوەیە کە دەوڵەتی ماد یەکەمین ڕێکخراوی شاهەنشایی بوو کە بەدەستی شەڕکەرانی باکوری دامەزرا کە بەزمانێکی ئاریایی دەئاخافتن و شێوە بیرکردنەوەی باکورییان هەبوو. وردە ئاوێستا باسی دابەشبوونی کۆمەڵگە بەتاقمەکانی سینفی و کاریی خاوەن پێشەوا و سینفەکانی کاهینان و خزمەتکارانی ئاگر، حارەبەسواران و ئاژەڵداران و وەرزێران و لە شوێنێکیش باسی خاوەن پیشە و نرخی کارەکەی دەکا.

سەرچاوەکانی بەشی شەشەم
١- تحقیقی تاریخی دربارەء کرد و کردستان، پرفسور محمد امین زکی، ترجمە و توضیح حبیب الله تابانی، انتشارات آیدین، ١٣٧٧، ص ٦٢ -٩٧ و ٢٩٨- ٣٠٥.
٢- تاریخ تطبیقی ایران تاخاتمە شاهنشاهی داریوش سوم، کیومرث باوند، انتشارات گوتنبرگ، تهران. ص٣٤ - ٧٠.
٣- تاریخ ریشەء نژادی کرد، احسان نوری.
٤- (تاریخ دە هزار سالە ایران، عبدالعظیم رضائی، جلدی یەکەم، چاپ اقبال، ١٥٣ - ٣٠١.
٥- تاریخ ماد، ا. م. دیاکۆنۆف، ترجمە کریم کشاورز، تهران ١٣٧٩.
٦- سرزمین جاوید ماریژان مولە، هرتز فلد، گیرشمن، ترجمە و اقتباس ذبیح الله منصوری، ص١٧٢- ١٨٨، ٢٣٨، ٤٨٢، ٤٩٢، ٥١٧
٧- فرهنگ گیاهان داروئی، امیر امینی، ١٣٨٠-١٣٨١، مازندران، ص ١٢٨.
٨- تاریخ ایران باستان، آریاها ومادها، دکتر اردشیر خدادادیان، نشر بە دید،چ٢، لاپەڕە ١٢٢ - ١٤٠و ١٦٦ - ٢٠٠.
٩- پیرنیا لاپەڕە ٤٨ -٦٢.

## بەشی حەوتەم

# مێژووی کورد دوای مادەکان

١- ماد لەژێر دەستەڵاتی هەخامەنشیاندا

شێوەی زاڵبوونی کوورۆش بەسەر ماددا کە بەیاریدەی مەزنانی خەیانەتکاری ئەو وڵاتە پێکهاتبوو، پێویستیی بەوەی هەبوو کە جۆرە سازانێکی لەگەڵ مادەکانداهەبێ. ئەو سەرەڕای داگیرکردن و تاڵانی هەمەدان و بەکۆیلەبردنی بەشێکی زۆر لە خەڵکەکەی و دیاریکردنی باج بۆ وڵاتەکەیان وەک وڵاتی داگیرکراو، لە حاست مەزنانی ماد، هەندێک کردەوەی پێکهاتن و ئاشتیخوازانەی جێبەجێ کردن. ئەو ناوی وڵاتی مادی نەسڕیەوە و خۆی بە پادشای پارس و ماد ناو برد. تەنانەت لە زۆر نووسراوەکانی داریووشی یەکەمیشدا پارس و ماد پێکەوە لە بەرانبەر وڵاتەکانی تردا هاتوون. لە نووسراوەکانی یوونانیشدا تا ماوەیەک لەنێو مەزنانی دەرباری هەخامەنشیدا چاومان بە ناوی مادەکان دەکەوێ. ئەو سەرچاوانە تاماوەیەکی زۆر هەر پادشایەتیی هەخامەنشیی بەشاهەنشایی ماد ناو دێنا. بەڵام کوورۆش هەروەک دەگەڵ وڵاتانی داگیرکراوی تردا (بۆ وێنە بابل ) کردی، هەرچەندە بەناو پادشایەتییەکەی بۆ هێشتنەوە، ساتراپێکی لە ماد دانا و یەکەم ساتراپی ماد (ئۆیبار) بوو. کوورۆش بۆ ئەوەی بیانووی باش بۆ بەدەستەوە گرتنی پادشایەتی داتاشێ، لەپێشدا سپیتامەی کوشت و پاشانیش ئامی تیدای ژنی سپیتامەی کە خوشکی دایکی بوو، لەخۆ مارە کرد. لەو سەردەمەدا لە زۆر شوێن، وەک میسر و ئێرانی کۆندا پادشایان لەگەڵ خوشک یا ژنانی خزمی پلەیەکی خۆیاندا زەماوەندیان دەکرد. ئەوە لە ئێرانی کۆندا لە خەڵکی ئاساییش دیتراوە کە بۆ ڕاگرتنی سامان لە بنەماڵەی خۆیاندا ئەنجامیان داوە.

سیاسەتی بەردەوام و نەگۆڕی کوورۆش ئەوەبوو کە مەزنان و دەستەڵاتدارانی وڵاتانی داگیرکراوی بۆ لای خۆی ڕادەکێشان، بۆیەش شای بەدیلگیراوی سزا نەدەداو نەیدەکوشت. ئاوا ئیختوویگۆش لە مردن ڕزگار بوو و بەناوی جێنشین و حاکمی هێرکانە بۆ ئەو وڵاتە دوورخرایەوە. بەڵام زۆری پێ نەچوو لەوێ بەفێڵ

کوشتیان. هارپاکە (پاش مردنی مازاری مادی) بوو بە سێیەمین فەرمانڕەوای لیدی و دوایە یوونییەشی بۆ کووڕۆش گرت. ئەو نەگەڕاوە ماد و لە ئاسیای بچووکدا زەویوزارێکی زۆری خستە بندەستی خۆ. بەردەنووسێک بەزمانی لیکیەیی و یۆنانی ماوەتەوە کە ئی یەکێک لە لەپاش بەجێماوەکانییەتی. سپیتاک و مەهابرنی کوڕی سپیتامەش کرانە ساتراپ و (پارمیس)ی دایک برای ئامیتیدا بوو بە سەردارێکی لەشکری پارس. بەردەنووسی داریووش لە بێستوونیش لەنێو دەرباریانی هەخامەنشیدا باسی چەند مەزنی ماد دەکا، کە پلەی زۆر گەورەیان هەبووە. دیارە ئەوەش ناتوانین بە نیشانەی دەستەڵاتی ڕاستەقینەی مادەکان لەو سەردەمەدا بزانین، هەروەک نە وەزیرێکی وەک (تارق عەزیز) نیشانەی دەستەڵاتی ئاسوورییەکانە و نە وەزیرێکی دەست ڕۆیشتووی کوردی وەک تەها یاسین ڕەمەزان دەتوانێ نیشانەی دەستەڵاتی ڕاستەقینەی کوردبێ لە دەزگای دیکتاتۆریی سەددام حوسێنداو نە (سپابود ئوەیسی) بکوژی کوردانی شۆڕشگێڕی ڕۆهەلات لە سەردەمی حەمەڕەزاشادا کە بۆ خۆشی کورد بوو، دەتوانین بەنیشانەی دەستەڵاتی کورد لە ئێراندا بزانین. ئەو چەشنە دەستەڵاتدارانە هەر دەبنە داردەستی چەوسێنەری نەتەوەکەیان و هەروەک لە دەزگای بەعسی عێراق و دەزگای ساواکی شای ئێراندا دیتوومانە، بۆ داپەڵۆسین و ڕام و بەربارکردنی ڕۆڵەکانی نەتەوەی خۆیان بۆ خزمەتی داگیرکەران دەکار دەکرێن. وەک دیتوومانە تەنانەت لەداگیرکەر یا نوێنەری ڕەگەزپەرستیی نەتەوەی فەرمانڕەواش زیاتر دەستەڵاتەکەیان لە دژی گەلەکەی خۆیان دەکار دەکەن.

کتێبی (سرزمین جاوید) دەڵێ: مادەکان ماوەی پێنجسەت ساڵ لە ئێراندا پادشایەتییان کرد و ڕۆئاوای ئێرانی ئێستا و هەروەها خووزستان و فارس و بەشێک لە ڕۆهەلاتی تورکیای ئێستا و ناوچەکانی قەفقازیە تا بن کێوەکانی قەفقازیان لە بەردەستدا بوو.

کووڕۆش لە بەردەنووسەکەیدا هۆکاری ڕووخانی پادشایەتیی مادەکان ئاوا بەیان دەکا: (پادشایانی ماد گوێیان نەدەدا ئەو پێشهاتانەی لە دەرەوەی کاخەکانیان ڕوویان دەداو لە هەلومەرجی دنیا بێ ئاگا بوون و هەر لەبیری ئەوەدابوون خۆش ڕابوێرن و شەو و ڕۆژان لەگەڵ کوڕ و کیژانی جواندا تێپەڕ کەن. ئەوان دەیانکوت

هیچ گـوڵێک جـوانتـر لە کورِ و کـیژی جـوان نیـیـە و لە کـۆشکی پـادشـایانی مـاددا ڕێورِەسمەکان ئەوەندە دوور و درێژ بوون کە کارەکانی پادشایەتی و دەستەڵاتی پەک دەخست. تەنانەت ئاو خـواردنەوەکانی شـایانی ماد ڕێورِەسـمی تایبەتیی هـەبوو و ئەو ڕێورِەسمە دەبووە هۆی ئەوەی کەس نەتوانێ لە شا نیزیک بێتەوە...).

پارسـەکـان لە هـەر گـەل و نەتەوەیـەک لە مـادەکـان نیـزیکتـرن و بێگومـان لە یەک ڕەگـەزن. مـادەکـان هـەرچەند پاش سـەرکـەوتنی پـارسـەکـان، ئەوقـانـە ڕامـیـاری و کـۆمـەڵایەتـی و لێـبـووردەی باجـەیان نەبـوو، کـە درابوو بەهـەخـامـەنشـیـیـان، بەڵام گرینگترین بەرپرسـایەتی و پلەی میرییان پێ ئەسپێردرابوو. ئەوان لەنێو پارێزەرانی گیانی مەزنانی هەخامەنشی و لەشکرە دەهەزار کەسییەکەی (جاویدان)دا بوون.

لە ڕاسـتیـدا مەزنانی مـادیش کـەلکێکی ئەوتۆیان لە خـەیانەتی خۆیان بەر نەکـەوت. لە سـەردەمی دەسـتـەڵاتدارەتیی داریووشـی مـەزندا بەشـی هـەرەزۆری پلەکانی گـرینگی وڵات لەدەسـتی کـەسـانی حـەوت بنەماڵەی پارسدا بوو کـە لەگەڵ ویدا لە کـودەتایەکەی دژی گئوماتەدا بەشداربوون. ژمارەیەکی کەمی مەزنانی ماد توانییان لە دەستەڵاتدا تێکەڵاوی پارسەکان بن، کـە ئەوانیش کاری کەم نرخ و کەم بایەخـیـان وەگیرکەوت. یا لەسـەردەمـی پرِئاژاوەی داریووش یا خەشـایارشـادا لەناوچوون. تەنانەت هـاوسـەنگیی ڕووکەش و درۆی نێوان دووگەلی مادو پارسـیش دوای پادشـایەتیی داریووشـی یەکەم کاری پێ نەکراو نەما.

گئوماتە:

لە سـەردەمی هەخـامـەنشـییـاندا بارودۆخـی خـەڵکی ماد زۆر بەرەو خـراپی چوو و لە ئاکامـدا وەزاڵە هـاتن. کودیتـای گـئـوماتـە لە مـانگی مـارسـی سـاڵی ٥٢٢ی (پ.ز)، دەستی پێکرد. چوار گێرِانەوە لەسەر ئەو ڕووداوە (لە هێرۆدۆت، کەتزیاس، ژووستین و بەردەنووسی بێستوون)، لەسـەر ئەوە کـۆکن کە کـەمبووجیـە پێش لەشکرکێشـانی بۆسـەر مـیـسـر، (بەردیا)ی برای خـۆی بەنەهـێنی کـوشت، چونکە دەترسـا پادشایەتییەکەی لە دەست دەرێنێ.

ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی کە موغێک بەناوی (گئوماتە) کـە وەبرای شـا دەچوو، خۆی بکاتە بەردیا. بەردەنووسی بێستوون دەڵێ: بەردیای درۆزن لە (قـەڵای پی شـیـائواد) لەسـەر کێـوی (ئاراکادریش) خـۆی وەدەرخست. بەوتەی گـەزەنفـۆن بەردیا لە کـاتی



گئوماته – نەخشی زەقی
بێستوون

کوژرانیدا ساتراپی ماد بووە. بەردەنووسی بێستوون دەڵێ گئوماتە وڵاتی پارس (پێرسید)ی یاخی کرد نەک ماد. گئوماتە بەهاسانی دەستی بەسەر تەخت داگرت و هەموو خەڵکی ڕەگەڵ کەوتن. ئەو هەندێک وادەی دابووە خەڵک کە لە سەردەمی کوورۆش و کەمبووجیە هەرگیز وەدەستیان نەدەکەوت. لە بەردەنووسی بێستووندا بەڕاشکاوی نووسراوە کە هەموو ئازادەکان لای گئوماتەیان گرت و دەڵێ: (هەموو جەنگاوەران یاخی بوون و پارس و مادیش و وڵاتانی تریش لە کەمبووجیە بوونەوە و کەوتنە دەستی وی). بەڵام بەپێچەوانە، ئەو جەنگاوەرانە ڕەگەڵ شۆڕشەکانی تر نەکەوتن. بۆ وێنە تەنیا دەستەیەکی بچووک لە جەنگاوەران ڕەگەڵ فرەوەرتیش کەوتن. بێگومان هۆکاری ئەو ڕەگەڵ کەوتنە هەموانییە ئەو چاکسازییە بەربڵاوانە بوون کە گئوماتە پێشنیازی کردبوون. وەک هێرۆدۆت دەڵێ لە ماوەی هەشت مانگەی پادشایەتییەکەیدا ئەوەندەی کاری باش بۆ خەڵکی کردن کە بە لەناوچوونی لە پارسەکان بەدەر هەموو گەلانی تر نارەحەت بوون.

بەردەنووسی بێستوون ئاوادەڵێ: (کە کەمبووجیە بەرەو میسر وەڕێ کەوت، ئەوجار خەڵک – جەنگاوەر، بوونە دوشمن و ئەوجار درۆ لە وڵاتاندا، لە پارس و لە مادیش و لە وڵاتانی تریش زۆربوو... ئەوجار پیاوێکی موغ هەبوو بەناوی گئوماتە. ئەو لە پی شیائۆوادا لە کێوی ئاکادریش هەستاوە. ڕۆژی چاردەی مانگی ویخن بوو کە یاخی بوو. بەدرۆ بەخەڵکی جەنگاوەری کوت: ئەمن بەردیام کە کوڕی کوورۆش و برای کەمبووجیەیە. ئەوجار هەموو خەڵکی – جەنگاوەر یاخی بوون و پارس و ماد و وڵاتانی تر لە کەمبووجیە بوونەوە و کەوتنە دەستی وی. ئەو پادشایەتیی کەوتە



جلوبەرگی هۆزەکانی ئالبانی – سەکانی سەدەی ٣–٥–ی پ. ز. لە
ڕووی نەشی تەقیمی دۆزراوە لە مینگەچاتوور

دەست. نۆی مـانگی گـەرمپـود بوو کـە دەسـتـەڵاتی گرتەدەست. ئەوجـار کـەمـبـووجـیـە سـەربەخۆ مرد..).

(ئەو پادشایەتییەی گئـوومـاتـە لە کەمبووجیەی زەوت کرد، لە سـەردەمـی کۆنەوە ئـی بنەمـاڵـەی مـە بـوو. ئەوجـار گـئـوومـاتـەی مـوغ پارس و مـادیش و وڵاتەکـانـی تری لە کـەمـبـووجـیـە ئـەسـتـاند. ئەو بەکـەیفی خۆی دەکرد و کەسـێکیش نەبوو، نە پارسـی و نە ماد لە بنەماڵەی ئێمە کە حکوومەتی لە دەستی ئەو گئوومـاتە موغـە دەربێنێ. خـەڵکی جـــەنگاوەر زۆری لـێ دەترســـان. ئەو لەوانـە بوو ئەو کـــەســـانـە بکوژێ کـــە بـەردیای ڕاسـتـیـیان دەناسـی. ئەو لەوانە بوو خـەڵکی بکوژێ: (کە بۆ نەیان ناسیم کە بەردیای کوڕی کوورۆشم؟..).

(ئەو دەسـتـەڵاتـەی لە بنەمـاڵـەی مـە زەوت کـرابوو، وەرم گرتەوە و لە جێگەی خـۆیم

داناوە و ئەو پەرستگایانەم ئاوەدان کردنەوە کە گئووماتە وێرانی کردبوون. بەتایبەتی ئەو شتانەم گێڕاوە شوێنی خۆی کە گئووماتە لە کۆمەڵانی (هۆزی) گوندەکانی ئەستاندبوون. خەڵکی جەنگاوەرم لەسەر جێگەی خۆیان دانانەوە. لە پارس و مادو ولاتانی تر هەروەکو لەپێشدا بوون. ئەمن ئەوەی ئەستاندرابوو، دامنەوە. ئەوەم بەویستی ئەهوەرامەزدا کرد: ئەمن تا خانەدانی خۆمانم لە پلەی خۆی داناوە، ڕەنجم کێشا. ئەمن بەویستی ئەهوەرامەزدا ڕەنجم کێشا تاوەکو پێشتر بێ، ئەوکاتە کە گئووماتەی موغ (دەستەڵاتی) لە بنەماڵەی ماد نەئەستاندبوو).

بەردەنووسی بێستوون بەدەستی کەسێک نووسراوە کە بۆخۆی گئووماتەی کوشتووە. بێگومان زۆریشی لەسەر دوژمنایەتیی خەڵک و گئووماتە پێوەناوە. ئەویش وەک چۆن لەسەر ئیختوویگۆ کوتراوە، ناوی خەڵکی نارازییان لەو کەسانە ناوە کە دەستەڵاتدارو چەوسێنەر بوون و لەو پێوەندییەدا زیانیان دیوە، نەک زۆرینەی خەڵک و یا خەڵک بەگشتی و ئەوە هەر شێوەکاری کۆنی دژکارانی پێشکەوتن بووە. گئووماتە بەهاسانی دەستەڵاتی گرتەدەست و ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە زۆرینەی خەڵکی لەگەڵ بوون، بەڵام داریووش پاش کوشتنی گئووماتە دەگەڵ بەربەرەکانیی توندی نیزیک بە هەموو هەرێمەکانی وڵات بەرەوڕوو بوو کە دژی حکوومەتی وی بوون. گئووماتە دەستی لە فەرماندەرانی لەشکر و مەزنانی دەربار نەدا، چونکە ئەوان پارێزەری ناوەندی دەستەڵات بوون و ئەوە بەخراپی بەسەریدا دەشکایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا گەورەترین دوژمنانی هەر ئەوان بوون و هەرئەوانیش پیلانیان لێ گێڕاو کوشتیان. سەرەنجام ژنێکی خۆی کە لە کەمبووجیەڕا پێی بڕابوو، نەهێنییەکەی لەلای (ئووتان)ی باوکی کە یەکێک لە مەزنانی پارس بوو، ئاشکراکرد. بە زانرانی ئەو ڕازە، داریووش کە شازادەیەکی پارس بوو لە بنەماڵەیەکی تر، لەگەڵ شەش کەسی تر پێلانێکیان دارِشت و شەوێ لە قەلای سیکایا هواتی (Sikaiahuvati) یا سیکتەواتیش (Sikthauwatich) لە ناوچەی نیسای وڵاتی ماد بەنەهێنی چوونەسەری و پاش کوشتنی پاسەوانان، گئووماتەیان کوشت و سەریان نیشانی خەڵک دا و دەستیان کرد بە کوشتار و تالانی موغەکان.

بەقسەی هەندێک لە مێژوونووسان، فەرمانی وێرانکردنی شوێنە پیرۆزەکانی

ناوچەیی بوو بەهۆی نارەزایی ئازادەکانی شارەکان و بۆیەش گـئوماتە نەیتوانی چاکسازییەکانی درێژە پێ بداو لە ٢٩ی سێپتمبەری ٥٢٢ی پ.ز تەنیا پاش هەشت مانگ پادشایەتی بەدەستی داریووش کوژرا. مێژوونووسی یۆنانی، کەتزیاس، ناوی ئەو پیاوە ئەسپەندەداتە (ئەسفەندیار = دادەی مقدسات) نووسیوە. (پووستی) رۆهەلاتناسی ئالمانی ئەو ناوەی سەلماندووە و گـئوماتەی بە نازناوی وی زانیوە. داریووش لە بەردەنووسی خۆیدا دەنووسێ: (گـئوماتا پەرستگاکانی وێران کرد و ئەمن دووبارە ئاوەدانم کردنەوە (پووستی) لەوەیرا ئاکام وەردەگرێ کە ئەو موغە زەردەشتییەکی دەمارگرژ بووە و چونکە لە ئوولی زەردەشتدا سازکردنی پەرستگە کارێکی نادروستە و هەموو شوێنێک ماڵی خوایە، دەستووری داوە پەرستگەکان وێران بکەن

## سەردەمی داریووشی مەزن

داریووش پاش کوشتنی گـئوماتە، جڵەوی دەستەلاتی لە ماد و پارس گرتەدەست. ئەو هەواڵی پێگەیشت کە لە عیلامدا کەسێک بەناوی (ئاشین) هەستاوەتەوە و لە بابلیش (نی دین توو بل) یاخی بووە، کە خۆی بەناوی کوری نابوونید دەناسێنێ. لە سەرەتای دیسامبری ٥٢٢ی پ.ز، ئەوکاتەی داریووش خەریکی شەڕی بابل بوو، لە ماد، لەشکرییان بە هاندانی فرەوەرتیش (Phraortes) ناوێکی خەڵکی وێ – کە خۆی بە خشتەریتەی دووەم (Kshatrita)و لە نەوەکانی سیاگزار ناساندبوو – ئالای شۆڕشی هەڵکرد و دانیشتوانی ماد و پارت و هێرکانەش رەگەڵی کەوتن و سەرەنجام کردیانە شا. خەڵکی ئەرمەنستانیش کە پێشتر هەستابوونەوە یارمەتییان دەدا. لە سەرۆکایەتیی ئەو هەستانەوەیە دا (وەهیەزداتە Vehyezdate) هەبوو، کە ئەویش خۆی بە بەردیای کوری کووروٚش دەناساند. بێجگە لە بەشێکی گرینگ لە پارس، هەرێمەکانی رۆهەلات واتە (ساتاگیدیە) لەگەڵ (ئاراخووسیە) کە لە سنووری دەستەلاتی فرەوەرتیشدا نەبوون و کووروٚش گرتبووی، لەبەرئەوەی خەڵکەکەی لەسەر دابی سەردەمی کیاکسار (هووەخشتەرە) نەبوون، رەگەڵ هیزداتە کەوتن، نەک فرەوەرتیشی دووەم. لە مەرغیانەش هەستانەوەیەکی تر بە سەرۆکایەتیی کەسێک بەناوی (فرادا) سازبوو. ئەو هەستانەوە بەخێرایی بەدەستی هێزەکانی ناوچە تێک شکا. (دارشیش)ی پارسی شەڕی لە دژی فرادا بەڕێوە دەبرد. ئەو لە سەرەتای



فرهوەرتیش – نەخشی زەقی
بێستوون

دیسامبردا مەرغانییەکانی ڕاونان و کوشتارێکی گەورەی لێ کردن. داریووش لە بابل ڕا دوو لەشکری ناردن. یەکیانی بە سەرۆکایەتیی دارشیشی هەرمەنی نارده یاریدەی سوپای (واخوومیسە) کە لە نێوان دووچۆمان خەریکی شەڕی هەرمەنییان بوو. لەشکرێکیشی بەسەرۆکایەتیی نیزیکترین هەڤاڵی خۆی (ویدارنە) نارده شەڕی فرەوەرتیش. تا سەرهەڵدانی ماد دانەمرکێندراوە، شەڕی هەرمەنستان هەر درێژەی هەبوو. ویدارنە لە ٢١ی ژانویەی ساڵی ٥٢١ی پ.ز، لە سەر سنووری باشووری ڕۆئاوای ماد لەگەڵ سەردارێکی فرەوەرتیش پێکیان دادا. بەڵام سەرکەوتنی وەدەست نەهێناو لە کاپماندا (ئێلی پی) چاوەڕێی داریووش مایەوە. فرەوەرتیش ناچاربوو لە دوو قۆڵدا بەشەڕبێ. لە ڕۆئاوا لەگەڵ لەشکری ویدارنەو پاشانیش هێزەکانی داریووش و لە ڕۆهەڵاتیش لەگەڵ ویشتاسبی باوکی داریووش کە ساتراپی پارت بوو. داریووش لە مانگی ئاوریل لە دامرکاندنەوەی سەرهەڵدانی بابل بووەوە و ڕووی کردە ماد. هەر لەو کاتەدا بەشێکی لە پارسەکانی لەگەڵ ئەو مادانەی پێی وەفادار مابوونەوە، بە فەرماندەریی ئارتاوەردیە نارده شەڕی وەهیزداتە، هێزی سەرەکیی داریووش لە ٧ی مەی (٢٧ی ئادووکانیش)، لەگەڵ هێزی گەورەی فرەوەرتیش لە (کوندروو Kundru) لە خاکی مادا گەیشتنەیەک. فرەوەرتیش لەگەڵ دەستە سوارێکی کەم بۆ لای ڕەغە هەڵات. ئەو چاوی لە یاریدەی پارت و هیرکانییەکان بوو. لە ژووئەنی ٥٢١ی پ.ز، داریووش هێشتا نەیتوانیبوو سەرهەڵدانەکە دامرکێنێتەوە. چونکە لە ١٢و٢١ی ژووئەن، (کەوهوومیشە و بدادرەشیش)ی ئەرمەنی لەگەڵ

هەرمەنییەکان بەشەڕ دەهاتن، ماد هێشتا نەکەوتبووە بەردەستی داریووش، یا هەرچۆنێک بێ نەیدەتوانی لەوێڕا لەشکرێک بۆ بەهێزکردنی سەردارانی خۆی بنێرێ. بەڵام لە کۆتاییەکانی مانگی ژووئەن، دەستەیەک لەو شەڕوانانەی داریووش ناردبوونیە لای ڕەغە، فرەوەرتیشیان گرت. داریووش فەرمانی دا ژمارەیەک لە لەشکرییەکانی بچنە یاریدەی ویشتاسپی باوکی. ئەوان لەوێ توانییان لە ١٢ی ژووئیەی ٥٢١ی پ.ز، دوایین لایەنگرانی فرەوەرتیشیش ڕاونێن. داریووش لە بەردەنووسی بێستووندا دەڵێ: (فرەوەرتیشیان گرت و هێنایانە لای من. ئەمن کەپۆ و گوێ و زمانم بڕین و چاوەکانم دەرێنان و ئەویان دەزنجیردا لە بەرابەر مندا ڕاگرت و هەموو جەنگاوەران دیتیان. ئەوجار فەرمانم دا لە هەمەدان نێزەی تێ ببڕن و ئەو پیاوانەی لایەنگری بوون لەنێو قەڵای ئۆکباتانە لەداریان بدەن). و سەرەنجام کەسوکاریشیان کوشتن. ئەوە قسەی داریووشە کە لە بەردەنووسەکەی خۆیدا دەیڵێ و شاراوە نییە کە هەخامەنشییان لەگەڵ هەموو دژکارانیاندا ئاوایان دەکرد تا خەڵکی پێ چاوترسێن بن. بەڵام زەبیحوڵڵای مەنسووری شێوەیەکی زۆر مرۆڤانە دەدا بە داریووش و ئەوەی خوارەوە کورتەی نووسراوەی ناوبراوە:

«ئات ری نا» حاکمی خوزستان لە (داریووش) یاخی بوو. ئەو بەلەشکرێکەوە چووە سەری و(ئات ری نا) کە گوشاری کەوتبووەسەر، وڵامی بۆ نارد کە ئەگەر لە تەنبێکردنی نەبووریێ لەو شارەدا لە سەرەخۆم دەکەمەوە و ئەگەریش بشکێم هەموو خەڵکی شار دەکوژم. «داریووش» گوتی بۆ خۆت دەزانی، هەرچی دەیکەی بیکە، ئەمن لێت نابوورم.

«داریووش» تازە لە زاڵبوون بەسەر «ئات ری نا»ی (فەرمانڕەوای یاغیی شووش) تەواو بووبوو، هەواڵی پێ گەییشت کە فەرمانڕەوای (میدیا) واتە ئەو ناوچەی کە ئەوڕۆ (ئازەربایجان و کوردستان)ە، سکەی خۆی بەناوی پادشای هەموو وڵات لێداوە. (داریووش) فەرمانڕەوایانی هەرێمەکانی تەرخان کردبوو کە بۆ خۆیان سکە لێ بدەن، تا پووڵی بێخەوش بەسێنەیی بگاتە هەموو ئیمپەراتۆریی بەربڵاوی پارس. بەڵام ئەوەی ئەو فەرمانڕەوایە کردبووی شتێکی ترە. ئەو داوای پادشایەتی دەکا و خۆی بە جێنشینی ڕاستەقینەی پادشایانی ماد دەزانی، نەک هەرفەرمانڕەوای میدیا. سکە زێڕەکەشی ناو ناوە (مادا) و سکە زێوەکەشی (سادا)یە.

(دارییووش) کــه تازە (ئەتوە)ی کــچی کــوورۆشی هـێنابوو، ئەوی وەک جـێنشـین لە پازارگاد داناو (ئـین تا فـێرنێس)ی سـەرداری بـەناوبانگی خـۆی کـردە فـەرمـانڕەوای پارس و پێی گوت لە کارەکاندا ڕاوێژکاری جێنشینی پادشا بێ.

(داریـووش) دەیەویست لەســـەر ڕێگەی ئـازەربـایـجــان، ســـەری ڕەوە ئەســـپی پادشـایەتی بدا کە لە ولاتی (نیسا) بوو. لە ئێرانی کۆندا حەوت ناوچە هەبوون، کە ناوی نیسـایان لەسـەر بوو. بەلام (نیسـا)ی گەورە کە ڕەوە ئەسپی پادشـایەتیی لێ بوو، لە کـرمـاشـان هـەلکەوتبـوو و دەشـتێکی گـەورە بوو کـە ئەوڕۆ مـاهـیدەشـتی پێ دەلێن. ئـەو دەشـتـە بێـجگـەلەوەش، لەوەڕگـەیەکی گـەورەش بوو بۆ ڕاگـرتنـی ئاژەلی گیاخۆر. ئەو دەشتە لە سەردەمی پادشایەتیی مـادەکانداو پاشانیش هەخـامـەنشـی و دوایەش ساسانییاندا، ناوەندی بەخێوکردنی ئەسپی میری بوو. پاش ئیسلامیش ئەو کاتەی کە خـەلیـفـەکانی ئەمـەوی و عـەبباسـی بەسـەر ئێراندا زال بوون، ڕەوە ئەسـپی گەورەیان لە نیسا هەبوون، بەلام ئەو کاتە ناوی شـوێنەکەیان نابوو (مەرجەعو القلعة) واتە قـــەلای لەوەڕگـــە. ئەو ناوە وەرگـــێـــڕاوی دوو وشـــەی (سکیـــە هـووتین) کـــە لەبەردەنووسی دارییووش لە بێستووندا هاتوون و لە سەرزەمینی نیسا لە ولاتی مـاددا هەلکەوتوون. ئەو شـوێنە تا ئەو دواییانەش (هـاڕوون ئـاباد)یان پێ دەکوت و دوایەش ناوی بوو بە (شاه ئاباد) و ئێستاش ئیسلام ئابادە.

ئەوکاتەی دارییووش چووە نێو نیسـا، سـەرەڕای کارەکەی گئوومـاتە، هێـشتا سـەت و شێس تهـەزار ئەسـپی لێ بوو. ئەو پاش بەسـەرکـردنەوەی بارودۆخـەکەی وێ، بەرەو ئازەربایجان کەوتەڕێ.

(فرائوورتی) تـەنیـا دە ڕۆژ پێش نیـزیکبوونەوەی دارییووش پێی زانی، چونکە شـا هـەرکـە لە نیـسـاڕا وەڕێ کـەوت، ڕێگەی هـاتوچۆی بەرەو باکـوری لـەسـەر ڕێبـوار و کـاروانـان داخـست. تـەورێز دیواری بەدەوریدا هەبوون و دارییووش لە مـانگی دوایی هـاوینی سـالی ٥١٩ ی (پ.ز) لە تـەورێز نیـزیک بووەوە. (فـرائوورت)ی پێـیوابوو کـە ئەگەر پەنا بـەرێتـە نێـو شـوورەی تەورێزێ، زسـتـانی بەسـەردا دێ و شـا ناچار دەبێ بگەڕێتـەوە. (مـارکوات)ی ڕۆهـەلاتناسـی ئالـمـانی، باسـی زالبـوونی داریووشی بەسـەر (فـرائوورتی)ی لە کتێبێکدا کردووە کە لە سـالی ١٩٠٥ی زاینی لە شـاری (لیبـزیک) بلاوی کـردووەتەوە. (دارییووش) بە مـەنجـەنیق و شـەڕی توند خـۆی خـسـتـە ناو قـەلای

شاری تەورێز و (فرائوورتیە) کە پەنای بردبووە نێو قەڵای کۆشک، داوای لێبووردنی لێ کــرد، داریوش بۆ ئەوەی خــوێنی زۆرتر نەڕژێ لێی بوورد، بەمـــەرجـێک لە هەر شوێنێک داریووش بۆی دیاری بکا لەوێ نیشتەجێ بێ (٥١٩پ.ز).

بەڵام دوایە لە کێشـەی فـەرمـانڕەوای ئازەربایـجاندا لـەبارەی ئەخـلاقی داریووش دەڵێ: (بـەگـوتـەی کـەتزیاس چونکە داریووش تۆبەکــارانی دەبەخــشی، هـەرگـیــز یاخـیـبـووانی نەدەخـسـتـە هەلومـەرجـێک کـە لەبەر ناهومـێدی ناچار بن تا دوایین هەناسە شەڕ بکەن و بکوژرێن).

ئەو چەشنە قسـەی دژیەکی مێژووناسـانی فـارس لەسـەر کەسـایەتیی کەسێک یا چۆنیـــیـــەتی ڕووداوێک، کـــە زۆرتـر بۆ شـــاردنەوەی ڕووی دزێوی ڕەفـــتـــاری فەرمانڕەوایانیانە – لە کوورۆشەوە تا فەرمانڕەوایانی ئێستای ئێران – زۆر دیتراوە و سەیر و بێ پێشینە نییە. پێشتر لەسەر مێژووی ١٠٠٠٠ ساڵەی ئێرانیش لە بەشی ئیـخـتـوویگۆدا باسی ئەو چەشنە نووسراوە پێـچـەوانەی یەکـتـرم کـردوون. ئەو دەمـارگـرژییـە تاڕادەیەکی یەکـجـار زۆر چەواشـەکـاری و ناڕاسـتـیی بەشی زۆری مـێـژوونووسـانی فـارس دەخـاتـەڕوو، بۆیە بەپێـویسـتم زانی لێرەشـدا نموونـەیەکی زیندووی بۆ بێنمەوە.

لەوڵاتی ساگارتی (Sagartie) واتە ناوچەی کوێستانیی هـەولێر (Arbel) کە ئەوڕۆ تایفــەی کـوردی لێ نیـشـتـەجـێن، هۆزی سـاگـارتی ملیـان نەداو چیـتـراتـاخـەمـا (Tchitratakhama) کە خۆی بەنەوەی سیاگزار دەزانی دەستـەیەکیی لە دەوری خۆ کـۆ کـردبوونـەوە و لە دژی حکوومــەتی ناوەندی هەسـتــاوە– داریووش لەشکرێکی تێکەڵاوی لە مـاد و پارس بەسـەرۆکـایەتیی (تاخـمـا ئەسـپـاد)ی مـادی ناردە سـەر. ئەوسەردارە شۆڕشـەکەی تێ شکاند و بەفـەرمانی داریووش، نێزەیەکیان دە (چیترا تاخەما)ی بڕی و کوشتیان.

ساتراپەکانی ماد لە شاهەنشایی هەخامەنشیدا لە مادەکان بوون. لەشکری ماد لە هەموو لەشکرکێشییەکانی پارسدا بەشدار بوون. لە شەڕی ماراتۆن لە یوونان سـەردارێکی ئێـرانی پیـاوێکی مـادی بوو بەناوی (داتیس Datis). کـوڕەکـانیـشی (گەرمەمیترا Garmamitra و تیتێی Titei) لە شەڕی یۆناندا فەرماندەی سوارەکانی خـەشـایارشـا بوون. مـادەکـان وێڕای پارسـەکـان و سـەکـاکـا، باوەڕ پێکراوترین

جەنگاوەر دەهاتنە ئەژمار و هێزی چەکداری گەمییەکانی شەڕیی خەشایارشا بوون. مادەکان لە دۆڵی تێرمووفیل وێڕای پارسەکان و عیلامییەکان (کیسییان)، ئاستەمترین شەڕیان لەگەڵ دەستەی لێئۆنیداس کرد. بەگشتی لە سەردەمی خەشایارشادا مادەکان باشترین جەنگاوەرانی سوپای هەخامەنشی بوون. وێدەچی هەخامەنشییەکان ویستبیان بە بەشدارکردنی مادەکان لە دەستکەوت و تالآنی شەڕدا چاکەیان دەگەڵ بکەن و بۆ لای خۆیانیان ڕاکێشن، بەلآم ڕاستییەکی تریش لەپشت ئەو بەشدارییەدایە، ئەویش ئەوەیە کە بێجگە لە دلێری و جەنگاوەریی کوردەکان، لەشکری ماد زۆر لەوانی تر لە گۆڕەپانی شەڕەکە نیزیکتربوو ئەوەش بێجگە لە دانی خێرایی بە گەیشتنی سوپا بۆ بەرەی شەڕ، دەرکەوتی شەڕەکەشی کەمتر دەکردەوە.

(ئانافێس)ی کوڕی (ئووتانێس) لە شەڕی بەناوبانگی خەشایارشا لە گەرووی (ترومپل) لە یوونان، فەرماندەری دەستەی پێشەنگی ئەرتەشی ئێران بوو. (ئووتانێس) ژنبرای خەشایارشا بوو و لە پێش لەشکرەکەی دەرۆیشت و هەموو سەربازەکانیشی مادی و باشترین سەربازی شاخەوانی ئەرتەشەکەی بوون.

( ئانافێس) لە کاتی چاوەدێریکردن لەسەر دوژمن بۆ ناسینی بارودۆخ لە کاتێکدا کە کارەکەی تەواو دەبوو و وا دیار بوو بە شتێکی زۆرگرینگیشی زانیبوو پێش ئەوەی بتوانێ بیڵێ هەڵدێراو مرد. سوپای بەردەستی (ئانافێس) کە لەشکری ماد بوون و دەبوو لە نێوەڕاستی جەبهەڕا واتە لە ئاستەمترین برگەی شەڕدا بەشداربن و هەمووی قورسایی ڕێگە کردنەوەی لە گەرووی ترومپل لە سەرشانیان بوو، ئەو شەڕە دوای ١٩٥ ڕۆژان لە سەرەتای بەهارڕا دەست پێ کرا.

لەشکرەکەی ماد ئەوانە بوون:

١- هێزی ئارناکس (واتە هێزی قەراماج).

٢- هێزی ئەسپانتا (واتە هێزی ورمێ).

٣- هێزی کازاکا (واتە هێزی مراغە).

٤- هێزی پراسیا (واتە هێزی ناوچەی خەمسە).

٥- هێزی نسانی کامپی (واتە هێزی ناوچەی نیسا).



چیتوان تەخمە لە ڕووی نەخشی
زەقی بێستوون

٦- هێزی اکباتان (واتە هێزی همدان).

٧- هێـزی ئاترووپاتێن (یا ئاشـورپات یا ئازەرپات کـە ئازەربایجـانی ئەوڕۆیە و ئازەربایجانی باکور دەگرێتەوە).

٨- هێزی سین دژ (قەڵای خۆر).

ئەو هێزانە دەبوو دەروازەی نێوەڕاستێ بگرن و ڕێگەکەی ئەوە بوو کە سەربازانی مادی ئەوەندەیان لێ بکوژن و بکوژرێن، تا بتوانن تەنگەبەرە درێژەکە بگرن.

لەباری ئەردەشـیری دووەمـیشـدا مـادەکـان دەسـتی بـاڵایان لە سـوپادا هەبوو. هارپاگەی ساتراپی ماد، لە کێشـەی نێوان ئەردەشـیر و کوورۆشی بچووکی برایدا، لەپێـشـدا بۆ لای کـوورۆش چوو، دوایە بۆ لای شـا گـەڕاوە. لەوێـوەدا ناچار بوو سزایەکی پڕ لە سووکایەتی و پێکەنین هێنەر، وەرگرێ. لە کۆتایی سەدەی پێنجەم و لە سـەدەی چوارەمی (پ.ز)دا کـەمـتـر تووشی ناوی مـادێک دەبین کـە لە دەزگـای شاهەنشایی هەخامەنشیدا خاوەنی پلەیەکی گرینگ بێ. ئەو ئاکامە بۆخـائینانی نەتەوە خـۆ بەتایبـەتی گـەلی کـورد چارەنووسـێکی ڕوون و دیارە. مـەزنانی مـاد بەو خـەیانەتەی بە ئیـخـتووگوویان کرد، سـەربەخۆیی خۆیان و گەلەکەیان لەدەست داو تاوانـەکـەی تا ئێـسـتـاشی لەگـەڵدا بێ، بەرۆکی کـوردی بەر نەداوە. هارپاکـەی بناغـەدانەری ئەو خـەیانەتەش هەرگـیـز گـەورەیی و ئازادیی ڕاسـتـەقـینەی خـۆی وەدەست نەهێناوە و تەنانەت کوورۆشیش پاش ئەو هەمـوو خزمـەتەی مـەزنانی مـاد، وڵاتەکەیانی هەر وەک سـاتراپێک هێشتەوە و سـاتراپیشی لە مـادەکان بۆدانا، بەڵام چاوەدێرێکی فارسیشی لەسەردانان و ئاوا تەنانەت سەربەخۆییەکی نیوەچڵیشیان لەبەرانبەر ئەو خەیانەتە گەورەدا پێ ڕەوا نەدیترا.

## گەڕانەوەی ۱۰۰۰۰ یۆنانی و شەڕیان لە وڵاتی کوردۆئێن

(دوکتۆر سولتان مام قادری) (سۆران)، ئەو بەشە ڕاستەوخۆ لە کتێبەکەی گەزەنفۆن ڕا وەرگێڕاوەتەوە، لە (ژمارە ۳و٤ی کۆواری هەوار، چاپی ئادیلادی ئوستەرالیا)دا بڵاو بووەتەوە. لەبەر گرینگییەکەی لە ڕوونکردنەوەی دۆخی ئەودەمی کوردستان، هەمووی وەک خۆی لێرەدا دێنینەوە، بەڵام پێش هەموو شتێک پێویستە لەسەر وشەی کوردستان لەو بەشەدا ڕوونکردنەوەیەک بدەین. بەشێکی زۆر لە کوردستان لەگەڵ دامەزرانی وڵاتی ئەرمەنستان، کە ئەویش هەر لەسەر خاکی کوردستان بوو، خرایە سەر ئەو وڵاتە و هەرچەند دانیشتووانی هەر وەک خۆی کورد مانەوە، نیشانە و ناوی کوردستان بەدەستی داگیرکەرانی ڕۆهەلات و ڕۆژئاوا لەسەریان وەلاچوو. لەلایەکی تریشەوە هەرچەندە ئازەربایجانیش مڵکی ماد و دانیشتوانی مادی بوونە، لەبەرئەوەی کە ئەو ناوچەیە ناوی ئاتووڕپاتەکانی بەخۆیەوە گرتووە ناوی کوردستانی نەکەوتووەتە سەر. ئاوا دووبەشی زۆر گەورە و گرینگی کوردستان لە ناوی نەتەوەیی خۆیان بێبەش بوون و هەرچەند بەدرێژایی مێژوو خەڵکە ڕەسەنەکەی هەرخۆیان بەکورد زانیوە، بەداخەوە هەروەک دوایەش دەیبینین پیلانی داگیرکەرانی کوردستان هەر بەوەندە ڕانەوەستاو بەشێکی گەورەی تریشی دوای ئیسلام وردەوردە لێ دابڕا. ئەوەندە ڕوونکردنەوەمان تەنیا بۆ باشتر تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی پێوەندیدار بەکورد لەو بەشەدا باس کرد.

بەکورتی گەزەنفۆن دەگێڕێتەوە:

لە شەڕی «کووناکسا»، گوندێکی باکوری «بابل» لە ڕۆژی ٥ی سێپتامبری ٤٠١ی پ.ز، کووروٚش کوژراو خەشایارشا بریندار بوو. یۆنانییەکان کە بۆ پشتیوانیی کووروٚش هاتبوون بەپێی گەڵاڵەیەکی ڕێکوپێک لەشکری پارسەکانیان ڕاونا.

مەبەستی کووروٚش لەو لەشکرکێشییە ئەوە بوو کە خەشایارشای برای لەسەر تەخت بێنێتە خوار و بۆ خۆی ببێتە شای ئێران. خەشایارشا دوای مردنی داریووشی باوکی هاتبووە سەر تەختی شایەتی. دوای کوژرانی کووروٚش ئیدی پێشڕەویی یۆنانییەکان بێ کەلک بوو و دەبوو بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، بەڵام بەکام ڕێگەدا؟ یۆنانییەکان ئەو گوندانەیان کە لەبەردەستیاندا بوون، پێش چۆلکردن ئاگر

تێ بەردەدان. هێشتا لە ناوچەی بابل دوور نەکەوتبوونەو ئێرانییەکان بەبێ ئەوەی لێیان نیزیک ببنەوە، لە دوورەوە چاوەدێرییان دەکردن و بۆیان پرسیار بوو کە ئەوان بەرنامەیان چییەو ڕوو دەکام لا دەکەن.

لەکاتێکدا کە سەربازە یۆنانییەکان خەریکی دۆزینەوەی خۆراک بوون، سەرکردەکان کۆبوونەوەیەکی نوێیان پێکهێنا. لەو کۆبوونەوەیاندا دیلەکانیشیان بانگ کردن و داوایان لێ کردن دۆخی ناوچەکەیان بەوردی بۆ باس بکەن. بەپێی وتەی دیلەکان، ڕێگەیەک بۆ باشوور هەبوو کە بەرەو بابل و میدیا دەچوو، واتە ئەو شوێنەی پێیدا هاتبوون. بەرەو ڕۆژهەلات ڕێگەیەک هەبوو کە دەچوو بۆ شووش و ئێکباتان، کە هاوینەهەواری شای لێیە. بەرەو ڕۆئاوا ڕێگەیەک هەبوو کە بەچۆمی دیجلەدا تێدەپەڕی و بەرەو »لیدیا«و «یۆنیا» دەچوو، بەڵام ئەو ڕێگەیەی بەکێوەکاندا بەرەو باکور دەچوو، دەگەیشتە وڵاتی کاردووخەکان.

دیلەکان باسیان کرد کە کاردووخەکان لە چیا دەژین و گەلێکی زۆر شەڕکەر و ئازان و تەنانەت نەدەچوونە ژێرفەرمانی شاش. ئەوان گوتیان جارێکیان لەشکرێکی گەورەی شا، برێتی لە سەت و بیست هەزار کەس، بەو مەبەستەی کە بەتەواوی بیانخاتە ژێر دەستی خۆی، هێرشی کردە ناو وڵاتی کاردووخەکان، بەڵام هەموویان تێداچوون و کەس نەگەڕاوە وڵاتی خۆی. دیارە جاری وا هەیە کاردووخەکان دەگەڵ ساتراپی ەی دراوسێیان کە دیاریکراوی شایە، پێوەندیی ئاشتی دەبەستن، ئەوە بەو مانایەیە کە ئەودەم لەگەڵ پارسەکان نێوانیان خۆش دەبێ.

سەرکردە یۆنانییەکان بەبیستنی ئەو زانیارییانە ئەو دیلانەیان کە شارەزای ناوچەکە بوون لەوانی تر جیا کردنەوە و بەبێ ئەوەی لەسەر ئەو ڕێگەیەی هەڵیان بژاردبوو، هیچ بدرکێنن، بڕیاریان دا بە ڕێی کێوەکاندا ڕوو دە وڵاتی کاردۆخەکان بکەن. چونکە دیلەکان کوتیان ئەگەر بەوڵاتی کاردۆخەکاندا تێپەڕن دەگەنە وڵاتی ئەرمەنستان کە (ئوورووونداس) فەرمانڕەوایەتی. ئەرمەنستان وڵاتێکی گەورە و پڕ بەرەکەت بوو. بەپێی وتەی دیلەکان لە ئەرمەنستان ڕا دەیانتوانی ڕوو لە هەر شوێنێکی بکەن کە بیانەوێ.

یۆنانییەکان بۆ ئەوەی باشترین کات بۆ وەڕێکەوتن بزانن، قوربانییان پێشکێشی خودایان کرد. ترسی ئەوەیان هەبوو دوژمن لەپێش ئەواندا دەست بەسەر ڕێگەکاندا



بگرێ. فـەرمـانـیـان دا کـە دوای خـواردنی نـانی شـەوێ بـارگـەو بنـەیان تێک نێن و بحەسێنەوە و هـەرکە گوتیان وەڕێ کەون، هـەموو وێکڕا ئامادە بن.

یۆنانیـیـەکان ڕێگەی باکوریان گرتەپێش. (تیـسـافـێـرنیس)، سـاتراپێکی وەفـادار بەخەشـایارشـا کە یەکێک لە سەرکردەکانی سوپای ئێرانیش بوو، بەفێڵ توانی خۆی لەوان نیزیک کاتەوە و پێی ڕاگەیاندن کە مـەبەسـتی ئـەوەیە یۆنانیـیـەکان بگەڕێنەوە وڵاتی خـۆیان و داوای کـرد چاویان پێک بکەوێ. سـەرکـردە و سـەردەسـتـەکـانی لەشکری یۆنانییەکان لەگەڵ دووسەت سەرباز چوونە بارەگای ناوبراو، کە هـەموویان قەلاچۆ کران. یۆنانییەکان لە کۆبوونەوەیەکی بەریندا گەزەنفۆن و چوار کەسی تریان وەک سـەرکردە هـەڵبژارد. «هێرسـیۆفـۆس» بە سـەرکردەی گشـتی و «گەزەنفۆن» وەک سەرکردەی پاشـەنگ دیاری کران.

یۆنانییەکان گەیشتنە ناوچەیەک کە چۆمی دیجلە زۆر قووڵ و بەرین دەبووەوە هیچ شێوەیەک بۆ پەڕینەوە نەدەبوو. هـەندێک لە سـەرەوەتر لووتکەی کێوە بەرزەکانی وڵاتی کاردووخان دیاربوون. سـەرکردەکانی سوپا بڕیاریان دابوو بەنێو ئەو کێوانەدا بڕۆن. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە لە دیلەکانیان بیستبوو ئەگەر لە کێوەکانی وڵاتی کاردووخان تێپـەڕین لە ئەرمـەنسـتـان دەگـەنە سـەرچاوەکـانی چۆمی دیجلە و ئـەگـەر بیـانەوێ دەتوانن بەدەوری سـەرچـاوەکاندا بڕۆن (چونکە لە خـوارتر چـۆمـەکە زۆر قـووڵ بوو و

ئەگەر گەیشتبانە سەرچاوەکان ئیدی پێویست نەبوو لە چۆمی بدەن.) دیارە گوترابوو سەرچاوەکانی زێی فەراتیش زۆر لە هی دیجلە دوورنین. ئەوانە زانیارییەکانی تا ئەودەم بوون. ئەوان بەشێوەی خوارەوە چوونە نێو خاکی کاردووخەکان. لەلایەک گەلاڵەی پێشڕەوی بێ ئەوەی خەڵکی ناوچە پێ بزانن و لەلایەکی ترەوە هەوڵ بۆ دەست بەسەرداگرتنی بەرزاییەکان بەر لە دوژمن. کاتی پاسی دوایی بوو. تاریکایی بەشی ئەوەندە نەمابوو کە یۆنانییەکان بتوانن بەدەشتدا تێپەڕن. بەپێی فەرمان هەموو سەربازەکان لە خەو هەستان و وەڕێ کەوتن. دەگەڵ یەکەم ڕووناکیی بەیانی گەیشتنە کێو. لەوێ «هێرۆسۆفۆس» وەپێش لەشکر کەوت. پێشەنگی لەشکر و هەموو ژیمنیتەکانی (سەربازانی چەک سووکی یۆنانی کۆن کە هەر نێزەو کەوانیان پێ بوو و مەتاڵیان نەبوو) خستەژێر فەرمانی خۆی. لەو کاتەیدا گەزەنفۆن لەگەڵ چەکدارەکانی پاشەنگی مابووەوە بەبێ ئەوەی هیچ ژیمنیتێکیان لەگەڵدا بێ. وێ نەدەچوو هیچ مەترسییەکیان بۆ لە گۆڕێدا بێ. تەنیا لە کاتی هەڵڕووسکان بەکێودا وێدەچوو لەلای باشوور ڕا هێرشیان کرابا سەر.

«هێریستۆفۆس» بەپێی گەلاڵەی داڕێژراو، بەبێ ئەوەی دوژمن پێ بزانێ، دەستی بەسەر لووتکەی کێوێکی بەرز داگرت. ئەجار لەو کاتەیدا کە زۆربەی لەشکرەکەی بەدواوەبوو، پێشڕەوییەکەی بەرەو گوندەکانی نێودۆڵ و دەشتەکانی نێوان کێوەکان درێژە پێدا. هەندەی پێ نەچوو کاردووخەکان دەستیان بەچۆلکردنی گوندەکان کرد و لەگەڵ ژن و منداڵەکانیان ڕوویان دەکێوان کرد. خواردەمەنییەکی زۆر لەنێو ماڵەکاندا بەجێ مابوو و یۆنانییەکان دەیانتوانی دەستی بەسەردا بگرن. هەروەها ماڵەکان پڕبوون لە کەلوپەلی مس، کە یۆنانییەکان هیچیان هەڵنەگرت و کەسیشیان ڕاونەنا. بەوەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کاردووخەکان دوژمنی شای ئێران بوون، یۆنانییەکان هیواداربوون کە ڕێگەیان پێ بدرێ کە بە شێوەیەکی دۆستانە بەم وڵاتەدا تێپەڕن. بەهۆی پێویستیی زۆر، تەنیا خواردەمەنییان دەگەڵ خۆیان هەڵ دەگرت. کاردووخەکان نەشەڕیان دەکرد و نەهیچ هەڵوێستێکی دۆستانەشیان لەخۆ دەنواند. بەڵام لە کاتێکدا کە دوایین یۆنانییەکان لە کوێستان ڕا بەرەو گوندەکان دەڕێدا بوون (بەکێو هەڵگەڕان و بەرەوژێر بوونەوە بۆ ئاوەدانییەکان، تەواوی ڕۆژی خایاند، چونکە ڕێگەکە زۆر باریک و سوپایەکە زۆر بوو). هەندێ لە کاردۆخەکان کۆبوونەوە و پەلاماریان دان. سەرەڕای ژمارەی کەمیان، توانییان بە بەردو تیروکەوان ژمارەیەک

یۆنانی بکوژن و ژمارەیەکی تریش بەتوندی زامدار بکەن. یۆنانییەکان بەتەواوی شڵەژابوون. ئەگەر ژمارەی زیاتری کاردووخەکان لەو هێرشەدا بەشدارییان کردبا بێگومان بەشێکی بەرچاوی سوپای یۆنانی تێدا دەچوون. یۆنانییەکان ئەوێ شەوێ دەگوندەکاندا مانەوە، بەڵام کاردووخەکان لە کێوەکانی دەوروبەر ئاگریان کردبووەوە و بەو شێوە هەر کەسە بەشوێنی ئەوی تری دەزانی. بەیانی ڕۆژی دواتر فەرماندە و سەردەستەکانی یۆنانی کۆبوونەوە و بڕیاریان دا کە وڵاخە بەتوانا و بەکەڵکەکان لەگەڵ خۆیان ڕاگرن و ئەوانی تر بەجێ بێڵن و درێژە بە ڕێپێوانەکەیان بدەن و هەموو ئەو دیلانە ئازاد بکەن کە پێشتر گرتبوویانن، چونکە ژمارەی زۆری دیل و وڵاخەکان دەبوونە هۆی بەسستی بەرەوپێشچوونی ڕێپێوانەکەیان و ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارەکان بەوانەوە خەریک دەبوون و نەیاندەتوانی چالاکانە بەشداری شەڕەکان بن. هەروەها زۆریی دیل و وڵاخەکان ناچاری دەکردن دوو هێندە خواردەمەنی دابین بکەن. دوای خواردنی نانی نیوەڕۆیە درێژەیان بەڕێگە دا. سەرکردەکانی لەشکر ژمارەیەکیان سەرباز لە ڕێگە باریکەکاندا دانان تا چاوەدێریی سەربازەکانی تر بکەن و بزانن کێهەیان شتێکی بەدەستکەوت هەڵگرتووە، کە سەرکردەکان قەدەخەیان کردبێ. ئەم تاقمە سەربازە هەرکە شتێکیان بەدەستی کەسێکەوە دەدیت لێیان دەستاندەوە مەگەر ئەوەی کەسێک بەهۆی هەوەسی زۆر منداڵ یا ژنێکی جوانی هەڵگرتبێت، کە خۆیان تێ نەدەگەیاند. ئەو ڕۆژەش جاروبار بەشەڕ و جارجارەش بێ شەڕ درێژەیان بەڕێگەدا. بۆسبەینەکەی هەوا بەتەواوی گۆڕاو خەرابوو، بەڵام پێویست بوو ڕێگەکەیان درێژە پێ بدەن چونکە پاشەکەوتی خواردنیان بەشی ماوەیەکی زۆری نەدەکرد. «هیریسۆفۆس» لەگەڵ پێشەنگ و گەزەنفۆن لەگەڵ پاشەنگدا بوون. کاردووخەکان پەیتاپەتا هێرشیان دەکرد و بەهۆی ئەوەی ڕێگەکان تەنگ و باریک بوون. خۆیان زۆر لە یۆنانییەکان نیزیک دەکردەوە و بەقۆچەقانی و تیروکەوان لێیان دەدان و هەر بۆیە یۆنانییەکان ناچاربوون هەموو جارێک بکەونە شوێنیان و دیسان بگەڕێنەوە و بەو جۆرە بەرەوپێشچوونەکەیان زۆر سست بوو. زۆرجاران گەزەنفۆن کاتی هێرشی دوژمن، بەدزی سەربازەکانی بەردەستی خۆی ئاگەدار دەکردەوە تا بۆماوەیەکی کورت بەرەنگاریان بنەوە (بێ ئەوەی ببنە هۆی ڕاگرتنی سوپا).

لێرەدا «هیریسۆفۆس» کە زۆر بەدیسیپلین بوو و هەرگیز سەربازەکانی تری بەجێ

نەدەهێشت، لە ناکاو پێشاوپێشی سوپا خێراییەکەی زیاد کرد و فەرمانی دا هەموو وەدوای کەون. ئیدی زۆر ڕوون بوو کە شتێک دەگۆڕێدایە، بەڵام گەزەنفۆن فریا نەدەکەوت خۆی بگەیێنێتە «هیریسۆفۆس» تا هۆی ئەو پەلەپەلەی بزانێ. بەم شێوەیە ڕێپێوانی پاشەنگی لەشکر زیاتر هەر وە هەڵات هەڵات دەچوو و بوو بەهۆی کوژرانی دووکەس، کە یەکیان پیاوێکی قارەمانی خەڵکی «لاکوونیا» بوو بەناوی «لیئۆنیسۆس»، کە تیرێک بەر قەڵخانەکە و بەر سینگە چەرمییەکەی کەوت و قەفەسەی سینگی کون کرد و ئەوی تریان «قاسیباس»ی خەڵکی «ئارکادییا»بوو کە سەری بە تیر کوناودیو بوو. هەرکە «هیریسۆفۆس» ڕاوەستا، گەزەنفۆن خێرا خۆی گەیاندێ و تاوانباری کرد بەوەی لەسەریان ڕانەوەستاوە و ئەوان ناچاربوونە بەهەڵات هەڵات شەڕ بکەن و ئەو ئاکامەی لێ کەوتەوە. دووکەس لە باشترین سەربازانمان بەناهەق کوژران، بەبێ ئەوەی بتوانین تەرمەکانیشیان لەگەڵ خۆمان بێنین یا بیان نێژین. «هیریسۆفۆس» وەڵامی داوەو گوتی بڕوانە ئەم کێوانە، ئەوجارە بۆت ڕوون دەبێتەوە کە هیچ ڕێگەیەکی دەربازبوونمان نییە، تەنیا ڕێگەمان هۆو هەورازەیە خەڵکێکی زۆری لێیە کە چاوەدێریمان دەکەن، بۆیە زۆر بەپەلە بووم و چاوەڕوانیی تۆم نەکرد، تا بەڵکو بتوانم بەر لە دوژمن دەست بەسەر ئەم ڕێگەیەدا بگرم. ڕێنوێنەکانمان دەڵێن ڕێگەی تر نییە. گەزەنفۆن کوتی بەڵام من دوو پیاوی خەڵکی ناوچەم وەکو ڕێنوێن ڕاگرتوون. ژمارەیەک لە کاردووخەکانمان دەداو خست و چەند کەسێکمان لێ کوشتن، چونکە زۆر بەرچەپمان بوون و تاڕادەیەک لەدەستیان ئاسوودە بووین. ئەو دووانەشمان بۆیە بەزیندوویی هێشتنەوە کە باش شارەزای ناوچەن و دەتوانین وەک ڕێنوێن کەلکیان لێ وەرگرین. هەندەی پێ نەچوو دوو دیلەکەیان بۆ هێنان و بەجیا پرسیاریان لێ کردن تا بزانن بێجگە لەوەی ڕێگەی تریش پێ دەزانن یان نا. یەکێک لە دیلەکان بەزۆر بیانووی جیاجیا خۆی لە وەڵامدانەوە دەپاراست. لە ئاکامدا لە بەرچاوی کاردووخەکەی تر لەسەریان دا. ئەوەی تر لە وەڵامی پرسیارێکدا کوتی نەیدەویست زانیاری بداتە یۆنانییەکان چونکە کچەکەی لەو ناوچەیدا شووی کردووە. ئەو بەڕێگەیەکی دەزانی کە نەک هەر یۆنانییەکان، بەڵکو وڵاخەکانیشیان دەیانتوانی پێیدا دەربازبن. کاتێک پرسیاری لێ کرا کە ئایا لەسەر ئەو ڕێگەیەدا شوێنی وا هەیە کە پێدا تێپەڕینی زۆر دژوار بێ؟ لە وەڵامدا گوتی لووتکەیەک هەیە ئەگەر فریای نەکەون و دەستی بەسەردانەگرن،

دەربازبوونیان بەهیچ شێوەیەک ناگونجێ. خێرا «گەزەنفۆن» و «هیریسۆفۆس» کۆبوونەوەیەکیان بە «پیلتاستیسەکان – تاقمێکی پیادە نیزامی سووک بەمەتاڵی چووکەوە» و چەکدارەکانی تر کرد و دوای شیکردنەوەی دۆخەکە لێیان پرسین چ کەسانێک ئامادەن قارەمانەتی لە خۆیان بنوێنن و دڵخوازانە بۆ دوژمن بچن. ئەوجار دوو کەس لە فەرماندەرەکان «ئاریستۆنیمۆس» و «ئاغاسییا» کە هەردووکیان خەڵکی «ئاکاردییا» بوون ئامادەبوونی خۆیان دەربڕی، هەروەها «کالیماخۆس پراسیۆس»، کە ئەویش هەر خەڵکی «ئاکاردییا» بوو، بۆ ڕکەبەری ئامادەبوونی خۆی دەربڕی تا بۆ دوژمن بچێ، بەڵام بەمەرجێک ڕێگەی پێ بدرێ سەربازانی بەئارەزووی خۆی لەنێو هەموو لەشکر هەڵبژێرێ، چونکە بەبڕوای ئەو ئەگەر ببێتە سەرکردە زۆر لە لاوەکان ئامادە دەبن ڕەگەڵی کەون. پاشان پرسیاری کرد ئاخۆ هیچکام لە سەرکردەی «ژیمنیتیسەکان» دەیەوێ دەگەڵی بچێ؟ سەرەنجام «ئاریسێئساس»ی «هیۆس»ی سەرکردایەتیی ئەو دەستەیەی وەئەستۆ گرت. ناوبراو لە ڕابردووشدا زۆرجاران لێهاتوویی خۆی لەو چەشنە ڕاسپاردانەدا باش نیشان دابوو.

لای ئێوارێ سەرلەشکرەکان «گەزەنفۆن» و «هیریسۆفۆس» فەرمانیان دا خۆ تەرخانکردووەکان نانی شەوێ بخۆن و وەڕێ کەون. ڕێنوێنەکەیان دوای قۆڵبەست کردن، دایە دەستی وان و بڕیار درا ئەگەر توانییان دەست بەسەر لووتکەی کێوەکەدا بگرن و خۆیان لەوێ دامەزرێنن، سبەی بەیانی پاشماوەی لەشکرەکە بەشەیپوور ئاگەدار کەنەوە، هەروەها بڕیاردرا (دوای دەنگی شەیپوور)، لەلایەک خۆ تەرخانکردووەکان لە بەرزاییە داگیرکراوەکان ڕا بەرەو ڕێگەی دەربازبوون وەڕێ کەون و لەلایەکی ترەوە سەربازەکانی «هیرۆسۆفۆس» بەمەبەستی پشتیوانی لەخۆ تەرخانکردووان، بە هەنگاوی خێرا بەرەو ئەو ڕێگەیە بچنە پێش. دوای ئەو بڕیارانە، خۆ تەرخانکردووەکان کە نیزیکەی دوو هەزارکەس بوون، بەرەو شوێنی دیاریکراو وەڕێ کەوتن. بارانێکی توند دەباری. «گەزەنفۆن» و یەکەی پاشەنگی سوپا بەڕواڵەت وایان نیشان دا کە بەرەو ئەو ڕێگەیەی کە دیاربوو کاردووخەکان دەستیان بەسەرداگرتبوو، وەڕێ دەکەون. مەبەست ئەوە بوو سەرنجی دوژمن بۆ لای خۆیان ڕاکێشن تا هەست بە گەڵاڵەی سەرەکی نەکا کە خۆ تەرخانکردووەکان بەر پرسیاری جێبەجێکردنی بوون. بەڵام یەکەی پاشەنگ هەرکە گەیشتە زارکی ئەو دۆڵەی کە بەرەو ڕێگە داگیرکراوەکە دەچوو، بەربەرەکان (لە یۆنانی کۆندا بەهەموو

نایۆنانییەکیان دەکوت بەڕبەڕ) دەستیان کرد بەخللۆرکردنەوەی گاشە بەردی زل و خڕکەبەرد کە بەسەر ڕەوەزەکاندا بەردەبوونەوە و لە توکوت دەبوون و بەرەو هەموولایەک و بۆ مەودای دوور دەڕۆیشتن و بڵاو دەبوونەوە. ژمارەیەک لە سەردەستەکان چونکە ئەو ڕێیەیان لێ گیرابوو، حەولیان دا خۆ لە شوێنەکانی تر نیزیک بکەنەوە (تا کاردووخەکان سەرگەرم بکەن). ئەم دۆخە تا تاریکایی شەوێ درێژەی هەبوو. کاتێک یۆنانییەکان زانییان دەتوانن بێ ئەوەی دوژمن بیانبینێ بگەڕێنەوە، بۆ خواردنی نانی شەوێ گەڕانەوە. لەبەرئەوەی سەربازانی یەکەی پاشەنگ لە ڕۆژی ڕابردوو بەبرسیایەتی مابوونەوە. دوژمن تەنانەت بەدرێژایی شەویش وازیان لە خللۆرکردنەوەی بەرد نەهێناو سەرانسەری شەوێ گرموهۆڕی جاڵە بەردان دەهات. لەو نێوەدا خۆ تەرخانکردووەکان کە ڕێنوێنەکەیان پێ بوو، ڕێیان خوار کردەوە و بەدۆڵێکی تردا بەرەو ڕێگەی دیاریکراو کەوتنەڕێ. کێشکەکانی دوژمنیان لە خەودا گرت کە بۆ خۆ گەرمکردنەوە ئاگریان کردبووەوە. پەلاماریان دانە سەر و توانییان هەندێکیان لێ بکوژن و ئەوانی تر ڕاونێن. یۆنانییەکان کە پێیان وابوو گەیشتوونە لووتکەی دیاریکراو، تەواوی شەوێ لەوێ مانەوە. بەڵام لە ڕاستیدا لە جیاتیی لووتکە، دەستیان بەسەر تەپۆڵکەیەکدا گرتبوو کە کاردووخان بۆ خۆگەرمکردنەوە ئاوریان تێدا کردبووەوە. ڕێگەیەکی باریکیش بەتەنیشت ئەو تەپۆڵکەیدا دەڕۆیشت. لەم تەپکەڕا دەکرا هێرش بەرنە سەر ئەو تاقمەی دوژمن کە ڕێگەی تێپەڕینیان لەژێر چاوەدێریدا بوو.

شەو لەوێ مانەوە و بەرەبەیانی خۆیان ڕێکخست و بەبێدەنگی بەرەو دوژمن وەڕێ کەوتن. بەهۆی تەپومژ بەبێ ئەوەی ببینرێن لە کاردووخەکان نیزیک بوونەوە. هەر کە چاویان بەدوژمن کەوت بەدەنگی شەیپوور و هاتوهاوار هێرشیان کردنە سەر. ئەوان بەبێ بەرگریکردن ڕێگەکەیان چۆل کرد و پاشەکشەیان کرد. تەنیا ژمارەیەکی کەمیان لێ کوژرا چونکە زۆر بەسووکی چەکدار بوون و دەیانتوانی بەهەڵاتن دوورکەونەوە. «هێرسۆفۆس» هەر کە گوێی لە دەنگی شەیپوور بوو، لەگەڵ سەربازەکان رووی لە هەوراز کرد و بەرە و ڕێگەی دیاریکراو هەڵمەتی برد. ژمارەیەک لە سەرکردەکان (و سەربازەکانیان) بەدەستپێکردنی هێرش، ڕاست هەرلەو شوێنەی ڕا کە لێی بوون، بەجێگەی زۆر ئاستەمدا ڕوویان کردە ڕێگەی دیاریکراو تازووتر بگەنێ. هەرچۆنێک بێ ژمارەیەکیان بە ڕەوەزەکان هەڵڕووسکان و

ئەوانی تریان بەنۆرە بەنێزە هەڵکێشانە سەرێ. ئەم تاقمە بەر لە ئەوانی تر لەگەڵ خۆ تەرخانکردووەکان کە ئێستا ئیدی لووتکەکەیان لە بەردەستدابوو تێکەڵ بوونەوە. گەزەنفۆن و نیوەی یەکەی پاشەنگی لەشکر پێشاوپێشی وڵاخەکان ڕوویان دەو ڕێگەیە کرد کە ئەوانی ڕێنوێنەکەیان دەگەڵ بوو پێیدا ڕۆیشتبوون. ئەو ڕێگەیە بۆ وڵاخەکان خۆشتر بوو. نیوەکەی تری پاشەنگی لەشکری بۆ پشت وڵاخەکان دیاری کرد. بەم شێوەیە خەریکی چوونەپێش بوون کە لە سەرووی ڕێگەکەیان تووشی گردێک بوون، کە لەژێردەستی دوژمندابوو. تەنیا ڕێگەی هەڵنەبڕان لە یۆنانییەکانی تر گرتنی ئەو گردە بوو. دیارە گەزەنفۆن و هاوڕێکانی دەیانتوانی هەر بەو ڕێگەیەدا بڕۆن کە خۆ تەرخانکردووەکان پێیدا چووبوون، بەڵام وڵاخەکان بەوێدا دەرنەدەچوون. سەربازە یۆنانییەکان بە وتەی جۆرەوجۆر ورەی یەکترییان بردەسەر و پەلاماری دوژمنیان دا کە لە چەندان دەستەدا خۆیان بەشێوەی نیزامی سازدابوو. ئەو دەستانە بەرینایییان کەم و درێژاییان زۆر بوو. یۆنانییەکان بەتەمای گەمارۆدانی دوژمن نەبوون، بەڵکو بەئانقەست ڕێگەی پاشەکشەیان بۆ هێشتبوونەوە تا بەڵکو بیانەوێ پاشەکشە بکەن.

هەرچەند یۆنانییەکان زیاتر بۆیان وەسەردەکەوتن، بەربەرەکان زیاتر بەتیر لێیان دەدان. بەڵام کاتێک گەیشتنە لووتکەی گردەکە، ئەوان پاشەکشەیان کرد. یۆنانییەکان دوای داگیرکردنی ئەو بەرزاییە درێژەیان بە چوونەپێش دا، بەڵام چاویان بەبەرزاییەکی تر کەوت کە ئەویش دەبەر دەستی دوژمندا بوو. بڕیاریان دا وەک بەرزاییەکەی پێشوو هێرش بکەنە سەر ئەویش.

گەزەنفۆن پێی وابوو ئەگەر ئەو بەرزاییەی لەبەر دەستیاندایە بەجێی بێڵن لەوانەیە بکەوێتەوە بەردەستی کاردووخەکان کە لەوێڕا دەیانتوانی هێرش بکەنە سەر وڵاخەکان کە هێشتا زۆر لە دوایە بوون. (بەهۆی باریکیی ڕێگەیەکە، وڵاخەکان هێڵێکی درێژیان پێکهێنابوو)، هەربۆیە چەند کەس لە سەردەستەکانی لەوێ بەجێهێشتن. گەزەنفۆن و سەربازەکانی تر هەڵمەتیان بردە سەر بەرزایی دووەم و ئەویش وەک بەرزایی پێشوو کەوتە دەستیان. بەرزایی سێیەمیش مابوو کە داگیرکرێ، کە لەو دووانەی پێشوو هەڵدێرتر بوو. ئەو بەرزاییە دەیڕوانییە سەر ئەوەی شەوی ڕابردوو خۆ تەرخانکردووەکان داگیریان کرد بوو و پێشتر کێشکگری

کاردووخـەکان ئاوریان لێ کردبووەوە. بەنیزیکبوونەوەی یۆنانییەکان، کاردووخـەکان بەبێ شـەڕ پاشەکشـەیان کرد، کە بوو بەمـایەی سەرسـووڕمان. یۆنانییەکان لەسـەر ئەو باوەڕە بوون کـە ئەوان لە ترسی گـەمـارۆدران ئەو بەرزاییـیـەیان ئاوا بەهـاسـانی بەجێ هێـشت. هەنـدەی پێ نەچوو کـە کـاردووخـەکـان گـەڕانەوە و هـەروەکو پاشـان دەرکـەوت، کـاتێک لەسـەر لووتکەی بەرزاییـیـەکـەوە چاویان بە ڕووداوەکـانی پشـتی یۆنانییەکان کەوت، بەمەبەستی شەڕ لە بەرزاییەکان مانەوە.

گەزەنفۆن لەگەڵ ئەوەیدا کە وێڕای گەنجترین پیـاوانی یەکەی پاشـەنگی لەشکر بۆ کـاردووخـەکـان وەسـەرکـەوتن، فـەرمـانی دا ئەوانـی تر هـەندێک هـەنگاویان شل کـەنەوە تا دوایین دەسـتـەکـانیش بیـانگەنێ، ئەوجـار پاش تێپـەڕین بەرێگەی دیاریکراو دا، لە دەشتاییدا چاوەڕوان بن. بەڵام هێشتا قسەکەی لە زاریدا مابوو کە «نارخاغۆراس»ی «ئارغۆسی» کـە توانیبووی خۆ دەرباز بکا، بەهەڵەداوان خـۆی گەیانده «گـەزەنفۆن» و گوتی کە لەسـەرەوەی ئەو بەرزاییەی داگیریان کردبوو (بەرزایی یەکـەم) هێرشـیـان کـرایـە سـەرو «کـیـفـیـسـۆدۆرۆس» و «نـامـفی کزاتیس» و تەواوی سـەربازەکـانی تری یەکەی پاشـەنگی لەشکر کە فریانەکەوتن خـۆ لە ڕەوەزەکانەوە هـەڵدێرن، کوژران و دوای ئەوانە، بەربەرەکان دەستیان بەسەر بەرزاییەکی تریش داگرت کە ڕووبەڕووی یۆنانییەکان بوو. کاتێک گـەزەنفۆن چاوی پێ کـەوتن، بەهۆی دیلمـانجەکەوە بـۆ شـەڕ وەستـان و وەرگرتنەوەی تەرمی کوژراوەکان، لەگەڵیان کەوتە وتووێژ. کـاردووخـەکـان وەڵامـیـان دانەوە بەمـەرجێک تەرمـەکـانیـان دەدەنەوە کـە یۆنانیـیـەکـان مـاڵەکـانیـان نەسـووتێنن. گـەزەنفـۆن بەو داواکـارییـە ڕازی بوو، بەڵام لە کـاتێکدا پیـاوانـی یەکـەی پاشـەنگ و وڵاخـەکـان هێـشـتـا بەڕێگەکـەدا تێـدەپەڕین و وتووێژی ئاشـتـی درێژەی هەبوو، هەموو کاردووخـەکان لە بەرزاییەکەی ڕووبەڕوو کۆبوونەوە کە تازە داگیریان کردبوو.

کـاتێـک یۆنانیـیـەکـان بۆ تێکەڵبـوونەوە دەگـەڵ سـەربـازەکـانی تری پاشـەنگ کـە چاوەڕوانی فـەرمـان بوون، دەسـتـیـان کرد بە هـاتنەخـوار لە بەرزاییـیـەکان، پۆلێکی گـەورەی دوژمن بەهـاواری بەرز هێـرشـیـان کـردنـە سـەرو هەرکـە گـەیشـتـنە سـەر لووتکەی ئەو بەرزاییـیـەی گـەزەنفـۆن لێی دەهاتە خـوار، دەسـتـیـان کـرد بە خللۆرکردنەوەی بەرد. پێی یەکێک لە سەربازەکان بریندار بوو و ئاجوودان (غولامی

مەتاڵ و نێزە هەڵگری سەرکردەی نیزامیی کۆنی یۆنان)ی گەزەنفۆن کە مەتاڵەکەی بۆ هەڵدەگرت، سەرکردەی خۆی بەجێ هێشت، بەڵام چەکدار «تیفریلۆخۆس»ی خەڵکی «نارکادییا» خۆی گەیاندە گەزەنفۆن و مەتاڵەکەی لە پێش هەردووکیان ڕاگرت و لە پەنای ویدا هەردووکیان لە کێوەکە هاتنە خوار. سەربازەکانی تری یەکەی پاشەنگ بۆ لای هاوڕێیانی تریان وەڕێ کەوتبوون، کە چاوەڕێیان بوون.

دوای ئەو شەڕانە تەواوی لەشکری یۆنان گەیشتنە ناوچەیەکی خۆش و ئاوەدان. ماڵەکان ڕێکوپێک و پڕ لە خواردەمەنی بوون. هەروەها شەرابێکی زۆریشیان لێ بوو کە کاردووخەکان لە قووڵکەی تایبەتیی گەورە گەورەی قسڵکاری کراودا پاشەکەوتیان دەکرد. «گەزەنفۆن» و «هیرۆسۆفۆس» سەرەنجام توانییان تەرمی کوژراوەکانیان لە بەربەرەکان وەرگرنەوە و لە جیاتیی ئەوان ڕێنوێنە (دیل)ەکەیان بدەنەوە. ئەوەی لە کاتی ئاوادا پێویست بوو بۆ کوژراوەکانیان کردیان. یۆنانییەکان بەبێ ڕێنوێن درێژەیان بەڕێگە دا. بەڵام دوژمن بە هێرشی پەیتا پەیتاو دەست بەسەرداگرتنی ڕێگەکان بەرلەوان، هەوڵی دەدا بەرەنگاری بەرەو پێشچوونەکەیان بێتەوە. هەموو جارێ کاردووخەکان ڕێگەی یەکەی پێشەنگی لەشکریان دەگرت. گەزەنفۆن و یەکەی پاشەنگ، لە ڕێگە لایان دەداو لە بەرزاییەک وەسەردەکەوتن کە لەو بەرزاییەی دەدەستی کاردووخەکاندا بوو بەرزتر بێ. ئاوا کاردووخەکان لەسەر ڕێگەی یۆنانییەکان دەردەکران و یەکەی پێشەنگ و دوابەدوای ئەوان هەموو لەشکرەکە دەیتوانی درێژە بەڕێگەی خۆی بدا. بەپێچەوانەش هەرجارێک هێرش دەکرا سەر یەکەی پاشەنگ، «هیرۆسۆفۆس» و یەکەکەی لە ڕێ لایان دەداو وە بەرزاییەکی بەرزتر لە بەرزایی بەردەستی کاردووخەکان هەڵدەگەڕان ودەریان دەپەڕاندن و ڕێگەیان بۆ پاشەنگ دەکردەوە. ئاوا بەقارەمانەتی و لە خۆبووردووییەوە هاوکاریی یەکترییان دەکرد. بەڵام زۆر جاران کاردووخەکان لە ڕێگە سەر بەرەوژێرەکاندا بەرچەپی یۆنانییەکان دەبوون، چونکە باریان سووک بوو و ئەگەر بەتەواویش لە یۆنانییەکان نیزیک بانەوە، بەبێ هیچ مەترسییەک دەیانتوانی دوورکەونەوە. چەکەکانیان برێتی بوون لە تیروکەوان و قۆچەقانی. لە تیرهاوێژیدا زۆر شارەزابوون. کەوانەکانیان سێ پیخ (هەر پیخێک ٦٤ سانتیمەترە)و تیرەکانیان زیاتر لە دوو پیخ درێژ بوون. بۆهاویشتنی تیر، هاوکات لەگەڵ کێشانی قایشی کەوانەکە ، بەلاقی چەپ پێیان لە سەرێکی دەنا کە لەسەر هەردی بوو. ئەو تیرانەی

بەوشێوە دەهاویشتران وەها بەهەیبەت بوون کە مەتاڵ و بەرسینگیان دەسمی. یۆنانییەکان کاتێک ئەو تیرانەیان دەکەوتە بەردەستی، دوای لێ زیادکردنی بازنەیەکی چەرمی لە ناوقەدی تیرەکە، دەیانکردە نێزە. بۆ ئەو کارە «کریتی»یەکان بەسەرۆکایەتیی «ستراتووکلی»ی کریتی زۆریان خزمەتی سوپا کرد.

ڕۆژێکی تر لەو ئاواییانە مانەوە کە دەیانڕوانییە سەر دەشتی نیزیک چۆمی «کیندریت». بەرینایی ئەو چۆمە دوو پلیسرۆ (هەر پلیسرۆیەک ۲۹/۷۵میترە) بوو و وڵاتی کاردۆخانی لە ئەرمەنستان جوێ دەکردەوە. یۆنانییەکان بەدیتنی دەشتایی هەناسەیەکی ئاسوودەیان هەڵکێشا. ئەو چۆمە تەنیا شەش حەوت (ستادیۆ) لە کێوەکانی کاردۆخان دوور بوو. هەر بۆیە بە کەیفخۆشییەوە لەو ئاواییە مانەوە، چونکە هەم خواردەمەنییەکی زۆری لێ بوو و هەم بە ئاسوودەیی دەیانتوانی چاوێک بەسەر ئەو تەنگ و چەڵەمەدا بخشێننەوە کە چێشتبوویان.

لەماوەی ئەو حەوت ڕۆژ ڕێپێوانە بەوڵاتی کاردۆخەکاندا، بێ وچان لە شەڕدا بوون و ئەوەندەیان زیان پێ گەیشت کە لە دەست خەشایارشا و تیسافێرنیش پێیان نەگەیشتبوو. دوور لە هەموو ئەو تەنگ و چەڵەمانە، ئەوێ شەوێ بەئاسوودەیی لێی خەوتن.



شەڕوان بە جلوبەرگی مادیدا، شەڕوانێکی یۆنانیی شکست داوە. لە ڕووی مۆری ئەستوونیی سەدەی ٤-٥ پ.ز.

کە ڕۆژ بووەوە لەوبەری چۆمی چاویان بەسوارە نیزام کەوت کە بێگومان لەوێ دامەزرابوون تا پێش بەپەڕینەوەیان بگرن و نەهێڵن دەستدرێژی بە وڵاتەکەیان بکەن. ئەوانە «ئەرمەنی»، «ماردی» و «خالدی»ی بەکرێگیراوی «ئورروندا» و «ئارتووخا» بوون. سەبارەت بە «خالدییەکان» دەگوترا کە زۆر دلێر بوون و چەکەکانیان بریتی بوون لە مەتاڵی درێژی چنراوو خەنجەر. ئەم بەرزاییيانەی ئەوان لێی دامەزرابوون، سێ چوار پلیسرۆ لە چۆمی دووربوون. ئەو ڕێگەیە بۆ سەر بەرزاییيەکان دەچوو. وا دیاربوو دەستساز بێ. یۆنانییەکان لەو شوێنەی چۆمەکەڕا دەیانەویست بۆ ئەوبەری بپەڕنەوە، بەڵام هەرکە لە چۆمیان دا، سەرنجیان دا کە تا سینگیان قووڵ و بنەکەی نالەبار و لیچق بوو.... بەکورتی یۆنانییەکان بەدوای چەند قوونەشەڕێک و دانی هەندێک بریندار لەو چۆمەڕا پەڕینەوە خاکی ئەرمەنستان، بەبێ ئەوەی ئەو هەموو لەشکرەی بۆ پێش پێگرتنیان هاتبوون چووکترین خۆڕاگری و بەربەرەکانییان لەگەڵدا بنوێنن. ئەوان هەڵاتن و یۆنانییەکانیش پاش پەڕینەوە بۆ خاکی ئەرمەنستان بەبێ شەڕ چوونەوە وڵاتی خۆیان. لە کاتێکدا بۆ تێپەڕین بەخاکی کوردستاندا زیاتر لە دوو هەزار کوژراو و ژمارەیەکی بەرچاو برینداریان دا.

## تێکچوونی دەوڵەتی هەخامەنشی و پێکهاتنی مادی ئاترووپاتێن

داریووشی سێیەم کە دوازدەمین پادشای زنجیرەی هەخامەنشی بوو، پێش دانیشتن لەسەر تەخت، فەرمانڕەوای ئەرمەنستان و کوردووئێن بووەو تا ساڵی (٣٣٨ی پ.ز) ئەو پلەی هەر هەبووە. لەو کاتەدا (کوردووئێن یا کاردوویکای) لە ناوچەی بادینانەوە تا سەرچاوەی دیجلەی دەگرتەوە. ئەو پادشایە دوایین پادشای هەخامەنشی بوو. لە سێیەکی دوایی سەدەی چوارەمی (پ.ز)، شەڕێک لەنێوان ئەو پادشایەی هەخامەنشی و ئەسکەندەری شای مەقدوونی ڕووی دا، کەبوو بەهۆی تێکچوونی یەکجارەکیی شاهەنشایی هەخامەنشی. ئەسکەندەر پاش گرتنی میسر، گەڕاوە سووریا و بەخێرایی لە فەڕات و دیجلە پەڕییەوە و لە گووگە مل هەڵکەوت و لە نیزیکی مووسڵی ئێستا بەرەوڕووی لەشکری دوژمن بوو. لەو شەڕەدا ئاترووپات فەرماندەی مادەکان بوو، کادووسییان و سەکەسەنییان (دانیشتووانی سەکەسەن Sakasen)ی نیوە سەربەخۆش وێڕای مادەکان لە شەڕدا بەشداربوون. پێشتر ئاترووپات فەرماندەریی ئەو سوارانەی بەدەستەوە بوو کە داریووش وەک پێشەنگی

لەشکر ناردبوونی. زۆریی سوپای داریووش سەربازانی ئەسکەندەری ترساند، بەڵام ئەو دڵخۆشیی دانەوە و بۆ شەڕ هانی دان. سەرەتا سەرکەوتن ئی ئێرانییان بوو و ئەوان بەشێک لە مەقدوونییانیان تاڵان کردن، بەڵام دیسانیش ئەسکەندەر هەروەک شێوەکاری خۆی تاوی دا سەر داریووش و بە زەرگ حارەبە ئاژۆیەکەی کوشت. سوپای داریووش وەیان زانی شا کوژراوە، دەستیان کرد بەهەڵاتن، داریووش کە بەتەنێ مابووەوە، هەڵات و ئەسکەندەر کە هیوایەکی سەرکەوتنی نەبوو، سەرکەوت.

داریووش لە گووگەمل ڕا هەڵاتە هەمەدان. ئەسکەندەر شارەکانی بابل و شووشی بەهۆی خەیانەتی سەردارێک بەبێ هیچ گرفتێک گرتن و پاش گرتنی تەختی جەمشید، بەڕێگەی پارتاکنەدا هێرشی بۆسەر ماد دەست پێکرد. داریووش تێکۆشا لەشکر کۆ کاتەوە، بەڵام زۆر لە هەریم و ساتراپ نشینەکان ڕوویان لێ وەرگێڕا، ناچار بەرەو ڕۆهەڵات ڕای کرد. ئەسکەندەر چووە هەمەدان و ئەو تاڵانانەی دەستی کەوتبوون لەوێی دانان و لەوێ ڕا ئەو لەشکرەی تازە بۆی هاتبوون، بەسەرزەمینی کادووسییاندا بۆ هێرکانە واتە لێوارەکانی باشووری دەریای کاسپیی ناردن و ئەسکەندەر بۆخۆی بەو ڕێگەیەدا کە بۆ لای پارت دەچوو، وەدوای داریووش کەوت، بەڵام (ئۆکسوودات) ناوێک لە ڕەغە داریووشی گرتبوو و دە چاڵەڕەشی کردبوو. ئەسکەندەریش بەهۆی ئەوکارە، کابرای کردە ساتراپی وێندەرێ. بەڵام لە مادی خواروو و لەسەر ڕێگەی پێوەندییەکانی ئەرتەشی ئەسکەندەر، ئەو ڕێگەیەی ئەرتەشەکەی بە بابل و دەریای ناوەڕاست (مێدیتەرانە) دەبەستەوە، فەرمانڕەوای ڕاستەقینە هەر (پارمێنوون) بوو کە بە دووەمین سەرداری مەقدوونی (پاش ئەسکەندەر) دەهاتە ئەژمار. ئەرکی وی پاراستنی پشتی جەبهە بوو. پاش ماوەیەک پیلانێک بۆ کوشتنی ئەسکەندەر دانرا کە (فیلووت)ی کوڕی پارمێنوون دەستی تێدابوو. ئەسکەندەر (فیلووت)ی کوشت و ناچار فەرمانی کوشتنی (پارمێنوون)یشی دا و ئەرکەکەی ویی بە سێ کەس بە ناوەکانی (کەلئاندر) و (مەنید) و (سیتالک) ئەسپارد کە لە مەزنانی لەشکر بوون. لەو سەردەمەدا باسێک لەسەر دانانی ئاترووپات بە ساتراپیی ماد لە گۆڕێدا نەبوو.

وا وێدەچێ ئاترووپات نەهاتبێتە پێشوازیی ئەسکەندەر، هەر چەندە پشتیوانیشی لە داریووش نەدەکرد. هەمەدان بەبێ خۆ ڕاگرتن بەدەستەوە درابوو و کادووسییان



شەڕوانی چەک سووکی مادی لە شەڕ لەگەڵ شەڕوانێکی ڕۆمانی، لە ڕووی مۆری ئەستوونیی سەدەی ٥ی پ. ز

کە هاوپەیمانی ئاترووپات بوون، یاریدەی داریووشیان نەدا، بەڵام (ئۆکسوو دات) چاوەڕوانییەکانی ئەسکەندەری بەجێ نەگەیاندو چی وای بەسەردا تێنەپەڕی کە ئەسکەندەر لە کاتی لەشکرکێشانی بۆ سەر ئاسیای نێوەڕاست، ئەوی لەسەر کار وەلابرد و سەرلەنوێ ئاترووپاتی کردەوە ساتراپی ماد.

ئاترووپات لە ساڵی ٣٢٤ی (پ.ز) بۆ دڵنیاکردنی ئەسکەندەر (باریاکس Bar-yaks)ی بەدەستەوەداکە نازناوی پادشای ماد و پارسی لەسەر خۆی دانابوو. ئەسکەندەر کە پاش لەشکر کێشانە سەر هیندووستان گەڕابووەوە پارس و سەرگەرمی قەڵت وبڕی ساتراپە یاخییەکان بوو. (کەلئاندر) و (مەنید) و (سیتالک) یشی کە لە وڵاتی ماد بووبوونە سەربەخۆ، کوشتن. لەو نێوەدا ئەسکەندەر ئاترووپاتی پێ باش بوو. بۆ ماوەیەکی لەلای خۆی ڕایگرت. ئاترووپات یەکێک بوو لە کۆڵەکەکانی دەوڵەتی هەخامەنشی کە لە کاتی ڕێوڕەسمی شووشدا بەویستی ئەسکەندەر کچی خۆی دایە) پێردیکا Perdyka)ی مەقدوونی، کە مرۆیەکی بەکار و بەئاوەزو قسە ڕۆیشتوو و کەمتر لە سەردارەکانی تر بەتەماح بوو. پاشان ئەسکەندەر چووە ماد و

سەری دەشتە بەناوبانگەکانی نیسای دا کە لەوەڕگەی ٥٠٠٠٠ ئەسپی پادشایی بوو. هەندێک لەو ئەسپانە بەدەستی یۆنانییەکان بەتالآن چووبوون.

لەو سەردەمەدا کارە جۆرەوجۆرەکانی سیاسیی ئەسکەندەر، تیکەلاوی بەزم و ئاهەنگ بوو. ئاترووپات لە هەندێک لەو بەزمانەدا بەشداربوو. بەقسەی ئاریان کە لە مێژوونووسانی تری شەڕی ئەسکەندەر جێی باوەڕترە، ساتراپی ماد سەت ژنی دانێ کە وێدەچێ ئامازوون بن و جلکی پیاوانەی سوارییان لەبەردا بوو. بەجێگەی نێزە، تەورو بەجێگەی مەتاڵی شەڕی، مەتاڵی سووکیان پێ بوو. ئامازۆنەکان ژنانی شەڕکەری ئەفسانەیی یۆنان بوون، کە دەیانکوت مەمکی ڕاستەی خۆیان دەسووتاند تا بتوانن بە کەوان، هاسانتر تیر باوێن. ئەو ژنانە وێ ناچی ئامازۆن بن و وێش ناچێ ئاترووپات ناوی ئامازۆنی بیستبێ. تەنیا گەلێکی توانیبی ئەو ژنانە بۆ ئاترووپات دابین کات، گەلی (سارومات) بوو کە ژنان فەرمانڕەواییان بەسەردا دەکرد.

ئەو گەلە لە ناوچەی حاجی تەرخان دەژیان و شوێنەواری گۆڕەکانیان لە ناوچەی خوارووی چۆمی وۆلگا دۆزراوەتەوە. زۆرتر وێدەچێ ئاترووپات توانیبی هەندێک لەو ژنانە بەدیل بگرێ. بەوەدا وێدەچێ ئاترووپات دەستی بەسەر قەفقازی ڕۆئاوا (دەوڵەتی ئێستای ئازەربایجان)دا ڕۆیشتبێ. ئەو بڕوایە بەوەشدا وەڕاست دەگەڕێ کە وەک ئاریان دەڵێ، دانیشتووانی ئەو ناوچەی واتە کادووسییان و ئالبانییان و سەکاسنییان، وەک هاوپەیمانانی ماد، بەشداری شەڕی گووگامل بوون. وێدەچێ سەکاسنییان هەر ئەو کلاوخۆد تیژانە بن کە هێرۆدۆت باسیان دەکاو سەردەمێک بەشێک بوون لە ساتراپی ماد و جارجارەش سەربزێوییان دەکرد. کادووسییان هەرگیز بەتەواوی دەگەڵ حکوومەتی پارسەکان نەبوون، بۆیەش وەک دەبینین لە شەڕی گووگاملدا ناویان وەک هاوپەیمانی مادەکان دێ نە ک ساتراپ نشینێکی هەخامەنشی. ئاترووپات لە دەستەمۆکردنی واندا بەوریایی کاری کردو تێ نەکۆشا ڕاستەوخۆ بیانخاتە سەر خاکی ماد، بەڵکو هەوڵی دا ئەوان خۆیان بە هاوپەیمانی ماد بزانن.

پاش داڕووخانی زنجیرەی هەخامەنشی و دەست داگرتنی ئەسکەندەر بەسەر پارسدا، ولاتی مادو کوردووئێنیش کە دوای ڕووخانی زنجیرەی ماد بووە بەشێک لە

دەوڵەتی پارس، کەوتە بەردەستی ئەسکەندەرو پاش مردنی ویش ئەو ناوچانە بە یەکێک لە سەردارانی مەقدوونی بەناوی (سلووکووس) (٣٢٣پ.ز) بڕاو ئەو و جێنشینانی ١٠٠ساڵان فەرمانڕەواییان تێدا کرد، بەڵام خەڵکی کوردووئێن هەمیشە لەگەڵ داگیرکەران لە شەڕدا بوون، تا سەرەنجام ناوچەی باکوری کوردستان بەیاریدەی (مێهردادی یەکەم)ی حاکمی ئەشکانی، خرایە سەر ئەرمەنستان و پاشان ئەرمەنییەکان وردەوردە تا سەرەتای سەدەی (١ی پ.ز) ناوچە باشوورییەکەشیان داگیر کرد کە ناوەندەکەی (ئامێد یا دیاربەکر) بوو.

ئاتروپات لە ئەنجوومەنی ساتراپان و سەردارانا کە دوای مردنی ئەسکەندەر (٣٢٣ی پ.ز) لە بابل بەسترا، بەشداریی نەکرد. لەو ئەنجوومەنەدا ساتراپ نشینی ماد درا دەستی پیتوون. پێردیکا کە لە دەوڵەتی تازەدا جێگری پادشا بوو، ئەرکی سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی یۆنانییەکانی دانیشتووی کۆلۆنییەکانی ڕۆئاوای ئێران و ئاسیای نێوەڕاستی بە پیتوونی ئەسپارد.

وادیارە ساتراپ نشینی دەوڵەمەند و لە باری نیزامییەوە گرینگی ماد لە پاداشی ئەو خزمەتەدا درابێ بەپیتوون. ناوبراو پێش ئەو ڕووداوەو لە کاتی کوشتنی کلئاندر و ئەوانی تریشدا داگیرکردنی سەربازیی مادی خوارووی تەواو کردبوو. لە ڕاستیدا خاوەنایەتیی ماد بۆ مەقدوونییان زۆر گرینگ بوو، چونکە ئەگەر ئەوێیان لە دەست دەرچووبا، پێوەندییان لەگەڵ ساتراپ نشینەکانی ڕۆهەڵات بەتەواوی دەبڕا. ئاتروپاد کەسێکی زۆر گرینگ بوو کە مەقدوونییان نەیاندەویست بیڕەنجێنن. ئەو خەزووری پریکاد و یەکێک بوو لە بەناوبانگترین فەرماندەرانی ئەو سەردەمە. لەناو ساتراپەکانی ناوچەیی تەنیا ئەو و ئۆکسیارەتی خەزووری ئەسکەندەر لەسەر کاری خۆیان مانەوە و دەستیان لێ نەدرا. ئاتروپات پێشتریش دەستی بەسەر مادی خوارووا نەدەڕۆیی. پیتوونیش تەنیا بوو بە ساتراپی ئەو بەشە، نەک ئی هەموو ماد. لە ساڵەکانی ٣٢٨ تا ٣٢٥ی (پ.ز)، کە ئەسکەندەر لە ڕۆهەڵات بوو، هارپالی خەزێنەدار لە هەمەدان هەمەکارە بوو. پاشانیش خەزێنەکەی تالان کرد و هەڵاتەوە یۆنان.

ژمارەیەکی زۆریش سەربازی مەقدوونی لەوێ بوون کە ستەم و زۆرییەکی زۆریان لە خەڵک دەکرد. ئەسکەندەر پاش گەڕانەوەی لە هیندووستان ڕا، بێبەزەییانە ساتراپە سەرەڕۆو قازانج ویستەکانی لێ خستن و لە ناوی بردن. ئەگەر ئاتروپات چووکترین دەستی لەو ڕووداوانەی ماددا هەبوایە، بێگومان لە تەمێی ئەسکەندەری

دەرباز نەدەبوو. ئەسکەندەر لە مادی گەورە (خواروو)دا شار و شارۆچکەو پادگانی بۆ پاراستنی ڕێگەی پشتەوەی خۆدامەزراندن و ئاتروپات هیچ خۆی دەرووداوەکان هەڵنەقورتاندو کارێکی بەوێ نەبوو. ئەو خۆی تێکەڵی شەڕ و شووڕی وێندەرێ و تێکهەڵچوونی نێوان پیتوون و ئانتیگوون و ئوومەن و نیکاتوورو سلووکوس و... نەکرد. ئەو لە سەردەمی ئەسکەندەردا ساتراپێکی بەئەمەگ بوو، بەڵام خۆی دە کێشەی مەقدوونییان نەگەیاند. پاشانیش دوای مردنی ئەسکەندەر هیچ کارێکی بە دابەشکردنی میراتەکەی نەبوو. ئاوا سەربەخۆیی خۆی پاراست.

ئەسکەندەر پاش گەڕانەوە لە هیندوستان، تەنیا دەگەڵ کووسسییەکان بەشەڕهات، کە لە مێژووی عیلامدا باسیان کراوە. هەندێکان پێیانوایە ئەو شەڕەی ئەسکەندەر لەگەڵ هەندێک خێڵی نیشتەجێی (مالی)ی ئەورۆی بەختیاری بووە. ئەسکەندەر چەند هەزار کەسێکی لە خەڵکی (کووسسی)ی بۆ ئاسوودەیی ڕەوانی (هەفەس تیوون)ی سەرداری بەناوبانگی تازە مردبووی خۆی، کردە قوربانی.

پاش مردنی پێردیکا دیسان سەردارانی مەقدوونی لەسەر دابەشکردنەوەی ساتراپەکان دانیشتنەوە بەڵام ساتراپی مادی بچووک لەنێو ئەو دابەشکردنەوەیدا نەبوو. لەو کاتەوە مادی ئاتروپاتێن دەکرێ بە وڵاتێکی سەربەخۆ دانێین. هۆکاری ئەو سەربەخۆییە هەرچەند بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ لێزانی و ئاوەزی ئاتروپات، بەشی هەرە گرینگیشی ئەوە بوو کە مادی بچووک لەباری ئابوورییەوە زۆر لە بەشەکانی تری ماد جیاواز بوو و پێویستییەکی بەدەرەوە نەبوو. ئەو سەربەخۆییە ئابوورییەش هەلێکی باشی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی بۆ ڕەخساند. دۆخی پێشکەوتووتری ئابووری هەلێکی بۆ ڕەخساند کە سوپاکەی بەکارتر و لێهاتووتر بێ، چونکە بەپێچەوانەی سوپای پارس و مەقدوونی، سوپای مادی بچووک چاویان لە تالان و دەستکەوتی شەڕی نەبوو. خەڵک بەناوی ئاتروپات، ئەو بەشەی مادیان ناو نا مادی ئاتروپات یا ئاتروپاتەکان.

(سترابۆن Strabon)ی مێژوونووسی بەناوبانگ لە باسی حکوومەتی ئەرمەنستاندا دەنووسێ: کوردەکان پیشەزان بوون و لە هەموو زانستی ئەندازەدا پسپۆڕ بوون. (تیگران)ی فەرمانڕەوای ئەرمەنستان، لەو کارەدا هەمیشە کەلکی لێ وەردەگرتن. (لۆکۆلووس)ی سەرداری ڕۆمی لەنیوەی یەکەمی سەدەی١ی (پ.ز)، هێرشی کردە سەر ئەرمەنستان و (تیگران)ی شکاندو هەموو خاکی وێی داگیرکرد.

تیگران لە حاست ئەشکی نۆیەم (مێهردادی مەزن)ی پادشای ئەشکانی دەستی کرد بە سەربزێوی و لەشکری کێشا سەرکوردستان و بەشێک لە ناوچەکەی گرت. ئەو پادشایە میرە خۆماڵییەکانی ئازەربیجانی لە دەستەڵاتی وێ جیاکردنەوە.

ئەشکی دەیەمی ئەشکانی لاواز و پیربوو. لە سەردەمی ئەو شایەدا ئەرمەنستان بەهۆی یەکگرتنی لەگەڵ دەوڵەتی (پێنت) بەهێز و دەستەڵات بوو، جا تیگران ئازەربایجاتی داگیر کردو بانووی فەڕاتی تالآن کرد.

لەساڵی ٦٦ی پ.ز، پۆمپەی سەرداری ڕۆم هاتە ئاسیا و هەرکام لە دوو لایەن (ئەرمەنستان و ڕۆم) بۆ ڕاکێشانی سەرنجی فەرهاد بۆ لای خۆیان باڵیۆزیان ناردە دەربارەکەی. ئەشکی یازدەم (فەرهادی سێیەم) لایەنی ڕۆمی گرت، چونکە پۆمپێی بەڵێنی پێ دابوو دوو وڵاتی کوردۆئێن و ئادیابێن، کە تیگرانی پادشای ئەرمەنستان لە پارتەکانی ئەستاندبوون، بیانداتەوە. جا فەرهاد هێرشی کردە سەر ئەرمەنستان و تیگران شکاو هەڵاتە کێوان. فەرهاد کوڕەکەی ویی - کە ئەویش ناوی تیگران بوو- لەسەر تەخت داناو گەڕاوە ئێران. تیگرانی پیر لە کێوان هاتەخوار و کوڕی خۆی تێشکاند. هەر لەو کاتەدا پۆمپی هەڵی کوتا سەر ئەرمەنستان و گرتی، پۆمپێی بەڵێنییەکەی سەبارەت بە دانەوەی دوو وڵاتەکە بەئێران بەجێ نەهێناو ئەوە کێشەی ساز کرد. بەلآم ڕۆم کە شەڕی ئەشکانییانی پێ نەدەکرا، کێشەکەی دۆستانە چارەکرد.

لە نێوان ساڵەکانی (٦٩- ٦٠ی پ.ز)دا (فەرهادی سێیەم)ی شای ئەشکانی لەشکری کێشا سەرخاکی کوردۆئێن و ئەدیابێن، بەلآم ئاکامێکی دەست نەکەوت. لە سەردەمی ئەرد (ئەشکی سێزدەیەم) لە نێوان ئەشکانی و ڕۆمدا جەنگێکی گەورە هەڵایسا، (کراسووس)ی سەرداری ڕۆمی و لەشکرەکەی پەرش و بڵاو بوون (٥٣ی پ.ز)و پارس (کوردووئێن)ی گرت.

(کراسووس) بە هاندانی شێخێکی عەرەبان کە لە هاوپەیمانەکانی ئۆرۆد بوو چووە نێو دەشتی نێوان دووچۆمان و تا نیزیک حەڕان (کاررە) ڕۆیی. لێرەدا لە ناکاو لەشکری (سوورێنا) وەدیارکەوت و سەرداری ئەشکانی بە فێڵێک لەشکری ڕۆمی تێک شکاند. ئەو شەڕە لە مێژووی ئەشکانییەکان گرینگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە ڕۆمەکان تا ئەوکاتی لە هەموو لایەکی سەرکەوتوو بوون و کاری کردە سەر سامی ئەوان. ئانتوانی سەرداری ڕۆم پێتەختی ئازەربایجانی گەمارۆدا (٣٦ی پ.ز.)، بەلآم بەدەستی ئەشکانییەکان تێشکاو هێڵی پاشەکشەی ڕۆمییەکان بە

لێواری ڕۆهـەڵاتی گۆلی ورمێـداو بەو شـوێنانەدا بوو کـە ئێسـتـا دەوروبەری شـاری تەورێزە.

لەو شـەڕەدا کە لە نێوان ئەو سـەرداره و ئەشکانیـیـاندا لە گۆڕێدابـوو، لەپێشـدا شـەڕەکـە بەقـازانجی ئـەشکانییـان تەواوبوو و تالآنێکی زۆریان کەوتە دەسـتی بەلآم پادشای مادی بچووک کە سەرەتا لەگەڵ ئەشکانییان بوو، لە سەر بەشە تالآنی خۆی لە فـەرهـادی چوارەم ڕەنجـا. ناوبـراو نەیوێرا ئەوەی دەرببـڕێ بەلآم باڵیـۆزێکی ناردە لای ئانتـوان لە ئەسـکەندەریە و بۆ شـەڕی ئێـران هـانی دا. ئەو لە سـاڵی ٣٣ی پ.ز بەرەو ئـاراز وەڕێکـەوت و پـاش مــۆرکــردنـی پەیمـانێک لـەگــەڵ پادشــای مــادی ئازەربایجان، بەشێک لە خاکی ئەرمەنستانی دا دەستی. بەلآم لە نێوان ئانتۆنیۆس و ئۆکتاڤیـۆسی ڕۆمی کێشـەیەکی توند سـەری هەڵداو فەرهـاد بەقـۆستنەوەی ئەو هەلە هێرشی کردە سـەر ئازەربایجان و پادشایەکەی بەدیل گرت و خزمێکی خۆی لە جێگە داناو ئەرمەنستانیشی سەرلەنوێ گرتەوە.

دەوڵەتی ئەشکانی سـاڵێک پێش زاین لـە پەیمانێکدا کـە لەگـەڵ دەوڵەتی ڕۆمی واژۆ کرد، سـەرزەمـینەکانی ئەرمـەنسـتان و کوردسـتـانی دا بەڕۆم و ئەوە و بوو بەهۆی هەڵگیرسـانی زنجیرە شـەڕێک لە نێوان ئەشـکانی و ڕۆم لە سـەردەمی (ئەردەوان)ی سـێـیـەمـدا و سـەرەنجـام لە سـەردەمی قـەیسـەرایەتیی (نێـرۆن)دا لـەشکری ڕۆم سەرزەمینی کوردستان و ئەرمەنستانی بە تەواوی خستە ژێردەستی خۆ. ئەو شەڕە ئەوەندەی درێژە کـێشـا تا سـەرەنجـام ئاشـتی لە نێوانیـاندا پێکهات و بە پەسندی هەردوولایەن، تیـرداد بوو بە فـەرمـانڕەوای ئەرمـەنسـتـان و ئەو ئاشـتـییـە تا (٦٣ی زاینـی) هـەر مـایەوە. (دینکورت)ی کـتـێـبی پیـرۆزی ئوولیـی زەردەشـتـیـیـان لەو سەردەمەدا کۆکرایەوە.

لەو سـەروبەندەدا سـەرزەمـینەکانی ئەرمـەنسـتـان و کوردسـتـان کەوتـنە بەرهـێرش و تالآنـی گـەلانـی گـورجی و ئالان. هـەرچـەندە دەوڵەتـی ئەشکـانی لەسـەریان وەجـواب نەهات، بەلآم خـەڵکەکە بەباشی لەسـەرخۆیان کردەوە و نەچوونە ژێرباری هیـچیـان. ئەو ئالانە لـە گەلانی ئاریایی ئێـرانی و نیشـتـەجێی دەربەندی داریال بوون کە پاش سەدەی حەوتی هیجری لە ئاکامی هێرشی مەغۆلەکاندا کۆچیان کردە ڕۆئاوا.

لە سـاڵی ١٠٠ی زاینی (تراژان Tragan )ی ئیـمـپـەراتۆری ڕۆم، لەشکرێکی ناردە

سـەر ئـەرمـەنسـتـان و (تیـرداد)ی فـەرمـانڕەوای ویّی لـەناوبرد و بۆخـۆشـی لە ١١٥ی زاینی بەلەشکرێکی گەورەوە بەڕێگەی سـووریادا چووە ئەرمـەنسـتـان و لەگەڵ ئەوەدا حکوومەتی کوردستانیشی تێک دا.

(جـزیرێ) و (ئادیابێن) و (ئەلحـەزەر = هاترا) و (بابل)یشی گـرت و تا کـەنداوی فـارس چووە پێش. (ئادرین)ی ئیـمـپـەراتووری ڕۆم لـە سـاڵی ١٢٢ی زاینـی، چۆمی (فەڕات)ی بەناوی هێڵی سنووری ڕۆهەڵاتی ڕۆم پەسند کرد و لەگەڵ ئەشکانییان بۆ ئاشتی پێکهات. لە ١٦١ی زاینی، (بەلاشی سێیەمی ئەشکانی) بەلەشکرێکەوە هەڵی کوتایە سەر ئەرمـەنستان و گرتی، بەڵام پاشان لە بەرانبەر (کاسیووس)ی سەرداری ڕۆمی شکاو ناوچەکانی ڕۆئاوای کوردستـان کەوتە بەردەستی ڕۆم. هەرچەندە دوایە (ئەردەوانی پێنجـەم) ڕۆمـیـیـەکـانی شکاند بەڵام ئاکـامـێکی نەبوو و دیاریدانی (ئەردەشیری پاپەکان)ی سـەر زنجیرەی ساسانییان لە ٢٢٤ی زاینی بوو بەهۆی بێ ئاکام مانەوەی ئەو سەرکەوتنە.

## نەمانی ئەشکانییان

ئەردەشـیـری کـوڕی بابەک بە کـەلک وەرگـرتن لە لاوازبوونـی دەوڵەتی ئەشکانی، لە نێـوان سـاڵەکـانی (٢٢٠و ٢٢٦ی زاینی) لە (ئـەردەوان)ی (پێنجـەم) هـەسـتـاوە. لەو کـاتەدا ئەردەشـیـر پادشـای بـەردەسـتی ئـەشکانیـیـان بوو و حکوومـەتی پـارسی بەدەسـتـەوەبوو. پاش ئەوەی کە ئەردەشـیـر کرمـان و ئیسـفـەهانی گـرت، لە دەشـتی هورموز (هورموزگان) لە نێوان بێهبەهان و شووشتەر لە قەراغ چۆمی جەراحی شەڕ لە نێوان وی و ئەردەوان هەڵگیرساو پادشای ئەشکانی لەو شـەڕەدا کوژرا. بەقسـەی گووت ئێـشـمید، ئـەردەشـیـر سـەری ئـەردەوانی وەبەر شـەق داو سـووکـایەتیی زۆری پێکرد. سـەرەڕای شکسـتـەکەش کوڕێکی ئەردەوان بەناوی ئارتاواسدەس (ئارتاباز) خـۆی بە شـای پارس نـاوبردو سکەی بەنـاوی خـۆی لێـدا. مـێـژووی هـەندێک لە سکەکانی ٢٢٧ی زاینییە – خـەسرەوی پادشای ئەرمەنسـتان کە خزمایەتیی لەگەڵ ئارتابازدا هـەبوو، هاتە یاریدەی و تەنـانـەت ئەردەشـیـری تێشـکاند، بەڵام ئەردەشـیـر بەفێڵ بەسـەریدا سـەرکەوت. پاش چـەندسـاڵان ئەردەشیـر سـەرانسـەری ئێرانی گـرت و هـەمـوو شـازادەو پاشـمـاوەکانی بنـەمـاڵەی ئەشکانیی کـوشتن. ئەرمـەنیـیـان ئارییی ڕەگـەز بوون، لە سـەرەتـاکـانی سـەدەی شـەشی پ.ز لە کـاپادووکـیـەڕا هـاتنە وڵاتی

ئارارات یا ئوورارتو و دەوڵەتی وان یا ئاراراتیان ڕووخاند. ئەوسەرزەمینەی دوایە ناوی ئەرمەنستانی کەوتەسەر، بە هێرشی هووەخشتەرە بۆ سەر لیدی بوو بە بەشێک لە وڵاتی ماد.

هەندێک لەو ئاسەوارە کۆنانەی لەپاش ئەشکانییان لە کوردستان بەجێ ماون بریتین لە:

١- وێرانەی پەرستگەی کەنگاوەر کە زۆر وە پەرستگەکانی یۆنانی دەچێ.

٢- پەرستگەیەکیش لە هەمەدانە، بەناوی ئەناهیتا.

٣- لە بێستوونیش گوودەرزی ئەشکانی لاسای داریووشی یەکەمی کردووەتەوە و بە هەڵقەندنی بەشێوەی زەق لەسەر بەرد. سەرکەوتنی خۆی بەمێهرداد نیشان دەدا.

٤- (باروون دۆبەد) هەندێک بەردەنووسیشی لە (تەنگەی سائوولەک)ی کێوەکانی بەختیاری دیتووەتەوە، کە هێندێک لێکۆڵەرەوە بەئی ئەشکانییانی دەزانن.

## دەوڵەتی ئۆسرۆئێن (Osrhoen) یا ئێدێس

بەپێی ساڵنامەی (ئێدێس Edes) کە وشەیەکی مەقدوونییە و سلووکییەکان بەیادی یەکێک لە شارەکانی مەقدوونییە ئاوایان ناوناوە، دەوڵەتی ئۆسرۆئێن لە ساڵی ١٣١ی پ.ز پێکهات و ئەوە کاتێکە (ئانتوونیۆخۆس)ی پادشای سلووکی کەوتە بەردەست پادشای پارتەکان. ئەرمەنییەکان بە (ئۆورها Ourha)و عەرەب بە (رۆها Rouha)ی ناودەبەن. ئێستا ناوی ئۆرفایە.

### ئادیابن

لە سەردەمی ئەشکانییەکان بە ئاسووری کۆنیان دەکوت ئادیابن. نەینەواو هەولێرو گووگەمل شارەکانی ئەو ناوچەی بوون. ئەو سەرزەمینە لە باکوری شاری مووسڵی ئێستاو ناوچەکانی زاخۆو دهۆک و ئاکرێی دەگرتەوە.

## دەستەڵات بەدەستگرتنەوەی پادشایانی کورد لە ئێران

### ساسانییەکان:

عەبباسی ئیقبالْ دەڵێ: (ئەشکانییان..... لەبەر سەرنج نەدان بە باری دەروونیی ئێرانییان، لە گۆڕەپانی خەبات دەرچوون و جێگەی خۆیان وەک مادەکان دا بە پارسەکان. دەوڵەتی ساسانی ئێرانی کردە خاوەن ئوولی فەرمی....) ئەو مێژوونووسەش بەزۆری دەیەوێ ساسانییان بکاتە پارسی لە کاتێکدا کە نەزمانیان پارسی بووەو نەبۆخۆشیان، بەڵکو بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکان گومانی تێدا نییە کە ئەوان کورد بوون.

لە سەرەتای سەدەی سێیەمی زاینیدا، شاری ئیستەخر کە سەردەمێک پێتەختی پادشایانی ئێران بوو، ناوی پادشایەکەی (کۆچیهەر) بوو. ناوبراو لە بنەچەکەی بازرەنگییانی کورد بوو. ئەو هۆزە لە سەدەی یەکەمی زاینیدا هەبوون و لەو شوێنە جێگەی هەخامەنشییانیان گرتبووەوە. باپیری ئەردەشیری بابەکان وەک لە خوارەوەشدا دەیبینن لە دایکی ڕا لەو بازرەنگییانەیە. ئەو زانیارییانەی خوارەوە سەلمێنەری کوردبوونی ساسانییانن.

١- لە ١٩٧٤ لە برادەرێکم سەردانی برادەرێکی خۆی کرد، کە لە زانکۆی تەورێز دەیخوێند. کە هاتەوە بە سەرسووڕمانەوە باسی نامەی شەهربانووی کچی یەزدگوردی سێیەمی بۆکردم، کە برادەرەکەی لە کتێبخانەی زانکۆدا دیتبووی. شەهربانوو ئەو نامەی بە زمانی کوردی بۆ باوکی نووسیبوو. ئەو ڕاست ئەو ڕستەی بۆ خوێندمەوە کە لە خاڵی خوارەوەدا دەیبینن.

٢- ژێرنووسی لاپەڕە ٩٧ی ٩٨ی کتێبی (ریشە نژادی کرد)، دەڵێ؛ خوالێخۆشبوو سەردار ناسر سەرۆکی هۆزی سەنجابی دەیکوت: ئەمن لەلای (عبدالله خان قوچ می دیغم السلطان کلهر) نامەیەکم دیوە کە شەهربانوخاتوون کچی یەزدگورد بۆ باوکی نووسیوە. لەو نامەدا دەڵێ (بابۆ ڕوویتا ڕەش بە بۆچی نامەی پێغەمبەرت پارە کردی) کە هەر وەک دەبینن هەمووی کوردییە.

٣- خوالێخۆشبوو ڕەشیدی یاسەمی لە باسی ڕەگەزی ساسانییان بەدرێژی باسی کردووەو بەو ئاکامە گەیشتووە کە باپیری ئەردەشیری بابەک واتە ساسان لە

هۆزی شـوانکارەی کوردو دایکی پاپەک کچـی یەکێک لە پیـاوانی هـۆزی کـوردی بازرەنگییـە. شـوێنی هەڵدان و گەشـەکردنی ئەو بنەماڵەیە ناوچەی کوردنشـینی فـارسـە. ناوبراو لە سـەلماندنی قسـەی خـۆیدا دەنووسـێ: (ئەردەوانی پێنجـەم پادشـای ئەشکانی لەو نامـەیدا کـە لە بەرچاوی هـەمـوو خـەڵک خـوێندراوەتەوە و هـەندێک ڕسـتـەی نووسـیـون کـە لە تاریخی تەبـەری و ئیـبنی ئەسـیـردا هـاتوون، وەرگێڕاوەکەی ئاوایە: – تۆ پێت لە بەڕەی خۆت زیاتر ڕاکێشاوە و مردنت بۆ لای خۆت بانگهێشتن کردووە، ئەی کوردڕەگەزی لە هـەواری کوردان پەروەردە بوو کێ ئیزنی داوی کە ئەو تانجەت لە سەرت ناوە)

عەبباسی ئیقبـاڵ دەڵێ: (ساسـان لە ئیستەخر، مووئبێدی پەرستگەیەکی بوو کە بۆ ناهیـدیان سـازکـردبـوو. پاپەکی کـوڕی سـاسـان لە شـاری (خـێـر) لەسـەر لێـواری دەریاچەی بەختـەگان، فەرمانڕەوا بوو.... بەپێی گێڕانەوە فارسییـەکان، بنەچەکەی دەچێـتـەوە سـەر ئـەردەشـیـری درێژدەست... ئەو چیـرۆکـەیان بۆ سـازکـردووە تا ڕەچەڵەکی بگەیێننەوە هەخامەنشییان (کەیانییانی نێو داستانەکان)..) وەک دەبینین لێرەشـدا دوو چەواشـەکاریی مـێـژوویی لەلایەن مـێـژوونووسـێکی ڕەگـەز پەرسـتی فارسەوە جێ کراونەوە. یەکەم: هەر وەک پێشتر سەلماندمان، کەیانییان هەخامەنشی نەبوون، ئەو مێژوویە فێڵێکی تریشی تێدایە لە سـەردێری بەشێکی کتێبەکەی ئاوا نووسـیـوە: (باب پنجم دوره دوم پارسـیـهـا) مـەبەسـتـیشی سـاسـانییـەکـانن، بەڵام سـاسـانیـیـەکـان بێگومـان کـوردبـوون نەک پارس و لە سـەرەوە دوو بەڵگەمـان بۆ سەلماندنی ئەو ڕوانگەمان هێناونەوە.

٤- عـەبباسی ئیـقبـال دەڵێ: (پێشـەوایانی ئاینییان لە موغەکان هەڵدەبژارد و پێیـان دەکوتن مووئبید ساسـان بۆخۆی موغێک بـوو. وەک دەشزانین موغەکان هۆزێک بوون لە مادەکان و ئەوەش بەڵگەیەکی ترە بۆ کوردبوونی ساسانییان.

لە بابەت کـتێبـەکانی دینی زەردەشت کـە لە سـەرەتاکانی سـەردەمی سـاسـانیدا نووسـراون ئەمین زەکی بەگ لە کـتێبی خـۆیدا دەنووسـێ: (سـەردێری ئەو کتێبـانە بەڕاستی وا لە مرۆڤ دەکا کە بڵێ (زمانی پەهلەوی) زۆر لەوانەیە لە بنەڕەتدا زمانی کـوردیی ئـەوڕۆ بێ، چونکە وشــەکـانی زۆر وەکـوردی دەچن. بـۆ وێنە (دینکورد) کـە باسی مـێـژووی ئەدەب و داو و نەریتی ئوولی زەردەشت دەکـا زۆر وە (دینی کـورد)

دەچێ (دانوســتــان دینیک) لە کــوێرا دیارە (داســتــانی دینێک) نەبێ کــە هــەمــووی بەزمانی کرمانجیی ئێستا نووسراوە. (شکەند کۆما تێک وی جار) بۆ بەرگریی دینی زەردەشت نـووسـراوە لە زمــانی کــرمــانجــیی ئەورۆدا واتە (ئەوجــار هــەمــووی تێک شکاندن) کە بـەتەواوی کـوردییـە). ئەمن پێـمـوایە دانووسـتـانی دینێک دەبێ بەواتای باسی دینێک یا وتوویژ لەسەر دینێک بێ نەک داستانی دینێک.

دیارە ئەو کـوردبوونەی دەسـتـەڵاتدارانی وڵات، بەداخـەوە وەک زۆری تری لەو بابەتە لە مێژووی کوردستاندا شـتێکی لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورددا نەگۆڕی و ئەو گەلە لە ڕاسـتـیدا لە کـاتی دەسـتـەڵاتی وانیـشـدا هـەر لە ژێردەسـتـەییدا مـایـەوە. بۆ وێنە بڕواننە سـەردەمی سـەلاحـەددینی ئەییووبی کە فەلەستینی بۆ عـەرەبان ڕزگار کرد، یا کــەریم خــانی زەند کــە بوو بــە پادشــای ئێــران و.... ئەوەی کــە دەڵێین چیــیــان بۆ بەرژەوەندیی کـورد نەکـرد، بەو واتایە نییـە کە ئەوان بە دژی نەتـەوەکـەمـان بزانین یا مـۆرکی خـەیانـەت لەسـەر کـارەکانـیـان دانێین، بـەڵکو دەبێ لە لێکدانەوەی مـێـژوویی لەسـەر هـەر کـەسـایەتـییـەکی نەتەوەکـەمـان بە وریایی هەنگاو بنێین و کـەسـەکـە لە چوارچێوەی ئەو سـەردەمـەدا هـەڵسـەنگێنین کە تێیدا ژیاوە و تێـیدا تێکۆشـاوە، نەک بەپێوانـەی ئێـسـتـا. بـەپێویسـتـی نازانم لێرەدا زیاتر لەسـەر ئەو بابەتە بڕۆم، چونکە لە بابەتی سـەرەکی دوورمـان دەکاتەوە و ئەو لێکدانەوەیە کە هـاسـانیش نییەو وردبینی و لێزانـی و پسـپـۆڕییـەکی زۆری دەوێ و لەوانەیە بـە کـەسـێک یـا دوو کـەسـیـش بەتەنێ نەکرێ، دەبێ کۆمەڵێک لە زایانی بوارە جۆرەوجـۆرەکانی مێژوو کاری لەسـەر بکەن و ساغی کەنەوە.

## کوردستان لە سەردەمی ساسانییاندا

لەو سـەردەمـەشـدا سـەرەڕای کوردبوونی پادشـاکـان، پاراسـتنی کوردسـتـان کـەوتە پەڕاوێز و لە مـاوەی پادشـایەتیی ئەو بنـەمـاڵەشـدا دۆخی وڵاتی کوردەوای بـاشـتـر لە سـەردەمی پێشـوو نەبوو. کوردسـتـان بووبووە گۆڕەپانی شـەڕە پەیتاپەیتاکانی ڕۆم و ساسـانی، کە بەدبەختی و وێرانکاری و داگیرکران و ژێردەستەیی بۆ کورد، بەرهـەمی ئەو شەڕانە بوو. لە خوارەوە بەکورتی باسی ئەو شەڕانە دەکەین:

لە سـاڵی ٢٢٨ی زاینـی (ئالێکسـاندێر)ی ئیـمـپەراتووری ڕۆم لە هـەرمـەنسـتـان لەگەڵ ئەردەشـیـر بەشـەڕ هات و لە ئاکامی ئەو شـەڕەدا ئەرمەنسـتـان و حەڕڕان و نوسـەیبین

بە ساسانییان بڕان. هەر لەو کاتەشدا دینی زەردەشت بووە دینی فەرمیی ئێران.

لە سەردەمی شاپووری یەکەمدا ناوچەکانی ئەرمەنستان و کوردستان و باکوری جزیرێ تووشی سەرهەڵدان بوون و شاپوور سەرکوتی کردن، بەڵام دیسانیش (کۆردۆئێن Kordoen) یاخی بووەوە و سەرەنجام لەشکری (والێریەن)ی ئیمپەراتووری ڕۆم چوونە نێو خاکی جزیرێ و تەنانەت (تیسفوون = مەداین)ی پێتەختی ساسانیشیان گەمارۆ دا.

لەشکری ڕۆم لەگەڵ کوردەکان بەشەڕهاتن و شکاندیانن و سەردارەکەشیان کوشتن. جێنشینی سەرداری ڕۆم لەگەڵ ساسانییەکان ئاشت بووەوە و ئەرمەنستان و کوردستان دووبارە لە ٢٤٤ی زاینی کەوتنەوە بەردەستی ساسانییان.

لە نێوان ساڵەکانی ٢٥٨و ٢٦٠ی زاینی سەرلەنوێ شەڕ لە نێوان (شاپوور) و (والێریەن Valerian)دا هەڵایساوە کە ئاکامەکەی شکان و بەدیلگیرانی ئیمپەراتووری ڕۆم بوو لە (ئەدسا).

ماوەیەک دواتر (دیۆکلانووس) ئەرمەنستان و کوردستانی گرت، بەڵام ساسانییەکان ڕۆمییەکانیان لە نیزیک حەڕران شکاندن و ئەو شوێنانەیان ئەستاندنەوە. لە ٢٩٦ی زاینی واتە ساڵێک دواتر دیسانیش کلاریۆس ئەرمەنستان و کوردستانی گرتەوە و شای ساسانی لەو شەڕەدا بەتوندی شکاو زامدار بوو و لە ئاکامدا سەرزەمینەکانی (ئەرزووم، مووک، زابدە، ڕەجیمەو کاردۆ)ی لە دەست داو لە ٢٩٧ی زاینی چۆمی دیجلە بوو بەسنووری هاوبەشی دوو دەوڵەت. بەدوای ئەو سەرکەوتنەدا، ڕۆمییەکان لە دەوری گۆلی وان وڵاتێکی تازەی ئەرمەنستانیان پێک هێناو تیردادیان کردە فەرمانڕەوای وێ و کوردستانیش (ئەو بەشەی بەردەستی خۆیان)یان خستە سەر ئەو دەوڵەتە. چەند ساڵ دواتر (٣١٣ی زاینی) لە ڕۆمدا بەپێی فەرمانی میلان، دینی عیسا بوو بەدینی ڕەسمی. لە ٣٣٨ لە نێوان شاپووری زوولئەکتاف و ڕۆم دا شەڕێک هەڵایسا کە دوازدە ساڵی کێشا.

لە ئاکامی تێشکانی نرسی شای ساسانی لە ڕۆمەکان ٥ ویلایەت دران بە ڕۆم: ١- ئەرزون (ئەرزی روم) ٢- مُك؟ ٣- زابده؟ ٤- رحیمه؟ ٥- کاردو یا کوردو (٢٩٧ م.)

لەو نێوەدا دینی عیسا لە ئەرمەنستانیشدا پەرەی ساندو (تیرداد)یش بەپێی بەرژەوەندیی ڕامیاری ئەو دینەی وەک دینی فەرمی پەسند کرد و لەوە بەدوا،

لایەنگرانی ئوولی زەردەشت و عیسا بەربوونە گیانی یەک. خەڵکی کوێستان (کوردەکان) بەزەردەشتی مانەوە و نەچوونە سەر دینی عیسا و ئەو دینە تەنیا لە شارەکاندا پەرەی گرت.

لە سەردەمی یەزدگوردی دووەمدا شەڕی ئاینی هەڵایسا و ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆکان و پێشەوایانی ئاینیی عیسایی کوژران و شەڕ و پێکدادان بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا.

شاپووری دووەم لە ساڵی ٣٥٠ی زاینی (نوسەیبین)ی گەمارۆدا و بەبێ ئەوەی بیگرێ گەڕاوە. لە ساڵی ٣٦٠ی زاینی سەرلەنوێ هێرشی کردە سەر کوردستان و قەڵای (ئامێد)ی گەمارۆدا و گرتی و پاشان (بایەزید)یشی لە جزیرەی ئیبنی عومەر گرت.

(کۆنستانسیوس)ی قەیسەری ڕۆم بۆ دامرکاندنەوەی شەڕ باڵیۆزێکی ناردە دەرباری ئێران، بەڵام ئاکامێکی لێ نەکەوتەوە و شاپوور، شەڕی لە بەهاری ٣٦٠ی زاینی دەست پێ کردەوە و قەڵای قایمی ئامێدی گرت و بەغ بایەزیدی خستە بەردەستی خۆی. (کۆنستانسیوس) چی پێ نەکرا دوایە (یوولیان) بوو بە قەیسەر. ئەو هێرشی کردەوە سەر ئێران و تا تیسفوون چووە پێش و تالانێکی زۆری کەوتە دەستی. (یوولیان) دەیەویست تیسفوونیش گەمارۆدا، بەڵام کە دیتی زۆر قایمە، دەستی لێ هەڵگرت. یوولیان لە شەڕدا بەزەرگی سەربازێکی ساسانی کوژرا (یووێیان) بوو بەفەرماندەی لەشکری رۆم و پاشەکشەی کرد و فەرمانی دا هەموو گەمییەکان لە دیجلەدا بسووتێنن و بۆ لای کوردستان کشاوە.

(شاپوور) داوای ئاشبوونەوەی کرد و ڕۆمییەکان بەشادمانییەوە پەسندیان کرد. مەرجەکان ئەوانە بوون: یەکەم، ئەو پێنج هەرێمەی لە سەردەمی (نێرسی) درابوون بەڕۆم، بدرێنەوە بە ئێران. دووەم نوسەیبین و شەنگار درانەوە بەئێران و سێیەم، بەشی ڕۆهەڵاتی نێوان دووچۆمان بوو بە ئی ئێران.

(ژوولین Jkulien)ی ئیمپەراتۆری ڕۆم لە ٣٦٣ی زاینی بە لەشکرێکی گەورەوە لە فەڕات پەڕییەوە. فیرووز شاپوورو چەند شاری تری نێوان دووچۆمانی گرتن و پاشان لە دیجلەش پەڕیەوە و لە لێواری چەپیدا چووە پێش و لکێکی تری ڕۆمییەکانیش بە (گەنالی شاهی)دا گەیشتە دیجلە و لەگەڵ لەشکری سەرەکی پێکەوە وەڕێ کەوتن.

جێنشینی (ژوولین) لەگەڵ (شاپوور) لەسەر ئاشتی پێکهاتن و لە ئاکامدا نیزیک بەهەموو ئەرمەنستان و کوردستان وەبەر ئێران کەوت، بەڵام پێش جێبەجێکردنی پەیمانی ئاشتی، دیسان شەڕ دەستی پێ کردەوە و لە ٣٧٦ی زاینی لەسەر بێلایەنیی گورجستان و ئەرمەنستان پێکهاتن و شەڕ کۆتایی پێهات.

لە سەردەمی (شاپووری سێیەم ٣٨٢ ٣٨٨ی زاینی)دا ئەرمەنستان لە نێوان ڕۆم و ساسانیدا دابەش بوو و بڕیار درا فەرمانڕەوایانی هەردوولا لە شازادەکانی ئەشکانی بن.

لە سەردەمی (خەسرەو) (بارامی چوارەم)ی سێزدەیەمین شای ساسانیدا فەرمانڕەوای ئەرمەنستانی ئێران یاخی بوو و لەشکری ئێرانی تارومار کرد.

(قوباد) هێرشی کردە سەر ناوچەکانی ژێردەستەڵاتی ڕۆمی ڕۆهەڵات و بۆ ئەوەی دەرفەتی خۆ کۆکردنەوە و ئامادەکاری نەداتە دوژمن، بەخێراییەکی سەرسووڕهێنەر چووە نێو ئەرمەنستان و ئەرزەرۆمی گەمارۆدا و گرتی و چووە سەر ئامێد و سەرەنجام بۆ ماوەی حەوت ساڵان ئاگربڕیان کرد و دەوڵەتی بیزانس پووڵێکی دا بەئێران و ئامێدی وەرگرتەوە. (بارامی چووبین) لە شەڕێک لەگەڵ لەشکری ڕۆم و ئازەربایجاندا تێشکاو هەڵاتە لای خاقانی تورکستان و خەسرەو پاش ئەو شەڕە هاتە تیسفوون و لەسەرتەختی دانیشت.

لە سەردەمی بارامی پێنجەم یا (بارامی گوور)دا لە ٣٩٣ی زاینی، سەرزەمینی کوردستان بوو بەگۆڕەپانی شەڕ، بەڵام ئەرمەنستان لە ٤٢٢ی زاینی بوو بە پارێزگایەکی ساسانی.

(قوبادی یەکەم)ی ساسانی لە سەدەی شەشەمی زاینیدا لەشکری کێشا سەر ڕۆم کە لە ئاکامدا کوردستانی گرت و بەسەر شارەکانی (ئەرزەرووم و دیاربەکر) دا زاڵ بوو. هەر لەو سەدەیدا خێڵەکانی گۆرانی کورد بەڕێبەرایەتیی (گۆئاتانزا Goatanza) حکوومەتێکی گەورەیان دامەزراند، کە ئازەربایجانیش بوو بە بەشێکی. ناوەندەکەی شاری کرماشان بوو. (بڕوانە "مسئله کردستان و ترک" لاپەڕەی ٢٤)

بارامی گۆر تانجی هیپتالەکانی کە لە شەڕدا کەوتبووە دەستی بەدیاری دا ئاورگەی بەناوبانگی ئازەر گوشەسپ لە شاری (سیز) واتە گنزەکی ئازەربایجان، کە ئێستا تەختی سولەیمانی پێدەڵێن. (بارام) لە شەڕ دەگەڵ ڕۆمی ڕۆهەڵات کە لەسەر

مــەســیــحــیــانی هــەڵاتوو لــە ترسی ئازاری مــوغــان ڕووی دا، (تێــئــوودوولیس) (ئەرزەڕۆمـا)ی گـەمـارۆدا. ناوی ئەو شـارە پێـشـتـر (كـارین) بووەو پاشـان بوو بە (كـالاك) و سـەلجـووقـیـیـان لە نیـوەی سـەدەی ١١ی كۆچیدا شـاری (ئەرزەن)یان لە ڕۆهـەڵاتـی ئەو شـــارەدا وێران كــرد و خـــەڵكەكــەیان كــۆچ دا وێ و ناویان كــردە (ئەرزەنەڕرووم) كە دوایە بوو بە (ئەرزەنەتەڕرووم) و (ئەرزەڕرووم) و (ئەرزی ڕۆم).

لە ساڵی ٥٠٢ی زاینی شەڕێكی لە نێوان (فیرووز)ی سەرداری ساسانی و سوپای ڕۆمـدا هـەڵگیرسـا كـە ئاكامـەكـەی بوو بەداگیـركرانـی كوردسـتانی ناوەندی لەلایەن ساسانییەكانەوە و ڕاگوێستنی زۆرەملێی خەڵكی میافارقین بۆ خووزستـان. ساڵێك دواتر دیسانیش ئەو شەڕە لە جزیرێ و كوردستان هەڵایساوە.

(نەوشیرەوان، خـەسرەوی دادگەر) لە ٥٦٢ی زاینی بەكوردستاندا هێرشی كردە سـەر لازیكاو پاشـان بۆ تەنبێكردنی خێڵـەكانی لێواری دەریای كـاسپی، دیسـان بە كوردستان و ئەرمەنستاندا تێپەڕی.

ئیـمـپـەراتووری ڕۆم لە ٥٧٢ی زاینیدا ڕووی كـردە نووسـەیبین، بەڵام نـەوشـیـرەوان شكـاندی و ئەوە ئـاكـامـی ئەو پێنج ســاڵ شــــەڕە بوو كـــە لەســـــەر قـــەڵای دارا هەڵگیرسابوو.

خەسرەو پەرویز لە ساڵی ٦٠٥ی زاینی ڕووی كردە باكوری جزیرێ و قەڵای دارا و دیاربەكــر و هـەندێك لە هـەرێمـــەكـــانی تری و لـە دەوڵەتـی ڕۆمی ئـەســـتـــاندن و لەشكرێكیشی بەباكوری كوردستـاندا ناردە كاپاداكیە. لەو كاتەدا (هێراكلیۆس = هێرقۆل) بۆ بەربەرەكانی هێرشی كردە سـەر كوردسـتـان و ئەرمـەنسـتان و سوپای شاربەرازی سـەرداری ساسـانیی تێك شكاند و ساڵێك دواتر بە ئازەربایـجاندا پاش شكاندنی لەشكری ئێرانی دەستی كرد بەتاڵان و بڕۆ و بەتایبەتی ئاورگەكانی ئێرانی و لەوانە ئاورگەی ئازەرگوشەسبیان تاڵان كرد. سـاڵێك دواتر بەكوردسـتـاندا سوپای ئێرانی بەش بە بەش تێكشكاند و لە سـاڵی ٦٢٧ی زاینیدا لە نیزیك نەینەوای كۆن لەگەڵ (خەسرەوپەرویز) بەشەڕ هات و شكاندی.

هـەر لەو ساڵەدا ئیمـپەراتووری ڕۆم تەمای دەگرتنی (دەسـتگرد) كرد. ئەو شوێنە لە بیست فرسـەنگیی (تیسفوو نە) و شوێنی لێ مانەوەی پەرویز بوو. شـەڕێك لە نیزیك نەینەوای كۆن، لە نێوان دوولایەن ڕووی دا. سـەرەڕای ئەوەی لەو شـەڕەدا سـەرداری

ئێرانی کوژرا، سوپای ئێران زۆری خۆ ڕاگرت تا کشاوە نێو مەتەرێزەکانی خۆی و پاش گەیشتنی یارمەتی بۆ لای چۆمی (بۆراز) چوو و ئەوێی کردە مەتەرێزو بۆ شەڕ ئامادە بوو، بەڵام لەو کاتەدا خەسرەو ترسێکی وای ڕێنیشت، کە لەشکری بەجێ هێشت و هەڵات. سەرەڕای ئەوەش لەشکری ئێران خۆی ڕاگرت، تا هێزەکانی یەکیان گرتەوە و دووسەت فیلی شەڕی ڕەگەڵیان کەوتن. هێرقۆل کە وای دیت، کشاوەو چووە (کەنزەک).

هەر لەو ساڵەدا سەرزەمینی کوردستان، بەتایبەتی بەشی باشوور و ڕۆهەڵاتی شارەزوور، وێرانییەکی زۆری بەدەست ڕۆمییەکان پێ گەیشت. ئەو ناوچەیە تا ٦٣٩ی زاینی لە بەردەستی (هێراکلیۆس)دا مابووەوە و تەنانەت بۆ ڕەپێنانی خەسرەوپەرویز لە شارەزوور تێپەڕی و مانگێک لە بەهاری ٦٢٨ی زاینیی لەو شارەدا ڕایبوارد و تەواوی ئاواییەکانی وێی ئاگر تێ بەردان و پاشان ڕووی دەناوچەی ئەردەڵان کرد. ئەو دۆخە هاوکات بوو لەگەڵ پەیدابوونی دینی ئیسلام. بڕواننە لاپەڕە ١٠٣٤ی (انسکلوپدی اسلام، جلد٢)

سەرچاوەکانی بەشی حەوتەم:


١- سرزمین جاوید، ماریژان موله، هرتز فلد، گیرشمن، ترجمة و اقتباس ذبیح الله منصوري، لاپەڕە ٢٦٨ تا ٢٨٨ و ٣٦٩ تا ٣٧٦ و ٦٤٩ تا ٦٥٥ و ٧٤٧ و ٨٦٧ و ١٠٤٤ تا ١٠٧٢و ١١٩٩ تا ١٢٠٣

٢- تحقیقي تاریخي دربارهء کرد و کردستان، پرفسور محمد امین زکي بیگ، ترجمة بفارسي حبیب الله تاباني، انتشارات آیدین، تبریز، ١٣٧٧، ص٩٥ - ١٠٢

٣- تاریخ ایران ازآغاز تا انقراض قاجاریة، تألیف حسن پیرنیا - عباس اقبال، چاپ هشتم، پائیز ١٣٧٦، انتشارات خیام، لاپەڕە ١٤٢ ٢٢٥و ٢٤٠

٤- تاریخ ده هزار سالهء ایران، عبدالعظیم رضائی، چاپ اقبال، چ٤، ج١، لاپەڕە ٢٠١ و ٢٠٢و ٢٧٧و ٢٧٨ و ٢٨٣ و ٢٨٤و ٢٩٩ تا ٣٠٢

٥- تاریخ ریشهء نژادی کرد احسان نوری ١٥٦٧؟ مادی/کردی- ١٣٣٣ شمسی چاپخانه سپهر (ص ٩٧ و ١٠٣)